ناسینی هاوەڵان

نووسینی

نهاد جلال حبیب اللّٰه

بەرگی پێنجەم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ناسینی هاوەڵان(رضي الله عنهم)

بەرگی پێنجەم

ع...

ناسینی هاوەڵان(رضي الله عنهم)

بەرگی پێنجەم

ناوی کتێب: ناسینی هاوەڵان(ﷺ) - بەرگی پێنجەم -
ناوی نووسەر: نهاد جلال حبیب الله
بابەت: مێژوویی
دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٣
چاپ: ناوەندی ڕێنوێن
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٢١٩)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.

لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی میعراج بۆ توێژینەوە و گەشەپێدان

ڕێکخراوی میعراج
بۆ توێژینەوە و گەشەپێدان

ناوەندی ڕێنوێن
07511408868 - 07501269689
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی - بازاڕی کاسۆمۆڵ - نهۆمی دووەم
دوکانی ژمارە (٤٥)

ئەو هاوەڵانەی ناویان

بە پیتی (ع)

دەست پێ دەکات

١٩٤٠. عابیسی کوڕی جەعدە(رضي الله عنه)

ناوی عابیسی کوڕی جەعدەی تەمیمیە، بەشداری کۆڕی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بووەو دەڵێت: ئاوپرژێنی دەستی پێغەمبەری خوام(صلى الله عليه وسلم) بەرکەوت.[1]

١٩٤١. عابیسی خزمەتکار(رضي الله عنه)

ناوی عابیسەو مەولای حوەیطبی کوڕی عەبدولعوززایە، دەوترێت ئەم ئایەتە سەبارەت بە ئەو و صوهەیبی رۆمی دابەزی (ومن الناس من يشرى نفسه ابتغاء....).[2]

١٩٤٢. عاتیکەی کچی زەید(رضي الله عنها)

ناوی عاتیکەی کچی زەیدی کوڕی عەمرە، خوشکی سەعیدی کوڕی زەیدە کە یەکێک بوو لە دە موژدە پێدراوەکە، عاتیکە یەکێک بوو لە ئافرەتە کۆچەریەکان، ئافرەتێکی زۆر جوان و خوێن گەرم بوو، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکری صدیق ئەوی بەهاوسەر گرت، عەبدوڵا تەواو شەیدای بوو و هەمیشە لە لای بوو تا ئاستێ ڕێی جیهادی لێ گرتبوو، دەوترێت ئەبووبەکر فەرمانی بە عەبدوڵای کوڕی کرد تا عاتیکە تەڵاق بدات، ئەویش تەڵاقی دا، دواتر کە ئەبووبەکر بینی عەبدوڵای کوڕی بەرگەی دووری عاتیکە ناگرێت، بۆیە پێی وت: عاتیکە بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی.[3]

دوای ئەوەی عەبدوڵای مێردی شەهید بوو، عاتیکە شووی کرد بە عومەری کوڕی خەططاب ولای مایەوە تا ئەویش شەهید بوو، دواتر زوبەیری کوڕی عەووام هێنای و ئەویش شەهید بوو، ئیتر خەڵکی دەیانوت

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٦٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٦٨.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ١١-١٢.

کێ دەیەوێت شـەهید بێت بـا عاتیکـە بـە هاوسـەر بگرێت.[1]

١٩٤٣. عاتیکەی کچی عەوف(رضي الله عنها)

ناوی عاتیکەی کچی عەوفە، خوشکی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفە، هاودەم بە شیفائی خوشکی موسڵمانبوون و بەیعەتیان دا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ).[2]

١٩٤٤. عاتیکەی کچی ئەسید(رضي الله عنها)

نـاوی عاتیکـەی کچـی ئەسـیدی کـوڕی ئەبیلعیصـی قورەیشـی ئومەویـە، خوشـکی عیتابـی کـوڕی ئەسـیدە، لـە فەتحـی مەککـەدا موسـڵمان بـوو.[3]

١٩٤٥. عازبی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عازبی کوڕی حارثی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانەو باوکی بەڕائی هاوەڵی ناسراوی پێغەمبـەری خوایە(ﷺ).[4]

١٩٤٦. عاصمی کوڕی بوکەیر(رضي الله عنه)

ناوی عاصمی کوڕی بوکەیری موزەنیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

١٩٤٧. عاصمی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

نـاوی عاصمـی کوڕی ثابتـی کوڕی قەیسـە، لـە پشـتیوانانە لـە ئەوسیەکان،[6] یەکێکـە لـە یەکەمین دەسـتەی موسـڵمانبوانی ناو پشـتیوانان.[7]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١١٢.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ١٤.
[3] أسد الغابة، ج٧، ص ١٩٨.
[4] أسد الغابة، ج٣، ص ١٠٥.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٣.
[6] أسد الغابة، ج٣، ص ١٠٧.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٦٩.

دایکی ناوی شەمووسی کچی ئەبی عامیرە، عاصم ژنێکی هەبوو بە ناوی هیندی کچی مالیک کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی موحەمەد.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عاصم و عەبدولای کوڕس جەحشەوە.[2]

عاصم یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[3] لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و یەکێک بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) مایەوەو بەیعەتی مەرگی دا بە پێغەمبەر(ﷺ).[4]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دە کەسی لە هاوەڵانی بە سریەیەک نارد، عاصیمی کوڕی ثابتی ئەنصاری کرد بە ئەمیریان، کە گەیشتنە ناوچەیەکی نێوان عوسفان و مەککە، دەستەی بەنولیحیان بە نزیکەی دووسەد کەسەوە هاتن و کەوتنە شوێنیان، کە گەیشتنە شوێنەکەیان بینییان ناوکی خورما جێماوە، وتیان: ئەم ناوکە هی خورمای مەدینەیە، بۆیە کەوتنە شوێنیان، کاتێک عاصیم و هاوەڵەکانی ئەوانیان بینی هەستیان بە مەترسی کرد و لە شوێنێک خۆیان پەنا دا، بەڵام بەنولیحیان گەمارۆیان دان و وتیان: خۆتان بدەن بە دەستەوە لە پەنادا دەبن و کەستان ناکوژین، عاصمی ئەمیری سریەکە وتی: بەخوا من خۆم نادەمە بەر پەنای بێباوەڕ، خوایە هەواڵی ئێمە بگەیەنەرە پێغەمبەرەکەت، بەنولیحیان تیربارانیان کردن، عاصم و حەوت کەسی تریان شەهید بوون، سێ کەسەکەی تر کە مابوونەوە خۆیان دا بە دەستەوەو داوای پەنایان کرد.[5]

عاصم پێش شەهیدبوونی بەڵێنی بە خوا دابوو دەستی بەر بێباوەڕێک نەکەوێت، کە شەهید بوو و بێباوەڕان کەسێکیان نارد تا تەرمەکەی بهێنن،

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٦٢.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٦٢.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١،ص ٢٥٧.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٦٢.
[5] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب هل يستأسر الرجل ومن لم يستأسر، الرقم ٣٠٤٥.

تەرمەکەیان نەدۆزیەوەو خوا تەرمی عاصمی پاراست لەوەی بێباوەڕان دەستی لێبدەن.[1]

١٩٤٨. عاصمی کوڕی حەدرەد(ﷺ)

ناوی عاصمی کوڕی حەدرەدەو لە پشتیوانانە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[2]

١٩٤٩. عاصمی کوڕی حەکەم(ﷺ)

ناوی عاصمی کوڕی حەکەمەو یەکێکە لە بەشداربوانی حەجیماڵئاوایی، دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لەو حەجەدا لە وتارەکەیدا فەرمووی:(خوێن و سامانتان لە یەکدی حەرامە وەک حەرامی ئەم شارە لەم رۆژەدا...).[3]

١٩٥٠. عاصمی کوڕی عەددی(ﷺ)

ناوی عاصمی کوڕی عەددی عەجلانیە، کونیەکەی ئەبووعەمر یان ئەبوو عەبدوڵایە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی لە غەزای بەدردا، هەندێک دەڵێت: تیایدا بەشدار بووە، هەندێکی دی دەڵێن لە نیوەی رێدا قاچی شکا و پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوەو لە مەدینە ئەرکی پێ سپاردو دواتر لە پاداشت و دەستکەوتی بەدردا بەشداری کرد، عاصم لە غەزای ئوحود وغەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[4]

لە غەزای تەبووکدا پێغەمبەر(ﷺ) عاصم و مالیکی کوڕی دخشمی نارد تا مزگەوتی دووروەکان بسووتێنن.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٦٩.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٠.

[3] مسند أبي يعلى الموصلي - حديث رجل غير مسمى عن النبي -(ﷺ)، الرقم ٦٨٣٢.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٢.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٦٦.

عاصم تەمەنێکی زۆری هەبوو، دواجار لە ساڵی چل و پێنجی کۆچی و لە تەمەنی سەدو پانزە یان سەد و بیستساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[1]
عاصم کەسێکی باڵاکورت بوو و خەنەشی بەکاردەهێنا.[2]

١٩٥١. عاصمی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی عاصمی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدرو لە غەزاکانی تریشدا بەشداری کردووە.[3]

١٩٥٢. عاقیلی کوڕی بوکەیر(ﷺ)

ناوی عاقیلی کوڕی بوکەیری کوڕی عەبدیالیلە، سەرەتا ناوی غافیل بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا عاقیل، ئەم هاوەڵە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوانە، دەوترێ یەکەم کەس بوو لە ماڵی ئەرقەم بەیعەتیدا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ).[4]

عاقیل یەکێک بوو لە کۆچەران، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عاقیل و موبەشیری کوڕی عەبدولمونذیرەوە.[5]

عاقیل هاودەم بە براکانی (عامیر و خالید و ئیاس) لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و خۆی لە غەزاکەدا شەهید بوو، لەو کاتەشدا تەمەنی سی و چوار ساڵان بوو.[6]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٢.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٦٦.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٥.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٥.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٨.
[6] أسد الغبة، ج٣، ص ١١٢.

١٩٥٣. عالیەی کچی ظبیبان(رضي الله عنها)

ناوی عالیەی کچی ظبیبانی کوڕی عەمرە، هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، پێغەمبەر(ﷺ) عالیەی بەهاوسەرگرت و ماوەیەک لای مایەوەو دواتر تەڵاقی دا.[١]

١٩٥٤. عامیری کوڕی ثابتی ئەوسی(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ثابتی کوڕی سەلەمەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٢]

١٩٥٥. عامیری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی حارثەو لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[٣]

١٩٥٦. عامیری کوڕی حارثی فەهری(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی حارثی کوڕی زوهەیری فەهریەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٤]

١٩٥٧. عامیری کوڕی حەضرەمی(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی حەضرەمیەو برای عەلائی کوڕی حەضرەمیەو موسڵمان بووەو کۆچی کردووە بۆ مەدینە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ١٦.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٧.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٨.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٨.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٩.

١٩٥٨. عامیری کوڕی رەبیعە(ﷺ)

ناوی عامیری کوڕی رەبیعەی کوڕی کەعبە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایەو پێش هاتنی ئیسلام هاوپەیمانی خەططابی باوکی عومەری کوڕی خەططاب بوو.[١]

عامیر زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، موسڵمانبووەکەی پێش ئەوە بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەمەوە،[٢] هاودەم بە ژنەکەی لەیلای کچی ئەبی حەثمە کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێوە هەمدی هاودەم بە ژنەکەی کۆچی کرد بۆ مەدینە.[٣]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عامیری کوڕی رەبیعەو یەزیدی کوڕی عەبدولمونذیرەوە.[٤]

عامیر لە غەزای بەدر و ئوحود و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بوو.[٥]

عامیر دەڵێت: پێغەمبەرم(ﷺ) بینی لەسەر وشترەکەی بوو نوێژی دەکرد.[٦]

هەروەها عامیر دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (إذا رأيتم الجنازة فقوموا حتى تخلفكم)،[٧] (ئەگەر تەرمتان بینی، ئەوە هەستنە سەرپێ تا لێتان تێپەڕ دەبێت).

عوثمانی کوڕی عەففان کاتێک لە سەردەمی خیلافەتیدا چوو بۆ حەج، عامیری لەسەر مەدینە دانا.[٨]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٩.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٦.

[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ١١٨.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٧.

[٥] أسد الغابة، ج٣، ص ١١٨.

[٦] صحيح البخاري - أبواب تقصير الصلاة - باب صلاة التطوع على الدابة وحيثما توجهت به، الرقم ١٠٩٣؛ صحيح مسلم - كتاب صلاة المسافرين وقصرها - باب جواز صلاة النافلة على الدابة في السفر حيث توجهت، الرقم ٧٠١.

[٧] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب القيام للجنازة، الرقم ١٣٠٧.

[٨] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٩.

عامیر لە ساڵی سی و دووی کۆچی و لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد، رایەکیش دەڵێت: چەند رۆژێک پاش شەهیدبوونی عوثمان وەفاتی کرد،[1] پێش ئەوەی وەفات بکات، خەریکی شەونوێژ بوو، خەوێکی بینی کە کەسێک پێی وت: هەستەو داوا لە خوا بکە لە فیتنە بتپارێزێت، ئەویش هەستا و دەستی کرد بە نوێژ کردن، تووشی ئازارێک بوو و کۆچی دوایی کرد.[2]

١٩٥٩. عامیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی سەعدەو لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، دەوترێت یەکێک بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

١٩٦٠. عامیری کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی سەلەمەی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لەبەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

١٩٦١. عامیری کوڕی سەلیم(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی سەلیمی ئەسلەمیەو لە برێک لە غەزاکاندا ئاڵای پێغەمبەری خوای(ﷺ) بەدەستەوە گرتووە، دواتریش چوو بۆ ناوچەی نەیسابوور و لەوێ وەفاتی کرد.[5]

(١) أسد الغابة، ج٣، ص ١١٨-١١٩.
(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٩.
(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨١.
(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨١.
(٥) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨٢.

١٩٦٢. عامیری کوڕی شەهر(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی شەهری هەمەدانیە، کاربەدەستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو لە یەمەن.[١]

عامیر دەڵێت: من لە هەمەدان بووم، هەواڵی هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) هات، وتیان: بڕۆ ئەگەر تۆ بە دڵت بوو ئێمەش رازین، ئەگەریش بە دڵت نەبوو وەک تۆ دەکەین، منیش رازی بووم و هاتم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بە بڕیاری رازی بووم و هۆزەکەشم موسڵمان بوون.[٢]

عامیر دەڵێت: دوو قسەم بیستووە کە هەرکامیان لە هەموو دنیا و ئەوەی تێدایە لام گرانبەهاترە، یەکەمیانم لە نەجاشی بیستووەو ئەوی تریشم لە پێغەمبەر(ﷺ) بیستووە، بۆ ئەوەی نەجاشی لەلای بووین کە منداڵێکی لای مامۆستاکانیەوە هات و لەوحەکەی پێ نیشاندا، منیش هەندێ لە قسەکانی تێدەگەیشتم، گەیشتە ئایەتێک و منیش پێکەنیم، ئەویش وتی: بۆچی پێدەکەنیت؟ سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە ئەمە لای خواوە دابەزیوەو عیسای کوڕی مەریم دەڵێت: نەفرین لە زەویدا دەبێت تا دەسەڵاتی منداڵان هەبێت، ئەوەش کە لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستووە ئەوەیە بیستم فەرمووی: (اسمعوا من قريش ودعوا فعلهم)،[٣] (گوێ لە قوڕەیش بگرن و واز لە کرداریان بهێنن).

١٩٦٣. عامیری کوڕی طوفەیل(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی طوفەیلی ئەزدیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە، دواتریش کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد شیعرێکی بۆ

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨٣.

[٢] سنن أبي داود - كتاب الخراج والفيء والإمارة - باب ما جاء في حكم أرض اليمن، الرقم ٣٠٢٧، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[٣] صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب طاعة الأئمة - ذكر البيان بأن على المرء استعمال ما يقول الأمراء من قريش من الخير وترك أفعالهم إذا خالفوهم، الرقم ٤٥٨٥، صححه شعيب الأرناؤوط.

هۆنیەوە، کاتێکیش سەردەمی هەڵگەڕانەوە هات، هانی هۆزەکەی دەدا تا لەسەر ئیسلامەتی بمێننەوە.[1]

١٩٦٤. عامیری کوڕی عەبدولا (ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح)(ﷺ)

ناوی عامیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەراحی کوڕی هیلالی قورەیشی فەهریە، کونیەکەی ئەبووعوبەیدەیەو زیاتریش بەو کونیەیە ناسراوە،[2] دایکی ناوی ئومەیمەی کچی غەنەمە.[3]

موسڵمانبوونی:

موسڵمانبوونی ئەبووعوبەیدە هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمانبوونی عوثمانی کوڕی مەظعوون و عوبەیدەی کوڕی حارث و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، ئەمەش پێش ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەم و لەوێ بانگەواز بکات.

ئەبووعوبەیدە هاودەم بەو هاوەڵانەی چوونە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) باسی ئیسلامی کرد بۆیان، ئەوانیش موسڵمان بوون.[4]

کۆچکردنی:

ئەبووعوبەیدە یەکێکە لە بەشداربوانی کۆچی حەبەشە، دواتر لەوێوە گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.

کاتێک کۆچی کرد بۆ مەدینە، لای کلثومی کوڕی هدم مایەوە، دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان ئەبووعوبەیدەو موحەممەدی کوڕی مەسلەمەوە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لەگەڵ سالمی مەولای حوذەیفەدا،[5] ئیبن ئەثیر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨٤.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨٦.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٩.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٨.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤١٠.

برایەتی خستە نێوان ئەبووعوبەیدەو ئەبووطەلحەی ئەنصاریەوە،[1] ئەم رایەشیان راستە.[2]

بەشداری لە غەزاکان:

ئەبووعوبەیدە لە غەزای بەدرو ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[3]

لە غەزای بەدردا ئەبوعوبەیدە بەشدار بوو و بە بەرچاوانیەوە باوکی کە لەناو سوپای بێباوەڕاندا بوو کوژرا،[4] گێڕانەوەیەک دەڵێت: ئەبووعوبەیدە کە باوکی بینی خۆی لێ کەنار دەگرت، کەچی باوکی دەیویست روبەڕووی ئەبووعوبەیدەی کوڕی بێتەوەو وازی نەدەهێنا، دواجار ئەبووعوبەیدە کە زانی باوکی واز ناهێنێت هەڵمەتی برد و باوکی خۆی کوشت.[5]

ئەبووبەکری صدیق دەڵێت: کە خەڵکی لە ئوحوددا لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بڵاوەیان کردبوو، یەکەم کەس من بووم چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، دەبینم کەسێک لە دەوری بەرگری لێدەکات، وتم: دەی ئەوە طەلحە بێت بە دایک و باوکمەوە بە قوربانی بم، دواتر بینیم لە دوایشەوە کەسێک هات دەتوت باڵندەیەو دەفڕێت، خێرا خۆی گەیاندە من، دەبینم ئەبووعوبەیدەیە، خێرا پێکەوە چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و طەلحەش لە بەردەم پێغەمبەردا(ﷺ) کەوتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: فریای براکەتان بکەون، ئینجا تیرێک بەر تەوێڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و تیرێکیش بەر رومەتی کەوتبوو، ئەبووعوبەیدە وتی: ئەی ئەبووبەکر سوێندت دەدەم بە خوا بهێڵە من لایبەرم، ئەوەبوو بە دەمی-ددانی- تیرەکەی گرت و هێواش هێواش دەریدەکرد و حەزی نەدەکرد پێغەمبەر(ﷺ) ئازاری پێ بگات، دواتر ویستم من ئەو تیرەکەی تر

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ١٢٦.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٢٧.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٦.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٨
[5] أسد الغابة، ج٣، ص ١٢٥.

دەربکەم، کەچی هەمدی ئەبووعوبەیدە سوێندی دام و بەهەمان شێوە ئەوی دیکەشی دەرکرد.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە تیرەکان بەر هەردوو کوڵمی کەوتبوون، ئەبووعوبەیدە بە دانەکانی دەریکردن و بۆ هەر تیرێکی دانێکی کەوت.[2]

جارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) سریەیەکی ئامادە کرد کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی زیاد لە سێ سەد کەس دەبوون، ئەبووعوبەیدەشی کرد بە ئەمیری سریەکە، جابیری هاوەڵی ناسراوی پێغەمبەریش(ﷺ) لەناو سریەکەدا بوو، جابیر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) بڕێک خورمای پێدابووین کە ئێمەش لەبەر کەمیەکەی وەک منداڵ خورماکەمان دەمژی و بە دوایدا ئاومان دەخواردەوە، ئینجا ئەو گەڵایانەی کە وەریبوون دەمانخواردو بەدوایدا ئاومان دەخواردەوە، ئینجا گەیشتینە کەناراوی دەریا، دەبینین ئاژەڵێکی گەورە کە پێی دەوترا عەنبەر لەوێدابوو، ئەبووعوبەیدە وتی: مردارەوە بووە مەیخۆن، دواتر وتی: ئەمە سوپای پێغەمبەری خوایەو لە رێی خوادایە و ئێمەش ناچارین، ناوی خوا بهێنن و لێی بخۆن، ئێمەش لێمان خوارد و بەشێکیشمان لێهەڵگرت، ئەو ئاژەڵە هێندە گەورە بوو کە نزیکەی سیانزە کەس لای چاویەوە دانیشتبوون، ئەبووعوبەیدە پارچەیەکی لێهەڵگرت، کە هاتینەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پرسین، ئێمەش بەسەرهاتەکەمان بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ذَاكَ رِزْقٌ رَزَقَكُمُوهُ اللهُ، أَمَعَكُمْ مِنْهُ شَيْءٌ) (ئەوە رۆزیەک بوو خوا پێی بەخشین، هیچیتان لێ هێناوەتەوە؟) وتمان: بەڵێ،[3] بڕێکمان لێی برد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش لێی خوارد.[4]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر وصف الجراحات التي أصيب طلحة يوم أحد مع المصطفى(ﷺ)، الرقم ٦٩٨٠، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب المغازي والسرايا - ذكر ما أصيب ثنايا أبي عبيدة عند إخراج حلق المغفر عن وجنتي النبي، الرقم ٤٣٣٨.

[3] السنن الكبرى للنسائي - كتاب الصيد - باب ما قذفه البحر، الرقم ٤٨٤٧، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.

[4] صحيح مسلم - كتاب الصيد والذبائح وما يؤكل من الحيوان - باب إباحة ميتة البحر، الرقم ١٩٣٥.

لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا لەبری ئاژەڵ یان گیاندارێک هاتووە دەڵێت: حووتێک بوو، هەژدە شەوی تەواو سوپاکە لێی خوارد.[1]

ئەبووعوبەیدە لە ساڵی شەشەمی کۆچیشدا ئەمیری سریەیەکی چل کەسی بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بۆ بەجێگەیاندنی بەرپرسیارێتیەک.[2]

هەروەها ئەبووعوبەیدە لە فەتحی مەککەشدا بەشداری کرد.[3]

لەو هێرشەی کە عەمری کوڕی عاص بردیە سەر سنوورەکانی شام، عەمر داوای ناردنی سوپای پشتیوانی لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، پێغەمبەریش(ﷺ) سوپایەکی لە کۆچەران پێکهێناو ئەبووعوبەیدەی کرد بە بەرپرسیان، کە سوپاکە گەیشتە لای عەمر، عەمر وتی: من ئەمیرتانم، کۆچەرانیش وتیان: بەڵکو تۆ ئەمیری سوپاکەی خۆتیت و ئەمیری ئێمە ئەبووعوبەیدەیە، عەمر وتی: ئێوە سوپای پشتیوانن بۆ یارمەتی من نێردراون، ئەبووعوبەیدە کە ئەوەی بینی، خێرا ئەمیرایەتی دایە دەست عەمر،[4] دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بیست، فەرمووی: رەحمەتی خوا لە ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح بێت.[5]

ئەبووعوبەیدە تا دواساتەکانی ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری غەزاکانی دەکرد و هەر هەوڵێکی دەدا بۆ خزمەتکردنی ئیسلام، پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆتا رۆژەکانی تەمەنیدا بوو، رۆژی چوارشەممەکەی تاو نارەحەتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) داگرت، بەڵام رۆژی پێنج شەممە خۆی چوو ئاڵاکەی دایە دەست ئوسامەی کوڕی زەید تا هێرش ببەنە سەر رۆم، لەنێو سوپاکەیدا ئەبووبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەطاب و ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراح و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و چەندین هاوەڵی تری گەورە هەبوون.[6]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الشركة - باب الشركة في الطعام والنهد والعروض، الرقم ٢٤٨٣.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٧٨.
[3] تاريخ الطبري، ج٢، ص ١٥٩.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٩.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٧٥.
[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص١٩٠.

پلەوپایەی ئەبووعوبەیدە:

پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان وأقضاهم علي بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة وعاء)[1] (بە رەحمترینی ئوممەتم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرەو بەهێزترینیان لە ئایینی خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوڕی ئەبووطالیبەو شارەزاترینیان بە فەرزەکان زەیدە و شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).

ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (لِكُلِّ أُمَّةٍ أَمِينٌ، وَأَمِينُ هَذِهِ الْأُمَّةِ أَبُو عُبَيْدَةَ بْنُ الْجَرَّاحِ) (هەر ئوممەتێک ئەمینێکی هەیەو ئەمینی ئەم ئوممەتەش ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحە).[2]

کاتێک وەفدی یەمەن هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، داوایان کرد کەسێک بنێرێت لەگەڵیان تا فێری سوننەت و ئیسلامیان بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) دەستی ئەبووعوبەیدەی گرت و فەرمووی: (هَذَا أَمِينُ هَذِهِ الْأُمَّةِ) (ئەمە ئەمینی- سپاردەکاری- ئەم ئوممەتەیە).[3]

ئەبووعوبەیدە یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة

[1] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص١٧، ئیمامی ئەحمەد و ئیبن ماجە بە دەقێکی هاوشێوەی ئەمە هێناویانە کە هەمان ئەم واتایە دەبەخشێت، بەلام لای ئیبن ماجە و ئیمامی ئەحمەد باسی ئەبووهورەیرەی تێدا نیە، ئەلبانی ئەمەی بە صحیح داناوە (أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح). الجامع الصغير و زيادتة، ٨٩٧

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب قصة أهل نجران، الرقم ٤٣٨٢.

[3] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضائل أبي عبيدة بن الجراح(ﷺ)، الرقم ٢٤١٩.

والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[1] (ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

عەمری کوڕی عاص دەڵێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) کێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی: عائیشە، وتیان: ئەی لەپیاوان؟ فەرمووی: ئەبووبەکر، وتیان: دواتر، فەرمووی: عومەر، وتیان: دواتر، فەرمووی: ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح.[2]

ئەبووعوبەیدە لە سەردەمی ئەبوبەکردا:

لە کاتی کۆبوونەوەی هاوەڵان لە کەپری بەنی ساعیدە، ئەبووعوبەیدە هاودەم بە ئەبوبەکر و عومەر چوو بۆ لای هاوەڵە پشتیوانیەکان، دوای وتوێژ ئەبووبەکری صدیق لەوێ ئاماژەی بەوە کرد با ئەبووعوبەیدە یان عومەری کوڕی خەططاب یەکێکیان ببێت بە خەلیفە.[3]

ئەبووعوبەیدە یەکێک بوو لە بەشداربوانی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز.[4]

ئەبووبەکر ئەبووعوبەیدەی کردبوو بە بەرپرسی دارایی موسڵمانان، لە ساڵی سیانزەی کۆچیدا ئەبووبەکر ئەبووعوبەیدەی نارد بۆ شام و کردی بە ئەمیری ئەوێ.[5]

---

[1] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب عبد الرحمن بن عوف الزهري(ﷺ)، الرقم ٣٧٤٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر إثبات الجنة لأبي عبيدة بن الجراح، الرقم ٧٠٠٢، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم ٥٠.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر البيان بأن أبا عبيدة بن الجراح كان من أحب الرجال إلى رسول الله(ﷺ) بعد أبي بكر وعمر، الرقم ٦٩٩٨، صححه شعيب الأرناؤوط.

[3] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٢٣٣.

[4] سير أعلام النبلاء،ج١، ص ٨.

[5] سير أعلام النبلاء، ج١،ص ١٥.

ئەبووبەکری صدیق پاش جەنگی هەڵگەڕاوەکان، سوپای ئامادە کرد بۆ فتووحات، ئەبووعوبەیدەی هاودەم بە چەند کەسێکی تر نارد بۆ فتووحات[1] و جەنگی ئەجنادەین روویدا کە تیایدا موسڵمانان سەرکەوتن، کاتێک هەواڵی سەرکەوتن هاتەوە بۆ ئەبووبەکر، خەلیفە لە نەخۆشی سەرەمەرگیدا بوو.[2]

ئەبووعوبەیدە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا:

عومەری کوڕی خەطتاب لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا خێرا بەرپرسیارێتی گەورەی بە ئەبووعوبەیدە سپارد، نامەی نووسی بۆ خەڵکی یەرمووک و پێی راگەیاندن کە ئەبووعوبەیدەی کردووە بە ئەمیریان، بە ئەبووعوبەیدەشی وت: تۆ بەرپرسی خەڵکیت، ئەگەر خوا سەریخستیت ئەوە خەڵکی عێراق بۆ عێراق بنێرەوە.[3]

کاتێک سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص لە عێراق سەرقاڵی فتووحات بوو، عومەری کوڕی خەطتاب نامەی نارد بۆ ئەبووعوبەیدە لە شام و فەرمانی پێکرد سەربازەکانی بنێرێت بۆ عێراق بۆ پشتیوانی سەعد، ئەویش سەربازەکانی نارد و هاشمی کوڕی عوتبەی کرد بە ئەمیریان.[4]

کاتێک عومەری کوڕی خەطتاب بوو بە خەلیفە، خالیدی کوڕی وەلیدی لە پۆستەکەی لابرد و بە نامەیەک ئەوەی نارد بۆ ئەبوو عوبەیدە، خالیدیش لە وەڵامدا وتی: گوێڕایەڵی فەرمانی ئەمیری باوەڕدارانم،[5] پاش ئەوەش لە ژێر فەرمانی ئەبوو عوبەیدەدا مایەوەو بەردەوام جیهادی دەکرد، وەک لە فەتحی دیمەشقدا بەشداری کرد و ئەبووعوبەیدەش بەرپرس بوو.[6]

[1] خوێنەری خۆشەویست، لەبەرئەوەی بوارەکەمان تەواو تایبەت نەکردووە بە بوارە مێژووییەکەو وردەکاریەکانی، بۆ ئەوەی نووسینەکە قەبارەی زۆر گەورە نەبێت و لەبەر بوونی سەرچاوەی تر لەبواری فتووحاتدا، بۆیە نەهاتوین وردەکاری رۆڵ و جووڵەی ئەبووعوبەیدە لە فتووحاتدا بخەینەڕوو، وەک چۆن بۆ هاوەڵانی تریش لە قۆناغی فتووحاتدا هەمان هەنگاومان گرتووەتەبەر.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢١.

[3] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٣٦٣.

[4] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٢٧٩.

[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٩.

[6] تاريخ دمشق، ج٢٥، ص ٤٧٥.

کاتێک ئەبووعوبەیدە ئەو نامەی پێگەیشت کە خالید لە پۆستەکەی کەنار بخرێت خۆی ئامادە نەبوو بیڵێت بە خالید، کەسێکی تر ئەوەی گەیاند بە خالید، خالید چوو بۆ لای ئەبوو عوبەیدەو وتی: رەحمەتی خوات لێ بێت بۆچی خۆت پێت نەوتم؟ ئەویش وتی: حەزم نەکرد هەواڵی ناخۆشت پێبدەم.[1]

ئەبووعوبەیدە لە ماوەی ئەمیرایەتیەکەیدا توانی فتووحاتێکی زۆر بکات و بە رێککەوتن فەتحی دیمەشقیش بکاتو خالیدی کوڕی وەلیدیش لەو فەتحەدا هاوکارێکی گەورەی بوو.[2]

کاتێک ئەبووعوبەیدە ئەمیر بوو لە پیاوێک تووڕە بوو و ئازارێکی دا، خالیدیش وتی: وا مەکە، پێی وترا ئەمیرت تووڕە کردووە، ئەویش چوو بۆ لای ئەبووعوبەیدەو وتی: من مەبەستم ئەوە نەبووە تۆ تووڕە بکەم، بەڵام بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (إن أشد الناس عذابا يوم القيامة أشد الناس عذابا للناس في الدنيا)،[3] (سەختترین سزای رۆژی دوایی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە دنیادا زۆرترین سزای خەڵکیان داوە).

عومەری کوڕی خەططاب زۆر سەرسام بوو بە ئەبووعوبەیدە، دەیوت: ئەگەر سەرەمەرگم هات و ئەبووعوبەیدە زیندوو بێت، دەیکەم بە جێنشینی خۆم، ئەگەریش پەروەردگارم پرسیاری لێکردم بۆچی ئەوم کردووە بۆ جێنشینی خۆم لەسەر ئوممەتی موحەممەد، ئەوە دەڵێم من بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (هەر ئوممەتێک ئەمینێکی هەیەو ئەمینی ئەم ئوممەتەش ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحە).[4]

جارێک عومەر لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا بوو، وتی: هەرکامتان هیوا و ئاواتی

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٣٨٠.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٩-٢٠.
[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث خالد بن الوليد(ﷺ)، الرقم ١٧٠٢٥، قال شعيب الأرناؤوط إسناده ضعيف.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٠.

خۆتان بڵێن، هەرکەسەو هیواو ئاواتی خۆیوت، عومەریش وتی: من خۆزگە دەخوازم پڕی ماڵێک پیاوی وەک ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحم هەبێت.[1]

جارێک عومەر گەیشت بە ئەبووعوبەیدە، پێکەوە تەوقەیان کرد و عومەر دەستی ئەبووعوبەیدەی ماچکرد، پاشان بە گریانەوە کەناریان گرت.[2]

لەو ماوەی ئەبووعوبەیدە لە شام بوو، جارێک لەلایەن دوژمنەوە گەمارۆ درا و فشاری لەسەر دانرا، عومەریش کە ئەمەی بیست، نامەیەکی بۆ نارد و داوای کرد خۆڕاگر بێت، لە وەڵامدا ئەبووعوبەیدەش نامەیەکی بۆ نووسی و بە چەند ئایەتێک پێی وت: کە ژیانی دنیا گەمەیەو تاو بدەنە جیهاد، عومەر کە نامەکەی خوێندەوە، چوویە سەر مینبەر و نامەکەی ئەبووعوبەیدەی خوێندەوە بۆ خەڵکی مەدینەو هانی دان بۆ جیهاد.[3]

جارێک عومەری کوڕی خەططاب بۆ سەردان بۆ چوو بۆ شام، لەوێ خەڵکی پێشوازیەکی گەرمیان لێکرد، عومەر وتی: ئەبووعوبەیدەی برام کوا؟ وتیان: ئێستا دێت، پاش کەمێک بە سواری وشترێکەوە هات، دواتر لەگەڵ خۆی خەلیفەی بردەوە بۆ ماڵەوە، عومەر تەماشای کرد لە ماڵەکەیدا تەنها شمشێر و کەوان و کۆڵەکەی لەوێن، عومەر وتی: بۆچی شتێکی وات لە ماڵەوە دانەناوە؟ ئەویش وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمە دەمانگەیەنێتە جێ،[4] دواتر داوای خواردنی کرد، ئەویش چوو چەند پارچە نانێکی ڕەقی هێنا، عومەر دەستی کرد بە گریان، پاشان وتی: ئەی ئەبووعوبەیدە دنیا هەموومانی گۆڕی تەنها تۆ نەبێت.[5]

جارێک عومەری کوڕی خەططاب بڕێک پارەی دا بە کەسێک و وتی: بیبە بۆ ئەبووعوبەیدەو بزانە چی لێدەکات، ئەویش بۆی برد، ئەبووعوبەیدە

---

(1) سیر أعلام النبلاء، ج١، ص ١٤.
(2) سیر أعلام النبلاء، ج١، ص ١٥.
(3) سیر أعلام النبلاء، ج١، ص ١٦.
(4) سیر أعلام النبلاء، ج١، ص ١٧.
(5) سیر أعلام النبلاء، ج١، ص ١٧.

هەمووی دابەشکرد، هەمان بڕی نارد بۆ موعاذیش، ئەویش هەمووی دابەشکرد کەمێکی نەبێت بۆ بژێوی خۆیان هێشتیەوە، عومەر کە هەواڵەکەی بیست، سوپاسی خوای کرد.(١)

خەووات دەڵێت: جارێک لەگەڵ عومەری کوڕی خەططاب چووین بۆ حەج، لە کاروانێکدا بووین کە ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەرراح و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدا بوو، خەڵکەکە وتیان: ئەی خەووات شیعرێکمان بە ئاوازەوە بۆ بڵێ، منیش بە ئاوازەوە بڕێ شیعرم بۆ وتن، ئینجا وتیان: لە شیعری فلانمان بۆ بڵێ، عومەری کوڕی خەططاب وتی: وازی لێ بێنن با لەوانەی ناخی دڵی خۆیمان بۆ بڵێت، منیش شیعری دڵی خۆمم بە ئاوازە دەهۆنیەوە بۆیان تا هێندە بەردەوام بووم دەمەو پارشێو هات، عومەر وتی: بەسە وا دەمەو بەیانە، ئەبووعوبەیدە وتی: خەووات وەرە بۆ لای من لە عومەر خراپتر نیم (یانی مەجالت دەدەم)، ئیتر پێکەوە چووینە ئەولاوەو هەتا نوێژی بەیانی هەر بە ئاوازەوە شعرم بۆ هۆنیەوە.(٢)

ئەبووعوبەیدە دەیوت: خۆزگە من بەرانێک بوومایەو ژن ومنداڵەکەم منیان سەربڕیایەو گۆشتەکەیان بخواردمایەو گۆشتاویان پێ دروست بکردمایە.(٣)

ئەبووعوبەیدە کەسێکی باڵابەرزی لاواز بوو.(٤)

ئەبووعوبەیدە بەوە ناسرابوو کە رەوشتی زۆر جوان بووەو زۆر لەسەرخۆو نەرمونیان بووە، کەسێکی تەواو خاکی بووە.(٥)

جارێک کەسێک چوو بۆ لای ئەبووعوبەیدەو تەماشای کرد وا دەگری، وتی: بۆچی دەگریت؟ ئەویش وتی: گریانم بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەری

(١) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٧.

(٢) السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الحج - جماع أبواب ما يجتنبه المحرم - باب لا يضيق على واحد منهما أن يتكلم بما لا يأثم فيه من شعر أو غيره، الرقم ٩٢٧٧.

(٣) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٨.

(٤) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٧.

(٥) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٣.

خوایە(ﷺ) کە رۆژێک باسی کرد خوا چەند ناوچە بۆ موسڵمانان فەتح دەکات، باسی شامیشی کرد، جا فەرمانی پێکردم ئەگەر گەیشتمە رۆژی وا، سێ خزمەتکار زیاترم نەبێت، یەکێک بۆ خزمەت و یەکێک بۆ سەفەرم و یەکێک بۆ خزمەتی ژن و منالم، سێ سواریش زیاترم نەبێت، کەچی وا ئێستا تەماشا دەکەم ماڵەکەم پڕە لە کۆیلەو پەچەی ئاژەڵەکانیشم پڕە لە ئەسپ و سوار، ئیتر چۆن بگەمەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتێکدا وەسیەتی بۆ دەکردین و دەیفەرموو (إِنَّ أَحَبَّكُمْ إِلَيَّ، وَأَقْرَبَكُمْ مِنِّي مَنْ لَقِيَنِي عَلَى مِثْلِ الْحَالِ الَّذِي فَارَقَنِي عَلَيْهَا) (خۆشەویستترین و نزیکترینتان لە منەوە ئەوەیە بەو حاڵەوە پێم بگاتەوە کە لەکاتی جێهێشتنی مندا لەسەری بووە).[1]

هەموو گێڕانەوەکانی تر باس لەوە دەکەن ئەبووعوبەیدە ماڵێکی وا هەژارانەی هەبووە تەنانەت خەلیفە عومەری کوڕی خەططابی گریاندووە، بەڵکو ئەبووعوبەیدە بەوپەڕی زوهدو دنیانەویستی ناوی دەرکردووە، پاشان کەسێک کە ئەمینی ئوممەت بێت، چۆن رێنماییەکی وا گەورەی پێغەمبەر(ﷺ) پشتگوێ دەخات؟

مردنی ئەبووعوبەیدە:

ئەبووعوبەیدە دواجار لە شام و بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کرد.

لە شام نەخۆشی تاعوون بڵاو بووبوویەوە، خەلیفە عومەری کوڕی خەططاب ویستی ئەبووعوبەیدە رزگاربێت، نامەیەکی بۆ نووسی و وتی: کارێکم هەیە بێ ئامادە بوونی تۆ بۆم ناکرێت، خێرا وەرەوە بۆ لام، ئەبووعوبەیدە کە خوێندیەوە، تێگەیشت و وتی: پێویستیەکەی ئەمیری باوەڕداران دەزانم، ئەو دەیەوێت کەسێک بهێڵێتەوە کە بڕیار نیە بمێنێتەوە، نامەی بۆ نووسی و وتی: من کارەکەت دەزانم، بمبوورە بە نەهاتنم بەدەم داواکەتەوە، چونکە من لە سەربازگەیەکی موسڵماناندام و خۆم لەوان پێ

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - حديث أبي عبيدة بن الجراح واسمه عامر بن عبد الله(ﷺ)، الرقم ١٧١٨، قال الذهبي حديث غريب، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

زیاتر نیە، عومەر کە نامەکەی خوێندەوە گریا، خەڵکەکە وتیان: چی بووە؟ ئەبوعوبەیدە مردووە؟ وتی: نا، دوای ماوەیەک ئەبووعوبەیدە مرد، پاش ئەوە نەخۆشیەکە لە شام نەما.[1]

کاتێک ئەبووعوبەیدە تووشی نەخۆشیەکە بووبوو، خەڵکێک سەردانیان کرد، ژنەکەشی لەلای بوو، هەواڵی ئەبوعوبەیدەیان پرسی، ژنەکەی وتی: پاداشتی بۆ هەیە، لەولاوە ئەبووعوبەیدە وتی: پاداشتم بۆ نیە، خەڵکەکە ئەو قسەیان پێ خۆش نەبوو، ئەبوعوبەیدە وتی: ناڵێن بۆچی وام وت؟ وتیان: قسەکەمان پێ خۆش نەبوو، ئیتر بۆچی بپرسین؟ ئەویش وتی: دەی من بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (من أنفق نفقة فاضلة في سبيل الله فبسبع مائة، ومن أنفق على عياله أو عاد مريضا، أو ماز أذى، فالحسنة بعشر أمثالها، والصوم جنة ما لم يخرقها، ومن ابتلاه الله ببلاء في جسده فهو له حطة)،[2] (هەرکەس خەرجیەکی چاک لەرێی خوادا ببەخشێت ئەوە بە حەوت سەد بەرامبەر پاداشتی بۆ هەیە، هەرکەس خەرجی بۆ ژن و منداڵی بکات یان سەردانی نەخۆشێک بکات یان ئازارێک لاببات، ئەوە بە دە بەرامبەر پاداشتی بۆ هەیە، رۆژوویش قەڵغانە ئەگەر ئەو کەسە خراپی نەکات، هەرکەس خوا جەستەی تووشی بەڵایەک بکات، ئەوە بۆی دەبێت بە وەرینی تاوان).

پێش ئەوەی وەفات بکات، لەکاتی نەخۆشیەکەیدا، لە شوێنی خۆیدا موعاذی کوڕی جەبەلی دانا تا ئەمیرایەتی خەڵکەکە بکات.[3]

دواجار ئەبووعوبەیدە لە ساڵی هەژدەی کۆچی و لە تەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[4]

سەبارەت بە شوێنی گۆڕەکەشی دەوترێت دەکەوێتە ئەردەن کاتێک بەرەو بەیتولمەقدیس چووە وتوویەتی لە کوێ مردم لەوێ ئەسپەردەم

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٩.

[2] مسند أبي يعلى الموصلي - مسند أبي عبيدة بن الجراح، الرقم ٨٧٨ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب أبي عبيدة بن الجراح(ﷺ) - الصوم جنة ما لم يخرقها الرجل، الرقم ٥١٨٩.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ١٢٧.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٣.

بکەن، رایەکیش دەڵێت: گۆڕەکەی لە ناوچەی بیسانە.[1]

ئەبووعوبەیدە دەیوت: لەوانەیە کەسی وا هەبێت جلەکەی پاک و سپی بێت، کەچی دینداریەکەی پیس بێت، [2]هەروەها دەیوت: ئەگەر خوا بەرەکەت بخاتە کەمەوە، ئیتر ئەو شتە زۆرە.[3]

١٩٦٥. عامیری کوڕی کورمیز(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی کورەیزی کوڕی رەبیعەی قورەیشی عەبشەمیە، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیەو تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیش ژیا، عەبدولای کوڕی لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا والی بەصرە بوو.[4]

١٩٦٦. عامیری کوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی مالیکی زوهریە، برای سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصە چونکە مالیک بە ئەبووەقاص ناسراوە، کونیەکەی عامیر ئەبووعەمرە، دایکی ناوی حەمنەی کچی سوفیانە، عامیر یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان، دایکیشی لەسەر ئەمە دژایەتی دەکرد و جارێک سوێندی خواردبوو لەبەر خۆردا بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی عامیری کوڕی واز لە ئیسلام دەهێنێت، عامیر دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ مایەوە تا لە کاتی غەزای خەیبەردا هاودەم بە جەعفەری مامی پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە، دواتریش ژیا و چوو بۆ شام تا لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا لە شام کۆچی دوایی کرد.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨٩.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٨.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٢.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩٦.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩٨.

١٩٦٧. عامیری کوڕی ئەسوەد(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ئەسوەدەو چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خواش(ﷺ) نامەیەکی بۆ خۆی و هۆزەکەی نووسی.[1]

١٩٦٨. عامیری کوڕی ئەکوەع(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ئەکوەعەو ئەکوەعی باوکی لە بنەڕەتدا ناوی سینانە، بەڵام بە ئەکوەع ناسراوە، عامیر یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.[2]

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەرچووین بۆ خەیبەرو بە شەو ڕێمان دەبڕی، پیاوێک بە عامیری ماممی وت: ئەری بڕێک شیعرمان بۆ ناڵێیت؟ ئەویش شیعری بۆ هۆنینەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەوە کێیە؟ وتیان: عامیری کوری ئەکوەعە، فەرمووی: (ڕەحمەتی خوا لێ بێت) .. چووین و گەمارۆی خەیبەرمان دا و تووشی نارەحەتیەکی زۆر بووین تا دواجار خوا سەرکەوتنی پێ بەخشین.[3]

جا شمشێرەکەی عامیر کورت بوو، ویستی بدات لە قاچی کابرایەکی جوولەکەکە شمشێرەکەی گەڕایەوەو بەر عامیر خۆی کەوت و بەو هۆیەوە مرد، لە کاتی گەڕانەوەدا، سەلەمەی برازای عامیر بێتاقەت بوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی گرت و فەرمووی: چیتە؟ وتی: بە دایک و باوکمەوە بەقوربانت بم، خەڵکی دەڵێن عامیر کارە چاکەکانی خۆی سڕیوەتەوە- چونکە خۆی کوشتووە-، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (كذب من قاله، إن له لأجرين، إنه لجاهد مجاهد، قل عربي مشى بها مثله)، (هەرکەس ئەوەی وت: درۆی کرد، ئەو

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٦.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨٢.
[3] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة خيبر، الرقم ٤١٩٦.

دوو پاداشتی بۆهەیە، ئەو جیهادکەرو موجاهیدە، کەم عەرەب هەیە وەک ئەو ڕێی کردبێت).[1]

١٩٦٩. عامیری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ئەوسی کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای خەندەق، لە غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، لە جەنگی الحرة دا شەهید بوو.[2]

١٩٧٠. عامیری کوڕی بوکەیر(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی بوکەیرەو یەکێکە لە یەکەم دەستەی موسڵمان بوان و دواتریش کۆچی کرد بۆ مەدینە،[3] کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عامیر و ثابتی کوڕی قەیسەوە.[4]

عامیر هاودەم بە براکانی لە غەزای بەدردا بەشداری کرد،[5] لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[6]

١٩٧١. عامیری کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەبدقەیسەو خۆی و عەمری برایشی هاتوونەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[7]

---

(١) صحيح البخاري - كتاب الأدب - باب ما يجوز من الشعر والرجز والحداء وما يكره منه، الرقم ٦١٤٨؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة خيبر، الرقم ١٨٠٢.

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٧.

(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٥.

(٤) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٩.

(٥) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧٥.

(٦) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٩.

(٧) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩١.

١٩٧٢. عامیری کوڕی عەبدوڵای بەدری(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەبدوڵای بەدریە،[١] عامیر دەڵێت: غەزای بەدر لە بەرەبەیانی رۆژی دوشەممەی نۆزدەی رەمەزاندا بوو.[٢]

١٩٧٣. عامیری کوڕی عەبدوڵای خەولانی(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەبدوڵای خەولانیە، تا سەردەمی فەتحی میصریش ژیا و تیایدا بەشدار بوو.[٣]

١٩٧٤. عامیری کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەمری کوڕی حوذافەیەو تا سەردەمی فەتحی میصر ژیا و تیایدا بەشداری کرد.[٤]

١٩٧٥. عامیری کوڕی عەوف(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەوفەو لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، دەوترێت یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٥]

١٩٧٦. عامیری کوڕی فوهەیرە(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی فوهەیرەیەو خزمەتکاری ئەبووبەکری صدیق بوو، کونیەکەی ئەبووعەمرە، بە بنەڕەت ئەزدی بوو، رەنگ رەشێکی مەملووک بوو.[٦]

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ١٢٧.
[٢] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٦٣٣.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩٠.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩٢.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩٣.
[٦] أسد الغابة، ج٣، ص ١٣٣.

عامیر زۆر زوو موسڵمان بوو، هێشتا بانگەواز نەچووبوویەماڵی ئەرقەمەوە کە عامیر موسڵمان بوو، ئەوکات هێشتا کۆیلەی طوفەیلی کوڕی عەبدوڵا بوو، لەبەر موسڵمانبوونەکەی زۆر ئازار و ئەشکەنجە دەدرا، بۆیە ئەبووبەکر ئەوی کڕی و ئازادی کرد.[١]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق کۆچیان کرد بۆ مەدینە، عامیر هاوکاریان بوو، دەچوو بە دوای ئەواندا مەڕوماڵاتی دەلەوەڕاند تا شوێن پێیان دیار نەبێت، هەروەها شیری مەڕەکانی بۆ دەبردن،[٢] ئەمەش لەو ماوەدا بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر لە ئەشکەوتی ثەور بوون.[٣]

کاتێک عامیر کۆچی کرد بۆ مەدینە، لای سەعدی کوڕی خەیثەمە دابەزی، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) کە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عامیری کوڕی فوهەیرەو حارثی کوڕی ئەوسەوە.[٤]

عامیر لە غەزای بەدرو ئوحوددا بەشداری کرد.

لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا عامیر لە بیئر مەعوونەدا بەشدار بوو، تەمەنی نزیکەی چل ساڵان دەبوو شەهید بوو، کە شەهید بوو جەستەی دیار نەما.[٥]

١٩٧٧. عامیری کوڕی موخەللەد(ﷺ)

ناوی عامیری کوڕی موخەللەدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[٦] دایکی ناوی عومارەی کچی خەنسائە.[٧]

عامیر لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٨]

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ١٣٣.

[٢] صحيح البخاري - كتاب الكفالة - باب جوار أبي بكر في عهد النبي(ﷺ) وعقده، الرقم ٢٢٩٧.

[٣] صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - فصل في هجرته(ﷺ) إلى المدينة وكيفية أحواله فيها - ذكر ما كان يروح على المصطفى(ﷺ) والصديق(ﷺ) بالمنحة أيام مقامهما في الغار، الرقم ٦٢٧٩.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٣١.

[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٣١.

[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٠٢.

[٧] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٩٤.

[٨] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٠٢.

١٩٧٨. عامیری کوڕی نابی(ﷺ)

ناوی عامیری کوڕی نابی کوڕی زەیدەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[١]

١٩٧٩. عامیری کوڕی یەزید(ﷺ)

ناوی عامیری کوڕی یەزیدی کوڕی سەکەنە، لە پشتیوانانە، هاودەم بە باوکی لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[٢]

١٩٨٠. عامیری کوڕی ئومەییە(ﷺ)

ناوی عامیری کوڕی ئومەییەی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

١٩٨١. عائیذی کوڕی ثەعلەبە(ﷺ)

ناوی عائیذی کوڕی ثەعلەبەی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دواتریش تا سەردەمی فەتحی میصر ژیا و تیایدا بەشدار بوو و دواجار بە دەستی ڕۆمەکان لەساڵی پەنجاو سێی کۆچیدا شەهید بوو.[٤]

١٩٨٢. عائیذی کوڕی سەعید(ﷺ)

ناوی عائیذی کوڕی سەعیدی کوڕی زەیدە، وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، عائیذ دەڵێت: کە چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتم:

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ١٤١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٠٥.

[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ١١٣.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٠٧.

ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە باوکمەوە بە قوربانت بم، دەستت بهێنە بەسەر دەموچاومدا و نزای بەرەکەتم بۆ بکە، پێغەمبەریش(ﷺ) داواکەی بەجێگەیاندم.(١)

لە جەنگی قادسیەو جەلەولاء و لە فتووحاتدا بەشداری کرد، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی صفینی کرد و ئاڵای هۆزەکەی بەدەستەوە بوو و تیایدا کوژرا.(٢)

١٩٨٣. عائیذی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی عەمری کوڕی هیلالی موزەنیەو بە ئەبووهوبەیرە ناسراوە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.(٣)

عائیذ تا سەردەمی عوبەیدوڵای کوڕی زیاد ژیاو جارێک چوو بۆ لای و ئامۆژگاری کرد و وتی: من بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (إِنَّ شرَّ الرِّعَاءِ الْحُطَمَةُ) (خراپترین کەس-کاربەدەستان- ستەمکارانی بێبەزەیین) جا وریابە تۆ لەوان نەبیت.(٤)

١٩٨٤. عائیذی کوڕی قورط(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی قورطە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێراوەتەوە.(٥)

(١) أسد الغابة، ٣، ص ١٤٤.
(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٠٧.
(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٠٩.
(٤) صحيح مسلم – كتاب الإمارة – باب فضيلة الإمام العادل وعقوبة الجائر، الرقم ١٨٣٠.
(٥) المعجم الكبير للطبراني – باب العين – من اسمه عائذ – عائذ بن عمرو المزني – عائذ بن قرط، الرقم ٣٧، قال ابن حجر في الإصابة، ج٣، ص ٦١٠ إسناده حسن.

١٩٨٥. عائیذی کوڕی ماعیص(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی ماعیصه، له پشتیوانانه له زورقیەکان.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی حستە نێوان عائیذی کوڕی ماعیص و سوەیبیطی کوڕی سەعدەوە.[١]

عائیذ یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، هاودەم بە خۆیشی موعاذی برایشی بەشداری کرد، لە ڕووداوی بیئر مەعوونەدا عائیذ شەهید بوو.[٢]

ئیبن سەعد دەڵێت: ئەوەی لە بیئر مەعوونە شەهید بوو موعاذی برای بوو و عائیذ دواتر لە خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد و لە جەنگی یەمامەو لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا شەهید بوو.[٣]

١٩٨٦. عائیذی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی موعاذەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیددا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو، ڕایەکیش دەڵێت: لە قادسیەدا شەهید بوو.[٤]

١٩٨٧. عائیشەی کچی ئەبووسوفیان(رضي الله عنها)

ناوی عائیشەی کچی ئەبووسوفیانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٥]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٠.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٥.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٠.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٢١.

١٩٨٨. عائیشەی کچی جەریر(رضي الله عنها)

ناوی عائیشەی کچی جەریرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و بەیعەتی پێداوە.(١)

١٩٨٩. عائیشەی کچی عومەیر(رضي الله عنها)

ناوی عائیشەی کچی عومەیرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و بەیعەتی پێداوە.(٢)

١٩٩٠. عائیشەی کچی قوادمە(رضي الله عنها)

ناوی عائیشەی کچی قودامەی کوڕی مەظعوونی قورەیشی جومەحیە، لە مەککە بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، هاودەم بە دایکی بەیعەتی دا بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).(٣)

١٩٩١. عائیشەی کچی ئەبووبەکر(رضي الله عنها)

ناوی عائیشەی کچی ئەبووبەکری صدیقە، باوکی یەکێکە لە نزیکترین هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موژدەپێدراوی بەهەشت و یەکەم خەلیفەی موسڵمانان.

دایکی ناوی ئوممورومانی کچی عامیرە.

عائیشە زاناترینی نێو ئافرەتانی ئوممەتی ئیسلامە.(٤)

---

(١) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٢١.

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٢١.

(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٢٢.

(٤) سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ١٣٥.

خوشک و براکانی

برایەکی ناوی عەبدوڵا بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر کۆچیان کرد بەرەو مەدینە، عەبدوڵا دەچوو هەواڵی قورەیشییەکانی دەبرد بۆیان، ئەوکات گەنجێک بوو، دواتر عەبدوڵا لە غەزاکاندا بەشداری کرد و لە هەریەک لە غەزاکانی فەتحی مەککەو حونەین و طائیفدا بەشداری کرد و برینداریش بوو، ئەو برینەی مایەوە تا لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا لە مانگی شەووالی ساڵی یانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

برایەکی تری ناوی عەبدوڕەحمان بوو، ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و موحەممەدی کوڕیشی هاوەڵ بوو، عەبدوڕەحمان بەشداری بەدرو ئوحودی کرد بە بێباوەڕی، دواتر لە حودەیبییەدا موسڵمان بوو، لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و حەوت گەورە سەرکردەی بێباوەڕانی کوشت، پاشان بەشداری فتووحات بوو، لە جەنگی جەمەلدا هاوشانی عائیشەی خوشکی بەشدار بوو، دواجار لە ساڵی پەنجاو سێ دا کۆچی دوایی کرد.[2]

برایەکی تری ناوی موحەممەد بوو، ئەم منداڵەی لە حەجی ماڵئاواییدا لەدایک بوو، دواتر موحەممەد یەکێک بوو لە هێرشبەرانی سەر خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان، دواتریش کە میصری گرتە دەست لەگەڵ عەمری کوڕی عاص جەنگا و سوپاکەی موحەممەد شکا و دواتر کوژرا و سووتێنرا.[3]

خوشکێکی ناوی ئەسماء بوو، هەر زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاوسەری زوبەیری کوڕی عەووام بوو، کۆچی کرد بۆ مەدینەو سکی هەبوو بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیرەوە، بە خاوەن دوو پشتێنەکە ناسراوە، تەمەنێکی زۆری کرد تا لە سەردەمی ئومەویدا دەسەڵاتی عەبدوڵای لە

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٧-٢٨.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٨١-٤٨٣.

[3] أسد الغابة، ج٥، ص ١٠٦.

حیجاز بینی و مەرگی عەبدوڵای کوڕی بینی و پاش ماوەیەکی زۆر کەم لەو ڕووداوە وەفاتی کرد،[1] لە پیتی (أ) دا باسی ژیانەکەیمان کردووە.

خوشکێکی تری ناوی ئومموکلثوم بوو، ئەبووبەکری باوکی لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[2]

لەدایکبوونی:

لەدایکبوونی عائیشە ڕاجیایی لەسەرە، چونکە ئەمەش بەستراوەتەوە بە مەسەلەی تەمەنی لەکاتی هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ).

عائیشە دەڵێت: هێشتا هۆشم نەکردبوویەوە کە باوک و دایکم باوەڕدار بوون، چی ڕۆژێکیش دەهات پێغەمبەر(ﷺ) بەیانی و ئێوارە دەهات بۆ لامان.[3]

ذەهەبی دەڵێت: عائیشە لە دوای هاتنی ئیسلام لەدایک بوو و تەمەنی هەشت ساڵ بچووکتر بوو لە فاطیمە.[4]

هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)

دوای وەفاتی خەدیجە پێغەمبەر(ﷺ) سەودەی بە هاوسەر گرت و ماوەیەک تەنها سەودە خێزانی بوو، هەندێ دەق هاتووە کە نزیکەی سێ ساڵ تەنها سەودە هاوسەری بوو، ئینجا عائیشەی بەهاوسەرگرت.[5]

سەودە تەمەنی زۆر بوو، دەترسا پێغەمبەر(ﷺ) تەڵاقی بدات،[6] داوای کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) تەڵاقی نەدات، هەروەها ئەو ڕۆژەی خۆی کە مافی بوو پێغەمبەر(ﷺ) بچێتەوە بۆ لای، بەخشی بە عائیشە.[7]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٤٨٧.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٥.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند عائشة(ﷺ)، الرقم ٢٦٢٦٥؛ صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب المسجد يكون في الطريق من غير ضرر بالناس وبه، الرقم ٤٧٦؛ صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - فصل في هجرته(ﷺ) إلى المدينة وكيفية أحواله فيها - ذكر وصف كيفية خروج المصطفى(ﷺ) من مكة لما صعب الأمر على المسلمين بها، الرقم ٦٢٧٧.

[4] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ١٣٩.

[5] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٦٥.

[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٥٣.

[7] أسد الغابة، ج٧، ص ١٧٣.

هاوسـەرگیری پێغەمبـەر(ﷺ) لەگـەڵ عائیشـە پێش کۆچـی پێغەمبـەر(ﷺ) بـوو بۆ مەدینـە، نزیکـەی ساڵ و نیوێک یـان دوو سـاڵ پێش هیجرەت بـوو کە عائیشـەی مـارە کرد، دواتر لـە مانگی شـەووالی سـاڵی دووەمـی کۆچـی و پـاش گەڕانـەوەی لـە غـەزای بـەدر ئینجـا گواستیەوە.[1]

کاتێک خەدیجە وەفاتی کرد، خەولـەی کچی حەکیم وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هاوسـەرگیری ناکەیـت؟ ئەویش فەرمـووی: کـێ بـە هاوسـەر بگرم؟ خەولـە وتـی: کچـت ئەوێـت یـان بێـوەژن؟ فەرمـووی: ئەگـەر کـچ بـێ کـێ؟ خەولە وتی: کچـی خۆشەویستترین دروستکراوی خوا لەلات، عائیشـەی کچی ئەبووبەکـر؟ فەرمـووی: ئـەی ئەگـەر بێـوەژن بـێ کـێ؟ وتـی: سـەودەی کچـی زەمعـە، بـڕوای پـێ هێناویـت و شـوێن فەرمایشـتت کەوتـووە، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمووی: دەی بڕۆ و داوایـان بکە بۆم، خەولـە چوو بۆ ماڵی ئەبووبەکر و وتـی: ئـەی ئوممورومـان خـوای گـەورە چ خێر و بەرەکەتێکی بۆ دابارانـدون؟ ئەویش وتـی چیـە؟ خەولـە وتـی: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) منـی نـاردووە بـۆ داوای عائیشـە، ئەویش وتـی: چاوەڕێ بکە تـا ئەبووبەکر دێتـەوە، ئەبووبەکر هاتـەوەو خەولـە پێـی وت: کـە بۆچـی هاتـووە؟ ئەبووبەکـر وتـی: جـا بـۆی گونجـاوە لەکاتێـدا عائیشـە برازایەتی-بـرای ئایینـی-؟! خەولـە چوویـەوە بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) و مەسـەلەکەی بۆ باسـکرد، ئەویش فەرمـووی: (ارْجِعِي إِلَيْهِ فَقُولِي لَهُ: أَنَا أَخُوكَ وَأَنْتَ أَخِي فِي الْإِسْلَامِ، وَابْنَتُكَ تَصْلُحُ لِي) (بگەڕێـرەوە بـۆ لای و ئـەم قسـەی منـی پـێ بڵـێ، مـن بـرای تـۆ م وتۆیـش بـرای منیـت لـە ئیسـلامدا، کچەکەشـت گونجـاوە بـۆ مـن)، خەولـەش گەڕایـەوەو پەیامـی پێغەمبـەری خـوای(ﷺ) پێگەیاند، ئەبووبەکر وتـی: چاوەڕێ بکـە، چونکە موطعیمي کـوڕی عـەددی داوای عائیشـەی کردبـوو بـۆ کوڕەکـەی، ئەبووبەکـر چـوو بـۆ لای موطعیـم، کەچـی خۆیشـی و ژنەکەشـی تانەیـان لێدا لەسـەر موسـڵمانبوونی، بـەوە ئەبووبەکـر یـەکلا بوویـەوە، ئەبووبەکـر بـە خەولـەی وت: پێغەمبـەری

[1] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ١٣٥.

خوام(ﷺ) بۆ بانگ بکە، ئەویش چوو پێغەمبەری خوای(ﷺ) بانگ کرد و ئەبووبەکر عائیشەی لە پێغەمبەر(ﷺ) مارە کرد، ئەوکاتیش تەمەنی شەش ساڵان بوو.[1]

سەبارەت بە تەمەنی عائیشە لە کاتی مارەکردن و گواستنەوەیدا قسەو باسێکی زۆر هەیەو کراویشە بە گومانێک بەرامبەر بە ئیسلام، چونکە رایەک دەڵێت: تەمەنی نۆ ساڵ بووە پێغەمبەر(ﷺ) گواستوویەتیەوە.[2]

عائیشە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە منی بە هاوسەر گرت تەمەنم شەش ساڵان بوو،... کاتێکیش پێغەمبەر(ﷺ) منی گواستەوە تەمەنم نۆ ساڵان بوو،[3] کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) منی گواستەوە کەلوپەلی یاریەکانیشم لەگەڵ خۆم برد، کاتێکیش پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنم هەژدە ساڵان بوو.[4]

هەر لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە عائیشە لە حەوت ساڵیدا مارە کراوە.[5]

عائیشە دەڵێت: کاتێک کۆچمان کرد بۆ مەدینەو لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بووم، لەناو هاوڕێکانمدا بووم، دایکم هاواری لێکردم و منیش چووم و نەمزانی بۆچی بانگم دەکات، دەستی گرتم و منی بردە بەردەرگا و لەوێ بردمیەماڵەوە، بڕێک ئافرەتی پشتیوانان دانیشتبوون، وتیان: لەسەر خێر و بەرەکەت و بەختی باش بێت، دایکم منی دایە دەست ئەوان، ئەوانیش سەریان شۆردم و منیان رازاندەوەو تەسلیمی پێغەمبەری خوایان(ﷺ) کردم.[6]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند عائشة(رضي الله عنها)، الرقم ٢٦٤٠٨، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ١٣٥.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند عائشة(رضي الله عنها)، الرقم ٢٥٥٠٧؛ صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب تزويج النبي(ﷺ) عائشة، الرقم ٣٨٩٤؛ صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب تزويج الأب البكر الصغيرة، الرقم ١٤٢٢؛ سنن ابن ماجه - أبواب النكاح - باب نكاح الصغار يزوجهن الآباء، الرقم ١٨٧٦؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب النكاح - إنكاح الرجل ابنته الصغيرة، الرقم ٥٣٤٥؛

[4] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب تزويج الأب البكر الصغيرة، الرقم ١٤٢٢.

[5] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب تزويج الأب البكر الصغيرة، الرقم ١٤٢٢؛ سنن أبي داود - كتاب النكاح - باب في تزويج الصغار، الرقم ٢١٢١.

[6] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب تزويج الأب البكر الصغيرة، الرقم ١٤٢٢.

لە ڕووداوی ئیفکدا کە لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا ڕوویدا، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری کرد لە بەریرە بزانێت ڕای چیە، بەریرە وتی: عائیشە ئافرەتێکە تەمەنی کەمە، کە لە لای هەویر دەشێلم بە دیاریەوە خەوی لێدەکەوێت و باڵندەو پەلەوەر دێن هەویرەکە دەخۆن.[1]

عائیشە دەڵێت: من لای پێغەمبەر(ﷺ) بووم بڕێ کچی هاوڕێم هەبوون دەهاتن بۆ لام یارییان دەکرد لەگەڵم، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەهاتەوە ئەوان لە شەرمدا خۆیان دەشاردەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) یەک یەک ئەوانی دەناردەوە بۆ لام تا یاریم لەگەڵ بکەن.[2]

لە هەموو ئەو گێڕانەوانەی پێشووەوە دەردەکەوێت کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی بەهاوسەر گرتووە تەمەنی عائیشە کەم بووە، چونکە هەموو فەرموودەکان صەحیحن و لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتون.

کۆچی عائیشە بۆ مەدینە

عائیشەو کچەکانی پێغەمبەریش(ﷺ) لە دوای پێغەمبەر(ﷺ) کۆچیان کرد بۆ مەدینە، عائیشە دەڵێت: دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، زەیدی کوڕی حارثەی نارد بۆ لامان و ئەبوورافیعی مەولاشی لەگەڵدا نارد، دوو وشتر و پێنج سەد درهەمی پێدان تا بۆ کۆچەکە چی وشتریان پێویستە بیکڕن، ئەبووبەکریش عەبدولای کوڕی ئورەیقیطی بە دوو یان سێ وشترەوە نارد و نامەیەکی نووسی بۆ عەبدولای کوڕی ئەبووبەکر و فەرمانی پێدەکرد دایکی و من و ئەسمائی خوشکم بەودا بنێرێت بۆ مەدینە، ئەوەبوو کەوتنەڕێ، لەنیوەی ڕێدا زەید بە پارەکە سێ وشتری کڕی، دواتر هەموویان هاتنە مەککەو ڕێیان کەوتە طەلحەی کوڕی عوبەیدولا

[1] صحيح البخاري - كتاب الشهادات - باب إذا عدل رجل أحدا فقال لا نعلم إلا خيرا أو قال ما علمت إلا خيرا، الرقم ٢٦٣٧؛ صحيح مسلم - كتاب التوبة - باب في حديث الإفك وقبول توبة القاذف، الرقم ٢٧٧٠.
[2] صحيح البخاري - كتاب الأدب - باب الانبساط إلى الناس، الرقم ٦١٣٠؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب في فضل عائشة(رضي الله عنها)، الرقم ٢٤٤٠؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب عشرة النساء - إباحة الرجل اللعب لزوجته بالبنات، الرقم ٨٨٩٧

کە دەیویست خێزانی ئەبووبەکر بیات بۆ مەدینە، ئەوەبوو هەموومان کەوتینەڕێ، زەید و ئەبوورافیع فاطیمە و ئوممولکلثوم و سەودەی کچی زەمعەیان هێنان، هەروەها زەید ئوممونەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەیدی هێنا، عەبدولای کوڕی ئەبووبەکریش دایکم و من و ئەسمائی هێنا، طەلحەش هاودەم بە ئێمە هات و هەموو پێکەوە کەوتینەڕێ تا گەیشتینە مەدینە، ئەو کات موسڵمانان خەریکی دروستکردنی مزگەوتی مەدینە بوون.[١]

عائیشە دەڵێت: کە هاتینە مەدینە ماوەی مانگێک تووشی نەخۆشی و ئازارێکی زۆر بووم.[٢]

ڕووداوی ئیفک

ڕووداوی ئیفک لە غەزای مورەیسیعدا لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا ڕوویدا، ئەوکات عائیشە تەمەنی دوانزە ساڵان بوو.[٣]

پێغەمبەر(ﷺ) هەرکات بیویستایە لە مەدینە دەربچێت تیروپشکی دەکرد بۆ هاوسەرەکانی و یەکێک لە هاوسەرەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، لە غەزای مورەیسیعدا عائیشە ناوی دەرچوو.[٤]

عائیشە خۆی وردەکاری ڕووداوەکە باس دەکات و دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەرکات بیویستایە دەربچێت تیروپشکی دەکرد بۆ هاوسەرەکانی و یەکێک لە هاوسەرەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، ئەوەبوو لە غەزایەکدا ناوی من دەرچوو، ئەمەش دوای دابەزینی ئایەتی حیجاب بوو، منیش لەناو کەژاوەیەکدا بووم، کە پێغەمبەر(ﷺ) لە غەزاکە بوویەوەو بەرەو مەدینە کەوتەوەڕێ، کە لە مەدینە نزیک بووینەوە، پاش حەوانەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دەرچوونی دەرکرد، منیش بە پیادە کەمێک لە سوپاکە

---

[١] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر الصحابیات من أزواج رسول الله(ﷺ) وغیرهن(ﷺ) - الصدیقة بنت الصدیق عائشة بنت أبي بکر(ﷺ) - ذکر أداء الصداق قبل البناء، الرقم ٦٧٨٠.

[٢] صحیح مسلم - کتاب النکاح - باب تزویج الأب البکر الصغیرة، الرقم ١٤٢٢.

[٣] سیر أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٥٣.

[٤] صحیح البخاري - کتاب الشهادات - باب تعدیل النساء بعضهن بعضا، الرقم ٢٦٦١.

دوورکەوتبوومـەوە بـۆ پێویستیەکم، کـە تـەواو بـووم هاتمـەوە بـەرەو لای کاروانەکـە، دەسـتم دا لـە سـنگم دەبینـم گەردەنبەندەکـەم پچـڕاوە، بۆیـە گەڕامـەوە بـۆی، ئـەوە دوای خستم، تـا هاتمـەوە ئەوانـەی کەژاوەکـەی منیـان هەڵگرتبوو کەژاوەکەیـان خستبوویە سـەر وشـترەکەو وایانزانیبوو مـن تیایدام، ئـەوکات ئافرەتـان کێشیان کـەم بـوو و قەڵـەو و قـورس نەبوون، چونکە تەنها بەشـی نەمانـی برسـێتی نانیان دەخـوارد، بۆیـە سـووکی کەژاوەکەیـان لا نامـۆ نەبووبـوو، کەوتبوونـەڕێ، کـە گەردنبەندەکـەم دۆزیـەوە گەڕامـەوە، دەبینـم کـەس لـەوێ نیـە، چوومـەوە هەمـان شـوێن کـە تیایدا بـووم و وتـم: دەگەڕێن بـە دوامـدا و دێنـەوە بـە شـوێنمدا، دانیشـتم تـا ئـەوەی خـەو زۆری هێنـا بـۆ چاوەکانـم و خـەوم لێکـەوت، صەفوانـی کـوڕی موعەططەلـی سولەمی لـە دوای سـوپاکەوە بـوو، کـە گەیشـتە لای مـن، تارمایـی کەسـێکی خەوتـووی بینـی، هـات بـۆ لام، ئـەو پێش دابەزینـی ئایەتـی حیجاب منـی دیبـوو، کـە وشـترەکەی مـۆڵ دا بێـدار بوومـەوە، صەفـوان دەسـتی دانـا تـا قـاچ بخەمـە سـەری و سـەر وشـترەکە کەوتـم، ئیتـر منـی بردەوە تـا گەیشـتینەوە لای کاروانەکـە، ئـەوان لـە قرچـەی نیـوەڕۆدا لایاندابـوو کـە ئێمـە گەیشـتینە لایـان، یەکـەم کـەس بەزمـی بوهتانەکـەی نایـەوە عەبـدوڵای کـوڕی ئوبـەی کـوڕی سـەلوول بـوو، کـە چووینـەوە مەدینـە مـاوەی یـەک مانـگ مـن بـەو دەردەوە –بوهتـان بـۆ کردن– مامـەوەو باسـی ئـەو رووداوە بنێشـتە خۆشـەی دەمـی ئەوانـە بـوو کـە بڕوایـان وابـوو تووشـی تـاوان بـوم، ئـەوەی زیاتـر منـی دەترسـاند، ئەوەبـوو ئـەو نەرمونیانـەی پێشـتر لـە پێغەمبـەر(ﷺ) دەمـدی لـەو مـاوەدا لێـم نەدەبینـی، دەهاتـەوە ماڵـەوەو سـەلامی دەکـرد و دواتـر دەیفەرمـوو (ئافرەتەکـە چۆنـە؟) منیـش هیچـم نەدەزانـی تـا لـەو نەخۆشـیەی تووشـم بووبـوو چـاک بوومـەوە، ئـەوکات لەگەڵ ئوممومیسطەح دەرچووین بـۆ دەسـت بەئـاو گەیاندن کـە تەنها بـە شـەویش دەردەچوویـن، ئـەوکات هێشـتا لەپـاڵ ماڵـدا سـەرئاو نەبـوو،

دەچووین بە رێدا کە پێی گیر بوو لە جلەکەی، وتی: لەناوچێت میسطەح، وتم: خراپت وت: قسە بە بەشداربوویەکی بەدر دەڵێیت؟ ئەویش وتی: هۆو خاتوون مەگەر گوێت لە قسەی ئەو خەڵکە نەبووە؟ ئینجا قسەو باسەکەی بۆ گێڕامەوە، ئیتر هێندەی تر نەخۆش کەوتم، کە گەڕامەوەماڵەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە ماڵەوەو سەلامی کرد و فەرمووی: (ئافرەتەکە چۆنە؟)، وتم: مۆڵەتم بدە بچمەوە بۆ لای دایک و باوکم، چونکە دەمویست بچمەوە بۆ لایان و دڵنیا بم لەوەی بیستوومە، پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی دام و منیش چوومەوە ماڵەوەو بە دایکم وت: ئەو خەڵکە چی دەڵێت؟ ئەویش وتی: کچە شیرینەکەم باری خۆت قورس مەکە، بەخوا هەر ئافرەتێکی جوان لای پیاوێ بێت کە خۆشی بوێت و ئافرەتەکە هەوێی زۆری هەبێت، هەر هێرشی دەکەنە سەر، منیش وتم: سوبحانەڵلا، خەڵکی وا دەڵێن؟! ئیتر ئەو شەوە تا بەیانی فرمێسک لە چاوانم نەوەستا و خەو نەچووە چاوم، بۆ بەیانی پێغەمبەر(ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیب و ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ کرد و رای ئەوانی وەرگرت، چونکە هێشتا سروش لەو بارەوە دانەبەزیبوو، رای ئەوانی وەرگرت ئایا لە من جیابێتەوە یان نا؟ ئوسامە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە خێزانتە و بەخوا تەنها خێر و چاکەی لە بارەوە دەزانین، عەلیش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خوا بارت تەنگ و سەخت ناکات و ئافرەتی تریش جگە لەو زۆرن، پرسیاریش بکە لە خزمەتکارەکە ئەو وەڵامی راستت پێ دەدات، پێغەمبەر(ﷺ) بەریرەی بانگ کرد، فەرمووی: (ئەی بەریرە ئایا هیچت لە عائیشە دیوە کە جێی گومانت بێت؟) بەیرە وتی: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە تاکە شتێک لەم ئافرەتە دیومە ئەوەیە کە تەمەنی زۆر کەمەو کە هەویر دەشێلێت بە دەم هەویرەکەوە خەوی لێدەکەوێت، پەلەوەر دێت و هەویرەکە دەخوات، پێغەمبەر(ﷺ) هەر ئەو رۆژە هەستا و لەنێو هاوەڵانیدا فەرمووی:(من يعذرني من رجل بلغني أذاه في أهلي، فوالله

ما علمت على أهلي إلا خيرا، وقد ذكروا رجلا ما علمت عليه إلا خيرا، وما كان يدخل على أهلي إلا معي)، (کێ پۆزشم بۆ وەردەگرێ لە کەسێ کە پێم گەیشتووە بە خراپە باسی خێزانەکەمی کردووە، دەی سوێند بەخوا من هەر چاکەی خێزانەکەم دەزانم- واتە چاکەم لێ دیوە- ئەوانە باسی پیاوێکیان کردووە کە بەس خێرو چاکەی لە بارەوە دەزانم، بەتەنها لەگەڵ خۆیشمدا هاتووە بۆ لای خێزانەکانم)، سەعدی کوڕی موعاذ هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەخوا من ئەوەت بۆ دەکەم، ئەگەر لە ئەوسیەکان بێت دەدەین لە ملی، ئەگەریش لەناو برا خەزرەجیەکانماندا بێت فەرمانمان پێبکەیت فەرمانت بەجێدەگەیەنین، سەعدی کوڕی عوبادە کە گەورەی خەزرەجیەکان بوو و پیاوێکی چاک بوو بەڵام دەمارگیری گرتی، هەستاو وتی: سوێند بەخوا درۆ دەکەیت نایکوژیت و ئەوەشت پێ ناکرێت، ئوسەیدی کوڕی حوضەیریش هەستا و وتی: سوێند بەخوا درۆ دەکەیت، ئێمە دەیکوژین، تۆ دووړوویت و سەبارەت بە دووڕوان مشتومڕ دەکەیت، هەردوو دەستەی ئەوس و خەزرەج هەستان و خەریکبوو بکەونە وێزەی یەکتر، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) کە لەسەر مینبەر بوو دابەزی و هێوری کردنەوە تا بێدەنگ بوون، پێغەمبەر(ﷺ) بێدەنگ بوو و منیش ئەو رۆژە هەر دەگریام، بۆ بەیانی دایک و باوکم هاتن بۆ لام، لە کەنارمەوە دانیشتبوون کە من دەگریام، لەو کاتەدا ئافرەتێکی پشتیوانان داوای مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی کرد، منیش مۆڵەتم دا، ئەویش هات دانیشت و لەگەڵم دەستی کرد بە گریان، لەو حاڵەدا بووین کە پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ژوورەوەو لە دوور منەوە دانیشت، چونکە لەو رۆژەوەی ئەو قسانە کرابوو لە کەنار منەوە دانەدەنیشت، ماوەی مانگێک بوو خوا سروشی دانەبەزاندبوو، پێغەمبەر(ﷺ) شایەتومانی فەرموو و دواتر فەرمووی: (يا عائشة، فإنه بلغني عنك كذا وكذا، فإن كنت بريئة فسيبرئك الله، وإن كنت ألممت بذنب، فاستغفري الله وتوبي إليه، فإن العبد إذا اعترف بذنبه ثم تاب تاب الله عليه)، (ئەی عائیشە

ئاواو ئاوام لەبارەتەوە بیستووە، ئەگەر پاکیت ئەوە خوا پاکیت دەسەلمێنێت، ئەگەریش تووشی تاوانێک بویت ئەوەی داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەو تەوبە بکە، چونکە بەندە ئەگەر دانی نا بە تاوانیدا و دواتر تەوبەی کرد ئەوە خوا لێی خۆش دەبێت)، کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمایشتەکەی تەواو بوو فرمێسک لە چاوانم برا، بە باوکم وت: تۆ لە بری من وەلامی پێغەمبەر(ﷺ) بدەرەوە، ئەویش وتی: بەخوا نازانم چی بە پێغەمبەر(ﷺ) بڵێم، وتم: دەی دایکە تۆ لە بری من وەلام بدەرەوە، ئەویش هەمان شتی وت، وتم: بەخوا دەزانم ئێوە قسەی ئەو خەڵکەتان بیستووە و بڕواتان بە قسەی ئەوان کردووە، ئەگەر پێتان بڵێم من پاکم بڕوام پێ ناکەن، خواش خۆی دەزانێت من بێتاوانم، ئەگەریش بڵێم شتی وامکردووە بڕوام پێدەکەن لەکاتێکدا خوا دەزانێت من شتی وام نەکردووە، نموونەی من و ئێوە هەروەک بەسەرهاتەکەی باوکی یووسفە کە فەرمووی:(فصبر جمیل والله المستعان علی ما تصفون)، ئینجا چووم بۆ ناو جێگەکەم و دەپارامەوە خوا پاکیم نیشان بدات، بەلام بەخوا هەرگیز گومانیشم نەدەبرد کە لە بارەمەوە سروش دابەزێت، خۆم زۆر بە کەمتر لەوە دەزانی قورئان لە بارەمەوە بدوێت، بەلام هیوام وابوو پێغەمبەر(ﷺ) خەوێک بینێت کە تیایدا خوا پاکی من بسەلمێنێت، بەخوا کەس لەو کۆڕە نەچوویە دەرەوە تا سروش دابەزی بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، ئەو باری نارەحەتیەی لە سروشدا تووشی دەبوو تووشی بوو، لەو رۆژە باراناویەدا عارەقەی نێوچاوانی دەتوت مرواریە، کە پێغەمبەر(ﷺ) قورسی سروشی لەسەر لاچوو، پێدەکەنی، یەکەم قسە بە منی فەرموو (ئەی عائیشە سوپاسی خوا بکە، خوا پاکی تۆی سەلماند)، دایکم وتی: هەستە وەرە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، وتم: نابەخوا ناچم بۆ لای و تەنها سوپاسی خوا دەکەم، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ

مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١١) لَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنْفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُبِينٌ (١٢) لَوْلَا جَاءُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُولَئِكَ عِنْدَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ (١٣) وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٤) إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُمْ مَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمٌ (١٥) وَلَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُمْ مَا يَكُونُ لَنَا أَنْ نَتَكَلَّمَ بِهَذَا سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ (١٦) يَعِظُكُمُ اللَّهُ أَنْ تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (١٧) وَيُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) کە خوا لە بارەی منەوە ئەو ئایەتانەی دابەزاند، ئەبووبەکر کە پێشتر بە پارە یارمەتی میسطەحی کوڕی ئەثاثەی دەدا، وتی: بەخوا ئیتر لەمەودوا تا ماوم هیچ یارمەتی نادەم مادەم سەبارەت بە عائیشە وای دەوت، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (وَلَا يَأْتَلِ أُولُو الْفَضْلِ مِنْكُمْ وَالسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا أُولِي الْقُرْبَى وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) ئەبووبەکر وتی: بەڵی خوایە من ئەوەم پێ خۆشترە لێم خۆش بیت، بۆیە دەستی کردەوە بە یارمەتیدانی میسطەح.[1]

کاتێک ڕووداوی ئیفک ڕوویدا، زەینەبی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) شایەتی خێری دا بۆ عائیشە، عائیشە دەڵێت: لەناو خێزانەکانی پێغەمبەردا(ﷺ) زەینەبی کچی جەحش ڕکەبەرم بوو، کە پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بەو مەسەلەیە پرسیاری لێکرد زەینەب وتی: بەخوا تەنها خێر دەزانم، ئەوەبوو خوا پاراستی لەو بوهتانە، بەڵام حەمنەی خوشکی لەبەر خوشکەکەی بەرامبەرم تێکەوت.[2]

حەسسانی شاعیری پێغەمبەر(ﷺ) یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە مەسەلەی ئیفکدا تێکەوت، مەسەلەی ئیفکیش ئەو بوختانە بوو کە کرا بۆ دایکی باوەڕداران عائیشە گوایە تووشی زینا بووە، چەند هاوەڵێکی

---

[1] صحيح البخاري – كتاب الشهادات – باب تعديل النساء بعضهن بعضا، الرقم ٢٦٦١؛ صحيح مسلم – كتاب التوبة – باب في حديث الإفک وقبول توبة القاذف، الرقم ٢٧٧٠.

[2] صحيح البخاري – كتاب المغازي – باب حديث الإفک، الرقم ٤١٤١؛ صحيح مسلم – كتاب التوبة – باب في حديث الإفک وقبول توبة القاذف، الرقم ٢٧٧٠.

پێغەمبەر(ﷺ) بە هەڵە کەوتنە ژێر کاریگەری دووړووان و کەوتنە ئەو هەڵەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە حەسسانی کوڕی ثابتی شاعیری پێغەمبەر(ﷺ) و میسطەح و حەمنە، ئەوەبوو خوای گەورە لەو بارەوە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە:

(إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ)

(بێگومان کەسانێ کە ئەو بوهتانەیان (بۆ عائیشەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) هەڵبەست دەستەیە بوون لە خۆتان (با مونافیقیشیان تیا بوو) وا مەزانن ئەو (بوهتانە) شەڕ و خراپە بۆتان (وانیە) بەڵکو خێرو چاکەیە بۆتان بۆ هەریەک لەوانە هەیە لەتاوان بەو ئەندازەی هەوڵی داوە (لەو بوهتانەدا) وە ئەو کەسەیان کە بەشی گەورەی بوختانەکەی گرتە ئەستۆ (کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بوو) (لە ڕۆژی دواییدا) بۆ ئەوە سزای هەرە گەورە)،[1] بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد هەشتا جەلد درا لەو سێ کەسە.[2]

لە ژیانی هەریەک لە حەسسانی کوڕی ثابت و حەمنە و میسطەحدا ڕوونکردنەوەی پێویستمان هێناوە سەبارەت بە هەڵوێستیان لە ڕووداوی ئیفکدا.

چەند دیمەنێ لە ژیانی ئاسایی لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)

طەخفە دەڵێت: ئێمە لە مزگەوت ئەهلی صوففە بووین، پێغەمبەر(ﷺ) دوای نوێژی ئێوارە فەرمووی: ئەی فلانە کەس تۆ لەگەڵ فلانە کەس بڕۆ، تۆش لەگەڵ فلانە کەس بڕۆ، بەو جۆرە تا هەمووی چوو و من پێنجەم کەس بووم مابوومەوە، فەرمووی: لەگەڵ من وەرن، لەگەڵی چووینەوە بۆ ماڵەوەو لە ماڵی عائیشە بوو، هێشتا ئایەتی حیجاب دانەبەزیبوو، فەرمووی: ئەی عائیشە خواردنمان بۆ بهێنە، ئەویش نانێکی بۆ هێناین، دواتر هەمدی فەرمووی: ئەی عائیشە خواردنمان بۆبهێنە، ئەویش خواردنی حەیسی-

[1] مشكل الآثار للطحاوي، الرقم ٢٤٩٤
[2] تاريخ المدينة لابن شبة، الرقم ٦٣٤.

خورما و شیر و رۆن پێکەوە لێبنرێت- بۆ هێناین، هەمدی داوای خواردنی کرد و ئەویش قاپێ-شیری- بۆ هێناین، پێغەمبەر(ﷺ) لێی خواردەوەو دواتر فەرمووی: ئەی عائیشە خواردنەوەمان بۆ بهێنە، ئەویش قاپێکی تر -شیری- هێنا، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إِنْ شِئْتُمْ نِمْتُمْ عِنْدَنَا، وَإِنْ شِئْتُمْ أَتَيْتُمْ الْمَسْجِدَ فَنِمْتُمْ فِيهِ) (پێتان خۆشە لای ئێمە بمێننەوەو بخەون، حەزیش دەکەن بچن بۆ مزگەوت و لەوێ بخەون)، ئیمەش چووین بۆ مزگەوت.[1]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: بەیانیەک پێغەمبەر(ﷺ) چوویە دەرەوەو جلێکی خوری لەبەر بوو کە لە مووی رەش دروستکرابوو، ئینجا حەسەنی کوڕی عەلی هات و پێغەمبەر(ﷺ) هێنایە ژوورەوە، دوای ماوەیەکی تر حوسەین هات و لەگەڵی هاتە ژوورەوە، دواتر فاطیمە هات و پێغەمبەر(ﷺ) ئەویشی هێنایەژوورەوە، ئینجا عەلیش هات و پێغەمبەر(ﷺ) ئەویشی هێنایە ژوورەوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە(إنما يريد الله ليذهب عنكم الرجس أهل البيت و يطهركم تطهيرا).[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: جارێک ئەبووبەکر هاتە ژوورەوە بۆ لام و دوو کچۆڵەم لا بوون کە دەفیان لێدەدا، پێغەمبەریش(ﷺ) بە جلەکانی خۆی داپۆشیبوو، ئەبووبەکر هەڵشاخی پیایاندا، پێغەمبەر(ﷺ) جلەکانی لەسەر دەموچاوی لابرد و فەرمووی:(دعهما يا أبابكر فإنها أيام عيد وتلك الأيام أيام منى)،[3] (وازیان لێ بێنە ئەی ئەبووبەکر، چونکە ئەم رۆژانە رۆژانی جەژنن و رۆژانی مینان).

ئەنەس دەڵێت: دراوسێیەکی پێغەمبەر(ﷺ) فارس بوو، شلەی -گۆشتاوی- زۆر بەتامی دروست دەکرد، جارێک ئامادەی کرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و هات بانگهێشتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کرد، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی:

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب الزينة والتطييب - باب آداب النوم - ذكر بغض الله جل وعلا النائمين على بطونهم، الرقم ٥٥٥٠، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الفضائل - فضائل علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ٣٢٧٦٥؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضائل أهل بيت النبي(ﷺ)، الرقم ٢٤٢٤.

[3] صحيح البخاري - كتاب العيدين - باب إذا فاته العيد يصلي ركعتين وكذلك النساء، الرقم ٩٨٧.

(ئەمەش) مەبەستی عائیشە بوو کە لەگەڵیدا بوو، کابرا وتی: نا تەنها خۆت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی نایەم، ئەوەبوو کابرا هەمدی هاتەوەو پێغەمبەری خوای(ﷺ) بانگهێشتکردەوە، هەمان شت روویدایەوە، لە جاری سێیەمدا کابرا وتی: باشە با ئەویش بێت، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) و عائیشە بە شانەخڕێ و گەمەکردنەوە چوون تا گەیشتنە ماڵی کابرای فارس.[1]

عائیشە دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) پێشبڕکێمان کرد، من لێم بردەوە، دوای ماوەیەک قەڵەو بووم، هەمدی پێشبڕکێمان کرد و پێغەمبەر(ﷺ) لێی بردمەوەو فەرمووی: ئەمەیان بەوی تر.[2]

عائیشە دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەرچووین، کە گەیشتینە ناوچەی بەیداء گەردنبەندێکم پچڕا، پێغەمبەر(ﷺ) بۆی گەڕا و خەڵکیش بۆی گەڕان و هیچ ئاویشمان پێ نەبوو، خەڵکی هاتن بۆ لای ئەبووبەکر و وتیان: نابینیت عائیشە چی کرد؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ) و خەڵکەکەی سەرقاڵ کرد و هیچ ئاویشمان پێ نیە و نزیکیش نین لە ئاوەوە، ئەبووبەکر هات و بینی پێغەمبەر(ﷺ) سەری لەسەر رانم بوو خەوتبوو، وتی: ئاوا پێغەمبەر(ﷺ) و خەڵکەکەت دواخست و هیچ ئاویش لێرە نیەو ئاویشمان پێ نیە؟ زۆر سەرکۆنەی کردم و بەدەستی تێیدەخوڕیم، تەنها لەبەرئەوە نەدەجووڵام کە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر رانم خەوتبوو، کە رۆژ بوویەوەو پێغەمبەر(ﷺ) هەستاو ئاو نەبوو، خوای گەورە ئایەتی تەیەمومی دابەزاند، خەڵکەکە تەیەمومیان کرد، ئوسەیدی کوڕی حوضەیر وتی: ئەی بنەماڵەی ئەبووبەکر ئەمە یەکەمجارتان نیە ئاوا بەرەکەتتان هەبێت، ئینجا ئەو وشترەی لەسەری بووم جووڵا، دەبینین گەردنبەندەکە لەژێر ئەودایە.[3]

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٢٤٢٧؛ صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب ما يفعل الضيف إذا تبعه غير من دعاه صاحب الطعام، الرقم ٢٠٣٧.

[2] سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب في السبق على الرجل، الرقم ٢٥٧٨؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب عشرة النساء - مسابقة الرجل زوجته، الرقم ٨٨٩٥، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[3] صحيح البخاري - كتاب التيمم - باب التيمم وقول الله تعالى فلم تجدوا ماء فتيمموا صعيدا طيبا، الرقم ٣٣٤؛ صحيح مسلم - كتاب الحيض - باب التيمم، الرقم ٣٦٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الطهارة -

عائیشـه دەڵێت: جارێـک پێغەمبـەر(ﷺ) پێـی فەرمـووم (إني لأعلم إذا كنت عني راضية، وإذا كنت علي غضبى)، (مـن دەزانـم تـۆ کـەی لێـم رازیـت و کـەی لێم تووڕەیت) منیـش وتـم: چـۆن دەزانیـت؟ فەرمـووی: (أما إذا كنت عني راضية، فإنك تقولين لا ورب محمد، وإذا كنت علي غضبى قلت لا ورب إبراهيم)، (ئەگـەر لێـم رازی بیـت دەڵێیـت نـا بـە خـوای موحەممـەد، ئەگەریش لێـم تـووڕە بیـت دەڵێیـت نـا بەخـوای ئیبراهیـم)، منیـش وتـم: بەڵێ بەخـوا وایـە ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ).[1]

لـە حەجـی ماڵئاواییدا کـە عائیشـەش هـاودەم بـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) چـوو و عەبدوڕەحمانـی بـرای عائیشـەش بەشـدار بـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمانـی کـرد بـە عەبدوڕەحمـان عائیشـە ببـات تـا عومرەکـەی بـکات و دواتـر بگەڕێتـەوە بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ).[2]

عائیشـە دەڵێـت: شـەوێک دوای نوێـژی عیشـا لـە پێغەمبـەر(ﷺ) دواکەوتـم، دواتـر چوومـەوە بـۆ لای، فەرمـووی: لـە کـوێ بوویـت؟ وتـم: گوێمـان لـە قورئانخوێندنـی هاوەڵێکـت دەگـرت لـە مزگـەوت قورئانـی دەخوێـن، دەنگـی وا خـۆش و خوێندنـی وا دروسـتم نەبیسـتبوو، پێغەمبـەر(ﷺ) هەسـتا و منیـش لەگەڵـی هەسـتام، چـوو گوێـی لێگـرت، دواتـر لایکـردەوە بـە لای منـدا و فەرمـووی: (هَذَا سَالِمٌ مَوْلَى أَبِي حُذَيْفَةَ الحَمْدُ لِلهِ الَّذِي جَعَلَ فِي أُمَّتِي مِثْلَ هَذَا) (ئـەوە سـالیمی مـەولای ئەبووحوزەیفەیـە، سـوپاس بـۆ خـوا کـە کەسـی وای لـە ئوممەتەکەمـدا دانـاوە).[3]

أبواب التيمم - بدء التيمم، الرقم ٢٩٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة - باب التيمم، الرقم ١٣٠٠.

[1] صحيح البخاري - كتاب النكاح - باب غيرة النساء ووجدهن، الرقم ٥٢٢٨؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب في فضل عائشة(ﷺ)، الرقم ٢٤٣٩؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب عشرة النساء - غضب المرأة على زوجها، الرقم ٩١١١.

[2] صحيح البخاري - كتاب الحج - باب قول الله تعال الحج أشهر معلومات، الرقم ١٥٦٠.

[3] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب سالم مولى أبي حذيفة(ﷺ) - ذكر شهادة سالم ومولاه أبي حذيفة، الرقم ٥٠٢٣، صححه ووافقه الذهبي.

غیرەی دایکانی باوەڕداران عائیشە

عائیشـەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: ئـەو غیرەی بەرامبـەر خەدیجە هەمبوو بەرامبـەر هیـچ کەسـی تـر هێنـدە نەمبوو، چونکـە پێغەمبـەر(ﷺ) زۆر باسـی دەکرد.[1]

عائیشـەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە گۆشـتی دەنـارد بۆ هاوڕێکانی خەدیجەو و هێندەش زۆر باسـی خەدیجـەی دەکرد وام لێدەهات دەمـوت ئەڵێیـت هـەر خەدیجـە ژن بـووە، پێغەمبەریـش(ﷺ) دەیفەرمـوو (إِنَّهَا كَانَتْ، وَكَانَتْ، وَكَانَ لِي مِنْهَا وَلَدٌ) (ئـەو ئـاواو و ئـاوا بـوو و مـن لـەو منداڵـم هەبوو).[2]

عائیشـەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: جارێک هالـەی خوشـکی خەدیجە هاتـە بـەردەرگا، کـە پێغەمبـەر(ﷺ) زانـی هالەیـە خێـرا راپـەڕی و فەرمووی:(اللهـم هالـه) (ئـای خوایـە هالـە هاتـووە)، منیـش غیـرە دایگرتـم و وتـم: چیـە ئەوەنـە باسـی ئـەو پیرەژنـە قوڕەیشـیە دەکەیـت،[3] پێغەمبـەر(ﷺ) کـە ئـەوەی لـێ بیسـتم دەموچـاوی تـووڕە هەڵگـەڕا.[4]

عائیشــەی دایکـی بـاوەڕداران دەڵێـت: کاتێـک نـاوی خەدیجـە دەبـرا ئیتـر پێغەمبـەر(ﷺ) زۆر وەسـفی دەکـرد و زۆر یـادی دەکـردەوە، منیـش رۆژێـک غیـرەم هەبـوو وتـم: چیـە ئەوەنـە باسـی ئـەو لاجانـگ سـوورە ئەکەیـت خـوا لـە بـری ئـەو چاکتـری پـێ بەخشـیویت، پێغەمبـەری خوایـش(ﷺ) فەرمووی:(ما أبدلني الله عز وجل خيرا منها، قد آمنت بي إذ كفر بي الناس، وصدقتني إذ كذبني الناس، وواستني بمالها إذ حرمني الناس، ورزقني الله عز وجل ولدها إذ حرمني أولاد النساء)،[5] (خـوای گـەورە لـەو

---

[1] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب تزويج النبي(ﷺ) خديجة، الرقم ٣٨١٧.

[2] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب تزويج النبي(ﷺ) خديجة، الرقم ٣٨١٨.

[3] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب تزويج النبي(ﷺ) خديجة، الرقم ٣٨٢١.

[4] مسند أحمد بن حنبل - مسند عائشة(ﷺ)، الرقم ٢٥٨١٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر إكثار المصطفى(ﷺ) ذكر خديجة بعد وفاتها، الرقم ٧٠٠٨.

[5] مسند أحمد بن حنبل - مسند عائشة(ﷺ)، الرقم ٢٥٥٠٤، قال ابن كثير في البداية والنهاية (ج٣، ص ١٢٨) إسناده لا بأس به، صححه شعيب الأرناؤوط.

چاکتری پێ نەبەخشیوم، خەدیجە کاتێک باوەڕی پێ هێنام کە خەڵکی بڕوایان پێ نەدەهێنام، کاتێک خەڵکی بە درۆیان دەخستمەوە بەڕاستی زانیم، کاتێک خەڵک بێبەشیان دەکردم ئەو بە سامانەکەی دڵنەوایی و پاڵپشتی دەکردم، خوای گەورە لەو منداڵی پێ بەخشیم کەچی لە ژنەکانی ترم بێبەشی کردم لە منداڵ).

عائیشە و حەفصەی دایکانی باوەڕداران غیرەیەکیان هەبوو بەرامبەر بە هەڵوێستێک کە پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ زەینەبی کچی جەحش هەیبوو، حەفصە دوای عائیشەو زەینەبیش دوای حەفصە بوون بە هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوو بۆ لای زەینەب لای ئەو هەنگوینی دەخوارد، عائیشەو حەفصەش بڕیاریاندا پێکەوە کارێک بکەن پێغەمبەر(ﷺ) راگرن لەو خواردنی هەنگوینە، بۆیە بڕیاریان دا پێغەمبەر(ﷺ) بچێت بۆ لای هەرکامیان بڵێن ئەوە مەغافیرت خواردووە (خواردنێکی بۆن ناخۆشە)، ئەو بۆنەت لێ دێت، پێغەمبەریش(ﷺ) کە ئەوەی پێ وترا فەرمووی: (لَا، وَلَكِنِّي كُنْتُ أَشْرَبُ عَسَلًا عِنْدَ زَيْنَبَ ابْنَةِ جَحْشٍ، فَلَنْ أَعُودَ لَهُ، وَقَدْ حَلَفْتُ، لَا تُخْبِرِي بِذَلِكَ أَحَدًا) (نا، بەلام من لای زەینەبی کچی جەحش هەنگوینم خواردووە، ئیتر هەرگیز نایخۆم و سوێندیشم خواردووە، هەواڵی ئەمەش مەڵێ بە کەس)،[1] ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ، قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ، وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ)،[2] (ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆچی شتێک لە خۆت حەرام دەکەیت

---

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة المتحرم - باب يا أيها النبي لم تحرم ما أحل الله لك تبتغي مرضاة أزواجك والله غفور رحيم، الرقم ٤٩١٢.

[2] صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب وجوب الكفارة على من حرم امرأته ولم ينو الطلاق، الرقم ١٤٧٤.

کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوویت تۆ ڕەزامەندی ژنەکانت دەوێ لە کاتێکدا خوا لێخۆشبووی میهرەبانە، بێگومان خوا دایناوە بۆتان هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتان خوا کارساز و دۆستی ئێوەیە وە ئەو زانای کاردروستە، کاتێک کە پێغەمبەر(ﷺ) بەنهێنی لای هەندێ لە ژنەکانی قسەیەکی درکاند ئینجا کە ئەو (ژنە) قسەکەی کرد (بۆ هەوێکەی) خواش پێغەمبەری(ﷺ) ئاگادار کرد (پێغەمبەر(ﷺ)) هەندێک (لە قسەکان) ی باسکرد و بێ دەنگ بوو لە هەندێکی تری ئینجا کە پێی وت: (ژنەکەی) وتی: کێ ئەمەی پێ گەیاندی فەرمووی خوای زانای ئاگادار پێی گەیاندم، ئەی (حەفصە و عائیشە) ئەگەر هەردووکتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا (جێ ی خۆیەتی) چونکە بەڕاستی دڵتان لایدا (لە حەق و ڕاستی) وە ئەگەر پشتی یەکتر بگرن لە دژی پێغەمبەر(ﷺ) (سەرکەوتوو نابن) چونکە بێگومان خوا پشگیری ئەوەو هەروەها جوبرەئیل و ئیمانداره چاکەکانیش دوای ئەوان فریشتەکانیش پشتیوانی ئەون).

لە گێڕانەوەیەکی تردا هەمان بەسەرهات هاتووە، بەڵام وا هاتووە کە خاوەنی هەنگوینەکە حەفصە بووەو پلان دانانەکەش عائیشەو سەودە بون،[1] بەڵام ئیبن حەجەر لە شەرحی بوخاریدا دەڵێت: دەگونجێت ئەو ڕووداوە جارێکی تر بووبێت و پەیوەست نەبووە بەم ڕووداوەو بە دابەزینی ئەم ئایەتانەوە، چونکە ڕووداوی هەنگوینەکەی زەینەب و پێ ناخۆش بوونی عائیشەو حەفصە چەسپاوە، لەو بارەشەوە مشتومڕێکی ورد دێنێت، ئەو پێی وایە کە لەوانەیە ڕووداوەکەی هەنگوین خواردن لای حەفصە پێش ئەم ڕووداوە بووبێت و پەیوەست نەبووبێت بەو ئایەتانەوە،[2] بەڵام ئەمە وردەکاری دەوێت، چونکە ناکرێت پێغەمبەر(ﷺ) دوو جار بە هەمان ڕووداو تێکەوتبێت،

[1] صحيح البخاري - كتاب الحيل - باب ما يكره من احتيال المرأة مع الزوج والضرائر، الرقم ٦٩٧٢؛ صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب وجوب الكفارة على من حرم امرأته ولم ينو الطلاق، الرقم ١٤٧٤.

[2] فتح الباري، ج٩، ص ٣٧٦ - ٣٧٧.

وەک خۆی لە فەرموودەیەکدا دەفەرمویت (لا يلدغ المؤمن من جحر واحد مرتين)،[1] (باوەڕدار دوو جار لە کونێکدا ناگەزرێت)، ناگونجێت پێغەمبەر(ﷺ) یەکەم جار بەو جۆرەی بەرامبەر کرابێت و بۆ جاری دووەمیش هەمان شتی بەرامبەر کرابێت و هەستی پێ نەکردبێت، دوور بێت لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) ئەمە بە لاوازدانانی هەست و پێزانینی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، بۆیە دەکرێت ئەگەرێکی تر هەبێت، ئەویش ئەوەیە دەبێت پێغەمبەر(ﷺ) ئاگادار نەبووبێت بە رووداوی یەکەم و ئەو شتەی بۆ ئاشکرا نەبووبێت تا لە رووداوی دووەمدا ئینجا خوای گەورە ئاشکرای کردبێت، چونکە وەک هاتووە کاتێک هەریەک لە عائیشەو سەودە وا دەڵێن بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و ئەویش دەچێتەوە بۆ لای حەفصە، حەفصە دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەو هەنگوینەت بۆ تێبکەم؟ ئەویش دەفەرموێت نا پێویستم نیە، ئینجا سەودە بە عائیشەی وت: سوبحانەڵا، بەخوا ئەو هەنگوینەمان لێ حەرام کرد، عائیشەش بە سەودەی وت: بێدەنگ بە،[2] بۆیە نابینین هیچ سوێند خواردنێکی تێدا بووبێت بۆ نەخواردنی و باسی دابەزینی ئایەتەکەشی تێدا نیە.

بەهەرحاڵ ئەم رووداوە بەڵگەیە لەسەر بوونی غیرە لای ئافرەتان، وەک دەبینین ئوممو سەلەمەی دایکی باوەڕداران خۆی دان بەوەدا دەنێت و کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) داوای دەکات ئەو دەڵێت: ئاخۆ من ئافرەتێکم غیرەیەکی زۆرم تێدا هەیە،[3] هەروەها کاتێک پرسیار دەکرێت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆچی ئافرەتێکی پشتیوانان بەهاوسەر ناگریت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت (إن فيهم غيرة شديدة)،[4] (ئەوان غیرەیەکی زۆر زۆریان تێدایە).

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الأدب - باب لا يلدغ المؤمن من جحر مرتين، الرقم ٦١٣٣؛ صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق - باب لا يلدغ المؤمن من جحر مرتين، الرقم ٢٩٩٨.

[2] صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب وجوب الكفارة على من حرم امرأته ولم ينو الطلاق، الرقم ١٤٧٤.

[3] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند المدنيين(ﷺ) أجمعين - حديث أبي سلمة بن عبد الأسد(ﷺ)، الرقم ١٦٦٠٣.

[4] سنن النسائي - كتاب النكاح - باب المرأة الغيراء، الرقم ٣٢٣٣.

هەروەک ئەمە بەڵگەیەکی جوان و روونە بۆ موسڵمان تا ئەگەر هەڵەیەکی لە هەر کەسێک بەدی کرد نەیکاتە بیانوو بۆ سفرکردنەوە یان شکاندنی ئەو کەسە، چونکە مرۆڤ هەرکات جێی هەڵەکردنەو دەکەوێتە هەڵەوە، دەبینین ئەوە هاوسەرانی پێغەمبەری خوان(ﷺ) و دایکانی باوەڕدارانن، کەچی دەکەونە هەڵەوەو تەوبەش دەکەن و خوای گەورەش نایانشکێنێتەوە، بەڵکو پێشنیازی تەوبەیان بۆ دەخاتەڕوو، پێغەمبەریش(ﷺ) هەڵوێستی قورسی نەگرتەبەر بەرامبەریان و کارەکەی جێهێشت بۆ فەرمانی خوا، کەچی دەبینین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا موسڵمانانێک هەن چاو دادەخەن لە ئاست هەوڵ و ماندوێتی بانگەواز و جیهاد و رەنجی دەیان یان سەدان بانگخوازی رێی خوادا و بە بینینی هەڵەیەک لە هەر کەسێک لەوانە دەکەونە زەقکردنەوەی هەڵەکەی و شکاندنی و ئیدی بە کەم تەماشاکردنی، جا خۆ ئەگەر وا بوایە دەبوو ئەم ژنانەی پێغەمبەر(ﷺ) لەو ئاستە بەرزەیان داماڵرابان و دەرکرابان، بەلام ئایا خوا و پێغەمبەر(ﷺ) بڕیار و خوێندنەوەیان بۆ باری مرۆیی وایە؟ نەخێر، خوا داینراوە مرۆڤ هەڵە دەکات و تەوبەی لەسەر واجب دەبێت، وەک پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (كل بني آدم خطاء وخير الخطائين التوابون)، (هەموو ئادەمیزاد هەڵەکارن و چاکترینی هەڵەکاران تەوبەکارانن)، تەنانەت خوای گەورە داینراوە هەر دەبێت مرۆڤ هەڵە بکات و تەوبەی لێ بکات، وەک لە فەرموودەی پێغەمبەردا(ﷺ) هاتووە (والذي نفسي بيده لو لم تذنبوا لذهب الله بكم، ولجاء بقوم يذنبون فيستغفرون الله فيغفر لهم)،[1] (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێوە تاوان نەکەن، بە دڵنیاییەوە خوای گەورە ئێوە لادەبات و خەڵکانێک دێنێت کە تاوان دەکەن و ئینجا داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن و خوای گەورەش لێیان خۆش دەبێت).

[1] صحيح مسلم - كتاب التوبة - باب سقوط الذنوب بالاستغفار توبة، الرقم ٢٧٤٩.

پلەوپایەی لای پێغەمبەر(ﷺ)

عەمری کوڕی عاص دەڵێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) کێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی: عائیشە، وتیان: ئەی لە پیاوان؟ فەرمووی: ئەبووبەکر، وتیان: دواتر، فەرمووی: عومەر، وتیان: دواتر، فەرمووی: ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح.[1]

عائیشە دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) باسی گەورەیی فاطیمەی کرد، منیش قسەم کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئایا بەوە رازی نیت هاوسەری دنیا و ئاخیرەتیشم بیت؟) وتم: بەڵێ وەڵا، فەرمووی:(دەی تۆ هاوسەری دنیا و ئاخیرەتی منیت).[2]

هاوەڵان دەیانزانی پێغەمبەر(ﷺ) چەندە عائیشەی خۆشدەوێت، بۆیە هەرکات بیانویستبا دیاریەکی بۆ ببەن، دەوەستان تا بچێت بۆ ماڵی عائیشە ئینجا دیاریەکەیان بۆ دەبرد، جا دەستەیەک لە ژنانی پێغەمبەر(ﷺ) کە هاوڕای ئومموسەلەمە بوون، بە ئومموسەلەمەیان وت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) قسە بکە تا بە خەڵکەکە بڵێت هەرکەس دەیەوێت دیاری ببات بۆ پێغەمبەر(ﷺ) بۆی ببات با لە ماڵی هەر ژنێکی بێت، ئومموسەلەمەش چوو ئەوەی وت: بە پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، جارێکی تر ژنەکانی تری ئومموسەلەمەیان بۆ هەمان مەبەست ناردەوەو پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، لە جاری سێیەمدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لا تؤذيني في عائشة فإن الوحي لم يأتني وأنا في ثوب امرأة إلا عائشة)،[3] (سەبارەت بە عائیشە ئازارم

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر البيان بأن أبا عبيدة بن الجراح كان من أحب الرجال إلى رسول الله(ﷺ) بعد أبي بكر وعمر، الرقم ٦٩٩٨، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] صحيح ابن حبان، الرقم ٧٢٠٤، المستدرك على الصحيحين، الرقم ٦٧٧١، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الارناؤوط.

[3] صحيح البخاري - كتاب الهبة وفضلها - باب من أهدى إلى صاحبه وتحرى بعض نسائه دون بعض، الرقم ٢٨٥١؛ سنن النسائي - كتاب عشرة النساء - باب حب الرجل بعض نسائه أكثر من بعض، الرقم ٣٩٦٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان

مەدە، چونکە هیچ کات لەژێر یەک جل لەگەڵ ئافرەتێک بوویم سروشم بۆ نەهاتووە مەگەر لەگەڵ عائیشە).

جارێک هەندێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کۆبوونەوە تا ناڕەزایی دەرببڕن بەرامبەر بەو خۆشەویستیە زۆرەی کە پێغەمبەر(ﷺ) هەیبوو بۆ عائیشە، فاطیمەی کچی پێغەمبەریان(ﷺ) نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و تیان پێی بڵێ بۆ خاتری خوا لە خۆشەویستی بۆ عائیشە دادپەروەر بێت، ئەویش چوو و ئەوەی بە پێغەمبەر(ﷺ) وت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (کچە ئازیزەکەم ئایا ئەو ئافرەتەت خۆش ناوێت کە من خۆشم دەوێت؟) فاطیمە وتی: با، گەڕایەوەو هەواڵەکەی دایەوە بە هاوسەرەکانی تری، ئینجا بڕیاریان دا زەینەبی کچی جەحش بنێرن، زەینەب چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتووڕە بوو و وتی: ژنەکانت دەڵێن بۆ خاتری خوا بەرامبەر بە خۆشەویستیت بۆ عائیشە دادپەروەر بە، هێندە دەنگی بەرز کردەوە تا کار گەیشتە ئەوەی قسەیەکی وت: بە عائیشە، عائیشەش لەولاوە دانیشتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد وەک پێی بفەرموێت قسەت نیە؟ عائیشەش کەوتە وەڵامدانەوەی زەینەب تا بێدەنگی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد و فەرمووی: ئەوە کچی ئەبووبەکرە.[1]

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(فضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام)،[2] (فەزڵ و گەورەیی عائیشە بەسەر ژنانەوە وەک فەزڵی تریتی پڕ بە گۆشت وایە بەسەر هەموو خواردنەکاندا). هەریەک لە ئەبوومووسا و ئەنەس و عائیشە و قورەی کوڕی ئیاس ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە.

الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر البيان بأن الوحي لم يكن ينزل على المصطفى(ﷺ) وهو في بيت واحدة من نسائه خلا عائشة، الرقم ٧١٠٩.

[1] صحيح البخاري - كتاب الهبة وفضلها - باب من أهدى إلى صاحبه وتحرى بعض نسائه دون بعض، الرقم ٢٨٥١.

[2] صحيح البخاري - كتاب أحاديث الأنبياء - باب قوله تعالى إذ قالت الملائكة يا مريم إن الله يبشرك بكلمة منه، الرقم ٣٤٣٣؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضائل خديجة أم المؤمنين(ﷺ)، الرقم ٢٤٣١؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - فضل عائشة بنت أبي بكر الصديق، الرقم ٨٣٢٢.

فیتنه له ماڵی عائیشهوه

ئیبن عومەر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری دەداو ئاماژەی کرد بە ماڵی عائیشەو فەرمووی:(هنا الفتنة-ثلاثا- من حيث يطلع قرن الشيطان)،[1] (فیتنە لێرەوەیە، فیتنە لێرەوەیە، فیتنە لێرەوەیە، لێرەوە شاخی-یان هەوادارانی- شەیتان دەردەکەون).

جا نەیارانی عائیشە ئەوە دەکەن بە تانە کە عائیشە سەری فیتنەیە، بەڵام بە خوێندنەوەی فەرموودەکە کە لە دەقی تردا روونکراوەتەوە دەردەکەوێت مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) ماڵی عائیشە نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەو بەرەیە بووە کە بەری رۆژهەڵات دەکات.

ئیبن عومەر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) رووی کردبوویە رۆژهەڵات و فەرمووی: (هَا إِنَّ الْفِتْنَةَ هَاهُنَا، هَا إِنَّ الْفِتْنَةَ هَاهُنَا، هَا إِنَّ الْفِتْنَةَ هَاهُنَا، مِنْ حَيْثُ يَطْلُعُ قَرْنُ الشَّيْطَانِ) (بزانن فیتنە لێرەوەیە، بزانن فیتنە لێرەوەیە، بزانن فیتنە لێرەوەیە، لێرەوە کە شاخی شەیتان دەردەکەوێت).[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئیبن عومەر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی عائیشەوە هاتە دەرەوەو فەرمووی:(فیتنە ئا ئەلێرەوەیە کە شاخی شەیتان دەردەکەوێت) مەبەستی رۆژهەڵات بوو.[3]

جا رۆژهەڵاتەکەی رووەو بەحرەین بوو کە یەکەم فیتنە لەوێ بە دەرکەوتنی موسەیلەمەی درۆزن دەرکەوت.[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب فرض الخمس - باب ما جاء في بيوت أزواج النبي، الرقم ٣١٠٤.

[2] صحيح مسلم - كتاب الفتن وأشراط الساعة - باب الفتنة من المشرق من حيث يطلع قرنا الشيطان، الرقم ٢٩٠٥.

[3] صحيح مسلم - كتاب الفتن وأشراط الساعة - باب الفتنة من المشرق من حيث يطلع قرنا الشيطان، الرقم ٢٩٠٥.

[4] صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - باب إخباره(ﷺ) عما يكون في أمته من الفتن والحوادث - ذكر الإخبار بأن أول حادثة في هذه الأمة تكون من البحرين، الرقم ٦٦٤٨.

لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا(ﷺ)

عائیشـە دەڵێـت: کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) نەخـۆش کـەوت و ئـازاری زیـادی کـرد، مۆڵەتـی لـە هاوسـەرەکانی تـری خواسـت تـا لـە ماڵـی مـن بمێنێتـەوە، ئەوانیش رازی بـوون، ئەوەبوو دوو کـەس ئەمـلاولا، پێغەمبـەری خوایان(ﷺ) گـرت و ئەویـش قاچەکانـی بـە زەویـدا دەخشـان، -ئەوانیـش بریتـی بـوون لـە عەببـاس و عەلـی کـوڕی ئەبووطالیـب-.[1]

کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) نەخـۆش کـەوت دەیفەرمـوو (أين أنا غدا؟)، (سـبەی لـە ماڵـی کام هاوسـەرمم؟) چونکە حـەزی دەکرد لـە ماڵـی عائیشە بێت، ئەوەبوو هاوسـەرەکانی تـری مۆڵەتیـان دا تـا کام ماڵـی پـێ خۆشـە لـەوێ بمێنێتـەوە، ئەوەبوو پێغەمبـەر(ﷺ) لـە ماڵـی عائیشـە مایـەوە تـا وەفاتـی کـرد.[2]

سـالیم باسـی سـاتەکانی نەخۆشـی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەکات و دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) نەخـۆش کـەوت و لەهـۆش خـۆی چـوو، دواتـر هاتـەوە هـۆش خـۆی، فەرمـووی: ئایـا کاتـی نوێـژ هاتـووە؟ منیش وتـم: بەڵـێ، فەرمـووی: بـە بیـلال بڵێـن بـا بانـگ بـدات، بـە ئەبووبەکریش بڵێـن بـا بەرنوێـژی بـۆ خەڵـک بکات، هەمدی لـە هـۆش خـۆی چـوو، دواتـر هاتـەوە هـۆش خـۆی، فەرمـووی: ئایا کاتـی نوێـژ هاتـووە؟ منیش وتـم: بەڵـێ، فەرمـووی: بـە بیـلال بڵێـن بـا بانـگ بـدات، بـە ئەبووبەکریـش بڵێـن بـا بەرنوێـژی بـۆ خەڵـک بکات، هەمدی لەهـۆش خـۆی چـوو، دواتـر هاتـەوە هـۆش خـۆی، عائیشـە وتـی: باوکـم کەسـێکی دڵناسـکەو زوو گریـان دایدەگرێـت، بەڵکو کەسـێکی تـر بنێریـت بـۆ بەرنوێـژی، پێغەمبـەر(ﷺ) هەمـدی فەرمـووی: ئایـا کاتـی نوێـژ هاتـووە؟ وتمـان: بەڵـێ، فەرمـووی: بـە بیـلال بڵێـن بـا بانـگ بـدات، بـە ئەبووبەکریش بڵێـن بـا بەرنوێـژی بـۆ خەڵـک بـکات، هەمـدی عائیشـە وتـی: باوکـم کەسـێکی دڵناسـکەو زوو

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الوضوء - باب الغسل والوضوء في المخضب والقدح والخشب والحجارة، الرقم ١٩٨.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب مرض النبي(ﷺ) ووفاته، الرقم ٤٤٥٠.

گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مُرُوا بِلَالًا فَلْيُؤَذِّنْ، وَمُرُوا أَبَا بَكْرٍ فَلْيُصَلِّ بِالنَّاسِ، فَإِنَّكُنَّ صَوَاحِبُ يُوسُفَ أَوْ صَوَاحِبَاتُ يُوسُفَ) (بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵک، ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی: ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن و پێغەمبەر(ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش بوو و لە ماڵی عائیشە بوو، عەبدوڕەحمان چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و سیواکی پێ بوو دەیهێنا بە دانیدا، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشایەکی سیواکەکەی کرد، عائیشە سیواکەکەی لە عەبدوڕەحمان وەرگرت و پاکی راگرت و دواتر دای بە پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) سیواکەکەی بەکارهێنا.[2]

عائیشە دەڵێت: فاطیمە هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوو بەڕێدا دەتوت هەمان ڕێکردنی پێغەمبەرە(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: مەرحەبا لە کچەکەم، ئینجا لای خۆیەوە دایینیشاند، دواتر چپەیەکی بۆ کرد و فاطیمە گریا، وتم: بۆچی دەگریت؟ دواتر پێغەمبەر(ﷺ) چپەیەکی تری بۆ کرد و فاطیمە دەستی کرد بە پێکەنین، منیش وتم: تا ئێستا نەمدیوە خەم و خۆشی ئاوا لەیەک نزیک بن، وتم: چۆن بوو واگریایت و دواتر پێکەنیت؟ فاطیمەش

---

[1] سنن ابن ماجه - أبواب إقامة الصلاة والسنة فيها - باب ما جاء في صلاة رسول الله(ﷺ) في مرضه، الرقم ١٢٣٤، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابن ماجة.

[2] صحيح البخاري - كتاب الجمعة - باب من تسوك بسواك غيره، الرقم ٨٩٠

وتی: نهێنی پێغەمبەر(ﷺ) ئاشکرا ناکەم، دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، چووم هەمان پرسیارم لێکردەوە، ئەویش وتی: چپاندی بە گوێمدا (إِنَّ جِبْرِيلَ كَانَ يُعَارِضُنِي الْقُرْآنَ كُلَّ سَنَةٍ مَرَّةً وَإِنَّهُ عَارَضَنِي الْعَامَ مَرَّتَيْنِ وَلاَ أُرَاهُ إِلاَّ حَضَرَ أَجَلِي وَإِنَّكِ أَوَّلُ أَهْلِ بَيْتِي لَحَاقًا) (جیبریل هەموو ساڵێک یەک جار قورئانی لەگەڵ دەور دەکردمەوە، ئەمساڵ دوو جار لەگەڵم دەوری کردەوە، وادەزانم ئەمە ئاماژەی مەرگمە، تۆیش یەکەم کەسیت بە من دەگەیتەوە)، منیش دەستم کرد بە گریان، دواتر فەرمووی (أَمَا تَرْضَيْنَ أَنْ تَكُونِي سَيِّدَةَ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ أَوْ نِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ) (ئایا رازی نابیت تۆ گەورەی ژنانی بەهەشت -یان گەورەی ژنانی باوەڕداران- بیت؟) منیش بەوە پێکەنیم.[1]

عائیشە دەڵێت: پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی کە لە سەرەمەرگیدا بوو، جامێک ئاوی لەلا بوو، دەستی دەکرد بە ناو ئاوەکەدا و دەموچاوی پێ دەسڕی و دەیفەرموو (اللهم أعني على سكرات الموت)،[2] (خوایە هاوکارم بە لەسەر ئازار و نارەحەتیەکانی مەرگ).

لە خیلافەتی باوکیدا

دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکری صدیق بوو بە خەلیفە و عائیشەش لەو ماوەدا لە مەدینە مایەوەو ڕێنمایی و زانستی پێشکەش بە موسڵمانان دەکرد.

عائیشە چوو بۆ لای فاطیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەری کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە سەرمەرگدا بوو، بینیم خۆت دا بەسەر پێغەمبەردا(ﷺ) و دواتر گریایت، ئینجا هەمدی خۆت دا بەسەریدا و پێکەنیت، ئەویش وتی: لە یەکەمیاندا پێی وتم: دەمرێت، منیش گریام، لە دووەمیاندا پێی وتم:

[1] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢٣.

[2] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الدعاء - ما ذكر فيما دعا به النبي(ﷺ) عند وفاته، الرقم ٢٩٩٤٥؛ مسند أحمد بن حنبل - مسند عائشة(﵂)، الرقم ٢٤٩٣٨؛ سنن ابن ماجه - أبواب الجنائز - باب ما جاء في ذكر مرض رسول الله(ﷺ)، الرقم ١٦٨٨؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب التفسير - تفسير سورة ق - دعاؤه(ﷺ) عند سكرات الموت، الرقم ٣٧٥٢، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

من لەناو کەسوکاریدا لە هەموان زووتر پێی دەگەمەوە و هەروەها من گەورەی ژنانی بەهەشتم جگە لە مەریەمی کچی عیمران، منیش پێکەنیم.[1]

حەسەن دەڵێت: کاتێک ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو، بە عائیشەی وت: ئەی عائیشە سەیری ئەو وشترە بکە کە لە شیرەکەیمان دەخواردەوەو ئەو تەشتەی بەکارمان دەهێنا و ئەو بەرگەی دەمانپۆشی، ئێمە کاتێک کاروباری موسڵمانانمان بەدەست بوو ئەو شتانەمان بەکاردەهێنا، جا ئەگەر مردم ئەوانە ببە بۆ عومەر، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر مرد ئەو شتانەی نارد بۆ عومەر، ئەویش وتی: خوا لێت رازی بێت ئەی ئەبووبەکر، ئەرکی ئەوەی دوای خۆتت سەخت کرد.[2]

لە خیلافەتی عومەردا

دوای وەفاتی ئەبووبەکر، عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفەو عائیشە لەو سەردەمەشدا هەمان شێوەی پێشووتر سەرقاڵی بەخشینەوەی زانست بوو.

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب مووچەی بۆ خەڵکی بڕیەوە، بۆ هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دە هەزاری بڕیەوە، بەڵام بۆ عائیشە دوانزە هەزاری بڕیەوە، چونکە دەیزانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی زیاتر خۆشدەویست.[3]

هەروەها کە عومەر بە دەستی ئەبوولوئلوئەی مەجووسی بریندار کرا، شەش کەسی دانا تا لەنێو خۆیاندا کەسێک بۆ خیلافەت هەڵبژێرن، ئینجا وتی: بڕۆن مۆڵەت لە عائیشە وەربگرن و لەماڵەکەی ئەودا راوێژەکەتان بکەن، ئەوانیش وایانکرد.[4]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بە عەبدوڵای کوڕی وت: بڕۆ بزانە کێ منی کوشت؟ ئەویش وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەبوولوئلوئەی کۆیلەی موغیرەی کوڕی شوعبە تۆی کوشت، عومەریش وتی: سوپاس بۆ

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر البيان بأن فاطمة تكون في الجنة سيدة النساء فيها خلا مريم، الرقم ٦٩٥٢، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[2] المعجم الكبير للطبراني - مسند أبي بكر - سن أبي بكر وخطبته ووفاته(ﷺ)، الرقم ٣٨.

[3] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٣٥١.

[4] الكامل في التاريخ، ج٢، ص ٤٦٠.

خوا کە مەرگی منی بە دەستی کەسێک نەهێنا کە تاکە سوجدەیەکیشی بردبێت بۆ خوا، ئەی عەبدوڵا برۆ بۆ لای عائیشەو پرسیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لەلای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟[1]

عەمری کوڕی مەیموون دەڵێت: ئامادە بووم کاتێک عومەر بە عەبدوڵای کوڕی وت: برۆ بۆ لای دایکی باوەڕداران عائیشەو بڵێ عومەر سەلامت لێ دەکات، دواتر پرسیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟ عائیشەش وتی: من ئەوەم بۆ خۆم دانابوو، بەڵام ئەمڕۆ لە خۆم دەگوزەرم بۆ عومەر، کە عەبدوڵا هاتەوە عومەر وتی: چیت کرد؟ ئەویش وتی: مۆڵەتی دا، عومەر وتی: هیچ شتێ هێندەی ئەو شوێنە لام گرنگ نیە، جا کە مردم بمبەن بۆ ئەوێ و دواتر سەلام بکەن، دواتر هەمدی بڵێ عومەری کوڕی خەططاب داوای مۆڵەت دەکات، ئەگەر عائیشە هەمدی مۆڵەتی دا ئەوکات ئەسپەردەم بکەن، ئەگەریش دەرفەتی نەدا بمگێڕنەوەو بمبەن بۆ گۆڕستانی موسڵمانان.[2]

لە خیلافەتی عوثماندا

لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا عائیشە هەر لە مەدینە بوو و زانستی دەبەخشیەوە، بەڵام لە کاتی فیتنەی شەهیدکردنی عوثماندا، ئاشووبگێڕان سوودیان وەرگرت لەناوبانگی عائیشە تا دژ بە خەلیفە عوثمان بەکاری بهێنن.

کاتێک عوثمان گەمارۆ درابوو، عائیشە لە مەککە بوو، ئەوەبوو بەرەو مەدینە کەوتەوە ڕێ، بەڵام لە ڕێدا هەواڵی کوژرانی عوثمانی بیست، بۆیە گەڕایەوە بۆ مەککە و وتی: بەخوا عوثمان بە بێتاوانی کوژرا و دەبێت داوای خوێنی بکەم.[3]

---

[1] الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج٢، ص ٤٤٧.

[2] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب ما جاء في قبر النبي(ﷺ) وأبي بكر وعمر، الرقم ١٣٩٢.

[3] الكامل في التاريخ، ج٣، ص ١٠٠.

مەسرووق دەڵێت: بە عائیشـەم وت: سـەیری ئـەو کارەت، نامـەت بۆ خەڵک نووسـیوەو داوات لێکردن تـا دژ بە عوثمـان راپـەڕن، عائیشـەش وتـی: سوێند بـەوەی بـاوەڕداران باوەڕیـان پێ هێنـاوەو بێبـاوەڕان باوەڕیـان پێ نەهێنـاوە مـن رەشـیەکم لەسـەر پـەڕەی سـپی بـۆ نەنووسـیون-واتە مـن هیچـم بـۆ نەنووسـیون، ئەعمـەش دەڵێت: ئـەو خەڵکە وایـان دەزانـی ئـەو نامەیـە لەسـەر زاری عائیشـەوە نووسـراوە.[1]

لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

کاتێک عوثمـان شـەهید کـرا دوای ئـەوە بەیعەتـی خیلافـەت درا بـە عەلـی کوڕی ئەبـوو طالیب، بەڵام کێشـەکە لـەوەدا بوو بەیعەتەکە هەموو موسـڵمانانی لەخۆنەگرت، بەڵکو بەهـۆی راجیایی سـەبارەت بـە خوێنی عوثمـان فیتنەیـەک لەنێـوان هاوەڵانـدا روویـدا، ئەویـش بوویـە هـۆی روودانـی هـەردوو جەنگـی جەمـەل و صفین، دواجاریـش کێشـەکە هـەر بـەو بارەیـەوە مایـەوە تـا لەسـەر دەسـتی حەسـەنی کوڕی عەلـی فیتنەکە کوژایـەوە.

بـەو بەیعەتدانـە موعاویـە لـە شـام و خەڵکـی شـام مانـەوەو بەیعەتیـان نـەدا بە عەلـی، جگـە لـەوەی تەلحـەو زوبەیـرو دایکـی بـاوەڕداران عائیشـەش ئیجتیهادیـان وابـوو دەبێت بکوژانی عوثمـان یەکسـەر بکوژرێنـەوە، بەڵام عەلی کوڕی ئەبووطالیب رای وابـوو پەلـە نەکرێت لـە کوشـتنەوەیان چونکە ئـەوان لەنـاو مەدینـەدان و سـەربازانی دەوڵەتـی ئیسـلامیش لـە دەرەوەن و ئەگـەر هەیـە خێـرا بکرێـت لـە لێدانیـان بتوانـن مەدینـە بگـرن.

بەهەرحـاڵ ئەمە بوویە هـۆی کەوتنـەوەی فیتنەیەکـی گـەورە کە ئەنجامێکی دڵتەزێنـی هەبـوو بـۆ موسـڵمانان و تـا ئەمـڕۆش ئاهـی داخـی ئـەو فیتنەیـە لای موسـڵمانان گەرمـەو هێشـتا خەفەتیـان بـەو فیتنەیـە دانەمرکاوەتـەوەو بـووە بـە چەکێـک بەدەسـت دوژمنانـی ئیسـلام و مێـژووی ئیسـلامی و هاوەڵانـەوە تـا داخـی دڵـی خۆیـان بـڕژن.

---

[1] العواصم من القواصم.

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان کوژرا، دایکانی باوەڕداران (هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ)) چووبوون بۆ حەج بۆ مەککە تا لەدەست ئەو فیتنەی مەدینەی گرتووەتەوە رزگار بن، کاتێک ویستیان بگەڕێنەوە مەککە، هەواڵیان پێگەیشت کە عوثمان کوژراوە، بۆیە لە مەککە مانەوە تا بزانن بارەکە بە چی دەگات، ئەوەبوو بێ پێشنیازی خۆی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بەیعەتی پێدرا، بەتایبەت کە خەواریجەکان زۆریان لە عەلی کرد هەرچەندە عەلی خۆی رقی بوو لێیان، بەڵام هیوای وابوو دەرفەتێکی بۆ بگونجێت تا لەناویان بەرێت، ئەوەبوو کە ئەو فشارە بینرا ژمارەیەک لە خزمانی عوثمان لە بەنوئومەییە دەرچوون بۆ مەککە، هەریەک لە زوبەیر و طەلحەش داوای مۆڵەتیان کرد تا بچن بۆ مەککەو عەلیش مۆڵەتی پێدان و ئەوانیش چوون بۆ مەککە، خەڵکێکی زۆریش شوێنیان کەوت، لە بەصرەو مەدینەو یەمەن و چەند شوێنی ترەوە خەڵکێکی زۆر روویکردە مەککەو لەوێ ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان و دایکانی باوەڕداران و جەماوەرێک کۆبوونەوەو داوای خوێنی عوثمانیان دەکرد، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش جڵەوی مەسەلەکەی گرتبوویەدەست.[1]

لە مەککە سێ رای جیاواز دروست بوو، دەستەیەک وتیان: با بچین بۆ لای موعاویە بۆ شام و لەوێوە بێین تۆڵە بکەینەوە، دەستەی دووەم وتیان: بەڵکو با بچین بۆ مەدینە بۆ لای عەلی و داوای تۆڵەی عوثمان بکەینەوە، دەستەی سێیەم وتیان: بەڵکو دەچین بۆ بەصرەو لەوێ خۆمان بەهێز دەکەین و هەر لەوێوە دەکەوینە لەناوبردنی بکوژانی عوثمان، ئەوەبوو لەسەر ئەم رایە رێککەوتن.[2]

(سەبارەت بە چوونی –هاوەڵانی عائیشەو طەلحەو زوبەیر- بەرەو بەصرە راستەو هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە، بەڵام بۆچی دەرچوون؟ لەمەدا

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٠ – ٢٣١.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣١.

گێڕانەوەیەکی لەسەر نیەو متمانە بە هیچ گێڕانەوەیەکیان ناکرێت چونکە کەسی جێمتمانە نەیگێڕوانەتەوە، قسەی کەسی هەوادار وەرناگیرێت، حەزی تانەدان لە ئیسلام و بەکەمدانانی هاوەڵان چووەتە ناخی کەسی هەوادار و دەمارگیر.

لەوانەیە بۆ ئەوە دەرچووبن تا لەبەر شتێک کە بۆیان دەرکەوتووە ویستبێتیان عەلی -لە خیلافەت- لاببەن، بۆیەش بەیعەتیان دابێت تا شۆڕشگێڕەکان هێور ببنەوە، دواتر کەوتبنە داوای حەق.

لەوانەشە بۆیە چووبنە دەرەوە تا بکوژانی عوثمان لەناوبەرن.

لەوانەشە بە چەند دەستەیەکی موسڵمانانەوە دەرچووبن تا بیانگێڕنەوە بۆ یەک قانوون تا بەریەکنەکەون و دژ بەیەک نەجەنگن، ئەمەش دروستە نەک شتی تر، هەواڵی راستیش بەم جۆرە هاتووە.

سەبارەت بە گێڕانەوەکانی بەشەکانی یەکەم هەموویان پووچ و لاوازن.

سەبارەت بەوەی ئەوان بە زۆر و ناچاری بەیعەتیان دابێت ئەوە بێبنەما و پووچەو پێشتریش روونمان کردوەتەوە.

سەبارەت بەوەی ویستبێتیان عەلی لە خیلافەت لاببەن ئەمەش بێ بنەما و پووچە، چونکە لابردن بە راو روانینی هەموان دەبێت، دەکرێت یەک یان دوو کەس لە دەسەڵاتدا بن، بەڵام لابردن تەنها دوای سەلماندن و روونکردنەوە دەبێت.

سەبارەت بەوەش کە لەوانەیە بۆ کوشتنی بکوژانی عوثمان دەرچووبن، پێش ئەمە کارەکە بنەرەتەکەی بۆ یەکدەنگی بووە، دەشکرێت هەردوو مەسەلەکە پێکەوە بن.

دەگێردرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوونی- طەلحە و زوبەیر و عائیشە لە مەدینەدا- ئاژاوەی نێوان خەڵک نەما، طەلحە و زوبەیر و عائیشەش دایکی باوەڕدارانیش بەو هیوایە چوونەدەرەوە تا خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای دایکیان

و ڕەچاوی حورمەتی پێغەمبەرەکەیان بکەن).[1]

کە گەیشتنە بەصرە بەرپرسی ئەوێ نوێنەری نارد تا بزانێت بۆچی هاتون، چوونە لای عائیشە وتیان: بۆچی هاتویت؟ وتی: بۆ داوای خوێنی عوثمان هاتوین، چوونە لای طەلحە، ئەویش هەمان شتی وت، چوونە لای زوبەیریش ئەویش هەمان شتی وت.[2]

بەڵام سوپاکەی عوثمانی کوڕی حنیف بەوە ڕازی نەبوون و هەوڵیاندەدا لەگەڵ سوپای عائیشە بجەنگن، عائیشەش فەرمانی کرد کەس جەنگ نەکات، ڕۆژێک خۆیان پاراست، بەڵام لە ڕۆژی دووەمدا جەنگ ڕوویدا و ژمارەیەک لە هاوەڵان و کەسانی تر کوژران.[3]

دواتر بڕیاریان دا هەواڵ وەربگرن ئەگەر طەلحەو زوبەیر بە ناچاری بەیعەتیان دابوو ئەوە عوثمان بەصرەیان بۆ چۆڵ بکات، ئەگەریش بە ویستی خۆیان بووبێت ئەوە ئەو دوانە دەبێت بەصرە چۆڵ بکەن، نوێنەریان نارده مەدینەو نوێنەر هەواڵی پرسی، کەس وەڵامی نەدەدایەوە جگە لە ئوسامەی کوڕی زەید کە وتی: بەخوا بە ناچاری بەیعەتیان دا، کەچی خەڵکانێک هەڵمەتیان بۆ برد، چەند هاوەڵێک ڕزگاریان کرد، بارەکە نەگەیشتە ئەنجام.[4]

لە بەصرە جەنگ ڕوویداو ژمارەیەکی تر کوژران و عوثمان بەدیل گیرا و برا بۆ لای عائیشە، ئەویش داوای کرد ئازاد بکرێت، بەڵام شار کەوتە دەست سوپای عائیشە.[5]

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب کە ئەمەی بیست بڕیاریدا بچێت بەرەو بەصرە، خەڵکێکی کەمی مەدینەی لەگەڵ بوو، ژمارەیەک لە هاوەڵانی بەشداربووی

---

[1] العواصم من القواصم لابن العربي.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٢.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.
[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.

غەزای بەدری لەگەڵدا بوو، ژمارەی سوپاکەی عەلی تەنها نۆسەد کەس بوو، حەسەنی کوڕی داوای لێکرد نەچێت، عەبدوڵای کوڕی سەلامیش هەمان داوای لێکرد، بەڵام عەلی رازی نەبوو، ئینجا هەواڵی نارد بۆ کووفە تا بدەنە پاڵی، بەرەبەرە سوپاکەی عەلی روی لە زیاد بوون بوو.[1]

عەلی کە عوثمانی کوڕی حنیفی بینی و هەواڵی کارەکانی طەلحەو زوبەیری بیست، نزای کرد خوایە طەلحەو زوبەیر بەرامبەر بەو هەڵەی کردوویانە بێدار بکەیتەوە.[2]

کاتێک زوبەیر لە بەصرە بوو کەسێک هات بۆ لای و وتی: ئەرێ بچم عەلی بکوژم؟ ئەویش وتی: چۆن دەیکوژیت لەکاتێکدا سەربازی زۆری لەگەڵدایە؟ ئەویش وتی: دەچمە ناو سوپاکەی و خۆمی لێ نزیک دەکەمەوەو دواتر دەرفەتی لێ دێنم، زوبەیر وتی: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (الإيمان قيد الفتك، لا يفتك مؤمن)،[3] (ئیمان نامەردکوژی کۆت کردووە، باوەڕدار نامەردکوژی ناکات).

دواجار قەعقاع کەوتە نێوانەوە، چوویە بەصرەو طەلحەو زوبەیری بانگهێشت کرد بۆ یەکرێزی و دوورگرتن لە دووبەرەکی، سەرەتا لەگەڵ عائیشە قسەی کرد و وتی: دایە گیان بۆچی هاتوویتەتە ئێرە؟ ئەویش وتی: کوڕی شیرینم بۆ رێککردنی باری نێوان خەڵک، ئینجا قەعقاع داوای کرد طەلحەو زوبەیریش بانگ بکات، ئەوانیش هاتن قەعقاع وتی: دایکی باوەڕداران دەڵێت: بۆ صولح هاتوم، ئەوانیش وتیان: ئێمەش بەس بۆ ئەوە هاتوین، ئەویش وتی: دەی پێم بڵێن ئەو صولحەتان لە چ روانگەیەکەوەیە؟ ئەگەر بە رەوامان زانی شوێنتان دەکەوین، ئەگەریش بە رەوامان نەزانی

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٤ – ٢٣٥.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٥.

[3] مصنف ابن أبي شيبة – كتاب الفتن – من كره الخروج في الفتنة وتعوذ منها، الرقم ٣٨٥٩٢؛ مسند أحمد بن حنبل – مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم – مسند الزبير بن العوام الله(ﷺ)، الرقم ١٤٣٣، صححه شعيب الأرناؤوط.

ئیتر هیچ، ئەوانیش وتیان: بکوژانی عوثمانمان دەوێن لەناوببرێن، قەعقاع وتی: خۆ ئێوە بکوژانی ئەوتان لە بەصرە کوشت، شەش سەد کەستان کوشت شەش هەزار کەس چوونە ریزی ئەوانەوەو دژتان وەستان، داوای تەنها کەسێکتان کرد کە حرقووص بوو شەش هەزار کەس بوونە پارێزەری، ئەمەی ئێوە داوای دەکەن بۆ چاکەیە، بەڵام خراپەیەکی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە، عائیشە وتی: ئەی تۆ چ چارەسەرێکت پێیە؟ قەعقاع وتی: من پێم وایە دەرمانی ئەم دەردە ئارامگرتنە تا بارەکە هێور دەبێتەوە، ئەمە بکەن خێر و رەحمەت دێت، ئەگەریش رازی نەبن باری خراپە زیاتر دەبێت بۆ هەردوو لامان، ئەوانیش وتینا دەی بۆچوونەکەت زۆ دروستە، برۆ ئەگەر عەلیش هەمان رای هەبوو رازی دەبین، ئەویش چوویەوە بینی عەلی هەمان رای هەیە، ئیتر هەردوولا رێککەوتن، عائیشەش نوێنەری نارد بۆ لای عەلی تا پێی بڵێت ئەو تەنها بۆ صولح هاتووە، هەردوولا دڵخۆش بوون و عەلیش وتارێکی پێشکەش کرد بۆ خەڵکەکە کە تیایدا باسی خراپەی دووبەرەکی کرد و نیازی رێککەوتنەکەی خستەڕوو.[1]

جەنگی جەمەل

کاتێک لە وتارەکەی عەلیەوە دەستەی ئاژاوەگێران زانییان خەریکە رێکدەکەون، کەوتنە خۆ، لەوانە ئەشتەری نەخەعی و عەبدوڵای کوڕی سەبەء و شریح و سالم و چەندێکی تر کە هیچ هاوەڵێکیان تێدا نەبوو نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد کەسێک دەبوون کەوتنەخۆ و وتیان: ئەم رێککەوتنە دژ بە ئێمەیەو ژمارەشمان کەمە و رێککەوتنی ئەوان تەنها لەسەر خوێنی ئێمەیە، بۆیە دەبێت عەلیش وەک عوثمان لێبکەین، خەڵکەکەش رازی بوون، بەڵام عەبدوڵای کوڕی سەبەء وتی: راکەتان زۆر خراپە، چونکە ئەوکات هەردوولا دەبنە دوژمن و لێتان دەدەن، بەڵکو دەبێت جەنگ لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا هەڵگیرسێنین، کاتێک زوبەیر و طەلحە چوون بۆ لای عەلی

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٧.

تـا ڕێکبکـەون، دەسـتەی سـەبەئیەکان خۆیـان بەشـکرد بەسـەر هـەردوولادا و جەنگیـان هەڵگیرسـاند، هـەردوولا وایانزانـی بەرامبـەر ناپاکـی نوانـدووە، بۆیـە کەوتنـە هێرش، سـوپای عەلـی نزیکـەی بیسـت هـەزار کـەس و سـوپای عائیشـەش نیکـەی سـی هـەزار کـەس دەبـوون، جەنگێکـی قـورس روویـدا، عەلـی هـاواری دەکـرد دەسـت هەڵگـرن، بـەڵام کـەس نەیدەبیسـت، لەولاشـەوە عائیشـە بـە سـواری وشـترێکەوە بـۆ هەمـان نیـاز هـات، عەلـی هێنـدە بێـزار بـوو بـە حەسـەنی کـوڕی دەوت کـوڕم خۆزگـە باوکـت بیسـت سـاڵ لەمەوبـەر دەمـرد، عەلـی چـو تـا زوبەیـر و طەلحـە بدوێنێـت، وتـی: ئـەم سـوپایەتان ئامـادە کـردووە، بیانووشـتان بـۆ قیامەتتـان ئامـادە کـردووە؟ دەی لەخـوا بترسـن، مـن خوێنـی ئێوەم حـەڵاڵ نەکـردووە، ئێـوە هیـچ بەڵگەیەکتـان پێیـە بـۆ ڕەوایـی خوێنـی مـن؟[١]

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر کە خوشکەزای عائیشە بوو، جڵەوی وشترەکەی عائیشـەی پـووری گرتبـوو و ئـاگاداری پـووری بـوو و هیـچ قسـەیەکیشـی نەدەکرد، لـەو کاتـەدا ئەشـتەری نەخەعـی هەڵمەتـی بۆ برد و یەکتریـان برینـدار کـرد، عەبـدوڵا هێنـدە برینـدار بـوو کـە دەوترێـت نزیکـەی سـی و حـەوت برینـی پێـوە بـووە.[٢]

بـەردەوام سـوپای عەلـی هەوڵیـان دەدا وشـترەکەی عائیشـە بخـەن تـا بـەوە سـەرکەوتن ڕابگەیەنـن، ئەوەبـوو کوشـتارێکی زۆر کـرا تـا دواجـار توانییـان وشـترەکە بپێکـن و بیخـەن و عائیشـەش لـە کەژاوەکـەی کەوتـە خـوارەوە، عەلـی فەرمانـی کـرد خێـرا کەژاوەکـەی عائیشـە ببەنـە دەرەوەو فەرمانـی کـرد موحەممـەدی کـوڕی ئەبووبەکـر و عەممـار خیوەتێکیـان بـۆ هەڵـدا، موحەممـەدی بـرای عائیشـە لەنـاو سـوپای عەلیدا بـوو، ئینجـا عەلـی هـات بـۆ لای عائیشـە و وتـی: دایەگیـان چۆنیـت؟ وتـی: باشـم، عەلـی وتـی: خـوا لێـت خـۆش بێـت، ئینجـا

---

[١] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٨ – ٢٤١.
[٢] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٤٤.

یەک یەک سەرکردەو کەسایەتیەکان دەهاتن سەلامیان دەکرد لە عائیشە، دواتر کە شەو داهات عائیشە هاودەم بە موحەممەدی برای چوونەوە بەصرە، ئینجا عەلی پاش سێ رۆژ فەرمانی کرد چی کەلوپەلی گیراوە ببرێتە بەصرەو هەوادارانی عائیشە بێن چییان هەبووە ببەنەوە، خەڵکی گلەییان کرد کە بۆچی خوێنیان رەوا بێت کەچی سامانیان رەوا نەبێت، با ببەین، عەلیش بە تووڕەییەوە وەک تانەیەک بۆیان وتی: کامتان پێی خۆشە دایکی باوەڕداران ببات بۆ خۆی؟ هەمووان بێدەنگ بوون، دواتر عائیشە بڕیاری دا بەصرە جێبهێڵێت، عەلی هەموو پێداویستیەکی بۆ ئامادە کرد و مۆڵەتی دا هەرکەسیش لە سوپاکەی رزگار بووە لەگەڵی بگەڕێتەوە، ئینجا چل ئافرەتی بەصرەی هەڵبژارد تا لەگەڵ عائیشە بچنەوە، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکریشی لەگەڵ ناردەوە، ئەو رۆژەی بڕیار بوو عائیشە بڕوات، عەلی هاتە بەردەگاو عائیشەش بە کەژاوەکەوە هێنرایە دەرەوەو ماڵئاوایی لە خەڵک دەکرد، عائیشە وتی: کوڕە شیرینەکانم، کەستان لەسەر ئەم بارە سەرکۆنەمان نەکات، بەخوا نێوانی من و عەلی تەنها وەک ئافرەت و پارێزەرانی وایە و ئەو لای من لە کەسە هەرە چاکەکانە، عەلیش وتی: بەخوا راست دەکات نێوانمان وایە و ئەو هاوسەری پێغەمبەرەکەتانە لە دنیا و ئاخیرەتدا، ئینجا عەلی چەند کیلۆمەترێک لەگەڵ عائیشە چوو و بەڕێی کرد، عائیشەش چوو بەرەو مەککەو لەوێ حەجی ئەو ساڵەی کرد و دواتر گەڕایەوە بۆ مەدینە.[1]

هەر لەو کاتەی عائیشە لە بەصرە بوو، عەلی کوڕی ئەبووطالیب گلەیی لە عائیشە دەکرد کە بۆچی وایکرد، عائیشەش زۆر پەشیمان بوو، دواتر عەلی کاروانی ئامادە کرد و عائیشەی بەرەو مەدینە ناردەوەو دوانزە هەزاریشی پێدا.[2]

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٤٧-٢٤٠.

[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ١٧٨.

عائیشــه دوای جەنگی جەمـەل زۆرپەشـیمان بـوو کـە چووبـوو بـەرەو بەصـرەو لـە جەمەلـدا بەشـداری کردبـوو، پێشـتریش واینەدەزانـی بارەکـە دەگاتـە ئـەوە، بۆیـە دوای جەنگی جەمـەل هـەرکات ئـەو ئایەتـە بخوێنرایە(وقرن فی بیوتکن)(ئـەی ئافرەتـان لـە ماڵەکانتاندا ئۆقرە بگرن)، عائیشـە هێنده دەگریـا تـا کولمەکانـی تـەڕ دەبـوون.[1]

لە خیلافەتی حەسەنی کوڕی عەلیدا

عائیشـە لـەو ماوەیـەدا لـە مەدینـە مابوویـەوەو کەنـاری گرتبوو و لە مەسـەلە سیاسـیەکاندا هیچ قسـەو کردارێکی نەبوو، پەیوەندیشـی لەگەڵ حەسـەندا زۆر چـاک بـوو، تەنانـەت دوای ئـەوەش کە وازی هێنا لـە خیلافەت، حەسـەنی کوڕی عەلی لـە سـەرەمەرگیدا حوسـەینی برای بانگ کرد و وەسـیەتی بۆ کرد، تیایدا وتـی: داوام لـە عائیشـە کردووە ئەگـەر مـردم مۆڵەتـم بدات لـە ماڵەکـەی ئەودا لـەلای پێغەمبـەر(ﷺ) ئەسـپەردە بکرێـم، ئەویـش رازی بـووە، دەڵێـم لەوانەیـە لـە شـەرمدا وتبێتـی بەڵـێ و رازی بووبێـت، بۆیـە ئەگـەر مـردم بـڕۆ بۆ لای و داوای هەمـان شـتی لـێ بکـەرەوە، ئەگـەر پێـی خـۆش بـوو ئـەوە لـە ماڵەکـەی ئەودا ئەسـپەردەم بکـە، گومانـم زۆرە خەڵکێک نەهێڵـن ئـەوە بکەیـت، جا ئەگـەر رێگرییـان لێکردیـت لەسـەر ئـەوە لێیـان مەپارێـرەوەو لەسـەری مـەڕۆ و لـە بەقیع ئەسـپەردەم بکـە، چونکە لەوێش کەسـانی پێشـەنگی لێیـە).[2]

کاتێـک حەسـەنی کـوڕی عەلـی وەفاتـی کـرد، لەسـەر وەسـیەتی خـۆی حوسـەینی بـرای چـوو بـۆ لای عائیشـەو داوای لێکـردەوە کـە حەسـەنی بـرای لای پێغەمبـەر(ﷺ) ئەسـپەردە بکرێـت، ئەویـش رازی بـوو و وتـی: باشـە، بـەڵام مـەڕوان کـە ئەمـەی بیسـت وتـی: سـوێند بەخـوا نابێـت حەسـەن لـەوێ ئەسـپەردە بکرێـت، نەیانهێشـت عوثمـان لـەوێ ئەسـپەردە بکرێـت و ئێسـتا ئەمـان دەیانەوێـت حەسـەن لـەوێ ئەسـپەردە بکـەن؟ ئەوەبوو رێـی نـەدا و لـە

[1] سیر أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ١٧٧.

[2] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص ٣٩١-٣٩٢.

بەقیع ئەسپەردە کرا.[١]

جارێک موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان سەد هەزار درهەمی نارد بۆ عائیشە، عائیشەش لە پەسا کەوتە بەخشینەوەی تا هیچی نەما، خزمەتکارەکەی وتی: جا با بە درهەمێکی کەمێ گۆشتت بۆ ئێمەش بکڕیایە، عائیشە وتی: جا با قسەت بکردایە.[٢]

کاتێک موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی وەرگرت، حوسەینی کوڕی عەلی و چەندێکی دی نارازی بوون، جا عائیشە وای بیست کە موعاویە هەڕەشەی لەوانە کردووە ئەگەر بەیعەت نەدەن دەیانکوژێت، بۆیە ئامۆژگاری موعاویەی کرد و پێی وت: بیستوومە هەڕەشەی کوشتنت لەوانە کردووە! موعاویە وتی: ئەی دایکی باوەڕداران ئەوانە زۆر لەوە شکۆدارترن کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ بکەم، بەڵام من بەیعەتم بۆ یەزید وەرگرتووەو خەڵکی جگە لەوان بەیعەتیان داوە، جا رات وایە دوای ئەو هەمووە بەیعەتەکەی لەکار بخەم؟ عائیشە وتی: دەی بەرامبەریان نەرمونیان بە، ئەگەر خوا بیەوێت دێنە سەر راکەت، موعاویەش وتی: وادەکەم.[٣]

وەفاتی عائیشە

سەبارەت بە ساڵی وەفاتی عائیشە دەستەیەک دەڵێن لە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچیدا بووە، دەستەیەکیش دەڵێن لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا بووە، کاتەکەشی لە شەودا بوو، لە شەوی سێ شەممە حەڤدەی مانگی رەمەزاندا بوو،[٤] پاش ئەوەی نوێژی ویتر کرا وەفاتی کرد، خۆیشی فەرمانی کردبوو هەر شەو تەرمەکەی ئەسپەردە بکەن.[٥]

کاتێک عائیشە لە سەرەمەرگدا بوو، ئیبن عەبباس هات بۆ لای، عائیشە

---

[١] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص ٣٩٢.
[٢] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٨٧.
[٣] الكامل في التاريخ، ج٣، ص ٣٥٣.
[٤] أسد الغابة، ج٧، ص ٢٠٨.
[٥] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٩٢.

وتی: دواجار هاتیت؟ عەبدوڵای برازایشی لەلای سەریەوە بوو، وتی: ئەوە ئیبن عەبباسەو داوای مۆڵەت دەکات، عائیشە وتی: وازم لێ بێنە پێویستم بە هاتن و تەزکیەی ئەو نیە، عەبدوڵا وتی: دایە گیان ئیبن عەبباس لە کوڕە چاکەکانتەو هاتووە بۆ ماڵئاوایی و سەلام لێکردنت، ئەویش وتی: ئەگەر حەز دەکەیت مۆڵەتی بدە، ئیبن عەبباس هات و دانیشت و وتی: موژدەت لێ بێت، بەخوا تەنها دەرچوونی رۆحت لە جەستەت رێگرە لە گەیشتنت بە موحەممەد و ئازیزان، ئەویش وتی: وایە ئیبن عەبباس، ئیبن عەبباس وتی: تۆ خۆشەویستترین هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) بووی لا پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش تەنها کەسی پاکی خۆشدەویست، ئینجا بەسەرهاتی دابەزینی ئایەتی تەیەمومەکەی بۆ گێڕایەوە، ئینجا وتی: دواتر خوای گەورە ئایەتی تایبەت بە پاکی تۆی دابەزاند و لەوسا بەدوا چی مزگەوتێ یادی خوای تێدا بکرێت تیایدا پاکی تۆیش باس دەکرێت، عائیشە وتی: وازم لێ بێنە ئیبن عەبباس خۆزگە باسم ببڕایەتەوەو ناوم لەناوانا نەبوایە.[١]

لە سەرەمەرگیدا بوو کە داخی رووداوی جەمەلی لەیاد نەدەچوو چی کردووە، بۆیە وتی: من دامنابو لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی خۆمدا ئەسپەردە بکرێم، بەڵام دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) بەزمم سازاند، بۆیە بمبەن لەگەڵ هاوسەرەکانی تری پێغەمبەر(ﷺ) ئەسپەردەم بکەن، ئیتر برا لە بەقیع ئەسپەردە کرا.[٢]

کاتێک وەفاتی کرد ئەبووهورەیرە نوێژی لە سەر تەرمەکەی کرد و دواتر تەرمەکەی لە بەقیع ئەسپەردە کرا.[٣]

هەریەک لە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر و عورووەی کوڕی زوبەیر کە خوشکەزای بوون و قاسم و عەبدوڵای کوڕانی موحەممەد کە برازای بوون

---

[١] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٨٠.

[٢] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٩٣.

[٣] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٩٢.

و عەبدوڵای کوڕی عەبدوڕەحمان کە ئەویش برازای بوو تەرمەکەیان خستە ناو گۆڕەکەوە.[1]

کاتێک وەفاتی کرد تەمەنی شەست و سێ ساڵ و چەند مانگێک بوو.[2]

عائیشە ئافرەتێکی زۆر زانا بوو، گەورە هاوەڵان سەبارەت بە فەرزو سوننەتەکان پرسیاریان لەو دەکرد،[3] ئەوەش نامۆ نیە، چونکە نزیکترین کەس و خۆشەویسترین کەسی پێغەمبەر(ﷺ) بووە.

چەند فەرموودەیەک کە عائیشە دەیانگێڕێتەوە:

عائیشە دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(**إذا نعس أحدكم وهو يصلي فليرقد، حتى يذهب عنه النوم، فإن أحدكم إذا صلى وهو ناعس، لا يدري لعله يستغفر فيسب نفسه**)،[4] (ئەگەر یەکێکتان لە کاتی نوێژدا باوێشکی دا، با رابکشێت تا خەوەکەی دەڕوات، چونکە لەوانەیە یەکێکتان بە باوێشکەوە نوێژ بکات و نەزانێت چی دەڵێت: لەبری داوای لێخۆشبوون قسە بە خۆی بڵێت).

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) بە جلێکی رەشەوە (خمیصە) نوێژی دەکرد کە برێک گوڵنگە و شتی رازاندنەوەی پێوە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەم گوڵنک و رازاندنەوانەی ئەم جلەم لە نوێژەکەم سەرقاڵم دەکەن، ئەمە ببەن بۆ ئەبوو جەهم و ئینبیجانیەتەکەی ئەوم بۆ بهێنن... ئەوەبوو جلێکی کوردی ئەبوو جەهمی کردەبەری.[5]

وشەی ئینبیجانیەت وا پێناسەی هاتووە کە جلێکی لە خوری دروست کراو و زۆر زبرە.[6]

---

[1] أسد الغابة، ج٧، ص ٢٠٨.
[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٩٣.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٨٠-١٨٣.
[4] صحيح البخاري - كتاب الوضوء - باب الوضوء من النوم، الرقم ٢١٢؛ جامع الترمذي - أبواب الصلاة عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في الصلاة عند النعاس، الرقم ٣٥٥.
[5] سنن أبي داود - كتاب الصلاة - باب النظر في الصلاة، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٩١٥.
[6] النهاية في غريب الحديث و الأثر، ج١، ص ٧٣.

بەو پێیە بێت دەبێت ئەو جلەی پێغەمبەر(ﷺ) پۆشیویەتی جلێکی وەک شاڵ بووبێت.

عائیشە دەڵێت: داوای مۆڵەتم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد تا بەشداری جیهاد بم، فەرمووی: (جیهادی ئێوەی ئافرەتان حەجە).[1]

عائیشە لەنێوان هەوادارن و نەیارانیدا

بە گشتی ئەوانەی هەڵوێستی نەیارییان هەیە بەرامبەر بە دایکی باوەڕداران عائیشە، خۆیان لە دوو دەستەدا دەبیننەوە:

دەستەی یەکەم: دڵسۆزانێکی ئیسلام کە بە نەشارەزایی هەڵوێست دەنوێنن، ئەوانە پێیان وایە کە شکاندنی عائیشەو تانە لێدانی سەرخستنی دینە، ئەمانەش چەند جۆرێکن:

هەوادارانی ئالوبەیتی پێغەمبەر(ﷺ) کە بەپێی شرۆڤەیەکی مەزهەبی پێیان وایە ئالوبەیت تەنها لە خێزانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەرتەسک بووەتەوە، جا قەناعەتیشیان پێ کراوە کە عائیشەو عەلی هەر لە کۆنەوە نەیاری یەک بوون و عائیشە ئامانجی بووە هەر مافێکی ئاسمانی و زەمینی عەلی زەوت بکات و وا بکات بە مافی رەوای خۆی نەگات، ئیتر لێرەوە لە بری گەڕانێکی بێلایەنانە بە دوای راستیەکاندا، دەکەونە هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ ئەو قەناعەتەیان، جا چ داماویەک، چاو لە ئایەتێ دابخەن کە عائیشەی بە دایکی باوەڕداران دانابێت و بەدوای بڕێ ریوایەتی بێ سەنەددا بگەڕێن، ئەمانە پێویستیان بە دڵسۆزی هەیە، دەبێت کەسانێکی دڵسۆزی شارەزای نەرمونیان ببنە هاریکاریان و بەو چاوەوە بۆیان بروانن کە خوشک و برای خۆیانن و خەریکە دەکەونە چاڵێکی ئاگرینەوە، تا لێواری چاڵەکە دەبێت دەستیان راکێشن بەرەو ئەملا، ئەو کاتەی هیوای رزگاربوون نەما ئەوجا دەستیان لێ بەربدەن تا ئەوانیش نەکەونە ئەو چاڵەوە، بەڵام نابێت لە نێوەندی ئەو دڵسۆزی نواندن و نەرمونیانیەدا دەستبەرداری تاکە

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب جهاد النساء، الرقم ٢٨٧٥.

حەقیقەتێک بن، چۆن راشکاوانە دەبێت بڵێن عائیشە لە خیلافەتی عەلیدا ئیجتیهادی هەڵەی کرد، بە هەمان شێوە دەبێت تا دواجار جەخت لەوە بکەنەوە عائیشە پاک بووەو دایکی باوەڕداران و خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) و گەورە زانایەکی ئوممەتی ئیسلام بووە.

دەستەیەکی تر لەوانەی دڵسۆزیەکی نەشارەزایانە دەنوێنن، بریتین لە موسڵمانانێکی دەروون بەزیو بەرامبەر بە نەیارانی ئیسلام و مێژووی ئیسلام و لەپێناو رازیکردنی دڵی نەیارانی ئیسلامدا ئامادەن تانە بدەن لە عائیشەو ئەوەش بە پاراستنی دین بزانن، وادەزانن ئەگەر بڵێن عائیشە هەندێ فەرموودەی هەڵبەستووە بەدەم پێغەمبەرەوە(ﷺ)، ئیتر ئیسلامیان سەرخستووە، بێئاگا لەوەی خوا بە دەقی ئایەت راستگۆیی عائیشەی سەلماندووە.

یان هەندێ لەپێناو راگرتنی بەرزی و شکۆی کەسانێکی تری وەک خەدیجە یان فاطیمەو...هتد، دێن لە شان و شکۆی عائیشە کەم دەکەنەوە، تا لەو مشتومڕەی دەوترێت عائیشە پلەی بەرزترە یان خەدیجە یان عائیشەو فاطیمە کامیان پلەیان بەرزترە، بەڵکو عائیشە بخەنە ریزی دووەمەوە، هەموو ئەم جۆرە کەسانەی وا دەڕواننە عائیشە نیەتێکی چاک و رێگەیەکی هەڵەو خراپیان گرتووەتەبەر.

دەستەی دووەم: نەیارانێکی شارەزای کینەلەدڵ، ئەمانە لە نەشارەزاییانەوە نیە تانە دەدەن لە عائیشە، بەڵکو چاک شارەزای بارەکەن، بەڵام لەپێناو سەرخستنی بڕواو روانینی خۆیان دەنەونە تانەدان لە عائیشە، جا ئەمانە یان کەسانێکن لەنێو رێبازی شیعەدا، یان کەسانێکن لە رۆژهەڵاتناسان کە مەبەستیانە لە خستنی عائیشەوە بدەن لە خودی کەسێتی پێغەمبەر(ﷺ)، زمان و دەست و دڵی ئەمانە بە دوو هۆکار دەوەستێت، یان خوای گەورە رێنموونییان پێ ببەخشێت، یان موسڵمانان وەڵامی رەواو یەکلا بە

گومانەکانیان بخەنەڕوو، هەر هێرشێکی هەرچەشنەی ئەوان وەڵام بدەنەوە.
خستنی عائیشەو تانەلێدانی تەنها بریتی نیە لە لابردنی کەسێتیەک لە مێژووی ئیسلامیدا و بەس، بەڵکو ئەگەر بڵێین ئەو تۆمەتانەی دەدرێنەوە پاڵ عائیشە راستن، ئەوە ئەبێت بەم دەرەنجامانەش رازی بین:

یەکەم: گومان کردن لە قورئانی پیرۆز، چونکە قورئانی پیرۆز عائیشەی بە دایکی باوەڕداران ناوبردووە(ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ)، جا چۆن دەکرێت قورئان ئافرتێکی خراپەکار بە دایکی باوەڕداران وەسف بکات، نەک تەنها دایکی موسڵمانان، بەڵکو دایکی باوەڕداران، وەک دەشزانین باوەڕداری پلەیەکی بەرزترە لە موسڵمانێتی، هەروەها خوای گەورە بە دەقی ئایەت پاکی عائیشەی سەلماندووە وەک پێشتر لە رووداوی ئیفکدا باسمان کرد.

دووەم: گومان لە پێغەمبەر(ﷺ) بکەین، چ لە راستگۆیی، چ لە غیرەتی، چ لە پەیڕەوی، چونکە چۆن دەکرێت پێغەمبەر(ﷺ) ئافرەتێک بە هاوسەری خۆی بهێڵێتەوە کە تووشی زینا بووبێت، هاوکات لەسەر ئەو ئافرەتە سزای هاوەڵانی خۆی بدات، پاشان حوکمی ئیسلامی بەسەردا جێبەجێ نەکات لە کاتێکدا سوێندی دەخوارد کە ئەگەر فاطیمەی کچم دزی بکات دەستی دەبڕم.

سێیەم: بە خستنی عائیشە بە جارێک سەدان فەرموودەی ناو کتێبەکانی فەرموودە لەکاردەکەون، چونکە گێڕەرەوەکەیان عائیشە بووە، جا عائیشە خۆی هێندە تاوانی هەبووبێت، چۆن فەرموودەی لێوە وەربگیرێت؟!

چوارەم: عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ستەمێکی گەورەی کردووە کە ئافرەتێکی وا تاوانباری پاش جەنگێکی سەخت و خوێن رژانێک گرتبێت، ئینجا بە دایک ناوی ببات و بەڕێی بکات بۆ مەدینەو پارەشی پێ بدات و هیچ سزایەکی نەدات، لەکاتێکدا بەرامبەر بە خەواریجەکان ئەوەی کرد کە کردی.

پێنجەم: کۆمەڵگەی سەردەمی هاوەڵان و دەستەی یەکەمی خوێندکارانی پێغەمبەر(ﷺ) تاوانبار بوون کە هێشتوویانە ئافرەتێکی وا بتوانێت بەو هەموو تاوانەوە ڕێرەوی بەشێک لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و لایەکی فراوانی زانستی ئیسلامی بگرێتە دەست.

بۆیە مەسەلەی تانەدان لە عائیشە، تەنها تانەدان نیە لە کەسایەتیەکی ئاسایی و بەوە کۆتایی بێت، بەڵکو تانەدانە لە کەسێتیەک کە بەشێک لە بنەڕەتەکانی ئەم دینە پێوەی پەیوەست بوون، قورئان و پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵان و کۆگایەک لە فەرموودەو فەتوا، ناشکونجێت یەک کۆمەڵگەی گەورە دەرفەت بدەن ئافرەتێکی خراپ(دوور لە دایکمان عائیشە) بتوانێت بە ویستی خۆی چی دەوێت بیکات.

عائیشەو بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب

پەیوەندی نێوان عائیشەی دایکی باوەڕداران و خێزانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب پەیوەندیەکی دۆستانە بوو و هەرکام لەوان فەزڵی یەکتریان دەزانی، فەرموودەکانیش شایەتی ئەو راستیەن، لێرەشدا بە نموونە چەند گێڕانەوەیەک دەخەینەڕوو:

عائیشە و فاطیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) پێکەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە:

عائیشە دەڵێت: دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، زەیدی کوڕی حارثەی نارد بۆ لامان و ئەبوورافیعی مەولاشی لەگەڵدا نارد، دوو وشتر و پێنج سەد درهەمی پێدان تا بۆ کۆچەکە چی وشتریان پێویستە بیکڕن، ئەبووبەکریش عەبدولای کوڕی ئورەیقیطی بە دوو یان سێ وشترەوە نارد و نامەیەکی نووسی بۆ عەبدولای کوڕی ئەبووبەکر و فەرمانی پێدەکرد دایکی و من و ئەسمائی خوشکم بەودا بنێرێت بۆ مەدینە، ئەوەبوو کەوتنەڕێ، لەنیوەی ڕێدا زەید بە پارەکە سێ وشتری کڕی، دواتر هەموویان هاتنە مەککەو ڕێیان کەوتە طەلحەی کوڕی عوبەیدولا کە دەیویست خێزانی ئەبووبەکر ببات بۆ مەدینە، ئەوەبوو هەموومان

کەوتینەڕێ، زەید و ئەبوورافیع فاطیمە و ئوممولکلثوم و سەودەی کچی زەمعەیان هێنان، هەروەها زەید ئوممولئەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەیدی هێنا، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکریش دایکم و من و ئەسمائی هێنا، طەلحەش هاودەم بە ئێمە هات و هەموو پێکەوە کەوتینەڕێ تا گەیشتینە مەدینە، ئەو کات موسڵمانان خەریکی دروستکردنی مزگەوتی مەدینە بوون.[1]

فاطیمە بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) وت: بەڵێ خۆشم دەوێت:

جارێک هەندێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کۆبوونەوە تا ناڕەزایی دەرببڕن بەرامبەر بەو خۆشەویستیە زۆرەی کە پێغەمبەر(ﷺ) هەیبوو بۆ عائیشە، فاطیمەی کچی پێغەمبەریان(ﷺ) نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و تیان پێی بڵێ بۆ خاتری خوا لە خۆشەویستی بۆ عائیشە دادپەروەر بێت، ئەویش چوو و ئەوەی بە پێغەمبەر(ﷺ) وت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (یَا بنَيَّةُ، أَلَا تُحِبِّينَ مَا أُحِبُّ) (کچە ئازیزەکەم ئایا ئەو ئافرەتەت خۆش ناوێت کە من خۆشم دەوێت؟) فاطیمە وتی: با، گەڕایەوەو هەواڵەکەی دایەوە بە هاوسەرەکانی تری.[2]

عائیشە پەیامی فاطیمە دەگەیەنێت:

جارێک فاطیمە لای باوکی سکاڵای کرد کە لەدەست کار و هەویر شێلان چی بە دەستەکانی هاتووە، ئەوەبوو پاش ماوەیەک بڕێ دیل هێنران کە ئافرەتیشی تێدا بوو، فاطیمە چوو تا داوای خزمەتکارێک بکات، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ نەبوو، بۆیە باسی حاڵی خۆی بۆ عائیشە کرد و پێی وت: بۆچی هاتووەو بە عائیشەی وت: تا بە پێغەمبەر(ﷺ) بڵێت، کە پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە، عائیشە پێی وت: فاطیمە بۆ شتێکی لەو جۆرە هاتووە، پێغەمبەریش(ﷺ) چوو بۆ ماڵەوەو عەلی و فاطیمەش لە جێگەدا بوون،

---

[1] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر الصحابيات من أزواج رسول الله(ﷺ) وغيرهن(رضي الله عنهن) - الصديقة بنت الصديق عائشة بنت أبي بكر(رضي الله عنهما) - ذكر أداء الصداق قبل البناء، الرقم ٦٧٨٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب الهبة وفضلها - باب من أهدى إلى صاحبه وتحرى بعض نسائه دون بعض، الرقم ٢٥٨١.

ویستیان هەستن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە شوێنی خۆتاندا بن، ئینجا هات و لەلایان دانیشت، فەرمووی: (ألا أدلكما على خير مما سألتما، إذا أخذتما مضاجعكما فسبحا ثلاثا وثلاثين، واحمدا ثلاثا وثلاثين، وكبرا أربعا وثلاثين، فهو خير لكما من خادم)،[1] (ئایا شتێکی باشتر لەوەتان پێ نیشان نەدەم کە داواتان کردبوون، کە چوونە ناو جێگەکەتان سی و سێ جار سوبحانەڵا و سی و سێ جار الحمد لله و سی و چوار جار الله أکبر بکەن، ئەوە زۆر بۆتان باشترە لە خزمەتکارێک).

عائیشە شایەتی پاکی دەدات بۆ عەلی و فاطیمە و حەسەن و حوسەین:

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: بەیانیەک پێغەمبەر(ﷺ) چوویە دەرەوەو جلێکی خوری لەبەر بوو کە لە مووی رەش دروستکرابوو، ئینجا حەسەنی کوڕی عەلی هات و پێغەمبەر(ﷺ) هێنایە ژوورەوە، دوای ماوەیەکی تر حوسەین هات و لەگەڵی هاتە ژوورەوە، دواتر فاطیمە هات و پێغەمبەر(ﷺ) ئەویشی هێنایەژوورەوە، ئینجا عەلیش هات و پێغەمبەر(ﷺ) ئەویشی هێنایە ژوورەوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە (إنما يريد الله ليذهب عنكم الرجس أهل البيت و يطهركم تطهيرا).[2]

عائیشە شایەتی بۆ رێزداری فاطیمە دەدات:

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: هیچ کەسم نەدیوە هێندەی فاطیمە هەڵسوکەوت و قسەکردنی لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بچێت، هەرکات فاطیمە دەچوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبەری هەڵدەسا و ماچی دەکرد و بەخێرهاتنی دەکرد و دەستی دەگرت و لە پاڵ خۆیدا دایدەنیشاند، هەرکاتیش پێغەمبەری خوا(ﷺ) بچوایە بۆ لای فاطیمە، فاطیمە لەبەری هەڵدەسا و ماچی دەکرد و دەستی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەگرت و ماچی دەکرد.[3]

[1] صحيح البخاري - كتاب فرض الخمس - باب الدليل على أن الخمس لنوائب رسول الله، الرقم ٣١١٣ ؛ صحيح مسلم - كتاب الذكر والدعاء والتوبة والاستغفار - باب التسبيح أول النهار وعند النوم، الرقم ٢٧٢٧.

[2] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الفضائل - فضائل علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ٣٢٧٦٥؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضائل أهل بيت النبي(ﷺ)، الرقم ٢٤٢٤.

[3] سنن أبي داود، الرقم ٤٥٦١، سنن الترمذي، الرقم ٣٨٨٩ وقال حسن صحيح، صحيح ابن حبان، الرقم٧٠٦٣، المستدرک على الصحيحين، الرقم ٧٧٨٤، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب

عائیشە شایەتی دەدات فاطیمە گەورەی ژنانی بەھەشتە:

عائیشـە دەڵێت: فاطیمـە ھـات بۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) کە دەچوو بەڕێدا دەتوت ھەمان ڕێکردنی پێغەمبەرە(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: مەرحەبا لە کچەکەم، ئینجا لای خۆیەوە داینیشاند، دواتر چپەیەکی بۆ کرد و فاطیمە گریا، وتم: بۆچی دەگریت؟ دواتر پێغەمبـەر(ﷺ) چپەیەکی تری بۆ کرد و فاطیمە دەستی کرد بە پێکەنین، منیش وتم: تا ئێستا نەمدیوە خەم و خۆشی ئاوا لەیەک نزیک بن، وتم: چۆن بوو واگریایت و دواتر پێکەنیت؟ فاطیمـەش وتی: نهێنی پێغەمبـەر(ﷺ) ئاشکرا ناکەم، دواتر کە پێغەمبـەر(ﷺ) وەفاتی کرد، چووم ھەمان پرسیارم لێکردەوە، ئەویش وتی: چپاندی بە گوێمدا (إِنَّ جِبْرِيلَ كَانَ يُعَارِضُنِي الْقُرْآنَ كُلَّ سَنَةٍ مَرَّةً وَإِنَّهُ عَارَضَنِي الْعَامَ مَرَّتَيْنِ وَلاَ أُرَاهُ إِلاَّ حَضرَ أَجَلِي وَإِنَّكِ أَوَّلُ أَهْلِ بيْتِي لَحَاقًا) (جیبریل ھەموو ساڵێک یەک جار قورئانی لەگەڵ دەور دەکردمەوە، ئەمساڵ دوو جار لەگەڵم دەوری کردەوە، وادەزانم ئەمە ئاماژەی مەرگمە، تۆیش یەکەم کەسیت بە من دەگەیتەوە)، منیش دەستم کرد بە گریان، دواتر فەرمووی (أَمَا تَرْضَيْنَ أَنْ تَكُونِي سَيِّدَةَ نِسَاءِ أَهْلِ الجَنَّةِ أَوْ نِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ) (ئایا رازی نابیت تۆ گەورەی ژنانی بەھەشت –یان گەورەی ژنانی باوەڕداران- بیت؟) منیش بەوە پێکەنیم.[1]

عەلی شایەتی دەدات عائیشە ھاوسەری ھەردوو دنیای پێغەمبەرە(ﷺ):

پاش ئەوەی جەنگی جەمەل روویدا و سوپای عائیشە شکستی خوارد، عەلی ھات بۆ لای عائیشە وتی: دایەگیان چۆنیت؟ وتی: باشم، عەلی وتی: خوا لێت خۆش بێت، ئینجا یەک یەک سەرکردەو کەسایەتیەکان دەھاتن سەلامیان دەکرد لە عائیشە، دواتر کە شەو داھات عائیشە ھاودەم بە موحەممەدی برای چوونەوە بەصرە، ئینجا عەلی پاش سێ رۆژ فەرمانی کرد چی کەلوپەلێ گیراوە ببرێتە بەصرەو ھەوادارانی عائیشە بێن چییان ھەبووە ببەنەوە، خەڵکێ گلەییان کرد کە بۆچی خوێنیان رەوا بێت کە

الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٥٢١٧.

[1] صحيح البخاري – كتاب المناقب – باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢٣.

چی سامانیان رەوا نەبێت، با بیبەین، عەلیش بە توورەییەوە وەک تانەیەک بۆیان وتی: کامتان پێی خۆشە دایکی باوەڕداران ببات بۆ خۆی؟ هەمووان بێدەنگ بوون، دواتر عائیشە بڕیاری دا بەصرە جێبهێڵێت، عەلی هەموو پێداویستیەکی بۆ ئامادە کرد و مۆڵەتی دا هەرکەسیش لە سوپاکەی رزگار بووە لەگەڵی بگەڕێتەوە، ئینجا چل ئافرەتی بەصرەی هەڵبژارد تا لەگەڵ عائیشە بچنەوە، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکریشی لەگەڵ ناردەوە، ئەو رۆژەی بڕیار بوو عائیشە بڕوات، عەلی هاتە بەردەگاو عائیشەش بە کەژاوەکەوە هێنرایە دەرەوەوماڵئاوایی لە خەڵک دەکرد، عائیشە وتی: کوڕە شیرینەکانم، کەستان لەسەر ئەم بارە سەرکۆنەمان نەکات، بەخوا نێوانی من و عەلی تەنها وەک ئافرەت و پاریزەرانی وایە و ئەو لای من لە کەسە هەرە چاکەکانە، عەلیش وتی: بەخوا راست دەکات نێوانمان وایە و ئەو هاوسەری پێغەمبەرەکەتانە لە دنیا و ئاخیرەتدا، ئینجا عەلی چەند کیلۆمەترێک لەگەڵ عائیشە چوو و بەڕێی کرد، عائیشەش چوو بەرەو مەککەو لەوێ حەجی ئەو ساڵەی کرد و دواتر گەڕایەوە بۆ مەدینە.[١]

عائیشە شوێنی گۆڕی خۆی دەدات بە حەسەنی کوڕی عەلی:

حەسەنی کوڕی عەلی لە سەرەمەرگیدا حوسەینی برای بانگ کرد و وەسیەتی بۆ کرد، تیایدا وتی:: من داوام لە عائیشە کردووە ئەگەر مردم مۆڵەتم بدات لە ماڵەکەی ئەودا لەلای پێغەمبەر(ﷺ) ئەسپەردە بکرێم، ئەویش رازی بووە، دەڵێم لەوانەیە لە شەرمدا وتبێتی بەڵێ و رازی نەبووبێت، بۆیە ئەگەر مردم بڕۆ بۆ لای و داوای هەمان شتی لێ بکەرەوە، ئەگەر پێی خۆش بوو ئەوە لە ماڵەکەی ئەودا ئەسپەردەم بکە.[٢]

کاتێک حەسەنی کوڕی عەلی وەفاتی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی حوسەینی برای چوو بۆ لای عائیشەو داوای لێکردەوە کە حەسەنی برای

---

[١] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٤٧-٢٤٠.

[٢] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص ٣٩١-٣٩٢.

لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەسپەردە بکرێت، ئەویش رازی بوو و وتی: باشە، بەڵام مەڕوان رێی نەدا و لە بەقیع ئەسپەردە کرا.[1]

عائیشە لەسەر حوسەین ئامۆژگاری موعاویە دەکات:

کاتێک موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی وەرگرت، حوسەینی کوڕی عەلی و چەندێکی دی نارازی بوون، جا عائیشە وای بیست کە موعاویە هەڕەشەی لەوانە کردووە ئەگەر بەیعەت نەدەن دەیانکوژێت، بۆیە عائیشە ئامۆژگاری موعاویەی کرد و پێی وت: بیستوومە هەڕەشەی کوشتنت لەوانە کردووە! موعاویە وتی: ئەی دایکی باوەڕداران ئەوانە زۆر لەوە شکۆدارترن کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ بکەم، بەڵام من بەیعەتم بۆ یەزید وەرگرتووەو خەڵکی جگە لەوان بەیعەتیان داوە، جا رات وایە دوای ئەو هەمووە بەیعەتەکەی لەکار بخەم؟ عائیشە وتی: دەی بەرامبەریان نەرمونیان بە، ئەگەر خوا بیەوێت دێنە سەر راکەت، موعاویەش وتی: وادەکەم.[2]

١٩٩٢. عەبایەی کوڕی بەحیر(رضي الله عنه)

ناوی عەبایەی کوڕی بەحیری باهیلیەو هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[3]

١٩٩٣. عەببادی کوڕی بیشر(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی بیشری کوڕی قەیظیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[4] یەکێکە لە بەشدابوانی غەزای بەدر.[5]

[1] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص ٣٩٢.
[2] الكامل في التاريخ، ج٣، ص ٣٥٣.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٣٥.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١١.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١١.

کاتێک هاوەڵانێک رووەو بەیتولمەقدیس نوێژیان دەکرد، عەبباد هات و وتی: پێغەمبەر(ﷺ) روویکردە بەیتولحەرام، ئیتر هەرچی پیاوانن چوونە شوێنەکەی ژنان و ژنانیش چوونە شوێنەکەی پیاوان و دوو سوجدەکەی تریان رووەو کەعبە برد.[1]

عەبباد تا دوای سەردەمی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیاو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

١٩٩٤. عەببادی کوڕی بیشری خەزرەجی(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی بیشری کوڕی وەقشە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبووبیشر یان ئەبوورەبیعە،[3] دایکی ناوی فاطیمەی کچی بیشری کوڕی عەددیە.[4]

عەبباد لە مەدینەو لەسەر دەستی موصعەبی کوڕی عومەیر موسڵمان بوو، موسڵمانبوونەکەشی پێش ئوسەیدی کوڕی حوضەیر و سەعدی کوڕی موعاذ بوو.[5]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەببادی کوڕی بیشر و ئەبووحوذەیفەی کوڕی عوتبەوە.[6]

ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: لە شەوێکی تاریکدا دوو کەس لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) چوونە دەرو لە بەردەمی ئەو دوو کەسەوە رووناکیەک هەبوو تا ئەو شوێنەی لەیەک جیابوونەوە، کە جیابوونەوە رووناکیەکەش

---

[1] المعجم الكبير للطبراني – مسند النساء – باب التاء – تويلة بنت أسلم، الرقم ٥٣٠؛ معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٣٣٧.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١٤٧.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ١٤٨.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٤٠.

[5] أسد الغابة، ج٣، ص ١٤٨.

[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٤٠.

لە نێوانیاندا دابەش بوو و هەر بەشێکی لەگەڵ یەکێکیاندا بوو، هەر لە فەرموودەکەدا هاتووە کە ئەو دوو کەسە بریتی بوون لە ئوسەیدی کوڕی حوضەیرو عەببادی کوڕی بیشر.[1]

ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: جوولەکەکان کاتێ ئافرەتیان دەکەوتە حەیزەوە نانیان لەگەڵ نەدەخواردن و لە ماڵدا لەگەڵیان دانەدەنیشتن، هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) لەو بارەوە پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوەبوو خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند(ويسألونك عن المحيض قل هو أذى فاعتزلوا النساء في المحيض...)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (اصنعوا كل شيء إلا النكاح)،(هەموو شتێک بکەن جگە لە جووتبوون)، جوولەکەکان ئەمەیان بیست، وتیان: ئەم کابرایە چیەتی، هەرچی ئێمە بیکەین پێچەوانەی ئێمە دەکات، ئوسەیدی کوڕی حوضەیر و عەببادی کوڕی بیشر هاتن و وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا جوولەکە ئاواو ئاوا دەڵێن بۆیە ئێمە لەگەڵ ئافرەتان کۆنابینەوە، پێغەمبەر(ﷺ) رەنگی گۆڕا تا ئاستێ وتمان: رقی لەو دوانە هەڵگرتووەو لێیان توورە دەبێت، ئەو دوانە چوونە دەرەوەو لەو کاتەدا برێ شیر بە دیاری هات بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) ناردی بە شوێنیاندا و ئەوانیش گەڕانەوەو پێغەمبەر(ﷺ) لە شیرەکەی پێدان تا بیخۆنەوە، ئیتر بەوەدا زانیمان رقی لێ هەڵنەگرتون.[2]

شەوێک پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی خۆیدا سەرقاڵی شەونوێژ بوو، عەببادی کوڕی بیشریش لە مزگەوت خەریکی شەونوێژ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەنگی عەببادی بیست و فەرمووی: ئەی عائیشە ئەوە عەببادی کوڕی بیشرە؟ عائیشە وتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوایە رەحم بکە بە عەبباد.[3]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب منقبة أسيد بن حضير وعباد بن بشر(رضي الله عنهما)، الرقم ٣٨٠٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة - فصل في القنوت - ذكر الخبر الدال عن الزجر عن السمر بعد العشاء الآخرة الذي يكون في غير أسباب الآخرة، الرقم ٢٠٣٠.

[2] صحيح مسلم - كتاب الحيض - باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله وطهارة سؤرها، الرقم ٣٠٢؛ صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة - باب الحيض والاستحاضة - ذكر الأمر بمؤاكلة الحائض ومشاربتها واستخدامها إذ اليهود لا تفعل ذلك، الرقم ١٣٦٢.

[3] مسند أبي يعلى الموصلي - مسند عائشة أم المؤمنين(رضي الله عنها)، الرقم ٤٣٨٨.

عەبباد لە غەزاکانی ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی دانا بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی حونەین، لە غەزای تەبووکیشدا کردی بە بەرپرسی پاسەوانەکانی.[1]

لەسەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکریشدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و دەستێکی کارای لە دوژمنان وەشاند و دواجار شەهید بوو،[2] ئەوکات تەمەنی عەبباد نزیکەی چل و پێنج ساڵان دەبوو.[3]

عەبباد خۆی تاسەی شەهیدی هەبوو، لە رۆژی یەمامەدا بە ئەبووسەعیدی خودری وت: ئەمشەو خەوم بینی ئاسمان بۆم کرابوویەوەو دواتر داخرا بەسەرمدا، جا پشت بەخوا ئەوە شەهیدیە، ئەبووسەعید دەڵێت: منیش وتم: خێر دەبێت پشت بەخوا، ئیتر لە جەنگی یەمامەدا چاوم لەلای بوو چۆن هاواری دەکرد و پشتیوانانی هاندەدا بۆ جەنگ، دواجار عەبباد کوژرا و هێندە پێکرابوو کە نەمدەناسیەوە تەنها بە نیشانەیەکی سەر جەستەی نەبێت.[4]

١٩٩٥. عەببادی کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی عەببادی کوڕی حارثی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە غەزای ئوحودو هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[5]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٤٠.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب عباد بن بشر بن وقش الأشهلي(ﷺ)، الرقم ٥٠٤٧.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ١٤٩.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٤٠.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٢.

١٩٩٦. عەببادی کوڕی خالید(ﷺ)

ناوی عەببادی کوڕی خالیدی غیفاریە، یەکێکە لە هاوەڵانی صوففە، عەبباد تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیا و لە سەردەمی ئەودا کۆچی دوایی کرد.[١]

١٩٩٧. عەببادی کوڕی سەهل(ﷺ)

ناوی عەببادی کوڕی سەهلی کوڕی مەخرەمەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بووە، بکوژەکەشی صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو.[٢]

١٩٩٨. عەببادی کوڕی شورەحبیل(ﷺ)

ناوی عەببادی کوڕی شورەحبیلی یەشکریە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو، عەبباد دەڵێت: جارێک تووشی وشکەساڵی بووم و چوومە ناو باخێکی مەدینەوەو بڕێک بەرم بە بەرسیلەیی-فەریکەیی- خوارد، دواتر بڕێکیشم کردە ناو جلەکەمەوە، خاوەنەکەی هات و لێیدام و جلەکەی بردم، منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەویش بە کابرای فەرموو (مَا عَلَّمْتَهُ إِذْ كَانَ جَاهِلاً وَلاَ أَطْعَمْتَهُ إِذْ كَانَ سَاغِبًا أَوْ جَائِعًا) (مەگەر ئەو نەشارەزا بووەو فێرت کردووە؟! هیچت پێ نەداوە و برسیش بووە؟!) فەرمانی کرد جلەکەی بۆ گێرامەوە، پاشان کۆڵێک یان نیو کۆڵ خواردنیشی پێبەخشیم.[٣]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٤.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٥.

[٣] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث عباد بن شرحبيل عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٧٧٢٦؛ سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب في ابن السبيل يأكل من التمر ويشرب من اللبن إذا مر به، الرقم ٢٦٢٠؛ سنن ابن ماجه - أبواب التجارات - باب من مر على ماشية قوم أو حائط هل يصيب منه، الرقم ٢٣٨٢؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب الأطعمة - حكاية مولى آبي اللحم حين أصابته مجاعة شديدة، الرقم ٧٢٧٥، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه ابن حجر في الإصابة، ج٣، ص ٦١٥، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

١٩٩٩. عەببادی کوڕی عەبدولعوززا(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی عەبدولعوززایەو لە جەنگی جەمەلدا بەشدار بوو.[١]

٢٠٠٠. عەببادی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی عوبەیدەو دەوترێت یەکێک بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٢]

٢٠٠١. عەببادی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی قەیسی کوڕی عامیرەو لە پشیوانانە لە زورقیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدرو ئوحودیشدا بەشداری کرد.[٣]

٢٠٠٢. عەببادی کوڕی قەیسی خەزرەجی(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی قەیسی کوڕی عەبسەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، هاودەم بە سوبەیعی برای لە غەزای بەدردا بەشدار بوو، لە غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو و لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.[٤]

٢٠٠٣. عەببادی کوڕی قەیظی(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی قەیظیە، لە پشتیوانانەو پاش وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و هاودەم بە عەبدوڵا و عوقبەی برای بەشدارییان کرد لە جەنگی جیسرئەبووعوبەیدا و هەموویان تیایدا شەهید بوون.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٧.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٧.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٤.
[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ١٥٣-١٥٤.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص ٦١٩.

٢٠٠٤. عەببادی کوڕی کەثیر(ﷺ)

ناوی عەببادی کوڕی کەثیرە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[١]

٢٠٠٥. عەببادی کوڕی میلحان(ﷺ)

ناوی عەببادی کوڕی میلحانە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی جیسردا شەهید بوو.[٢]

٢٠٠٦. عەببادی کوڕی ئەحمەر(ﷺ)

ناوی عەببادی کوڕی ئەحمەر یان کوڕی ئەخضەرە، عەبباد دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوویە ناو جێگەکەی قل یا أیها الکافرون ی دەخوێند.[٣]

٢٠٠٧. عەبباسی کوڕی عوبادە(ﷺ)

ناوی عەبباسی کوڕی عوبادەی کوڕی نەضلەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[٤]

ژنەکەی عەبباس ناوی ئەنیسەی کچی عەبدوڵا بوو کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و بەیعەتی پێدا.[٥]

کەعبی کوڕی مالیک دەڵێت: لەگەڵ بڕێک لە حاجیانی هۆزەکەمان چووین بۆ مەککە...لەوێ هەواڵی پێغەمبەری خوامان(ﷺ) پرسی و هێشتا نەماندیبوو، هەواڵمان لە کەسێک پرسی، وتی دەیناسن؟ وتمان: نەخێر،

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٩.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٣٠.

[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٨٨.

وتی: ئەی عەبباسی مامی دەناسن؟ وتمان: بەڵێ، چونکە عەبباسی مامی پێغەمبەرمان(ﷺ) دەناسی، ئەو لە کاری بازرگانیدا دەهات بۆ سەردانمان، کابرا وتی: کە چوونە ژوورەوە، موحەممەد ئەو کەسەیە کە لەگەڵ عەبباس دانیشتووە، ئێمەش چووین و پێغەمبەرمان(ﷺ) بینی لەگەڵ عەبباس دانیشتبوو، وادەمان دانا و لە عەقەبەدا بینیمان تا بەیعەتی پێبدەین و عەبباسی مامیشی ئامادە بوو، لە کۆتایی وتەکاندا عەبباسی کوڕی عوبادە بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) وت: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە، ئەگەر بتەوێت سبەینێ بە شمشێرەکانمانەوە دەدەین بەسەر خەڵکی مینادا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: فەرمانی ئەوەم پێنەکراوە.[1]

دواتر عەبباس بە پشتیوانانی وت: ئەی گرۆی خەزرەج دەزانن لەسەر چی بەیعەت دەدەن بە پێغەمبەر(ﷺ)؟ ئێوە وا بەیعەتی پێدەدەن کە جەنگی هەموو کەسی لەسەر بکەن، ئەگەر پێتان وایە ئەگەر سامانتان ببرێت و کەسە خانەدان و پیاوماقووڵەکانتان بکوژرێن، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەدەن بە دەستەوە، ئەوە هەر لە ئێستاوە پێتان بڵێم سەرشۆڕی دنیا و قیامەتتان تووش دەبێت، ئەگەریش دەزانن دەتوانن وەفادار بن بەرامبەر بەڵێنەکەتان و خۆدەگرن لەبەرامبەر فەوتانی سامان و کوژرانی پیاوماقووڵانتان، ئەوە خێری دنیاو قیامەتتان دەست دەکەوێت.[2] ئەوانیش وتیان: بەخوا لەسەر نارەحەتی فەوتانی سامان و کوژرانی پیاوماقووڵانیشمان بەیعەتی پێدەدەین، بەڵام ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر ئێمە وەفادار بووین چیمان بۆ هەیە؟ فەرمووی: بەهەشت، ئەوانیش وتیان: دەی دەستت بکەرەوە با بەیعەتت پێ بدەین، ئەوەبوو بەیعەتیان پێدا.[3]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(ﷺ) - بقية حديث كعب بن مالك الأنصاري(ﷺ)، الرقم ١٦٠٤٠، قال شعيب الأرناؤوط حديث قوي و هذا إسناد حسن.
[2] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ٧٠٤.
[3] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٧٦٩.

عەبباس دواتر چوو لە مەککە مایەوە تا پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، دوای ماوەیەک کۆچی کرد بۆ مەدینە، بۆیە هەم لە کۆچەران و هەم لە پشتیوانانیش ئەژمار دەکرا.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەبباسی کوڕی عوبادەو عوثمانی کوڕی مەظعوونەوە.[2]

عەبباس لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد، زۆرێک لە هاوەڵانی تریش بەشدار نەبوون لە بەدردا، چونکە سەرەتای چوونەکە بە مەبەستی جەنگ نەبوو و دواتر بارەکە بە ئاقاری جەنگدا چوو، بەڵام دواتر عەبباس لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

٢٠٠٨. عەبباسی کوڕی میرداس(رضي الله عنه)

ناوی عەبباسی کوڕی میرداسی کوڕی ئەبی عامیرە، باوکی بە دەستی جنۆکە کوژراوە.[4]

عەبباس لە سەردەمی نەفامیشیدا مەی نەدەخواردەوە، دەیوت: ناکرێت گەورەی هۆزەکەم بم و هۆشم لەدەست بدەم.[5]

پێش ئەوەی فەتحی مەککە روبدات، عەبباس چوو بەرەو مەدینە، لە رێدا گەیشت بە پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانان کە دەچوون بۆ فەتحی مەککە، ئەویش چوویە ناو سوپاکەوەو بەشداری فەتحی مەککەی کرد، دواتریش لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد.[6]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٣٠.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٢.
[3] أسد الغابة، ج٣،ص ١٦٢.
[4] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٧.
[5] أسد الغابة، ٣، ص ١٦٨.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٣٣.

موسڵمانبوونی عەبباس تەنها بەخۆیەوە نەوەستا، بەڵکو هاودەم بە سێ سەد کەس لە هۆزەکەی موسڵمان بوو،[1] رایەکیش دەڵێت: نۆسەد کەس لە هۆزەکەی لەگەڵیدا بوون،[2] پێغەمبەر(ﷺ) وەک یەکێک لە دڵراگیرکراوان بەخششی عەبباسی دەکرد،[3] ئیتر هەموویان لە فەتحی مەککەو غەزای حونەین و طائیفدا بەشدارییان کرد.[4]

عەبباس نە لە مەدینە نیشتەجێ بوو، نە لە مەککە، بەڵکو لە نزیک بەصرە لە ناوچەیەک نیشتەجێ بوو و بۆ کاتی غەزاکان دەچوویەوە بۆ بەشداری کردن.[5]

٢٠٠٩. عەبباسی کوڕی ئەنەس(ﷺ)

ناوی عەبباسی کوڕی ئەنەسی کوڕی عامیرە، شەریکی کاری عەبدوڵای باوکی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، بەڵام بە هاتنی ئیسلامیش کەسێکی بێباوەڕ بوو و لە غەزای خەندەقدا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بوو، پاش خەندەق هاودەم بە هۆزەکەی موسڵمان بوو هاوکات خۆی سەرۆکی هۆزەکەی بوو.[6]

٢٠١٠. عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ)

ناوی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی قورەیشی هاشمیە، مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و کونیەکەی ئەبولفەضلە، دایکی ناوی نەتیلەی کچی جونابە، دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر(ﷺ) لەدایک بوو،[7] رایەکیش دەڵێت: سێ ساڵ لە پێغەمبەر(ﷺ) گەورەتر بوو.[8]

---

(١) أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٧.
(٢) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٧١.
(٣) أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٧.
(٤) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٣٠٧.
(٥) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٧٣.
(٦) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٢٩.
(٧) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٣١.
(٨) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٥.

ژن و منداڵەکانی

منداڵەکانی عەبباس بریتی بوون لە: فەضل کە موسڵمان بوو و دواتر بە تاعوون لە شام وەفاتی کرد، عەبدوڵا کە بە حیبری ئوممەت ناسراوە، عوبەیدوڵا کە کەسێکی دەوڵەمەند بوو، عەبدورەحمان کە لە شام مرد، قشم کە زۆر لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو و دواتر بۆ جیهاد چوو بۆ خوراسان و لە سەمەرقەند وەفاتی کرد، میعبەد کە لە ئەفریقیا شەهید بوو، ئوممو حەبیبەی کچی، دایکی ئەم منداڵانەی بریتی بوو لە ئوممولفەضل، کەثیر کە زانایەکی گەورە بوو، تەممام، صەفییە، ئومەیمە، دایکی ئەمانەش ئوممووەلەد بوو، حارث کە دایکی ناوی حجیلەی کچی جوندوب بوو.[۱]

عەبباس لە مەککە

عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) لە سەردەمی نەفامیدا لە مەککە گەورەی قورەیش بوو، سەپەرشتی مەسجیدولحەرام بەدەست ئەو بوو، زۆر بە جوانی بارەکەی رادەگرت، نەیدەهێشت تاکە کەسێک لە مەسجیدولحەرامدا قسە بڵێت، خەڵکی قورەیشیش لەبەرئەوەی لەو بارەوە بەڵێنیان پێدابوو، بۆیە سەرکەوتوو بوو.[۲]

عەبباس دەڵێت: جارێک لە مزگەوت بووم کە ئەبووجەهل هات و وتی: سوێند بێت ئەگەر موحەممەد ببینم لە سوجدەدا بێت بچمە سەر گەردنی، منیش چووم و هەواڵم دا بە پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) بە تووڕەییەوە چوویە مزگەوت و دەستی کرد بە قورئان خوێندن (اقرأ باسم ربک...) کە گەیشتە (کلا ان الإنسان ليطغى أن رآه استغنى) کەسێک وتی: ئەی ئەبولحەکەم ئەوە موحەممەدە، ئەویش وتی: مەگەر ئەوەی من دەیبینم ئێوەش نایبینن؟ بەخوا ئاسمان بەسەرمەوە وەستاوە.[۳]

[۱] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٦.

[۲] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٣.

[۳] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب العباس بن عبد المطلب بن هاشم عم رسول الله - إرادة أبي جهل إيذاء النبي وحفظانه من الله، الرقم ٥٤٥٤.

عەبباس هـاودەم و کەسـی نزیکی پێغەمبـەر(ﷺ) بـوو، کەعبی کـوڕی مالیک دەڵێت: لەگـەڵ برێـک لـە حاجیانـی هۆزەکەمـان چوویـن بـۆ مەککـە... لـەوێ هەواڵی پێغەمبـەری خوامـان(ﷺ) پرسـی و هێشـتا نەماندیبوو، هەواڵمـان لـە کەسـێک پرسـی، وتـی دەیناسـن؟ وتمـان: نەخێر، وتـی: ئـەی عەبباسـی مامـی دەناسـن؟ وتمـان: بەڵـێ، چونکـە عەبباسـی مامـی پێغەمبەرمـان(ﷺ) دەناسـی، ئـەو لـە کاری بازرگانیـدا دەهـات بـۆ سـەردانمان، کابـرا وتـی: کـە چوونـە ژوورەوە، موحەممـەد ئـەو کەسـەیە کـە لەگـەڵ عەببـاس دانیشـتووە، ئێمـەش چووین و پێغەمبەرمان(ﷺ) بینی لەگەڵ عەبباس دانیشتبوو، وادەمـان دانا و لـە عەقەبـەدا بینیمـان تـا بەیعەتـی پێبدەیـن و عەبباسـی مامیشـی ئامادە بـوو، عەبباس وتـی: ئـەی گـرۆی خـەزرەج، موحەممـەد لەنـاو ئێمـەدا بـەو چەشـنەیە کـە دەیزانن، ئێمـە لێرە بەمجۆرە پاراستوومانە وەک چۆن خۆمان دەپارێزین وا ئاگاداری بوین، پشتیوانانیش وتیان: قسـەکەتمان بیست، ئەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) تـۆ قسـە بکـە، ئینجـا پێغەمبـەر(ﷺ) قسـەی کـرد.[1]

موسڵمانبوونی عەبباس

بەپێـی چەنـد بەڵگـەیـەک دەردەکەویـت عەبباسـی مامـی پێغەمبـەر(ﷺ) هـەر زوو لـە مەککـە موسـڵمان بـووە، بـەڵام موسـڵمانبوونەکەی شـاردوەتەوە تـا پشـتیوانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بـکات و کاری هەواڵگـری و پێویسـتی ئەرکەکانـی مەککـەی بـۆ راپەڕێنێـت، مەسـەلەی بەشـداربوونی لـە بـەدردا پەیوەسـتە بـە گوێڕایەڵـی عەببـاس بـۆ فەرمانـی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نـەک دژایەتـی کردنـی، چونکـە عەببـاس وەک هەواڵگـری پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـە مەککە مابوویـەوە، ئەگینا خۆشەویستی بەرچاوی عەبباس بۆ پێغەمبـەر(ﷺ) لـە چەندیـن هەڵوێسـتدا دیـارە، وەک چوونـی بـە تەنهـا لەگەڵـی بـۆ بەیعەتـی

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(ﷺ) - بقية حديث كعب بن مالک الأنصاري(ﷺ)، الرقم ١٦٠٤٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر البراء بن معرور بن صخر بن خنساء رضوان الله عليه، الرقم ٧٠١١، قال شعيب الأرناؤوط حديث قوي و هذا إسناد حسن.

عەقەبە و راسپاردەی بۆ پشتیوانان تا تەواو نازی پێغەمبەر(ﷺ) راگرن و وریای بن،[1] هەروەها لە بەدردا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد هەرکەس گەیشت بە عەبباس نەیکوژێت چونکە بە نابەدڵی هاتووە،[2] کاتێکیش بەدیل گیرا بە پێغەمبەری خوا ناوی پێغەمبەری(ﷺ) دەبرد نەک بە موحەممەد[3] لە کاتێکدا برازاشی بوو، ئیتر چۆن لە دژی شمشێر هەڵگرێ، بەڵکو عەبباس کاتێ ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (مقامک بمکة خیر)(مانەوەت لە مەککە چاکترە)، ئەویش لە مەککە مایەوە و لەوێ هەواڵی دەنارد بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[4]

ئەبوورافیعی خزمەتکاری عەبباس دەڵێت: من خزمەتکاری عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب بووم و موسڵمان بووبووم، ئوممولفەضلي ژنی عەبباس و خودی عەبباسیش موسڵمان بووبوون، بەڵام عەبباس موسڵمانبوونەکەی خۆی دەشاردەوە.[5]

لەم بەسەرهاتەوە روونتر بابەتەکەمان بۆ روون دەبێتەوە:

کاتێک حەججاج موسڵمان بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من لە مەککە ژن و منداڵ و سامانم جێهێشتووە، دەبێت بچم بیانهێنم، جا ئەگەر ناچار کرام بەرامبەر بە تۆ قسە بڵێم مۆڵەتم دەدەیت؟ پێغەمبەریش(ﷺ) مۆڵەتی پێدا تا چی ویست بیڵێت، ئەویش چوویەوە بۆ مەککەو بە ژنەکەی وت: چیت هەیە کۆی بکەرەوە چونکە من دەمەوێت شتێک لە سامانی فەوتاوو مەرِو ماڵاتی موحەممەد و هاوەڵانی بکڕم، چونکە ئەوان لە جەنگدا دۆڕاون و حاڵیان شڕە،[6] وا موحەممەد لەلایەن جوولەکەکانەوە

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص١٦٠.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص٢٨٤.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص٢٧٨.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص١٦٣.

[5] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث أبي رافع(ﷺ)، الرقم ٢٤٣٧٨، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[6] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٢٦٠٤؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب

بەدیل گیراوەو هاوەڵەکانیشی یان کوژراون یان بڵاوەیان لێکردووە،[1] ئەو هەواڵە لە مەککە بڵاوبوویەوەو موسڵمانەکانی مەککە پێی دڵگران بوون و بێباوەڕەکانیش پێی دڵخۆش بوون، هەواڵەکە گەیشتە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب، عەبباسیش کە ئەوەی بیست لە پێ کەوت و دۆش داما و نەیئەتوانی بجووڵێت، ئینجا عەبباس کوڕێکی هەبوو کە ناوی قوثەم بوو و زۆر لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو، راکشا و لەسەر سنگی داینا و شیعری دەهۆنیەوە کە تیایدا دەیوت: خۆشەویستم لە پێغەمبەری خوا دەچێت:

حبي قثم حبي قثم

شبيه ذي الأنف الأشم

نبي رب ذي النعم

برغم أنف من رغم

ئینجا غولامێکی نارد بۆ لای حەججاجی کوڕی عیلاط و پێی وت: ماڵوێران ئەمە چ هەواڵێک بوو هێنات؟ تۆ چی دەڵێیت؟ بەڵێنی خوا لەو هەواڵەی تۆ باشترە، حەججاجیش بە غولامەکەی وت: سەلامم بگەیەنە بە ئەبولفەضل و پێی بڵێ: بچێتە ماڵێکەوە تا بە تەنها ببینم، چونکە هەواڵێکم هەیە بۆی کە دڵی خۆش دەکات، غولامەکە هاتەوە، کە گەیشتەوە بەردەرگا، وتی: موژدەت لێ بێت ئەی ئەبولفەضل، عەبباسیش لە خۆشیدا خۆی بۆ فڕێدا و ناوچاوانی ماچ کرد، ئەویش هەواڵی قسەکانی حەججاجی پێدا، عەبباسیش ئەو غولامەی ئازاد کرد، ئینجا چوو بۆ لای حەججاج و ئەویش هەواڵی دروستی پێ وت، وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) خەیبەری فەتح کردووەو سامانی ئەوانی بە دەستکەوت گرتووە، پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکاندا صەفیەی کچی حویەی بۆ خۆی هەڵبژارد و سەرپشکی کرد ئایا ئازادی

في الخلافة والإمارة – ذكر ما يستحب للإمام بذل عرضه لرعيته إذا كان في ذلك صلاح أحوالهم في الدين والدنيا، الرقم ٤٥٣٠، صححه شعيب الأرناؤوط.

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٠٨.

بکات و ببێتە ژنی یان بچێتەوە بۆ ناو ماڵ و کەسوکاری خۆی، ئەویش پێی باش بوو ئازادی بکات و شوو بکات بە پێغەمبەر(ﷺ)، منیش بۆیە هاتوم بۆ ئێرە تا ئەو سامان و ژن و منداڵەی لێرە هەمە ببیەم و بڕۆم، مۆڵەتیشم لە پێغەمبەر(ﷺ) وەرگرت و ئەویش مۆڵەتی دام چی پێویست بکات بیڵێم، جا تکام وایە تا سێ رۆژ هیچ نەڵێیت، دوای سێ رۆژەکە چیت پێ خۆش بوو باسی بکە، ئەوەبوو ژنەکەی حەججاج چی خشڵ و پێویستی هەبوو کۆی کردەوەو دای بە حەججاج و حەججاجیش هەموو برد لەگەڵ خۆی و کەوتەڕێ، دوای تێپەڕبوونی سێ رۆژەکە عەبباس چوو بۆ لای ژنەکەی حەججاج و وتی: مێردەکەت کوا؟ ئەویش هەواڵی ئەوەی پێدا کە حەججاج چووە بۆ مەدینە، ئینجا وتی: خوا سەرشۆڕت نەکات ئەی ئەبولفەضل ئەوەی پێت وتین زۆر لەسەرمان قورس بوو، ئەویش وتی: بەڵێ خوا سەرشۆڕم ناکات، سوپاس بۆ خواش تەنها ئەوە روویداوە کە حەزمان پێ بووە، حەججاج هەواڵی پێداوم کە خوای گەورە فەتحی خەیبەری بەخشیوە بە پێغەمبەرەکەی و تیایدا پشکەکان جیاکراونەتەوەو پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی هەڵبژاردووە بۆ خۆی، جا ئەگەر پێویستیەکت هەیە بە مێردەکەت ئەوە بڕۆ و خۆت بگەیەنە پێی، ژنەکەی حەججاجیش وتی: سوێند بەخوا بڕوات پێ دەکەم، ئەویش وتی: من راست دەڵێم و مەسەلەکە ئاوەهایە کە پێم وتیت، ئینجا عەبباس چوویەدەرەوەو چوو بۆ کۆڕی قورەیشیەکان و دەیبیست دەیانوت ئەی ئەبولفەضل بەس خێرت بێتەڕێ، ئەویش وتی: سوپاس بۆ خوا خێرم هاتوەتەڕێ و حەججاجیش هەواڵی پێداوم کە خوای گەورە فەتحی خەیبەری بەخشیوە بە پێغەمبەرەکەی و تیایدا پشکەکان جیاکراونەتەوەو پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی هەڵبژاردووە بۆ خۆی، حەججاج داوای لێکردم سێ رۆژ ئەو قسەی بشارمەوەو نەیڵێم، ئەو تەنها بۆ ئەوە هاتبوو چی سامانی هەیە بیبات و بڕوات، بەو هەواڵە

خوای گەورە دڵتەنگی سەر موسڵمانانی هەڵگرت و دای بەسەر بێباوەڕاندا، چی موسڵمانی دڵتەنگی مەککەش هەبوون دەهاتن بۆ لای عەبباس، ئەویش هەواڵی پێدەدان و موسڵمانانیش دڵخۆش دەبوون.[1]

ئەم بەسەرهاتە بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی عەبباسی مامی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێشتر موسڵمان بووەو مانەوەی لە مەککە بە رێنمایی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بووە تا هەم هەواڵی قورەیشیەکان بنێرێت بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ)، هەم ئاگای لە موسڵمانبووەکانی ناو مەککە بێت، وەک دەبینین کاتێک هەواڵی ناخۆش سەبارەت بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمانان دەبیستێت زۆر دڵتەنگ دەبێت، هەروەها کاتێکیش هەواڵە راست و دڵخۆشکەرەکە دەبیستێت زۆر دڵخۆش دەبێت، موسڵمانانیش دێن بۆ لای و ئەویش موژدەیان پێ دەدات، واتە لەوێ وەک جەمسەرێک بووە بۆ موسڵمانە لاوازەکانی ناو مەککە کە توانای کۆچیان نەبووەو هەواڵی خۆشی و ناخۆشی موسڵمانانیشیان لەوەوە وەرگرتووە، لەو بارەوە ئیبن عەبدولبەر دەڵێت:(دەوترێت عەبباس پێش غەزای بەدر موسڵمان بووەو هەواڵی بێباوەڕانی دەنارد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانانی مەککە وەک پشتێک تەماشای عەبباسیان دەکرد، عەبباس حەزی لەوە بوو بچێت بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) نامەی بۆ نووسی کە مانەوەت لە مەککە باشترە، بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە رۆژی بەدردا فەرمووی:(هەرکامتان گەیشت بە عەبباس با نەیکوژێت، چونکە ئەو بە ناچاری هاتووە)،[2] هەروەها عەبباس وردەکاری کارو ئامادەکاریەکانی قورەیشیەکانی بە نامە دەنووسی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) وەک چۆن لە غەزای ئوحوددا کاتێک قورەیش خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ عەبباس هەموو زانیاریەکانی بە نامەیەکدا نارد بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[3]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٢٦٠٤؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب في الخلافة والإمارة - ذكر ما يستحب للإمام بذل عرضه لرعيته إذا كان في ذلك صلاح أحوالهم في الدين والدنيا، الرقم ٤٥٣٠، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٢، ص ٨١٢.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣٧.

عەبباس لە جەنگی بەدردا:

عەبباس بە ناچاری و بە نابەدڵی لە جەنگی بەدردا لەگەڵ بێباوەڕاندا بەشداری کرد و تیایدا بە دیل گیرا، جا کابرایەکی باڵاکورتی پشتیوانی عەبباسی بە دیلی هێنا، کە گەیشتنە لای پێغەمبەر(ﷺ)، عەبباس وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەخوا ئەمە منی بەدیل نەگرت، کەسێکی زۆر کەشخە کە لەسەر ئەسپێکی رەش و سپی بوو منی گرت، ئەو کەسە لەناو ئەم خەڵکەدا نابینم، کابرای پشتیوانی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من ئەوم بەدیل گرت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بێدەنگ بە، خوا بە فریشتەیەکی رێزدار پاڵپشتی کردیت.[1]

پێش ئەوەی جەنگی بەدر رووبدات، پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو هەرکەس عەبباسی بینی نەیکوژێت چونکە بە نابەدڵی دەرچووە،[2] ئەبووحوذەیفە وتی: یانی باوک و کوڕ و برای خۆمان بکوژین و عەبباس نەکوژین؟! بەخوا بگەم پێی بە شمشێر پارچە پارچەی دەکەم، پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە، بە عومەری فەرموو (يَا أَبَا حَفْصٍ يُضرَبُ وَجهُ عَمِّ رَسُولِ اللهِ بِالسَّيْفِ) (ئەی ئەبووحەفص رەوایە بە شمشێر بدرێت لە دەموچاوی مامی پێغەمبەری خوا؟)، عومەر وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتم بدە بە شمشێر بدەم لە گەردنی ئەو کابرایە، ئەوە موونافیق بووە، ئەبووحوذەیفە پەشیمان بوو لەو قسەی دەیکرد و دواتریش هەمیشە دەیوت: هیچ کات دڵنیا نیم لەو قسەی ئەو رۆژە کردم و هیوام وایە تەنها شەهیدبوونم ئەو تاوانەم لەسەر بسڕێتەوە.[3]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ٩٦٣، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٨٤.

[3] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب أبي حذيفة - دعاء أبي حذيفة لشهادته، الرقم ٥٠٢٠.

ئەو شەوەی عەبباس دیل بوو پێغەمبەر(ﷺ) نەخەوت، هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆچی ناخەویت؟ فەرمووی: نرکەی عەبباسی مامم بیست کە کۆتکراوە، ئەوانیش چوون کۆتەکەیان لابرد، ئیتر عەبباس بێدەنگ بوو، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) خەوت.[1]

عەبباس کەسێکی کەشخەو باڵابەرز بوو، جەستەی بەخۆ بوو، لە کاتی بەندکردنەکەیدا جلێکیاندەست نەدەکەوت بۆی ببێت، تەنها جلەکەی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول نەبێت، بۆیە جلەکەی ئەویان کردە بەری، پێغەمبەریش(ﷺ) ئەو چاکەی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی لەبیر نەکرد و کاتێک مرد، هەرچەندە سەرکردەی دووڕووەکان بوو، کەچی جلەکەی خۆی کرد بە کفن بۆی.[2]

دواتر پێغەمبەر(ﷺ) بە عەبباسی فەرموو ئەی عەبباس خۆت و عەقیلی برازات و نەوفەلی کوڕی حارث و عوتبەی هاوپەیمانت بە سامان ئازاد بکە، چونکە تۆ سامانت هەیە، ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) من موسڵمان بووم، بەڵام هۆزەکەم بە زۆر منیان هێنا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوا زاناترە بە موسڵمان بوونت، ئەگەر وابێت کە دەیڵێیت ئەوە خوا پاداشتت دەداتەوە، بەڵام رووکەشی بارەکەت ئەوەیە کە دەبێت خۆت ئازاد بکەیت، ئەویش وایکرد.[3]

کاتێک بێباوەڕان خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگی ئوحود، عەبباس وردەکاری زانیاری بێباوەڕانی بە نامەیەک نووسی بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[4]

کۆچی عەبباس بۆ مەدینە

ماوەیەک پێش فەتحی مەککە، عەبباس بە ژن و منداڵیەوە کەوتەڕێ بۆ مەدینە، بەڵام لە نیوەی ڕێدا گەیشت بە پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوو بۆ فەتحی مەککە.[5]

[1] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب السير - جماع أبواب السير - باب الأسير يوثق، الرقم ١٨٢١٦.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٦.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٣-١٤.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣٧.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٨٧.

عەبباس لە فەتحی مەككەدا

لە شەوی فەتحی مەككەدا عەبباس بە ئەبووسوفیانی وت: ماڵوێران سەرکەوە با بتبەم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و داوای پەنات بۆ بکەم، ئەبووسوفیانیش لە دوای عەبباسەوە سەرکەوت، بەردەوام دەیاندا بە لای ئاگری موسڵماناندا و یەک یەک عەبباس دەستەکانی پێ دەناساند، کە گەیشتە لای ئاگرەکەی عومەری کوڕی خەططاب، عومەر چوو و ئەبووسوفیانی بینی، وتی: ئەبوسوفیان، ئەی دوژمنی خوا، سوپاس بۆ خوا کە بێ بوونی پەنا و بەڵێنێک تۆی خستە بەردەستم، ویستی بیکوژێت کە عەبباس نەیهێشت، عومەر بەوەوە نەوەستا لەگەڵیان چوو تا گەیشتنە لای پێغەمبەر(ﷺ)، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەمە دوژمنەکەی خوا بێ بوونی پەنا و بەڵێنێک کەوتووەتە بەردەستم، دەرفەت بدە تا بدەم لە گەردنی، عەبباس وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) من پەنام داوە، ئینجا عەبباس وتی: ئەی عومەر ئیتر بەسە، ئەگەر ئەمە كەسێک بوایە لە بەنی عەددی وات نەدەوت، بەڵام دەزانیت لە بەنی عەبدمەنافە وا دەڵێیت، عومەر وتی: راوەستە عەبباس، سوێند بەخوا موسڵمانبوونەکەی تۆم لە موسڵمانبوونی خەططاب لا خۆشتر بوو، چونکە دەمزانی موسڵمان بوونی تۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) لە موسڵمانبوونی خەططاب خۆشترە، ئینجا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەی عەبباس بیبە بۆ لای خۆت و کە بەیانی هات بیهێنە بۆ لام، بۆ بەیانی عەبباس ئەبووسوفیانی هێنایەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ماڵت وێران بێت ئەبووسوفیان ئیتر کاتی نەهاتووە بزانیت هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خودا؟! ئەبووسوفیان وتی: بە دایکو باوکمەوە بەقوربانت بم چەندە لەسەرخۆ و خزم دۆست و بەخشندەیت، عەبباسیش وتی: ماڵوێران دەی موسڵمان بە پێش ئەوەی بدات لە گەردنت، ئەبووسوفیانیش شایەتومانی هێنا.[1]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٩٠.

عەبباس وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەبووسوفیان حەزی بە شانازی و ناوبانگە، بەڵکو پایەیەکی بۆ دابنێیت، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (نَعَمْ، مَنْ دَخَلَ دَارَ أَبِي سُفْيَانَ فَهُوَ آمِنٌ، وَمَنْ أَغْلَقَ بَابَهُ فَهُوَ آمِنٌ) (بەڵێ، هەرکەس بچێتە ماڵی ئەبووسوفیانەوە پارێزراوە، هەرکەسیش دەرگای ماڵی خۆی دابخات پارێزراوە).[1]

پێشتر لە ژیانی (صەخری کوڕی حەرب) وردەکاری ململانێی نێوان هاشمی و ئومەویەکانمان باسکردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

پاش فەتحی مەککە

عەبباس پاش فەتحی مەککە لە نزیکی پێغەمبەرەوە(ﷺ) بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر رێزی لە عەبباس دەنا و سەردانی دەکرد،[2] لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد و لای مایەوەو ئەو کاتەی موسڵمانان شکان و بڵاوەیان کرد لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ)، عەبباس یەکێک بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) مایەوەو بەرگری لێدەکرد.[3]

جارێک عەبباس بەوپەڕی تووڕەییەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: چی تووڕەی کردویت؟ عەبباس وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) قورەیش چیانە؟ کە بە یەکتر دەگەن بەیەکەوە روویان خۆشە، کەچی کە بە ئێمە دەگەن دەموچاویان جۆرێکی ترە، پێغەمبەر(ﷺ) تووڕە بوو تا ئەوەی دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو دواتر فەرمووی: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يَدْخُلُ قَلْبَ رَجُلٍ الْإِيمَانُ حَتَّى يُحِبَّكُمْ لِلهِ وَلِرَسُولِهِ) (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئیمان ناچێتە دڵی کەسێکەوە تا ئێوەی لەبەر خواو پێغەمبەرەکەی خۆش نەوێت) پاشان فەرمووی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ، مَنْ آذَى عَمِّي فَقَدْ آذَانِي، فَإِنَّمَا عَمُّ الرَّجُلِ صِنْوُ أَبِيهِ) (ئەی

[1] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب المغازي - حديث فتح مكة، الرقم ٣٨٠٧٨؛ سنن أبي داود - كتاب الخراج والفيء والإمارة - باب ما جاء في خبر مكة، الرقم ٣٠٢١، حسنه الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٤.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٤.

خەڵکینە هەرکەس ئازاری مامم بدات ئەوە ئازاری منی داوە، چونکە مامی هەر کەسێک هاوتای باوکیەتی).[1]

عەبباس دەڵێت: لە رۆژی حونەیندا لەگەڵ ئەبووسوفیان لە دەوری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بووین و لێی جودا نەدەبووینەوە، کە جەنگەکە روویداو موسڵمانان رایانکرد، من جڵەوی هێسترەکەی پێغەمبەری خوام(ﷺ) گرت بۆ ئەوەی غار نەدات، ئەبووسوفیانیش هاوکارم بوو و مابوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی عەبباس هاوار بکە لە هاوەڵانی سەمورە-جۆرێک دارە- منیش کەسێکی دەنگ بەرز بووم، تا توانیم هاوارم کرد هاوەڵانی سەمورە کوان؟ هەرکە دەنگی منیان بیست خێرا هاتن بەدەم بانگەوازەکەمەوەو وتیان: بەڵێ، هاتن و لەگەڵ بێباوەڕان جەنگان تا سەرکەوتین.[2]

جارێک رەبیعە هاودەم بە عەبباسی مامی پێکەوە قسەیان دەکرد، وتیان: خۆزگە ئەم دوو کوڕەی خۆمان دەنارد، واتە (عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعە) بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتەی بسپاردایە بەوان، ئیتر خەڵکی چی دەستکەوتایە ئەوانیش دەستیان دەکەوت و خەڵکی چی ببەخشیایە ئەوانیش دەیانبەخشی لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوو طالیب هات و ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، عەلی وتی: شتی وا مەکەن چونکە سوێند بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە ناکات، بەڵام رەبیعە کەناری گرت لێی و پێی وت: بەخوا لە حەسوودیتەوەیە وا دەڵێیت، تۆ بوویت بە زاوای پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە حەسوودیمان پێ نەبردیت، عەلی وتی: دەی بیاننێرن، ئینجا عەلی راکشا، ئەوەبوو ئەو دوانە چوون، دوای ئەوەی

[1] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب أبي الفضل عم النبي(ﷺ) وهو العباس بن عبد المطلب(رضي الله عنه)، الرقم ٣٧٥٨ وقال هذا حديث حسن صحيح.

[2] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب في غزوة حنين، الرقم ١٧٧٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر العباس بن عبد المطلب(رضي الله عنه)، الرقم ٧٠٤٩.

پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد عەبباس و هاوڕێکەی چوون بۆ ژوورەکەی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوەی لە ناختاندایە دەریبڕن)، ئەوکات پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی زەینەبی کچی جەحش بوو، عەبدولموطەلیب دەڵێت: هەریەکەمان چاوەڕێ بووین ئەوی ترمان قسە بکات، دواجار یەکێکمان قسەی کرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ چاکترین و خزم دۆستترین کەسیت، بیستوومانە هاوسەرگیریت کردووە، جا هاتوین تا هەندێ لە کۆکردنەوەی زەکات بسپێریتە دەستمان، ئیتر ئێمەش وەک ئەو خەڵکە ماف و ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنین، پێغەمبەر(ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و لەولاشەوە زەینەبی خێزانی بە ئاماژەی چاو پێی دەوتین هیچی پێ مەڵێنەوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد إنما هي اوساخ الناس)،[1] (زەکات بۆ بنەماڵەی موحەممەد ڕەوا نیە، بەڵکو زەکات پاشماوەی چڵکی دەستی خەڵکە).

عەبباس لە کاتی نەخۆشی پێغەمبەردا(ﷺ)

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت، خەڵکی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان وت: ئەرێ پێغەمبەر(ﷺ) حاڵی چۆنە؟ وتی: سوپاس بۆ خوا باشەو چاک دەبێتەوە، عەبباس دەستی عەلی گرت و وتی: مەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) نابینیت؟ بەخوا وای دەبینم پێغەمبەر(ﷺ) لەم نەخۆشیەیدا کۆچی دوایی دەکات، با بچین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیاری لێ بکەین بزانین کارو بەرپرسیاریەتی دواتر بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمەیە با بیزانین، ئەگەریش بۆ ئێمە نیە پێی دەڵێین و وەسیەتمان بۆ دەکات، عەلی وتی: بەخوا ئەگەر لەو بارەوە پرسیار لە پێغەمبەر(ﷺ) بکەین -داوای بکەین- و رازی نەبێت پێمان ببەخشێت، ئیتر هەرگیز خەڵکی پێمان نابەخشێت، منیش هەرگیز ئەو پرسیارە لە پێغەمبەر(ﷺ) ناکەم.[2]

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب ترك استعمال آل النبي على الصدقة، الرقم ١٠٧٢.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب مرض النبي(ﷺ) ووفاته، الرقم ٤٤٤٧.

عەبباس یەکێک بوو لەوانەی کە تەرمی پێغەمبەری خوای(ﷺ) شۆرد،[1] دواتریش پێش هەموان نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد،[2] کە تەرمەکەشی خرایە ناو گۆڕەکەی، عەبباس یەکێک بوو لەوانەی دابەزیە ناو گۆڕەکەی.[3]

عەبباس لە سەردەمی ئەبوویەکری صدیقدا

پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتدان بە ئەبووبەکری صدیق، فاطیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) و عەبباسی مامی پێغەمبەریش(ﷺ) چوون بۆ لای ئەبووبەکرو داوای میراتییان کرد، ئەبووبەکریش پێی راگەیاندن کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی دوای خۆی میراتی جێناهێڵێت و هەرچی جێهێشت ئەوە صەدەقەیە.[4]

لێرەدا مشتومڕێکی مێژوویی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکری صدیق یان دواتر بەیعەتی داوە.

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەڵێت: دەستەیەک لە کۆچەران و پشتیوانان دواکەوتن لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر و هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووذەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[5]

پێشتر لە ژیانی جوندوبی کوڕی جونادەدا (ئەبووذەری غیفاری) باسی راستی ئەم گێڕانەوەمان کردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٢٧٨.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٢٩٠.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٢٩١.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣١٥.

[5] تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج٢، ص ١٢٤.

عەبباس لەسەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفەو مووچەی بۆ خەڵکی بڕیەوە، بۆ عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) پێنج هەزار درهەمی دیاری کرد چونکە مامی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، رایەکیش دەڵێت: حەوت هەزار درهەمی بۆ تایبەت کرد.[1]

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب کە وشکەساڵی روویدا، عومەری کوڕی خەططاب ئیستیسقای بارانی بە عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) کرد، ئەوەبوو خوای گەورە بارانی باراند.[2]

فەرموودەیەک بە صەحیحی هاتووە کە مشتومڕێک لەسەر روانینی عەلی بۆ میراتی پێغەمبەر(ﷺ) دەخاتەڕوو، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

مالیکی کوڕی ئەوس دەڵێت: عومەری کوڕی خەططاب ناردی بە شوێن مندا، منیش چووم بۆ لای و ئەوکات خۆر لە بەرزایی ئاسمان بوو، دەبینم لەماڵەوە دانیشتووەو لەسەر پشتیەکی پێستە پاڵی داوەتەوە، پێی وتم: ئەی مال-ناوەکەی کورت کردوەتەوە- خەڵکێ لە هۆزەکەت هاتن و منیش بەخششێکی کەمم کردن، بڕۆ لە نێوانیاندا دابەشی بکە، منیش وتم: بریا کەسێکی ترت لەبری من راسپاردایە، ئەویش وتی: مالیک لێنەوە، ئینجا یەرفەء -پەردەدارەکەی عومەر- هات و وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەت دەدەیت عوثمان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بێنە ژوورەوە؟ عومەر وتی: بەڵێ، ئەویش مۆڵەتی پێدان و هاتنە ژوورەوە، ئینجا یەرفەء هاتەوەو وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەتی عەبباس و عەلی دەدەیت بێنە ژوورەوە؟ وتی: بەڵێ، مۆڵەتی دا و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، عەبباس وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران لەنێوان من و ئەم درۆزنە تاوانبارە ناپاکە خیانەتکارەدا دادوەری بکە-مەبەستی عەلی

[1] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٣، ص ٢٩٧.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٦.

بوو- ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وتیان: بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران دادوەری نێوانیان بکەو ڕەحم بەرامبەریان بنوێنە، -مالیک دەڵێت: وام هاتە پێش چاو ئەو چوارەش بۆ هەمان شت هاتبوون بۆ لای عومەر- عومەر وتی: لەسەرخۆ بن، دواتر ڕوویکردەوە ئەو دەستەیە و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان: بەڵێ، ئینجا تەماشای عەلی و عەبباسی کرد و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان: بەڵێ، عومەر وتی: دەی خوا تایبەتمەندیەکی بە پێغەمبەر(ﷺ) بەخشیوە کە بە هیچ کەسی تری نەبەخشیوە، خوا دەفەرموێت (وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) لەوەش ئەوەی بەنو نەضیر بوو، دەی بەخوا تایبەتی نەکرد بە خۆی و بێبەشی نەکردن، پێغەمبەر(ﷺ) خەرجی ساڵێک یان خەرجی ساڵێکی خۆی و خێزانەکانی لێ هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە لە ڕێی خوادا دەیبەخشی، ئینجا عومەر ڕوویکردە ئەو چوارەی تر و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەوە دەزانن؟ وتیان: بەڵێ، ئینجا لایکرد بە لای عەلی و عەبباسدا و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەم دوانەشتان ئەمە دەزانن؟ وتیان: بەڵێ، عومەر وتی: کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووبەکر وتی: من دۆست و وەلی پێغەمبەری خوام(ﷺ)، تۆ- عەبباسی دەدواند- و ئەمە-واتە عەلی- چوون بۆ لای ئەبووبەکر، تۆ میراتی برازاکەتت داوا دەکرد-واتە پێغەمبەر(ﷺ)- ئەمیش میراتی ژنەکەی-واتە فاطیمە- لە باوکیەوە -واتە پێغەمبەر(ﷺ)- داوا دەکرد، ئەبووبەکر وتی:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی(میراتی جێناهێڵین، ئەوەی جێی دەهێڵین صەدەقەیە)، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی درۆ دەکات و تاوانبار و ناپاکە، خواش دەزانێت راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو بوو و شوێن حەق کەوتبوو، ئەوەبوو دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر کە ئەبووبەکر وەفاتی کرد من وتم: من دۆست و وەلی پێغەمبەر(ﷺ) و دۆست و وەلی ئەبووبەکرم، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی من درۆ دەکەم و تاوانبار و ناپاک و خیانەتکارم، خواش زانایە کە من راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو و شوێنکەوتەی حەقم، ئەوەبوو دەسەڵاتم گرتەدەست، ئینجا ئێستا تۆ و ئەمە و هەموو ئێوەش هاتون و قسەتان یەکەو لەو بارەوە پرسیار لە من دەکەن-واتە باری دەسەڵات- منیش دەڵێم ئەگەر ئەم دوانەتان دەتانەوێت ئەوە بدەمە ئێوەو بەرامبەر بەوە بەڵێنی خواتان لەسەر بێت کە بەو جۆرەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری بوو لەسەری برۆن، لەسەر ئەوە لە منی وەربگرن و دواتر بێن بۆ لام و داوا بکەن بە بارێکی تر-جیا لەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دەرۆیشت- دادوەری نێوانتان بکەم؟! نا بەخوا تا رۆژی دوایی جگە لەوە-کە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دەچوو- دادوەری نێوانتان ناکەم، ئەگەریش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئەوە بیدەنەوە دەست خۆم.[1]

لەم فەرموودەدا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەکەوە هەموو ئەو هاوەڵانە دانیان بەوەدا ناوە کە بیستوویانە لە پێغەمبەر(ﷺ) میراتی جێناهێڵێت و لەوەدا ئەبووبەکر لەسەر حەق بوو کە میراتی نەبەخشی بە فاطیمە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر بوونی کێشەی نێوان هاوەڵان و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها عومەر لە هەڵوێستی عەلی و عەبباسەوە روانینی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نیشانداوە کە لەوانەیە ئەوان ئەویش و

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب حديث بني النضير ومخرج رسول الله(ﷺ) إليهم، الرقم ٤٠٣٣؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب حكم الفيء، الرقم ١٧٥٧؛ سنن أبي داود - كتاب الخراج والفيء والإمارة - باب في صفايا رسول الله(ﷺ) من الأموال، الرقم ٢٩٦٣.

ئەبووبەکریش بە درۆزن و ناپاک تەماشا بکەن، لەکاتێکدا بەپێی گێڕانەوەی تر کە باسمان کردووە ئەو گومانە نەبووە، بەڵام ئەم دەربڕینە هاوشێوەی ئەوەیە کەسێک کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت بۆ زیاتر سەلماندنی حەقبوونی دەڵێت: هەرچەندە تۆ وادەزانیت من ئاواو ئاوەهام، لەلایەکەوە تا ئەگەر ناخی بەرامبەر شتێکی تێدا بێت ڕێی بۆ بکاتەوە تا ئاشکرای بکات، لەلایەکی تریشەوە تا پێی بڵێت من رام وایە تۆ وا بیر دەکەیتەوە.

هاوەڵان پلەوپایەی عەبباسیان دەزانی و ڕێزێکی زۆریان لێدەگرت و راوێژیان پێدەکرد.[1]

کۆچی دوایی عەبباس

عەبباس لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا تووشی نەخۆشی بوو و دواجار لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان و پێش کوژرانی عوثماندا لەساڵی سی و دووی کۆچی و لە رۆژی هەینی و لە دوانزەی رەجەب یان دوانزەی رەمەزاندا لە مەدینە کۆچی دوایی کرد و عوثمانی کوڕی عەففان نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا، لە کاتی وەفاتیدا تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵان بوو.[2]

عەبباس تا کاتی وەفاتی نزیکەی حەفتا کۆیلەی ئازاد کرد،[3] چونکە کەسێکی بازرگان بوو، دەوڵەمەند بوو و خێری زۆری دەکرد.

عەبباس دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (ذاق طعم الإيمان، من رضي بالله ربا وبالإسلام دينا وبمحمد نبيا)،[4] (ئەوە چێژی ئیمانە، کەسێک رازی بێت خوا پەروەردگاری بێت و ئیسلام ئایینی بێت و موحەممەد پێغەمبەری بێت).

عەبباس دەڵێت: جارێک پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فێری شتێکم بکە کە داوای بکەم لە خوا، فەرمووی:(داوای

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٦.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٦.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٦.

[4] صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب ذاق طعم الإيمان من رضي بالله ربا، الرقم ٣٤.

عافیەت لە خوا بکە)، چەند رۆژێک پاش ئەوە هەمدی هەمان پرسیارم کردەوە لە پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: (يَا عَبَّاسُ، يَا عَمَّ رَسُولِ اللهِ، سَلِ اللهَ الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ) (ئەی عەبباس، ئەی مامی پێغەمبەری خوا، داوای عافیەت لە خوا بکە لە دنیا و قیامەت).[1]

٢٠١١. عەبەسی کوڕی عامیر(ﷺ)

ناوی عەبەسی کوڕی عامیری کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و ئوحود.[2]

٢٠١٢. عەبدەی خزمەتکار(ﷺ)

ناوی عەبدەیەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[3]

٢٠١٣. عەبدەی کوڕی موسەیر(ﷺ)

ناوی عەبدەی کوڕی موسەیرەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمانی پێکرد لە ناوچەی خۆیان ئەسپ راگیر بکات.[4]

٢٠١٤. عەبدەی کوڕی موعتیب(ﷺ)

ناوی عەبدەی کوڕی موعتیبی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[5]

---

[1] جامع الترمذي – أبواب الدعوات عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٣٥١٤و قال حديث صحيح.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٣٧.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٩٢.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٩١.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٩١.

٢٠١٥. عەبدرەببیهی کوڕی مورەقیع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدرەببیهی کوڕی مورەقیعی تەمیمی سەعدیە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوەکەی گۆڕی.[١]

٢٠١٦. عەبدقەیسی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدقەیسە و لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، ئیبن حەجەر دەڵێت: پێم وا نیە پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نەگۆڕیبێت.[٢]

٢٠١٧. عەبدوڕەحمانی باوکی خەللاد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانەو باوکی خەللادە، لە غەزای تەبووکدا بەشداربوو،[٣] فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە لە غەزای تەبووکدا پێغەمبەر(ﷺ) وتاری پێشکەش کردووە.[٤]

٢٠١٨. عەبدوڕەحمانی کوڕی بودەیل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائە، برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدولا کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، پێغەمبەر(ﷺ) عەبدولا و عەبدوڕەحمانی وەک نوێنەر نارد بۆ یەمەن، دواتر هەریەک لە عەبدوڕەحمان و عەبدولای برای تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیان و لە جەنگی صفیندا لەناو سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداربوون.[٥]

---

(١) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٨١.

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٨٠.

(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٥، ص ٣٦٩.

(٤) الزهد الكبير للبيهقي، الرقم ٨١٢.

(٥) أسد الغابة، ج٣، ص ٤٤٢.

٢٠١٩. عەبدوڕەحمانی کوڕی بیشر(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی بیشر یان کوڕی بەشیرە، لە پشتیوانانە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە،[1] عەبدوڕەحمان دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(من مات له ثلاثة من الولد، لم يبلغوا الحنث، لم ير النار إلا عابر سبيل)،[2] (هەرکەس سێ منداڵی بمرێت کە نەگەیشتبنە تەمەنی باڵغ بوون، ئەوە دۆزەخ نابینێت مەگەر وەک بینینی تێپەڕبوونی ڕێبوارێک).

٢٠٢٠. عەبدوڕەحمانی کوڕی جابیر(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی جابیری عەبدیە، وەک ئەندامێکی وەفدی عەبولقەیس هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[3]

٢٠٢١. عەبدوڕەحمانی کوڕی حەنبەل(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەنبەلی جومەحیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەو دواتر لە حونەیندا بەشدار بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە فتووحاتدا بەشداری کرد، لە فەتحی دیمەشقدا بەشدار بوو.[4]

٢٠٢٢. عەبدوڕەحمانی کوڕی حەییان(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەییانی عەبدیە، وەک ئەندامێکی وەفدی عەبدولقەیس هاودەم بە حەکەمی برای هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٩٠.
[2] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤١٤٤.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٩٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٩٧.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ١٠٠.

٢٠٢٣. عەبدوڕەحمانی کوڕی خەبباب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی خەببابە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای تەبووک، عەبدوڕەحمان دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) بووم کە خەڵکی هاندەدا تا هاوکار بن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی سوپای تەبووک، عوثمانی کوڕی عەففان هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دووسەد وشتر بە شمەکەکانیەوە لە ڕێی خوادا لەسەر من، دواتر پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هەمدی خەڵکی هاندەدا، عوثمان هەمدی هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دووسەد وشتر بە هەموو شمەکەکانیەوە لەڕێی خوادا لەسەر من، هەمدی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) خەڵکی هاندەدا، عوثمان هەمدی هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سێ سەد وشتر بە هەموو پێداویستیەکانیەوە لە ڕێی خوادا لەسەر من، پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لە سەر مینبەرەکە دادەبەزی و دەیفەرموو (ما على عثمان ما عمل بعد هذه، ماعلى عثمان ما عمل بعد هذه)،[1] (دوای ئەمە عوثمان هەرچی بکات لەسەری نیە، دوای ئەمە عوثمان هەرچی بکات لەسەری نیە).

٢٠٢٤. عەبدوڕەحمانی کوڕی خیراش(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی خیراشە، لە پشتیوانانەو کونیەکەی ئەبوو لەیلایە، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی صفین بوو.[2]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل – أول مسند المدنيين(رضي الله عنهم) أجمعين – حديث عبد الرحمن بن خباب السلمي(رضي الله عنه) ؛ ١٦٩٦٧؛ جامع الترمذي – أبواب المناقب عن رسول الله(صلى الله عليه وسلم)، الرقم ٣٧٠٠ و قال حديث غريب، ضعفه شعيب الأرناؤوط، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم ٣٧٠٠.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٠٠.

٢٠٢٥. عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕەبیع(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕەبیعە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) کەسێکی نارد بۆ لای پیاوێکی ئەشجەعی تا زەکاتی لێ وەربگرێت، کابرا ڕازی نەبوو، تا سێ جار ئەمە ڕوویدا، لە جاری سێیەمدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر ڕازی نەبوو ئەوە بدە لە گەردنی.[١]

٢٠٢٦. عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕوقەیش(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕوقەیشی ئەسەدیە، برایەکی هەبوو بە ناوی زەید، هاودەم بە زەیدی برای پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد.[٢]

٢٠٢٧. عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیر

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیرەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: ژنەکەی ریفاعەی قورەظی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ریفاعە منی تەڵاق داوە، تەڵاقەکەشی وایە کە گەڕانەوەی تێدا نیە، دوای ئەوە من شووم کردووە بە عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیر، بەڵام هەر ئەوەی چێژ و خۆشی بێت لەم پیاوە نایبینم،[٣] پێغەمبەریش(ﷺ) کە قسەکانی ئەو ژنەی بیست زەردەخەنەیەکی کرد،[٤] پاشان فەرمووی:(لعلک تریدین أن ترجعي إلى

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٠٣.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٠٥.

[٣] صحيح البخاري - كتاب الطلاق - باب من أجاز طلاق الثلاث، الرقم ٥٢٦٠.

[٤] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب لا تحل المطلقة ثلاثا لمطلقها حتى تنكح زوجا غيره، الرقم ١٤٣٣.

رفاعة؟ لا حتى يذوق عسيلتك و تذوقي عسيلته)،[1] (لەوانەیە مەبەستت ئەوە بێت بتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ لای ریفاعە، نا شتی وانیە تا ئەوەی دەبێت تۆ و عەبدوڕەحمان تامی هەنگوینی یەکدی بکەن-واتە تا جیماع لەنێوانتاندا روودەدات-)، لەو کاتەدا ئەبووبەکریش لای پێغەمبەر(ﷺ) بوو و خالیدی کوڕی سەعیدیش لەبەردەرگا بوو چاوەڕێ بوو مۆڵەتی پێ بدرێت بچێتە ژوورەوە، خالید هاواری کرد ئەی ئەبووبەکر گوێت لەو ژنە نیە لای پێغەمبەر(ﷺ) چی باس دەکات؟![2]

٢٠٢٨. عەبدوڕەحمانی کوڕی سەبرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەبرەی ئەسەدیە، هاودەم بە باوکی چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

٢٠٢٩. عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورەی کوڕی حەبیبی عەبشەمیە، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە، سەرەتا ناوی عەبدکەلوول یان عەبدولکەعبە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان، دواتریش لە غەزای تەبووکدا بەشداری کرد.

عەبدوڕەحمان دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی فەرمووم (يا عبد الرحمن بن سمرة، لا تسأل الإمارة، فإنك إن أوتيتها عن مسألة وكلت إليها، وإن أوتيتها من غير مسألة أعنت عليها، وإذا حلفت على يمين، فرأيت غيرها خيرا منها، فكفر عن يمينك وأت الذي هو خير)،[4] (ئەی

[1] صحيح البخاري - كتاب الطلاق - باب من أجاز طلاق الثلاث، الرقم ٥٢٦٠.
[2] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب لا تحل المطلقة ثلاثا لمطلقها حتى تنكح زوجا غيره، الرقم ١٤٣٣.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٠٨.
[4] صحيح البخاري - كتاب الأيمان والنذور - باب: قول الله تعالى لا يؤاخذكم الله باللغو في أيمانكم، الرقم ٦٦٢٢؛ صحيح مسلم - كتاب الأيمان - باب ندب من حلف يمينا فرأى غيرها خيرا منها أن يأتي الذي هو خير ويكفر عن يمينه، الرقم ١٦٥٢؛ جامع الترمذي - أبواب النذور والأيمان عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء فيمن حلف على يمين فرأى غيرها خيرا منها، الرقم ١٥٢٩.

عەبدوڕەحمانی کوڕی سەموره، داوای دەسەڵات مەکە، چونکە ئەگەر لەسەر داوای خۆت پێی بگەیت بارت قورس دەبێت، ئەگەریش بەبێ داواکاری پێی بگەیت هاوکاری دەکرێیت لەسەری، ئەگەریش سوێندێکت خواردو بینیت شتێکی تر جیا لەوەی سوێندت لەسەر خواردووە باشترە، ئەوە کەفارەتی سوێندەکەت بدەو برۆ ئەوە بکە کە چاکترە).

عەبدوڕەحمان پاش وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە فتووحاتی عێراقدا بەشداری کرد،[1] لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیشدا سجستان و کابول و چەند ناوچەیەکی تری فەتح کرد،[2] دواتر چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو و لەساڵی پەنجا یان پەنجا و یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد،[3] زیادی کوڕی ئەبووسوفیان نوێژی لەسەر کرد.[4]

لە ماوەی ناکۆکی نێوان موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و حەسەنی کوڕی عەلیدا، عەبدوڕەحمان نێوەندگیر بوو.[5]

٢٠٣٠. عەبدوڕەحمانی کوڕی سەننە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەننەی ئەسلەمیە، لە مەدینە مایەوە تا لەوێ وەفاتی کرد.[6]

عەبدوڕەحمانی کوڕی سەننە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (بدأ الإسلام غريبا ثم يعود غريبا كما بدأ، فطوبى للغرباء)، (ئیسلام بە نامۆیی دەستی پێکرد و دواتریش وەک سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ نامۆیی، جا سەربەرزی و براوەیی بۆ نامۆکان)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣١١.
[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٨، ص ٤٧.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣١١.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٧، ص ٣٦٦.
[5] البداية و النهاية لابن كثير، ج٨، ص ٤٧.
[6] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٧١.

ناموکان کێن؟ فەرمووی: (الذين يصلحون إذا فسد الناس، والذي نفسي بيده لينحازن الإيمان إلى المدينة كما يحوز السيل، والذي نفسي بيده ليأرزن الإسلام إلى ما بين المسجدين كما تأرز الحية إلى جحرها)،[1] (ئەوانەی لەکاتی خراپەی خەڵکدا چاکسازی دەکەن، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئیمان وێنەی لافاو دەگەڕێتەوە بۆ مەدینە، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئیسلام لەنێوان دوو مزگەوتدا بەرتەسک دەبێتەوە (دەچێتەوە نێوان مەککەو مەدینە) وەک چۆن مار خۆی دەکاتەوە بە کونەکەیدا).

٢٠٣١. عەبدوڕەحمانی کوڕی سەهل(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەهلی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، دایکی ناوی لەیلای کچی نافیعە، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد، لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا بەشداری فتووحات بوو.[2]

٢٠٣٢. عەبدوڕەحمانی کوڕی شیبل(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی شیبلە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانیش ژیا.[3]

٢٠٣٣. عەبدوڕەحمانی کوڕی صەخر (ئەبوو هورەیرە)(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی صەخرە، ئیبن حەجەر دەڵێت: ئەوە بڵاوترین ناوە سەبارەت بە ئەبووهورەیرە هاتبێت و ئەوەی ئەوە بە راستتر

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند المدنيين(ﷺ) أجمعين - حديث عبد الرحمن بن سنة(ﷺ)، الرقم ١٦٩٦١، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٧٢.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣١٥.

دەزانێت،[1] ئەگەرنا چەندین ناوی تر سەبارەت بە ناوی ئەبووهورەیرە هاتون تا ئاستێک ئیبن ئەثیر دەڵێت: هێندە ناوی جیاواز سەبارەت بە ئەبووهورەیرە هاتووە هیچ کەسێکی تر نیە هێندە ئەگەری ناوی زۆر لەبارەیەوە هەبێت.[2]

هەریەک لە ناوەکانی عەبدولا و بورەیر و سکین و عەبدشەمس و عەبد نوهم و عەبد غەنەم و عەبد عەمر و چەندینی تر هاتووە، بەڵام هەرچیەک بێت ناوەکەی رەوا نەبووەو پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕیوە، یان ناوی ناوە عەبدولا یان ناوی ناوە عەبدوڕەحمان.[3]

ذەهەبی دەڵێت: راستترینیان ئەوەیە ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی صەخرە.[4]

زیاتر بە ئەبووهورەیرە ناسراوە، چونکە جارێک بێچووی پشیلە کێویەکی دیوەو لە کۆشی گرتووە، ئیتر پێی وتراوە ئەبووهورەیرە.[5]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە ئەبووهورەیرە دەڵێت: من شوانەییم دەکرد و بێچووە پشیلەیەکم هەبوو کە بە شەو دەمخستە ناو دارێکەوە، کە رۆژ دەبوویەوە لەگەڵ خۆم دەمبرد و یاریم لەگەڵ دەکرد، ئیتر ئەو کونیەیان بەسەردا بریم.[6]

ئەم هاوەڵە یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە زۆرترین فەرمووودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو زانستێکی زۆری لێ وەرگرتووە هەر بۆیە هێرشێکی زۆریشی دەکرێتەسەر.

کاتێک طوفەیلی کوڕی عەمر لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا هات بۆ مەدینە، هاودەم بە طوفەیل نزیکەی حەفتا یان هەشتا کەس لە هۆزەکەی هاتن بۆ

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣١٦.
[2] أسد الغابة، ج٦، ص ٣٣٧.
[3] أسد الغابة، ج٦، ص ٣٣٧.
[4] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ٥٧٨.
[5] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ٥٧٩.
[6] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب أبي هريرة(ﷺ)، الرقم ٣٨٤٠ وقال حديث حسن غريب.

خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، لەنێویاندا ئەبووهورەیرەش هاتبوو.[1]

لە رێی هاتنیاندا بەرەو مەدینە، ئەبووهورەیرە خزمەتکارێکی خۆی لەگەڵ بوو، بەڵام خزمەتکارەکەی هەڵهات،[2] دواتر کە ئەبووهورەیرە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێدا، خزمەتکارەکەی هاتەوە، ئەبووهورەیرەش لەپێناو خوادا ئازادی کرد.[3]

موسڵمانبوونی ئەبووهورەیرە لە سەرەتای ساڵی حەوتەمی کۆچیدا بوو، واتە لە ساڵی غەزای خەیبەردا،[4] بەم پێیە نزیکەی چوار ساڵ لە خزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بووە،[5] بەڵام زانستێکی بێوێنەی لێ وەرگرتووە.

کاتێک ئەبوو هورەیرە موسڵمان بوو و بەرەو مەدینە هات، سەیری کرد پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ نیە و سیباع بەرپرسی مەدینە بوو، ئەوەبوو سیباع بەرنوێژی دەکرد بۆ موسڵمانانی مەدینەو ئەبووهورەیرەش لە دوایەوە نوێژی کرد.[6]

دایکی ئەبوو هورەیرە بێباوەڕ بوو، ئەو کاتەش کە ئەبووهورەیرە موسڵمان بووبوو هێشتا ئەو بێباوەڕ بوو، ئەبوو هورەیرە بەسەرهاتی موسڵمانبوونی دایکی باس دەکات و دەڵێت: بەردەوام دایکم بانگ دەکرد بۆ ئیسلام، رۆژێک کە داوام کرد موسڵمان بێتە قسەیەکی ناشیرینی وت: بە پێغەمبەر(ﷺ) کە پێم ناخۆش بوو، بۆیە چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و دەگریام، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من دایکم بانگ دەکەم بۆ ئیسلام و ئەو رازی نابێت، جا ئەمڕۆ کە بانگم کرد بۆ ئیسلام، سەبارەت بە تۆ شتێکم لێ بیست کە پێم ناخۆش بوو، جا نزای بۆ بکە بەڵکو خوا رێنموونی بکات، پێغەمبەریش(ﷺ)

---

(1) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٣٥٣.

(2) سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ٥٩٠.

(3) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٢٦.

(4) سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ٥٨٦.

(5) سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ٥٩٠.

(6) صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب الغلول - ذكر نفي دخول الجنان عن الشهيد في سبيل الله إذا كان قد غل وإن كان ذلك الغلول شيئا يسيرا، الرقم ٤٨٥١، صححه شعيب الأرناؤوط.

نزای بۆ کرد و فەرمووی: (خوایە دایکی ئەبوو هورەیرە ڕێنموونی بکە)، منیش بە دڵخۆشیەوە دەرچووم، کە گەیشتمە بەردەرگای ماڵەوە بینیم داخراوە، دایکم خشپەی پێی منی بیست و وتی: ئەبووهورەیرە لە شوێنی خۆت راوەستە، دەنگی خوڕەی ئاوم دەبیست، دایکم جلوبەرگی پۆشی و لەچکەکەی دا بە سەریدا و دەرگاکەی کردەوەو دواتر بەبەرچاومەوە شایەتومانی هێنا، منیش گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و لە خۆشیدا دەگریام، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مژدە بێت خوا نزاکەی وەرگرتیت و ڕێنموونی دایکی ئەبووهورەیرەی کرد، پێغەمبەریش(ﷺ) سوپاس و شتایشی خوای کرد، دواتر وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نزام بۆ بکە خوا من و دایکم لای بەندە باوەڕدارەکانی خۆشەویست بکات و ئەوانیش لای ئێمە خۆشەویست بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) نزای کرد و فەرمووی: (اللهم حبب عبيدك هذا وأمه إلى عبادك المؤمنين، وحبب إليهم المؤمنين)، (خوایە ئەم بەندە بچووکەی خۆت و دایکی لای بەندە باوەڕدارەکانت خۆشەویست بکەو باوەڕدارانیش لا ئەوان خۆشەویست بکە)، ئیتر هەر باوەڕدارێک باسی منی دەبیست یان دەیبینیم منی خۆش دەویست.[1]

ئەبووهورەیرە لەناو ئەهلی صوففەدا لە مزگەوت دەمایەوە، تووشی برسێتیەکی زۆر دەبوو، دەڵێت: جارێک زۆر برسی بووین، پێغەمبەر(ﷺ) خورمای بۆ ناردین، ئێمەش لە برساندا دوو دوو خورمامان دەخوارد.[2]

جار جارە ئەبووهورەیرە دەچوو بە نانەسکێ خزمەتی کچەکەی غەزوانی دەکرد تا رۆژان هات و رۆژان چوو و خوای گەورە ئەو ئافرەتەی کرد بە هاوسەری ئەبووهورەیرە.[3]

---

[1] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي هريرة الدوسي(ﷺ)، الرقم ٢٤٩١؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر الخبر الدال على أن محبة أبي هريرة من الإيمان، الرقم ٧١٥٤.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب الأطعمة - باب آداب الأكل - ذكر العلة التي من أجلها زجر عن هذا الفعل، الرقم ٥٢٣٣، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٢٧.

ئەبووهورەیرە دەڵێت: جار هەبوو لە برساندا دەکەوتمە سەر زەوی، بەردم لە سکم دەبەست، رۆژێک لەسەر ڕێی خەڵک دانیشتم، ئەبووبەکر تێپەڕ بوو و منیش سەبارەت بە ئایەتێکی قورئان پرسیارم لێکرد، بەخوا بەس لەبەرئەوە پرسیارم لێکرد بەڵکو شتێک خواردنم پێ بدات، کەچی تێپەڕ بوو و هیچ، دواتر عومەر هات و هەمان شت روویدا، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) هات و کە منی بینی زەردەخەنەیەکی کرد و بە دەموچاومدا زانی حاڵم چۆنە، پاشان فەرمووی: ئەی ئەبووهیر، وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی:(دوام کەوە)، منیش بەدوایدا چووم، چوویە ژوورەوەو داوای مۆڵەتی کرد و مۆڵەت بە منیش درا و چوومە ژوورەوە، پێغەمبەر(ﷺ) برێک شیری بەدیکرد و فەرمووی: ئەم شیرە لە کوێ بوو؟ وتیان: ئەوە فلانەکەس بە دیاری هێنای، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەبووهیر، وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرموی(برۆ بۆ لای ئەهلی صوففەو بانگیان بکە بۆم)، منیش ئەوەم پێ ناخۆش بوو، وتم: ئەو تۆزە شیرە بۆ ئەهلی صوففە؟ من شیاوترم بیخۆم تا خۆم پێ رابگیرێت، بەڵام هەر دەبێت فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بەجێبگەیەنم، چووم و بانگم کردن و هاتن، داوای مۆڵەتیان کرد و مۆڵەت دران و هەریەکەو لە لایەکەوە دانیشتن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەبووهیر، وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی: بگرە بیاندەرێ، منیش یەک یەک دەمدا بە دەستیانەوەو ئەوانیش تێریان دەخواردەوە، هەموویان تێریان خواردەوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) قاپە شیرەکەی گرتەدەست و تەماشای منی کرد و پێکەنی، فەرمووی: ئەی ئەبووهیر، وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی: من و تۆ ماوینەتەوە، وتم: راست دەفەرموویت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی: دابنیشە بخۆرەوە، منیش دانیشتم و شیرم خواردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بخۆرەوە، منیش هەمدی خواردمەوەو پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام دەیفەرموو بخۆرەوە، ئیتر تێرم خواردەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوێند بەوەی

تۆی بە حەق ناردووە ئیتر جێی نابێتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی بیدە بە من، منیش قاپە شیرەکەم پێ بەخشی، سوپاسی خوای کرد و بسم الله الرحمن الرحیم ی فەرموو و ئەوەی مابوویەوە خواردیەوە.[1]

ئەبووهورەیرە دەڵێت: ڕۆژێک لە برساندا لە ماڵ چوومە دەرەوە، چوومە مزگەوت و دەستەیەک لە هاوەڵانم بینی، وتیان: لەم کاتەدا بۆچی هاتوویتەتە دەرەوە؟ وتم: برسێتی هێنامیە دەرەوە ئەوانیش وتیان: بەخوا ئێمەش برسێتی هۆکار بوو، چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش فەرمووی: لەم کاتەدا بۆچی هاتوونەتە دەرەوە؟ وتمان: برسێتی زۆری بۆ هێناوین، پێغەمبەر(ﷺ) داوای قاپێکی کرد کە خورمای تێدا بوو، هەرکەسەو دوو خورمای پێداین و فەرمووی: (ئەو دوو خورمایە بخۆن و ئاوی بەدوادا بخۆنەوە، ئەوانە بۆ ئەمڕۆتان بەستان دەکەن)، منیش خورمایەکم خواردەوەو دانەیەکیانم هەڵگرت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆچی هەڵتگرت؟ وتم: بۆ دایکم، فەرمووی: (بیخۆ، دوو خورماشت پێدەدەین بۆ دایکت).[2]

ئەبووهورەیرە زۆر نزیکی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و زۆربەی کات لە خزمەتیدا بوو، لەم چەند فەرموودەیەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ساتە جیاوازەکاندا لە خزمەتی پێغەمبەردا(ﷺ) بووە:

ئەبوو هورەیرە دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە بازاڕی مەدینە بووم، پێغەمبەر(ﷺ) چوو و منیش بە دوایدا چووم، پێی فەرمووم (أین لكع) (کوا لوکەع)-وشەی لوکەع بۆ خۆشی بۆ منداڵ بەکاردەهێنرا- سێ جار ئەوەی فەرموو، ئینجا فەرمووی: (حەسەنی کوڕی عەلی بانگ بکە)، منیش چووم بینیم حەسەن دەڕوات بە ڕێدا و ملیوانێک لە ملیدایە، پێغەمبەر(ﷺ)

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الرقاق - باب كيف كان عيش النبي(ﷺ) وأصحابه وتخليهم من الدنيا، الرقم ٦٤٥٢؛ جامع الترمذي - أبواب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٢٤٧٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - باب المعجزات - ذكر بركة الله جل وعلا في اللبن اليسير للمصطفى(ﷺ) حتى روي منه الفئام من الناس، الرقم ٦٥٣٥.

[2] شعب الإيمان للبيهقي، الرقم ١٠٠٢٢، سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ٥٩٣.

بە دەست ئامـاژەی بۆ کرد و ئەویش ئامـاژەی بۆ کرد-واتـە پێغەمبـەر(ﷺ) باوەشـی بۆ کردەوەو بـە ئامـاژەی دەسـت بانگی کـرد- کـە حەسـەن هـات پێغەمبـەر(ﷺ) گرتیـە کـۆش و فەرمـووی: (خوایـە مـن خۆشـم دەوێـت دەی تۆیـش خۆشـت بوێـت و ئەوەشـت خـۆش بوێـت کـە ئـەوی خـۆش دەوێـت)، ئەبووهورەیـرە دەڵێـت: ئیتـر دوای ئـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەر(ﷺ) کـەس نەبـوو هێنـدەی حەسـەنی کـوڕی عەلـی لام خۆشەویسـت بێـت.[1]

ئەبوو هورەیرە دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرمـوو (من أحب الحسن والحسين فقد أحبني، ومن أبغضهما فقد أبغضني)[2] (هەرکەس حەسـەن و حوسـەینی خـۆش بوێـت ئـەوە منـی خـۆش ویسـتووە، هەرکەسیش رقی بێت لێیان ئـەوە رقی لـە منـە).

ئەبووهورەیـرە دەڵێـت: جارێـک ئەقرەعـی کـوڕی حابیسـی تەمیمـی لای پێغەمبـەر(ﷺ) دانیشـتبوو، پێغەمبـەر(ﷺ) حەسـەنی کـوڕی عەلـی مـاچ کـرد، ئەقـرەع وتـی: مـن دە کـوڕم هەیـە تـا ئێسـتا هیچکامیانـم ماچ نەکـردووە، پێغەمبەریش(ﷺ) سـەیرێکی کرد و پاشـان فەرمووی:(من لا يرحم لا يرحم)،[3] (ئـەوەی میهرو سـۆزی نەبێـت میهـر و سـۆزی بـۆ نیـە).

هەروەهـا ئەبوو هورەیرە دەڵێت: ڕۆژێک پێغەمبەرم(ﷺ) بینی چوو بۆ بەر دەرگای ماڵی فاطیمـەو فەرمووی: ئـەی حەسـەن، حەسـەن هاتـە دەرەوە بۆ لای، پێغەمبـەر(ﷺ) دەمـی مـاچ کـرد و زمانـی مژی و گرتیـە کۆش، ئەبووهورەیـرە دەڵێت: سـوێند بـە خـوا تـا ئێسـتاش بەردەوام حەسـەنم خـۆش دەوێـت.[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب اللباس - باب السخاب للصبيان، الرقم ٥٨٨٤؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضائل الحسن والحسين(ﷺ)، الرقم ٢٤٢١.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند أبي هريرة(ﷺ)، الرقم ٧٩٩١؛ سنن ابن ماجه - أبواب السنة - باب في فضائل أصحاب رسول الله(ﷺ) - فضل الحسن والحسين ابني علي بن أبي طالب(ﷺ)؛ المعجم الكبير للطبراني - باب الحاء - من اسمه حسن - حسن بن علي بن أبي طالب يكنى أبا محمد - بقية أخبار الحسن بن علي(ﷺ)، الرقم ٢٦٤٥، الرقم ١٤٩؛ حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[3] صحيح البخاري - كتاب الأدب - باب رحمة الولد وتقبيله ومعانقته، الرقم ٥٩٩٧؛ صحيح مسلم - كتاب الفضائل - باب رحمته(ﷺ) الصبيان والعيال وتواضعه وفضل ذلك، الرقم ٢٣١٨.

[4] المعجم الأوسط للطبراني - باب الميم - من اسمه محمد - محمد بن عبد الله بن عرس، الرقم ٦٤٧٠.

ئەبووهورەیرە دەڵێت: جارێک لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووین کە سوورەتی جومعە دابەزیە سەر پێغەمبەر(ﷺ)(وآخرين منهم لما يلحقوا بهم)، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوانە کێن؟ وەڵامی نەدامەوە، تا سێ جار پرسیم و ئەویش وەڵامی نەدامەوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) دەستی خستە سەر سەلمان و فەرمووی:(لو كان الإيمان عند الثريا لناله رجال - أو رجل - من هؤلاء)،[1] (ئەگەر ئیمان لە سورەییاش بێت، بە دڵنیاییەوە کەسێک یان کەسانێک لەمانە دەستی خۆیانی پێدەگەیەنن).

ئەبووهورەیرە دەڵێت: حەسەنی کوڕی عەلیم بینی لە ژوورەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و پەنجەکانی دەکرد بە ناو ریشی پێغەمبەردا(ﷺ) و پێغەمبەریش(ﷺ) زمانی دەکرد بە دەمیدا، واتە زمانی حەسەنی دەکرد بە دەمی خۆیدا، ئینجا فەرمووی:(خوایە من خۆشم دەوێتە تەی تۆیش خۆشت بوێت و ئەوەشت خۆش بوێت کە حەسەنی خۆش دەوێت).[2]

پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکدا باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان وأقضاهم علي بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة وعاء)[3] (بەرەحمترینی ئوممەتم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرەو بەهێزترینیان لە ئایینی خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوری ئەبووطالیبەو شارەزاترینیان بە فەرز زەیدە و

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة الجمعة - باب: قوله وآخرين منهم لما يلحقوا بهم وقرأ عمر فامضوا إلى ذكر الله، الرقم ٤٨٩٧؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضل فارس، الرقم ٢٥٤٦.

[2] معجم ابن الأعرابي، الرقم ١٣٢٦، معجم ابن المقرىء، الرقم ٦٣١.

[3] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص١٧، ئیبن ماجە بە دەقێکی هاوشێوەی ئەمە کە هەمان ئەم واتایە دەبەخشێت هێناویەتی، سنن ابن ماجة، الرقم ١٥٤، صحيح. مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٢٧٠٧، صحيح، بەلام لای ئیبن ماجە و ئیمامی ئەحمەد باسی ئەبووهورەیرەی تێدا نیە، شێخی ئەلبانی ئەمەی بە صحيح داناوە(أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح).الجامع الصغير و زيادتة، ٨٩٧.

شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).

بۆچی ئەبووهورەیرە فەرموودەی زۆری دەگێڕایەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە خودی ئەبووهورەیرەوە وەردەگرین، چونکە هەمان ئەو پرسیارەی لێکراوە.

ئەبووهورەیرە دەیوت: خەڵکی دەڵێن ئەبووهورەیرە فەرموودەی زۆر دەگێڕێتەوە، جا ئەگەر دوو ئایەت لە قورئاندا نەبوونایە یەک فەرموودەشم نەدەگێڕایەوە، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللاَّعِنُونَ (١٥٩) إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ) برا کۆچەریەکانم سەرقاڵی کاری ناوبازاڕ بوون و برا پشتیوانیەکانم سەرقاڵی ئیشیماڵەوە بوون، بەڵام ئەبووهورەیرە بەردەوام وابەستەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و کاتێک ئەوان ئامادە نەبوون ئەو ئامادە بوو، ئەوەی ئەوان لەبەریان نەدەکرد، ئەبوو هورەیرە لەبەری دەکرد).[1]

ئەبووهورەیرە دەیوت: ئەی خەڵکینە ئێوە دەڵێن ئەبوهورەیرە فەرموودەی زۆر دەگێڕێتەوەو کۆچەران و پشتیوانان هێندە فەرموودە ناگێڕنەوە، دەی برا کۆچەریەکانم سەرقاڵی کاری ناوبازاڕ بوون و برا پشتیوانیەکانم سەرقاڵی ئیشی ماڵەوە بوون، بەڵام من کەسێکی هەژاری ناو ئەهلی صوففە بووم کە دایم هاودەمی پێغەمبەر(ﷺ) بووم، کاتێک ئەوان ئامادە نەبوون من لەوێ بووم، کاتێک ئەوان بیریان دەرۆیشت من بیرم لای پێغەمبەر(ﷺ) کۆکردبوویەوە، رۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(هەرکەس جلەکەی رابخات تا هەموو قسەکەم تەواو بکەم و دواتر کۆی بکاتەوە ئەوە هەموو ئەوە وەردەگرێت کە دەیڵێم) منیش عەبایەکی سەرشانم هەبوو بڵاوم کردەوە

[1] صحيح البخاري - كتاب العلم - باب حفظ العلم، الرقم ١١٨.

تا پێغەمبەر(ﷺ) هەموو قسەکانی کرد، ئینجا نام بە سنگمەوە، ئیتر لەو فەرمایشتەی پێغەمبەر(ﷺ) هیچیم بیرنەچووەتەوە.[1]

ئەبووهورەیرە دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموودەی زۆرت لێ دەبیستم و بیرم دەچێتەوە، فەرمووی:(عەباکەت راخە)، منیش رامخستە دەستی پێدا هێنا و فەرمووی: کۆی بکەرەوە منیش کۆمکردەوە، ئیتر دوای ئەوە هیچ فەرموودەیەکم بیر نەچوویەوە.[2]

ئەبووهورەیرە دەڵێت: جارێک وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە رۆژی دواییدا چ کەسێک بەختەوەرترە بە شەفاعەتی تۆ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لقد ظننت يا أبا هريرة أن لا يسألني عن هذا الحديث أحد أول منك، لما رأيت من حرصك على الحديث، أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال: لا إله إلا الله، خالصا من قبل نفسه)،[3] (ئەی ئەبووهورەیرە گومانم برد هیچ کەس پێش تۆ سەبارەت بەمە پرسیارم لێ نەکات، چونکە دەبینم زۆر سووریت لەسەر وەرگرتنی فەرموودە، بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە رۆژی دواییدا ئەو کەسەیە بە پوختی و نیازپاکی لە ناخی دڵیەوە وتبێتی لا الە الا اللە).

ئەوسی کوڕی خالید دەڵێت: هەرکات دەچووم بۆ لای ئەبوو مەحذوورە هەواڵی سەمورەی دەپرسی، هەرکاتیش دەچووم بۆ لای سەمورە هەواڵی ئەبوو مەحذوورەی دەپرسی، رۆژێک وتم: بە ئەبوو مەحذوورە بۆچی دەچم بۆ لای سەمورە هەواڵی تۆ دەپرسێت و دێم بۆ لای تۆیش هەواڵی ئەو دەپرسێت، ئەویش وتی: جارێک من و سەمورە و ئەبووهورەیرە پێکەوە بووین، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتەژوورەوە بۆ لامان و فەرمووی: ئەوەتان کە کۆتا کەس دەمرێت لە دۆزەخدایە، ئەوسی کوڕی خالید دەڵێت: ئەوەبوو

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٥٩٥و صححه الذهبي.

[2] صحيح البخاري - كتاب العلم - باب حفظ العلم، الرقم ١١٩؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي هريرة الدوسي(رضي الله عنه)، الرقم ٣٤٩٢.

[3] صحيح البخاري - كتاب الرقاق - باب صفة الجنة والنار، الرقم ٦٥٧٠؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب العلم - الحرص على العلم، الرقم ٥٨١١؛ الإيمان لابن منده، الرقم ٩٢٢.

یەکەمجار ئەبووهورەیرە مرد، دواتر ئەبوو مەحذورە مرد، دواتر ئەویش مرد.[1]

پێشتر لە باسی ژیانی سەمورەی کوڕی جوندوبدا روونکردنەوەمان سەبارەت بەم فەرموودەیە خستوەتەڕوو.

ئەبووهورەیرە دەڵێت: لە موئتەدا بەشدار بووم، ثابتی کوڕی ئەقرەم پێی وتم: تۆ لە جەنگی بەدردا لەگەڵماندا نەبوویت، ئێمە لە بەدردا بە زۆری ژمارەمان سەرنەکەوتین.[2]

پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەبووبەکر بوو بە خەلیفە، ئەبووهورەیرە بەیعەتی پێدا و لە جەنگی هەڵگەڕاوەکانیشدا بەشداری کرد.[3]

ئەبووهورەیرە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا لەلایەن خەلیفەوە کرا بە بەرپرسی بەحرەین، پاش ماوەیەک خەلیفە لەو پۆستەی لایبرد، دواتر خەلیفە ویستی ئەرکی تری پێ بسپێرێت، بەڵام ئەبووهورەیرە ئامادە نەبوو پۆست وەربگرێت، لە مەدینە مایەوەو سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی زانست بوو.[4]

ئەبووهورەیرە دەڵێت: کە لە بەحرەینەوە هاتمەوە، عومەر وتی: ئەی ئەبووهورەیرە دەسەڵات چۆن بوو؟ وتم: کە منت نارد حەزم پێ نەبوو، کە لاتبردم حەزم پێی بوو، ئینجا ئەبووهورەیرە چوارسەد هەزار درهەمی لە بەحرەینەوە هێنا، خەلیفە وتی: هیچت بە ناحەق وەرنەگرتووە؟ وتی: نا، وتی: ئەی خۆت چەندت هەیە؟ وتی: بیست هەزار، عومەر وتی: لەکوێت بوو؟ ئەبووهورەیرە وتی: بازرگانیم دەکرد، عومەر وتی: سەرمایە و بەشەکەی خۆت هەڵبگرەوەو ئەوی تری بخەرە بەیتولمالەوە.[5]

---

[1] مسند ابن أبي شيبة، الرقم ٨٣١، البداية والنهاية لابن كثر، ج٦، ص٢٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١، ص ٣٨٣.

[3] مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٦٨، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ٣٩٧١، صححه أحمد شاكر، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.

[4] أسد الغابة، ج٦، ص ٣٣٩.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج، ص ٣٣٦.

لەو کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان گەمارۆ درا، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر هاودەم بە ئیبن عومەر و حەسەن و حوسەین و مەڕوان و ئەبووهورەیرە و ژمارەیەکی تر وەستان تا بەرگری بکەن لە خەلیفە، خەلیفەش سوێندی دان وازبهێنن و بچنەوە ماڵەوە،[1] بەڵام عەبدوڵا و حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانی کوڕی حەکەم نەچوونەوەو بەرگرییان کرد، عەبدوڵا چەندین شمشێر و تیری بەرکەوت و زۆر بریندار بوو، هەروەها حەسەنی کوڕی عەلی و مەروانیش بریندار بوون.[2]

کاتێک حەسەنی کوڕی عەلی وەفاتی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی حوسەین چوو بۆ لای عائیشەو داوای لێکردەوە کە حەسەنی برای لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەسپەردە بکرێت، ئەویش رازی بوو و وتی: باشە، بەڵام مەڕوان کە ئەمەی بیست وتی: سوێند بەخوا نابێت حەسەن لەوێ ئەسپەردە بکرێت، نەیانهێشت عوثمان لەوێ ئەسپەردە بکرێت و ئێستا ئەمان دەیانەوێت حەسەن لەوێ ئەسپەردە بکەن؟ کە حوسەینیش ئەم قسەی بیست بە چەکەوە هاودەم بە چەندێکی تر چوو، مەڕوانیش خۆی ئامادە کرد، کە ئەبووهورەیرە بیستی بارەکە گەیشتوەتە ئەوە وتی: سوێند بەخوا ئەوە ستەمێکە لە حەسەن دەکرێت، دەبێت رێ بدرێت لەگەڵ باوکیدا (واتە مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) بوو) کفن بکرێت، ئەو کچەزای پێغەمبەرە(ﷺ)، ئینجا چوو بۆ لای حوسەین و قسەی لەگەڵ کرد و سوێندی دا وازبهێنێت، وتی: مەگەر براکەت نەیوت ئەگەر زانیت جەنگی لێدەکەوێتەوە ئەوا بمبەنەوە بۆ گۆڕستانی موسڵمانان؟ بۆیە زۆر لێی پاڕایەوە تا حوسەین رازی بوو و حەسەنیان برد لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردەی بکەن، حوسەین حەزی دەکرد خۆی نوێژی مردوو لەسەر تەرمی حەسەنی برای بکات، بەڵام سەعیدی کوڕی عاصی والی مەدینەی پێش خست و وتی: ئەگەر سوننەت نەبوایە تۆم رانەدەسپارد بۆ

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٨١.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٨٨.

ئەو بەرنوێژیە، سەعیدی کوڕی عاصیش کە ئەمیری مەدینە بوو ئامادەی مەراسیمی نوێژ و ئەسپەردەکردنی تەرمی حەسەن بوو، هەروەها خالیدی کوڕی وەلیدیش ئامادەی مەراسیمی ئەسپەردەکردنەکەی بوو، گۆڕەکەی حەسەن لەپاڵ گۆڕی فاطیمەی دایکیدا بوو.(١)

کاتێک مەڕوانی کوڕی حەکەم والی مەدینە بوو، کە دەچوو بۆ مەککە یان بۆ شوێنێکی دی، ئەبووهورەیرەی دەکرد بە بەرپرسی مەدینە تا خۆی دەگەڕایەوە.(٢)

ئەبووهورەیرە نەخۆشکەوت و لە جێگەدا بوو، عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف هات بۆ لای، عەبدورڕەحمان دەڵێت: وتم: خوایە شیفای ئەبوو هورەیرە بدەیت، ئەبووهورەیرە وتی: خوایە نزاکەی وەرنەگریت، پاشان وتی: ئەی ئەبووسەلەمە ئەگەر دەتوانیت بمریت بمرە، وتم: ئەی ئەبووهورەیرە ئێمە حەزمان بە ژیانە، وتی: سوێند بەوەی گیانی ئەبووهورەیرەی بەدەستە سەردەمێ دێت بەسەر زانایاندا مەرگ لایان لە زێڕی سوور خۆشەویستتر دەبێت، دەدەن بە لای گۆڕی براکەتاندا و دەڵێن خۆزگە من لە شوێنی ئەودا بوومایە.(٣)

خەڵکی دەچوون بۆ سەردانی ئەبووهورەیرە، جارێک ئەبووهورەیرە دەستی کرد بە گریان، خەڵکەکە وتیان: بۆچی دەگریت؟ ئەویش وتی: بۆ ئەم دنیایەی ئێوە ناگریم، بەڵکو بۆ دووری رێ و کەمی توێشووی خۆم دەگریم، وا ئێوارە دێت و منیش لە دووڕیانی بەهەشت و دۆزەخدام و نازانم کامیان دەمبات.(٤)

دواتر کە ئەبووهورەیرە سەرەمەرگی نزیک بوویەوە، وتی: هیچ لەسەر گۆڕەکەم هەڵمەدەن و بە ئاگرەوە مەکەونە دوام، ئەگەر منتان برد بەرەو

(١) الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص ٣٩٢.

(٢) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٣٦.

(٣) المستدرک على الصحيحين - كتاب الفتن والملاحم - ليأتين على العلماء زمان الموت أحب إلى أحدهم من الذهب، الرقم ٨٦٧٧، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

(٤) الزهد لاحمد بن حنبل، الرقم ٨٣٨، المحتضرين لابن ابي الدنيا، الرقم ١٦٨.

گۆڕستان خێرا بمبەن، با ئەگەر چاکەکار بووبم زوو بمگەیەننەوە بە پەروەردگارم، ئەگەریش وانەبووم بارێکی سەر گەردنتان سوک دەکەن و فرێی دەدەن.[1]

ئینجا مەڕوانی کوڕی حەکەم چوو بۆ لای و بینی حاڵی ئەبووهورەیرە زۆر سەختە، وتی: خوایە شیفا ئەبووهورەیرە بدەیت، ئەویش سەرێکی بەرز کردەوەو وتی: خوایە من حەزم بە دیداری تۆیە دەی تۆیش حەز بە دیدارم بکە، هێندەی نەبرد ئەبووهورەیرە وەفاتی کرد.[2]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی ئەبووهورەیرە چەند ساڵێک هاتووە، لەوانە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچی یان پەنجاو هەشتی کۆچی یان پەنجا و نۆی کۆچی، لەکاتی وەفاتیشیدا تەمەنی نزیکەی حەفتاو هەشت ساڵ بوو، دەوترێت لە ناوچەی عەقیق وەفاتی کردووەو تەرمەکەی براوە بۆ مەدینە، لەوێ والی ئەوکاتی مەدینە کە وەلیدی کوڕی عوتبە بوو نوێژی لەسەر کرد.[3]

جارێک ئەبووهورەیرە خەڵکێکی لە دەور بوو، پیاوێک کە ناوی شوفەی بوو وتی: ئەرێ ئەو کەسە کێیە؟ وتیان: ئەبووهورەیرەیە، شوفەی دەڵێت: منیش لێ نزیک بوومەوە تا لە خزمەتیدا دانیشتم، ئەویش فەرموودەی دەگێڕایەوە بۆ خەڵک، کاتێک بێدەنگ بوو و خەڵکی چواردەوریان چۆڵ کرد، پێم وت: داوات لێدەکەم بە حەقی خۆم تا فەرموودەیەکم بۆ بگێڕیتەوە کە لە پێغەمبەرت(ﷺ) بیستووەو بە جوانی وەرتگرتووەو دەیزانیت، ئەبووهورەیرەش وتی: باشە، فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە کە لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووەو باش لێی تێگەیشتووم و دەیزانم، ئینجا حاڵی ئەبوهورەیرە وا تێکچوو خەریک بوو ببورێتەوە، ماوەیەک مایەوە تا چاک هۆشی هاتەوە، ئینجا وتی: فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە کە پێغەمبەر(ﷺ)

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٣٨.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٣٩.
[3] أسد الغابة، ج٦، ص ٣٣٩.

فەرمووی: و گوێم لێ بوو و من و ئەو لەوماڵەدا بووین و کەسی تر جگە لە من و ئەو لەوێ نەبوو، دووبارە حاڵی تێکچوو و نیمچە بورانەوەیەکی تووش بوو، ماوەیەک وەستا تا چاک هۆشی هاتەوە، ئینجا دەموچاوی خۆی سڕی و وتی: فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە تەنها من و ئەو لەم ماڵە بووین و لێم بیست، جارێکی تر حاڵی تێکچوو و نیمچە بورانەوەی تووش بوو و ماوەیەکی زۆر وەستا تا چاک هاتەوە هۆشی خۆی، ئینجا فەرموودەکەی بۆ گێڕامەوە،[1] ئەبووهورەیرە وتی: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست کە دەیفەرموو (إن أول الناس يقضى يوم القيامة عليه رجل استشهد، فأتي به فعرفه نعمه فعرفها، قال: فما عملت فيها؟ قال: قاتلت فيك حتى استشهدت، قال: كذبت، ولكنك قاتلت لأن يقال: جريء، فقد قيل، ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار، ورجل تعلم العلم، وعلمه وقرأ القرآن، فأتي به فعرفه نعمه فعرفها، قال: فما عملت فيها؟ قال: تعلمت العلم، وعلمته وقرأت فيك القرآن، قال: كذبت، ولكنك تعلمت العلم ليقال: عالم، وقرأت القرآن ليقال: هو قارئ، فقد قيل، ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار، ورجل وسع الله عليه، وأعطاه من أصناف المال كله، فأتي به فعرفه نعمه فعرفها، قال: فما عملت فيها؟ قال: ما تركت من سبيل تحب أن ينفق فيها إلا أنفقت فيها لك، قال: كذبت، ولكنك فعلت ليقال: هو جواد، فقد قيل، ثم أمر به فسحب على وجهه، ثم ألقي في النار)،[2] (یەکەم کەس لە ڕۆژی دواییدا دادگایی دەکرێت کەسێکە کە شەهید بووە، دەهێنرێت و خوای گەورەش بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخششانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت: لە پێناو تۆدا جەنگام تا شەهید بووم، خواش دەفەرموێت درۆت کرد، بەڵکو جەنگایت تا بوترێت کەسێکی دلێر و نەبەرد بوو، جا ئەوەش وترا، ئینجا فەرمان دەکرێت بەسەر دەموچاودا ڕادەکێشرێت تا فڕێ

[1] جامع الترمذي - أبواب الزهد عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في الرياء والسمعة، الرقم ٢٣٨٢وقال حسن غريب؛ صحيح ابن خزيمة - كتاب الزكاة - جماع أبواب صدقة التطوع - باب التغليظ في الصدقة مرآة وسمعة، الرقم ٢٤٨٢.

[2] صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب من قاتل للرياء والسمعة استحق النار، الرقم ١٩٠٥.

دەدرێتە ناو دۆزەخ، هەروەها کەسێک کە زانست فێر بووەو فێری خەڵکی کردووەو قورئانی خوێندووە، دەهێنرێت و خوای گەورەش بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخششانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت: زانست فێر بووم و خەڵکم فێری ئەو زانستە کرد و لە پێناو تۆدا قورئانم خوێند، خواش دەفەرموێت درۆت کرد، بەڵکو تۆ زانست فێر بوویت تا بوترێت زانایە، قورئانیشت خوێند تا بوترێت قورئان خوێنە، دەی ئەوەش وترا، بۆیە فەرمان دەکرێت لەسەر دەموچاوی ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخ، هەروەها کەسێک کە خوای گەورە سامانی زۆری پێ بەخشیوە و لە هەموو جۆرەکانی سامانی پێ بەخشیوە، دەهێنرێت و خوای گەورەش بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخششانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت: چی ڕێگەیەکم بینیبێت کە تۆ پێت خۆش بووبێت سامانم بەخشیوە تیایدا لە پێناو تۆدا، خوا دەفەرموێت درۆت کرد، بەڵکو واتکرد تا بوترێت ئەو بەخشندە و بەسەخاوەتە، ئەوەش وترا، ئینجا فەرمان دەکرێت و لەسەر دەموچاوی ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخ).

یەکێک لەو گومانانەی ئاراستەی ئەبووهورەیرە دەکرێت دەڵێت: زانستی شاردوەتەوەو هەمووی ئاشکرا نەکردووە، ئەبووهورەیرە خۆی لە وتەیەکیدا دەڵێت: ئەگەر هەموو ئەوەی دەیزانم پێتان بڵێم ئەوە خەڵکی گۆزەشیان تێدەگرتم و دەیانوت ئەبووهورەیرە شێتە،[1] ئەم دەقە بە چەند شێوەی تر هاتووە.

ئەوەی ئەبووهورەیرە باسی نەکردووەو شاردوویەتیەوە پەیوەست نەبووە بە مەسەلەی حەڵاڵ و حەرامەوە، بەڵکو پەیوەست بووە بە مەسەلەی فیتنەو ڕووداوەکانی دواترەوە کە دێن یان شتانێک کە لەو سەردەمەدا نەبون، بۆیە دەڵێت: ئەگەر بیانڵێم بە شێتم دەزانن، ماوەیەکی کەم بەسەر ئەو وتەیدا تێپەڕ

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٣١.

بووبوو کە حەسەن دەیوت: بەخواراستی فەرمووە ئەگەر پێی بوتینایە ماڵی خوا دەڕووخێنرێت یان دەسووتێنرێت خەڵکی بڕوایان پێ نەدەکرد.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەبووهورەیرە دەڵێت: لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) دوو کووپ زانستم وەرگرتووە کە یەکێکیانم لەناو خەڵکدا بڵاوکردوەتەوەو ئەوی تریان نا، چونکە ئەگەر بڵاوی بکەمەوە ئەم قوڕقوراگە دەبڕن.[2]

ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەو کووپە زانیاریەی ئەبوهورەیرە شاردیەوەو نەیوت هەمان باسی ئەو فیتنانە بوو کە روویاندا و دواتریش روودەدەن و ئەگەر پێش روودانیان بە خەڵک بوترایە بڕوایان پێ نەدەکرد و بە درۆیان دەخستەوەو بەرپەرچی ئەو دەقە حەقەیان دەدایەوە.[3]

گومانێکی تر کە سەبارەت بە ئەبووهورەیرە هاتووە ئەوەیە دەوترێت بەرامبەر بە ئالوبەیت گێڕانەوەی دژایەتی و شکاندنی ئالوبەیتی هێناوە، ئەمەش لە راستیەوە دوورەو فەرموودەی صەحیح لە ئەبووهورەیرەوە نەهاتووە سەبارەت بە ئالوبەیت مەگەر لە وەسف و پیاهەڵدانیاندا نەبێت وەک چۆن پێشتر چەند نموونەیەکمان خستەڕوو کە باسی فەزڵی حەسەن و حوسەین دەکات، هەروەها هەڵوێستی ئەومان باسکرد لەکاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی حەسەنی کوڕی عەلیدا.

٢٠٣٤. عەبدوڕەحمانی کوڕی عائیذ(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عائیذی کوڕی موعاذە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە، عەبدوڕەحمان هاودەم بە باوکی بەشداری غەزای ئوحودی کرد، دواتریش بەشداری غەزاکان بوو، لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٣١.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ١٠٦.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ١٠٦.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٠.

۲۰۳۵. عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبد(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبد یان کوڕی عوبەیدی ئەزدیە، کونیەکەی ئەبووراشیدەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان.[1]

عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبد دەڵێت: هاودەم بە سەد کەس لە هۆزەکەم چووین بەرەو لای پێغەمبەر(ﷺ)، کە نزیک بووینەوە وەستاین، هۆزەکەم وتیان: تۆ پێش بکەوە، ئەگەر بارەکەت پێ باش بوو ئێمەش رازین، ئەگەرنا دەگەڕێینەوە، منیش تەمەنم لە هەموویان کەمتر بوو، چووم و وتم: بەیانیت باش ئەی موحەممەد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەوە سەلامی موسڵمانان نیە لەنێو خۆیاندا) وتم: ئەی چۆنە؟ فەرمووی: (ئەگەر هاتیت بۆ لای دەستەیەکی موسڵمانان بڵێ السلام علیکم و رحمة الله)، منیش وتم: السلام علیک یارسول الله و رحمة الله و برکاته، ئەویش فەرمووی: (وعلیک السلام و رحمة الله و برکاته)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ناوت چیەو تۆ کێیت؟ وتم: من ئەبوومومعاویەی کوڕی عەبدلات و عوززام، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵکو تۆ ئەبووراشید عەبدوڕەحمانیت، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) زۆر ڕێزی گرتم و لەپاڵ خۆیەوە داینیشاندم و عەباکەی خۆی دا بەسەر شانمدا و گۆچانەکەی خۆی پێ بەخشیم، منیش موسڵمان بووم، خەڵکێک کە لەوێ دانیشتبوون وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەبینین زۆر ڕێزی ئەم کابرایەت گرت، ئەویش فەرمووی:(ئەمە پیاوماقوڵی هۆزەکەیەی، جا ئەگەر پیاوماقوڵی هۆزێک هات بۆ لاتان ڕێزی بگرن)، منیش خزمەتکارێکم هەبوو کە ناوی سەرحان بوو ئەویش لەگەڵم موسڵمان بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەبووراشید ئەوە کێیە لەگەڵت؟ وتم: خزمەتکارێکمە پێی دەوترێت سەرحان، فەرمووی: ئەی چۆنە ئەی ئەبووراشید ئازادی بکەیت

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٣٠.

و بەرامبەر هەر بەشێکی جەستەی خوا بەشێکی جەستەت لە دۆزەخ رزگار بکات؟ منیش رزگارم کرد و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ شایەت بە ئەو لەپێناو خوادا ئازادە، دواتر چوومەوە بۆ لای هۆزەکەم و ئەوانیش هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوون.[1]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە لێپێچینەوەی دانابوو بۆ هەموو کاربەدەستانی و نیوەی سامانەکەی لێ وەردەگرتن و لە بەیتولمال دایدەنا، جا کە عەبدوڕەحمان لە فەلەستینەوە هاتەوەو موعاویە بەرپرسی لێپێچینەوە بوو، عەبدوڕەحمان دەستی کرد بە گریان، ئەویش وتی: بۆچی دەگریت، وتی: لە ترسی لێپێچینەوە ناگریم، بەڵکو بیری لێپێچینەوەی رۆژی دواییم کەوتەوەو گریام، موعاویەش وازی لێهێنا و لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکرد.[2]

٢٠٣٦. عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵای بەلوی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵای بەلویە، کونیەکەی ئەبووعەقیلە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و دەستێکی کارای وەشاند و دواتر شەهید بوو.[3]

٢٠٣٧. عەبدوڕەحمانی کوڕی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەمری کوڕی یەزیدە، باوکی بە ئەبی صەعصەعە ناسراوە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

---

[1] الكنى و الأسماء للدولابي، الرقم ١٩٢.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٣١.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٥.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣١٦.

عەبدوڕەحمان دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (خوایە لە پشتیوانان خۆش بەو لە منداڵانی پشتیوانان خۆش بە، لە نەوەکانی پشتیوانان خۆش بە).[1]

۲۰۳۸. عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی کوڕی عەبدعەوفی قورەیشی زوهریە، کونیەکەی ئەبوومحەممەدە، دایکی ناوی شیفائی کچی عەوفە.[2]

یەکێکە لە دە موژدەپێدراوانی بەهەشت و یەکێکیشە لە شەش هاوەڵی شوورای سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب، پێغەمبەر(ﷺ) تا وەفاتی کرد لێی رازی بوو.[3]

عەبدوڕەحمان سەرەتا ناوی عەبدعەمر یان عەبدولکەعبە بوو، بەڵام کە موسڵمان بوو پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا عەبدوڕەحمان.[4]

برایەکی هەبوو بە ناوی ئەسوەد کە ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و ماوەیەک پێش فەتحی مەککە کۆچی کرد بۆ مەدینە،[5] برایەکی تریشی هەبوو بەناوی عەبدولا کە لەرۆژی فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[6]

خوشکێکی هەبوو بە ناوی حەمنەن کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو،[7]خوشکێکی تری ناوی شیفائی کچی عەوف بوو کە لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە عاتیکەی خوشکی کۆچی کرد بۆ مەدینە.[8]

---

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرم ٤١٠٨.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٤.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٤٦.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٤.
[5] أسد الغابة، ج١، ص ١٣٥.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١، ص ٧٦.
[7] أسد الغابة، ج٢، ص ٧٦.
[8] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٠.

ژن و منداڵەکانی:

ژنێکی هەبوو بە ناوی ئوموکلثومی کچی عوتبە کە کوڕێکی لێ بوو بەناوی سالم، ژنێکی تری کچی شەیبە بوو کە کچێکی لێی بوو بە ناوی ئومولقاسم، ژنێکی تری ناوی ئوموکلثومی کچی عوقبە بوو کە موحەممەد و ئیبراهیم و حەمید و ئیسماعیل و حەمیدەو ئەمەتورەحمانی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی سەهلەی کچی عاصم بوو کە میعەن و عومەر و زەید و ئەمەتوڕەحمانی بچووکی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی بەحریەی کچی هانیء بوو کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی عوروە، ژنێکی تری ناوی سەهلەی کچی سوهەیل بوو کە سالمی بچووکی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئوموحەکیم بوو کە ئەبووبەکری لێی هەبوو، ژنێکی تری کچی ئەبیلحەیس بوو کە کوڕێکی لێی هەبوو بەناوی عەبدولا، ژنێکی تری ناوی تەماضوری کچی ئەصبەع بوو کە عەبدولای بچووکی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئەسمائی کچی سەلامە بوو کە عەبدوڕەحمانی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئوموحورەیث بوو کە موصعەب و ئامینەو مەریەمی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی مەجدی کوڕی یەزیدە کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی سوهەیل، ژنێکی تری ناوی غەزالی کچی کیسرا بوو کە کەنیزەک بوو و کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی عوثمان، چەند ئوموولەدێکی تری هەبوو بەناوی عوروەو یەحیا و بیلال، ژنێکی تری ناوی بادیە بوو کە جوەیریەی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی زەینەبی کچی صەباح بوو کە ئوموپەحیای لێ هەبوو.[1]

عەبدوڕەحمان دە ساڵ لە پێغەمبەر(ﷺ) بچوکتر بوو، چونکە دە ساڵ پاش ساڵی فیل لەدایک بوو.[2]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٦-١٢٨.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٤.

موسڵمانبوونی:

موسڵمانبوونی عەبدوڕەحمان هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمانبوونی عوثمانی کوڕی مەظعوون و عوبەیدەی کوڕی حارث و ئەبووعوبەیدەدا، ئەمەش پێش ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەم و لەوێ بانگەواز بکات، عەبدوڕەحمان هاودەم بەو هاوەڵانەی چوونە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) باسی ئیسلامی کرد بۆیان و وردەکاریەکانی ئیسلامی خستەڕوو بۆیان، ئەوانیش موسڵمان بوون.[1]

عەبدوڕەحمان یەکێکە لە بەشداربوانی کۆچی حەبەشەو لە هەردوو کۆچەکەدا بەشداری کرد، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سەعدی کوڕی ڕەبیع و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە.[3]

عەبدوڕەحمان کە سەرەتا هاتە مەدینە کەسێکی هەژار و نەدار بوو، هیچی نەبوو.[4]

سەعد کەسێکی دەوڵەمەند بوو، بە عەبدوڕەحمانی وت: ماڵەکەم لەگەڵتدا دووکەرت دەکەم و ژنێکیشت لێ مارە دەکەم، ئەویش وتی: خوای گەورە بەرەکەت بخاتە ژن و ماڵتەوە، ڕێی بازاڕم نیشان بدەن.[5]

حارث لە غەزای بەدریشدا بەشداری کرد، عەبدوڕەحمان دەڵێت: لە بەدردا لە ریزدا وەستابووم، تەماشای ڕاست و چەپی خۆم کرد، دوو منداڵی

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٨.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٥.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨.

[4] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٩١.

[5] صحيح البخاري - كتاب البيوع - باب ما جاء في قول الله تعالى فإذا قضيت الصلاة فانتشروا في الأرض، الرقم ٢٠٤٩؛ جامع الترمذي - أبواب البر والصلة عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في مواساة الأخ، الرقم ١٩٣٣.

پشـتیوانانم بینـی، یەکێکیـان وتـی مامـە گیـان ئەبووجەهـل دەناسـیت؟ وتـم: بەڵێ، بۆچیتـە برازاکـەم؟ وتـی بیسـتوومە قسـەوی وتـووە بـە پێغەمبـەر(ﷺ)، سـوێند بـەوەی گیانمـی بەدەسـتە ئەگـەر ببینـم وازی لـێ ناهێنـم تـا دەیکوژم یـان دەمکوژێـت، ئـەوی تریـش هەمـان شـتی پـێ وتـم، منیـش نیشـانم دان و ئەوانیـش کوشـتیان و دواتـر هاتنـەوە بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ)، فەرمـووی: کامتـان کوشـتی؟ هەرکامیـان وتـی: مـن، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: کەسـتان شمشـێرەکەتان سـڕیوە؟ وتیـان: نـا، سـەیری هـەردوو شمشـێرەکەی کـرد و فەرمـووی: هـەردووکتـان کوشـتووتانە.[1]

حـارث دەڵێـت: کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) لـە شـیوەکە بـوو سـەبارەت بـە عەبدوڕەحمانـی کـوڕی عـەوف پرسـیاری لێکـردم و هەواڵـی ئـەوی پرسـی، منیش وتـم: وا لـە لاپاڵـی شـاخەکەوەیە، بینیـم دەسـتەیەکی دوژمـن هاتبـوون بـۆی و منیـش ویسـتم بچـم بـۆ پاڵپشـتی ئـەو، بـەڵام کـە تـۆم بینـی هاتـم بـۆ لای تـۆ، پێغەمبەریـش(ﷺ) فەرمـووی:(ألا إن الملائکة تقاتل معه)، (چـاک بزانـە فریشـتەکان لەگەڵ ئـەودا دەجەنگن و پاڵپشـتی دەکـەن)، حـارث دەڵێـت: منیش گەڕامـەوە بۆ لای عەبدوڕەحمـان و بینیـم لـە نێـو حـەوت لاشـەی کوژراودایـە، پێـم وت: نەناڵیـت هەمـوو ئەمانـەت کوشـت؟ وتـی: ئەمەیـان ئەرطەئـەی کـوڕی شـورەحبیل کوشـتی، ئـەم دوانـەش مـن کوشـتنم، بـەڵام ئەمانـەی تـر بەدەسـتی کەسـانێک کوژران کـە نەمدەبینین، منیـش وتـم: خـوا و پێغەمبەرەکـەی راسـتیان فەرمـوو.[2]

عەبدوڕەحمـان لـە غـەزای بـەدردا برینـی زۆری تـووش بـوو، نزیـک بـە بیسـت پێکان و برین بـە جەسـتەیەوە بوو و قاچـی تووشـی شـەلینێک کرد.[3]

---

[1] صحيح البخاري – كتاب فرض الخمس – باب من لم يخمس الأسلاب، الرقم ٣١٤١؛ صحيح مسلم – كتاب الجهاد والسير – باب استحقاق القاتل سلب القتيل، الرقم ١٧٥٢.

[2] المعجم الكبير للطبراني – باب الحاء – من اسمه الحارث – الحارث بن الصمة الأنصاري، الرقم ٣٣٨٥؛ معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ١٩٠٨.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٥.

سائیبی کوڕی ئەبی حوبەیش دەڵێت: لە غەزای بەدردا کابرایەکی قژدرێژ باڵابەرز بەسەر ئەسپێکەوە منی بەدیل گرت و منی بەستەوە، دواتر عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف هات و وتی: کێ ئەمەی بەند کرد؟ کەس نەبوو وەڵامی بداتەوە، ئەویش سائیبی برد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: یەکێک لە فریشتەکان تۆی بەدیل گرت، پاشان فەرمووی: ئەی کوڕی عەوف دیلەکەت ببە.[1]

پێغەمبەر(ﷺ) لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا عەبدوڕەحمانی کرد بە ئەمیری سریەیەک و ناردی بۆ دەومەتەلجەندەل و فەرمانی پێکرد ئەگەر موسڵمان بوون ئەوە کچی پاشاکەیان بەهاوسەر بگرێت، ئەوانیش موسڵمان بوون و عەبدوڕەحمانیش کچەکەی پاشاکەیانی بەهاوسەرگرت کە ناوی تەماضوری کچی ئەصبەعی کەلبی بوو.[2]

لە ڕێککەوتنی حودەیبیەشدا بەشداری کرد و یەکێک بوو لە شاهیدەکانی ڕێککەوتنەکە.[3]

عەبدوڕەحمانی کوڕی عوف یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[4] (ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

---

[1] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ٩١٥، البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٨١.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٧٩.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٦٩.

[4] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب عبد الرحمن بن عوف الزهري(ﷺ)، الرقم ٣٧٤٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر إثبات الجنة لأبي عبيدة بن الجراح، الرقم ٧٠٠٢، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير و زيادته، الرقم ٥٠.

جارێک موغیره لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی: من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیک لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی: بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان: کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی: سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[1]

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) لە دوای عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە نوێژی کردووە، ئەو فەزڵەش خوا تەنها بە ئەبووبەکری صدیق و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی بەخشی، موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت: لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین، دەمی بەیان پێغەمبەر(ﷺ) لە خەڵکەکە دوورکەوتەوەو منیش بەدوایدا چووم و لە دووریەوە چاوەڕوان بووم، کە هاتەوە فەرمووی: کارت هەبوو ئەی موغیرە؟ وتم: نا، فەرمووی: ئایا ئاوت پێیە؟ وتم: بەڵێ، دەستنوێژێکی تەواوەتی گرت و مەسحی سەر خوفەکانی کرد، کە گەیشتینەوە بە خەڵکەکە نوێژ دابەسرابوو، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بەرنوێژی دەکرد، رکاتێکی کردبوو و لە رکاتی دووەمدا بوو، ویستم بڕۆم بە عەبدوڕەحمان بڵێم دەست هەڵگرێت ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،

[1] سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في الخلفاء، الرقم ٤٦٤٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٩٣، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگری لێکردم، ئێمەش ئەو ڕکاتەمان لە دوایەوە کرد و دوای سەلامدانەوەی عەبدوڕەحمان ڕکاتەکەی ترمان تەواو کرد.[١]

ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەوەش لە غەزای تەبووکدا بوو.[٢]

عەبدوڕەحمان زۆر جار لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بوو و بۆ دەرچوون و هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵیدا بوو، بۆ نموونە جارێک سەعدی کوڕی عوبادە نەخۆش بوو، پێغەمبەر(ﷺ) هاودەم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود هات بۆ لای تا سەردانی بکات.[٣]

عەبدوڕەحمان دەڵێت: جارێک چوومە مزگەوت و پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ نەبوو، منیش کەوتمە دوای پێغەمبەر(ﷺ) تا بینیم چوویە ناو باخە خورمایەک و ڕوویکردە قیبلەو سوجدەیەکی دوورودرێژی برد، منیش وەستابووم، وامزانی وەفاتی کردووە، چوم بەرەو لای، سەرم نزم کردەوەو سەیرێکی دەموچاویم کرد، پێغەمبەر(ﷺ) سەری بەرز کردەوەو فەرمووی: چیە ئەی عەبدوڕەحمان؟ وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە سوجدەکەت درێژ کردەوە ترسام وەفاتت کردبێت بۆیە هاتم تەماشام کردیت، فەرمووی:(إِنِّي لَمَّا دَخَلْتُ النَّخْلَ لَقِيتُ جِبْرِيلَ، فَقَالَ: إِنِّي أُبَشِّرُكَ أَنَّ اللهَ يَقُولُ: مَنْ سَلَّمَ عَلَيْكَ سَلَّمْتُ عَلَيْهِ، وَمَنْ صَلَّى عَلَيْكَ صَلَّيْتُ عَلَيْهِ)،[٤] (من کە هاتمە ناو باخە خورماکە گەیشتم بە جیبریل و ئەویش فەرمووی: موژدەت پێدەدەم خوا دەفەرموێت هەرکەس سەلامت لێ بکات سەلامی لێدەکەم و هەرکەس صەلەواتت لەسەر بدات صەلەواتی لەسەر دەدەم).

---

[١] صحيح مسلم - كتاب الطهارة - باب المسح على الناصية والعمامة، الرقم ٢٧٤؛ سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب المسح على الخفين، الرقم ١٤٩.

[٢] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ٢٢.

[٣] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب البكاء عند المريض، الرقم ١٣٠٤؛ صحيح مسلم - كتاب الجنائز - باب البكاء على الميت، الرقم ٩٢٤.

[٤] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - حديث عبد الرحمن بن عوف الزهري(ﷺ)، الرقم ١٦٨٤؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب الإمامة وصلاة الجماعة - من سلم عليك سلمت عليه ومن صلى عليك صليت عليه، الرقم ٨١٥ صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، و قال الحاكم ولا أعلم في سجدة الشكر أصح من هذا الحديث، صححه أحمد شاكر، قال شعيب الأرناؤوط حسن لغيره.

هەروەها لەکاتی وەفاتی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) عەبدوڕەحمان لە نزیک پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بوو، ئەنەس دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) چووم کە بەرەو لای ئیبراهیم دەچوو، لە ڕێدا ئەبوو سەیفمان بینی کە کوورەی ئاسنگەریەکەی تاو دەدا،ماڵیش پڕ دووکەڵ بوو، منیش لەبەردەم پێغەمبەردا(ﷺ) خێراتر هەنگاوم هەڵنا و گەیشتمە لای ئەبوو سەیف و پێم وت: ئەی ئەبووسەیف دەست هەڵگرە وا پێغەمبەر(ﷺ) هات، ئەویش دەستی هەڵگرت، پێغەمبەر(ﷺ) داوای ئیبراهیمی کرد و گرتیە کۆش و لەخۆی گوشی و چەند جار فەرمووی: (ماشاء الله)، ئیبراهیمیش خەریکبوو گیانی دەدا، چاوەکانی پێغەمبەریش(ﷺ) فرمێسکیان دەڕشت، فەرمووی:(تدمع العين ويحزن القلب و لا نقول إلا ما يرضي الرب و إنا بك يا إبراهيم لمحزونين)[1]، (چاو فرمێسک دەڕژێ و دڵ خەمبار دەبێ، هیچیش ناڵێین جگە لەوەی پەروەردگار پێی ڕازی بێت، ئەی ئیبراهیم ئێمە زۆر دڵگرانین بۆت)، عەبدورەحمانی کوڕی عەوفیش کە بینی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەگری وتی: تۆیش ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (يا إبن عوف إنها رحمة)، (ئەی کوڕی عەوف ئەوە سۆزو ڕەحمە).[2]

جارێک عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف نیوەی سامانی خۆی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە نیوەی سامانەکەمەو هێناومە بۆت و نیوەکەی تریم هێشتوەتەوە بۆ ماڵ و منالم، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (بارك الله لك فيما أعطيت و ما أبقيت)، (خوا بەرەکەت بخاتە ئەوەی بەخشیوتەو ئەوەشی هێشتووتەتەوە)، ئەوەبوو دووروووەکان بە لاچاو بە تانەوە سەیریان دەکرد و دەیانوت بەس لەبەر ڕووپامایی و حەزی ناوبانگ بەخشیویەتی، ئینجا یەکێک لە موسڵمانە هەژارەکان هات کە ناوی حەبحاب بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من ئەمڕۆ بە دوو بەش

[1] صحيح مسلم - كتاب الفضائل - باب رحمته(ﷺ) الصبيان والعيال وتواضعه وفضل ذلك، الرقم ٢٣١٥.
[2] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب قول النبي(ﷺ) إنا بک لمحزونون، الرقم ١٣٠٣.

خورما کرێکاریم کردووە، بەشێکیم (مشتێک) داناوە بۆ ماڵ و منداڵم و ئەم مشتەشم هێناوە، دووروووەکانیش بە لاچاو سەیریان دەکرد و تانەیان لێدەدا و وتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی بێباکن لە مشتەکەی ئەبی عەقیل، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاند(الذين يلمزون المطوعين من المؤمنين في الصدقات والذين لا يجدون الا جهدهم فيسخرون منهم سخر الله منهم ولهم عذاب اليم)،[1] ئەوەش وەڵامێک بوو بۆ دووروووەکان.[2]

جارێک عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای لە خالید کرد، پێغەمبەریش(ﷺ) بە خالیدی فەرموو (ئەی خالید بۆچی ئازاری کەسێک لە بەشداربوانی بەدر دەدەیت؟ خۆ ئەگەر هێندەی ئوحود زێڕ ببەخشیت ناگەیتەوە بە کردەوەی ئەودا)، خالیدیش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەر دەنێنە سەرم و قسەم لەروودا دەکەن، منیش ناچار دەبم وەڵامیان بدەمەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(لا تؤذوا خالدا فإنه سيف من سيوف الله صبه الله على الكفار)،[3] (ئازاری خالید مەدەن، چونکە ئەو شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا کە بەرووی بێباوەڕاندا هەڵیکردووە).

پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف یارمەتی زۆری خێزانەکانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەدا و پارەیەکی زۆری دابەش دەکرد بەسەریاندا.[4]

ئەبووبەکری صدیق دژبە هەڵگەڕاوەکان جەنگی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و بڕێک کەسی کرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام

---

[1] التوبة: ٧٩.

[2] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٠٧٨.

[3] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر تسمية المصطفى(ﷺ) خالد بن الوليد سيف الله، الرقم ٧٠٩١، صححه شعيب الأرناؤوط.

[4] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٨٦.

و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود.[1]

عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە سەردەمی هەریەک لە ئەبووبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەططابدا فەتوای دەدا.[2]

لە ساڵی سیانزەی کۆچیدا عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف پێشەنگی مەراسیمی حەجی کرد بۆ خەڵک.[3]

کاتێک ئەبووبەکری صدیق نەخۆش کەوت، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی بانگ کرد و وتی: هەواڵی عومەرم پێ بدە، ئەویش وەسفی کرد و وتی: بەڵام توندیەکی تێدایە، ئەبووبەکر وتی: ئەوە لەبەرئەوەیە کە منی دیوە نەرم بووم بۆیە، ئەگەر خۆی بێت زۆرێک لەوەی هەیەتی واز لێدێنێت.[4]

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب ویستی بەخششی خەڵک دیاری بکات، ڕاوێژی کرد بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و عەلی کوڕی ئەبووطالیب، ئەوانیش وتیان: لە خۆتەوە دەست پێ بکە، چونکە تۆ شیاوتریت بەوە، عومەریش وتی: نا سوێند بەخوا لە نزیکترین کەسەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەست پێ دەکەم،[5] ئینجا لەوانەی بەشداری بەدر بوون، بەوجۆرە دەچم تا دەگاتە خۆم، یەکەمجار پێنج هەزاری بڕیەوە بۆ عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، دواتر بۆ هاشمیە بەشداربووەکانی بەدر.[6]

جارێک کاروانێکی بازرگانی هاتنە مەدینە، عومەری کوڕی خەططاب کە خەلیفە بوو بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی وت: با ئەمشەو پاسەوانی ئەمانە بکەین، ئەویش وتی: باشە، ئەو شەوە عومەرو عەبدوڕەحمان پێکەوە

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣١١.
[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٨٦
[3] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٨٧
[4] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٢٧٢.
[5] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٣٥٠.
[6] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب السير - ما قالوا فيمن يبدأ به في الأعطية، الرقم ٣٣٥٧٠.

پاسەوانی ئەو کاروانەیان کرد، منداڵێک بەردەوام دەگریا، عومەر بە دایکی وت: لەخوا بترسە وریای منداڵەکەت بە، کەچی منداڵەکە هەر دەگریا، چەند جارێک عومەر ئەوەی وت: بە دایکی، دواجار دایکی هاتە جواب و وتی: ئەمەوێت لەشیری ببڕمەوە، بەڵام بیری ناچێتەوە، عومەر وتی: بۆ وا دەکەیت؟ وتی: ئاخۆ عومەر تەنها بۆ کەسێک بەشی بڕیوەتەوە کە شیرەخۆرە نەبێت، عومەر وتی: ماڵوێران پەلە مەکە لە شیربڕینەوە، ئەوەبوو بۆ بەیانی بڕیاری دا هەر منداڵێک لەدایک بوو هەر لە لەدایکبوونیەوە بەشی بۆ ببڕێتەوە.[1]

سائیبی کوڕی یەزید دەڵێت: لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا ئێمە لە ڕێی حەجدا بەرەو مەککە دەچووین و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیشمان لەگەڵدا بوو، عەبدوڕەحمان کەناری گرت لە ڕێگەکەو بە ڕەباحی وت: ئەی ئەبووحەسسان کەمێک گۆرانیمان بۆ بڵێ، چونکە ڕەباح دەنگێکی خۆشی هەبوو، ئەویش دەستی پێکرد، لەو کاتەدا عومەری کوڕی خەططاب هات و وتی: ئەمە چیە؟ عەبدوڕەحمان وتی: کێشەیەک نیە دەمانەوێت ڕێگەکەمان لێ بڕوات، عومەریش وتی: هەر دەیڵێیت ئەوا شیعرەکەی ضیراری کوڕی خەططاب بڵێ.[2]

لە کۆتا حەجی عومەری کوڕی خەططابدا عەبدوڕەحمانیش بەشدار بوو، بیستی کەسێک دەیوت: ئەگەر عومەر مرد من بەیعەت بە فلانە کەس دەدەم، عەبدوڕەحمانیش بە خەلیفەی وت: چی ڕوویداوە، عومەر وتی: دوای عەسر پشت بەخوا ڕوونکردنەوە دەدەم بەو خەڵکە، عەبدوڕەحمان وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوە مەکە، چونکە ئێستا هەمەچەشنە خەڵک هاتون و لەوانەیە قسەیەک بکەیت کە وەک خۆی وەرینەگرن، بەڵام کە چوویتەوە مەدینە قسەی خۆت بکە، عومەریش ڕاکەی عەبدوڕەحمانی وەرگرت.[3]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٣٥.

[2] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الشهادات - جماع أبواب من تجوز شهادته ومن لا تجوز - باب الرجل لا ينسب نفسه إلى الغناء ولا يؤتى لذلك ولا يأتي عليه وإنما يعرف بأنه يطرب في الحال فيترنم فيها، الرقم ٢١٠٧٤.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ٢٤٥.

لەو نوێژەدا کە عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، خێرا فەرمانی کرد عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف نوێژەکەی بۆ خەڵکەکە کرد، پاشان عەبدوڕەحمانی بانگ کرد و وتی: دەمەوێت تۆ راسپێرم بۆ باری دەسەڵاتی دوای خۆم، عەبدوڕەحمان رازی نەبوو، عومەر وتی: دەی ئەم ماوە بێدەنگ بە تا ئەو کەسانە راسپێرم کە پێغەمبەر(ﷺ) تا وەفاتی کرد لێیان رازی بوو.[1]

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی پێکرا، شەش کەسی راسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێک دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عوثمانی کوڕی عەففان، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.[2]

عومەری کوڕی خەططاب ئەگەری دانا بۆ درووستبوونی راجیایی لەسەر دیاریکردنی کەسێک و چارەسەری بۆ داناو وتی: ئەگەر سێ کەس سێ کەس کەوتن (واتە بوون بە دوو بەشەوە) ئەوە عەبدوڵای کوڕی عومەر بکەن بە دادوەری نێوانیان، ئەگەریش بە دادوەری ئەو رازی نەبوون، ئەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بن کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدایە.[3]

ئەوەبوو دواجار سیانیان وازیان هێنا لە مافەکەیان بۆ ئەوانی تر، مانەوە سەر عەبدوڕەحمان و عەلی و عوثمان، عەبدوڕەحمان وتی: منیش لەپێناو خوادا واز لە مافەکەم دێنم و ئێوەش یەکێکتان وازبهێنن تا بەیعەت بدەین بەوی تر، دواجار ئەهلی شوورا بڕیاری کۆتاییان دایە دەست عەبدوڕەحمان، ئەویش کەوتە وەرگرتنی رای خەڵکی و تەنانەت رای ژن و منداڵیشی وەرگرت، رای سوارەو پیادەکانیشی وەرگرت، سێ شەو و ڕۆژ بەردەوام بوو لەو راوەرگرتنەی، رای زۆرینەی هەرەزۆر لەسەر عوثمانی کوڕی عەففان بوو،

[1] الكامل في التاريخ، ج٢، ص ٤٤٧.
[2] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤٠٧٤.
[3] الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج٣، ص ٤٦١.

دواجار لەبەری بەیاندا مێزەرەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کردە سەر و ناردی بە شوێن ناودارانی ناو کۆچەران و پشتیوانان و خەڵکی ترداو مزگەوت پڕ بوو لە خەڵک، چوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر(ﷺ) و ماوەیەکی زۆر وەستا و بە دەنگی نزم نزایەکی زۆری کرد، دواتر خەڵکەکەی دواند، ئینجا عەلی بانگ کرد و دەستی گرت و وتی: لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی و کرداری ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پێدەدەیت؟ وتی: ناوەڵا، بەڵکو هێندەی توانام هەبێت، عەبدوڕەحمان دەستی بەردا و عوثمانی بانگ کرد و دەستی گرت و هەمان شتی بەویش وت، عوثمان وتی: بەڵێ بەخوا، ئەوەبوو عەبدوڕەحمان لە شوێنەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دانیشت و عوثمانیش لە پلیکانەی خوارترەوەو خەڵکەکە هاتن بەیعەتیان دا بە عوثمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش بەیعەتی پێدا.[1]

جا بڕێک دەق هاتون کە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەو بڕیارە ناڕازی بوو بێت و ئەوەی بە فێڵ دانابێت، ئیبن کەثیر دەڵێت: (ئەوەی زۆرێک لە مێژوونووسانی وەک ئیبن جەریر و کەسانێکی تر لە بڕێک کەسی نەناسراوەوە تۆماریان کردووە گوایە عەلی بە عەبدوڕەحمانی وتووە تۆ منت خەڵەتاند و تۆ لەبەر خزمایەتی و لەپێناو ئەوە عوثمانت دانا تا لە هەموو شتێکدا رات وەربگرێت و...هەموو ئەمانە پێچەوانەی تۆماری صەحیح و دروستن و دەدرێنەوە بە رووی خاوەنەکانیاندا).[2]

لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف هاودەم بە موسڵمانان بەیعەتی دا بە عوثمانی کوڕی عەففان و گوێڕایەڵ و کەسی نزیکی بوو، هاوکات خەلیفەش رێز و گەورەیی ئەوی دەزانی و دەیوت: ئێستا کەس نیە فەزڵی لەو پیاوە

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٤٧.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٤٧.

زیاتر بێت لەبەرئەوەی بەشداری هەردوو کۆچەکە بوو.[١]

جارێک طەلحە نەخۆش کەوت و جۆرێک لە عاجزی لەنێوان ئەو و عەبدوڕەحماندا هەبوو، عەبدوڕەحمان چوو بۆ لای، طەلحە وتی: براکەم بەخوا تۆ زۆر لە من باشتریت، عەبدوڕەحمان وتی: براکەم وامەڵێ، ئەویش وتی: بەڕێ وەڵا، چۆن وا نەڵێم، ئەگەر تۆ نەخۆش بکەوتیتایە من دەهاتم بۆ سەردانت؟![٢]

جارێک عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف وەسیەتی کرد چی بەشداربووی بەدر ماون دیاری بکرێن تا هاوکارییان بکات، تەنها سەد کەس مابوون، بۆ هەرکامیان چوارسەد دیناری پێ بەخشی، تەنانەت بەشی عوثمانی کوڕی عەففانیشی دا،[٣] چونکە ئەو هەرچەندە بەشدار نەبوو بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) کاتی خۆی بە بەشداربووی بەدر حسابی کردبوو.

جارێک عەبدوڕەحمان دانیشتبوو خواردنی بۆ هێنرا، وتی: موصعەبی کوڕی عومەیر کوژرا و زۆر لە منیش باشتر بوو و تەنها عەبایەک هەبوو بۆ کفنەکەی، حەمزەش کوژرا و لە من زۆر باشتر بوو و ئەویش تەنها عەبایەک هەبوو بۆ کفنەکەی، دەترسم خۆشیەکان بۆ ئێمە خرابنە دنیا و لەو دنیا بێبەش بین، ئیتر دەستی کرد بە گریان.[٤]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە عوثمانی کوڕی عەففان نووسراوێکی نووسی تا عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف دوای خۆی ببێت بە خەلیفە، کاتێک عەبدوڕەحمان ئەوەی بیست چوویە نێوان مینبەرو گۆڕەکەی پێغەمبەر(ﷺ) و نزای کرد خوایە ئەگەر بڕیاری وا هەیە ئەوا پێش ئەو بارە بممرێنە، ئەوەبوو شەش مانگی نەخایاند کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف وەفاتی کرد.[٥]

---

[١] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٧٥.

[٢] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٨٨-٨٩.

[٣] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٩٠.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب الكفن من جميع المال، الرقم ١٢٧٤.

[٥] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٨٨.

عەبدورِەحمانی کوڕی عەوف لە ساڵی سی و دووی کۆچی و لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا لە مەدینە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا.[1]

کاتێک وەفاتی کرد عوثمانی کوڕی عەففان نوێژی لەسەر کرد.[2]

مشتومڕی پاش مەرگی عەبدورِەحمانی کوڕی عەوف

عەبدورِەحمان پاش خۆی سامانێکی زۆر زۆری بەجێهێشت، پاش مەرگی نزیکەی هەزار وشتر و سێ هەزار مەڕو سەد ئەسپی جێهێشتبوو،[3] لە میراتەکەی هەر ژنێکی سەد هەزاری بەرکەوت.[4]

کاتێک عەبدورِەحمانی کوڕی عەوف مرد و سامانێکی جێهێشت ئەبووذەر ئەوەی بەو کەنزە دانا کە لەسەری سزا دەدرێت، عوثمانیش سەبارەت بەو مەسەلە دانوستان و مشتومڕی لەگەڵ ئەبووذەر دەکرد تا ئەوەی کەعب هاتەژوورەوەو هاوڕای عوثمان بوو، بۆیە ئەبووذەر لێیدا، هەر بەو هۆکارەش لە شام ئەبووذەر کێشەی لەگەڵ موعاویە هەبوو، دەستەیەکیش هەبوون هاوڕای ئەبووذەر بوون... خۆ خوای گەورە لە قورئاندا میراتی دیاری کردووەو دابەشی کردووە، دەی میراتیش بۆ کەسێک دەبێت کە دوای خۆی سامانێک جێبهێڵێت، چەندین هاوەڵ لە پشتیوانان و بگرە لە کۆچەرانیش هەبوون کە لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) سامانیان هەبووە، چەندین پێغەمبەریش هەبون کە سامانیان هەبووە.[5]

---

[1] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٩٢.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ١٦٤.

[3] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٩٢.

[4] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٩١.

[5] العواصم من القواصم لابن العربي.

٢٠٣٩. عەبدوڕەحمانی کوڕی عەون(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەونی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە جەنگی جیسردا شەهید بوو.[1]

٢٠٤٠. عەبدوڕەحمانی کوڕی عەووام(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەووامی ئەسەدیەو برای زوبەیری کوڕی عەووامە، لە غەزای بەدردا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد، دواتر لە فەتحی مەککەدا کە موسڵمان بوو پێغەمبەر(ﷺ) ناوی لە عەبدولکەعبەوە گۆڕی بۆ عەبدوڕەحمان، دواتر عەبدوڕەحمان لە سەردەمی خیلافەتی راشیدینیشدا ژیاو بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

٢٠٤١. عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی تەیمی(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی کوڕی عوبەیدوڵای تەیمیە، رایەک دەڵێت: لە رێککەوتنی حودەیبیەدا موسڵمان بووە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، بەپێی رای یەکەم بەشداربووە لە عومرەی پاش حودەیبیەدا.[3]

عەبدوڕەحمان دوای سەردەمی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد، دوای ئەوەش تا سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژیا و لە مەککەو لە ساڵی حەفتاو سێی کۆچیدا بە دەستی ئومەویەکان کوژرا.[4]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٣٣.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٤٤-٣٤٥.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٣٢.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٣٢.

٢٠٤٢. عەبدوڕەحمانی کوڕی عوپمانی جومەحی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی کوڕی مەظعوونە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کە لە ساڵی دووەمی کۆچیدا وەفاتی کرد، بۆیە عەبدوڕەحمان لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا(ﷺ) تەمەنی زیاد لە نۆ ساڵان دەبوو.[١]

٢٠٤٣. عەبدوڕەحمانی کوڕی عودەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عودەیسی کوڕی عەمری بەلەویە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ڕیضوان، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیاو لە فەتحی میصردا بەشداری کرد، دواتر یەکێک بوو لە بەشداربوانی فیتنەی سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان و دژ بە خەلیفە لە میصرەوە هات بەرەو مەدینە، دواتر لەلایەن موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانەوە بەند کرا، عەبدوڕەحمان ڕایکرد و لە کاتی ڕاکردنیدا کوژرا.[٢]

٢٠٤٤. عەبدوڕەحمانی کوڕی قەتادە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی قەتادەی سولەمیە، عەبدوڕەحمان دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (خلق الله آدم، ثم أخذ الخلق من ظهره، فقال: هؤلاء في الجنة ولا أبالي، وهؤلاء في النار ولا أبالي)، (خوا ئادەمی دروست کرد، دواتر لە پشتی ئەوەوە خەلقی بەدیهێنا، دواتر فەرمووی: ئەمانە لە بەهەشتدان وباکم نیە، ئەمانەش لە دۆزەخدان و باکم نیە)، جا کەسێک وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئیتر لەسەر چی ئیش بکەین؟ فەرمووی:(على مواقع القدر) لەسەر جێپێکانی قەدەر.[٣]

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٨٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٤.

[٣] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث عبد الرحمن بن قتادة السلمي(رضي الله عنه)، الرقم ١٧٩٣٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان - باب ما جاء في الطاعات وثوابها - ذكر البيان بأن قوله(ﷺ)

۲۰٤٥. عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیسەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، عەبدوڕەحمان دەڵێت: کابرایەک هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: من ستەملێکراوم، ئەویش فەرمووی: (ستەملێکراوان لە ڕۆژی دواییدا سەرکەوتوانن).[1]

۲۰٤٦. عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیظی(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیظی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، هاودەم بە باوکی بەشدار بوو لە غەزای ئوحوددا، بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

۲۰٤٧. عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعبی کوڕی عەمرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە و کونیەکەی ئەبولەیلایە، لە غەزای ئوحود و خەندەق و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، بەڵام لە غەزای تەبووکدا لەبەر کەمدەستی نەیدەتوانی بەشداری بکات و لە خەفەتی بەشداری نەکردنی دەستی کرد بە گریان.[3]

دەستەیەک لە هاوەڵان هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و ژمارەیان حەوت کەس بوو، بریتی بوون لە سالیمی کوڕی عومەیر و عولبەی کوڕی زەید و عەبدورەحمانی کوڕی کەعب و عەمری کوڕی حومام و

فكل ميسر» أراد به ميسر لما قدر له في سابق علمه من خير أو شر، الرقم ٣٢٨؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب الإيمان - هؤلاء للجنة ولا أبالي وهؤلاء للنار ولا أبالي، الرقم ٨٥، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره.

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥٥.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٠٥.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٥٥.

عەبدوڵای کوڕی موغەففەل و هەرمی کوڕی عەبدوڵا و عیرباضی کوڕی ساریە، داوایان کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) تا پرچەکیان بکات تا بتوانن بەشداری غەزای تەبووک بن، چونکە ئەمانە کەمدەرامەت و دەستکورت بوون، پێغەمبەر(ﷺ) پێی راگەیاندن هیچی لەبەردەست نیە تا داواکەیان بێنێتەدی، یامینی کوڕی عەمر دەڵێت: گەیشتم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب و عەبدولای کوڕی موغەففەل دەگریان، وتم: بۆچی دەگرین؟ وتیان: چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا چەکمان پێبدات بۆ بەشداری جەنگ بەڵام هیچی لا نەبوو و ئێمەش هیچمان پێ نیە تا بتوانین لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری غەزاکە بکەین، منیش وشترێکم پێدان و برێک شیریشم پێدان، ئەوەبوو لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوون و بەشداریان کرد.[١]

٢٠٤٨. عەبدوڕەحمانی کوڕی مالیک(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی مالیکی کوڕی شیدادە، سەرەتا ناوی عورووە یان مەڕوان بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان.[٢]

٢٠٤٩. عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەد(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیە، لە پشتیوانانە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکان، عەبدوڕەحمان هاودەم بە باوکی بەشداری غەزای ئوحود و غەزاکانی دواتریش بوو، لە بەیعەتی ریضوانیشدا بەشداری کرد.[٣]

[١] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٩٧٠.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥٨.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥٨.

٢٠٥٠. عەبدوڕەحمانی کوڕی مودلیج(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی مودلیجەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی(من كنت مولاه فعلي مولاه).[١]

٢٠٥١. عەبدوڕەحمانی کوڕی مورەققەع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی مورەققەعی سولەمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی خەیبەر.[٢]

٢٠٥٢. عەبدوڕەحمانی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی موعاذی کوڕی عوثمانی قورەیشی تەیمیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە.[٣]

٢٠٥٣. عەبدوڕەحمانی کوڕی موقرین(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی موقرینی موزەنیە، سەرەتا ناوی عەبد عەمر بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان.[٤]

٢٠٥٤. عەبدوڕەحمانی کوڕی میربەع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی میربەعە، لە پشتیوانانە، برایەکیشی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، بەڵام باوکیان لە دووڕووەکان بوو، لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیددا بەشداری کرد و تیایدا هاودەم بە عەبدوڵای برای شەهید بوو.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥٩.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥٩.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٦١.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٦٣.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢٧.

٢٠٥٥. عەبدوڕەحمانی کوڕی نەححام(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی نەححامە، لە فەرموودەیەکی صەحیحدا باسی هاتووە کە کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مَنْ بَلَغَ الْعَدُوَّ بِسَهْمٍ رَفَعَ اللهُ بِهِ دَرَجَةً لَهُ) (هەرکەس تیرێک ئاراستەی دوژمن بکات خوای گەورە بەوە پلەیەک بەرزی دەکاتەوە)، عەبدوڕەحمان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پلەیەک چیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أما إنها ليست بعتبة أمك ما بين الدرجتين مائة عام)،[١] (ئەوە وەک دەرگاکەی دایکت نیە، نێوانی دوو پلە ماوەی سەد ساڵە).

٢٠٥٦. عەبدوڕەحمانی کوڕی هوبەیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی هوبەیبی کینانیە، برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدولڵا کە هەردووکیان پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد و تیایدا شەهید بوون.[٢]

٢٠٥٧. عەبدوڕەحمانی کوڕی وائیل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی وائیلی کوڕی عامیرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و لە غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

---

[١] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب فضل الجهاد - ما ذكر في فضل الجهاد والحث عليه، الرقم ١٩٧٣٢؛ سنن النسائي - كتاب الجهاد - باب ثواب من رمى بسهم في سبيل الله عز وجل، الرقم ٣١٤٤؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب فضل الجهاد - ذكر وصف الدرجة التي يعطيها الله لمن بلغ سهما في سبيله، الرقم ٤٦١٦، صححه شعيب الارناؤوط.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٦٤.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٦٥.

٢٠٥٨. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکری صدیق(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکرە، باوکی نزیکترین هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و یەکەم خەلیفەی موسڵمانان بوو، عەبدوڕەحمان هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و موحەممەدی کوڕیشی هاوەڵ بوو.[١] سەرەتا ناوی عەبدولکەعب بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان.[٢]

عەبدوڕەحمان بە بێباوەڕی بەشداری بەدرو ئوحودی کرد، دواتر لە حودەیبییەدا موسڵمان بوو،[٣] رایەکیش دەڵێت: لەپێش فەتحی مەککەدا هاودەم بە موعاویە و ژمارەیەک گەنجی قورەیش چوو بەرەو مەدینەو موسڵمان بوون.[٤]

جارێک ئەبووبەکر میوانداری دەستەیەکی کرد و بە عەبدوڕەحمانی کوڕی وت: میوانەکانت ببە وا من دەچم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، تا دێمەوە خزمەتیان بکە، عەبدوڕەحمانیش چوو و چی هەبوو داینا بۆیان و وتی: بخۆن، ئەوانیش وتیان: ئەی گەورەی ماڵ لە کوێیە؟ عەبدوڕەحمان وتی: نانەکەتان بخۆن، ئەوانیش وتیان: نان ناخۆین تا گەورەی ماڵ نەیەتەوە، ئەویش وتی: خزمەتمان قبووڵ بکەن، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، عەبدوڕەحمان زانی باوکی بێتەوە تووڕە دەبێت، بۆیە کە ئەبووبەکر هاتەوە عەبدوڕەحمان ماوەیەک خۆی ون کرد، دواتر ئەبووبەکر بە میوانەکانی وت: چیتان کرد؟ ئەوانیش وتیان: چی بووە؟ ئەبووبەکر وتی: ئەی عەبدوڕەحمان، ئەویش بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدایەوە، هەمدی بانگی کرد و ئەویش وەڵامی نەدایەوە، ئەبووبەکر تووڕە بوو و قسەیەکی پێ وت: و وتی: سوێندت

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٨١-٤٨٣.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٦.
[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٨١-٤٨٣.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٦.

دەدەم ئەگەر دەنگم دەبیستیت وەڵامم بدەرەوە، عەبدورەحمان هاتە دەرەوەو وتی: پرسیار لە میوانەکانت بکە، ئەوانیش وتیان: راست دەکات، خزمەتی کردین، ئەبووبەکر وتی: یانی چاوەڕوانی من بوون؟ بەخوا ئەمشەو نان ناخۆم، ئەوانیش وتیان: دەی بەخوا تا تۆ نان نەخۆیت ئێمەش نان ناخۆن، ئەبووبەکر وتی: شەوی وەک ئەمشەو خراپم نەدیوە، ماڵوێرانان چیتانە؟ بۆچی میوانداری و خزمەتمان قبووڵ ناکەن؟ عەبدورەحمان خواردنەکە بهێنە، ئەوەبوو خواردنەکەی هێنا و ئەبووبەکر بیسمیلاهی کرد و لێی خوارد و ئەوانیش دەستیان کرد بە خواردن،[١] بۆ بەیانی ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و وتی: ئەوان سوێندەکەیان بردە سەر و من سوێندەکەم خست، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بَلْ أَنْتَ أَبَرُّهُمْ وَأَخْيَرُهُمْ) (بەڵکو تۆ بەوەفاتر بوویت بە سوێندەکەت و چاکترینیان بوویت).[٢]

عەبدورەحمان کەسێکی پیاوچاک بوو، هاوکات حەزی بە گاڵتەو بزەبەخشی هەبوو.[٣]

لە حەجیماڵئاواییدا کە عائیشەش هاودەم بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) چوو و عەبدورەحمانیش بەشدار بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد عائیشە ببات تا عومرەکەی بکات و دواتر بگەڕێتەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ).[٤]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش بوو و لەماڵی عائیشە بوو، عەبدورەحمان چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و سیواکی پێ بوو دەیهێنا بە دانیدا، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشایەکی سیواکەکەی کرد، عائیشە سیواکەکەی لە عەبدورەحمان وەرگرت و پاکی راگرت و دواتر دای بە پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) سیواکەکەی بەکارهێنا.[٥]

---

[١] صحيح البخاري - كتاب الأدب - باب ما يكره من الغضب والجزع عند الضيف، الرقم ٦١٤٠.

[٢] صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب إكرام الضيف وفضل إيثاره، الرقم ٢٠٥٧.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٦.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الحج - باب قول الله تعالى الحج أشهر معلومات، الرقم ١٥٦٠.

[٥] صحيح البخاري - كتاب الجمعة - باب من تسوك بسواك غيره، الرقم ٨٩٠.

لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و حەوت گەورە سەرکردەی بێباوەڕانی کوشت، پاشان بەشداری فتووحات بوو، لە جەنگی جەمەلدا هاوشانی عائیشەی خوشکی بەشدار بوو.[1]

کاتێک موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ویستی بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وەربگرێت، عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکر هاودەم بە حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر نارازی بوون بەوە، عەبدوڕەحمان وتی: خۆ ئەمە حوکمی قەیصەری نیە، کە قەیصەر مرد قەیصەرێکی تر بێتە شوێنەکەی، بەخوا بەمە رازی نابین، هەرچەندە موعاویە ویستی رازی بکات بەڵام رازی نەبوو، پێش مەرگی موعاویە عەبدوڕەحمان مرد و دەسەڵاتداری یەزیدی نەبینی.[2]

جارێک لە دووری دە میل لە مەککە بوو و خەوتبوو کە ئیتر هەڵنەسایەوەو مرد، ئینجا برا بۆ مەککەو لەوێ ئەسپەردە کرا، کاتێک عائیشەی خوشکی هەواڵی مەرگی ئەوی بیست، چوویە لای گۆڕەکەی و گریا.[3]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی، دەوترێت لە ساڵی پەنجاو سێ دا کۆچی دوایی کرد،[4] هەریەک لە ساڵانی پەنجاو چوار و پەنجا و پێنج و پەنجاو شەش و پەنجاو هەشت بۆ کاتی وەفاتی هاتووە.[5]

٢٠٥٩. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عەقیل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عەقیلی ثەقەفیە، عەبدوڕەحمان دەڵێت: لەناو وەفدی ثەقیفدا بووم چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، سەرەتا بمانزانیبا هەرکەس زووتر دەچێت بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و خۆی لێ نزیک دەکاتەوە

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٨١-٤٨٣.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٧.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٧.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٨١-٤٨٣.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٢٧.

زۆر زۆر رقمان لێی دەبوو، کەچی دواتر کە لای پێغەمبەر(ﷺ) دەرچووین، ئەو کەسەی لای پێغەمبەر(ﷺ) نزیک بوایە لە هەموو کەس خۆشترمان دەویست.[1]

٢٠٦٠. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عومەیرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عومەیرەی موز هنیە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو.[2]

عەبدوڕەحمان دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە موعاویەی فەرموو (اللهم اجعله هاديا مهديا واهد به)،[3] (خوایە بیکەیتە ڕێنموونی کراو و ڕێنموونی کەر و خەڵکی بەهۆیەوە ڕێنموونی بکە).

٢٠٦١. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلای ئەنصاریە، هاودەم بە باوکی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، جا هەندێ ئەم هاوەڵە لەگەڵ عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلای تابعیدا تێکەڵ دەکەن.[4]

٢٠٦٢. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەزهەر(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەزهەری کوڕی عەوفە، برازای عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفە، کونیەکەی ئەبووجوبەیرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین، تا سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژیا.[5]

---

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب الإيمان - إن النبي(ﷺ) اختبأ دعوته شفاعة لأمته يوم القيامة، الرقم ٢٢٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٤٢.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(رضي الله عنهم) - حديث عبد الرحمن بن أبي عميرة الأزدي(رضي الله عنه)، الرقم ١٨١٧٩؛ جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب معاوية بن أبي سفيان(رضي الله عنه)، الرقم ٣٨٤٢ و وقال حديث حسن غريب؛ صححه الألباني في مشكاة المصابيح، الرقم ٦٢٣٥.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥٧.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٨٤.

٢٠٦٣. عەبدوڕەحمانی کوڕی یەعمور(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی یەعموری دیئلیە، کونیەکەی ئەبولئەسوەدە، دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[١]

عەبدوڕەحمان دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (الحج عرفات، فمن أدرك عرفة ليلة جمع قبل أن يطلع الفجر فقد أدرك، أيام منى ثلاثة أيام، فمن تعجل في يومين فلا إثم عليه، ومن تأخر فلا إثم عليه)،[٢] (حەج عەرەفاتە، هەرکەس پێش خۆرهەڵاتن شەو گەیشتە عەرەفە ئەوە گەیشتووە، ڕۆژانی مینا سێ ڕۆژە، هەرکەس لە دوور ڕۆژدا پەلەی کرد ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نیە، هەرکەسیش دواکەوت ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نیە).

٢٠٦٤. عەبدوڵای کوڕی قومامە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قومامەی سولەمیە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) نامەیەکی بۆ خۆی و براکەی نووسی.[٣]

٢٠٦٥. عەبدوڵای کوڕی ذمرره(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ذەررەی موزەنیەو هاودەم بە خوزاعی کوڕی عەبدنوهم هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٦٨.
[٢] صحيح ابن حبان - كتاب الحج - باب رمي الجمار أيام التشريق - ذكر الإخبار عن وصف أيام منى وإسقاط الحرج عمن تعجل في يومين منها، الرقم ٣٨٩٢، صححه شعيب الأرناؤوط.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١٠.
[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٢٩.

٢٠٦٦. عەبدوڵای کوڕی عەمری ئەلهانی(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی زەیدی ئەلهانیەو وەک وەفد هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[١]

٢٠٦٧. عەبدوڵای کوڕی بەدر(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی بەدری جوهەنیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، کە چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا، ناوی هۆزەکەشی لە بەنوغەییانەوە گۆڕی بۆ بەنو روشدان.[٢]

عەبدوڵا لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، دواتریش لە فەتحی مەککەدا بەشدار بوو و پێغەمبەر(ﷺ) ئاڵایەکی دابوویە دەستی، لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[٣]

عەبدوڵا دەڵێت: رۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەمڕۆ رۆژی عاشوورایە دەی بەڕۆژوو بن)، کابرایەک وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) من کە هاتم هۆزەکەم نیوەیان بەڕۆژوو بوون و نیوەیان بەڕۆژوو نەبوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بڕۆ بۆلایان، ئەوەی بەڕۆژوو نەبووە با لە ئێستاوە رۆژووەکەی تەواو بکات).[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩.

[٤] مسند أحمد بن حنبل - من مسند القبائل - حديث والد بعجة بن عبد الله(﵁)، الرقم ٢٨٢٩٤، صححه شعيب الارناؤوط.

٢٠٦٨. عەبدوڵای کوڕی بەڕاء (ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی بەڕائی داریەو سەرەتا ناوی طەیب بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا.[١]

٢٠٦٩. عەبدوڵای کوڕی بودەیل(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی بودەیلەو فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە سەبارەت بە مەسح لەسەر خوف.[٢]

٢٠٧٠. عەبدوڵای کوڕی بودەیلی خوزاعی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائی خوزاعیە، باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و پێشتر لە پیتی (ب) دا باسمان کردووە.

عەبدوڵا هاودەم بە باوکی لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، لە غەزای حونەین و طائیف و تەبووکیشدا بەشداری کرد.[٣]

پێغەمبەر(ﷺ) عەبدوڵا وعەبدوڕەحمانی برای وەک نوێنەر نارد بۆ یەمەن.

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا هاودەم بە عەبدوڕەحمانی برای بەشداری جەنگی صفینی کرد و تیایدا کوژرا.[٤]

٢٠٧١. عەبدوڵای کوڕی بوسر(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی بوسری مازنیەو کونیەکەی ئەبووبوسر یان ئەبووصەفوانە، هەم خۆی و هەم دایک و باوک و دوو براکەشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوون.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٣.

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لای باوکم و ئێمەش خواردنێکمان بردە خزمەتی، پاشان خورماش هێنرا، پێغەمبەر(ﷺ) لە خورماکەی دەخوارد و ناوکەکەی دەخستە نێوان پەنجەکانی، پاشان خواردنەوە هێنراو لێی خواردەوە، دواتر باوکم وتی: نزامان بۆ بکە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِي مَا رَزَقْتَهُمْ، وَاغْفِرْ لَهُمْ وَارْحَمْهُمْ) (خوایە بەرەکەت بخەرە ئەو رۆزیەی پێت بەخشیون و لێیان خۆش بەو رەحمیان پێ بکە).[1]

عەبدوڵا دەڵێت: جار هەبوو خوشکەکەم شتێکی بە دیاری ئامادە دەکرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و بە مندا دەینارد بۆی، منیش دەمبرد و پێغەمبەریش(ﷺ) وەریدەگرت.[2]

عەبدوڵا کەسێکی زۆر خواناس بوو، شوێنەواری زۆر سوجدە بردن بە نێو چاوانیەوە دیار بوو.[3]

سەبارەت بە کاتی مردنی دەوترێت لە ساڵی هەشتاو هەشتی کۆچی لە حیمص کۆچی دوایی کرد، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی نەوەد و شەشی کۆچی وەفاتی کرد و ئەو کات تەمەنی سەد ساڵان بوو،[4] رایەکیش دەڵێت: تەمەنی نەوەد و چوار ساڵان بوو.[5]

وەستانێک:

سەبارەت بەوەی ئایا عەبدوڵا لە ساڵی نەوەد و شەشی کۆچی وەفاتی کردبێت، ئەمە راست نیە، سەبارەت بەوەش کۆتا هاوەڵ بووبێت وەفاتی کردبێت، دووبارە ئەوەش راست نیە، بەڵکو کۆتا هاوەڵ وەفاتی کردووە

---

(1) صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب استحباب وضع النوى خارج التمر، الرقم ٢٠٤٢؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الوليمة - أبواب آداب الأكل - وضع اليد على ذروتها - وذكر اختلاف عيسى بن يونس وبقية بن الوليد على صفوان، الرقم ٦٧٣٠.

(2) مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث عبد الله بن بسر المازني(ﷺ)، الرقم ١٧٩٥٣، حسنه شعيب الأرناؤوط.

(3) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٧، ص ٤١٣.

(4) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٣.

(5) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٧، ص ٤١٣.

ئەنەسی کوڕی مالیک بووە کە زۆرترین کات بۆ وەفاتی ساڵی نەوەدو سێی کۆچی بووە.

ذەهەبی دەڵێت: کۆتا هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) کە کۆچی دوایی کرد ئەنەسی کوڕی مالیک بوو،[1] پێشتر لە ژیانی ئەنەسی کوڕی مالیکدا باسی تەمەن و ساڵی وەفاتیمان کردووە.

٢٠٧٢. عەبدوڵای کوڕی بوسری نەصری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی بوسری نەصریەو جیایە لەو هاوەڵەی تر کە ناوی باوک و باپیریان یەکە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدولواحید کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوەو دەڵێت: باوکم بۆی گێڕامەوەو وتی: جارێک لەپاڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین کە بە رووگەشیەوە دەرکەوت و دەموچاوی دەگەشایەوە، وتمان: چی بووە، فەرمووی: خوا شەفاعەتی پێ بەخشیم، وتمان: تەنها بۆ هۆزەکەت، فەرمووی: نەخێر بەڵکو بۆ ئوممەتە تاوانبارە بارگرانەکەم.[2]

٢٠٧٣. عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثابتی کوڕی فاکیهە، لە پشتیوانانەو لە غەزای خەندەقدا بەشدار بوو.[3]

٢٠٧٤. عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەوسی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثابتی کوڕی قەیسە، کونیەکەی ئەبوورەبیعە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوون.

---

[1] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٦، ص٢٨٩.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٩.

کاتێک عەبدوڵای کوڕی ثابت نەخۆش کەوت، پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ سەردانی، تەماشای کرد لەهۆش خۆی چووە، هاواری لێکرد کەچی وەڵامی نەدایەوە، ژنەکان دەستیان کرد بە گریان، جابیریش هەوڵیدەدا بێدەنگیان بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(وازیان لێبهێنە، هەرکات واجب بوو ئەوکات ئیتر با نەگرین) وتیان: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) واجب بوو چیە؟ فەرمووی: ئەگەر مرد، کچەکەی وتی: بەخوا هیوام وایە شەهید بیت چونکە تۆ باری خۆت بەجێگەیاند، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(خوای گەورە بە ڕێژەی نیەتەکەی پاداشتی بۆ داناوە، ئێوە شەهیدی بە چی دادەنێن؟) وتیان: بە کوژران لە ڕێی خوادا، فەرمووی: (سَبْعٌ سِوَى الْقَتْلِ فِي سَبِيلِ اللهِ: الْمَطْعُونُ شَهِيدٌ، وَالْغَرِقُ شَهِيدٌ، وَصَاحِبُ ذَاتِ الْجُنْبِ شَهِيدٌ، وَالْمَبْطُونُ شَهِيدٌ، وَصَاحِبُ الْحَرِيقِ شَهِيدٌ، وَالَّذِي يَمُوتُ تَحْتَ الْهَدْمِ شَهِيدٌ، وَالْمَرْأَةُ تَمُوتُ بِجُمْعٍ شَهِيدٌ) (شەهیدی حەوت جۆرە جگە لە کوژران لە ڕێی خوادا، ئەوەی بە سک ئێشە دەمرێت شەهیدە، ئەوەی دەخنکێت شەهیدە، ئەوەی دومەڵی دەتەقێتەوەو دەیکوژێت شەهیدە، ئەوەی لێدراوە شەهیدە، ئەوەی دەسووتێت شەهیدە، ئەوەی لەژێر دارمانی بینادا دەمرێت شەهیدە، ژنی دووگیان کە بمرێت شەهیدە).[1]

٢٠٧٥. عەبدوڵای کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثەعلەبەی کوڕی خوزەیمەوە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث جابر بن عتيك(ﷺ)، الرقم ٢٤٢٥٠؛ سنن أبي داود - كتاب الجنائز - باب في فضل من مات بالطاعون، الرقم ٣١١١؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الجنائز - النهي عن البكاء على الميت، الرقم ١٩٨٥، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالبانى في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣١.

٢٠٧٦. عەبدوڵای کوڕی ثەور(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثەورەو یەکێکە لە سەرکردەکانی جەنگی دژ بە هەڵگەڕاوەکان، ئەمەش بەڵگەی هاوەڵبوونیەتی، چونکە لەو کاتەدا تەنها هاوەڵان دەکران بە ئەمیر.[١]

٢٠٧٧. عەبدوڵای کوڕی جابیر(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جابیرە، لە پشتیوانانە، عەبدوڵا دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و ئاو دەڕژا، وتم: سەلامت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، وەڵامی نەدامەوە، دووبارەم کردەوەو سەلامی نەدامەوە، تا سێ جار، ئینجا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کەوتەڕێ و منیش لە دوایەوە چووم تا چوویە ژوورەوەو منیش چوومە مزگەوت و بە دڵتەنگی دانیشتبوو کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هاتە دەرەوەو خۆی شۆردبوو و سێ جار فەرمووی: و عليك السلام و رحمة الله، پاشان فەرمووی: (أَلَا أُخْبِرُكَ يَا عَبْدَ اللهِ بْنَ جَابِرٍ بِخَيْرِ سُورَةٍ فِي الْقُرْآنِ؟) (ئەی عەبدوڵای کوڕی جابیر خێرترین سوورەتی قورئانت پێ بڵێم؟ وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، فەرمووی: (اقْرَأْ { الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ } حَتَّى تَخْتِمَهَا) (الحمد لله رب العالمين بخوێنە تا تەواوی دەکەیت.[٢]

٢٠٧٨. عەبدوڵای کوڕی جابیری عەبدی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جابیری عەبدیەو وەک ئەندامێکی وەفدی عەبدولقەیس هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).[٣]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٣.

[٢] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(رضي الله عنهم) - حديث عبد الله بن جابر(رضي الله عنه)، الرقم ١٧٨٧١، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٤.

٢٠٧٩. عەبدوڵای کوڕی جەحش(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جەحشی کوڕی ریابە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان.

عەبدوڵا ژنێکی هەبوو بە ناوی زەینەبی کچی خوزەیمە، بەڵام عەبدوڵا کە لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) زەینەبی بەهاوسەرگرت.[١]

عەبدوڵا یەکێک بوو لە کۆچەرانی حەبەشە، دواتریش گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەبدوڵا و عاصمی کوڕی ثابتەوە.[٢]

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وەک سریەیەک ئێمەی نارد و فەرمووی: کەسێک دەکەم بە ئەمیرتان کە لە هەمووتان زیاتر خۆڕاگرە بۆ برسێتی و تینوێتی، ئەوەبوو عەبدوڵای کوڕی جەحشی کرد بە ئەمیرمان، ئەویش یەکەم ئەمیری ناو ئیسلام بوو.[٣]

عەبدوڵای کوڕی جەحش لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بە بەندکراوانی بەدر راوێژی بە چەند کەسێک کرد، یەکێک لەوانە عەبدوڵای کوڕی جەحش بوو.[٤]

عەبدوڵا یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت: لە رۆژی ئوحوددا عەبدوڵای کوڕی جەحش پێی وتم: وەرە با لە خوا بپاڕێینەوە، ئەوەبوو چووینە سووچێکەوە، من نزام کرد وتم: خوایە سبەی بگەم بە کابرایەکی زۆر بەهێز و

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥-٣٦.

لەپێناو تۆدا لەگەڵی بجەنگم و دواتر بەسەریدا سەربکەوم تا بیکوژم و شمەکەکەی بە دەستکەوت بەرم، عەبدوڵای کوڕی جەحشیش وتی: خوایە سبەینێ توشم بێت بە تووشی کابرایەکی زۆر بەهێزەوەو لەپێناو تۆدا لەگەڵی بجەنگم، بمکوژێت و گوێ و لووتم ببڕێت، کە ڕۆژی دوایی گەیشتمەوە بە تۆ بفەرموویت ئەی عەبدوڵا بۆچی گوێ و لووتت بڕاوە؟ منیش بڵێم لەپێناو تۆ و پێغەمبەرەکەتدا، تۆیش بفەرموویت ڕاست دەکەیت، سەعد دەڵێت: نزاکەی عەبدوڵا لەوەی من باشتر بوو، کۆتایی ڕۆژی ئوحود تەرمەکەیم بینی گوێ و لووتی کرابوون بە دەزوویەکەوە.[1]

لە کاتی شەهیدبوونیدا تەمەنی عەبدوڵا سەروو چل ساڵان بوو، دواتریش تەرمی عەبدوڵا و حەمزەی مامی پێغەمبەر(ﷺ) لە یەک گۆڕدا ئەسپەردە کرا.[2]

٢٠٨٠. عەبدوڵای کوڕی جەد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵا کوڕی جەدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

٢٠٨١. عەبدوڵای کوڕی جەراد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جەرادە، دواتر لە طائیف نیشتەجێ بوو.[4]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کاتێک نوێژە بارانەی دەکرد دەیفەرموو (اللهم اسقنا غيثا مغيثا مريا، توسع به لعبادك، تغرز به الضرع، وتحيي به الزرع).[5]

---

[1] المستدرک على الصحيحين، الرقم ٢٣٤٩، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٦.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٧.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٩.
[5] السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ٦٠٥١.

٢٠٨٢. عەبدوڵای کوڕی جەعفەر(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جەعفەی کوڕی ئەبووطالیبە، ئامۆزازای پێغەمبەرە(ﷺ) و کونیەکەی بە ئەبوومومحەممەدو ئەبووجەعفەریش و ئەبووهاشمیش هاتووە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی عومەیسە.[١]

دایک و باوکی عەبدوڵا کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لەوێ عەبدوڵا لەدایک بوو، یەکەم منداڵی موسڵمان بوو لە حەبەشە لەدایک بوو، لە کاتی غەزای خەیبەردا جەعفەر هاودەم بە ژن و منداڵ و هاوەڵانی موسڵمانی هاتنەوە بۆ مەدینە.

عەبدوڵا دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لە دوای خۆیەوە سواری وشترەکەی کردم، فەرموودەیەکی پێ فەرمووم کە هەرگیز بە کەسی ناڵێم.[٢]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە لە سەفەر دەهاتەوە، منداڵانی بنەماڵەکەی دەگرتە کۆش، جارێک پێشتر من برام بۆ لای و لە بەردەم خۆیدا سواری کردم، دواتر منداڵێکی فاطیمەش هێنرا بۆی و لە دوای خۆیەوە سواری کرد، ئیتر هەرسێکمان بەسەر سوارەکەوە بووین تا چووینە ناو مەدینە.[٣]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی عەبدوڵا نزیکەی دە ساڵان دەبوو.

عەبدوڵا لە سەردەمی خیلافەتی عەلیدا لەناو سوپای عەلیدا بوو و لە جەنگی صفیندا سەرکردەیەکی سەربازی ناو سوپاکە بوو.

دواجار عەبدوڵا لە ساڵی هەشتای کۆچیدا وەفاتی کرد و ئەبانی کوڕی عوثمان کە ئەوکات ئەمیری مەدینە بوو نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی هەشتاو دوو یان هەشتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو تەمەنی نەوەد ساڵ بوو و لە ساڵی نەوەدی کۆچیدا وەفاتی کرد.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٠.

[٢] صحيح مسلم – كتاب الحيض – باب ما يستتر به لقضاء الحاجة، الرقم ٣٤٢.

[٣] صحيح مسلم – كتاب فضائل الصحابة – باب فضائل عبد الله بن جعفر(ﷺ)، الرقم ٢٤٢٨.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٢.

٢٠٨٣. عەبدوڵای کوڕی جوبەیر(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جوبەیری کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانەو برای خەواتی کوڕی جوبەیرە،[١] یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[٢]

لە غەزای ئوحودیشدا بەشدار بوو و پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی کردبوو بە بەرپرسی تیرهاوێژەکانو فەرمانی کردبوو تا خۆی هەواڵ نەنێرێت بە شکان و سەرکەوتنی موسڵمانان ئەوان شوێنی خۆیان جێنەهێڵن، بەڵام کاتێک تیرهاوێژەکان بینییان موسڵمانان سەرکەوتن، شوێنی خۆیان جێهێشت، عەبدوڵا داوای کرد وانەکەن، وتی: مەگەر فەرمایشتی پێغەمبەری خواتان(ﷺ) لەبیر کرد، بەڵام بەگوێیان نەکردو چوون،[٣] کەمتر لە دە کەس لە دەوری مانەوە، عەبدوڵاش خۆی چی تیری پێ بوو هەمووی هاویشت، دواتر بە شمشێریش جەنگا تا شەهید بوو، بێباوەڕان کە دڵنیابوون لەوەی کوژراوە کەوتنە راکێشانی تەرمەکەی و تەرمەکەیان شێواند، رمیان دەکرد بە سکیدا.[٤]

٢٠٨٤. عەبدوڵای کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی کوڕی جەزئی زوبەیدیە، سەرەتا ناوی عاصی بوو، بەڵام کە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا، تا فەتحی میصر ژیاو دواتر چوو لەوێ نیشتەجێ بوو.[٥]

عەبدوڵا دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) گۆشتێکی برژاومان خوارد

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٥.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٧٥.

[٣] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب ما يكره من التنازع والاختلاف في الحرب، الرقم ٣٠٣٩.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٧٦.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٦.

و لە مزگەوتدا بووین کە قامەت کرا بۆ نوێژ، تەنها دەستمان بە وردەچەو سڕی و تەواو.[1]

٢٠٨٥. عەبدوڵای کوڕی حارثە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثەی کوڕی نوعمانە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵانی ناسراوی پێغەمبەر(ﷺ) و پێشتر لە پیتی (ح) دا باسمان کردووە، عەبدوڵا کوڕێکی هەبوو بە ناوی ئیبراهیم کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

٢٠٨٦. عەبدوڵای کوڕی حارثی سەهمی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی کوڕی قەیسی قورەیشی سەهمیە، زوو لە مەککە موسڵمان بوو و یەکێک بوو لە کۆچەرانی حەبەشە، دواتریش کە گەڕایەوە مەدینە بەشداری غەزاکانی کرد و لە غەزای طائیفیشدا بەشدار بوو، رایەک دەڵێت: لەو غەزایەدا شەهید بوو، رایەکی تر دەڵێت: لە جەنگی یەمامەدا تیایدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت: هەر لە حەبەشە کۆچی دوایی کرد.[3]

٢٠٨٧. عەبدوڵای کوڕی حارثی عەدوی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی عەدویەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە کە ئەبووریفاعەیە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو، دواتر چووە بۆ کابول و لە ساڵی چل وچواری کۆچی لەوێ کوژرا، رایەکیش دەڵێت: گۆڕەکەی لە بەیهەقە.[4]

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(رضي الله عنهم) - حديث عبد الله بن الحارث بن جزء الزبيدي(رضي الله عنه)، الرقم ١٧٩٧٨؛ سنن ابن ماجه - أبواب الأطعمة - باب الأكل في المسجد، الرقم ٣٣٠٠، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة الرقم و قال دون مسح الأيدي.

[2] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب العباس بن عبد المطلب بن هاشم عم رسول الله - دعاء النبي في حق العباس وولده، الرقم ٥٤٥٧.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٩.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ١٣٩.

ئەبووریفاعـە دەڵێـت: گەیشـتمە لای پێغەمبـەر(ﷺ) کـە وتـاری دەدا، وتـم: ئەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کەسـێکی غەریبـە هاتـووە سـەبارەت بـە ئایینەکـەی پرسـیارت لێدەکات، پێغەمبەریش(ﷺ) روویکـردە مـن و وازی لـە وتارەکـەی هێنـاو هـات بـۆ لام و کورسـیەک هێنـرا وابزانـم پایەکانـی لـە ئاسـن بـوون، پێغەمبـەر(ﷺ) لەسـەری دانیشـت و فێـری ئیسـلامی دەکـردم، دواتـر چـوو وتارەکـەی تـەواو کـرد.[١]

٢٠٨٨. عەبدوڵای کوڕی حارثی غامیدی(رضي الله عنه)

نـاوی عەبـدوڵای کـوڕی حارثـی کـوڕی کەثیـری غامیدیـە، سـەرەتا نـاوی عەبدشـەمس بـوو، بـەڵام کـە هاتـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ)، پێغەمبـەری خوا(ﷺ) نـاوی گـۆڕی بـە عەبـدوڵا و نامەیەکیشـی بـۆ نووسـی، عەبـدوڵا تـا دوای وەفاتـی وەفاتـی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیـا و لـە جەنـگ و فتووحاتەکانـدا بەشـداری دەکـرد و لـە جەنگـی قادسـیەدا ئاڵاهەڵگـری هۆزەکـەی بـوو.[٢]

٢٠٨٩. عەبدوڵای کوڕی حارثی هاشمی(رضي الله عنه)

نـاوی عەبـدوڵای کـوڕی حارثـی کـوڕی عەبدولموطەلیبـی هاشـمیە، ئامـۆزای پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ) سـەرەتا نـاوی عەبدشـەمس بـوو، دواتـر پێغەمبـەر(ﷺ) نـاوی نـا عەبـدوڵا، پێـش ئـەوەی فەتحـی مەککـە بکرێـت، عەبـدوڵا کۆچـی کـرد بـەرەو مەدینـەو دواتریـش لـە غەزایەکـدا لەگـەڵ پێغەمبـەر(ﷺ) دەرچـوو و لـە رێـدا وەفاتـی کـرد و پێغەمبـەر(ﷺ) لـە جلێکـی خۆیـدا کفنـی کـرد.[٣]

---

[١] صحيح مسلم - كتاب الجمعة - باب حديث التعليم في الخطبة، الرقم ٨٧٦؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الزينة - اتخاذ الكراسي، الرقم ٩٧٤٠؛ صحيح ابن خزيمة - كتاب الصلاة - جماع أبواب صلاة العيدين - باب إباحة قطع الخطبة ليعلم بعض الرعية، الرقم ١٤٥٧.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٠.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧.

٢٠٩٠. عەبدوڵای کوڕی حارثی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی کوڕی هیشەیەو لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[١]

٢٠٩١. عەبدوڵای کوڕی حەفص(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەفصی کوڕی غانمی قورەیشیە، یەکێک بووە لە هاوەڵە کۆچەرەکان و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و ئاڵای کۆچەرانی بە دەستەوەو بوو و لە جەنگەکەشدا شەهید بوو.[٢]

٢٠٩٢. عەبدوڵای کوڕی حەکیم(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەکیمی کوڕی حیزامە، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون و پێشتر لە پیتی (ح)دا باسی باوکیمان کردووە، ئەم هاوەڵە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، دواتریش ژیا تا لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عائیشەدا بەشداری جەنگی جەمەلی کرد و کوژرا.[٣]

٢٠٩٣. عەبدوڵای کوڕی حەنطەب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەنطەبی قورەیشیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی موطەلیب کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[٤]

عەبدوڵا دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووم کە تەماشایەکی ئەبووبەکر و عومەری کرد و فەرمووی:(ئەو دوانە چاو و گوێن).[٥]

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦١.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٢.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٤.

[٥] جامع الترمذي – أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٤٠٤٢ وقال: وهذا حديث مرسل، وعبد الله بن حنطب لم يدرك النبي؛ المستدرک على الصحيحين – كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) – أبو بكر بن أبي قحافة(رضي الله عنه) – نزول جبريل وميكائيل وإسرافيل في غزوة بدر، الرقم ٤٤٥٨، حسنه الذهبي في التلخيص،

٢٠٩٤. عەبدوڵای کوڕی حەنظەلە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەنظەلەی کوڕی ئەبی عامیرە، لە پشتیوانانە لەو ئەوسیەکان، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، حەنظەلەی باوکی ناسراوە بە غەسیلولمەلائیکەو پێشتر لە پیتی(ح) دا ژیانەکەیمان باسکردووە.

شەوێک پێش غەزای ئوحود بوو کە حەنظەلە ژنی گواستەوە، حەنظەلە پێشتر داوای مۆڵەتی کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) تا شەو لای ژنەکەی بێت چونکە دەیگوازێتەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) مۆڵەتی پێدا،[١] ئەوەبوو پاش نوێژی بەیانی هەمدی چوویەوە لای جەمیلەی ژنی و جیماعیان کرد، دواتر کە گوێی لە بانگەوازی جیهاد بوو چوو خۆی گەیاند بە سوپاکەی پێغەمبەر(ﷺ)،[٢] پێش ئەوەی بکەوێتەڕێ جەمیلەی ژنی چوار کەس لە هۆزەکەی خۆی بانگ کرد و کردنی بە شاهید کە حەنظەلە چووەتە لای، ئەوانیش لێیان پرسی بۆچی شاهیدت لێگرت؟ جەمیلە وتی: خەوم بینی ئاسمانی بۆ کراوەو حەنظەلە چوویە ئاسمان و دواتر ئاسمان داخرایەوە، منیش وتم: ئەمە شەهیدبوونی حەنظەلەیە، بۆیە شاهیدم لەسەر گرت کە هاتووەتە لام، ئەوەبوو دواتر سکی کرد،[٣] لەو سکەی عەبدوڵای بوو.[٤]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی عەبدوڵا هێشتا حەوت ساڵان بوو،[٥] واتە عەبدوڵا تەنها تەمەنی منداڵی لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بردووەتە سەر.

عەبدوڵا لە ساڵی شەست و سێی کۆچیدا کوژرا.[٦]

صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

[١] دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٠٦.

[٢] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب حنظلة بن عبد الله، الرقم ٤٩٤٥، قال الذهبي إسناده مظلم.

[٣] دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٠٦.

[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٢١.

[٥] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٢٠.

[٦] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٢١.

٢٠٩٥. عەبدوڵای کوڕی حەواله(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەوالەیەو کونیەکەی ئەبووحەوالە یان ئەبوو موحەممەدە، هەندێک بە ئەزدی و هەندێک بە ئەردەنی ناوزەدی دەکەن.[١]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئێوە دواتر دەبنە چەند دەستەیەکی سوپا، سوپایەک لە شام و سوپایەک لە عێراق و سوپایەک لە یەمەن)، منیش وتم: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بژاردەم بۆ بکە لە کام لا بم، فەرمووی: (عليك بالشام، فمن أبى فليلحق بيمنه وليسق من غدره، فإن الله تكفل لي بالشام وأهله)،[٢] (برۆ بۆ شام، هەرکەس ئەوەی نەکرد با خۆی بگەیەنێت بە یەمەن و لە حەوزی ئاوی ئەوێ بخواتەوە، چونکە خوای گەورە زامنی شام و خەڵکەکەی بۆ کردوم).

عەبدوڵا چەندین فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو لە کتێبەکانی فەرموودەدا تۆمار کراون.

عەبدوڵا لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی هەشتای کۆچی لە شام کۆچی دوایی کرد.[٣]

٢٠٩٦. عەبدوڵای کوڕی حوبشی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حوبشیە، عەبدوڵا دەڵێت: جارێک پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) چ کارێک چاکترینە؟ فەرمووی:(إيمان لا شك فيه، وجهاد لا غلول فيه، وحجة مبرورة)، ئیمانێک کە هیچ گومانی تێدا نەبێت، وە جیهادێک کە هیچ فێڵ و

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٧.

[٢] سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب في سكنى الشام، الرقم ٢٤٨٣؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - باب الحجاز واليمن والشام وفارس وعمان - ذكر الإخبار عما يستحب للمرء من سكنى الشام عند ظهور الفتن بالمسلمين، الرقم ٧٣٠٦، المستدرک على الصحيحين - كتاب الفتن والملاحم - الشام صفوة الله من بلاده، الرقم ٨٦٥١؛ صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٨.

ناپاکیەکی تێدا نەبێت، وە حەجێکی بێ تاوان و پاک، وترا ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەی چ نوێژێک باشترینە؟ فەرمووی: وەستانی درێژ بێت...[١]

٢٠٩٧. عەبدوڵای کوڕی حوذافە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حوذافەی کوڕی قەیسی قورەیشی سەهمیە، لە کۆچەرانە، کونیەکەی ئەبووحوذافەیە، یەکێکە لە یەکەم دەستەی موسڵمانبوان، هەروەها یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە.[٢]

دایکی ناوی تەمیمەی کچی حەرثانە، برایەکی هەبوو بەناوی خونەیس کە یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٣]

عەبدوڵا هاودەم بە قەیسی برای کۆچی کرد بۆ حەبەشە و لە کۆچی دووەمی حەبەشەدا بەشدار بوو.[٤]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) عەبدوڵای وەک نێردراوی خۆی نارد بۆ لای کیسرای فارسەکان و کیسراش نامەکەی دڕاند.[٥]

ئەبووسەعیدی خودری دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) سریەیەکی نارد بە سەرکردایەتی عەلقەمەی کوڕی موجەززیز و منیش لە سریەکەدا بووم، لە نیوەی ڕێدا دەستەیەک لە سوپاکە داوای مۆڵەتیان لە عەلقەمە کرد و ئەویش مۆڵەتی دا پێیان و عەبدوڵای کوڕی حوذافەی کرد بە ئەمیریان، لە نیوەی ڕێدا بوون کە ئاگرێکیان کردەوە تا خۆیان گەرم بکەنەوە یان خواردنێک ئامادە بکەن، عەبدوڵا گاڵتەو سوعبەتێکی هەبوو، وتی: مەگەر گوێڕایەڵی من لەسەرتان واجب نیە؟ وتیان: با، وتی: دەی فەرمانێکتان پێ

[١] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنه) - حديث عبد الله بن حبشي(رضي الله عنه)، الرقم ١٥٦٣٨؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الزكاة - صدقة جهد المقل، الرقم ٢٣١٧، قال شعيب الارناؤوط إسناده قوي، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم ٢٥٢٦.

[٢] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١١.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٨٩.

[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ٢١٣.

[٥] أسد الغابة، ج٣، ص ٢١٤.

بکەم چی دەڵێن؟ وتیان: چی بڵێیت دەیکەین، وتی دەمەوێت خۆتان تل دەنە ناو ئەو ئاگرەوە، دەستەیەک هەستان ئەوە بکەن، خێرا عەبدوڵا وتی: دەست راگرن، گاڵتەم لەگەڵ کردن، دواتر کە چووینەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بەسەرهاتەکەمان بۆ باسکرد، فەرمووی: (من أمركم منهم بمعصية الله، فلا تطيعوه)،[1] (هەرکەس لەوان (سەرکردەکان) فەرمانی پێکردن بە سەرکەشی لە خوا ئەوە گوێڕایەڵی مەکەن).

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردم لە رۆژانی تەشریقدا هاوار بکەم ئەم رۆژانە رۆژانی خواردن و خواردنەوەن.[2]

ئەمەش لە حەجیماڵئاواییدا بوو و پێغەمبەر(ﷺ) چەند کەسێکی راسپارد تا بەناو خەڵکدا ئەو هاوارە بکەن.

عەبدوڵا پاش وەفاتی پێغەمبەری خواش(ﷺ) ژیا و بەشداری غەزا و فتووحاتەکانی کرد.

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا عەبدوڵا بەشداری هێرشێک بوو بۆ سەر رۆمەکان، بەڵام لە جەنگەکەدا بەدیل گیرا، ئینجا برا بۆ لای پاشاکەیان، وتیان: ئەمە لە هاوەڵانی موحەممەدە، ئەویش وتی: دەبیت بە مەسیحی و نیوەی سامانی خۆم بدەم بە تۆ؟ عەبدوڵا وتی: ئەگەر چیت هەیە و چی موڵکی هەموو پاشایانی عەرەبە بیدەیت بە من، هێندەی چاوترووکانێ وازناهێنم لە ئایینەکەی موحەممەد، پاشاکە وتی: دەی دەتکوژم، ئەویش وتی: چی دەکەیت بیکە، ئەوەبوو فەرمانی کرد و لەخاچ درا، پاشان بە تیرهاوێژەکانی وت: تیرەکە بدەن لە نزیکی جەستەی و

[1] سنن ابن ماجه - أبواب الجهاد - باب لا طاعة في معصية الله، الرقم ٢٨٦٣؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب طاعة الأئمة - ذكر التخصيص الثاني الذي يخص عموم الخطاب الذي ذكرناه قبل، الرقم ٤٥٥٨، حسنه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(ﷺ) - حديث عبد الله بن حذافة(ﷺ)، الرقم ١٥٩٧٦؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الصيام - النهي عن صيام أيام التشريق وذكر اختلاف الناقلين للخبر في ذلك - خالفه عبد الله بن أبي بكر وسالم أبو النضر، الرقم ٢٨٨٩، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم ٣٥٧٣.

مەیکوژن، زوو زوو پێی دەوت دەبیت بە مەسیحی؟ ئەویش رازی نەدەبوو، ئینجا لەسەر خاچەکە دایانگرت و مەنجەڵێکی گەورە ئاوی کوڵاویان هێنا، دوو دیلی موسڵمانانی بانگ کرد و هێنران، فەرمانی کردو یەکێکیان خرایە ناو مەنجەڵەکەوە، ئینجا بە عەبدوڵای وت: دەبیت بە مەسیحی؟ ئەویش وتی: نابم، هاوکات دەگریا، بە پاشا وترا ئەو گریا، بۆیە وایزانی ترساوە، وتی: بۆچی دەگریت، عەبدوڵا وتی: من یەک گیانم هەیە دەرچێ، خۆزگە هێندەی تاڵەکانی سەرم گیانم هەبوایەو هەموویان لەپێناو خوادا دەخرانە ناو ئاگر، پاشا وتی: ئامادەیت سەرم ماچ بکەیت و ئازادت بکەم؟ عەبدوڵا وتی: ئەگەر هەموو دیلەکان ئازاد بکەیت بەڵێ، پاشا وتی: بەڵێ، ئەویش سەری ماچ کرد و دیلەکانی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ لای عومەر و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، خەلیفەش وتی: ئەرکی سەرشانی هەر موسڵمانێکە سەری عەبدوڵا ماچ بکات و وا منیش خۆم دەست پێدەکەم، ئەوەبوو سەری عەبدوڵای ماچ کرد.[١]

هەر لەو ماوەی سزادانەیشدا جارێک برایە ژوورێک و مەی و گۆشتی بەرازی بۆ دانرا، سێ رۆژ بەس ئەوەی بۆ دانرا، ئەویش هیچی لێ نەخوارد، پاشا پێی وت: بۆچی دەستت بۆ هیچیکامیان نەبردووە؟ ئەویش وتی: لەبەر ناچاری بۆم حەڵاڵ بوو بیخۆم، بەڵام حەزم نەکرد تۆ دڵخۆش بکەم، ئینجا داوای کرد سەری ماچ بکات و لە بەرامبەردا دیلەکانی بۆ ئازاد بکات، ئەویش سەری ماچکرد، ئەوەبوو پاشاکە سێ سەد دیلی لەگەڵ ئازاد کرد و سی هەزار دینارو چەندین خەڵاتی تریشی پێدا.[٢]

عەبدوڵا دواتر چوویە میصر و لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا لەوێ کۆچی دوایی کرد.[٣]

---

[١] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٤.

[٢] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٥.

[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ٢١٥.

٢٠٩٨. عەبدوڵای کوڕی حورەیث(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حورەیثی بەکریە، کچێکی هەبوو بە ناوی بەهیە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[١]

٢٠٩٩. عەبدوڵای کوڕی حومەییر(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حومەییری ئەشجەعیە، براکەی ناوی خاریجەیە و ئەویش هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، عەبدوڵا لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد.[٢]

٢١٠٠. عەبدوڵای کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی خالیدی کوڕی وەلیدە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵانی ناسراوی پێغەمبەر(ﷺ) و بە شمشێری خوا ناسراوە، پێشتر لە پیتی(خ) دا ژیانەکەیمان بە وردی هێناوە، بەڵگەی هاوەڵبوونی عەبدوڵا ئەوەیە کە لەگەڵ باوکیدا بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

٢١٠١. عەبدوڵای کوڕی خەبباب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی خەببابی کوڕی ئەرەتە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) و پێشتر لە پیتی (خ) دا ژیانەکەیمان باسکردووە.

عەبدوڵا لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) لەدایک بوو، دواتر بە دەستی خەواریجەکان شەهید کرا.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٢١٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٢.

[٤] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٣١١.

٣١٠٢. عەبدوڵای کوڕی خوبەیب(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی خوبەیبی جوهەنیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی موعاذ کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[1]

عەبدوڵا دەڵێت: شەوێک باران دەباری و زۆر تاریک بوو، چووین بەدوای پێغەمبەری خوادا(ﷺ) دەگەڕاین تا نوێژمان بۆ بکات، بینیمان، فەرمووی: نوێژتان کردووە؟ منیش هیچم نەوت، جاری دووەم فەرمووی: بڵێ، منیش بێدەنگ بووم، بۆ جاری سێیەم فەرمووی بڵێ، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چی بڵێم؟ فەرمووی: (قل هو الله أحد والمعوذتين حين تمسي، وحين تصبح، ثلاث مرات تكفيك من كل شيء)،[2] (کە ئێوارە دێت و کە بەیانی دەکەیتەوە سێ جار سورەتی ئیخلاص و فەلەق و ناس بخوێنە، بەستە بۆ هەموو شتێک-لە هەموو شتێک بتپارێزێت-).

٣١٠٣. عەبدوڵای کوڕی راشید(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی راشیدی کیندیە، وەک وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[3]

٣١٠٤. عەبدوڵای کوڕی رافیع(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی رافیعی کوڕی سوەیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[4]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٣.

[2] جامع الترمذي - أبواب الدعوات عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٣٥٧٥ وقال: هذا حديث حسن صحيح غريب من هذا الوجه ؛ سنن أبي داود - كتاب الأدب - أبواب النوم - باب ما يقول إذا أصبح، الرقم ٥٠٨٢، السنن الكبرى للنسائي - كتاب الاستعاذة - ذكر فضل ما يتعوذ به المتعوذون، الرقم ٧٨١١، حسنه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٥٠٨٢.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٧.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٧.

٣١٠٥. عەبدوڵای کوڕی ڕەبیع(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ڕەبیعی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزاکانی بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[1]

٣١٠٦. عەبدوڵای کوڕی ڕەبیعەی هاشمی(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ڕەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموتەلیبی هاشمیە، دایکی ناوی ئومموحەکیمی کچی زوبەیرە، باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و پێشتر لە پیتی (ر) دا باسمان کردووە.

٣١٠٧. عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبوموحەممەد یان ئەبوورەواحە یان ئەبوو عەمرە، دایکی ناوی کەبشەی کچی واقیدە.[2]

عەبدوڵا یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوانی ناو پشتیوانان، هەروەها یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکەی شەوی بەیعەتی عەقەبە.[3]

عەبدوڵا لە هەریەک لە غەزاکانی بەدر و ئوحود و خەندەق و لە حودەیبیە و عومرەی پاش حودەیبیەشدا بەشداری کرد،[4] عەبدوڵا کە دەچوو بۆ غەزا، یەکەم کەس دەکەوتەڕێ و لەوسەریشەوە کۆتا کەس بوو دەگەڕایەوە.[5]

ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر وڵاخێ بوو، دەچوو بۆ سەردانی سەعدی کوڕی عوبادە، ئوسامەی کوڕی زەیدیش لەدوایەوە لەگەڵیدا سەرکەوتبوو،

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٣٩.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٣٧.

[3] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٣، ص ٨٩٨

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٢٦.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٨٤.

ئەمەش لەپێش جەنگی بەدردا بوو، دای بەلای کۆڕێکدا کە موسڵمان و جوولەکە و بتپەرستیشی تێدابوو، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولیش لەوێ بوو، هەروەها عەبدوڵای کوڕی رەواحەش لەوێ بوو، کاتێ تەپوتۆزی وڵاخەکە بەر کۆڕەکە کەوت، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی لووتی خۆی بە عەباکەی داپۆشی، ئینجا وتی: تۆزمان بەسەردا مەکەن، پێغەمبەر(ﷺ) سەلامی بۆ کردن و دواتر وەستا و بانگی کردن بۆ لای خوا و قورئانی بەسەریاندا خوێندەوە، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول وتی: هۆ کابرا، ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئەگەر حەق بێت لەوە باشتر نیە، دەی ئیتر لە مەجلیسەکانماندا بێزارمان مەکە و بڕۆرەوە بۆ شوێنی خۆت، هەرکامان هات بۆ لات بۆی بخوێنەرەوە و قسەی خۆتی بۆ بکە، عەبدوڵای کوڕی رەواحە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەرە مەجلیسمان ئێمە دڵخۆشین بەوە، موسڵمان و بێباوەڕ و جوولەکەکان بەینیان شلۆق بوو، خەریک بوو بدەن بە یەکدا، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئارامی کردنەوە، ئینجا سواری وڵاخەکەی بوویەوە و چوو بۆ لای سەعدی کوڕی عوبادە، پێی فەرموو ئەی سەعد نەتبیستووە ئەبووحوباب چی وتووە؟ مەبەستی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بوو، ئاوها و ئاوای وت، سەعد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لێی خۆش بەو چاوپۆشی لێ بکە، سوێند بەوەی قورئانی بۆ دابەزاندویت خوای گەورە ئەو حەقە دێنێت کە بۆ تۆی ناردووە، خەڵکی ئەم ناوچە رێککەوتبوون بیکەن بە سەرگەورەی ئێرە، کە خوا تۆی بە حەق نارد ئەو بەوە بێزار بوو، بۆیە دەبینیت ئەوە دەکات کە لەبەرچاوتە.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ویستی پاش غەزای ئوحود بچێت بۆ بەدر کە وادەی بوو لەگەڵ قورەیشیەکان لەوێ روبەرووی یەکدی ببنەوە، عەبدوڵای وەک بەرپرسی مەدینە دانا تا دەگەڕێتەوە.[2]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة آل عمران - باب ولتسمعن من الذين أوتوا الكتاب من قبلكم ومن الذين أشركوا أذى كثيرا، الرقم ٤٥٦٦.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٢٦.

جارێـک پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی: (اهْجُوا قُرَيْشًا، فَإِنَّهُ أَشَدُّ عَلَيْهَا مِنْ رَشْقٍ بِالنَّبْلِ) (هەجـوی قورەیـش بکـەن، چونکـە ئـەوە لـە تیربـاران کردنیـان زۆر قورسـترە بۆیـان)، ئەوەبـوو نـاردی بەشـوێن عەبـدوڵای کـوڕی ڕەواحـەدا و فەرموویـ:(هەجویـان بکـە)، عەبـدوڵاش بـە شـیعر کەوتـە شـکاندن و هێرشـکردنە سـەر قورەیشـیەکان، بـەڵام پێغەمبـەر(ﷺ) بـەوە ڕازی نەبـوو و نـاردی بەشـوێن کەعبـی کـوڕی مالیکـدا، دواتـر نـاردی بەشـوێن حەسسـانی کـوڕی ثابتـدا.[1]

لـە غـەزای خەندەقـدا کاتێـک خەنـدەق لێـدەدرا، پێغەمبەریـش(ﷺ) خـۆی بەشـداری کـرد و خۆڵـی دەگواسـتەوەو لەگـەڵ ئیشـەکەیدا شـیعرێکی عەبدوڵای کـوڕی ڕەواحـە دووبـارە دەکـردەوە:

اللهم لولا أنت ما اهتدينا

ولا تصدقنا ولا صلينا

فأنزلن سكينة علينا

وثبت الأقدام إن لاقينا

إن الألى قد بغوا علينا

وإن أرادوا فتنة أبينا[2]

(خوایـە گـەر تـۆ نەبوویتایـە، ڕێنوێنیمـان لەکوێ بوایە،نـە نوێژمـان دەبوو، نە ڕۆژویـەک، سـوکناییمان بـۆ برژێنـە، لـە سـاتی جەنگـی دوژمنیش، پێچەسـپاویمان پـێ ببەخشـە، ئـەوان لێمـان یاخـی بون، خراپەیان بوێـت ڕازی نابین).

لە عومرەی دوای ڕێککەوتنی حودەیبییەدا، عەبدوڵا هاودەم بە پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ عومرەکەو بەشداری کرد، جا لەوێ لە کاتی ڕێڕۆیشتنی پێغەمبەردا(ﷺ) ئەم شیعرەی وت:

---

[1] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضائل حسان بن ثابت(ﷺ)، الرقم ٢٤٩٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب الرجز في الحرب ورفع الصوت في حفر الخندق، الرقم ٣٠٣٤.

خلوا بني الكفار عن سبيله

اليوم نضربكم على تنزيله

ضربا يزيل الهام عن مقيله

ويذهل الخليل عن خليله

عومەری کوڕی خەططاب وتی: ئەی کوڕی رەواحە لە حەرەمی خوادا و لە خزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) ئەو شیعرە دەڵێیت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (خَلِّ عَنْهُ يَا عُمَرُ ! فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَكَلَامُهُ أَشَدُّ عَلَيْهِمْ مِنْ وَقْعِ النَّبْلِ) (وازی لێ بێنە ئەی عومەر، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، وتەکەی لە تیر بەرکەوتن سەختترە بۆیان-بۆ قورەیشیەکان).[١]

جارێک عەبدوڵای کوڕی رەواحە بە هاوڕێیەکی خۆی وت: وەرە با ساتێک ئیماندار بین،کابرا وتی: مەگەر ئێمە ئیماندار نین؟ عەبدوڵا وتی: با، بەڵام یادی خوا بکەین تا ئیمانمان زیاد بکات.[٢]

ژنەکەی عەبدوڵا کە پاش شەهیدبوونی عەبدوڵا شووی کردەوە، بە مێردەکەی تری دەوت: عەبدوڵا کە دەیویست بچێتە دەرەوە دوو رکات نوێژی دەکرد، کە دەشهاتەوەماڵەوە دوو رکات نوێژی دەکرد، هەمیشە ئاوا بوو و قەت لەبیری نەدەچوو.[٣]

جارێک عەبدوڵا لای ژنەکەی راکشابوو، دواتر چوو بۆ لای کەنیزەکەکەی و لەگەڵیدا جووت بوو، ژنەکەی سەیری جێگەکەی کرد عەبدوڵای نەبینی، هەستا و چوو عەبدوڵای لەگەڵ کەنیزەکەیدا بینی، خێرا چوویەوە بۆ ماڵەوەو چەقۆیەکی هەڵگرت و هات بەرەو لای عەبدوڵا، عەبدوڵاش لە سەرجێی تەواو بووبوو، کە ژنەکەی بینی وتی: چیتە؟ ژنەکەی وتی: چیمە؟ ئەگەر فریات دەکەوتم بەم چەقۆیە پشتم لەت دەکردیت، عەبدوڵا وتی: چیت لێ

---

[١] جامع الترمذي – أبواب الأدب عن رسول الله(ﷺ) – باب ما جاء في إنشاد الشعر، الرقم ٢٨٤٧ و قال حديث حسن صحيح؛ صحيح ابن خزيمة – كتاب المناسك – باب الرخصة في إنشاد المحرم الشعر والرجز، الرقم ٢٦٨٠، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

[٢] شعب الإيمان للبيهقي، الرقم ٤٩.

[٣] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٣٣، صححه ابن حجر في الإصابة، ج٣، ص ٨٤.

دیوم؟ ژنەکەی وتی: بینیم بەسەر کەنیزەکەی خۆتەوە بوویت، عەبدوڵا وتی: تۆ ئەزانیت پێغەمبەر(ﷺ) ریگری لێکردوین ئەگەر یەکێکمان لەشگران بوو قورئان بخوێنێت، جا وا-بۆ دڵنیابوونی تۆ کە من لەگەڵ کەنیزەکەم جووت نەبوم- قورئان دەخوێنم، ژنەکەی وتی: ئادەی، عەبدوڵاش بەم شیعرە وتی:

أتانا رسول الله يتلو كتابه

كما لاح مشهور من الفجر ساطع

أتى بالهدى بعد العمى فقلوبنا

به موقنات أن ما قال واقع

يبيت يجافي جنبه عن فراشه

إذا استثقلت بالمشركين المضاجع

ژنەکەی کە ئەوەی بیست بڕوای پێکرد و وتی: بڕوام بە خوا هێنا و چاوەکانم بەدرۆ خستەوە، کە رۆژ بوویەوە عەبدوڵا چوو بەسەرهاتەکەی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) کە بەسەرهاتەکەی بیست دەستی کرد بە پێکەنین تا ددانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن.[١]

جارێک عەبدوڵای کوڕی رەواحە دەچوو بۆ مزگەوت، نزیک بوویەوە لە مزگەوت و گوێی لە پێغەمبەر(ﷺ) بوو کە وتاری دەدا و فەرمووی:(دابنیشن)، عەبدوڵاش هەر لە دەرەوە دانیشت، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە، بە عەبدوڵای فەرموو (خوای گەورە سوور بونت لەسەر گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی زیاد بکات).[٢]

ئەبوودەرداء دەڵێت: جاری وا هەبوو لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەردەچووین، رۆژەکە زۆر گەرم دەبوو، کەس نەبوو بەڕۆژوو بێت جگە لە پێغەمبەر(ﷺ) و عەبدوڵای کوڕی رەواحە.[٣]

---

[١] سنن الدارقطني، الرقم ٣٧٤.

[٢] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ٢٥١١، صححه ابن حجر في الإصابة، ج٣، ص ٨٤.

[٣] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٣٣.

ڕۆژێک عەبدوڵا نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ سەردانی، نزای بۆ کرد و فەرموی (خوایە ئەگەر ئەجەلی هاتووە لەسەری سووک بکە، ئەگەریش ئەجەلی نەهاتووە شیفای بدە)، عەبدوڵا کەمێک هاتەوە هۆش خۆی و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دایکم دەیوت: کێوەکەم ڕۆ، پشتی شکاوم، فریشتەیەکیش چەکوشێکی ئاسنینی پێ بووو دەیوت: تۆ وایت؟ جا ئەگەر بموتایە بەڵێ، بەوە شەت و پەتی دەکردم.[1]

عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە لە غەزای موئتەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.

موئتە لە خوارووی بەلقا بوو ماوەیەک دوور بوو لە شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولادا پێغەمبەر(ﷺ) بە نامەیەکەوە حارثی کوڕی عومەیری ئەزدی نارد بۆ لای پاشای بوصرا، کەچی کە گەیشتە موئتە شورەحبیلی کوڕی عەمری غەسانی ڕێی پێ گرت و کوشتی، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی لەسەر سەخت بوو، بۆیە سوپایەکی نارد کە نزیکەی سێ هەزار کەس دەبوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەمیری خەڵکەکە زەیدی کوڕی حارثەیە، ئەگەر کوژرا ئەوە جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب ئەمیرە، ئەگەر ئەویش کوژرا ئەوە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ئەمیرە، ئەگەر ئەویش کوژرا با موسڵمانان بە ڕەزامەندی خۆیان لەنێو خۆیاندا کەسێک دیاری بکەن و بیکەنە ئەمیریان)، پێغەمبەر(ﷺ) ئاڵایەکی سپی دایە دەست زەیدی کوڕی حارثەو وەسیەتی کرد بۆیان تا بچنە شوێنی کوژرانەکەی حارثی کوڕی عومەیر و خەڵکی ئەوێ بانگ بکەن بۆ ئیسلام، ئەگەر موسڵمان بوون باشە، ئەگەرنا پشت بەخوا ببەستن و دژیان بجەنگن، خۆیشی بۆ بەڕێکردنیان لەگەڵیان چوو تا گەیشتە (ثنیة الوداع)، ئیتر لەوێ وەستا و ماڵئاوایی کرد لێیان، موسڵمانانیش نزایان دەکرد بۆیان و دەیانوت خوا بتانپارێزێ و بە چاکی و دەستکەوتەوە بتانگێڕێتەوە، دوژمنیش ئەم هەواڵەی بیست و سوپای

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٣٢.

کۆکردەوەو شورەحبیل نزیکەی سەد هەزار سەربازی کۆکردەوەو دەستەی پێشڕەوی نارد.

کاتێک موسڵمانان گەیشتنە خاکی شام و هەواڵی زۆری سوپای دوژمن و هاتنی هیرەقلیشیان بە سوپایەکەوە بیست کە نزیک لەو ناوچە بوو، وتیان: با نامە بنێرین بۆ پێغەمبەر(ﷺ) تا بزانین فەرمان بە چی دەکات، بەڵام عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە موسڵمانانی هاندا تا درێژە بدەن بە چوونەکەیان، ئەوەبوو درێژەیان دا بە چوونەکەیان تا گەیشتنە موئتە، دوژمنیش بە سوپایەکی گەورەوە هاتن و جەنگ لەنێوانیاندا ڕوویدا، زەید بە ئاڵاکەوە جەنگا تا ڕمێکی بەرکەوت و شەهید بوو، ئینجا جەعفەری کوڕی ئەبووطالیب ئاڵاکەی گرتەدەست و لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و دەمارێکی پێی ئەسپەکەی بڕی تا نیشانی بدات ڕاکردن نیە، ئینجا جەنگا تا سەربازێکی ڕۆمی بە شمشێر لێیدا و وا لێیدا کردی بە دوو بەشەوە، یەکێک لە بەشەکانی جەستەی نزیکەی سی و ئەوەندە برینداری پێوە بوو، بە هەموو جەستەیەوە نزیکەی حەفتاو ئەوەندە برینداری بینرا چ لە بەرکەوتنی شمشێر یان ڕم بێت، ئینجا عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی هەڵگرت و ئەویش جەنگا تا کوژرا، ئینجا موسڵمانان ئاڵاکەیان دایە دەست خالیدی کوڕی وەلید و ئەویش بە پلانێکی سەرکەوتوو توانی پاشەکشە بکات بە سوپای موسڵمانان.[1]

زەیدی کوڕی ئەرقەم کە هەتیو بوو و لای عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە بووو ئەو سەرپەرشتی دەکرد، لە غەزای موئتەدا هاودەم بە عەبدوڵا چوو و بەشداری کرد، جا لەوێ کە شەو داهات عەبدوڵا بە هێواشی شیعری دەهۆنیەوەو تیایدا ئاواتی بە شەهیدی دەخواست، زەید کە ئەو شیعرەی بیست دەستی کرد بە گریان، عەبدوڵاش بە گۆچانەکەی دەستی تێیخوڕی

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٢٨-١٢٩.

و وتـی: لاسـار تـۆ چ زەرەرێـک دەکـەیـت خـوا شـەهیدی بـە مـن ببەخشـێت و تۆیش لەگـەڵ کاروانەکـە بگەڕێیتـەوە.[1]

کاتێک پێغەمبـەر(ﷺ) هەواڵی کوژرانـی جەعفەر و زەید و عەبدوڵای کوڕی ڕەواحـەی بیست دانیشت و خەفـەت دەموچاوی داگرتبوو،[2] ئینجا دەیفەرموو (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِزَيْدٍ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِزَيْدٍ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِزَيْدٍ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِجَعْفَرٍ وَعَبْدِ اللهِ بْنِ رَوَاحَةَ) (خوایـە لـە زەید خۆش بیت، خوایە لـە زەید خۆش بیت، خوایـە لـە زەید خۆش بیت، خوایـە لـە جەعفەر خۆش بیت، لـە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحـە خۆش بیت).[3]

٢١٠٨. عەبدوڵای کوڕی زەمعە(رضي الله عنه)

نـاوی عەبدوڵای کـوڕی زەمعـەی کـوڕی ئەسـوەدی قورەیشـی ئەسـەدیە، دایکـی نـاوی قریبـەی کچـی ئەبـی ئومەییەیـە، خوشـکەزای ئومموسـەلەمەی دایکـی باوەڕدارانـە.[4]

عەبدوڵا ژنێکـی هەبـوو بـە نـاوی زەینەبـی کچـی ئەبـی سـەلەمە کـە ئـەم منداڵانـەی لێـی هەبـوو (عەبدوڕەحمـان، یەزیـد، وەهـب، ئەبووسـەلەمە، کەبیـر، ئەبووعوبەیـدە، قەریبـە، ئومموکلثـوم، ئوممسـەلەمە).[5]

عەبدوڵای کوڕی زەمعـە دەڵێت: پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمووی:(لا يجلد أحدكم امرأته جلد العبد، ثم يجامعها في آخر اليوم)،[6] (کـەس لـە ئێـوە وێنـەی لێدانی کۆیلـە نـەدات لـە ژنەکـەی و دواتریش لـە کۆتایی ڕۆژدا لەگەڵیدا جووت بێت).

عەبدوڵای کـوڕی زەمعـە دەڵێـت: کاتێـک نەخۆشـیەکەی پێغەمبـەر(ﷺ) زۆری بـۆ هێنـا، منیش هـاودەم بـە ژمارەیـەک لـە موسـڵمانان لـەلای بـووم،

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٨٤-٨٥

[2] صحيح البخاري – كتاب الجنائز – باب من جلس عند المصيبة يعرف فيه الحزن، الرقم ١٢٩٩.

[3] مصنف ابن أبي شيبة – كتاب الجنائز – في الرجل ينتهي إليه نعي الرجل ما يقول، الرقم ١٢١٠١.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٩٥.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٤٦١.

[6] صحيح البخاري – كتاب النكاح – باب ما يكره من ضرب النساء، الرقم ٥٢٠٤؛ صحيح ابن حبان – كتاب النكاح – باب معاشرة الزوجين – ذكر الزجر عن جلد المرء امرأته عند إرادته تأديبها، الرقم ٤١٩٠.

بیلال بانگی دا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کەسێک بنێرن نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە، منیش چووم بینیم عومەر لەناو خەڵکەکەدایەو ئەبووبەکر لەوێ نیە، وتم: ئەی عومەر نوێژ بکە بۆ خەڵکەکە، عومەریش هەستا، اللە اکبری کرد، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەنگی بیست هەواڵی ئەبووبەکری پرسی، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەبووبەکر نوێژی کرد بۆ موسڵمانان، دواتر عومەر پێی وتم: ماڵوێران بیت ئیبن زەمعە چیت پێکردم، بەخوا کە وتت بەرنوێژی بکە، وامزانی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی ئەوەی پێکردویت، ئەگەر وا تێنەگەیشتمایە بەرنوێژیم نەدەکرد بۆ خەڵکەکە، منیش وتم: بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کە ئەبووبەکرم نەبینی، ئیتر تۆم بە شیاوتر زانی.[1]

عەبدوڵا لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا لە رووداوی الحرة دا بە دەستی سەربازانی حەججاجی کوڕی یوسف کوژرا.[2]

٢١٠٩. عەبدوڵای کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زەیدی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە، چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدرو ئوحود، سەبارەت بە کاتی وەفاتی دوو را هاتووە، رایەک دەڵێت: لە جەنگی ئوحوددا شەهید بووە، رایەکیش دەڵێت: لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کردووە، بەڵام رای یەکەم دروستە.[3]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(رضي الله عنهم) - حديث عبد الله بن زمعة(رضي الله عنه)، الرقم ١٩١٤٢؛ سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في استخلاف أبي بكر(رضي الله عنه)، الرقم ٤٦٦٠؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر عبد الله بن زمعة بن الأسود(رضي الله عنه) - ثبوت الخلافة لأبي بكر وعمر(رضي الله عنهما)، الرقم ٦٧٦٦، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود حسن صحيح.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٩٥.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٩٧.

٢١١٠. عەبدولای کوڕی زەیدی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی عەبدولای کوڕی زەیدی کوڕی عاصمە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە مازنیەکان.[١]

سەبارەت بە بەشداریکردنی لە غەزای بەدردا راجیایی هەیە، بەلام بۆ بەشداریکردنی لە غەزای ئوحوددا یەکدەنگی هەیە.[٢]

عەبدولا چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە: عەبدولا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) بۆ نوێژە بارانە عەباکەی هەڵگێڕایەوە.[٣]

عەبدولا لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و دەستی هەبوو لە کوشتنی موسەیلەمەی درۆزندا، لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا لە روداوی الحرة دا کوژرا.[٤]

٢١١١. عەبدولای کوڕی زوبەیری هاشمی(ﷺ)

ناوی عەبدولای کوڕی زوبەیری کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی قورەیشی هاشمیە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، دایکی ناوی عاتیکەی کچی ئەبی وەهبە، لە غەزای حونەیندا لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) مایەوەو بەرگری لێدەکرد، عەبدولا لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، لە جەنگەکەدا دەیان سەربازی رۆمەکانی کوشت تا دواجار خۆیشی شەهید بوو، نزیکەی سی و سێ سالان دەبوو.[٥]

---

(١) أسد الغابة، ج٣، ص ٢٥٣.

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٩٩.

(٣) صحيح البخاري - كتاب الاستسقاء - باب تحويل الرداء في الاستسقاء، الرقم ١٠١١؛ صحيح مسلم - كتاب صلاة الاستسقاء، وحدثنا يحيى بن يحيى، أخبرنا سليمان بن بلال، عن يحيى بن سعيد. قال: أخبرني أبو بكر بن محمد بن عمرو، أن عباد بن تميم أخبره أن عبد الله بن زيد الأنصاري أخبره أن رسول الله(ﷺ) خرج إلى المصلى يستسقي . وأنه لما أراد أن يدعو استقبل القبلة، وحول رداءه .، الرقم ٨٩٤.

(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٩٨.

(٥) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٨٩.

٢١١٣. عەبدوڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەووام(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەووامی کوڕی خوەیلیدی قورەیشی ئەسەدیە، یەکێکە لە هاوەڵە گەنجەکانی دەوری پێغەمبەر(ﷺ)، کونیەکەی ئەبووبەکر و ئەبووخوبەیبیشە.[١]

زوبەیری باوکی یەکێک بوو لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و یەکێک بوو لە دە موژدەپێدراوەکانی بەهەشت، پێشتر لە پیتی(ز) دا بە وردی ژیانەکەیمان باس کردووە.

دایکی ناوی ئەسمائی کچی ئەبووبەکر بوو، ئەسمائی کچی ئەبووبەکری صدیق کە یەکێکە لە ئافرەتە زۆر خواناسەکان و خوشکە گەورەی عائیشەی دایکی باوەڕدارانە، واتە زوبەیر ئاوزاوای پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لەگەڵ ئەم ژنەی کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ چەند منداڵێکی بوو، عەبدوڵا، عوروە، مونذیر،[٢] عاصم، موهاجیر، خەدیجەی گەورە، ئوممولحەسەن، عائیشە.[٣]

لەدایکبوونی عەبدوڵا:

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە یەکەم ساڵی کۆچیدا لەدایک بوو و یەکەم منالی لەدایکبووی کۆچەران بوو پاش کۆچ بۆ مەدینە.[٤]

ئەسمائی دایکی باسی سکپڕی خۆی بە عەبدوڵا و لەدایکبوونی عەبدوڵاوە دەکات و دەڵێت: سکم هەبوو، کە گەیشتمە مەدینەو لە قوبائدا دابەزیم، لەوێ منداڵەکەم بوو، دواتر منداڵەکەم بردە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و خستمە کۆشی، ئەویش داوای خورمایەکی کرد و خورماکەی مژی و دواتر خستیە دەمی منداڵەکەوە، یەکەم شت چوویە ناو سکی منداڵەکەمەوە، لیکی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، دواتر خورماکەی

---

[١] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٣، ص ٩٠٥.

[٢] أسد الغابة، ج٧، ص ١٢.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٠٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٩٠.

هێنـا بـه دەم و لێـوی منداڵەکـەدا،[1] جـا موسـڵمانان بـە بیسـتنی هەواڵـی لەدایکبوونـی عەبـدوڵا تەکبیریـان دەکـرد، چونکـە جوولەکـەکان دەیانـوت جادوویـان کـردووه لـە موسـڵمانان منداڵـی کوڕیـان نەبێت، کەچـی بـەوه خـوای گـەوره جوولەکەکانـی بـەدرۆ خسـتەوه.[2]

عەبدوڵا تەمەنی نزیکەی حەوت یان هەشت ساڵان دەبوو کە زوبەیری باوکی بردی بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا بەیعەت بدات، پێغەمبەر(ﷺ) کە بینی وا عەبدوڵا دێت، بزەیەکی کرد و بەیعەتی لێوەرگرت.[3]

دواتـر زوبەیـر ئەسـمائی تـەڵاق داو ئەسـمائیش لای عەبـدوڵای کـوڕی مایـەوه.

عەبـدوڵای کـوڕی دەڵێـت: لـە غـەزای خەندەقـدا مـن و عومـەری کـوڕی ئەبی سـەلەمە لـەو شـوێنە بوویـن کـە ژنەکانی پێغەمبـەر(ﷺ) لـەوێ بـوون، جـا یەکترمـان بـەرز دەکـردەوه تـا لـە سـەروو دیوارەکـەوه تەماشـای جەنگەکـە بکەیـن، جـا کاتێـک عومـەر منـی بـەرز کـردەوه دەمبینـی باوکـم هەڵمەتـی دەبـرد بـۆ بەنـی قورەیضـەو جەنگـی دەکـرد لەگەڵیانـدا،[4] عەبـدوڵا کـە ئەمـەی گێڕایـەوه بـۆ باوکـی، زوبەیـر وتـی: رۆڵـە گیـان ئـەوکات منـت بینـی، وتـی: بەڵـێ، زوبەیـر وتـی: ئـەوه پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: کـێ دەچێـت هەواڵـی بەنـی قورەیضـەم بـۆ بهێنێـت، منیـش چـووم، کـە هاتمـەوه پێغەمبـەر(ﷺ) پێـی فەرمـووم بەدایـک و باوکمـەوه بەقوربانـت بـم.[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب هجرة النبي(ﷺ) وأصحابه إلى المدينة، الرقم ٣٩٠٩؛ صحيح مسلم - كتاب الآداب - باب استحباب تحنيك المولود عند ولادته، الرقم ٢١٤٦.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٣٠.

[3] المعجم الكبير للطبراني - مسند النساء - باب الألف - من اسمها أسماء - أسماء بنت أبي بكر الصديق - ما روى عروة بن الزبير عن أسماء - هشام بن عروة عن أبيه، الرقم ٢١٨٨٧؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر عبد الله بن الزبير بن العوام(ﷺ) - كان عبد الله بن الزبير أول مولود في الإسلام بالمدينة، الرقم ٦٣٨٨.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٠.

[5] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب الزبير بن العوام، الرقم ٣٧٢٠.

عەبدوڵا لە سەردەمی راشیدیندا

عەبدوڵا لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکری صدیقدا هێشتا تەمەنێکی کەمی هەبوو، لەو ماوەو دواتریشدا نازی بێشوماری عائیشەی پووری هەبوو، هاوکات سوودێکی زۆری وەردەگرت لە زانستی دایکی باوەڕداران عائیشە، عوروەی برای عەبدوڵا دەڵێت: خۆشەویستترین کەس لای عائیشە لە دوای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکرەوە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بوو.[1]

عەبدوڵا لە سەرەتای تەمەنی پێگەیشتنیدا بوو کە هاودەم بە باوکی بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد، لەو جەنگەدا هاودەم بە زوبەیری باوکی چوو بەشداری کرد، بەڵام بەشداری جەنگەکە نەبوو، بەڵکو زوبەیر تەنها بۆ راهێنان ئەوی برد و دوو کەسی راسپاردبوو تا ئاگاداری بن.[2]

جارێک عومەری کوڕی خەططاب چوو بە کۆڵانێکدا کە بڕێک منداڵ یارییان دەکرد و عەبدوڵاش لەنێویاندا بوو، منداڵەکان هەموو رایانکرد تەنها عەبدوڵا نەبێت، عومەری کوڕی خەططاب وتی: بۆچی تۆیش راتنەکرد؟ عەبدوڵا وتی: تاوانم نەکردووە تا لێت بترسم، رێگەکەش تەنگ نیە تا رێت بۆ فراوان بکەم.[3]

عەبدوڵا لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

عەبدوڵا لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا بەشداری جەنگ و فتووحاتی کرد، بەشداری ئەو هێرشە بوو کە برا بۆ فەتحی قوسطەنطینیە.[4]

عەبدوڵا دەڵێت: جارێک پرسیارم کرد لە باوکم وتی: بۆچی دەتبینم وەک فلان و فلان نیت هێندە فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بگێڕیتەوە؟! ئەویش وتی: من هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ) بووم، بەڵام لێم

---

[1] صحيح البخاري – كتاب المناقب – باب مناقب قريش، الرقم ٣٥٠٥.

[2] صحيح البخاري – كتاب المغازي – باب قتل أبي جهل، الرقم ٣٩٧٥.

[3] الكامل في التأريخ، ج٤، ص ١٢٨.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٣٣.

بیستووه دەیفەرموو (من كذب علي فليتبوأ مقعده من النار)،[1] (هەرکەس درۆم بەدەمەوە بکات با شوێنی خۆی لە دۆزەخ دیاری بکات).

عەبدوڵا لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا یەکێک بوو لەوانەی نوسخەکانی قورئانیان نووسیەوە.[2]

هەروەها عەبدوڵای کوڕی زوبەیر یەکێک بوو لە بەشداربوانی فتووحاتی ئەفریقیا، لەو سوپایەدا کە عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەرح سەرکردایەتی دەکرد، هەریەک لە عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەشدار بوون، سوپای جەرجیری پاشای بەربەرەکانیش بە زیاد لە سەد هەزار جەنگاوەرەوە هات، سوپای موسڵمانانیش نزیکەی بیست هەزار جەنگاوەر بوو، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر جەرجیری بینی لە دوای سوپاکەوە بوو و دوو کەنیزەک باوەشێنیان دەکرد، بۆیە داوای لە ئەمیری سوپا کرد بڕێک کەسی لەگەڵ بنێرێت تا بچێت جەرجیر لەناوبەرێت، ئەویش بڕێک کەسی لەگەڵ نارد، عەبدوڵا چوو و سوپای دوژمنیش وایانزانی نامەی پێیەو دەیبات بۆ پاشاکەیان، چونکە بڕوایان نەدەکرد وا بچێت بەدەم مەرگەوە، عەبدوڵا کە گەیشتە لای جەرجیر، خێرا جەرجیر هەستی بە مەترسی کرد و رایکرد، بەڵام عەبدوڵا بە رمەکەی لێیدا و بە شمشێرەکەی سەری جەرجیری لێکردەوەو سەرەکەی بە رمەکەی بەرز کردەوەو تەکبیری کرد، بەوە بەربەرەکان پەرتەوازە بوون و رایاندەکرد و موسڵمانانیش کەوتنە کوشتن و گرتنیان.[3]

لەو کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان گەمارۆ درا، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر هاودەم بە ئیبن عومەر و حەسەن و حوسەین و مەڕوان و ئەبووهورەیرە

[1] صحيح البخاري – كتاب العلم – باب إثم من كذب على النبي(ﷺ)، الرقم ١٠٧؛ سنن ابن ماجه – أبواب السنة – باب التغليظ في تعمد الكذب على رسول الله(ﷺ)، الرقم ٣٦؛ السنن الكبرى للنسائي – كتاب العلم – من تعلم ليقال: فلان عالم، الرقم ٥٨٨١.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢١٧.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٥٢.

و ژمارەیەکی تر وەستان تا بەرگری لە خەلیفە بکەن، خەلیفەش سوێندی دان کە وازبهێنن و بچنەوەماڵەوە،[1] بەڵام عەبدوڵا و حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانی کوڕی حەکەم نەچوونەوەو بەرگرییان کرد، عەبدوڵا چەندین شمشێر و تیری بەرکەوت و زۆر بریندار بوو، هەروەها حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانیش بریندار بوون.[2]

کاتێک هەواڵی شەهیدبوونی عوثمان گەیشت بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب، عەلی تەواو شڵەژا و هاودەم بە طەلحەو زوبەیر و سەعد چوون بۆ لای عوثمان و بینییان کوژراوە، عەلی تووڕە بوو لە حەسەن و حوسەین و وتی: ئێوە لەبەر دەرگا بوون و هێشتتان ئەمیری باوەڕداران بکوژرێت؟! ئەوانیش وتیان: ئێمە ئاگادار نەبوین بە کوژرانی، عەلی دەستی بەرزکردەوەو بۆکزێکی دا لە حەسەن و دای بەسەر سنگی حوسەینیشدا، قسەشی وت: بە موحەممەدی کوڕی طەلحەو عەبدوڵای کوڕی زوبەیر.[3]

عەبدوڵا لە کاتی کوژرانی باوکیدا

عەبدوڵا هاودەم بە زوبەیری باوکی بەشداری جەنگی جەمەلی کرد.

عەبدوڵا دەڵێت: لە سەرەتاوە باوکم منی بانگ کرد و منیش لە کەناریەوە وەستام، باوکم وتی: کوڕی شیرینم ئەمڕۆ هەرکەس دەکوژرێت یان ستەمکارە یان ستەم لێکراوە، من وادەبینم ئەمڕۆ بە ستەملێکراوی دەکوژرێم، گەورەترین خەمیشم قەرزەکانمە، پێت وایە قەرزەکەت هیچ لە ماڵ و سامانمان بهێڵێتەوە؟ پاشان وتی: کوڕە شیرینەکەم، ئەوەی هەمانە بیفرۆشەو قەرزەکەم بدەرەوە، ئینجا وەسیەتی کرد بۆ هەرچیەکی تر کە بمێنێتەوە.[4]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٨١.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٨٨.

[3] الثقات لابن حبان، ج٢، ص ٢٦٥.

[4] صحيح البخاري - كتاب فرض الخمس - باب بركة الغازي في ماله حيا وميتا مع النبي، الرقم ٣١٢٩.

عەلی بە زوبەیری وت: سوێندت دەدەم بە خوا تۆ گوێت لە پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو کە پێی دەفەرموویت تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگێیت و تۆیش ستەمی لێدەکەیت؟ ئەویش وتی: بەڵێ، بەڵام ئەوە ئێستا ئەو فەرموودەیەم بیردەکەوێتەوە، بۆیە کەناری گرت.[1]

ئینجا بە سوارەکەیەوە بە ناو ریزەکاندا دەگەڕایەوە، عەبدوڵای کوڕی وتی: باوکە چیتە؟ زوبەیر وتی: عەلی فەرموودەیەکی بۆ باسکردم کە من خۆم لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستبوو پێی فەرمووم (لَتُقَاتِلَنَّهُ وَأَنْتَ ظَالِمٌ لَهُ) (تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگیت و ستەمیشی لێ دەکەیت)، بۆیە لەگەڵی ناجەنگم، عەبدوڵا وتی: بۆچی بۆ جەنگ هاتبوویت؟ تۆ هاتبوویت تا نێوانی خەڵکەکە رێکبخەیت و خوا بە هۆی تۆوە ئەم بارە رێکبخات، زوبەیر وتی: سوێندم خواردووە جەنگ نەکەم، عەبدوڵا وتی: دەی جیرجیسی کۆیلەت ئازاد بکەو بوەستە تا نێوانی خەڵک رێکبخەت، ئەویش کۆیلەکەی ئازاد کرد و راوەستا، بەڵام خەڵکەکە جیاوازی زیاتری تێکەوت، بۆیە بە ئەسپەکەیەوە چوو.[2]

زوبەیر کە چوو دای بە لای سەربازگەکەی ئەحنەفدا، ئەویش وتی: کێ دەچێت هەواڵێکی ئەمەم بۆ وەربگرێت، ئیبن جرمووز وتی: من، ئەوەبوو کەوتە شوێن زوبەیر، کە گەیشت بە زوبەیر، زوبەیر زۆر توورە بوو، وتی: چیتە؟ ئیشت چیە؟ وتی: هاتوم تا پرسیارێکت لێ بکەم، عەطیە کە خزمەتکارێکی زوبەیر بوو و لەگەڵ زوبەیر بوو وتی: ئەو چەکی پێیە، بەڵام زوبەیر گوێی پێ نەدا، ئیبن جرمووز وتی: کاتی نوێژە، ئەوەبوو دابەزین تا نوێژ بکەن، کەچی ئیبن جرمووز خۆی خستە پشتی زوبەیر و لە پشتەوە کەلەبەری زرێپۆشەکەی کردە ئامانج و دای لە زوبەیر و

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب حواري رسول الله(ﷺ) - رجوع الزبير عن معركة الجمل، الرقم ٥٦٢٢.

[2] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب حواري رسول الله(ﷺ) - رجوع الزبير عن معركة الجمل، الرقم ٥٦٢١، حسنه الألباني بل صححه للوجه الثاني للسند في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم ٢٦٥٩.

کوشتی و ئەسپ و چەکەکەشی برد، دواتریش وازی لە خزمەتکارەکەی هێنا، خزمەتکارەکەشی تەرمی زوبەیری ئەسپەردە کرد و دواتر چوو هەواڵەکەی بردەوە بۆ خەڵکەکە.[1]

عەبدوڵا جڵەوی وشترەکەی عائیشەی پووری گرتبوو و ئاگاداری پووری بوو و هیچ قسەیەکیشی نەدەکرد، لەو کاتەدا ئەشتەری نەخەعی هەڵمەتی بۆ برد و یەکتریان بریندار کرد، عەبدوڵا لە جەنگی جەمەلدا هێندە بریندار بوو کە دەوترێت نزیکەی سی و حەوت برینی پێوە بووە.[2]

عەبدوڵا پاش شەهیدبوونی باوکی

کاتێک بارەکە هێور بوویەوە، ئینجا عەبدوڵا دەستی کرد بە دانەوەی قەرزەکانی باوکی، زوبەیر دەڵێت: حسابم کرد قەرزەکانی نزیکەی ملیۆنێک و دووسەد هەزار دەبوو، گەیشتم بە حەکیمی کوڕی حیزام، وتی برازاکەم قەرزەکەی براکەم چەندە؟ منیش حەزم نەکرد بیڵێم چەندە، وتم: دووسەد هەزار، وتی: دەی بڕوا ناکەم ئەوەی هەتانە بەشی دانەوەی بکات، منیش وتم: ئەی ئەگەر ملیۆنێ و دووسەد هەزار بێت چی؟ وتی: وا نابینم بتوانن بیدەنەوە، ئەگەر پەکت کەوت پێم بڵێ یارمەتیت دەدەم، عەبدوڵا باخەکەی زوبەیری فرۆشت بە ملیۆنێک و شەش سەد هەزار، دەیوت: کێ قەرزی لای زوبەیر بووە با بێت باخەکەمان لێ بکڕێت، عەبدوڵای کوڕی جەعفەر هات کە چوارسەد هەزاری لای زوبەیر بوو، وتی: حەز دەکەن مەمدەنەوە، حەزیش دەکەن دوای خەن، عەبدوڵا وتی: نا، ئەویش وتی: دەی پارچەیەکی باخەکەم بدەنێ، بەوجۆرە باخەکەی بەش بەش فرۆشت و هەموو قەرزەکەی دایەوەو زیاد لە چوارسەد هەزاریشی بۆ مایەوە.[3]

عەبدوڵا یەکێک بوو لە ئامادەبوانی تەحکیم وەک چۆن ژمارەیەکی زۆری خەڵک ئامادەی بوون.[4]

---

[1] تاريخ الطبري، ج٣، ص ٥٥.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٤٤.

[3] المنتظم لابن الجوزي، ج٥، ص ١١٠.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٨٢.

لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا عەبدوڵا و حەسەنی کوڕی عەلی چوون بۆ لای موعاویە، موعاویە کە حەسەنی بینی، وتی: مەرحەبا لە نەوەی پێغەمبەر(ﷺ)، ئینجا فەرمانی کرد سێ سەد هەزاری پێ بدرێت، بە عەبدوڵاشی وت: مەرحەبا لە پوورزای پێغەمبەر(ﷺ) و فەرمانی کرد سەد هەزاری پێ بدرێت.[1]

کاتێک موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ویستی بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وەربگرێت تا دوای خۆی شوێنی بگرێتەوە، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەیعەتی نەدا، هەریەک لە عەبدورەحمانی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەر و حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش بەیعەتیان نەدا،[2] بەڵام موعاویە بە نابەدڵی بەیعەتی وەرگرت لێیان، دواتر کە موعاویە مرد حوسەین و عەبدوڵا بەیعەتیان نەدا بە یەزید.[3]

کاتێک موعاویە مرد یەزید نامەی نارد بۆ وەلیدی کوڕی عوقبە کە والی مەدینە بوو، داوای لێکرد بەیعەتی بۆ وەربگرێت، وتی: سەرەتا لە کەسە بەناوبانگەکانەوە دەست پێ بکەو لەگەڵ حوسەین نەرمونیان بە، وەلیدیش ناردی بە شوێن حوسەین و ئیبن زوبەیردا، هێشتا شەو بوو، داوای کرد لە هەردووکیان بەیعەت بدەن بە یەزید، ئەوانیش وتیان: با بەیانی بێتەوە بزانین خەڵکی چی دەکەن، هەر ئەو شەوە لە مەدینە دەرچوون بەرەو مەککە، کە گەیشتنە ئەوێ حوسەین لە ماڵی عەبباس دابەزی، عەبدوڵای کوڕی زوبەیریش لە ماڵی حجر دابەزی و بەیانی و ئێوارە سەردانی حوسەینی دەکرد و بەردەوام خەڵکی هاندەدا دژی ئومەویەکان، عەبدوڵا داوای لە حوسەین دەکرد بەرەو عێراق بچێت و دەیوت: ئەوان هەواداری تۆن، بەڵام ئیبن عەبباس بەردەوام ڕێگری لێدەکرد و دەیوت: کاری وا نەکەیت.[4]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ١٣٧.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٧٩.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩١-٢٩٢.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩٥.

بەڵام لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کاتێک حوسەینی کوڕی عەلی ویستی بچێت بۆ عێراق، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر حوسەینی دواند کە بۆچی دەچێت، حوسەین وتی: بەیعەتی چل هەزار کەسم بۆ هاتووە کە تەڵاق و بەڵێنی مەرگیان داوە لەگەڵ منن، عەبدوڵاش ئاگاداری دەکردەوەو دەیوت: دەچیت بۆ لای خەڵکێک کە باوکی تۆیان کوشت و براکەشیان دەرکردیت؟![1]

عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی عەبباش کە لە عومرەوە دەهاتنەوە چوون بۆ لای حوسەین و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر، ئیبن عومەر وتی: بۆ خاتری خوا بگەڕێنەوە بۆ ئەو بارەی خەڵکی تێدان و بۆ خەڵک باشترە و پەلە مەکەن، ئەگەر خەڵکی هەموو رازی بوون پێی ئەم دوانەش خۆتان جیا مەکەنەوە، ئەگەریش خەڵکی هەموان لەسەری رازی نەبوون ئەوکات ئەوەی دەتانەوێت بیکەن.[2]

کاتێک حوسەین ویستی بچێت بۆ عێراق، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر چوو بۆ لای حوسەین و وتی: پێم باشە نەچیت بۆ کووفەو لە حیجازەوە ئەو کارە دەست پێ بکەیت و ئێمەش دژایەتیت ناکەین و پشتیوانت دەبین و بەیعەتت پێ دەدەین، بەڵام حوسەین زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی جەنگ و ئاژاوەیەک رووبدات نەکەوێتە مەککەو مەدینەوە، بۆیە ئامادەیی نەبوو لە حیجازەوە دەست پێ بکات.[3]

دوای حوسەینی کوڕی عەلی، لەملاوە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە حیجازەوە راپەڕی، بۆیە یەزید موسلیمی کوڕی عوقبەی نارد بۆ حیجاز و گەمارۆی مەدینەی دا تا ئیبن زوبەیر لەناو ببات، ئەوەبوو رووداوی دڵتەزێنی الحرة روویدا، دواتر لەوێوە چوو بەرەو مەککە تا ئیبن زوبەیر لەناو بەرێت، بەڵام لە رێدا مرد، بۆیە یەزید حوصەینی کوڕی نومەیری

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ١٦١.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩٦.

[3] الكامل في التاريخ، ج٣، ص ٤٠٠.

لە شوێنیدا دانا و حوصەین چوو گەمارۆی مەککەی دا و زیانی زۆری بە مەککە گەیاندو تیایدا بەشێک لە کەعبە بە دەستی هێرشی ئومەویەکان سووتا،[1] لەو ماوەدا دەستەیەک لە خەواریجەکان پشتگیری عەبدوڵای کوڕی زوبەیریان دەکرد، بەڵام دواتر کە خیلافەتی ڕاگەیاند، پاشگەز بوونەوە، چونکە زانییان عەبدوڵا عوثمانی کوڕی عەففانی خۆشویستووەو لێی ڕازی بووە، بۆیە لەبری پشتیوان بوون بە دوژمنی.[2]

بەڵام یەزید ئەو ئاواتەی هەیبوو بە لەناوبردنی دەسەڵاتی ئیبن زوبەیر نەهاتەدی تا مرد.[3]

دوای مردنی یەزید ئەو سوپایەی چووبوو بۆ لەناوبردنی عەبدوڵا گەڕایەوە بۆ شام، بەوە قەڵەمڕەوی عەبدوڵا لە حیجاز زیادی کرد.[4]

دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر

پاش مردنی یەزید و هاتنی موعاویەی کوڕی کە پیاوێکی زۆر خواناس بوو و کەم ژیاو وەفاتی کرد و کەسی لە دوای خۆی دیاری نەکرد، ئیتر بۆشاییەک لە دەسەڵاتدا دروست بوو، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ عەبدوڵا تا بەیعەتی پێ بدرێت و ببێتە خەلیفە،[5] گرنگتر لە هەمووی موعاویەی کوڕی یەزید پێش مەرگی خۆی بەیعەتی بۆ هیچ کەس وەرنەگرت.[6]

عەبدوڵا لە مەککەوە خیلافەتی ڕاگەیاند و موسڵمانان کەوتنە بەیعەتدان پێی، چەند کەسێک بەیعەتیان پێ نەدا، عەبدوڵا ئومەویەکانی لە حیجاز

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٤٧.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٩.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٢٣٤.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٨.

[5] خوێنەری ئازیز، لەبەرئەوەی نووسینەکە تایبەت نیە بە وردەکاریە مێژووییەکانەوەو ئەگەر بۆ هەر هاوەڵێک ئەو وردەکاریانە بهێنین لەوانەیە دەیان بەرگی بوێت تا نوسینەکە تەواو بێت، بۆیە پوختەیەکی پێویست سەبارەت بە ماوەی دەسەڵات تا کوژرانی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر دەخەینەڕوو و خوێنەر دەتوانێت بۆ زانیاری زیاتر سوود لەو نووسینانە وەربگرێت کە تایبەت بە ماوەی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر نووسراون و بە زمانی کوردیش بەردەستن.

[6] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٨.

دەرپەڕاند و هەموانیان بەرەو شام رایانکرد.[1]

ئەوانەی بەیعەتیان پێ نەدا بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵای کوڕی عەبباس و ئیبنولحەنەفیە.[2]

هەریەک لە ئیبن عەبباس و ئیبنولحەنەفیە بە ژن و منداڵ و کەسانیانەوە چوون بۆ مەککەو لەوێ مانەوە، ئیبن زوبەیر داوای کرد بەیعەت بدەن، ئەوانیش وتیان: بەیعەتت پێ نادەین و خۆت سەرقاڵی کاری خۆت بە، هاوکات نە دژایەتی تۆ دەکەین و نە دژایەتی بەرامبەرت دەکەین، بەڵام ئیبن زوبەیر زۆری دەکرد لێیان تا بەیعەت بدەن، کار گەیشتە ئەوەی دەیوت: بەخوا یان دەبێت بەیعەت بدەن، یان دەتانسووتێنم.[3]

ئەو ناوچانەی بەیعەتیان دا بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بریتی بوون لە حیجاز و یەمەن و عێراق و میصر و خوراسان و هەموو شام جگە لە دیمەشق، ئەمەش لە ساڵی شەست و چواری کۆچیدا بوو،[4] بەڵکو والی حیمص و قنسرین و فەلەستینیش بەیعەتیان پێدا،[5] ئیتر عەبدوڵا کەوتە دانانی والی بۆ ناوچەکان.[6]

بەڵام لەولاوە ئومەویەکان لە دیمەشق پاش کۆبوونەوەیەک کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی مەڕوانی کوڕی حەکەم بەیعەتی پێ بدرێت، ئەو کارەیان کرد و پاش ڕوودانی جەنگێک و کوشتنی کاربەدەستانی ئیبن زوبەیر توانییان شام بگرنەوە دەست،[7] دواتریش میصریان گرت و هەرچەند ئیبن زوبەیر ویستی بە سەرکردایەتی موصعەبی برای دەسەڵاتی مەڕوان لەناوبەرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.[8]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٩، ص ٦٣.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٩.
[3] سير أعلام النبلاء، ٣، ص ٣٥٦.
[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٣، ٢٣٩.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٩.
[6] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٩.
[7] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٩-٢٤٥.
[8] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٥٦.

مەروان دواتر هەوڵیدا عێراقیش بگرێتەوە دەست و بۆ ئەوەش سوپای نارد بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، مەڕوان کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی هات کە هەر لە ژیانی باوکیدا بەیعەتی پێدرابوو.[1]

لەو ماوەدا ئیبن زوبەیر جەنگی خەواریجەکانی لە عێراق کرد و سوپاکەی سەرکەوت بەسەریاندا و سەرکردەی خەواریجەکانیش کوژرا.[2]

ئیبن زوبەیر لە ماوەی دەسەلاتیدا بڕیاری دا کەعبە بڕووخێنێت و سەرلەنوێ بنیادی بنێتەوە، راوێژی کرد بە خەڵکەکەو هەندێ وەک جابیری کوڕی عەبدوڵا هاوڕای بوون، هەندێکیش وەک ئیبن عەبباس نەیاری بوون، بەڵام دواجار ئەو کارەی دەستپێکرد.[3]

زوبەیر فشاری لەسەر ئیبنولحەنەفیە دروست کرد و بەندی کرد و هەرەشەی کوشتنیشی لێکرد، بەڵام موختاری کوڕی عوبەیدوڵا کە لە کووفە بوو و نەیاریی دژ بە هەریەک لە ئومەویەکان و ئیبن زوبەیریش راگەیاندبوو، سوپایەکی نارد و ئیبنولحەنەفیەو هاوەڵانی ئازاد کرد، لەوێوە ئیبنولحەنەفیە رووەو شام چوو، کەچی عەبدولمەلیکیش پێی راگەیاند یان بەیعەتی پێبدات یان لە خاکی ژێر دەسەڵاتی بچێتە دەرەوە، ئەویش وتی: بەو مەرجە بەیعەتت پێ دەدەم پەنای هاوەڵەکانم بدەیت، ئەویش رازی بوو، بەوە ئیبنولحەنەفیە خوێنی هاوەڵەکانی پاراست، دواتر ویستی بچێت بۆ مەککە بۆ عومرە، بەڵام عەبدوڵا رێی پێ نەدا، ئیبنولحەنەفیە روویکردە مەدینەو لەوێ مایەوە تا دوای کوژرانی ئیبن زوبەیر، دواتریش وەستا تا حەججاج چوو بۆ عێراق، ئەوکات چوو بۆ مەککەو عومرەکەی کرد.[4]

موختار کە لە کووفە بوو، زانی هەم ئومەویەکان و هەم ئیبن زوبەیریش دژایەتی دەکەن، ویستی پاڵ بداتە لای ئیبن زوبەیر، بەڵام لەو هەوڵە

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٦٠.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٦١.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٥١.
[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٩، ص ٣٨.

دیبلۆماسیەیدا سەرکەوتوو نەبوو.[١]

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە ساڵی حەفتای کۆچیدا موصعەبی برای بە سوپایەکەوە نارد بۆ عێراق و لەوێ لەگەڵ موختار بەرنگار بوویەوەو دواجار توانی سوپاکەی موختار تووشی شکست بکات وخودی موختاریش بکوژێت.[٢]

دوای ئەوەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژمارەیەک لە هاشمیەکانی بەند کردبوو و بە هەوڵی موختار ئازاد کران، لەنێویاندا عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش هەبوو، پاش ماوەیەک عەبدوڵای کوڕی عەبباس کۆچی دوایی کرد و بەیعەتی هیچ کەسی لە گەردن نەبوو.[٣]

لە ساڵی حەفتاو یەکی کۆچیدا سەرکردەی بەهێزی خیلافەتەکەی ئیبن زوبەیر کە موصعەبی برای بوو بە دەستی ئومەویەکان کوژرا، بەوە عێراقیش کەوتە دەست ئومەویەکان.[٤]

لە ساڵی حەفتاو دووی کۆچیدا عەبدولمەلیک حەججاجی کوڕی یووسفی نارد بۆ گەمارۆی مەککە تا دەسەڵاتەکەی ئیبن زوبەیر لەناوبەرێت، ئەمەش لەسەرداوای خودی حەججاج بوو،[٥] حەججاج ماوەی پێنج مانگ و نیو گەمارۆی مەککەی دا، بە مەنجەنیق کەوتە لێدانی مەککە و خەڵکێکی زۆری کوشت، ئاو و خۆراکیشی لێ قەدەغە کردبوون، هەندێ لە بەردەکان بەر کەعبەش کەوتن، خەڵکەکە داوایان لە عەبدوڵا کرد لەگەڵیان رێکبکەوێت، بەڵام ئەو وتی: بەخوا ئەوانە ئەگەر لەناو کەعبەشدا بتانگرن سەرتان دەبڕن، بۆیە هەرگیز داوای رێککەوتنیان لێ ناکەم، خەڵکەکە بەردەوام دەچوون بۆ لای حەججاج و داوای پەنایان دەکرد و عەبدوڵایان جێدەهێشت تا ئەوەی

---

[١] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨ص ٢٧٦.
[٢] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨ ص ٢٨٧-٢٨٨.
[٣] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨ ص ٣٠٦.
[٤] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨ ص ٣١٤-٣١٦.
[٥] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨ ص ٣٢٥.

حەمزەو خوبەیبی کوڕیشی جێیانهێشت، عەبدوڵا چوو بۆ لای دایکی و سکاڵای حاڵی خۆی کرد چۆن هەموو خەڵکەکە جێیانهێشت، دایکی هانیدا تا خۆڕاگر بێت چونکە ئەو نیازەکەی بۆ قیامەت بووە، عەبدوڵا بەو وتانەی دایکی دڵخۆش بوو و چوو بەرگریەکی گەورەی کرد، لەو کاتەشدا هێشتا هەر شەونوێژی دەکرد، دواجار خشتێک کەوتەخوار و بەر سەری کەوت و سەری خوێناوی کرد و خستیە زەوی، خێرا دەستەیەک هاتن و کوشتیان و تەرمەکەیان برد بۆ لای حەججاج، دوای کوژرانی عەبدوڵا شیوەن مەککەی داگرت، بەڵام زۆرو زمانی حەججاج بێدەنگی کردن.[1]

کوژرانی عەبدوڵا لە نیوەی جومادیلئاخیرەی ساڵی حەفتاو سێی کۆچیدا بوو.[2]

کاتێک عەبدوڵای کوڕی زوبەیر کوژرا، تەرمەکەی لەخاچ درا تا خەڵک بیبینێت، کە عەبدوڵای کوڕی عومەر دای بە لای تەرمەکەیدا، وەستا و وتی: سەلامت لێ بێت ئەبووخوبەیب، سێ جار ئەوەی وتەوە، ئینجا وتی: بەخوا من زۆر ڕێگریم لێکردیت لەمە، سێ جار ئەوەشی وتەوە، بەخوا هێندەی من تۆم ناسیبێت کەسێک بوویت نوێژ و ڕۆژووت زۆرزۆر بوو و پەیوەندی خزمایەتیشت زۆر بەهێز ڕاگرتبوو، بەخوا ئوممەتێک تۆ خراپترینی بێت چاکترین ئوممەتە، پاشان عەبدوڵای کوڕی عومەر چوو، ئینجا حەججاج ئەو هەڵوێستەی ئیبن عومەری بیست، ناردی تەرمەکەی عەبدوڵا داگیرایە خوارەوەو فڕێ درایە ناو گۆڕستانی جوولەکەکان، دواتر حەججاج ناردی بە شوێن ئەسمائی کچی ئەبوبەکری دایکی عەبدوڵادا، ئەسماء ئامادە نەبوو بچێت بۆ لای، چەند جار نێردراوی نارد و ئەسمائیش نەچوو، حەججاج وتی: دێیت یان کەسێک بنێرم بە پرچەکانت ڕاکێشی ئێرەت بکات، ئەسمائیش هەر نەچوو و وتی: بەخوا نایەم بۆ لات تا کەسێک نەنێریت کە بێت بە پرچەکانم ڕاکێشم بکات، حەججاج خۆی چوو بۆ لای ئەسماء، وتی: بینیت

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٣٠-٣٣١.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٤٧.

چیم کرد بە دوژمنی خوا-مەبەستی عەبدوڵای کوڕی بوو-؟ ئەسماء وتی: بینیم دنیای ئەو و قیامەتی خۆتت شێواند...پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (لەناو ثەقیفدا درۆزنێک و خوێنڕێژێک دەردەکەون) جا درۆزنەکەمان بینی، بۆ خوێنڕێژەکەش تەنها تۆ شک دەبەم، حەججاج کە ئەوەی بیست هەستا و ئیتر نەهاتەوە بۆ لای ئەسماء..[1]

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر هێندە پەرستشی دەکرد کە کتێبەکانی مێژوو دەیان گێڕانەوەیان لە بارەی پەرستشیەوە تۆمار کردووە کە چۆن لەناو هاوەڵان و موسڵمانان‌دا بە زۆری پەرستش ناوبانگی هەبووە، رۆژووگرتن و شەونوێژەکانی بە نموونەی زۆر دەگمەن باسکراون.[2]

٣١١٣. عەبدوڵای کوڕی زیبعەری(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زیبعەری کوڕی قەیسی قورەیشی سەهمیە، دایکی ناوی عاتیکەی کچی عەبدوڵایە، عەبدوڵا سەرەتا دوژمنێکی سەرسەخت و نەیاری موسڵمانان بوو، بەڵام لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[3]

کە پێغەمبەر(ﷺ) فەتحی مەککەی کرد و چوویە مەککە، عەبدوڵای کوڕی زیبعەری هاودەم بە هوبەیرەی کوڕی وەهب رایانکرد، هەردووکیان چوون بۆ نەجران، لەوێ وتیان: چی بووە؟ ئەوانیش وتیان: موحەممەد هاتە مەککەو پێمان وایە بەرەو ئێرەش بێت، ئەوانیش کەوتنە پتەوکردنی قەڵاکەیان، ئینجا حەسسانی شاعیری پێغەمبەر(ﷺ) شیعرێکی نووسی بۆ عەبدوڵای کوڕی زیبعەری، کە عەبدوڵا شیعرەکەی بیست خۆی ئامادە کرد تا بگەڕێتەوە بۆ مەککە، هوبەیرە پێی وت: ئامۆزا بۆ کوێ؟ وتی دەچم بۆ لای موحەممەد، وتی: دەتەوێت شوێنی بکەویت؟ وتی: ئەرێ بەخوا، هوبەیرە وتی: خۆزگە لەگەڵ

---

[1] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب ذكر كذاب ثقيف ومبيرها، الرقم ٢٥٤٥.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٣٤.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٨٧

کەسێکی تر دەهاتم، عەبدوڵا وتی: جا بۆچی لەگەڵ ئەمانە بمێنمەوەو ئامۆزای خۆم و چاکترین کەس-موحەممەد- جێبهێڵم؟! بۆیە عەبدوڵا گەڕایەوەو چوو بەرەو لای پێغەمبەر(ﷺ) کاتێک لەناو هاوەڵانیدا دانیشتبوو، کە پێغەمبەر(ﷺ) عەبدوڵای بینی فەرمووی:(ئەوە کوڕی زیبعەریەو دەموچاوێکی پێوەیە کە رووناکی ئیسلامی تێدایە)، کە عەبدوڵا هات، وتی: سەلامت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێک نیە جگە لە خوا و تۆیش بەندەو نێردراوی خوایت، سوپاس بۆ خوا کە رێنموونی کردم بۆ ئیسلام، من زۆر دژایەتی تۆم کرد و بە سواری ئەسپ و وشتر و بە پیادە هاتم بۆ دژایەتی تۆ، دواتر لە دەستت رامکرد بۆ نەجران و هەرگیز نیازی موسڵمان بوونم نەبوو، دواتر خوا خێری بۆ من ویست و خۆشەویستی ئیسلامی خستە دڵمەوە، بیرم کردەوە چۆن لە گومڕاییدا بووم و شوێن دارو بەرد پەرستنێ کەوتم کە سوودی بۆ هیچ کەسێکی ژیر نەبوو، ئەو بتانە نەیاندەزانی کێ دەیانپەرستێ و کێ نایانپەرستێ، پێغەمبەر(ﷺ) بە عەبدوڵای فەرموو (سوپاس بۆ خوایەک کە رێنموونی کردیت بۆ ئیسلام، سوپاسی خوا دەکەم کە ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوە).[1]

٢١١٤. عەبدوڵای کوڕی سائیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سائیبی کوڕی صەیفی مەخزوومیە، یەکێک بوو لە قورئان خوێنان.[2]

عەبدوڵا چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە:

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە مەککە بەرنوێژی بۆ کردین بە سوورەتی موئمینون دەستی پێکرد.[3]

---

[1] الجزء المتمم لطبقات ابن سعد، الرقم ١٦٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٠٢-١٠٣.

[3] صحيح مسلم - كتاب الصلاة - باب القراءة في الصبح، الرقم ٤٥٥.

هەروەها دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە فەتحی مەککەدا نوێژی کرد و نەعلەکانی لە لای چەپیەوە دانابوو.[١]

عەبدوڵا تا سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژیاو لەو سەردەمەدا لە مەککە وەفاتی کرد و ئیبن عەبباس نوێژی لەسەر کرد.[٢]

٢١١٥. عەبدوڵای کوڕی سائیبی قوڕەیشی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سائیبی کوڕی عوبەیدی قوڕەیشیەو هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بووە.[٣]

٢١١٦. عەبدوڵای کوڕی سەرجیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەرجیسی موزەنیە، عەبدوڵا دەڵێت: جارێک کابرایەک بۆ نوێژی بەیانی هاتە مزگەوت و لە کەنارێکی مزگەوتەوە دوو رکات نوێژی کرد، دواتر لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی دووبارە کردەوە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) سەلامی دایەوە، فەرمووی: (يَا فُلاَنُ، بِأَيِّ الصَّلاَتَيْنِ اعْتَدَدْتَ ؟ أَبِصَلاَتِكَ وَحْدَكَ ؟ أَمْ بِصَلاَتِكَ مَعَنَا) (ئەی فلانە کەس، چاوەڕێی پاداشتی کام نوێژیان بوویت؟ بە نوێژی تەنهایی خۆت؟ یان بە نوێژەکەت لەگەڵ ئێمە؟).[٤]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینیوەو نان و گۆشتم لەگەڵ خواردووە، جا کەسێک وتی: ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوای لێخۆشبوونی بۆ کردیت؟ عەبدوڵا وتی: بەڵێ، هەروەها وتی: مۆری پێغەمبەرایەتی نێو دوو شانیم بینیوە.[٥]

---

[١] صحيح ابن خزيمة - كتاب الصلاة - جماع أبواب الصلاة على البسط - باب وضع المصلي نعليه عن يساره إذا خلعهما، الرقم ١٠١٤.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٠٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٠٤.

[٤] صحيح مسلم - كتاب صلاة المسافرين وقصرها - باب كراهة الشروع في نافلة بعد شروع المؤذن، الرقم ٧١٢.

[٥] صحيح مسلم - كتاب الفضائل - باب إثبات خاتم النبوة وصفته ومحله من جسده(ﷺ)، الرقم ٢٣٤٦.

٢١١٧. عەبدوڵای کوڕی سەعد(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوری سەعدی کوڕی جابیرە، ئەمنەی خوشکی عوثمانی کوڕی عەففانی بەهاوسەر گرت و کوڕێکی لێی بوو بە ناوی موحەممەد.[١]

٢١١٨. عەبدوڵای کوڕی سەعدی عامیری(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرحی قورەیشی عامیریە، باوکی یەکێک بوو لە نەیارانی ئیسلام، خودی عەبدوڵاش هەر وابوو تا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.

پێغەمبەر(ﷺ) لە فەتحی مەککەدا لێخۆشبوونی بۆ هەندێ کەس بە ڕەوا دانەنا، یەکێک لەوانە عەبدوڵای کوڕی سەعد بوو کە دەبوو لە هەر کوێ بینرا بکوژرێت، عەبدوڵایش چوو لای عوثمانی کوڕی عەففان خۆی شاردەوە، عوثمان ئەوی هێنا بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەیعەت لە عەبدوڵا وەربگرە، پێغەمبەر(ﷺ) سەری بەرز کردەوەو سێ جار تەماشای کرد و هەر جارە ئامادە نەبوو بەیعەتی لێ وەربگرێت، دواتر بەیعەتی لێ وەرگرت، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو (ئەرێ پیاوماقووڵێکتان-ژیرێکتان- تێدا نەبوو کە منی بینی بەیعەتی لێ وەرناگرم هەستێت بیکوژێت؟) هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە چووزانین نیازی دڵی تۆ چیە؟ با بە چاو ئاماژەیەکت بکردایە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بۆ پێغەمبەرێک شیاو نیە چاوی ناپاکی هەبێت).[٢]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١-٧.

[٢] سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب قتل الأسير ولا يعرض عليه الإسلام، الرقم ٢٦٧٨ و ٤٣٥٩؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المحاربة - الحكم في المرتد، الرقم ٣٥١٧، المستدرک على الصحيحين - كتاب المغازي والسرايا - استجارة عبد الله بن أبي سرح عند عثمان وشفاعته عند النبي، الرقم ٤٣٨٥، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

عەبدوڵا تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی ئەودا والی میصر بوو، عەبدوڵا سەرکردەی فتووحاتی ئەفریقیا بوو، بەڵام لەکاتی فیتنەکەدا چوو بۆ عەسقەلان و لەوێ نیشتەجێ بوو و دواتر بەیعەتی بە کەس نەدا تا لە ساڵی سی و شەشی کۆچیدا وەفاتی کرد، گێڕانەوەیەکیش دەڵێت: بەڵکو لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد و لە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە ساڵی پەنجاو نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد.[١]

٢١١٩. عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی سوفیان(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی سوفیانی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد تا لە کاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر(ﷺ)لە تەبووکەوە کۆچی دوایی کرد.[٢]

٢١٢٠. عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەسلەمی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەسلەمیە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[٣]

٢١٢١. عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەوسی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی خەیثەمەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، عەبدوڵا یەکێک بوو لە بەشداربوانی حودەیبیەو لە بەیعەتی ریضواندا بەشداری کرد.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١١٠.
[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٦٥.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١١٢.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٠٨.

رایەک دەڵێت: لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت: تا سەرەتای دەسەڵاتی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان ژیا.[1]

٢١٢٢. عەبدوڵای کوڕی سەلام(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەلامی کوڕی حارثەو لە نەوەی پێغەمبەر یووسفە(سەلامی خوای لەسەر بێت)، ئەم هاوەڵە سەرەتا ناوی حوصەین بوو، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا، عەبدوڵا سەرەتا جوولەکە بوو و لە بەنوقەینوقاع بوو.[2]

رایەک دەڵێت: عەبدوڵا دوو ساڵ پێش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمان بوو، بەڵام ذەهەبی دەڵێت: ئەم قسەیە هەڵەیە و عەبدوڵا لە کاتی کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە موسڵمان بووە،[3] قسەکەشی راستە، وەک لەم گێڕانەوەدا دەردەکەوێت:

کاتێک عەبدوڵای کوڕی سەلام بیستی پێغەمبەر(ﷺ) هاتووە بۆ مەدینە، چوو بۆ لای و وتی: من سەبارەت بە سێ شت پرسیارت لێ دەکەم کە تەنها پێغەمبەران دەیزانن، یەکەم: یەکەم نیشانەکانی رۆژی دوایی چین؟ دووەم: یەکەم خواردنی بەهەشتیەکان چیە؟ سێیەم: منداڵ لە چیەوە دەچێتەوە سەر باوکی و لە چیەوە دەچێتەوە سەر خاڵوانی؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پێشتر جیبریل هەواڵی ئەوانەی پێدام، عەبدوڵا وتی: جیبریل فریشتەیەکی دوژمنی جوولەکەیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(أما أول أشراط الساعة فنار تحشر الناس من المشرق إلى المغرب، وأما أول طعام يأكله أهل الجنة فزيادة كبد حوت، وأما الشبه في الولد: فإن الرجل إذا غشي المرأة فسبقها ماؤه كان الشبه له، وإذا سبق ماؤها كان الشبه لها)، (یەکەم نیشانەکانی رۆژی دوایی ئەوەیە کە ئاگرێک دەبێت خەڵکی لە رۆژهەڵاتەوە

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٠٨.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١١٨.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤١٤.

بۆ رۆژئاوا کۆدەکاتەوە، یەکەم خواردنی بەهەشتیەکانیش زیادەی جگەری حووتە، ئەوەی منداڵ لە کێ دەچێت، ئەگەر پیاو لەگەڵ ئافرەت سەرجێی کرد و ئاوی پیاوەکە پێش ئاوی ئافرەتەکە کەوت، ئەوە لە پیاوەکە دەچێت، ئەگەریش ئاوی ئافرەتەکە پێش ئاوی پیاوەکە کەوت ئەوە لێکچوونەکەی بۆ-خاڵوانی-ئافرەتەکەیە)، عەبدوڵا وتی: شایەتی دەدەم تۆ پێغەمبەری خوایت، پاشان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) جوولەکە خەڵکانێکن زۆر بوختان دەکەن، ئەگەر پێش ئەوەی پرسیاریان لێ بکەیت بە موسڵمانبوونی منیان زانیبێت ئەوە بوختانم بۆ دەکەن، ئەوەبوو جوولەکە هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و عەبدوڵا چوویە ژوورەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: عەبدوڵای کوڕی سەلام لەنێوتاندا چ جۆرە پیاوێکە؟ ئەوانیش وتیان: زاناترین و کوڕی زاناترین و چاکترین و کوڕی چاکترینمانە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر بینیتان عەبدوڵا موسڵمان بوو؟) ئەوانیش وتیان: خوا بیپارێزێت لە شتی وا، عەبدوڵا هاتە دەرەوە بۆ لایان و وتی: شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێک نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش نێردراوی خوایە، خێرا جوولەکەکان کەوتنە قسە پێ وتنی و وتیان: خراپترین کەس و کوڕی خراپترینمانە.[1]

عەبدوڵا لەلایەن پێغەمبەری خواوە(ﷺ) شایەتی ئیسلامەتی و چوونە بەهەشتی بۆ درابوو.

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت: نەمدیوە پێغەمبەر(ﷺ) بەهیچ کەسێک بڵێت ئەو کەسە بەهەشتیەو ئەو کەسەش بەسەر زەویدا رێ بکات- واتە زیندوو بێت گە لە عەبدوڵای کوڕی سەلام.[2]

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٢٢٣٩؛ صحيح البخاري - كتاب أحاديث الأنبياء - باب قول الله تعالى وإذ قال ربك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة، الرقم ٣٢٢٩؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - عبد الله بن سلام(ﷺ)، الرقم ٨١٩٧.

[2] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب مناقب عبد الله بن سلام(ﷺ)، الرقم ٣٨١٢؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل عبد الله بن سلام(ﷺ)، الرقم ٢٤٨٣؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - عبد الله بن سلام(ﷺ)، الرقم ٨١٩٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ)

قەیسی کوڕی عوباد دەڵێت: جارێک لە مزگەوتی مەدینە دانیشتبووم کە کابرایەک هاتە مزگەوت شوێنەواری خشوع بەنێوچاوانیەوە دیار بوو، وتیان: ئەوە کابرایەکی بەهەشتیە، دوو رکات نوێژی کورتی کرد، ئینجا چوویە دەرەوە، منیش کەوتمە شوێنی، وتم: تۆ کە هاتیتە مزگەوتەکەوە، خەڵکەکە وتیان: تۆ بەهەشتیت، ئەویش وتی: بەخوا شیاو نیە کەسێک شتێک بڵێت کە نایزانێت، سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) خەوێکم بینی و خەوەکەم بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) خەوەکەی بۆ لێکدامەوەو دواتر فەرمووی: (فَأَنْتَ عَلَى الْإِسْلَامِ حَتَّى تَمُوتَ) (تۆ تا دەمریت لەسەر ئیسلامەتی دەبیت).[1]

عەبدوڵای کوڕی سەلام یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی ناو هاوەڵان، موعاذی کوڕی جەبەل رێنمایی خوێندکارەکەی دەکرد زانست لە چوار کەس وەربگرێت، عەبدوڵای کوڕی مەسعوود و عەبدوڵای کوڕی سەلام و سەلمانی فارسی و ئەبوودەرداء.[2]

عەبدوڵا یەکێک بوو لە بەشداربوانی فەتحی نەهاوەند،[3] هەروەها لە فەتحی بەیتولمەقدیسیشدا بەشدار بوو.[4]

کاتێک فیتنەی سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففان روویدا، عەبدوڵا چوو بۆ لای عوثمان و وتی: هاتووم تا پشتیوانیت لێبکەم.[5]

- ذكر إثبات الجنة لعبد الله بن سلام، الرقم ٧١٦٣.

[1] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب مناقب عبد الله بن سلام(ﷺ)، الرقم ٣٨١٣؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل عبد الله بن سلام(ﷺ)، الرقم ٢٤٨٤؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر شهادة المصطفى(ﷺ) بالاستمساك بالعروة الوثقى لعبد الله بن سلام إلى أن مات، الرقم ٧١٦٦.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣٥٢.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٢.

[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤١٤.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١١٩.

عەبدوڵای کوڕی سەلام لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشدا ژیا، کاتێک خەلیفە ویستی بڕوات بۆ عێراق، عەبدوڵا داوای لێکرد نەچێت بۆ عێراق و پێی وت: لای مینبەرەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بمێنەرەوە، چونکە ئەگەر تۆ جێیبهێڵیت، ئیتر هەرگیز نایبینین.(١)

دواجار عەبدوڵای کوڕی سەلام لە ساڵی چل و سێی کۆچی و لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد.(٢)

٢١٢٣. عەبدوڵای کوڕی سەلەمە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەلەمەی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە و کونیەکەی ئەبوومحەممەدە، دایکی ناوی ئونەیسەی کچی عەددیە، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو.(٣)

دوای غەزای ئوحود ئونەیسە چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) عەبدوڵای کوڕم لە ئوحوددا کوژراوەو حەز دەکەم تەرمەکەی نزیک بکەمەوەو بە نزیکی تەرمەکەی ئۆقرەییم بۆ دێت، پێغەمبەریش(ﷺ) مۆڵەتی پێدا، ئەوەیش چوو و تەرمەکەی هێنایەوە.(٤)

٢١٢٤. عەبدوڵای کوڕی سەهل(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەهلی کوڕی زەیدی ئەنصاریە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.(٥)

---

(١) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١١٩.
(٢) سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٠.
(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٢٠.
(٤) معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٧٣٥.
(٥) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٢٣.

٢١٣٥. عەبدوڵای کوڕی سەهلی ئەشهەلی(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەهلی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەرد، لە غەزای خەندەقدا شەهید بوو.[1]

٢١٣٦. عەبدوڵای کوڕی سوراقە(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سوراقەی قورەیشی عەدویە،[2] برایەکی هەبوو بە ناوی عەمر کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، عەمر و عەبدوڵا پێکەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لای ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیر دابەزین.[3]

سەبارەت بە بەشداربوونی لە غەزای بەدردا راجیایی هەیە، بەڵام بۆ بەشداربوونی لە غەزای ئوحوددا گومانێک نەهاتووە، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کردووە.[4]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(پارشێو بکەن با تەنانەت بە ئاویش بێت).[5]

پارشێو کردن لە فەرموودەی تردا فەرمانی پێکراوەو هۆکارەکەشی دیاری کراوە کە بوونی بەرەکەتە لە پارشێودا، وەک پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (تسحروا فإن في السحور بركة)،[6] (پارشێو بکەن چونکە لە پارشێودا بەرەکەت هەیە).

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٧٣.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٥٩.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٤١.
[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٥٩.
[5] معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم ٣٧٢٧.
[6] صحيح البخاري - كتاب الصوم - باب بركة السحور من غير إيجاب، الرقم ١٩٢٣؛ صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب فضل السحور وتأكيد استحبابه واستحباب تأخيره وتعجيل الفطر، الرقم ١٠٩٥.

٢١٢٧. عەبدوڵای کوڕی سوفیانی مەخزوومی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سوفیانی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیە، یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە، لە جەنگی یەرمووکدا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو.[١]

٢١٢٨. عەبدوڵای کوڕی سوفیانی ئەزدی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سوفیانی ئەزدیەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(هەر کەس رۆژێک لەپێناو خوادا رۆژوو بگرێت، ئەوە خوا سەد ساڵ لە دۆزەخ دووری دەگرێت).[٢]

٢١٢٩. عەبدوڵای کوڕی سوهەیل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سوهەیلی کوڕی عەمرەو کونیەکەی ئەبووسوهەیلە، دایکی ناوی فاخیتەی کچی عامیرە، یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە، دواتر لە حەبەشەوە گەڕایەوە بۆ مەککە، لەوێ باوکی ئازاری زۆری دا تا واز لە ئیسلام بهێنێت، عەبدوڵایش وا خۆی نیشان دا کە وازی لە ئیسلام هێناوە، دواتر هاودەم بە بێباوەڕان چوو بۆ جەنگی بەدر، کە گەیشتە ئەوێ رایکرد بۆ ناو سوپای موسڵمانان.[٣]

عەبدوڵا هاودەم بە سوهەیلی باوکی چوو بۆ جەنگی بەدر، باوکیشی هیچ گومانی نەبوو لە پاشگەزبوونەوەی عەبدوڵا، کە سوپای موسڵمانان و بێباوەڕان بەیەک گەیشتن، عەبدوڵا رایکرد بۆ ناو سوپای موسڵمانان و

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١١٥.

[٢] مسند الشاميين للطبراني،الرقم ١٠٢١، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٧٤٠.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٢٣.

چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئەو کات تەمەنی نزیکەی بیست و حەوت ساڵان دەبوو، باوکی لەولاوە تەواو تووڕەو بێزار بوو.[1]

عەبدوڵا لە حودەیبیەشدا بەشداری کرد و یەکێک بوو لە شاهیدەکانی نووسراوی ڕێککەوتنی حودەیبیە.[2]

لە کاتی فەتحی مەککەدا عەبدوڵا پەنای وەرگرت بۆ سوهەیلی باوکی و دواتر باوکیشی موسڵمان بوو.[3]

عەبدوڵا لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، تەمەنی نزیکەی سی و هەشت ساڵان دەبوو.[4]

٢١٣٠. عەبدوڵای کوڕی سیلان(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سیلانە، عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) چاوی بەرەو ئاسمان بەرز کردبوویەوەو دەیفەرموو (سبحان الله يرسل عليهم الفتن إرسال القطر)،[5] (سوبحانەڵا، خوا فیتەیان بەسەردا دەبارێنێت وێنەی بارینی لێزمەی باران).

٢١٣١. عەبدوڵای کوڕی شەریک(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی شەریکی کوڕی ئەنەسە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و هاودەم بە شەریکی باوکی بەشداری غەزاکەی کرد.[6]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٦.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٢٣.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٢٣.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٦.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٢٥ و قال ابن حجر إسناده صحيح.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٢٨.

٢١٣٢. عەبدوڵای کوڕی شیبل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی شیبلی کوڕی عەمرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو یەکێک بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێک بوو لە نەقیبەکان، عەبدوڵا لە بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیاو چوو لە حیمص نیشتەجێ بوو و لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[١]

٢١٣٣. عەبدوڵای کوڕی شیهاب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی شیهابی کوڕی عەبدوڵایە، سەرەتا ناوی عەبدولجان بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا، ئەم هاوەڵە یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، جا رایەک دەڵێت: لە حەبەشە مایەوە، رایەکیش دەڵێت: گەڕایەوە مەککەو پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە هەر لە مەککە کۆچی دوایی کرد.[٢]

٢١٣٤. عەبدوڵای کوڕی صەعصەعە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی صەعصەعەی کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد و لە جەنگی جیسردا شەهید بوو.[٣]

٢١٣٥. عەبدوڵای کوڕی صەیفی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی صەیفی کوڕی وەبرەیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[٤]

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٧٨.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٣٠.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٣٢.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٣٤.

٢١٣٦. عەبدوڵای کوڕی ضەمرە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ضەمرەی بەجلیە، عەبدوڵا دەڵێت: جارێک لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووم کە دەستەیەک لە هاوەڵانی هاتن و زۆربەیان یەمەنی بوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(کەمێکی تر لەم لایەوە چاکترینی یەمەن دێت بۆ لاتان)، خەڵکەکە دەستیان کرد بە گریان و هەر کام حەزی دەکرد کەسی خۆی بێت، ئەوەبوو جەریری کوڕی عەبدوڵای بەجلی دەرکەوت.[١]

٢١٣٧. عەبدوڵای کوڕی طاریق(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی طاریقی کوڕی عەمری بەلویەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٢]

٢١٣٨. عەبدوڵای کوڕی عەبباس(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی قورێشی هاشمیە، کونیەکەی ئەبولعەبباسەو ئامۆزای پێغەمبەری خوا(ﷺ)[٣] و یەکێک لە زانایانی ناو هاوەڵانە.[٤]

باوکی:

عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی قورەیشی هاشمیە، مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و کونیەکەی ئەبولفەضلە، دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی

---

[١] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٧٦٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٣٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٤١.

[٤] خوێنەری ئازیز، ئەم هاوەڵە یەکێکە لە دیارترین هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) و گەورە موفەسیر و زانای فەرموودە و کەسێتی گەورەو دیاری سەردەمی خۆی بووە، بۆیە بۆ نووسینەوە ژیانی بە سەدان لاپەرەش هێشتا مافی تەواوی نادات، ئێمە لێرەدا تەنها کورتەیەکمان لە ژیانەکەی هێناوەو دەتوانیت بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ژیانەکەی، بگەڕێیتەوە بۆ ئەو نووسینانەی تایبەت بە ژیانی نووسراون.

پێغەمبەر(ﷺ) لەدایک بوو،[1] رایەکیش دەڵێت: بەڵکو سێ ساڵ لە پێغەمبەر(ﷺ) گەورەتر بوو.[2] لە پیتی (ع) دا ژیانی عەبباسمان باسکردووە.

دایکی:

دایکی ناوی ئوممولفەضلەو زیاتر بەو کونیەی ناسراوە، هاودەم بە عەبباسی مێردی موسڵمان بوو و ئیمانەکەی شاردەوەو فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو فەزڵ و پلەوپایەی گەورەی لای پێغەمبەر(ﷺ) هەبوو، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.[3]

براو خوشکەکانی:

برایەکی هەبوو بە ناوی فەضل کە موسڵمان بوو و دواتر بە تاعوون لە شام وەفاتی کرد، عوبەیدوڵای برای کەسێکی دەوڵەمەند بوو، عەبدورەحمانیان کە لە شام مرد، قثم کە زۆر لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو و دواتر بۆ جیهاد چوو بۆ خوراسان و لە سەمەرقەند وەفاتی کرد، میعبەد کە دواتر لە ئەفریقیا شەهید بوو، ئوممو حەبیبە، کەثیر کە زانایەکی گەورە بوو، تەممام، صەفییە، ئومەیمە، حارث.[4]

ژن و منداڵەکانی:

کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبباس کە کوڕە گەورەی بوو و لوبابەی گەورە دایکی بوو.[5]

لەدایکبوونی:

عەبدوڵای کوڕی عەبباس لە شیوی بەنی هاشم لەدایک بوو، لەدایکبوونەکەشی سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بوو بۆ مەدینە،[6] واتە دە ساڵ پاش پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، ئەوکات هێشتا گەمارۆی

---

(1) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٣١.

(2) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٥.

(3) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٢٧٦.

(4) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٦.

(5) أسد الغابة، ج٣، ص ٢٩٥.

(6) سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٣٢.

سـەر هاشـمیەکان لانەبرابوو،[1] واتە لە گەرمەی ئابڵووقەی قورەیشـیەکان بۆ سـەر پێغەمبـەر(ﷺ) و موسـڵمانان لەدایک بوو.

ئیبـن عەببـاس لـە مەککـە لـە نزیـک دایـک و باوکیـەوە گـەورە بـوو، هـەر لـەوێ مایەوە تـا لـە فەتحی مەککەوە چوویـە خزمـەت پێغەمبەر(ﷺ) و مـاوەی (٣٠) سـی مانـگ لـە خزمـەت پێغەمبـەردا(ﷺ) بـوو.[2]

بـەڵام موسڵمانبوونی ئیبن عەببـاس پێشتر بوو، ئەمەش بـە چەند بەڵگەیەک، لەوانـە: ئیبـن عەببـاس دەڵێت: مـن و دایکـم لـە کەسـە بێدەسـەڵاتەکانی مەککە بووین، مـن لـە منداڵان بووم و دایکیشـم لـە ئافرەتـان بـوو.[3]

ئەبوورافیعی خزمەتکاری عەببـاس دەڵێت: من خزمەتکاری عەبباسـی کوڕی عەبدولموتەلیب بـووم و مـن موسـڵمان بووبـووم، ئوممولفەضلی ژنـی عەببـاس و خـودی عەبباسـیش موسـڵمان بووبـوون، بـەڵام عەببـاس موسـڵمانبوونەکەی خۆی دەشـاردەوە.[4]

جـا موسـڵمانبوونی دایـک و باوکـی عەبـدوڵا، بەڵگەیەکـی روونـە کـە ئـەو بانگەوازەشـیان گەیانـدووە بـە منداڵەکانیـان.

ئیبن عەبباس لە پاش فەتحی مەککە

ئیبـن عەببـاس دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) منـی گوشـی بـە خۆیـدا و فەرمـووی: (اللَّهُمَّ عَلِّمْهُ الْكِتَابَ) (خوایـە شـارەزای بکـە لـە قورئـان)،[5] لـە گێڕانەوەیەکـی تـردا هاتـووە دەڵێـت: فەرمـووی: (اللَّهُمَّ عَلِّمْهُ الْحِكْمَةَ) (خوایـە دانایـی فێـر بکـە).[6]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٣٥.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٣٢.

[3] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب إذا أسلم الصبي فمات هل يصلى عليه، الرقم ١٣٥٧.

[4] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث أبي رافع(ﷺ)، الرقم ٢٤٣٨٧، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[5] صحيح البخاري - كتاب العلم - باب قول النبي(ﷺ) اللهم علمه الكتاب، الرقم ٧٥.

[6] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب ذكر ابن عباس(ﷺ)، الرقم ٣٧٥٦؛ جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب عبد الله بن العباس(ﷺ)، الرقم ٣٨٢٤.

ئیبن عەبباس دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) چوو دەست بەئاو بگەیەنێت، منیش ئاوم بۆ برد، دواتر کە هاتە دەرەوە، فەرمووی: کێ ئەوەی دانا؟ پێی وترا من بوم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(اللهم فقهه في الدين)،[1] (خوایە تێگەیشتووی بکەیت لە ئاییندا)، لە گێڕانەوەیەکی تردا هەروەها فەرمووی: (خوایە فێری تەئویلی بکە).[2]

جارێک ڕەبیعە هاودەم بە عەبباسی مامی پێکەوە قسەیان دەکرد، وتیان: خۆزگە ئەم دوو کوڕەی خۆمان دەنارد، واتە (عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عەبدولموطەلیبی کوڕی ڕەبیعە) بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتەی بسپاردایە بەوان، ئیتر خەڵکی چی دەستکەوتایە ئەوانیش دەستیان دەکەوت و خەڵکی چی ببەخشیایە ئەوانیش دەیانبەخشی لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوو طالیب هات و ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، عەلی وتی: شتی وا مەکەن چونکە سوێند بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە ناکات، بەڵام ڕەبیعە کەناری گرت لێی و پێی وت: بەخوا لە حەسوودیتەوەیە وا دەڵێیت، تۆ بوویت بە زاوای پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە حەسوودیمان پێ نەبردیت، عەلی وتی: دەی بیاننێرن، ئینجا عەلی ڕاکشا، ئەوەبوو ئەو دوانە چوون، دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد عەبباس و هاوڕێکەی چوون بۆ ژوورەکەی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوەی لە ناختاندایە دەریبڕن)، ئەوکات پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی زەینەبی کچی جەحش بوو، عەبدولموطەلیب دەڵێت: هەریەکەمان چاوەڕێ بووین ئەوی ترمان قسە

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الوضوء - باب وضع الماء عند الخلاء، الرقم ١٤٣؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر وصف الفقه والحكمة اللذين دعا المصطفى(ﷺ) لابن عباس بهما، الرقم ٧٠٥٥.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند بني هاشم(ﷺ) - مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب(ﷺ) عن النبي(ﷺ)، الرقم ٣٠٩٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر وصف الفقه والحكمة اللذين دعا المصطفى(ﷺ) لابن عباس بهما، الرقم ٧٠٥٥، صححه الذهبي، صححه أحمد شاكر، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم ٢٥٨٩.

بکات، دواجار یەکێکمان قسەی کرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ چاکترین و خزم دۆستترین کەسیت، بیستوومانە هاوسەرگیریت کردووە، جا هاتوین تا هەندێ لە کۆکردنەوەی زەکات بسپێریتە دەستمان، ئیتر ئێمەش وەک ئەو خەڵکە ماف و ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنین، پێغەمبەر(ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و لەولاشەوە زەینەبی خێزانی بە ئاماژەی چاو پێی دەوتین هیچی پێ مەڵێنەوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد إنما هي اوساخ الناس)،[1] (زەکات بۆ بنەماڵەی موحەممەد رەوا نیە، بەڵکو زەکات پاشماوەی چڵکی دەستی خەڵکە).

ئیبن عەبباس دەڵێت: شەوێک لە ماڵی مەیموونەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) مامەوە کە پوورم بوو، راکشام و پێغەمبەریش(ﷺ) راکشا، لە نیوەی شەودا لە خەو هەستاو بە دەستەکانی خەوی لە چاوانی دەتۆراند، دواتر دە ئایەتی کۆتای سورەتی ئالی عیمرانی خوێند، دواتر هەستاو دەستنوێژی گرت و دەستی کرد بە نوێژ کردن، منیش چەشنی ئەوم کرد، دواتر لە کەناریەوە وەستام، دەستی راستی خستە سەر سەرم و بە دەستی گوێی راستی گرتم و دەیپرواند، دوانزە رکات نوێژی کرد، دواتر یەک رکاتی کرد، دواتر راکشا تا بانگبێژ هات، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) هەستا و دوو رکاتی کورت نوێژی کرد، ئینجا نوێژی بەیانی کرد.[2]

ئیبن عەبباس دەڵێت: جارێک لەگەڵ باوکم لای پێغەمبەر(ﷺ) بووین، کابرایەک لای پێغەمبەر(ﷺ) بوو کە پێکەوە قسەیان دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) پشتی کردبوو لە باوکم، لەلای چووینە دەرەوەو باوکم پێی وتم: کوڕی شیرینم بینیت ئامۆزاکەت چۆن پشتی تێکردبووم؟ منیش وتم: باوکە گیان، ئەو کابرایەکی لابوو پێکەوە قسەیان دەکرد، ئەوەبوو گەڕاینەوە بۆ

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب ترك استعمال آل النبي على الصدقة، الرقم ١٠٧٢.

[2] صحيح البخاري - كتاب العمل في الصلاة - باب استعانة اليد في الصلاة إذا كان من أمر الصلاة، الرقم ١١٩٨؛ صحيح مسلم - كتاب صلاة المسافرين وقصرها - باب الدعاء في صلاة الليل وقيامه، الرقم ٧٦٣.

لای پێغەمبەر(ﷺ)، باوکم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاواو ئاوام وت: بە عەبدوڵا و ئەویش پێی وتم: کە تۆ کەسێکت لا بووەو قسەی لەگەڵ کردویت، مەگەر تۆ کەست لابوو؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی عەبدوڵا ئایا تۆ ئەوت بینی؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: (فَإِنَّ ذَاكَ جِبْرِيلُ، وَهُوَ الَّذِي شَغَلَنِي عَنْكَ) (دەی ئەوە جیبریل بوو، بەهۆی ئەوەوە ئاگاداری تۆ نەبووم).[١]

ئیبن عەبباس دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت و ئازارەکەی زیادی کرد، فەرمووی:(پەڕەیەکم بۆ بهێنن تا نووسراوێکتان بۆ بنووسم تا دوای ئەوە گومڕا نەبن)، عومەری کوڕی خەططاب وتی: پێغەمبەر(ﷺ) ئازار زۆری بۆ هێناوە، هاوکات کتێبی خوا لەنێوماندایە بەسمانە، ئیتر قسەو مشتومڕ لەنێو هاوەڵاندا زۆر بوو تا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(قوموا عني ولا ينبغي عندي التنازع)،[٢] (لەلام هەستن و بڕۆن، شیاو نیە لای مندا ناکۆکی هەبێت)، ئیبن عەبباس کە ئەم فەرموودەی دەگێڕایەوە دەیوت: ڕۆژی پێنج شەممە بوو، ئینجا دەستی کرد بە گریان و زۆر گریا.[٣]

ئیبن عەبباس دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی نەخۆشیەکەیدا بە پارچە قوماشێک سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی:(إنه ليس من الناس أحد أمن علي في نفسه وماله من أبي بكر بن أبي قحافة، ولو كنت متخذا من الناس خليلا لاتخذت أبا بكر خليلا، ولكن خلة الإسلام أفضل، سدوا عني كل خوخة في هذا المسجد، غير خوخة أبي بكر)،[٤] (کەس نیە بەهۆی گیان و

---

[١] مسند أحمد بن حنبل - مسند بني هاشم(ﭫ) - مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب(ﭫ) عن النبي(ﷺ)، الرقم ٢٧٢٣؛ المعجم الكبير للطبراني - باب العين - من اسمه عبد الله - أحاديث عبد الله بن العباس بن عبد المطلب - ومن مناقب عبد الله بن عباس وأخباره، الرقم ١٠٥٨٤، صححه أحمد شاكر، صححه شعيب الأرناؤوط.

[٢] صحيح البخاري - كتاب العلم - باب كتابة العلم، الرقم ١١٤.

[٣] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب هل يستشفع إلى أهل الذمة ومعاملتهم، الرقم ٣٠٥٣؛ صحيح مسلم - كتاب الوصية - باب ترك الوصية لمن ليس له شيء يوصي فيه، الرقم ١٦٣٧.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب الخوخة والممر في المسجد، الرقم ٤٦٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - فضل أبي بكر الصديق(رضي الله عنه)، الرقم ٨٠٤٨.

سـامانیەوە منەتبـاری بـم جگـە لـە ئەبووبەکـری کـوڕی قوحافـە، ئەگـەر مـن دۆسـتی زۆر نزیکـم لەنێـو خەڵکدا بگرتایـە، بـە دڵنیایـەوە ئەبووبەکـر دەبـوو، بـەڵام هاودەمـی ئیسـلام باشـترە، لـەم مزگەوتـەدا چـی خێمـە هەیـە بەروومـدا دایخـەن جگـە لـە خێمەکـەی ئەبووبەکـر).

عومـەری کـوڕی خـەططاب لـە مـاوەی خیلافەتـی خۆیدا ئیبـن عەبباسـی زۆر لـە خـۆی نزیـک رادەگـرت و زۆر راوێـژی پێدەکـرد و رای ئـەوی زۆر لا گرنـگ بـوو، ئەوەبـوو جارێـک هەنـدێ لـە کۆچـەران گلەیـان لێکـرد کـە بۆچـی ئیبـن عەببـاس لـەوان زیاتـر لـە خـۆی نزیـک دەکاتـەوە، عومـەری کـوڕی خـەططابیش وتـی: ئەمـڕۆ نیشـانتان دەدەم بۆچـی وا دەکـەم، ئەوەبـوو سـەبارەت بـە تەفسـیری ئایەتێـک پرسـیاری کـرد لـەوان، وەڵامێکیـان دایـەوە، پرسـیارەکە سـەبارەت بـە سـوورەتی (إذا جـاء نصـر اللـه) بـوو، ئەوانیـش وتیـان: خـوا فەرمانـی کردووە بـە پێغەمبـەر(ﷺ) کـە بینـی خەڵـک دەسـتە دەسـتە دێنـە نـاو ئایینـی خـوا، سوپاسـی خـوا بـکات و داوای لێخۆشـبوونی لـێ بـکات، ئینجـا عومـەر وتـی: ئیبـن عەببـاس تـۆ قسـە بکـە، ئەویـش وتـی: خـوا بـەو سـوورەتە بـە پێغەمبـەری خـوای(ﷺ) گەیاند کـە کاتـی مردنیەتـی و بـا ئیتـر سوپاسـی خـوا بـکات و داوای لێخۆشـبوونی لـێ بـکات.[1]

ئیبـن عەببـاس لـە سـەردەمی هەریـەک لـە عومـەری کـوڕی خـەططاب و عوثمانـی کـوڕی عەففانیشـدا فەتـوای دەدا بـۆ خەڵـک.[2]

ئیبـن عەببـاس لـە نـاو سـوپاکەی عەبدوڵای کـوڕی سـەعددا بەشـداری فتووحاتـی ئەفریقیـای کـرد.[3]

خەڵکـی مەدینـە داوایـان کـرد ئیبـن عەببـاس سەرپەرشـتی حەجیـان بـکات، ئەویـش چـوو بـۆ لای خەلیفـە عوثمانـی کـوڕی عەففـان و خەلیفەش رایسـپارد

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٤٣.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٩٩.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٣٦.

بۆ ئەو کارە، تا ئیبن عەبباس چوو حەجەکەی کرد و هاتەوە، دەبینێت خەلیفە کوژراوە.[1]

ئیبن عەبباس لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

کاتێک عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە خەلیفە، ئیبن عەبباسی کرد بە والی شام و وتی: بڕۆ بۆ ئەوێ، بەڵام ئیبن عەبباس ڕازی نەبوو و وتی: ئەگەر موعاویە نەمکوژێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەندم دەکات، پاشان بە عەلی وت: موعاویە بکە بە کاربەدەستی خۆت و دواتر لایبەرە، بەڵام عەلی بەو ڕایەی ئیبن عەبباس ڕازی نەبوو.[2]

ئیبن عەبباس هەوادار و پاڵپشتی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو، هەروەها لە جەنگی جەمەلدا بەشداری کرد، ئیبن عەبباس دەڵێت: لە جەنگی جەمەلدا بە زوبەیرم وت: ئەرێ هاتویت لەگەڵ کوڕی عەبدولموتەلیبدا بجەنگیت؟ ئیتر زوبەیر گەڕایەوە، کەچی ئیبن جرمووز خۆی گەیاند پێی و کوشتی، دواتر ئیبن عەبباس هات و پرسیاری کرد لە عەلی ئەرێ بکوژەکەی زوبەیر سەرەنجامی بەرەو کوێیە؟ عەلی وتی: دۆزەخ.

لە پاش جەنگی جەمەل خەلیفە ئیبن عەبباسی کرد بە والی بەصرە تا کاتی جەنگی صفین هات، ئەوکات ئیبن عەبباس چوو بەشداری تێدا کرد و بەشی ڕاستی سوپاکەی عەلی بە دەست ئەوەوە بو، دوای جەنگەکەش سەرلەنوێ بوویەوە بە والی بەصرە.[3]

هەروەها ئیبن عەبباس لە جەنگی خەواریجەکانیشدا بەشداری کرد و پاڵپشتێکی گەورەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو.[4]

کاتێک ئیبن عەبباس لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا ئەمیری بەصرە بوو، ئەبوو ئەیووب چوو بۆ ئەوێ و چوو بۆ لای، ئیبن

---

[1] سير أعلام النبلاء، ٣، ص ٣٤٩.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٥٣.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٥٣.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٩٩.

عەبباسیش زۆر ڕێزی لێنا و وتی: بە دڵنیاییەوە دەبێت پاداشتی ئەو ڕێزگرتنەت بدەمەوە کە بەرامبەر بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەنجامت دا، بۆیە چی شتێک لەناو ماڵەکەیدا هەبوو دای بە ئەبوو ئەیووب.[1]

ئیبن عەبباس ڕا زانستیەکانی خۆی بەرامبەر بە هەڵوێستەکانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەخستەڕوو و هەندێ هەڵەشی بۆ ڕاست دەکردەوە، عەلیش ڕاکانی ئەوی بە هەند وەردەگرت.[2]

ئیبن عەبباس لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا

پاش وەفاتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب، موعاویە یەزیدی نارد بۆ لای ئیبن عەبباس بۆ سەرەخۆشی لە وەفاتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب، دواتر ئیبن عەبباس چوو بۆ لای موعاویە، موعاویەش ڕێزێکی زۆری گرت و سەبارەت بە مەرگی عەلیش سەرەخۆشی لێکرد و ئەوپەڕی خەمباری خۆی بۆ نواند، ئیبن عەبباسیش سوپاسی هەڵوێستەکەی کرد.[3]

ئیبن عەبباس لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕێز و خۆشەویستیەکی زۆری هەبوو، جارێک موعاویە چوو بۆ حەج وئیبن عەبباسیشی لەگەڵ بوو، کە خەڵکەکە زانییان ئیبن عەبباسی لێیە، نیوەی جەماوەر لە کاروانی ئیبن عەبباسدا بوون و نیوەی تریان لە کاروانی موعاویەدا بوون، چونکە خەڵکەکە دەیانویست زانست لە ئیبن عەبباس وەربگرن.[4]

جارێک ئیبن عەبباس ڕەشۆی وڵاخەکەی زەیدی گرت، زەید وتی: کەنار بگرە ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەویش وتی: ئێمە بەرامبەر زاناو گەورەکانمان وادەکەین.[5]

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٠٤.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٠٠.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٠٠.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٥١.
[5] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٧.

ئیبن عەبباس لە سەردەمی موعاویەدا لە بەصرە بوو، ئەبووئەییووبی ئەنصاری چوو بۆ لای و سکاڵای قەرزاری خۆی کرد، ئیبن عەبباس وتی: ئەوەی تۆ کردت بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، من لەگەڵ تۆ دەیکەم، ئەوەبوو ماڵەکەی خۆی چۆڵکرد بۆ ئەبووئەییووب و دوو هێندەی قەرزەکەی پارەی پێدا تا قەرزەکەشی بداتەوەو هێندەشی بۆ بمێنێتەوە.[1]

ئیبن عەبباس لە کاتی ئەسپەردەکردنی زەیدی کوڕی ثابتدا وتی: ئاوایە مەرگی زانایان، ئەمڕۆ زانستێکی زۆر ژێر گڵ نرا.[2]

لە کاتی ئەسپەردەکردنی زەیدی کوڕی ثابتدا ئەبووهورەیرە وتی: ئەمڕۆ مەرەکەبی ئەم ئوممەتە(زانای ئوممەت) مرد بەڵکو خوای گەورە ئیبن عەبباس بکاتە جێگرەوەی.[3]

کاتێک موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ویستی بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وەربگرێت تا دوای خۆی شوێنی بگرێتەوە، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەیعەتی نەدا، هەریەک لە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەر و حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش بەیعەتیان نەدا،[4] بەڵام موعاویە بە نابەدڵی بەیعەتی وەرگرت لێیان، بەڵام دواتر کە موعاویە مرد حوسەین و عەبدوڵا بەیعەتیان نەدا بە یەزید.[5]

هەڵوێستی ئیبن عەبباس لە شۆڕشەکەی حوسەینی کوڕی عەلیدا

کاتێک موعاویە مرد و یەزید نامەی نارد بۆ وەلیدی کوڕی عوقبە کە والی مەدینە بوو، تا بەیعەتی بۆ وەربگرێت، وەلید ناردی بە شوێن حوسەینی کوڕی عەلی و ئیبن زوبەیردا، هێشتا شەو بوو، داوای کرد لە هەردووکیان بەیعەت بدەن بە یەزید، ئەوانیش وتیان: با ڕۆژ بێتەوە بزانین

---

(1) سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٥٢.
(2) سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٤٠.
(3) أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٣.
(4) البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٧٩.
(5) سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩١-٢٩٢.

خەڵکی چی دەکەن، هەر ئەو شەوە لە مەدینە دەرچوون بەرەو مەککە، کە گەیشتنە ئەویّ حوسەین لە ماڵی عەبباس دابەزی، ئیبن عەبباس بەردەوام ڕێگری دەکرد لە چوونی حوسەین بۆ عێراق و دەیوت: کاری وا نەکەیت.[1]

حوسەین هەر کە چوو بۆ لای ئیبن عەبباس سەبارەت بەو کارەی راوێژی پێکرد، لە وەڵامدا ئیبن عەبباس رای وابوو کاری وا نەکات چونکە مەرگی ئەوی لێدەکەویتەوە، بەڵام حوسەین پێی وت: مەرگم لا خۆشترە لەوەی بەو بارە رازی بم.[2]

ئینجا ئیبن عەبباس پێی وت: کوڕی فاطیمە بۆ کویّ دەچیت؟ وتی: دەچم بۆ عێراق بۆ لای هەوادارنم، ئەویش وتی: پێم خۆش نیە ئەم دەموچاوەی تۆ بچێت بۆ لای خەڵکێک کە باوکتیان کوشت، ئینجا زۆر قسەی بۆ کرد.[3]

پێی وت: ئەگەر ئەو خەڵکەی کە داوایان لێکردویت بچیت بۆ لایان ئەمیرەکەی ئێستایان کوشتووەو باری وڵاتیان ڕێکخستووەو دوژمنیان دەرکردووە ئەوە بڕۆ بۆ لایان، بەڵام ئەگەر لە کاتێکدا بانگت دەکەن کە هێشتا ئەمیرەکەیان ماوەو کاربەدەستانی سەرقاڵی سامان وەرگرتنن لە خەڵکی وڵاتەکە، ئەوە تەنها تۆ بۆ جەنگ بانگ دەکەن و منیش هیچ دڵنیا نیم لەوەی لەخشتەت نەبەن و لە قسەت دەرنەچن و پشتت بەرنەددەن و لە دژت نەجەنگن و ببنە سەرسەختترین دوژمن بۆت، حوسەینیش وتی: نوێژی ئیستیخارە دەکەم بزانم چۆن دەبێت.[4]

ئیبن عەبباس هەر خۆی پێ ڕانەگیرا و بۆ بەیانیەکەی هاتەوە بۆ لای وتی: ئامۆزا گیان زۆر خۆم ڕاگرت بەڵام خۆم پێ ڕاناگیرێت و ئارامم بڕاوە، من زۆر دەترسم بەم کارەت لەناو بچیت، چونکە خەڵکی عێراق ناپاکن، لێیان نزیک مەبەرەوەو لەم خاکەدا بمێنەرەوە، تۆ سەییدی خەڵکی

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩٥.
[2] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩٢.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩٦.
[4] الكامل في التاريخ، ج٣، ص ٣٩٩.

حیجازیت، ئەگەر خەڵکی عێراق راست دەکەن تۆیان دەوێت نامەیان بۆ بنێرە داوا بکە تا بەرپرسەکەیان دووربخەنەوەو دواتر برۆ بۆ لایان، ئەگەر ئەوەش ناکەیت دەی برۆ بۆ یەمەن چونکە لەوێ قەڵا و شیوی لێیەو خاکێکی فراوان و گەورەیە و هەوادارانێکی باوکیشت لەوێن و دووریت لەو خەڵکەو لەوێوە پەیام و بانگخوازانت بڵاو بکەرەوە، پێم وایە ئەمەت بۆ باشترە، بەڵام حوسەین وتی: ئامۆزا گیان دەزانم تۆ دڵت بۆم دەسووتێت و ئامۆژگاریم دەکەیت، بەڵام من خۆم پێچاوەتەوەو یەکلا بوومەتەوە کە بچم، ئیبن عەبباس وتی: دەی هەر دەڕۆیت ژن و منداڵەکانت مەبە، دەترسم وەک چۆن عوثمان کوژرا تۆش ئاوا لەناو ژن و مناڵەکانتا بکوژرێیت و ئەوانیش تەماشا بکەن.(١)

ئیبن عەبباس لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا

پاش مردنی یەزید و هاتنی موعاویەی کوڕی کە پیاوێکی خواناس بوو و کەم ژیاو وەفاتی کرد و کەسی لە دوای خۆی دیاری نەکرد، ئیتر بۆشاییەک لە دەسەڵاتدا دروست بوو، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ عەبدوڵای کوڕی زوبەیر تا بەیعەتی پێ بدرێت و ببێتە خەلیفە، گرنگتر لە هەمووی موعاویەی کوڕی یەزید پێش مەرگی خۆی بەیعەتی بۆ هیچ کەس وەرنەگرت.(٢)

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە مەککەوە خیلافەتی راگەیاند و موسڵمانان کەوتنە بەیعەتدان پێی، چەند کەسێک لەو نێوەندەدا بەیعەتیان پێ نەدا، عەبدوڵا ئومەویەکانی لە حیجاز دەرپەڕاند و هەموانیان بەرەو شام رایانکرد.(٣)

ئەوانەی بەیعەتیان پێ نەدا بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵای کوڕی عەبباس و ئیبنولحەنەفیە.(٤)

---

(١) الكامل في التاريخ، ج٣، ص ٤٠٠-٤٠١.

(٢) البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٨.

(٣) البداية والنهاية لابن كثير، ج٩، ص ٦٣.

(٤) البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٩.

هەریەک لە ئیبن عەبباس و ئیبنولحەنەفیە بە ژن و منداڵ و کەسانیانەوە چوون بۆ مەککەو لەوێ مانەوە، ئیبن زوبەیر داوای کرد بەیعەت بدەن، ئەوانیش وتیان: بەیعەتت پێ نادەین و خۆت سەرقاڵی کاری خۆت بە، هاوکات نە دژایەتی تۆ دەکەین و نە دژایەتی بەرامبەرت دەکەین، بەڵام ئیبن زوبەیر زۆری دەکرد لێیان تا بەیعەت بدەن، کار گەیشتە ئەوەی دەیوت: بەخوا یان دەبێت بەیعەت بدەن، یان دەتانسووتێنم.[1]

دوای ئەوەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژمارەیەک لە هاشمیەکانی بەند کردبوو و بە هەوڵی موختار ئازاد کران، لەنێویاندا عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش هەبوو، ئەوەبوو پاش ماوەیەک عەبدوڵا کۆچی دوایی کرد و بەیعەتی هیچ کەسی لە گەردن نەبوو.[2]

عەبدوڵا لە ڕێی کۆچی هاشمیەکاندا لە ناوچەی طائیف کۆچی دوایی کرد، ئەمەش لە ساڵی شەست و حەوت یان شەست و هەشتی کۆچیدا بوو،[3] ئەوکاتیش تەمەنی لە سەروو حەفتا ساڵانەوە بوو، رای راستتر ئەوەیە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵ دەبوو، ئیبنولحەنەفیە نوێژی لەسەر ئیبن عەبباس کرد.[4]

ئیبن عەبباس کەسێکی بەخۆ و کەڵەگەت بوو، زۆر کەشخە بوو، خەنەی بەکاردەهێنا، جلی جوانی دەپۆشی و زۆر بۆنی خۆشی بەکاردەهێنا، ڕەنگی سپی بوو.[5]

عەبدوڵای کوڕی عەبباس زۆر ڕێزی هاوەڵانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) لابوو، ئەوانیش زۆر ڕێزیان لێدەگرت.

ئیبن عەبباس دەڵێت: جار هەبوو بۆ یەک بابەت پرسیارم لە (٣٠) هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد.[6]

---

(١) سير أعلام النبلاء، ٣، ص ٣٥٦.
(٢) البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٠٦.
(٣) سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٥٨-٣٥٩.
(٤) البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٠٦.
(٥) البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٠٦.
(٦) سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٤٤ و قال الذهبي إسناده صحيح.

کاتێک ئیبن عەبباسی گەورە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، رافیع زۆر پێی کاریگەر بوو، دەیوت: ئەمڕۆ کەسێک مرد کە رۆژهەڵات و رۆژئاوا پێویستیان بە زانستەکەی بوو.[1]

موجاهید دەڵێت: ئێمە لای خەڵک شانازیمان دەکرد بە چوار کەسەوە، بە فیقهناسەکەمانەوە ئیبن عەبباس،...[2]

ئیبن عومەر دەیوت: ئیبن عەبباس حیبری ئەم ئوممەتەیە،[3] ئیبنولحەنەفیەش هەمان شتی دووبارە دەکردەوە.[4]

عومەری کوڕی خەططاب بە ئیبن عەبباسی دەوت: بەراستی تۆ زانستێک فێر بویت کە ئێمە نایزانین.[5]

ئیبن عەبباس دەیوت: هەر ناخۆشیەکم لە برایەکی موسڵمانم بەدی بکردایە، یەکێک لەم سێ ئەگەرانەم بۆ دادەنا، ئەگەر لە سەروو خۆمەوە بوایە، ئەوە پلەو پایەکەیم لەبەرچاو دەگرت، ئەگەر هاوتای خۆم بوایە، زیاتر گەورەم رادەگرت، ئەگەریش لە خواروی خۆمەوە بوایە گوێم پێ نەدەدا، ئەوە رێی ژیانی منە، کێ حەزی پێ ناکات، ئەوە زەوی خوا فراوانە.[6]

٢١٣٩. عەبدوڵای کوڕی عەبدمەناف(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدمەنافی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانەو کونیەکەی ئەبوویەحیایە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[7]

[1] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٢، ص ٣٧٢.
[2] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٥، ص٤٤٥.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٣٩.
[4] المستدرك على الصحيحين.
[5] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٤٥.
[6] البداية والنهاية لابن كثير، ج٩، ص ٣١٦.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤،ص ١٦١.

٢١٤٠. عەبدوڵای کوڕی عەبدنەهم(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدنەهمی کوڕی عەفیفی موزەنیە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو و پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدولا.[١]

ئەم هاوەڵە ناسراوە بە ذولبیجادەتەین، چونکە منداڵێکی هەتیو بوو لە ماڵی مامی دەمایەوە و مامی زۆر چاک بوو لەگەڵی، جا کاتێک مامی بیستی عەبدولا موسڵمان بووە، چی پێ بەخشیبوو هەمووی لێسەندەوە، تەنانەت جلو بەرگەکەشی لێسەندەوە، بۆیە عەبدولا چوو بۆ لای دایکی و ئەویش پارچە قوماشێکی بۆ کرد بە دوو بەشەوە، بۆ بەیانی کە عەبدولا چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (تۆ عەبدوڵای خاوەن دوو بیجادەکەی -پارچە قوماش-).[٢]

سەلەمەی کوڕی ذەکوان دەڵێت: من شەوێک پاسەوانی پێغەمبەری خوام(ﷺ) دەکرد کە دەچوو بۆ دەست بەئاوگەیاندن، لە رێدا دای بە لای کابرایەکدا کە نوێژی دەکرد و دەنگی بەرز دەکردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(لەوانەیە بۆ رووپامایی بێت)، پاش ماوەیەک شەوێکی تر کە پاسەوانیم دەکرد و هەمدی پێغەمبەر(ﷺ) هاتە دەرەوە، بینی من پاسەوانی دەکەم، دەستی گرتم و چووین، دامان بە لای کابرایەکدا کە لە مزگەوت نوێژی دەکرد و دەنگیشی بەرز کردبوویەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەوانەیە بۆ رووپامایی وا دەنگ بەرز بکاتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخێر، بەڵکو ئەوە دەنگی ئاە و کروزانەوەیەتی، منیش چووم تەماشام کرد عەبدولا ذولبیجادەتەینە.[٣]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦٢.

[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٠٠٥.

عەبدوڵا لە غەزای تەبووکدا بەشداری کرد و تیایدا وەفاتی کرد، مردنیشی لە شەودا بوو، بەو شەوە لە کەناری سەربازگەکەوە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر گۆڕیان بۆ ئامادە کرد و پێغەمبەر(ﷺ) چوویە ناو گۆڕەکەی و ئەسپەردە کرا، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) نزای بۆ کرد و فەرمووی: خوایە من ئەم ئێوارە بە ڕەزامەندی ئەوم بینی، دەی تۆیش لێی ڕازی بە.[١]

٢١٤١. عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، باوکی سەرکردەی دووڕووەکان بوو لە مەدینە، عەبدوڵا لە هاوەڵە زۆر چاک و ناسراوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، سەرەتا ناوی وباب بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بەعەبدوڵا.[٢]

پێش جەنگی ئوحود حەنظەلەی کوڕی ئەبی عامیر و عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای ئوبەی کوڕی سەلوول-کە ژنبرای حەنظەلە بوو- هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، داوایان لێکرد مۆڵەتیان بدات تا باوکی خۆیان بکوژن، حەنظەلە لەبەرئەوەی بینی باوکی بەرەی دژ بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) گرتووەتەبەر و شمشێری لەدژ هەڵکردووە، عەبدوڵاش لەبەر ئەوەی بینی باوکی بووەتە ڕێبەری دوورووان و دژ بە پێغەمبەر(ﷺ) خەبات دەکات، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ڕێی نەدا بە هیچکامیان.[٣]

ئەم دوو هاوەڵە خۆشەویستەی پێغەمبەر(ﷺ) کە بریتین لە حەنظەلەی کوڕی ئەبی عامیرو عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بە تەواوی واتا فەرمانی خوایان بەجێگەیاند لە هەڵبژاردەکەیاندا، ئایا خواو پێغەمبەر و ڕێبازەکەی هەڵدەبژێریت یان باوک و کەسوکارێک کە دژایەتی پەیامی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦٢.
[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٠٢.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ١٣٧.

خوا دەکەن (قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ)،[1] (ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: ئەگەر باوكانتان و كوڕانتان و برايانتان و هاوسەرانتان و خزم و عەشرەتان و ماڵ و دارایی یەک (بە زەحمەت) پەیداتان كردووە و بازرگانیەک كە دەترسن برەوی نەبێ (بێ بازاڕبێ) و خانوو بەرەیەک كە پێ ی ڕازین خۆشەویست ترە لاتان لە خواو پێغەمبەرەكەی و تێكۆشان لە ڕێگەكەیدا ئەوە چاوەڕوان بكەن هەتا خوا فەرمان (و تۆڵە) ی خۆی دێنێ (بۆتان) وە خوا ڕێنموونی كەسانی تێپەڕ لە سنوور ناكات).

عەبدوڵا لە هەریەک لە غەزاكانی بەدرو ئوحود و هەموو غەزاكانی دواتریشدا بەشداری كرد.[2]

زەید دەڵێت: لە غەزایەكدا بەشداربووم، جا گوێم لە عەبدوڵای كوڕی ئوبەی بوو-سەركردەی مونافیقەكان- دەیوت: دەستگرۆی ئەوانەی دەوری پێغەمبەر مەبن تا دەوری چۆڵ بێت، ئەگەر بگەڕێینەوە مەدینە شكۆدار سەرشۆڕی تێدا دەردەكات، منیش چووم ئەوەم گێڕایەوە بۆ مامم-یان بۆ عومەر-، ئەویش لای پێغەمبەر(ﷺ) باسی كرد، پێغەمبەر(ﷺ) منی بانگ كرد و منیش بەسەرهاتەكەم بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێن عەبدوڵای كوڕی ئوبەی و هاوەڵانیدا، كە هاتن سوێندیان خوارد شتی وایان نەوتووە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) بڕوای بە قسەكەی ئەو كرد، ئیتر من تووشی دڵتەنگیەک بووم خەفەتی وام نەدیبوو، لە ماڵەوە بۆ خۆم دانیشتم، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ (١) اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێنمدا، منیش چووم بۆ

[1] التوبة: ٢٤.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٠٢.

لای، فەرمووی: (إِنَّ اللهَ قَدْ صَدَّقَكَ يَا زَيْدُ) (ئەی زەید خوای گەورە قسەکەی بە راست دانایت).[1]

جا عەبدوڵای کوڕی چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەسەرهاتەکەی باوکمم بیستووە، جا ئەگەر نیازی شتێکت هەیە، خۆم بنێرە تا سەری بهێنم بۆت، خەزرەجیەکان دەزانن کەس نیە هێندەی من لەگەڵ باوکی خۆی چاک بێت، جا دەترسم فەرمان بکەیت کەسێکی تر بیکوژێت و منیش خۆم نەگرم و بچم لەبری بێباوەڕێکدا باوەڕدارێک بکوژمەوەو بەوەش بچمە دۆزەخەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بل نحسن صحبته ونترفق به ما صحبنا) (بەڵکو تا لەگەڵمان بمێنێتەوە لەگەڵی نەرمونیان دەبین و بە چاکی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەین).[2]

کاتێک عەبدوڵای کوڕی ئوبەی سەرکردەی دووڕووەکان مرد، عەبدوڵای کوڕی هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) جلەکەی خۆتم پێ بدە تا بیکەم بە کفن بۆ باوکمو نوێژیش لەسەر تەرمەکەی بکە، پێغەمبەر(ﷺ) جلەکەی خۆی پێدا، ئینجا کە ویستی نوێژ لەسەر تەرمەکەی بکات، عومەر پێغەمبەری خوای(ﷺ) گرت و وتی: مەگەر خوا ڕێگری لێنەکردویت نوێژ نەکەیت لەسەر دووڕوان؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: با، من لە نێوان دوو بژاردەدام (استغفر لهم أو لا تستغفر لهم إن تستغفر لهم سبعين مرة فلن يغفر الله لهم) بۆیە نوێژی لەسەر کرد، ئەوەبوو ئایەتی خوا دابەزی(ولا تصل على أحد منهم مات أبدا، ولا تقم على قبره).[3]

عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی یەکێک بوو لە نووسەرانی خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة المنافقين - باب: قوله إذا جاءک المنافقون قالوا نشهد إنک لرسول الله إلى لكاذبون، الرقم ٤٩٠٠.

[2] دلائل النبوة للبيهقي، باب هبوب الريح التي دلت رسوال الله عليه، الرقم ١٤٠٨.

[3] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب الكفن في القميص الذي يكف أو لا يكف، الرقم ١٢٦٩؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل عمر(ﷺ)، الرقم ٢٤٠٠.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٥٥.

عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵا دوای ئەوەش ژیا و پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد دژ بە موسەیلەمەی درۆزن و لەو جەنگەدا شەهید بوو.[1]

٢١٤٢. عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای مەخزوومی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەی مەخزوومیە، هاودەم بە باوکی موسڵمان بوو و لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) تەمەنی منداڵ بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی عەبدوڵا تەنها هەشت ساڵان بوو، عەبدوڵا فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[2]

٢١٤٣. عەبدوڵای کوڕی عەبدولمەلیک(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدولمەلیکەو زیاتر بە ئابی لەحم ناسراوەو لە بەرگی یەکەمدا لە ناوی ئابی لەحمدا ژیانەکەیمان باسکردووە.

٢١٤٤. عەبدوڵای کوڕی عەبدولمدان(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدولمدانەو وەک ئەندامێکی وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، سەرەتا ناوی عەبدولحەجەر بوو و پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا، دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) کە خەڵکێکی زۆر وازیان هێنا لە ئیسلام، عەبدوڵا لەناو هۆزەکەیدا خەڵکی هان دەدا تا لەسەر ئیسلامەتی بمێننەوەو ڕێگری دەکرد لە هەڵگەڕانەوە، لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا کۆچی دوایی کرد.[3]

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٠٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٥٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦٠.

٣١٤٥. عەبدوڵای کوڕی عەبدولئەسەد(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدولئەسەدی کوڕی هیلالی مەخزوومیە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان، دەوترێت یانزەهەم کەس بووە موسڵمان بووە، پوورزای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و برای شیری پێغەمبەرە(ﷺ)، دایکی ناوی بەڕەی کچی عەبدولموطەلیبە، کونیەکەی ئەبووسەلەمەیەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە.[1]

حەلیمە پێش ئەوەی دایەنی پێغەمبەر(ﷺ) بکات و شیردەری بێت، شیری داوە بە حەمزەی مامی پێغەمبەر(ﷺ) و دوای ئەوەش شیری داوە بە ئەبوو سەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومی.[2]

عەبدوڵا یەکێک بوو لە کۆچەرانی حەبەشەو لە هەردوو کۆچی حەبەشدا بەشداری کرد،[3] دەوترێت یەکەم کەس بوو کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتریش گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێش کۆچی کرد بۆ مەدینەو یەکەم کەس بووکۆچی کرد بۆ مەدینە،[4] لە کۆچەکانیشیدا ئوموسەلەمەی خێزانیشی لەگەڵ خۆی برد.[5]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان سەعدی کوڕی خەیثەمە و ئەبووسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدەوە.[6]

عەبدوڵا یەکێکە لەبەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کردو لە ئوحوددا بریندار بوو،[7] نزیکەی مانگێک برینپێچی ئەو

(١) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص١٥٢-١٥٣.
(٢) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ١٠٨.
(٣) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٨٧.
(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٥٤.
(٥) أسد الغابة، ج٣، ص ٣٠٠.
(٦) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨١.
(٧) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٥٤.

برینـەی دەكرا تـا دواتـر بـاش بـوو،[١] پـاش ئـەوە پێغەمبـەر(ﷺ) لـە مانگـی صەفەردا ئەبووسـەلەمەی كرد بە ئەمیری سریەیەك بۆ سـەر بەنـی ئەسـەد، كاتێك لەو سریەیە گەڕایەوە برینەكەی جەنگی ئوحودی تەقی و لە مانگی جومادیلئاخیرەدا بەو هۆیەوە وەفاتی كرد.[٢]

هەروەها كاتێك پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ غەزای عوشەیرە، ئەبوسەلەمەی كرد بە بەرپرسی مەدینە تا دەگەڕێتەوە.[٣]

ئوممو سەلەمەی خێزانی ئەبووسەلەمە كە دواتر شووی كرد بە پێغەمبەر(ﷺ)، بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ ئەبووسەلەمە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: جارێك بە ئەبووسەلەمەم وت: بیستوومە ئافرەت كە مێردەكەی مرد و لە دەستەی بەهەشتیەكان بوو و ئافرەتەكەش بەهەشتی بوو و شووی نەكردەوە، خوا لە بەهەشتدا كۆیان دەكاتەوە، بۆ پیاویش هەروا، دەی وەرە با من بەڵێنت پێ بدەم دوای تۆ شوو نەكەم و تۆیش دوای من ژن نەهێنیت، ئەبووسەلەمە وتی: گوێڕایەڵم دەبیت؟ منیش وتم: فەرمان بكە تا گوێڕایەڵت بم، عەبدوڵا وتی: ئەگەر من مردم شوو بكە، دواتر وتی: خوایە دوای من پیاوێكی باشتر ببەخشە بە ئوممو سەلەمە كە دڵتەنگ و نارەحەتی نەكات، ئەوەبوو كە ئەبووسەلەمە مرد، پێغەمبەر(ﷺ) داوای ئوممو سەلەمەی كرد.[٤]

عەبدوڵا كوڕێكی هەبوو بە ناوی سەلەمە كە دوای وەفاتی خۆی، كاتێك ئوممو سەلەمەی خێزانی شووی كرد بە پێغەمبەر(ﷺ)، سەلەمە لە ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) گەورە بوو و مایەوە، پێغەمبەر(ﷺ)ئومامەی كچی حەمزەی مارە كرد لە سەلەمە، ئەوكات هەردووكیان تازەپێگەیشتووبوون.[٥]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٨٧

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٥٤.

[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٠٠.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٨٨

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص١٤٩.

٢١٤٦. عەبدوڵای کوڕی عەتیک(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی کوشتنی ئیبن ئەبیلحوقەیقی جوولەکە، عەبدوڵا لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد وتیایدا شەهید بوو.[١]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاری دا عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحوقەیقی جوولەکە بکوژرێت، دەستەیەک لە پشتیوانانی بۆ ئەو کارە نارد و عەبدوڵای کوڕی عەتیکی کرد بە ئەمیریان، کاتێک چوون بۆ ئەوێ، عەبدوڵا بە هاوەڵەکانی وت: لە شوێنی خۆتان دابنیشن، من دەڕۆم و خۆم لای کابرای دەرگاوان شیرین دەکەم بەڵکو بچمە ژوورەوە، ئەوەبو چوو تا نزیک بوویەوە لە دەرگاکە، دواتر جلەکەی دا بەسەر خۆیدا وەک ئەوەی بڵێیت دەست بە ئاو دەگەیەنێت، خەڵکی دەچوونە ژوورەوە، دەرگاوانەکە پێی وت: ئەی عەبدوڵا ئەگەر دەتەوێت بێیتە ژوورەوە وەرە چونکە دەمەوێت دەرگاکە دابخەم، عەبدوڵا دەڵێت: چوومە ژوورەوەو خۆم حەشاردا، کە دەرگاکە داخرا و کلیلەکان هەڵواسران، چووم کلیلەکانم برد و دەرگاکەم کردەوە، کاتێک خەڵکەکە جێیانهێشت، چوومە سەرەوە بۆی، هەر دەرگایەکم دەکردەوە، لەودیوەوە دامدەخست، وتم: با خەڵکەکە ئەگەریش زانییان فریام نەکەون تا تەواو بیکوژم، کە گەیشتمە لای دەبینم لە ژوورێکی زۆر تاریکدایە لەناو ژن و منداڵیدا، نەمدەزانی کامیان ئەوە، بۆیە وتم: ئەی ئەبوورافیع، ئەویش وتی: ئەوە کێیە؟ منیش چووم بەرەو لای دەنگەکەو بە شمشێرەکەم لێمدا، هاواری لێ هەستا، منیش لە ژوورەکە چوومە دەرەوەو زۆر دوور نەکەوتمەوەو گەڕامەوە بۆ لای و وتم: ئەی ئەبوورافیع ئەوە چی بووە؟ وتی: دایکت ڕۆڵەڕۆت بۆ بکات کەسێک لە ژوورەوە بوو بە شمشێر لێیدام، زانیم هێشتا نەیکوشتووە، بۆیە لا تیژەکەی شمشێرەکەم خستە سەر سکی و فشارم خستە سەر تا دڵنیا بووم لەوەی

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٣١٢.

کوشتوومە، ئینجا یەک یەک دەرگاکانم دەکردەوە تا گەیشتمە لای پەیژەیەک و قاچم دانا لەسەری، وامزانی گەیشتوومەتە خوار، کەچی کەوتم، قاچم شکا و بە مێزەرەکەی سەرم بەستم، دواتر چووم لەبەر دەرگا دانیشتم و وتم: نارۆم تا دڵنیا نەبم لەوەی کوشتوومە، قووقەی کەڵەشێر هات و کەسێک هاواری دەکرد ئەبوورافیع کوژرا، ئیتر گەڕامەوە بۆ لای هاوەڵەکانم و وتم: تەواو بوو، خوا ئەبوورافیعی لەناوبرد، ئینجا گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، فەرمووی: قاچت راکێشە، قاچم راکێشا، دەستی بەسەردا هێنا، ئیتر دەتوت هیچی بەسەر نەهاتووە.[1]

٢١٤٧. عەبدوڵای کوڕی عەددی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەددیەو لە پشتیوانانە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[2]

٢١٤٨. عەبدوڵای کوڕی عەددی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەددی کوڕی حەمرائی قورەیشیە، کونیەکەی ئەبووعومەر یان ئەبووعەمرە، لەو هاوەڵانەیە کە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، عەبدوڵا فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[3]

٢١٤٩. عەبدوڵای کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی بوجرەی قورەیشی عەدویە، یەکێکە لە موسڵمانبووانی فەتحی مەککەو و دواتر لە جەنگی یەمامەدا دژ بە موسەیلەمەی درۆزن بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب قتل أبي رافع عبد الله بن أبي الحقيق، الرقم ٤٠٣٩.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٧٨.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٧٧.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٨٨.

٢١٥٠. عەبدوڵای کوڕی عەمری ثەعلەبی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری ثەعلەبیە، کاربەدەستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو لەسەر هۆزەکەی خۆی و چەندێکی تر.[١]

٢١٥١. عەبدوڵای کوڕی عەمری خەزرەجی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرامە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە.[٢]

عەبدوڵا ژنێکی هەبوو بە ناوی ئەنیسەی کچی عەنمەی کوڕی عەددی کە کوڕێکی لێی بوو بە ناوی جابیر کە ئەویش هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[٣]

عەبدوڵا کە یەکێک بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەی دووەم هاودەم بە خۆی جابیری کوڕیشی برد.[٤]

جابیر دەڵێت: جارێک باوکم فەرمانی کرد خواردنی (خەزیزە) ئامادە کرا، ئینجا بە مندا ناردی بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، منیش بردم بۆی و پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی خۆی بوو، فەرمووی: (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) وتم: نا بەڵکو خواردنی (خەزیزە)یە، ئەویش فەرمانی کرد و خواردنەکەیان لەدەست گرتم، کاتێک گەڕامەوە بۆ لای باوکم وتی: ئایا پێغەمبەری خوات(ﷺ) بینی؟ وتم: بەڵێ، وتی: ئایا هیچی وت؟ وتم: بەڵێ فەرمووی: (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) باوکم وتی: لەوانەیە پێغەمبەر(ﷺ) تاسەی گۆشتی کردبێت، چوو گیسکێکی سەربڕی و چاک برژێنرا، ئینجا پێی وتم: بیبە

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩١.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٨٩.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٦١.
[٤] أسد الغابة، ج١، ص ٣٧٧.

بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، منیش کە گەیشتمە لای پێغەمبەر(ﷺ) هەر لەو شوێنەی خۆی بوو، فەرمووی: (ئەوە چیە ئەی جابیر) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەڕامەوە بۆ لای باوکم و تی ئایا پێغەمبەری خوات(ﷺ) بینی؟ وتم: بەڵێ، وتی: ئایا هیچی فەرمووی؟ وتم: بەڵێ وای فەرمووی، باوکیشم وتی: لەوانەیە پێغەمبەر(ﷺ) تاسەی گۆشتی کردبێت، بۆیە چوو گێسکێکی سەربڕی و چاک برژێنرا، ئینجا پێی وتم: بیبە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (جزى الله الأنصار عنا خيرا، ولا سيما عبدالله بن عمرو بن حرام وسعد بن عبادة)،[1] (خوای گەورە لە بری ئێمە پاداشتی خێری پشتیوانان بداتەوە بەتایبەت عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام و سەعدی کوڕی عوبادە).

کاتێک بڕیار بوو غەزای ئوحود ڕووبدات، عەبدوڵا جابیری کوڕی بانگ کرد و وتی: -کوڕم- هیوام وایە سبەینێ یەکەم کەس بم بپێکرێم، جا وەسیەتت بۆ دەکەم لەگەڵ کچەکانی عەبدوڵا-خوشکەکانت- باش بە، جابیر دەڵێت: ئەوەبوو بەیانی باوکم کوژرا و دوو دوو تەرمەکان دەخرانە یەک گۆڕەوە، باوکیشم لەگەڵ کەسێکی تر خرایە یەک گۆڕەوە، شەش مانگ وابوو، دواتر دڵم ئۆقرەی نەگرت تا بڕیارم دا بە جیا لەیەک گۆڕدا بیخەمە ژێر خاک، تەرمەکەیم دەرهێنایەوە، بینیم خۆڵ و زەویەکە هیچی بە جەستەی نەکردبوو تەنها تۆزێکی نەرمایی گوێی نەبێت.[2]

عەبدوڵای باوکی جابیر لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و لەو غەزایەشدا شەهید بوو، دواتریش کە تەرمەکان خرانە ژێر خاک هەریەک لە عەبدوڵای کوڕی عەمر و عەمری کوڕی جەمووح خرانە یەک گۆڕەوە.[3]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عبد الله بن عمرو بن حرام أبو جابر رضوان الله عليه، الرقم ٧٠٢٠؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الأطعمة - أطيب اللحم لحم الظهر، الرقم ٧١٩١، صححه و وافقه الذهبي، صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم ٤٦١.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٦٣.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٤٤.

جابیر دەڵێت: تەرمی باوکم شێوێنرابوو، تەرمەکەی هێنرا و لەبەردەم پێغەمبەری خوا(ﷺ) دانرا و بە جلێکیش داپۆشرابوو.[1]

جابیر دەڵێت: کاتێک تەرمی باوکم دانرابوو پۆشاکەکەی سەر دەموچاویم لادەبرد و سەیرم دەکرد و دەگریام، هاوەڵانی پێغەمبەریش(ﷺ) ڕێگرییان لێدەکردم، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگری لێ نەدەکردم،[2] ویستم هەمتر پۆشاکەکەی سەر دەموچاوی لابەرم بەڵام هاوەڵان نەیانهێشت، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) خۆی لایبرد-یان فەرمانی کرد لابرا- کە دەموچاوی دەرکەوت دەنگی گریانێک بەرزبوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە کێیە؟ وتیان: کچی عەمرە،[3] فاطیمەی کچی عەمری پوورم لەسەر تەرمی باوکم دەگریا، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (تبكين أو لا تبكين ما زالت الملائكة تظله بأجنحتها حتى رفعتموه)،[4] (بگریت بۆی یان نەگریت بەردەوام فریشتەکان بە باڵەکانیان سێبەری بۆ دەکەن تا تەرمەکەی هەڵدەگرن).

عەبدوڵا یەکێک بوو لە شەهیدانی غەزای ئوحود، دواتریش لە سەردەمی دەسەڵاتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کە موعاویە جۆگایەکی بەلای گۆڕی شەهیدانی ئوحوددا ڕاکێشا تەرمی عەبدوڵای باوکی جابیر دەرکەوت، ئەوەبوو پاش ماوەیەکی زۆر جابیر سەرلەنوێ جەستەی باوکی خۆی بینی و تەماشای کرد جەستەی هیچ تێکنەچووبوو.[5]

لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا موعاویە فەرمانی کرد جۆگایەک ڕابکێشرێت، ئەوانەی ئیشەکەیان دەکرد نامەیان نووسی بۆ موعاویە کە هەر دەبێت ئەو جۆگەیە بەناو گۆڕستانی ئوحوددا بڕوات، ئەویش نامەی نووسی بۆیان گۆڕەکان هەڵدەنەوە، جابیر دەڵێت: تەرمی شەهیدەکانم دەدی

[1] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب حدثنا علي بن عبد الله، الرقم ١٢٩٣.
[2] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب الدخول على الميت بعد الموت، الرقم ١٢٤٤.
[3] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب حدثنا علي بن عبد الله، الرقم ١٢٩٣.
[4] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب الدخول على الميت بعد الموت، الرقم ١٢٤٤.
[5] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٩٠.

بەسەر شانی ئەو خەڵکەوە بوون دەتوت خەوتون، پاچێک بەر لایەکی قاچی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب کەوت، خوێن لە قاچی هات.[1]

٢١٥٢. عەبدوڵای کوڕی عەمری ساعیدی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[2]

٢١٥٣. عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصی قورەیشی سەهمیە، سەرەتا ناوی عاص بوو، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[3]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصی بینی، فەرمووی: ئەرێ عەبدوڵا وا بیستوومە بە ڕۆژ بەرۆژوویت و بە شەویش شەونوێژ دەکەیت؟ عەبدوڵا وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فَلَا تَفْعَلْ، صُمْ وَأَفْطِرْ، وَقُمْ وَنَمْ، فَإِنَّ لِجَسَدِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِعَيْنِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِزَوْجِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِزَوْرِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ بِحَسْبِكَ أَنْ تَصُومَ كُلَّ شَهْرٍ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، فَإِنَّ لَكَ بِكُلِّ حَسَنَةٍ عَشْرُ أَمْثَالِهَا، فَإِنَّ ذَلِكَ صِيَامُ الدَّهْرِ كُلِّهِ) (وامەکە، ڕۆژوو بگرەو ڕۆژووش بشکێنە و شەونوێژیش بکەو بشخەوە، جەستەت مافی هەیە بەسەرتەوە، چاوت مافی هەیە بەسەرتەوە، هاوسەرت مافی هەیە بەسەرتەوە، میوانت مافی هەیە بەسەرتەوە، هێندە بەسە لە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەرۆژوو بیت چونکە بەوە بۆ هەر چاکەیەک دە بەرامبەرت بۆ هەیە، ئەوە دەبێتە ڕۆژووی هەموو ساڵەکە)، منیش هەر وازم نەهێنا و داوام دەکرد مۆڵەتی زیاترم بدات، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من توانا لەخۆمدا بەدی دەکەم، فەرمووی:

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١١.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩٨.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩٣.

(فَصُمْ صِيَامَ نَبِيِّ اللهِ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ وَلَا تَزِدْ عَلَيْهِ) (دەی وەک ڕۆژوی پێغەمبەری خوا داوود ڕۆژوو بگرە و لەوە زیاتر مەکە) وتم: ڕۆژووی پێغەمبەری خوا داوود چۆن بووە؟ فەرمووی: نیوەی ساڵەکە بەڕۆژوو دەبوو-واتە ڕۆژناڕۆژێک-، عەبدوڵا دواتر کە تەمەنی کرد و پیر بوو و توانای جارانی نەما، وتی: خۆزگە مۆڵەت و کارئاسانیەکەی پێغەمبەری خوام(ﷺ) قبووڵ بکردایە.[1]

عەبدوڵا فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە فەرموودە لە تۆ دەبیستین، جا مۆڵەتمان دەدەیت بیاننووسین؟ فەرمووی: بەڵێ، عەبدوڵا یەکەم کەس بوو نامەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بۆ خەڵکی مەککە نووسیەوە،[2] عەبدوڵا دەڵێت: وتم: ئەوەی لە کاتی خۆشی و لە تووڕەییشدا دەیفەرموویت بینووسمەوە؟ فەرمووی:(نعم، إنه لا ينبغي لي أن أقول إلا حقا)، (بەڵێ، من تەنها وتنی حەقم بۆ شیاوە-تەنها حەق دەڵێت).[3]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده، والمهاجر من هجر ما نهى الله عنه)،[4] (موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە زمان و دەستی پارێزراو بن، کۆچەریش ئەو کەسەیە کە دوور دەگرێت لەوەی خوا دوورەپەرێزی لێکردووە).

عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(أربع من كن فيه كان منافقا خالصا، ومن كانت فيه خصلة منهن كانت فيه خصلة من النفاق حتى يدعه، إذا اؤتمن خان، وإذا حدث كذب، وإذا عاهد غدر، وإذا خاصم فجر)،[5] (چوار سیفەت هەن هەرکەس

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الصوم - باب حق الجسم في الصوم، الرقم ١٩٧٥؛ صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب النهي عن صوم الدهر لمن تضرر به أو فوت به حقا، الرقم ١١٥٩.

[2] السنن الكبرى للنسائي - كتاب العتق - ذكر المكاتب يؤدي بعض كتابته، الرقم ٥٠١٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب العتق - باب الكتابة - ذكر الإخبار عن كيفية الكتابة للمكاتب، الرقم ٤٣٢١، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[3] المستدرک على الصحيحين - كتاب العلم - الأمر بكتابة الحديث، الرقم ٣٥٨.

[4] صحيح البخاري - كتاب الإيمان - باب المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده، الرقم ١٠؛ سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب في الهجرة هل انقطعت، الرقم ٢٤٨١.

[5] صحيح البخاري - كتاب الإيمان - باب علامة المنافق، الرقم ٣٤؛ صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب

تیایدا بێت ئەوە دووڕوویەکی تەواوە، هەرکەسیش سیفەتێک لەوانەی تێدا بێت ئەوە سیفەتێکی دووڕوویی تێدایە تا وازی لێدەهێنێت، ئەگەر سپاردەی درایە لا ناپاکی دەکات، ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، ئەگەر بەڵێنی دا ناپاکی دەکات، ئەگەریش دادوەری کرد ناحەقی بڵێت).

عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (إن الله لا يقبض العلم انتزاعا ينتزعه من العباد، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء، حتى إذا لم يبق عالما اتخذ الناس رءوسا جهالا، فسئلوا فأفتوا بغير علم، فضلوا وأضلوا).[1] (خوای گەورە زانست لە دەست بەندەکانی هەڵناگرێت، بەڵکو وا زانست هەڵدەگرێت کە زانایان دەباتەوە، تا ئەوەی کە زانایان نەمان، خەڵکی بڕێ سەرکردەی نەزان دەگرنەبەر، پرسیاریان لێدەکەن و ئەوانیش بێ زانست فەتوا دەدەن، خۆیان گومڕا دەبن و خەڵکیش گومڕا دەکەن).

سەبارەت بە وەفاتی، رایەک دەڵێت: لە شام و لە ساڵی شەست و پێنجی کۆچی و لە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا وەفاتی کردووە، چەند رایەکیش هاتووە لە میصر یان مەککە یان طائیف کۆچی دوایی کردبێت، سەبارەت بە ساڵی وەفاتی هەریەک لە ساڵی شەست و هەشت یان شەست و نۆی کۆچی هاتووە.[2]

٢١٥٤. عەبدوڵای کوڕی عەمری یەشکوری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری یەشکوری، سەرەتا ناوی ئەعرەس بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[3]

بيان خصال المنافق، الرقم ٥٨؛ جامع الترمذي - أبواب الإيمان عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في علامة المنافق، الرقم ٢٦٣٢.

[1] صحيح البخاري - كتاب العلم - باب كيف يقبض العلم، الرقم ١٠٠؛ صحيح مسلم - كتاب العلم - باب رفع العلم وقبضه وظهور الجهل والفتن في آخر الزمان، الرقم ٢٦٧٣؛ جامع الترمذي - أبواب العلم عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في ذهاب العلم، الرقم ٢٦٥٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩٩.

٢١٥٥. عەبدوڵای کوڕی عەنەمە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەنەمەی موزەنیە و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[١]

٢١٥٦. عەبدوڵای کوڕی عەییاش(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەیاشی کوڕی رەبیعەی قورەیشی مەخزوومیە، باوکی یەکێک بوو لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان، کاتێک باوک و دایکی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، عەبدولا لەوێ لەدایک بوو.[٢]

٢١٥٧. عەبدوڵای کوڕی عجرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عجرەی سولەمیەو شاعیر بووە، سەبارەت بە فەتحی مەککە شیعری هۆنیوتەوەو خۆیشی تیایدا بەشدار بووە.[٣]

٢١٥٨. عەبدوڵای کوڕی عوبەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوبەیسەو لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، دەوترێت لە غەزای بەدردا بەشدار بووە.[٤]

٢١٥٩. عەبدوڵای کوڕی عوتبان(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوتبانەو لە پشتیوانانە، بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و تیایدا شەهید بوو.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٠١.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٠٤-٢٠٥.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٧٦.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦٤.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦٥.

٣١٦٠. عەبدوڵای کوڕی عوثمان (ئەبووبەکری صدیق)(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوثمانی کوڕی عامیری کوڕی عەمری قورەیشی تەیمیە، کونیەکەی ئەبووبەکرەو بە صدیق ناسراوە، نزیکترین و ئازیزترین هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت و یەکەم خەلیفەی راشیدینە،[1] ئەبووبەکر بە هەریەک لە عەتیق و صدیق ناسرابوو.[2]

ئەبووبەکر دوو ساڵ و نیو پاش ساڵی فیل لەدایک بوو.[3]

ئەبووبەکر کەسێکی لەڕی باڵابەرزی سپی پێست بوو، دەموچاوی قەڵەو نەبوو، خەنەوسمەی بەکاردەهێنا.[4]

بنەماڵەکەی

باوکی ناوی عوثمانەو بە ئەبووقوحافە ناسراوە، لە فەتحی مەککەدا ئەبووبەکر باوکی برد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، کە پێغەمبەر(ﷺ) بینی، فەرمووی: با وازت بهێنایە لەو پیرە لە ماڵ خۆی بوایە من دەهاتم بۆ لای، ئەوەبوو ئەبووقوحافە موسڵمان بوو، دواتر لە ساڵی چواردەی کۆچی و لە تەمەنی نەوەدو حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[5]

دایکی ناوی سەلمای کچی صەخری قورەیشیە، زیاتر بە ئوممولخەیر ناسراوە،[6] ئەم ئافرەتە زۆر زوو موسڵمان بوو، لە مەککە بون کە ئەبووبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە دایکمەو تۆیش پیرۆزیت، نزای بۆ بکە و بانگی بکە بۆ ئیسلام، بەڵکو خوا بە هۆی تۆوە لە دۆزەخ رزگاری بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) بانگەوازی دایکی کرد، ئەویش موسڵمان

(١) أسد الغابة، ج٣، ص ٣١٥.
(٢) نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ٨-٩.
(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦٩.
(٤) نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ٢٤.
(٥) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٥٣.
(٦) أسد الغابة، ج٧، ص ٣٥٣.

بوو،[1] ئوممولخەیر ژیا تا مەرگی ئەبووبەکری کوڕی بینی و لە میراتی ئەبووبەکریشی بەرکەوت، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو پێش مەرگی ئەبووبەکری کوڕی وەفاتی کرد.[2]

هاوسەرەکانی:

قوتەیلەی کچی عەبدولعوززا کە دایکی عەبدوڵا و ئەسمائی کچی ئەبووبەکر بوو، ئوممورومان کە دایکی عائیشەو عەبدوڕەحمان بوو، ئەسمائی کچی عومەیس کە دایکی موحەممەد بوو،[3] حەبیبەی کچی خاریجە کە باوکی مارەی کرد لە ئەبووبەکری صدیق، ئەبووبەکریش لەم ئافرەتە منداڵێکی بوو بە ناوی ئوممولکلثوم،[4] ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[5]

منداڵەکانی

کوڕێکی ناوی عەبدوڵا بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر کۆچیان کرد بەرەو مەدینە، عەبدوڵا دەچوو هەواڵی قورەیشیەکانی دەبرد بۆیان، ئەوکات گەنجێک بوو، عەبدوڵا لە غەزاکانی فەتحی مەککەو حونەین و طائیفدا بەشداری کرد و برینداریش بوو، ئەو برینەی مایەوە تا لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا لە مانگی شەووالی ساڵی یانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد.[6]

کوڕێکی تری ناوی عەبدوڕەحمان بوو، ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و موحەممەدی کوڕیشی هاوەڵ بوو، عەبدوڕەحمان بە بێباوەڕی بەشداری بەدرو ئوحودی کرد، دواتر لە حودەیبیەدا موسڵمان بوو، لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و حەوت گەورە سەرکردەی بێباوەڕانی کوشت، پاشان بەشداری فتووحات بوو، لە

---

[1] أسد الغابة، ج٧، ص ٣٥٤.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص٣٥٤.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٦٩.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٦٩.

[5] أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٥.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٧-٢٨.

جەنگی جەمەلدا هاوشانی عائیشەی خوشکی بەشدار بوو، دواجار لە ساڵی پەنجاو سێ دا کۆچی دوایی کرد.[1]

کوڕێکی تری ناوی موحەممەد بوو، ئەم منداڵەی لە حەجیماڵئاواییدا لەدایک بوو، موحەممەد یەکێک بوو لە هێرش بەرانی سەر خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان، دواتریش کە میصری گرتە دەست لەگەڵ عەمری کوڕی عاص جەنگا و سوپاکەی موحەممەد شکا و دواتر کوژرا و سووتێنرا.[2]

کچێکی ناوی ئەسماء بوو، هەر زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاوسەری زوبەیری کوڕی عەووام بوو، کۆچی کرد بۆ مەدینەو سکی هەبوو بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیرەوە، بە خاوەن دوو پشتێنەکە ناسراوە، تەمەنێکی زۆری کرد تا لە سەردەمی ئومەویدا دەسەڵاتی عەبدوڵای لە حیجاز بینی و مەرگی عەبدوڵای کوڕی بینی و پاش ماوەیەکی کەم لەو رووداوە وەفاتی کرد،[3] لە پیتی (أ) دا باسی ژیانەکەیمان کردووە.

کچێکی تری ناوی عائیشە بوو کە بە دایکی باوەڕداران ناسراوەو خۆشەویستترین خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو دوای وەفاتی خەدیجەو یەکێک بوو لە هاوسەرە زۆر شارەزاکانی، لە پیتی (ع) دا باسی ژیانەکەیمان کردووە.

کچێکی تری ناوی ئومموکلثوم بوو، ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[4]

ئەبووبەکر لە سەردەمی نەفامیدا

ئەبووبەکر لە سەردەمی نەفامیدا یەکێک بوو لە کەسایەتیە دیارەکان، سەرکردەیەکی ناو قورەیشیەکان بوو، بڕیاردەری قورەیشیەکان بوو، یەکێک بوو لەوانەی مەی لەسەر خۆی حەرام کردبوو و نەیدەخواردەوە، راوێژی زۆری پێ دەکرا.[5]

---

(1) أسد الغابة، ج٣، ص ٤٨١-٤٨٣.

(2) أسد الغابة، ج٥، ص ١٠٦.

(3) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٤٨٧.

(4) أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٥.

(5) نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ١٠.

ئەبووبەکر لە سەردەمی نەفامیشدا هاوەڵێکی نزیک و دۆستی هەمیشەیی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.[١]

خەڵکی مەککە زۆر تێکەڵی ئەبووبەکر دەبوون و لە دەوری بوون، چ لەبەر خۆشی کۆڕەکانی وقسەکردنی، چ لەبەر سەرقاڵبوونی بە کاری بازرگانی، چ لەبەر ئەو زانستەی کە هەیبوو.[٢]

موسڵمانبووونی

ئەبووبەکری صدیق یەکەم کەس بوو موسڵمان بوو و یەکەم کەسیش بوو لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی کرد.[٣]

ئەبووبەکری صدیق یەکێک بوو لەو حەوت کەسە یەکەمەی کە لە مەککە ئیمانی خۆیان ئاشکراکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و بیلال و صوهەیب و خەبباب و عەممار و سومەییە.[٤]

بانگەواز لە مەککەدا

کاتێک ئەبووبەکر موسڵمان بوو یەکەم هەنگاوی ئەوەبوو چوو بۆ لای عوثمانی کوڕی عەففان و طەلحەی کوڕی عوبەیدولا و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و باسی ئیسلامی کرد بۆیان و بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، هەموو ئەوانە موسڵمان بوون.[٥]

زوبەیری کوڕی عەوام لەسەر دەستی ئەبووبەکری صدیق موسڵمان بوو، چونکە ئەو پێشنیازی موسڵمان بوونی بۆ کرد و وردەکاری بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بۆ خستەڕوو، زوبەیریش چوو بەدەم داواکەیەوەو موسڵمان بوو.[٦]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦٩.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٧١.
[٣] نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ١١.
[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٠.
[٥] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٠.
[٦] الكامل في التأريخ، ج١، ص ٥٨٣.

کاتێک ئەبووبەکر موسڵمان بوو، کەوتە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام، بێباوەڕان لەسەر ئەوە زۆر لێیان دا، عوتبەی کوڕی ڕەبیعە بە نەعلەکانی دەیدا لە دەموچاوی و دەچووە سەر سکی ئەبووبەکر، ئیتر وای لێهاتبوو دەموچاوی ئەبووبەکر نەدەناسرایەوە، بەنوتیم هاتن و ئەبووبەکریان خستە ناو بەرگێکەوەو بردیانەوە ماڵەوە و بڕوایان وابوو بە دڵنیایەوە دەمرێت، باوکی ئەبووبەکر و بەنوتیم دەیاندواند و ئەویش وەڵامی دەدانەوە، دەیوت: پێغەمبەر(ﷺ) چی لێ هات؟ ئەوانیش بە زمان هێرشیان دەکردە سەری و جێیاندەهێشت،[1] ئینجا بە ئوممولخەیریان وت: بزانە شتێکی نادەیتێ بیخوات، کەچی ئەبووبەکر بە دایکیشی هەمان شتی دەوت، پێغەمبەر(ﷺ) چی لێهات، ئەویش دەیوت: بەخوا هەواڵی هاوەڵەکەتم نیە، ئەبووبەکر وتی: بڕۆ بۆ لای ئوممو جەمیلی کچی خەططاب و لای ئەو پرسیاری پێغەمبەری خوام(ﷺ) بۆ بکە، ئوممولخەیر چوو بۆ لای ئوممو جەمیلو وتی: ئەبووبەکر داوای هەواڵی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵات لێ دەکات، ئەویش وتی: من ئەبووبەکر و موحەممەد ناناسم، ئەگەریش حەز دەکەیت لەگەڵت دێم بۆ لای کوڕەکەت، وتی: بەڵێ، ئەوەبوو لەگەڵ ئوممولخەیر چوو بۆ ماڵی ئەبووبەکر و بینی لە چ بارێکدایە، ئوممو جەمیل دەستی کرد بە شیوەن و وتی: بەخوا ئەوانەی وایان کردووە بە تۆ، فاسق و بێباوەڕن و داوام لە خوایە تۆڵەت لەوان بکاتەوە، ئەبووبەکر وتی: پێغەمبەر(ﷺ) چی لێهات؟ ئوممو جەمیل وتی: ئەوە دایکتە، قسەکانمان دەبیستێت، ئەبووبەکر وتی: ترست نەبێت لەو، ئوممو جەمیل وتی: پێغەمبەر(ﷺ) چاکەو سەلامەتە، ئەبووبەکر وتی: لە کوێیە؟ وتی: لە ماڵی ئیبنولئەرقەمە، ئەبووبەکر وتی: دەی خوا ئاگادارە تا نەچم بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) نە نان دەخۆم و نە ئاو دەخۆمەوە، ئوممو جەمیل و ئوممولخەیر وەستان تا خەڵکی بڵاوەیان کرد، ئینجا نەوینە ژێر باڵی و

[1] أسد الغابة، ج٧، ص ٣٥٢.

بردیان بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)،[1] کە گەیشتن بە یەکدی، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی دا بەسەر ئەبووبەکردا و ماچی دەکرد و دڵی بۆی دەسووتا، ئەبووبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە دایکمەو تۆیش پیرۆزیت، نزای بۆ بکە و بانگی بکە بۆ ئیسلام، بەڵکو خوا بە هۆی تۆوە لە دۆزەخ رزگاری بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) بانگەوازی دایکی کرد، ئەویش موسڵمان بوو.[2]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لە پاڵ کەعبەدا نوێژی دەکرد کە عوقبە هات و جلەکەی خستە گەردنی و توندی کرد لە گەردنی، ئەبووبەکر هات و پشتی ملی گرت و لایبرد و پێی وت: (أتقتلون رجلا أن يقول ربي الله) (پیاوێک دەکوژن کە دەڵێت: خوا پەروەردگارمە).[3]

پێغەمبەر(ﷺ) رۆژانە بەیانی و ئێوارە سەردانی ماڵی ئەبووبەکری صدیقی دەکرد، جا کە موسڵمانان تووشی نارەحەتی بوون، ئەبووبەکر ویستی کۆچ بکات بۆ حەبەشە، لە نیوەڕێدا بوو کە ئیبنودوغنە پێی گەیشت و وتی: ئەی ئەبووبەکر بۆ کوێ دەچیت؟ وتی: قەومەکەم دەریانکردوم و دەمەوێت برۆمە شوێنێ پەرستشی پەروەردگاری خۆم بکەم، ئەویش وتی: کەسی وەک تۆ نابێت نە بچێت و نە دەربکرێت، تۆ پاڵپشتی نەبووان و خزم دۆست و میواندۆستیت، من دەبم بە پەنادەرت و بگەڕێرەوە لە شوێنێ خۆت پەروەردگاری خۆت بپەرستە، ئەوەبوو ئەبووبەکر لەگەڵ ئیبنودوغنە گەڕایەوەو لە پاڵ کەعبەدا ئیبنودوغنە بە هەموانی راگەیاند کە پەنای ئەبوبەکری داوە، ئەبووبەکریش لەپاڵ ماڵی خۆیدا مزگەوتێکی دروست کرد و پەرستشی دەکرد و قورئانی دەخوێند و نوێژی تێدا دەکرد، ئافرەت و منداڵانی قورەیش دەهاتن و گوێیان لێدەگرت و تەماشایان دەکرد، ئەمەش قورەیشیەکانی ترساند، بۆیە ناردیان بۆ لای ئیبنودوغنەو داوایان

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٠.

[2] أسد الغابة، ج٧، ص ٣٥٤.

[3] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب حدثنا الحميدي ومحمد بن عبد الله، الرقم ٣٦٧٨؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب التفسير - سورة غافر، الرقم ١١٣٩٨.

لێکرد ئەو مزگەوتە بە ئەبووبەکر لاببات، ئەویش چوو و پێی وت: یان پەرستشەکەت لە ماڵ بکەو یان پەناکەم بۆ بگێڕەوە، ئەبووبەکریش وتی: بەڵکو پەناکەت بۆ دەگێڕمەوە و بە پەنای خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) رازی دەبم، دوای ئەوە کۆچی موسڵمانان بەرەو مەدینە بە فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) دەستی پێکردو ئەبووبەکریش خۆی ئامادە کرد تا کۆچ بکات، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (پەلە مەکە، من هیوام وایە مۆڵەتی منیش بدرێت)، ئەبووبەکر وتی: بەباوکمەوە بەقوربانت بم هیوای ئەوە هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، بۆیە ئەبووبەکر لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) مایەوە تا هاودەمی بکات، بەردەوام دو سواری بەستبوویەوەو ماوەی چوار مانگ خزمەتی ئەو سوارانەی دەکرد تا ئامادە بن بۆ کۆچکردنی هەردووکیان.[1]

ئەبووبەکری صدیق سامانێکی زۆری هەبوو، بەلام هەمووی بۆ سەرخستنی بانگەوازی ئیسلامی خەرج کرد.[2]

طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا دەڵێت: جارێک لە بازاڕی بوصرا بووم کە راهیبێک لە پەرستگاکەی خۆیدا بوو، وتی: پرسیار بکەن لەم خەڵکە بزانن کەسیان تێدایە خەڵکی حەرەم بێت؟ منیش وتم: بەڵێ من، وتی: ئایا هێشتا ئەحمەد دەرنەکەوتووە؟ وتم: ئەحمەد کێیە؟ وتی: کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەبدولموطەلیب، ئەوە شارەکەیەتی کە تیایدا دەردەچێت و کۆتای پێغەمبەرانە و لە حەرەم دەردەکەوێت و کۆچ دەکات بۆ شاری دارخورما، وریابە زوو خۆتی پێ بگەیەنە، منیش قسەکانی چوویە دڵمەوەو خێرا گەڕامەوە بۆ مەککەو وتم: هیچ روویداوە؟ وتیان: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا باسی پێغەمبەرایەتی دەکات و ئەبووبەکریش شوێنی کەوتووە، منیش چوم تا خۆم گەیاند بە ئەبووبەکر و وتم: ئایا

[1] صحيح البخاري - كتاب الكفالة - باب جوار أبي بكر في عهد النبي(ﷺ) وعقده، الرقم ٢٢٩٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر صحبة أبي بكر(ﷺ) رسول الله(ﷺ) في هجرته إلى المدينة، الرقم ٦٨٦٨.
[2] نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ١٣.

شوێنی ئەو پیاوە کەوتویت؟ وتی: بەڵێ، تۆیش بڕۆ شوێنی بکەوە چونکە بانگەواز بۆ حەق دەکات، منیش بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەبووبەکریش لەگەڵم هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و لەوێ موسڵمان بووم و بەسەرهاتەکەشم بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوەو ئەویش بەوە دڵخۆش بوو.[١]

ئەبووبەکر لە پێناو خوادا ژمارەیەک کۆیلەی ئازاد کرد، لەوانە بیلالی حەبەشی و عامری کوڕی فوهەیرەو زیننیرەو نهدیەو کچەکەی و کەنیزەیەکی بەنی نەوفەل و ئومموعوبەیس.[٢]

زیننیرە کەنیزەیەکی رۆمی بوو لای قورەیشیەکان کاتێک بانگەوازی ئیسلامی بیست زۆر زوو موسڵمان بوو، ئیتر ئەبووجەهل زۆر سزای دەدا، زیننیرەش خۆڕاگر بوو و وزای نەدەهێنا لە ئیسلام، دواجار خوای گەورە ئەبووبەکری صدیقی کردە هۆکار و ئەبووبەکر زیننیرەی کڕیەوەو رزگاری کرد.[٣]

کۆچکردن بۆ مەدینە

دوای ئەوەی کۆچی موسڵمانان بەرەو مەدینە بە فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) دەستی پێکردو ئەبووبەکریش خۆی ئامادە کرد تا کۆچ بکات، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (پەلە مەکە، هیوام وایە مۆڵەتی منیش بدرێت)، ئەبووبەکر وتی: بەباوکمەوە بەقوربانت بم هیوای ئەوە هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، بۆیە ئەبووبەکر لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) مایەوە تا هاودەمی بکات، بەردەوام دو سواری بەستبوویەوەو ماوەی چوار مانگ خزمەتی ئەو سوارانەی دەکرد تا ئامادە بن بۆ کۆچکردنی هەردووکیان.[٤]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢١٤-٢١٥.

[٢] نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ١٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٤.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الكفالة - باب جوار أبي بكر في عهد النبي(ﷺ) وعقده، الرقم ٢٢٩٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر صحبة أبي بكر(ﷺ) رسول الله(ﷺ) في هجرته إلى المدينة، الرقم ٦٨٦٨.

ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) بەرەو ماڵی ئەبووبەکر هات و کاتەکەی جیا بوو لە هاتنی ڕۆژانی تری، هاتە ژوورەوەو بە ئەبووبەکری فەرموو (ئەی ئەبووبەکر ئەوانەی لەلاتن بیانکەرە دەرەوە)، ئەبووبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوانە کەسانی تۆن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(مۆڵەتم پێدراوە) واتە بۆ کۆچکردن، ئەبووبەکریش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە باوکمەوە بەقوربانت بم یانی من هاودەمت دەبم؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەبووبەکر وتی: دەی یەکێک لەو دوو سوارە بۆ تۆ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بە پارە دەیبەم)، ئەوەبوو هەردوو سوارەکەیان چاک ئامادە کردن و ئەسمائیش پشتێنەکەی کرد بە دوو بەشەوە بۆ بەستنەوەی توێشووەکانیان، پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر چوونە ئەشکەوتی ثەور و لەوێ سێ شەو مانەوە، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکریش کە گەنجێک بوو بەیانیان زوو دەچوو بۆ لایان و دەگەڕایەوە بۆ مەککە هێشتا خەڵکی لەخەو هەڵنەسابوون، عامیری کوڕی فوهەیرەش بە بڕێک مەڕوماڵاتەوە دەیدا بە لایاندا و شیری پێدەدان،[1] کاتێک لە ئەشکەوتەکە دەمانەوە ئەبووبەکر شوێنێکی ئامادە کرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) تا لەوێدا بخەوێت،[2] ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر کابرایەکی بەنی دیلیان بە کرێ گرتبوو تا بیانبات بۆ مەدینە، سوارەکانیان دابوو بەو و وادەیان بوو دوای سێ شەو لای ئەشکەوتەکە یەک ببینن، ئەوەبوو لە وادەی خۆیدا هات و هەرسێیان هاودەم بە عامیری کوڕی فوهەیرە ڕێی کەنار دەریایان گرتەبەر. [3]

کاتێک لە ئەشکەوتەکەدا بوو، بێباوەڕان بە دوایاندا دەگەڕان و هاتبوونە بەردەم ئەشکەوتەکە، ئەبووبەکر وتی: جا ئەگەر یەکێکیان تەماشای بەرپێی خۆی بکات دەمانبینێت، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (يَا أَبَا بَكْرٍ، مَا ظَنُّكَ بِاثْنَيْنِ اللهُ

---

[1] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب هجرة النبي(ﷺ) وأصحابه إلى المدينة، الرقم ٣٩٠٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر صحبة أبي بكر(ﷺ) رسول الله(ﷺ) في هجرته إلى المدينة، الرقم ٦٨٦٨.

[2] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦١٥.

[3] صحيح البخاري.

ثَانِيَهُمَا) (ئەی ئەبووبەکر گومانت بە دوان چیە کە سێیەمیان خودایە).[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق کۆچیان کرد بۆ مەدینە، عامیر هاوکاریان بوو، دەچوو بەدوای ئەواندا مەڕوماڵاتی دەلەوەڕاند تا شوێن پێیان دیار نەبێت، هەروەها شیری مەڕەکانی بۆ دەبردن،[2] ئەمەش لەو ماوەدا بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر لە ئەشکەوتی ثەور بوون.[3]

سوراقە دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق کۆچیان کرد، نێردراوانی قوڕەیش هاتن بۆ لامان و وتیان: هەرکەس پێغەمبەر(ﷺ) یان ئەبووبەکر بکوژێت یان بەدیل بگرێت ئەوە پاداشت دەکرێت و پاداشتەکەشی هێندەی خوێن باییەکە، منیش لە کۆڕێکی بەنی مودلیجدا دانیشتبووم کە کابرایەکی مودلیجی هات و وتی: ئەی سوڕاقە کەمێک پێش ئێستا دوو تارماییم لە کەناراوەوە بینی، سوراقە وتی: زانیم ئەوانن، وتم: ئەوە ئەوان نین، ئەوە فلان و فلان بون کە تۆ بینیوتن، دوایی کەمێک لە کۆڕەکەدا مامەوەو دواتر چوومەوە ماڵەوەو فەرمانم کرد بە کەنیزەکەکەم تا ئەسپەکەم بۆ ئامادە بکات، رمەکەمم هەڵگرت و سوار وشترەکەم بووم، چووم تا نزیک بوومەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەر، لەوێ ئەسپەکەم منی خست، هەستامەوەو دەستم برد بۆ کیفی تیرەکانم و تیرێکم دەرکرد و کردم بە دوو لەتەوە کەچی بەدڵی خۆم بۆ دەرنەچوو،[4] سواری ئەسپەکەم بوومەوەو نزیک بوومەوە لێیان، گوێم لێبوو پێغەمبەری

---

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة براءة - باب قوله ثاني اثنين إذ هما في الغار، الرقم ٤٦٦٣؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٢٣٨١.

[2] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب هجرة النبي(ﷺ) وأصحابه إلى المدينة، الرقم ٣٩٠٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر صحبة أبي بكر(ﷺ) رسول الله(ﷺ) في هجرته إلى المدينة، الرقم ٦٨٦٨.

[3] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة الرجيع ورعل وذكوان وبئر معونة، الرقم ٤٠٩٣؛ صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - فصل في هجرته(ﷺ) إلى المدينة وكيفية أحواله فيها - ذكر ما كان يروح على المصطفى(ﷺ) والصديق(ﷺ) بالمنحة أيام مقامهما في الغار، الرقم ٦٢٧٩.

[4] لە سەردەمی نەفامیدا ئەو عادەتە هەبوو تیریان دەکرد بە دوو بەشەوە بۆ تاقیکردنەوەی بەختیان.

خوا(ﷺ) قورئانـی دەخوێنـد و لای نەدەکـردەوە، بـەڵام ئەبووبەکـر زۆر لای دەکردەوە، ئـەوکات دوو دەسـتی ئەسـپەکەم رۆچـوون بەنـاو زەویـداو تا نیوەی لـە زەویدا بـوو، لەسـەر ئەسـپەکەم کەوتمـە خـوارەوە، تێم خـوڕی و ئەسـپەکەم هەسـتایەوە، بـەڵام دەسـتەکانی نەدەهاتنـە دەرەوە،کـە رێـک وەسـتایە سـەرپێ بینیـم دووکەڵێـک لـە ئاسـمانەوە دیـارە، هەمـدی تیرێکـم دەرکـرد و لەتـم کـرد کەچـی خراپەکـەم بـۆ دەرچـوو، داوای پەنـام کـرد لێیـان، ئەوانیـش وەسـتان، سـواری ئەسـپەکەم بـووم تـا چوومـە لایـان، کـە بینیـم ئـاوام بەسـەرهات وتـم: بـە دڵنیاییـەوە دوارۆژ بـۆ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەبێـت، پێـم وت: هۆزەکـەت پاداشـتی خوێـن بابیەکیـان دانـاوە بـۆ گرتـن یـان کوشـتنت، ئینجـا هـەواڵ و بـاس چـی هەبـوو بـۆم باسـکردن، دواتـر پێـم وتـن شـمەک و پێویسـتی چییـان دەوێـت بـا لای مـن ببیـەن، پێغەمبـەر(ﷺ) تەنهـا داوای لێکـردم زانیارییـان بشـارمەوەو نەهێڵـم خەڵـک پێیـان بزانێـت، منیـش داوام لێکـرد نامەیەکـی پەنـام بـۆ بنووسـێت، ئەویـش فەرمانـی کـرد بـە عامیـری کـوڕی فوهەیـرەو ئەویـش لـە پارچـە پێسـتەیەکدا بـۆی نووسـیم، دواتـر پێغەمبـەر(ﷺ) چـوو،[1] ئینجـا سـوراقە ئـەو نووسـینەی هەڵگـرت تـا ئـەو کاتـەی پێغەمبـەر(ﷺ) لـە طائیفـەوە گەڕایـەوە سـوراقە چـوو بـۆ لای و ئـەو نامـەی پـێ نیشـان دا، ئـەوکات لـە جەعرانـە بـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـوی نزیـک بـەرەوە، ئەویـش نزیـک بوویـەوەو موسـڵمان بـوو.[2]

ئەبووبەکـر دەڵێـت: کاتێـک سـوراقە گەیشـت پێمـان وتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەوە گەیشـت پێمـان، فەرمـووی: خەفـەت مەخـۆ خوامـان لەگەڵـە، کـە تـەواو نزیـک بوویـەوەو نزیکـەی چەنـد رمێـک دوور بـوو لێمانـەوە دەسـتم کـرد بـە گریـان و وتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وا گەیشـت پێمـان، فەرمـووی:

[1] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب هجرة النبي(ﷺ) وأصحابه إلى المدينة، الرقم ٣٩٠٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر صحبة أبي بكر(ﷺ) رسول الله(ﷺ) في هجرته إلى المدينة، الرقم ٦٨٦٨.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٨٥.

بۆچی دەگریت؟ وتم: بەخوا بۆ خۆم ناگریم، بەڵکو بۆ تۆ دەگریم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوایە بەو جۆرەی خۆت دەتەوێت دووری بخەرەوە لێمان، ئەوەبوو ئەسپەکەی تا لای سکی چوو بەناخی زەویدا و سوراقەش کەوتە خوارەوە، سوراقە وتی: ئەی موحەممەد ئەزانم ئەمە کاری تۆیە، نزا بکە خوا رزگارم بکات، بەخوا مەرج بێت رێ لەوانەی دوای خۆم ون بکەم تا نەگەڕێن بەدواتدا، ئەوەش تیرەکانم تیرێکیان ببە، دەزانم دەدەیت بە لای وشتر و رانە مەڕەکانمدا لە فلانە شوێن، لەوێ چەندت پێویستە ببە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هیچ پێویستیمان نیە بە وشترەکانت، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) نزای بۆ کرد و سوراقەش گەڕایەوە بۆ لای هاوەڵەکانی خۆی.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە، طەلحەی کوڕی عوبەیدولا لە شامەوە جلی سپی ناوازەی هێنابوو، دوو جلی بە دیاری نارد بۆ ئەبووبەکر و پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوانیش ئەو جلانەیان پۆشی و بەو جلانەوە چوونە ناو مەدینە.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق بەرەو مەدینە کۆچیان دەکرد ئەوسی کوڕی عەبدولایان بینی، ئەویش کۆیلەیەکی هەبوو بە ناوی مەسعوود، پێغەمبەری خوا و ئەبووبەکری صدیقی سواری وشترەکەی خۆی کرد و مەسعوودی نارد لەگەڵیاندا و داوای کرد بیانگەیەنێتە مەدینەو تا ئەو شوێنە لێیان جیا نەبێتەوە, ئەویش تا مەدینە هاودەمی کردن و دواتر گەڕایەوە.[3]

کاتێک ئەبووبەکری صدیق چوویە مەدینە، لای خاریجەی کوڕی زەید دابەزی و لەوێ مایەوە.[4]

[1] مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٣، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٦٦، صححه شعيب الأرناؤوط.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٧٣.
[3] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٩٢٩.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٧٤.

کاتێک هاوەڵان کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لەوێ مانەوە، هەریەک لە بیلال و ئەبووبەکری صدیق تووشی تا بوون، دەیوت: نەفرینی خوا لە شەیبەی کوڕی رەبیعەو عوتبەی کوڕی رەبیعەو ئومەییەی کوڕی خەلەف چۆن لە خاکی خۆمانەوە دەریانکردین بۆ خاکی دەرد و نەخۆشی، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(اللهم حبب إلينا المدينة كحبنا مكة أو أشد اللهم بارك لنا في صاعنا وفي مدنا وصححها لنا وانقل حماها إلى الجحفة)،[1] (خوایە مەدینەمان لا خۆشەویست بکە وەک خۆشەویستیمان بۆ مەککە یان زیاتر لەوەش، خوایە بەرەکەت بخەرە رزق و رۆزیمانەوە و تەندروستی بکە بۆمان، تای مەدینەش بگوازەرەوە بۆ جوحفە).

بەشداری لە غەزاکاندا

ئەبووبەکری صدیق لە هەموو غەزاکاندا بەشداری کرد و لە تاکە غەزایەکیشدا دوانەکەوت، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد بەردەوام لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بوو و دەست و دەم و دڵی بۆ ئیسلام خستبوویە کار.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو بۆ بەدر، پێش غەزاکە رای خەڵکی وەرگرت و فەرمووی: راتان چیە؟ ئەبووبەکری صدیق وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بیستوومانە ئەوان-قورەیش- لە فڵانە شوێنن، هەمدی پێغەمبەر(ﷺ) بە خەڵکەکەی فەرموو راتان چیە؟ ئەمجار عومەری کوڕی خەططاب هەمان قسەی ئەبووبەکری کرد، هەمدی پێغەمبەر(ﷺ)رای هاوەڵانی وەردەگرت و فەرمووی: راتان چیە؟ ئینجا سەعدی کوڕی موعاذ قسەی کرد و وتی: (مەبەستەتت ئێمەیە، سوێند بەوەی رێزداری کردویت و قورئانی بۆ دابەزاندویت، من رێی وام هەرگیز نەگرتوەتەبەر و شارەزاییم لێی نیە، بەڵام ئەگەر برۆی تا بیرکولغیماد لە یەمەن هاودەم بە تۆ دێین، ئێمە وەک ئەو بەنوئیسرائیلیانە نین کە بە مووسایان وت: (اذهب أنت وربك فقاتلا إنا هاهنا

[1] صحيح البخاري - فضائل المدينة - باب حدثنا مسدد، الرقم ١٨٨٩.

قاعدون) (خۆت و خواکەت بڕۆن بجەنگن، ئێمە لێرە دانیشتوین)، بەڵکو دەڵێین بڕۆ خۆت و پەروەردگارت بجەنگن و ئێمەش لەگەڵتاندا شوێنت دەکەوین، لەوانەیە تۆ بۆ شتێک دەرچووبیت و خواش شتێکی تری هێنابێتە ڕێت، بزانە ئەوەی خوا بۆی داناویت کامەیە ئەوە بگرەبەر، چ پەتێکت دەوێت بیگەیەنەو چ پەتێکت دەوێت بیپچڕێنە، لەگەڵ کێ دەتەوێت ئاشتی بکەو دژایەتی کێت دەوێت بیکە، چەندەت دەوێت لە سامانمان بیبە).[1]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەڵێت: لە غەزای بەدردا عەریشێکمان -چادر یان کەپرێ- بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دروست کرد، وتمان: کێ لای پێغەمبەر(ﷺ) دەبێت بۆ ئەوەی کەس نزیکی نەکەوێت، کەس نەچوو، تەنها ئەبووبەکر نەبێت کە شمشێری هەڵکرد و لەلای پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەستاو پاسەوانی دەکرد.[2]

دواتر لە جەنگەکەشدا لە کەنار پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بەشداری کرد، کە دواتر موسڵمانان سەرکەوتن و نزیکەی حەفتا کەسیان بەدیل گرت، پێغەمبەر(ﷺ) رای ئەبووبەکر و عومەری وەرگرت سەبارەت بە دیلەکان، ئەبووبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەوانە لە هۆزی خۆت و ئامۆزایانی خۆتن، پێم وایە بە فیدیە ئازادیان بکەیت، بەوە ئەو دەستکەوتە دەبێت بە هێز بۆ ئێمە دژ بە بێباوەڕان، بەڵکو خوای گەورەش ڕێنموونیان بکات بۆ ئیسلام، عومەر وتی: نابەخوا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، من ڕاکەی ئەبووبەکرم نیەو پێم وایە بدەین لە گەردنیان، عەلی عەقیل بگرێت و بدات لە گەردنی، منیش فلانە خزمی خۆم بگرم و بدەم لە گەردنی، ئەوانە ڕێبەرانی کوفرن، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ڕاکەی ئەبووبەکری بەدڵ بوو، بۆ بەیانیەکەی عومەر چوو دەبینێت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر دانیشتون و دەگرین، عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆچی دەگرین؟ با

---

[1] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب المغازي - غزوة بدر الكبرى وما كانت وأمرها، الرقم ٣٧٨١٥.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٣١.

ئەگەر کرا منیش بگریم و ئەگەریش گریانم بۆ نەهات بۆ گریانەکەی ئێوە بگریم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بۆ ئەوە دەگریم کە هاوەڵەکانت وتیان: با فیدیە وەربگرین لێیان، لە خوارووی ئەو درەختەوە-درەختێکی نزیک لە پێغەمبەر(ﷺ) بوو- سزای ئەوانەم بۆ خرایەڕوو-) ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(ما كان لنبي أن يكون له أسرى...).[1]

لە غەزای ئوحودیشدا ئەبووبەکر بەشداری کرد و یەکێک بوو لەوانەی لە کاتی نارەحەتی و بڵاوەکردنی موسڵمانانداندا لە دەوری پێغەمبەری خوادا(ﷺ) مایەوە.

ئەبووبەکری صدیق دەڵێت: کە خەڵکی لە ئوحوددا لە دەوری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بڵاوەیان کردبوو، یەکەم کەس من بووم چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)، دەبینم کەسێک لە دەوری بەرگری لێدەکات، وتم: دەی ئەوە طەلحە بێت بە دایک و باوکمەوە بەقوربانی بم، دواتر بینیم لە دوایشەوە کەسێک دەتوت باڵندەیەو دەفڕێت هات، خێرا خۆی گەیاندە من، دەبینم ئەبووعوبەیدەیە، خێرا پێکەوە چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و طەلحەش لەبەردەم پێغەمبەردا(ﷺ) کەوتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: فریای براکەتان بکەون، تیرێک بەر تەوێڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و تیرێکیش بەر روومەتی کەوتبوو، ئەبووعوبەیدە وتی: ئەی ئەبووبەکر سوێندت دەدەم بە خوا بهێڵە من لایبەرم، ئەوەبوو بە دەمی-ددانی-تیرەکەی گرت و هێواش هێواش دەریدەکرد و حەزی نەدەکرد پێغەمبەر(ﷺ) ئازاری پێ بگات، دواتر ویستم من ئەو تیرەکەی تر دەربکەم، کەچی هەمدی ئەبووعوبەیدە سوێندی دام و بەهەمان شێوە ئەوی دیکەشی دەرکرد.[2]

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب الإمداد بالملائكة في غزوة بدر وإباحة الغنائم، الرقم ١٧٦٣؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب الخروج وكيفية الجهاد - غزوة بدر، الرقم ٤٧٩٣.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر وصف الجراحات التي أصيب طلحة يوم أحد مع المصطفى(ﷺ)، الرقم ٦٩٨٠، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

هەروەها ئەبووبەکر لە غەزاکانی بەنی نەضیر و بەنیلموصطەلەق و خەندەقیشدا بەشداری کرد.

لە غەزای خەندەقدا کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لای سەعد، پێغەمبەری خوا(ﷺ) باوەشی پێدا کرد و خوێن بەسەر پێغەمبەردا(ﷺ) دەچۆڕا، کە ئەبووبەکر هات و ئەوەی بینی وتی: وەی پشتی شکاوم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: وس ئەی ئەبووبەکر، دواتر عومەر هات کە ئەو حاڵەی بینی وتی: إنا لله و إنا إليه راجعون.[1]

ئەبووبەکر لە ڕێککەوتنی حودەیبیەشدا بەشداری کرد و ڕۆڵێکی کارای هەبوو، بەتایبەت لە دەمکوتکردنی عوروەدا کاتێک وتەی نەشیاوی بەرامبەر بە پێغەمبەر(ﷺ) وت.[2]

کاتێک قورەیشیەکان پەیمانیان شکاند و پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاریدا هێرش بباتە سەر مەککە و فەتحی بکات، ئەبووسوفیان هات تا ڕێککەوتنەکە درێژ بکاتەوە، کە چووە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، بۆیە چوو تکای لە ئەبووبەکر و عومەر و عەلی کرد تا لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵای بۆ بکەن.[3]

کاتێک فەتحی مەککە کرا، ئەبووبەکر چوو باوکی هێنا بۆ مزگەوت، کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بینی، فەرمووی: با وازت لەو پیرە بهێنایە لە ماڵ بوایە تا من بچوومایە بۆ لای، ئەبووبەکر وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو شیاوترە بێت بۆ لات نەک تۆ بچیت بۆ لای، ئەوەبوو باوکی لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) دانیشاند، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سنگیداو پێی فەرموو موسڵمان بە، ئەویش موسڵمان بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد ڕەنگی سپی سەری ئەبووقوحافە بگۆڕن.[4]

(1) فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم ١٤٤٩.

(2) صحيح البخاري - كتاب الشروط - باب الشروط في الجهاد، الرقم ٢٧٣١.

(3) تاريخ الطبري، ج٢، ص ١٥٤.

(4) مسند أحمد بن حنبل - مسند النساء(ﷺ)ن - حديث أسماء بنت أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٢٧٥٩٨.

ئەبووبەکر لە غەزاکانی حونەین و طائیفدا بەشداری کرد، ئەوەی جێی گومان نیە ئەوەیە کە ئەبووبەکر تا کاتی وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لە هەموو غەزاکاندا بەشدار بووە.

ژیانی ئەبووبەکر لە مەدینە لەسەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ)

جارێک ئەبووسوفیان دای بەلای سەلمانی فارسی و بیلال و صوهەیب و چەند کەسێکی تردا، ئەوانیش تانەیان لێدا، ئەبووبەکر وتی: ئەوە پیاوماقوڵی قورەیشە، وای پێ دەڵێن؟! دواتر ئەبووبەکر هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی:(ئەی ئەبووبەکر لەوانەیە تووڕەت کردبن، ئەگەر ئەوانت تووڕە کردبێت ئەوە پەروەردگارتت تووڕە کردووە)، خێرا ئەبووبەکر چوویەوە بۆ لایان و وتی: برا ئازیزەکانم ئەرێ ئێوەم تووڕە نەکرد؟ ئەوانیش وتیان: نا ئەی ئەبووبەکر خوا لێت خۆش بێت.[1]

ڕەبیعەی کوڕی کەعب دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) زەویەکی پێدام و زەویەکیشی دا بە ئەبووبەکر، ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو تا ڕۆژێک لەسەر بنە دارخورمایەک لەگەڵ ئەبووبەکر کێشە کەوتە نێوانمانەوە، من وتم: هی منەو ئەویش وتی: هی منە، ئیتر قسەو بۆڵەیەک کەوتە نێوانمانەوە تا ئەوەی ئەبووبەکر قسەیەکی ناخۆشی پێ وتم: و خۆیشی خێرا لە قسەکەی پەشیمان بوو، ئەبووبەکر وتی: ئەی ڕەبیعە ئەو قسەیەم پێ بڵێرەوە تا ببێتە تۆڵە، منیش وتم: شتی وا ناکەم، ئەبووبەکر وتی: بەخوا یان پێم دەڵێیتەوە یان لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵات لێ دەکەم، منیش وتم: هەرگیز پێت ناڵێمەوە، ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و منیش بە دوایدا چووم، خەڵکێ لە ئەسلەم هاتن و وتیان: ڕەحمەتی خوا لە ئەبووبەکر لەسەر چی تۆی هێناوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) لەکاتێکدا ئەو وای پێ وتوویت؟ منیش وتم: دەزانن ئەوە کێیە؟ ئەوە ئەبووبەکری صدیقە، ئەوە دووەم

حسنه شعيب الأرناؤوط.

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٠.

کەسە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) – کە لە قورئاندا باس کراوە- ئەوە ریش سپی موسڵمانانە، وریا بن لا نەکاتەوەو وا بزانێت ئێوە هاتون بۆ پشتیوانی من، بەوە تووڕە دەبێت و دەچێتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش بۆ پشتیوانی ئەبووبەکر تووڕە دەبێت و خوای گەورەش لەبەر تووڕەیی ئەو دوانە تووڕە دەبێت و ڕەبیعەش ماڵوێران دەبێت، ئەوانیش وتیان: ئەی ئەڵێیت چی بکەین؟ وتم: بگەڕێنەوە، ئینجا ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، منیش بە تەنیا چوومە خزمەتیان، پێغەمبەر(ﷺ) سەری بەرز کردەوە بەرووی مندا و فەرمووی: (ئەی ڕەبیعە تۆ و صدیق چ کێشەیەکتان هەیە؟) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مەسەلەکە ئاوەها و ئاوا بوو، دواتر قسەیەکی پێ وتم: کە خۆیشی پێی ناخۆش بوو و دەڵێت: دەبێت پێم بڵێیتەوە تا ببێتە تۆڵە، منیش ڕازی نەبوم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فَلاَ تَرُدَّ عَلَيْهِ، وَلَكِنْ قُلْ: غَفَرَ اللهُ لَكَ يَا أَبَا بَكْرٍ) (بەڵێ پێی مەڵێرەوە، بەڵکو بڵێ خوا لێت خۆش بێت ئەی ئەبووبەکر)، منیش ئاوام وت، ئەبووبەکریش بە گریانەوە شوێنەکەی جێهێشت.[1]

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە خێرکردن، منیش سامانێکی زۆرم هەبوو، وتم: بەخوا ئەمجار پێش ئەبووبەکر دەکەوم، بۆیە کردم بە دووبەشەوەو بەشێکیم برد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (يا عمر: إن هذا مال كثير، فما تركت لأهلك) (ئەی عومەر ئەو سامانە زۆرە؟ ئەی چیت بۆ خێزانەکەت جێهێشتووە؟) وتم: نیوەی، ئینجا ئەبووبەکر هات و سامانێکی زۆری هێنا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (يا أبا بكر، إن هذا مال كثير، فما تركت لأهلك) (ئەی ئەبووبەکر ئەو سامانە زۆرە؟ ئەی چیت بۆ خێزانەکەت جێهێشتووە؟) وتی: خواو پێغەمبەری خوام بۆ جێهێشتوون.[2]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل – أول مسند المدنيين(ﷺ) أجمعين – حديث ربيعة بن كعب الأسلمي(ﷺ)، الرقم ١٦٨٤٤، قال شعيب الأرناؤوط إسناده ضعيف جدا.

[2] فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، ومن فضائل عمر...، الرقم ٤٩٩.

جارێک ئەبووبەکری صدیق چوو بۆ شام، هاودەم بەویش نوعەیمانی کوڕی عەمر کە هاوەڵێکی بەشداربووی عەقەبە و غەزای بەدریش بوو و بە کەسێکی قسەخۆش ناسرابوو، لەگەڵ سوەیبیطیشدا چوون، سوەیبیط سەرپەرشتی خواردنی کاروانەکەی دەکرد، نوعەیمان هات و وتی: بڕێک خواردنم بدەرێ، سوەیبیط وتی: نابێت، دەبێت ئەبووبەکر بێتەوە ئینجا، نوعەیمانیش چوو بۆ لای بڕێک خەڵک کە لەوێ بوون و وتی: کۆیلەیەکی عەرەبم هەیە لێم بکڕن، بەڵام زمان درێژی دەکات و لەوانەیە کە بیهێنم پێتان بڵێت من کۆیلە نیم و ئازادم، جا ئەگەر بەو حاڵەیەوە لێم دەکڕن با بیهێنم، ئەگەرنا با نەیهێنم و کۆیلەکەشم لێ هار مەکەن، ئەوانیش وتیان: بیهێنە دەیکڕین، ئەویش چوو سوەیبیطی هێنا بەرەو لا خەڵکەکە، کە گەیشتنە ئەوێ بە خەڵکەکەی وت: ئەوەتا ئەمەیە، ئەوانیش وتیان: باشە دەیکڕین، سوەیبیط وتی: ئەمە درۆ دەکات من کەسێکی ئازادم و کۆیلە نیم، ئەوانیش وتیان: ئاگامان لە فێڵت هەیە، ئەوەبوو بە حەبل بەستیانەوەو بردیان، کە ئەبووبەکر هاتەوەو هەواڵەکەی بیست، خێرا چوون و سوەیبیطیان کڕیەوەو هێنایانەوە، کە هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەیان بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی تا ماوەیەک پێدەکەنین.[1]

کاتێک حەفصە بێوەژن کەوت، عومەری باوکی بڕیاری دا مێردێکی باش بدۆزێتەوە بۆ کچەکەی، بۆیە پێشنیازی کرد بۆ ئەبووبەکر تا بەهاوسەری بگرێت، بەڵام ئەبووبەکر ڕەزامەندی دەرنەبڕی، ئینجا پێشنیازی کرد بۆ عومەر، ئەویش ڕەزامەندی دەرنەبڕی و وتی: بڕوام نیە بتوانم ئەم ماوە ژن بهێنم، عومەریش بەوە دڵتەنگ بوو و جۆرێک لە بێتاقەتی ڕوی تێکرد و چوو لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵای کرد کە چی ڕوویداوە،[2] ئەویش فەرمووی:(يتزوج

[1] سنن ابن ماجه - أبواب الأدب - باب المزاح، الرقم ٣٧١٩؛ أسد الغابة، ج٥، ص ٣٦٧-٣٦٨، ضعفه شعيب الأرناؤوط، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب حدثني خليفة، الرقم ٤٠٠٥؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب النكاح - باب إنكاح الرجل ابنته الكبيرة، الرقم ٥٣٤٤.

حفصة من هو خير من عثمان ويتزوج عثمان من هي خير من حفصة)،[1] (کەسی باشتر لە عوثمان حەفصە بەهاوسەر دەگرێت و عوثمانیش کەسی باشتر لە حەفصە بەهاوسەر دەگرێت)، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) داوای حەفصەی کرد و بەهاوسەری گرت، دواتر کە ئەبووبەکر عومەری بینی وتی: دڵت شتێک نەکات بەرامبەرم، من بیستبووم کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) باسی حەفصەی دەکرد، بۆیە –ئەمەشم پێ نەوتیت- وتم: با نهێنی پێغەمبەر(ﷺ) ئاشکرا نەکەم، بە دڵنیاییشەوە پێغەمبەر(ﷺ) حەفصەی بەهاوسەر نەگرتایە من داوام دەکرد و بەهاوسەرم دەگرت.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: ئەبووبەکر هاتە ژوورەوە بۆ لام و دوو کچۆڵەم لا بوون کە دەفیان لێدەدا، پێغەمبەریش(ﷺ) بە جلەکانی خۆی داپۆشیبوو، ئەبووبەکر هەڵشاخی پیایاندا، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) جلەکانی لەسەر دەموچاوی لابرد و فەرمووی:(دعهما يا أبابكر فإنها أيام عيد وتلك الأيام أيام منى)،[3] (وازیان لێ بێنە ئەی ئەبووبەکر، چونکە ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی جەژنن و ڕۆژانی مینان).

جارێک ئەبووبەکر میوانداری دەستەیەکی کرد و بە عەبدوڕەحمانی کوڕی وت: میوانەکانت ببە وا من دەچم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، تا دێمەوە خزمەتیان بکە، عەبدوڕەحمانیش چوو و چی هەبوو داینا بۆیان و وتی: بخۆن، ئەوانیش وتیان: ئەی گەورەی ماڵ لە کوێیە؟ عەبدوڕەحمان وتی: نانەکەتان بخۆن، ئەوانیش وتیان: نان ناخۆین تا گەورەی ماڵ نەیەتەوە، ئەویش وتی: خزمەتمان قبووڵ بکەن، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، عەبدوڕەحمان زانی باوکی بێتەوە تووڕە دەبێت، بۆیە کە ئەبووبەکر هاتەوە عەبدوڕەحمان ماوەیەک خۆی ون کرد، دواتر ئەبووبەکر بە میوانەکانی وت: چیتان کرد؟

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٢٨.

[2] صحيح البخاري – كتاب المغازي – باب حدثني خليفة، الرقم ٤٠٠٥؛ السنن الكبرى للنسائي – كتاب النكاح – باب إنكاح الرجل ابنته الكبيرة، الرقم ٥٣٤٤.

[3] صحيح البخاري – كتاب العيدين – باب إذا فاته العيد يصلي ركعتين وكذلك النساء، الرقم ٩٨٧.

ئەوانیش وتیان: چی بووە؟ ئەبووبەکر وتی: ئەی عەبدوڕەحمان، ئەویش بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدایەوە، هەمدی بانگی کرد و ئەویش وەڵامی نەدایەوە، ئەبووبەکر تووڕە بوو و قسەیەکی پێ وت: و وتی: سوێندت دەدەم ئەگەر دەنگم دەبیستیت وەڵامم بدەرەوە، عەبدوڕەحمان هاتە دەرەوەو وتی: پرسیار لە میوانەکانت بکە، ئەوانیش وتیان: راست دەکات، خزمەتی کردین، ئەبووبەکر وتی: یانی چاوەڕوانی من بوون؟ بەخوا ئەمشەو نان ناخۆم، ئەوانیش وتیان: دەی بەخوا تا تۆ نان نەخۆیت ئێمەش نان ناخۆن، ئەبووبەکر وتی: شەوی وەک ئەمشەو خراپم نەدیوە،ماڵوێرانان چیتانە؟ بۆچی میوانداری و خزمەتمان قبووڵ ناکەن؟ عەبدوڕەحمان خواردنەکە بهێنە، ئەوەبوو خواردنەکەی هێنا و ئەبووبەکر بیسمیلاهی کرد و لێی خوارد و ئەوانیش دەستیان کرد بە خواردن،[1] بۆ بەیانی ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و وتی: ئەوان سوێندەکەیان بردە سەر و من سوێندەکەم خست، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بَلْ أَنْتَ أَبَرُّهُمْ وَأَخْيَرُهُمْ) (بەڵکو تۆ بەوەفاتر بوویت بە سوێندەکەت و چاکترینیان بوویت).[2]

حەنظەلە دەڵێت: جارێک ئەبووبەکر دای بە لامداو وتی: ئەی حەنظەلە حاڵت چۆنە؟ وتم: حەنظەلە توشی دووروویی بووە، ئەویش وتی: سوبحانەڵا ئەوە چی دەڵێیت؟ منیش وتم: کاتێک لای پێغەمبەری خواین(ﷺ) کە باسی دۆزەخ و بەهەشتمان بۆ دەکات وا دەزانین لەبەرچاومانەو بە چاوی خۆمان ئەو شتانە دەبینین، کەچی کە لای پێغەمبەر(ﷺ) دەڕۆین گەمەو بەزمی ژن و منداڵ و بژێوی ژیان سەرقاڵمان دەکات و زۆر شتمان بیر دەچێتەوە، ئەبووبەکریش وتی: دەی بەخوا ئێمەش هەر واین، بۆیە لەگەڵ ئەبووبەکر چووین بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەنظەلە تووشی نیفاق بووە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: چی

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الأدب - باب ما يكره من الغضب والجزع عند الضيف، الرقم ٦١٤٠.

[2] صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب إكرام الضيف وفضل إيثاره، الرقم ٢٠٥٧.

بووە؟ وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێک لای تۆین کە باسی دۆزەخ و بەهەشتمان بۆ دەکەیت وا دەزانین لەبەرچاومانەو بە چاوی خۆمان ئەو شتانە دەبینین، کەچی کە لای تۆ دەڕۆین گەمەو بەزمی ژن و منداڵ و بژێوی ژیان سەرقاڵمان دەکات و زۆر شتمان بیر دەچێتەوە، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) فەرمووی: (والذي نفسي بيده إن لو تدومون على ما تكونون عندي، وفي الذكر، لصافحتكم الملائكة على فرشكم وفي طرقكم، ولكن يا حنظلة ساعة وساعة)، (سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، ئەگەر لەسەر ئەو بارە بەردەوام بن کە لای منن و لە زیکر بەردەوام بن، ئەوە فریشتەکان لەسەر جێگەکانتان و لە سەرە ڕێکانتاندا تەوقەتان لەگەڵ دەکەن، بەڵام ئەی حەنظەلە ساتەو ساتە)، سێ جار ئەمەی فەرمووو.[1]

جابیر دەڵێت: جارێک نەخۆش بووم، پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر بە پیادەو بێ سوار هاتن بۆ سەردانم.[2]

جارێک جوبەیر لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو کە ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە ئافرەتەکە جارێکی تر بێتەوە بۆ لای، ئافرەتەکە وتی: ئەی ئەگەر هاتمەوەو تۆم نەبینی؟ وەک ئەوەی بڵێت ئەگەر مردبوویت، ئەویش فەرمووی:(إن لم تجديني فأتي أبابكر)،[3] (ئەگەر منت بەدی نەکرد وەرە بۆ لای ئەبووبەکر).

شافیعی دەڵێت: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خەلیفەی دوای پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکرە.[4]

ئەسمائی کچی ئەبووبەکر دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) چووین بۆ حەج تا گەیشتینە عەرج، پێغەمبەر(ﷺ) دابەزی و عائیشە لەکەنار پێغەمبەرەوە(ﷺ)

---

[1] صحيح مسلم - كتاب التوبة - باب فضل دوام الذكر والفكر في أمور الآخرة، الرقم ٢٧٥٠.

[2] السنن الكبرى للنسائي - كتاب الطب - عيادة المغمى عليه، الرقم ٧٤٥٦.

[3] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب حدثنا الحميدي ومحمد بن عبد الله، الرقم ٣٦٥٩؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٢٣٨٦.

[4] نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ٣٦.

دانیشت، منیش لەپاڵ باوکمەوە دانیشتم، کۆڵ و تویشووی پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر یەکێک بوو و بە خزمەتکارێکی ئەبووبەکر بوو، ئەبووبەکر دانیشت و چاوەڕێی ئەو خزمەتکارە بوو بگات، ئەوەبوو خزمەتکارەکە دەرکەوت و وشترەکەی پێ نەبوو، ئەبووبەکر وتی: کوا وشترەکەت؟ خزمەتکارەکە وتی: دوێنێ شەو ونم کرد، ئەبووبەکر وتی: یەک وشترت پێ بوو و ونت کرد؟ ئیتر کەوتە لێدانی، پێغەمبەر(ﷺ) بزەی دەکرد و دەیفەرموو (انظروا إلى هذا المحرم وما يصنع)،[1] (تەماشای ئەم ئیحرام بەستووە بکەن چی دەکات).

ئەبووسەعید کە بەشدار بوو لە حەجیماڵئاواییدا، دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری دا و فەرمووی: (إِنَّ اللهَ خَيَّرَ عَبْدًا بَيْنَ الدُّنيَا وَبَيْنَ مَا عِنْدَهُ، فَاخْتَارَ مَا عِنْدَ اللهِ) (خوای گەورە بەندەیەکی سەرپشک کرد لەنێوان دنیا و ئەوەی لای خوا بێت، ئەویش ئەوەی لای خوای هەڵبژارد)، ئەبوبەکر کە ئەوەی بیست دەستی کرد بە گریان، منیش وتم: ئەم پیاوە بەتەمەنە بۆچی دەگری؟ بەلام دواتر تێگەیشتم کە ئەبوبەکر لە هەمووومان شارەزاتر بوو، ئەو بەندەیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.[2]

ئیبن عەبباس دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی نەخۆشیەکەیدا بە پارچە قوماشێک سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی:(إنه ليس من الناس أحد أمن علي في نفسه وماله من أبي بكر بن أبي قحافة، ولو كنت متخذا من الناس خليلا لاتخذت أبا بكر خليلا، ولكن خلة الإسلام أفضل، سدوا عني كل خوخة في هذا المسجد، غير خوخة أبي بكر)،[3] (کەس نیە بەهۆی گیان و سامانیەوە منەتباری بم جگە لە ئەبووبەکری کوڕی قوحافە، ئەگەر من

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند النساء(ﷺ)ن - حديث أسماء بنت أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٢٧٥٥٨، سنن أبي داود - كتاب المناسک - باب المحرم يؤدب غلامه، الرقم ١٨١٨، ضعفه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ١٨١٨.

[2] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب الخوخة والممر في المسجد، الرقم ٤٦٦.

[3] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب الخوخة والممر في المسجد، الرقم ٤٦٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - فضل أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٨٠٤٨.

دۆستی زۆر نزیکم لەنێو خەڵکدا بگرتایە، بە دڵنیاییەوە ئەبووبەکر دەبوو، بەڵام هاودەمی ئیسلام باشترە، لەم مزگەوتەدا چی خێمە هەیە بەروومدا دایخەن جگە لە خێمەکەی ئەبووبەکر).

پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆتا رۆژەکانی تەمەنیدا بوو، رۆژی چوارشەممەکەی تاو نارەحەتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) داگرت، بەڵام رۆژی پێنج شەممە خۆی چوو ئاڵاکەی دایە دەست ئوسامەی کوڕی زەید تا هێرش ببەنە سەر رۆم، لەنێو سوپاکەیدا ئەبووبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەطاب و ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراح و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و چەندین هاوەڵی تری گەورە هەبوون.[1]

عەبدوڵای کوڕی زەمعە دەڵێت: کاتێک نەخۆشیەکەی پێغەمبەر(ﷺ) زۆری بۆ هێنا، منیش هاودەم بە ژمارەیەک لە موسڵمانان لەلای بووم، بیلال بانگی دا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کەسێک بنێرن نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە، منیش چووم بینیم عومەر لەناو خەڵکەکەدایەو ئەبووبەکر لەوێ نیە، وتم: ئەی عومەر نوێژ بکە بۆ خەڵکەکە، عومەریش هەستا، الله اکبری کرد، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەنگی بیست هەواڵی ئەبووبەکری پرسی، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەبووبەکر نوێژی کرد بۆ موسڵمانان، دواتر عومەر پێی وتم: ماڵوێران بیت ئیبن زەمعە چیت پێکردم، بەخوا کە وتت بەرنوێژی بکە، وامزانی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی ئەوەی پێکردویت، ئەگەر وا تێنەگەیشتمایە بەرنوێژیم نەدەکرد بۆ خەڵکەکە، منیش وتم: بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کە ئەبووبەکرم نەبینی، ئیتر تۆم بە شیاوتر زانی.[2]

سالیمی کوڕی عوبەید باسی ساتەکانی نەخۆشی پێغەمبەری خوا(ﷺ)

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص١٩٠.

[2] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(ﷺ) - حديث عبد الله بن زمعة(ﷺ)، الرقم ١٩١٤٢؛ سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في استخلاف أبي بكر(ﷺ)، الرقم ٤٦٦٠؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر عبد الله بن زمعة بن الأسود(ﷺ) - ثبوت الخلافة لأبي بكر وعمر(ﷺ)، الرقم ٦٧٦٦، قال الألباني في صحيح و ضعيف سن أبي داود حسن صحيح.

دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی لە هۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، عائیشە وتی: باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر(ﷺ) هەمدی فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ وتمان: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی عائیشە وتی: باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن، بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵک)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی: ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن و پێغەمبەر(ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[١]

دواتر پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، عومەر تووڕە بووبوو دەیوت: هەرکەس بڵێت پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کردووە بەم شمشێرە دەدەم لە گەردنی، خەڵکەکە بێدەنگ بوون، وتیان: ئەی سالیم بڕۆ بۆ لای هاوەڵەکەی پێغەمبەر(ﷺ) و

[١] سنن ابن ماجة، الرقم ١٢٣٤، صححه الألباني.

بانگی بکە، منیش چووم بینیم ئەبووبەکر لە مزگەوت وەستاوە، کە منی بینی وتی: پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد؟ منیش وتم: عومەر دەڵێت: هەرکەس بڵێت وەفاتی کردووە ئەوە بەم شمشێرەم دەدەم لە گەردنی، ئەبووبەکر دەستی خستە سەر شانم و کەوتە ڕێ تا هاتە ژوورەوەو خەڵکەکە ڕێیان بۆ کردەوە تا گەیشتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و خۆی دا بەسەریدا و دەموچاوی خستەڕوو و دەستی دا لە دەموچاوی و دڵنیا بوو وەفاتی کردووە، ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە(إنک میت وإنهم میتون)، خەڵکەکە وتیان: ئەی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی کردووە؟ وتی: بەڵێ...[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، ئەبووبەکر پێغەمبەری خوای(ﷺ) ماچ کرد،[2] ئەوەبوو کە هاتە ژوورەوەو بینی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کردووە، ماچی کرد و فەرمووی: بە دایک و باوکمەوە بە قوربانت بم، بە زیندوویی و مردوویش بۆنت خۆشە، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە خوا هەرگیز دوو مەرگت پێ نۆش ناکات، دواتر چووە دەرەوەو هەواڵی مەرگی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بە خەڵکەکە گەیاندو پێی وتن هەرکەس موحەممەدی دەپەرست ئەوە موحەممەد مرد، هەرکەسیش خوا دەپەرستێت ئەوە خوا زیندووەو نامرێت، چەند ئایەتێکی خوێندەوەو خەڵکیش دەستیان کرد بە گریان.[3]

پلەوپایەی ئەبووبەکر لای پێغەمبەر(ﷺ)

ئەبووبەکر یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة).[4]

[1] السنن الكبرى للنسائي - كتاب وفاة النبي(ﷺ) - كيف صلي على رسول الله(ﷺ)، الرقم ٧٠٨١.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب مرض النبي(ﷺ) ووفاته، الرقم ٤٤٥٥.

[3] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب حدثنا الحميدي ومحمد بن عبد الله، الرقم ٣٦٦٧.

[4] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب عبد الرحمن بن عوف الزهري(ﷺ)، الرقم ٣٧٤٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر إثبات الجنة لأبي عبيدة بن الجراح، الرقم ٧٠٠٢، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم ٥٠.

(ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

ڕۆژێک موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی: من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدولڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیک لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی: بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان: کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی: سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[1]

زەید دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) منی نارد و فەرمووی: (انْطَلِقْ حَتَّى تَأْتِيَ أَبَا بَكْرٍ، فَتَجِدَهُ فِي دَارِهِ جَالِسًا مُحْتَبِيًا، فَقُلْ لَهُ: إِنَّ رَسُولَ اللهِ يَقْرَأُ عَلَيْكَ السَّلَامَ، وَيَقُولُ: أَبْشِرْ بِالْجَنَّةِ) (بڕۆ بۆ لای ئەبووبەکر دەبینیت لە ماڵی خۆیەو لەسەر کۆش دانیشتووەو خۆی کۆکردوەتەوە، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەلامت لێ دەکات و پێت دەفەرموێت موژدەی بەهەشتت لێ بێت).[2]

[1] سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في الخلفاء، الرقم ٤٦٤٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٩٣، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[2] المعجم الأوسط للطبراني - باب الألف - من اسمه أحمد - أحمد بن يحيي الحلواني، الرقم ٨٦٨

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەک لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەو زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.[1]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) بە حەسسانی فەرموو ئایا سەبارەت بە ئەبووبەکر هیچ شیعرت وتووە؟ ئەویش وتی: بەڵێ، فەرمووی: بیڵێ تا بیبیستم، ئەویش وتی:

وثاني اثنين في الغار المنيف وقد   طاف العدو به إذ صعد الجبلا

وكان حب رسول الله قد علموا   من البرية لم يعدل به رجلا

پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوەی بیست پێکەنی تا دانەکانی پێشەوەی دەرکەوت، پاشان فەرمووی: راستت وت: ئەی حەسسان، هەروایە کە تۆ وتووتە.[2]

عەمری کوڕی عاص دەڵێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) کێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی: عائیشە، وتیان: ئەی لەپیاوان؟ فەرمووی: ئەبووبەکر، وتیان: دواتر، فەرمووی: عومەر، وتیان: دواتر، فەرمووی: ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح.[3]

پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (ئەبووبەکر پیاوێکی زۆر چاکە، عومەر پیاوێکی زۆر چاکە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح پیاوێکی زۆر چاکە، ثابتی کوڕی قەیس پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذي کوڕی عەمر پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذی کوڕی جەبەل پیاوێکی زۆر چاکە، سەهلی کوڕی بەیضاء پیاوێکی زۆر چاکە).[4]

---

[1] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل طلحة والزبير(ﷺ)، الرقم ٢٤١٧.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٧٤.

[3] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر البيان بأن أبا عبيدة بن الجراح كان من أحب الرجال إلى رسول الله(ﷺ) بعد أبي بكر وعمر، الرقم ٦٩٩٨، صححه شعيب الأرناؤوط.

[4] السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - معاذ بن عمرو بن الجموح(ﷺ)، الرقم ٨١٧٣.

عەبدوڵای کوڕی حەنطەب دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووم کە تەماشایەکی ئەبووبەکر و عومەری کرد و فەرمووی: (هَذَانِ السَّمْعُ وَالبَصَرُ) (ئەو دوانە چاو وگوێن).[1]

کۆبوونەوەی بەنی ساعیدە[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد پشتیوانان لە کەپری بەنی ساعیدە کۆبوونەوە،[3] ئەوان لە دەوری سەعدی کوڕی عوبادە کۆبوونەوە، پشتیوانان پێیان وابوو دەبێت ئەوانیش پشکی خیلافەتیان هەبێت، ئینجا ئەبووبەکر و عومەر و ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح کە هەواڵەکەیان زانی، چوون بۆ لای پشتیوانان، پشتیوانان دەیانوت با ئێمە ئەمیرێکمان هەبێت و ئێوەش ئەمیرێکتان هەبێت، ئەبووبەکر قسەی کرد و وتەکانی هەموویانی قەناعەت پێکرد، لە میانەی وتەکانیدا وتی ئەمیرایەتی لە ئێمەو وەزیری لە ئێوە، بەڵام حوبابی کوڕی مونذیر وتی: نابەخوا، ئەمیرێک لە ئێوەو ئەمیرێک لە ئێمە، ئەبووبەکر تێیگەیاند کە بۆچی وای وتووە، پاشان وتی: بەیعەت بدەن بە عومەر یان بە ئەبووعوبەیدە، خێرا عومەر وتی: بەڵکو بەیعەت بە تۆ دەدەین و تۆ گەورەو چاکترینمانیت، تۆ لە هەمووومان لای پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویستتر بوویت، عومەر دەستی ئەبووبەکری گرت و بەیعەتی پێدا و خەڵکەکەش بەیعەتیان پێدا.[4]

بەیعەتدان بە ئەبووبەکر

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەک لە کۆچەران و پشتیوانان لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر دواکەوتن و هەواداری

---

[1] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٤٠٤٢؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - أبو بكر بن أبي قحافة(ﷺ) - نزول جبريل وميكائيل وإسرافيل في غزوة بدر، الرقم ٤٤٥٨؛ حسنه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

[2] خوێنەری ئازیز، ئەم بابەتە مشتومڕێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە، بۆیە لێرەدا بە کورتی دەیخەینەڕوو .

[3] صحيح البخاري - كتاب المظالم - باب ما جاء في السقائف، الرقم ٢٤٦٢.

[4] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب حدثنا الحميدي ومحمد بن عبد الله، الرقم ٣٦٦٧.

عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عبدولموطەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووذەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[1]

ئەم مەسەلەیە پەیوەست کراوە بە ناکۆکی نێوان شیعەو سوننە لەسەر مەسەلەی خیلافەت و ئیمامەت، شیعە پێیان وایە ئیمامەت لە دوای پێغەمبەر(ﷺ) بە میراتی بۆ عەلی و نەوەکانی ماوەتەوە تا رۆژی دوایی و ئەبووبەکر و هاوەڵانی تر ئەو مافەیان لێ زەوت کردووە، سوننەش پێیان وایە هیچ بنەڕەتێک نیە بۆ مەسەلەی ئیمامەتی عەلی و خیلافەتی ئەبووبەکریش دروست بووە و هەموو موسڵمانانیش لەسەری کۆدەنگ بون.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیمامەت بەشێکی چەسپاوی بیروباوەڕەو مافی عەلی کوڕی ئەبووطالیب و نەوەکانیەتی:

یەکەم: ئەو بنەرەتە کە بڕیارە بەهەشت ودۆزەخ یەکلا بکاتەوەو ریشەی قەڵەمڕەوی هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامیە تا رۆژی دوایی، بۆچی بە ئایەتێک راشکاوانە باسنەکراوە، ئایا ئەمە ناراستی ئەو بانگەشەیە نیە؟ یان ئەوەیە ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان لە کۆکردنەوەی قورئاندا راستیگەلێکی ناو قورئانیان لابردووە؟ جا ئەگەر بڵێین یەکەمیان راستە، ئیتر بنەرەتی بانگەشەی ئیمامەت بە دەلیلی قورئانی لەکاردەکەوێت، ئەگەریش بڵێین دووەمیان راستە، ئەوە هیچ بنەرەتێکی دروست بۆ ئیسلام نامێنێتەوە کە لەسەری برۆین، چونکە ئەگەر ئەوان و هاوەڵانی تر قورئانیان ناتەواو تۆمار کردبێت، کەوابوو هەم قورئان تەواوی پەیامی خوا نیە، هەم چی فەرموودەیە لەکاردەکەوێت، هەم خوێندکارەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دەبنە خوێندکارانێکی باش پەروەردە نەکرا و و ناپاک و هەلپەرست (دوور لەوان).

[1] تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج٢، ص ١٢٤.

دووەم: چۆن دەکرێت عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە موژدەپێدراوی بەهەشت و زاوای پێغەمبەر(ﷺ)و میراتگری دین و دنیایی پێغەمبەر(ﷺ) بێت، کەچی ئامادە نەبێت لەسەر ئەو مافە خوداییە شەڕ بکات و دەرفەت بدات کەسانێکی تر ڕێڕەوی بڕیاری خوا و ئایینی خوا بگۆڕن، لە کاتێکدا ئەو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) چەندین جار لە غەزاکاندا چووەتە گەرمەی جەنگەوەو باکی نەبووە لە مان و نەمانی لە دنیادا.

ئەوەی لێرەدا بە کورتی قسەی لەسەر دەکەین بریتیە لە ئاماژەکانی سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ هەریەک لە ئەبووبەکر و عەلی، کۆبوونەوەی بەنی ساعیدەو بەیعەتدان بە ئەبووبەکر، ئەوانەی لە بەیعەتدان دواکەوتن، بەیعەتدانی عەلی بە ئەبووبەکر.

چەند ئاماژەیەکی سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەبووبەکر

جارێک جوبەیر لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو کە ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە ئافرەتەکە جارێکی تر بێتەوە بۆ لای، ئافرەتەکە وتی: ئەی ئەگەر هاتمەوەو تۆم نەبینی؟ وەک ئەوەی بڵێت ئەگەر مردبوویت، ئەویش فەرمووی:(إن لم تجديني فأتي أبابكر)،[1] (ئەگەر منت بەدی نەکرد وەرە بۆ لای ئەبووبەکر).

ئبن عەبباس دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی نەخۆشیەکەیدا بە پارچە قوماشێک سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی:(إنه ليس من الناس أحد أمن علي في نفسه وماله من أبي بكر بن أبي قحافة، ولو كنت متخذا من الناس خليلا لاتخذت أبا بكر خليلا، ولكن خلة الإسلام أفضل، سدوا عني كل خوخة في هذا المسجد، غير خوخة أبي بكر)،[2] (کەس نیە بەهۆی گیان و سامانیەوە منەتباری بم جگە لە ئەبووبەکری کوڕی قوحافە، ئەگەر من

---

[1] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب حدثنا الحميدي ومحمد بن عبد الله، الرقم ٣٦٥٩؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٢٣٨٦.

[2] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب الخوخة والممر في المسجد، الرقم ٤٦٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - فضل أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٨٠٤٨.

دۆستی زۆر نزیکم لەنێو خەڵکدا بگرتایە، بە دڵنیایەوە ئەبووبەکر دەبوو، بەڵام هاودەمی ئیسلام باشترە، لەم مزگەوتەدا چی خێمە هەیە بەروومدا دایخەن جگە لە خێمەکەی ئەبووبەکر).

عەبدوڵای کوڕی زەمعە دەڵێت: کاتێک نەخۆشیەکەی پێغەمبەر(ﷺ) زۆری بۆ هێنا، منیش هاودەم بە ژمارەیەک لە موسڵمانان لەلای بووم، بیلال بانگی دا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کەسێک بنێرن نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە، منیش چووم بینیم عومەر لەناو خەڵکەکەدایەو ئەبووبەکر لەوێ نیە، وتم: ئەی عومەر نوێژ بکە بۆ خەڵکەکە، عومەریش هەستا، الله اکبری کرد، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەنگی بیست هەواڵی ئەبووبەکری پرسی، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەبووبەکر نوێژی کرد بۆ موسڵمانان، دواتر عومەر پێی وتم: ماڵوێران بیت ئیبن زەمعە چیت پێکردم، بەخوا کە وتت بەرنوێژی بکە، وامزانی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی ئەوەی پێکردویت، ئەگەر وا تێنەگەیشتمایە بەرنوێژیم نەدەکرد بۆ خەڵکەکە، منیش وتم: بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کە ئەبووبەکرم نەبینی، ئیتر تۆم بە شیاوتر زانی.[1]

سالیم باسی ساتەکانی نەخۆشی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی لە هۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، عائیشە وتی: باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو

[1] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(ﷺ) - حديث عبد الله بن زمعة(ﷺ)، الرقم ١٩١٤٢؛ سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في استخلاف أبي بكر(ﷺ)، الرقم ٤٦٦٠؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر عبد الله بن زمعة بن الأسود(ﷺ) - ثبوت الخلافة لأبي بكر وعمر(ﷺ)، الرقم ٦٧٦٦، قال الألباني في صحيح و ضعيف سن أبي داود حسن صحيح.

گریان دایدەگریت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر(ﷺ) هەمدی فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ وتمان: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی عائیشە وتی: باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگریت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مُرُوا بِلَالًا فَلْيُؤَذِّنْ، وَمُرُوا أَبَا بَكْرٍ فَلْيُصَلِّ بِالنَّاسِ، فَإِنَّكُنَّ صَوَاحِبُ يُوسُفَ أَوْ صَوَاحِبَاتُ يُوسُفَ) (بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵک، ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن،)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی: ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن و پێغەمبەر(ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[1]

چەند ئاماژەیەکی تایبەت بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب:

بەرائی کوڕی عازب بەسەرهاتێکی بەشداربوونی لە حەجی ماڵئاوایی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەو حەجەدا بووین کە تیایدا پێغەمبەر(ﷺ) حەجی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) لە نێوەندی رێدا دابەزی و فەرمانی کرد بە نوێژ، دەستی عەلی گرت و فەرمووی: ئایا من بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشتر نیم؟ وتیان: با، فەرمووی: ئایا بۆ هەر باوەڕدارێک من لە نەفسی خۆی لەپێشتر نیم؟ وتیان: با، فەرمووی: (فهذا ولي من أنا مولاه، اللهم وال من والاه، اللهم عاد من عاداه)،[2] دەی ئەمە وەلی هەر کەسە کە من مەولای بم، خوایە

---

[1] سنن ابن ماجه – أبواب إقامة الصلاة والسنة فيها – باب ما جاء في صلاة رسول الله(ﷺ) في مرضه، الرقم ١٢٣٤، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[2] سنن ابن ماجه – أبواب السنة – باب في فضائل أصحاب رسول الله(ﷺ) – فضل علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ١١٦، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة.

لەگەڵ ئەوەبە کە لەگەڵیەتی و دژی ئەوە بە کە دژیەتی).

ئیبن عەبباس دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت و ئازارەکەی زیادی کرد، فەرمووی: (پەڕەیەکم بۆ بهێنن تا نووسراوێکتان بۆ بنووسم تا دوای ئەوە گومڕا نەبن)، عومەری کوڕی خەططاب وتی: پێغەمبەر(ﷺ) ئازار زۆری بۆ هێناوە، هاوکات کتێبی خوا لەنێوماندایە بەسمانە، ئیتر قسەو مشتومڕ لەنێو هاوەڵاندا زۆر بوو تا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (قوموا عني ولا ينبغي عندي التنازع)،[1] (لەلام هەستن و بڕۆن و شیاو نیە لە لای مندا ناکۆکی هەبێت)، ئیبن عەبباس کە ئەم فەرموودەی دەگێڕایەوە دەیوت: ڕۆژی پێنج شەممە بوو، ئینجا دەستی کرد بە گریان و زۆر گریا.[2]

جا شیعەو هەوادارانیان پێیان وابووە پێغەمبەر(ﷺ) ویستوویەتی ئەو نووسراوە بنووسێت بۆ عەلی کوڕی ئەبووطالیب، بەڵام عومەری کوڕی خەططاب ئەوەی زانیوە، بۆیە ڕێی لێگرتووە.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت، خەڵکی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان وت: ئەری پێغەمبەر(ﷺ) حاڵی چۆنە؟ وتی: سوپاس بۆ خوا باشەو چاک دەبێتەوە، عەبباس دەستی عەلی گرت و وتی: مەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) نابینیت؟ بەخوا من تەواو وای دەبینم پێغەمبەر(ﷺ) لەم نەخۆشیەیدا کۆچی دوایی دەکات، با بچین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیاری لێ بکەین تا بزانین کارو بەرپرسیاریەتی دواتر بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمەیە با بیزانین، ئەگەریش بۆ ئێمە نیە پێی دەڵێین و وەسیەتمان بۆ دەکات، عەلی وتی: بەخوا ئەگەر پرسیار لە پێغەمبەر(ﷺ) بکەین لەوبارەوە-داوای بکەین-و ڕازی نەبێت پێمان ببەخشێت، ئەوە ئیتر هەرگیز خەڵکی پێمان نابەخشێت، منیش هەرگیز ئەو پرسیارە لە پێغەمبەر(ﷺ) ناکەم.[3]

[1] صحيح البخاري - كتاب العلم - باب كتابة العلم، الرقم ١١٤.

[2] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب هل يستشفع إلى أهل الذمة ومعاملتهم، الرقم ٣٠٥٣؛ صحيح مسلم - كتاب الوصية - باب ترك الوصية لمن ليس له شيء يوصي فيه، الرقم ١٦٣٧.

[3] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب مرض النبي(ﷺ) ووفاته، الرقم ٤٤٤٧.

بەیعەتدانی عەلی بە ئەبووبەکر:

لەم بارەیەوە دوو گێڕانەوەی سەرەکی هاتون کە بریتین لە:

گێڕانەوەی یەکەم:

کاتێک خەلیفەی باوەڕداران لە ڕۆژی دووەمدا بەیعەتی لە موسڵمانان وەردەگرت، هەریەک لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری کوڕی عەووام لەوێ نەبوون، بۆیە ئەبووبەکر داوای عەلی کرد، برێک لە پشتیوانان چوون عەلییان هێنا، ئەبووبەکر وتی: ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر(ﷺ) دەتەوێت ریزی موسڵمانان دووکەرت بکەیت؟ عەلی وتی: کێشەم نیە ئەی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوەبوو بەیعەتی پێدا، ئینجا تەماشای کرد زوبەیر دیار نیە، بۆیە ناردی بە شوێنیدا و زوبەیر هات، زوبەیر وتی: پورزا و حەواری پێغەمبەر(ﷺ) دەتەوێت ریزی موسڵمانان دووکەرت بکەیت؟ ئەویش هەمان شتی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب وتەوەو بەیعەتی پێدا.[1]

گێڕانەوەی دووەم:

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)، فاطیمە داوای لە ئەبووبەکر کرد تا لە بەجێماوی پێغەمبەر(ﷺ) میراتی پێ بدات، ئەبووبەکر پێیوت پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی(چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)، فاطیمە بەوە تووڕە بوو و دەنگی لە ئەبووبەکر وەرگرت و تا مرد ئەبووبەکری نەدواند، کە فاطیمە وەفاتی کرد عەلی بە شەو ئەسپەردەی کرد و ئەبووبەکری بانگ نەکرد، دوای مردنی فاطیمە دەموچاوی

---

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - أبو بكر بن أبي قحافة(ﷺ) - ذكر الاختلاف في أمر الخلافة ثم الإجماع على خلافة أبي بكر(ﷺ)، الرقم ٤٤٨٣، سكت عنه الذهبي في التلخيص. قال ابن كثير في البداية والنهاية: قال أبو علي الحافظ: سمعت محمد بن إسحاق بن خزيمة يقول: جاءني مسلم بن الحجاج، فسألني عن هذا الحديث فكتبته له في رقعة، وقرأته عليه وقال: هذا حديث يسوى بدنة، فقلت: يسوى بدنة؟ ! بل يسوى بدرة. ثم قال: وهذا إسناد صحيح محفوظ من حديث أبي نضرة المنذر بن مالك بن قطعة، عن أبي سعيد سعد بن مالک بن سنان الخدري، وفيه فائدة جليلة وهي مبايعة علي بن أبي طالب إما في أول يوم أو في اليوم الثاني من الوفاة. وهذا حق فإن علي بن أبي طالب لم يفارق الصديق في وقت من الأوقات، ولم ينقطع في صلاة من الصلوات خلفه.

خەڵکی شیرین نەدەبینی، بۆیە بڕیاری دا لەگەڵ ئەبووبەکر ڕێکبکەوێت و بەیعەتی پێبدات، ئەو ماوەیەش-شەش مانگە- هێشتا بەیعەتی نەدابوو، بۆیە هەواڵی نارد بۆ ئەبووبەکر و وتی: وەرە بۆ لامان و با کەس نەیەت لەگەڵتدا، چونکە حەزی نەدەکرد عومەر ئامادەی کۆڕەکە بێت، عومەر کە ئەوەی زانی وتی: نا بەخوا بە تەنها ناچیت بۆ لایان، ئەبووبەکر وتی: بۆ پێت وایە چیم پێ دەکەن؟ بەخوا دەچم بۆ لایان، ئەبووبەکر چوو بۆ لایان، عەلی قسەی کرد و وتی: ئێمە فەزڵی تۆ دەزانین و ئاگادارین خوا چی پێ بەخشیویت، حەسودیش نابەین بەو خێرەی خوا پێیداویت، بەڵام تۆ تاکڕەوانە بێ ئێمە بڕیارت دا، ئێمە پێمان وابوو بە نزیکیمان لە پێغەمبەر(ﷺ) پشکێکمان دەبێت، کە ئەبووبەکر ئەم قسانەی بیست چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، ئینجا ئەبووبەکر قسەی کرد و وتی: سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە، خزمایەتی و نزیکی پێغەمبەری خوام(ﷺ) لا ئازیزترە لە پەیوەندی خزمایەتی خۆم، بەڵام ئەوەی لە نێوان من و ئێوەدا سەبارەت بەو سامانە هەبووە، لەبەر چاکە بووەو بینیبێتم پێغەمبەر(ﷺ) چی کردبێت منیش وامکردووە، عەلی بە ئەبووبەکری وت: سبەی ئێوارە وادەی بەیعەت دەبێت، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر نوێژی نیوەڕۆی کرد، چوویە سەر مینبەر و شایەتومانی وتەوەو باسی عەلی و شکۆی کرد و باسی ئەوەشی کرد کە بەیعەتی نەداوە و بیانووی عەلی بۆ ئەوە چی بووە، دواتر داوای لێخۆشبوونی لە خوا کرد، ئینجا عەلی شایەتومانی وتەوەو باسی گەورەیی مافی ئەبووبەکری کرد و وتی: ئەوەی کردوویەتی لەبەر حەسوودی بردن بە ئەبووبەکر و لەبەرچاو نەگرتنی فەزڵی نەبووە، بەڵکو پێی وابووە پشکی هەبووە لەو بوارەدا و ئەبووبەکر تاکڕەوانە بۆ خۆی بردووە، بەوە دڵمان نارەحەت بوو، موسڵمانان بەمە دڵخۆش بوون و وتیان: ڕاستت پێکا.[1]

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة خيبر، الرقم ٤٢٤٠؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب قول النبي(ﷺ) لا نورث ما تركنا فهو صدقة، الرقم ١٧٥٩.

ئیبن حەجەر دەڵێت: سەبارەت بە داواکاری ئامادەنەبوونی عومەر لەبەرئەوە بوو کە دەیانناسی عومەر لە گوفتار و کرداریشدا رەق و توندە، بەڵام ئەبووبەکر کەسێکی نەرم بوو، سەبارەت بەوەش کە دەڵێت: ئەو ماوەیە بەیعەتی پێ نەداوە، لەوانەیە مەبەستی ئامادە نەبوونی بووبێت لە کۆڕ و کۆبوونەوەیدا.[1]

نەوەوی لە شەرحی فەرموودەکەدا دەڵێت: مەبەست بەوەی دەڵێت: (فاتیمە تا مرد نەیدواند) ئەوەیە کە یان لەو بارەوە حسابی میرات-نەیدواندووە، یان ئەوەیە خۆی لێ دوورگرتووە، نەک ئەوەی بە یەک بگەن و سەلام لە ئەبووبەکر نەکات و قسەی لەگەڵ نەکات، سەبارەت بە بەیعەت نەدانەکەی عەلیش ئەوە زانایان کۆکن لەسەرئەوەی مەرج نیە بۆ دروستی بەیعەت هەموو خەڵک و هەموو ئەهلی حەل و عەقدیش بەیعەت بدەن، بەڵکو مەرجەکە ئەوەیە چەندە لە کۆی زانا و سەرکردەو پیاوماقوڵانی ناو خەڵک بگونجێت بەیعەت بدەن، هەروەها مەرج نیە هەر کەس دەست بخاتە دەستی و بەیعەت بدات، کەسێک ملکەچ بێت و دژایەتی نیشان نەدات بەسە، عەلیش لەو ماوەیەدا ئاوا بووە، بەڵکو نەیاری نەنواندووەو ریزی کەرت نەکردووە، بەڵکو گلەییەک لە دڵیدا ماوەتەوەو وەستاوە تا ئەوە نەماوە، جا ئەم فەرموودەیە روونکردنەوەی دروستی خیلافەتی ئەبووبەکرە.[2]

ئیبن کەثیر سەبارەت بەوەی کام لەم دوو گێڕانەوەیە راستە دەڵێت: بەیعەتی پاش مەرگی فاطیمە بەیعەتی دووپات کردنەوە بوو و دووەم بەیعەت بوو، بەڵکو لەو ماوەدا عەلی لە دوای ئەبووبەکرەوە نوێژی دەکرد و بۆ راوێژ لای ئەبووبەکر بوو و لەگەڵیشیدا چوو بۆ ذیلقیصصە.[3]

---

[1] فتح الباري، ج٧، ص ٤٩٥.

[2] شرح النوي على صحيح مسلم، ج١٢، ص ٧٤،٧٧،٧٨.

[3] البداية والنهاية لابن كثر، ج٥، ص ٢٨٦.

ئایا عەلی حەزی بە خیلافەت هەبووە؟

سەبارەت بەوەی ئایا عەلی حەزی بە خیلافەت هەبووە یان نا، ئەوا دەتوانین بە چەند بەڵگەیەک بیسەلمێنین کە بەڵێ، بەڵام سەبارەت بەوەی ئایا خیلافەتی بۆ واجب بووە یان نا، ئەوە هیچ بەڵگەیەکی صەحیح نیە بۆ واجب بوونی خیلافەت یان ئەوەی شیعە پێی دەڵێت: ئیمامەت بۆ عەلی:

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت، خەڵکی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان وت: ئەری پێغەمبەر(ﷺ) حاڵی چۆنە؟ وتی: سوپاس بۆ خوا باشەو چاک دەبێتەوە، عەبباس دەستی عەلی گرت و وتی: مەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) نابینیت؟ بەخوا من تەواو وای دەبینم پێغەمبەر(ﷺ) لەم نەخۆشیەیدا کۆچی دوایی دەکات، با بچین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیاری لێ بکەین تا بزانین کارو بەرپرسیاریەتی دواتر بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمەیە با بیزانین، ئەگەریش بۆ ئێمە نیە پێی دەڵێین و وەسیەتمان بۆ دەکات، عەلی وتی: بەخوا ئەگەر پرسیار لە پێغەمبەر(ﷺ) بکەین لەوبارەوە-داوای بکەین-و رازی نەبێت پێمان ببەخشێت، ئەوە ئیتر هەرگیز خەڵکی پێمان نابەخشێت، منیش هەرگیز ئەو پرسیارە لە پێغەمبەر(ﷺ) ناکەم.[1]

لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا سەبارەت بە بەیعەتدانی عەلی بە ئەبووبەکر، کاتێک عەلی قسەی کرد وتی: ئێمە فەزڵی تۆ دەزانین و ئاگادرین خوا چی پێ بەخشیویت، حەسودیش نابەین بەو خێرەی خوا پێیداویت، بەڵام تۆ تاکڕەوانە بێ ئێمە بڕیارت دا، ئێمە پێمان وابوو بە نزیکیمان لە پێغەمبەر(ﷺ) پشکێکمان دەبێت،[2] ئەمەش ئاماژەیە بەوەی نیازی هەبووە پشکی هەبێت.

حەسەنی کوڕی عەلی پێش مردنی حوسەینی برای بانگ کرد و ئەم وەسیەتەی بۆ کرد: (براکەم باوکمان-عەلی- بەر رەحمەتی خوا بکەوێت کە

---

[1] صحیح البخاري - كتاب المغازي - باب مرض النبي(ﷺ) ووفاته، الرقم ٤٤٤٧.

[2] صحیح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة خيبر، الرقم ٤٢٤٠؛ صحیح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب قول النبي(ﷺ) لا نورث ما تركنا فهو صدقة، الرقم ١٧٥٩.

پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد خۆی بۆ ئەم بارە-دەسەڵات- دانابوو و هیوای وابوو بۆ ئەو بێت، ئەوەبوو خوا دووری گرت لێی و دایە دەست ئەبووبەکر، کە ئەبووبەکر سەرەمەرگی هات هەمدی حەزی پێکرد، ئەوەبوو هەمدی دوورخرایەوە لێی و بەر عومەر کەوت، کە عومەر سەرەمەرگی هات کردی بە شوورا لە نێوان شەش کەسدا کە باوکمان یەکێک بوو لەوان، ئەوەبوو بەر عوثمان کەوت، کە عوثمانیش کوژرا بەیعەتی پێدرا، دوایی ململانێی لەگەڵ کرا تا شمشێری بۆ هەڵکرد و لەسەری جەنگا، بارەکە بۆی لەبار نەبوو و هیچی لێ دەست نەکەوت، سوێند بەخوا وانابینم خوای گەورە پێغەمبەرایەتی و خیلافەتیش لە ناو ئێمەی ئالوبەیتدا کۆبکاتەوە.[1]

سەعدی کوڕی عوبادەو خیلافەتی ئەبووبەکری صدیق

بڕێک گێرانەوە هاتون سەبارەت بەوەی سەعدی کوڕی عوبادە ئامادە نەبوە بەیعەت بدات بە ئەبووبەکر و هەوڵی داوە پشکی پشتیوانان سەربخات و تا دواساتی ژیانی بەیعەتی نەداوە، ئەمە لە راستیەوە دوورەو تەنها بۆ شێواندنی مێژووی ئیسلامیە، ئەگەرنا چ رابردووی سەعد و چ دەقە صەحیحەکان ئەوە دەسەلمێنن مەسەلەکە وا نەبووە، بەڵام وەک سپاردەیەکی زانستی هەموو دەقەکان دەهێنین:

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و پشتیوانان لە کەپری بەنی ساعیدە کۆبوونەوە، لە دەوری سەعدی کوڕی عوبادە کۆبوونەوەو دەیانوت ئەمیرێک لە ئێمەو ئەمیرێک لە پشتیوانان، ئەوان دەیانویست بەیعەت بە سەعدی کوڕی عوبادە بدەن.[2]

سەعد لەو کاتەدا نەخۆش بوو و تایەکی زۆری هەبوو، خۆی گرمۆڵە کردبوو.[3]

---

[1] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص ٣٩١-٣٩٢.

[2] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب حدثنا الحميدي ومحمد بن عبد الله، الرقم ٣٦٦٧.

[3] صحيح البخاري - كتاب الحدود وما يحذر من الحدود - باب رجم الحبلى من الزنا إذا أحصنت، الرقم ٦٨٣٠.

بە پێی گێڕانەوەیەکی لاواز-ذەهەبی دەڵێت: سەنەدەکەی بەو جۆرەیە کە دەیبینیت - هاتووە کاتێک بەیعەت درا بە ئەبووبەکری صدیق، ئەبوبەکر ناردی بە شوێن سەعددا و پێی وت: وەرە بەیعەت بدە وا خەڵکەکە بەیعەتیان داوە، بەڵام سەعد وتی: بەخوا بەیعەتتان پێ نادەم تا هاودەم بەوانەی لەگەڵ منن لەگەڵتان دەجەنگم، بەشیری کوڕی سەعد لەوێ بوو وتی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو یاخی بووە و تا نەکوژرێت بەیعەتتان پێ نادات، تا منداڵ و عەشرەتەکەشی لەگەڵی نەکوژرێن ناکوژرێت، بۆیە تا دەتوانن مەیبزوێنن، ئەو خۆی تەنهایە، ئەبووبەکریش وازی لێهێنا، دواتر کە عومەر بوو بە خەلیفە پێی گەیشت و وتی: ئێ سەعد، ئەویش وتی: ئێ عومەر، عومەر لێی پرسی بەیعەتی پێ دەدات، کەچی وتی: هاوەڵەکەت لە تۆ لامان خۆشەویستتر بوو، بەحوا حەزم بە دراوسێیەتیت نیە، عومەر وتی: هەرکەس رقی بێت لە دراوسێکەی جێی دێڵێت، ئەوەبوو سەعد چوو بۆ شام و پاش ماوەیەک لەوێ مرد.(١)

بەڵام بەپێی گێڕانەوەی صەحیح هاتووە کە کاتێک پشتیوانان داوای خیلافەتیان کرد و ئەبووبەکر دواتر وتاری پێشکەش کرد، تیایدا وتی: ئەی سەعد تۆ خۆت لای پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبوویت کە فەرمووی: (قريش ولاة هذا الامر، فبر الناس تبع لبرهم و فاجرهم تبع لفاجرهم)، (قورەیشیەکان هەڵگری ئەم پرسەن، خەڵکی چاکەکاریان شوێنکەوتەی چاکەکاریانن و خراپەکاریشیان شوێنکەوتەی خراپەکاریانن)، سەعد پێی وت: راست دەکەیت، دەی ئێمە وەزیر و ئێوەش ئەمیرن.(٢)

پاشان، ئەگەر سەعد ئامادە نەبووبێت بەیعەت بدات لەکاتێکدا گەورە و قسەرۆیشتووی ناو پشتیوانان بووەو هەموان رازی بون بە بڕیارەکانی، چۆن

---

(١) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٧٧، قال الذهبي إسنادها كما ترى.

(٢) مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ١٩، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره.

لە هەموو ماوەی خیلافەتی ئەبووبەکر و عومەردا کێشە و گرفتێکی نەنایەوە، چۆن لەکاتی ئەو هەموو بارگرژیەی سەردەمی خەلیفە ئەبووبەکردا دەستی خۆی نەوەشاند و هەوڵی جوداخوازی نەدا، بۆیە ئەمانە تەنها خەونی کەسانێک بووە کە حەزیان کردووە ئاقاری رووداوی کەپری بەنی ساعیدە وای لێ بێت و دواتر ئەو خەونەیان داڕشتووەو لە سەرچاوەکاندا دایانناوەتەوە، ئەگەرنا لە روانگەی مێژووییەوە هیچ پاڵپشتیەکی واقیعی دەست ناکەوێت.

ماوەی خیلافەتی ئەبووبەکر

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و بەیعەت درا بە ئەبووبەکری صدیق، ئەبووبەکر لە ماڵی حەبیبەی ژنی بوو کە لە ناوچەی سونح بوو و دوور بوو لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەوەبوو ماوەی شەش مانگ لە خیلافەتی رۆژانە بە پێ یان هەندێ جار بە سوارێک دەچوو بۆ ناو مەدینە بۆ لای مزگەوت و دواتر دەگەڕایەوە بۆ ماڵی ئوممو حەبیبە.[1]

پرسی ئالوبەیت

پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتدان بە ئەبووبەکری صدیق، فاتیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) و عەبباسی مامی پێغەمبەریش(ﷺ) چوون بۆ لای ئەبووبەکرو داوای میراتییان کرد، ئەبووبەکریش پێی راگەیاندن کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی دوای خۆی میراتی جێناهێڵێت و هەرچی جێهێشت ئەوە صەدەقەیە.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)، فاطیمە داوای کرد لە ئەبووبەکر تا لە بەجێماوی پێغەمبەر(ﷺ) میراتی پێ بدات، ئەبووبەکر پێی وت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی (لَا نُورَثُ، مَا تَرَكْنَا صَدَقَةٌ) (چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)، فاطیمە بەوە تووڕە بوو و دەنگی لە ئەبووبەکر وەرگرت و تا مرد هەروا بوو.[3]

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٨٦.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣١٥.
[3] صحيح البخاري - كتاب فرض الخمس - باب فرض الخمس، الرقم ٣٠٩٢.

چەند شەوێکی کەم بەسەر وەفاتی پێغەمبەردا(ﷺ) تێپەڕ بووبوو، ئەبووبەکری صدیق نوێژی عەسری کرد بۆ موسڵمانان، کە لێبوونەوە هاتەدەرەوەو عەلیش لەگەڵیدا بوو دەرۆیشتن بە ڕێدا، ئەبووبەکر حەسەنی بینی کە لەگەڵ چەند منداڵێک یاری دەکرد، ئەبووبەکر حەسەنی گرتە قەلادۆشکان و دەیوت: لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچێت نەک لە عەلی، عەلیش پێدەکەنی.[1]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەیعەتی دا بە ئەبووبەکری صدیق، زۆریش لێی ڕازی بوو، عەلی دەیوت: پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکری پێشخست بۆ بەرنوێژی لەکاتێکدا من ئامادەو لەشساغیش بووم، ئەگەر بیویستایە منی پێشدەخست، بۆیە ئەو کەسەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ دینەکەمان پێی ڕازی بوو، ئێمەش بۆ دنیاکەمان پێی ڕازی بووین،[2] هەروەها دەیوت: چاکترینی ئەم ئوممەتە دوای پێغەمبەرەکەی ئەبووبەکرو عومەرن.[3]

فەرموودەیەک بە صەحیحی هاتووە کە مشتومڕێک لەسەر ڕوانینی عەلی بۆ میراتی پێغەمبەر(ﷺ) دەخاتەڕوو، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

مالیکی کوڕی ئەوس دەڵێت: عومەری کوڕی خەططاب ناردی بە شوێن مندا، منیش چووم بۆ لای و ئەوکات خۆر لە بەرزایی ئاسمان بوو، دەبینم لەماڵەوە دانیشتووەو لەسەر پشتیەکی پێستە پاڵی داوەتەوە، پێی وتم: ئەی ماڵ-ناوەکەی کورت کردوەتەوە- خەڵکی لە هۆزەکەت هاتن و منیش بەخششێکی کەمم کردن، بڕۆ لە نێوانیاندا دابەشی بکە، منیش وتم: بریا کەسێکی ترت لەبری من ڕاسپاردایە، ئەویش وتی: مالیک لێنەوە، ئینجا یەرفەء -پەردەدارەکەی عومەر- هات و وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەت دەدەیت عوثمان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٤١؛ صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب صفة النبي(ﷺ)، الرقم ٣٥٤٢.

[2] فضائل الخلفاء الراشدين لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ١٩٠، الشريعة للآجري، الرقم ١٧٧٥.

[3] نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ٢٩.

زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بێنە ژوورەوە؟ عومەر وتی: بەڵێ، ئەویش مۆڵەتی پێدان و هاتنە ژوورەوە، ئینجا یەرفەء هاتەوەو وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەتی عەبباس و عەلی دەدەیت بێنە ژوورەوە؟ وتی: بەڵێ، مۆڵەتی دا و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، عەبباس وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران لەنێوان من و ئەم درۆزنە تاوانبارە ناپاکە خیانەتکارەدا دادوەری بکە-مەبەستی عەلی بوو- ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وتیان: بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران دادوەری نێوانیان بکەو ڕەحم بەرامبەریان بنوێنە، -مالیک دەڵێت: وام هاتە پێش چاو ئەو چوارەش بۆ هەمان شت هاتبوون بۆ لای عومەر- عومەر وتی: لەسەرخۆ بن، دواتر ڕوویکردەوە ئەو دەستەیە و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان: بەڵێ، ئینجا تەماشای عەلی و عەبباسی کرد و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان: بەڵێ، عومەر وتی: دەی خوا تایبەتمەندیەکی بە پێغەمبەر(ﷺ) بەخشیوە کە بە هیچ کەسی تری نەبەخشیوە، خوا دەفەرموێت (وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) لەوەش ئەوەی بەنو نەضیر بوو، دەی بەخوا تایبەتی نەکرد بە خۆی و بێبەشی نەکردن، پێغەمبەر(ﷺ) خەرجی ساڵێک یان خەرجی ساڵێکی خۆی و خێزانەکانی لێ هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە لە ڕێی خوادا دەیبەخشی، ئینجا عومەر ڕوویکردە ئەو چوارەی تر و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەوە دەزانن؟ وتیان: بەڵێ، ئینجا لایکرد بە لای عەلی و عەبباسدا و وتی: سوێندتان دەدەم بە

خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەم دوانەشتان ئەمە دەزانن؟ وتیان: بەڵێ، عومەر وتی: کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووبەکر وتی: من دۆست و وەلی پێغەمبەری خوام(ﷺ)، تۆ-عەبباسی دەدواند- و ئەمە-واتە عەلی- چوون بۆ لای ئەبووبەکر، تۆ میراتی برازاکەتت داوا دەکرد-واتە پێغەمبەر(ﷺ)- ئەمیش میراتی ژنەکەی-واتە فاطیمە- لە باوکیەوە -واتە پێغەمبەر(ﷺ)- داوا دەکرد، ئەبووبەکر وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی(میراتی جێناهێڵین، ئەوەی جێی دەهێڵین صەدەقەیە)، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی درۆ دەکات و تاوانبار و ناپاکە، خواش دەزانێت راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو بوو و شوێن حەق کەوتبوو، ئەوەبوو دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر کە ئەبووبەکر وەفاتی کرد من وتم: من دۆست و وەلی پێغەمبەر(ﷺ) و دۆست و وەلی ئەبووبەکرم، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی من درۆ دەکەم و تاوانبار و ناپاک و خیانەتکارم، خواش زانایە کە من راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو و شوێنکەوتەی حەقم، ئەوەبوو دەسەڵاتم گرتەدەست، ئینجا ئێستا تۆ و ئەمە و هەموو ئێوەش هاتون و قسەتان یەکەو لەو بارەوە پرسیار لە من دەکەن-واتە باری دەسەڵات-، منیش دەڵێم ئەگەر ئەم دوانەتان دەتانەوێت ئەوە بدەمە ئێوەو بەرامبەر بەوە بەڵێنی خواتان لەسەر بێت کە بەو جۆرەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری بوو لەسەری برۆن، لەسەر ئەوە لە منی وەربگرن و دواتر بێن بۆ لام و داوا بکەن بە بارێکی تر-جیا لەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دەرۆیشت- دادوەری نێوانتان بکەم؟! نا بەخوا تا رۆژی دوایی جگە لەوە-کە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دەچوو- دادوەری نێوانتان ناکەم، ئەگەریش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئەوە بیدەنەوە دەست خۆم.[1]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب حديث بني النضير ومخرج رسول الله(ﷺ) إليهم، الرقم ٤٠٣٣؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب حكم الفيء، الرقم ١٧٥٧؛ سنن أبي داود - كتاب الخراج والفيء والإمارة - باب في صفايا رسول الله(ﷺ) من الأموال، الرقم ٢٩٦٣.

لەم فەرمووودەدا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەکەوە هەموو ئەو هاوەڵانە دانیان بەوەدا ناوە کە بیستوویانە لە پێغەمبەر(ﷺ) میراتی جێناهێڵێت و لەوەدا ئەبووبەکر لەسەر حەق بوو کە میراتی نەبەخشی بە فاطیمە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر بوونی کێشەی نێوان هاوەڵان و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها عومەر لە هەڵوێستی عەلی و عەبباسەوە روانینی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نیشانداوە کە لەوانەیە ئەوان ئەویش و ئەبووبەکریش بە درۆزن و ناپاک تەماشا بکەن، لەکاتێکدا بەپێی گێڕانەوەی تر کە باسمان کردووە ئەو گومانە نەبووە، بەڵام ئەم دەربڕینە هاوشێوەی ئەوەیە کەسێک کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت بۆ زیاتر سەلماندنی حەقبوونی دەڵێت: هەرچەندە تۆ وادەزانیت من ئاواو ئاوەهام، لەلایەکەوە تا ئەگەر ناخی بەرامبەر شتێکی تێدا بێت رێی بۆ بکاتەوە تا ئاشکرای بکات، لەلایەکی تریشەوە تا پێی بڵێت من رام وایە تۆ وا بیر دەکەیتەوە.

کاتێ ئەبووبەکر وەفاتی کرد بە بەرگێ دایانپۆشی و گریان مەدینەی گرتەوەو خەڵکی شڵەژان چەشنی ئەو رۆژەی پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کرد، عەلی کوڕی ئەبووطالیب خێرا بە گریانەوە گەڕایەوەو دەیفەرموو (ئەمڕۆ خیلافەتی پێغەمبەر(ﷺ) دابڕا)، ئینجا هات تا گەیشتە بەردەرگای ئەوماڵەی ئەبووبەکری تێدا بوو، وەستا و وتی: (بەر رەحمەتی خوا کەویت ئەی ئەبووبەکر، تۆ یەکەم کەس بوویت موسڵمان بوویت، لەهەمووان پوختتر و دڵسۆزانەتر باوەڕت هێنا، دڵنیایی و بێگومانیت لە هەموان زیاتر بوو، لە هەموان لەخواترس تر و دەوڵەمەندتر بوویت و لە هەموان زیاتر لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بوویت... پلەوپایەت لە هەموویان بەرزتر بوو، پێشرەوی هەموویان بوویت، پلەت لەهەموویان بەرزتر بوو، لە هەموویان زیاتر لە پێغەمبەری خواوە نزیک بوویت، لەرووی رەوشت و هەڵوێستەوە لە هەموان زیاتر لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوویت، لای پێغەمبەر(ﷺ) لە هەموویان

جێ متمانەتر و پایەبەرزتر بوویت و بەڕێزتریان بوویت لە خزمەتیدا، دەی خوای گەورە لەسەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەی و موسڵمانان پاداشتی خێرت بداتەوە، کاتێ خەڵکی پێغەمبەری خوایان بە درۆزن دەزانی تۆ بەراستت دەزانی، بۆیە خوای گەورە لە کتێبەکەی خۆیدا بە صدیق ناوی هێنایت (و الذي جاء بالصدق)، کاتێ خەڵکی بەرامبەر پێغەمبەر(ﷺ) پیسکە بوون، تۆ شوێنکەوتە و دڵنەواکەری بوویت، کاتێ خەڵکی دانیشتن و لەگەڵی نەچوون تۆ لەگەڵیدا راوەستایت، لەکاتی سەختیدا بە جوانترین شێوە هاوەڵی ئەوت کرد، سوکناییت بۆ دەهێنا و هاوڕێی کۆچ و باروحاڵی نارەحەتی پێغەمبەر(ﷺ) بوویت، دوای پێغەمبەر(ﷺ) بەجوانترین شێوە خیلافەتت کرد بۆ ئوممەتەکەی، کاتێ خەڵکی لە ئیسلام هەڵگەرانەوە بەجۆرێک ئایینی خوات بەجێگەیاند کە خەلیفەی هیچ پێغەمبەرێکی پێشتر وا بەجێی نەگەیاندووە، کاتی لاوازی هاوەڵانت بەهێز بوویت، کاتی ترسی ئەوان سەرپێ راوەستایت، وێڕای پێ ناخۆشبوونی دووروان و بێزاری و توورەیی بێباوەران دەستت گرتبوو بە رێباز و بەرنامەی پێغەمبەری خواوە، کاتێ دەوروبەرت شکستیان خوارد بە رووناکی خوا خیلافەتت گرتەدەست، لەسەروو هەموویانەوە بویت و لەهەموشیان کەمتر قسەت دەکرد و لە هەموان زیاتر راستیت دەپێکا و لە هەموان زیاتر بێدەنگ دەبوویت، رەوانبێژی و بڕیاردروستی و دلێری و دڵنیایی و کرداری چاک و شارەزاییت بە کارەکان لە هەموان زیاتر بوو، بۆ ئیسلام سەرگەورەیەک بوویت و بۆ باوەڕدارانیش باوکێکی میهرەبان، کاتێ بە خاوخێزانەوە دەهاتنە لات باری قورسی لاوازی ئەوانت دەگرتە ئەستۆ، چییان لەدەست دەدا تۆ دەتپاراست، چییان پشتگوێ بخستایە تۆ ئاگاداری دەبوویت، کاتی کەمصەبری ئەوان خۆڕاگر بوویت، ئەوەی ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا تۆ پێی گەیشتیت، بەهۆی تۆوە گەیشتن بەوەی کە چاوەڕێ نەبوون دەستیان بکەوێ، بۆ بێباوەران سزایەک بوویت و دەرژایت

بەسەریاندا، بۆ باوەڕدارانیش بارانی ڕەحمەت و بەرەکەت بوویت، بارانی دەوڵەمەندی و سوکنایی و پارێزگاری بوویت... وەک شاخێ وابوویت کە ڕەشەبا نایجوولێنێت و شکێنەرەکان لەناوی نابەن... کەسی لاواز و زەلیل لای تۆ بەهێز بوو تا مافت بۆ وەردەگرتەوە، کەسی بەهێز و بە دەسەڵاتیش لای تۆ زەلیل و لاواز بوو تا کاتێ مافت لێ وەردەگرتەوە، لەوەشدا دوور و نزیک لای تۆ وەک یەک بوون... بەخوا پێشڕەیو زۆرت کردو ئەوەی دوای تۆ دێت چاک ماندووی دەکەیت ... ڕازین بە قەزای خودا و ملکەچی کارو فەرمانی دەبین، دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمانان بە هیچ شتێ هێندەی مەرگی تۆ موصیبەتبار نابن... خوای گەورە بتگەیەنێتەوە بە پێغەمبەرەکەت و ئێمەش لە پاداشتت بێ بەش نەکات و دوای تۆ گومڕامان نەکات) خەڵکی بێدەنگ بووبوون تا وتەکانی تەواو بوون، دواتر هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) گریان و وتیان: ڕاستت فەرموو ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا(ﷺ).[1]

ناردنی سوپای ئوسامە

پاش ئەوەی لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا غەزای موئتە ڕوویدا[2] و تیایدا سێ ئەمیری باوەڕداران شەهید بوون،[3] پێغەمبەر(ﷺ) ئەوکات بەڵێنی دا کە سوپای موسڵمانان هێرش دەباتەوە سەر ڕۆمەکان،[4] بۆیە پێش وەفاتی خۆی، ئوسامەی کوڕی زەیدی کرد بە ئەمیری سریەیەک و ڕایسپارد هێرش ببات بۆ ئەو ناوچەی کە باوکی تیایدا کوژراوە،[5] گەورە هاوەڵانیشی لەنێو سوپاکەدا دانا، لەوانە عومەری کوڕی خەطاب،[6] هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) جۆرێک لە گلەیی دروست بوو، چۆن دەکرێت

(١) البحر الزخار مسند البزار، الرقم ٨٣١، السنة لأبي بكر بن الخلال، الرقم ٣٤٦، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٨٤١.
(٢) ابن هشام: السيرة النبوية،ج٢، ص ٣٧٣.
(٣) ابن سعد: الطبقات الكبرى، ج٢، ص ١٢٨-١٢٩.
(٤) ابن هشام: السيرة النبوية،ج٢، ص ٣٨٢، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٧١٥.
(٥) ابن سعد: الطبقات الكبرى، ج٢، ص١٩٠.
(٦) ابن الأثير: أسد الغابة، ج١، ص١٠٤.

بە ئامادەبوونی گەورە هاوەڵانی وەک ئەبووبەکر و عومەر و سەرکردەی سەربازیی وەک خالید و هاوچەشنەکانی، پێغەمبەر(ﷺ) ئوسامەیەکی کەمتەمەن و کەمئەزموون بکاتە ئەمیری سوپایەک کە هێرش دەباتە سەر هێزێکی بەهێز، هێزێک کە پێشتر موسڵمانان لەبەردەمیاندا تووشی شکست بوون؟! پێغەمبەریش(ﷺ) هەرچەندە لە کۆتا رۆژانی ژیانیدا بوو و نەخۆش بوو، موسڵمانانی کۆکردەوەو لەو بارەوە روونکردنەوەی پێدان (ئەی خەڵکینە، ئەو قسەو باسە چیە لە هەندێکتانەوە پێم گەیشتوەتەوە سەبارەت بەوەی ئوسامەم بە ئەمیر داناوە، ئەگەر تانە دەدەن لە ئەمیرایەتی ئوسامە، پێشتریش تانەتان دا لەوەی باوکیم بە ئەمیر دانا، ئەرێ بەخوا ئەو کەسە بۆ ئەمیرایەتی دروست کرابووو دوای خۆیشی کورەکەشی بۆ ئەمیرایەتی دروست کراوە...)[1]

بەڵام ئوسامە کە زانی پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆشە، خێرا نەچوو و لە ناوچەی (ذي خشب) مایەوە،[2] ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و ئەبووبەکر بە خەلیفە هەڵبژێردرا و پرسی ناردنی سوپاکەی ئوسامەش بە هەڵپەسێردراوی مابوویەوە و دەبوو بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدرێت، بەتایبەتی کە بارودۆخی مەدینە و دەوروبەری زۆر مەترسیدار بوو و سەرەتای بزووتنەوەی هەڵگەڕانەوەکان بوو.

ئەبووبەکری صدیق لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەک خەلیفەی موسڵمانان، بڕیاری دا سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەید بەڕێ بکات و هیچ سەربازێکی ناو سوپاکەش لە مەدینە گل نەداتەوە،[3] چونکە بەرنامەی ئەبووبەکر لە هەنگاوەکانیدا، شوێنکەوتنی پێغەمبەر(ﷺ) بوو نەوەک بیرکردنەوەی جیاوازی خۆی، وەک خۆی دەیوت (من شوێنکەوتەم نەک ئەوەی موبتەدیع

---

[1] ابن سعد: الطبقات الكبرى، ج٢، ص١٩٠.
[2] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص٣٠٥.
[3] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٣٤.

بم)[1] ئەمەش بە زەقی لە ناردنی سوپاکەی ئوسامە و مەسەلەی سزادانی خالیدی کوڕی وەلید لە کوشتنی مالیکی کوڕی نوەیرەدا بەدیدەکرێت.

زۆرێک لە موسڵمانان بە عومەری کوڕی خەططابیشەوە پێیان وابوو جارێک سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەید بەڕێ نەکرێت، بیانووشیان بەدەستەوەبوو و پێیان وابوو ئەو سوپایە پێویستە بۆ مەیدانێکی گرنگتر بەکاربهێنرێت کە ئەویش پاراستنی مەدینە و بەرگرتنە بە هەڵگەڕاوەکان، دەیانوت پێغەمبەر(ﷺ) لە حاڵی سەلامەتی و بێ کێشەییدا بڕیاری ناردنی ئەو سوپایەی داوە و بارودۆخەکە وەک ئێستا نەبووە، بە واتایەکی تر، ئاسایشی ناوخۆ لەپێشترە لە ئاسایشی دەرەکی و ئەگەر پایتەخت لەدەست بچێت، چ بەهایەک دەمێنێتەوە بۆ سوپایەک کە نەیتوانیوە پایتەختەکەی خۆی بپارێزێت، بەڵام ئەبووبەکر کە لە هەموان زیاتر لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) مابوویەوەو شارەزا بوو بە بڕیار و ڕێنماییەکانی، ئامادە نەبوو دەستبەرداری بنەمای شوێنکەوتەیی بێ و وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی خەڵکەکەی دایەوە (سوێند بەخوا سوپایەک هەڵناوەشێنمەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) پێکیهێناوە، تەنانەت ئەگەر حاڵ بگاتە ئەوەی باڵندە و ئاژەڵە دڕندەکانی دەوروبەری مەدینە بمانفڕێنن، ئەگەر سەگەکان قەپ بکەن بە قاچی دایکانی باوەڕدارانددا و ڕایانکێشن، هەر دەبێ سوپاکەی ئوسامە بەڕێ بکەم).[2]

پاش ئەوەی موسڵمانان قەناعەتیان کرد بە بڕیارەکەی ئەبووبەکر و کۆدەنگیی لەسەر دروستبوو، ئینجا ئەبووبەکری صدیق چەند هەنگاوێکی نا:

یەکەم: وەک سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەتا دەرەوەی مەدینەش سوپاکەی بەڕێکرد.

دووەم: داوای لە ئوسامە کرد مۆڵەتی عومەری کوڕی خەططاب بدات لە مەدینە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لەو بارودۆخە سەختەدا هاوکاری خەلیفە بێت، ئوسامەش ڕازی بوو.

---

[1] ابن سعد: الطبقات الكبرى، ج٣، ص ١٣٦.

[2] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٣٥.

سێیەم: چەند وەسیەت و ڕێنماییەکی دەرکرد بۆ سوپاکە (ناپاکی و فرت و فێڵ مەکەن، غەدر مەکەن، تەرم مەشێوێنن، منداڵی بچووک و پیر و ئافرەت مەکوژن، دار هەڵمەکەنن و مەسووتێنن، درەختی بەردار مەبڕنەوە، بۆ خواردن نەبێت مەڕ و مانگا و وشتر سەرمەبڕن، واز لە خەڵکی ناو پەرستگاکان بهێنن)[1]

چوارەم: سوپایەکی کاتیی پاسەوانیی مەدینەی پێکهێنا و شەوانە پاسەوانی مەدینەو دەورەبەری شارەکەیان دەکرد، لەنێویدا (عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود) بەشدار بوون.[2]

سوپاکە بەڕێکەوت و لە ماوەی کەمتر یان زیاتر لە دوو مانگدا بە سەرکەوتوویی ئەرکی خۆی بەجێگەیاند و چەند دەستکەوتێکی گەورەی بەدەستهێنا، لەوانە:

- هەر لە سەرەتاوە کە سوپایەکی گەورەی بەو چەشنە تێپەڕ دەبوو بە ناوچەکاندا، ترسی لای هۆزەکان دروست دەکرد بۆ ئەوەی نەچنە بەرەی هەڵگەڕاوەکانەوە.[3]

- هەڵگەڕاوەکان نەیاندەتوانی بە چاوی کەمەوە سەیری موسڵمانان بکەن، دەیانوت ئەوان هێندە بێترسن، خەریکی ململانێی دەرەکیەکانن.

- موسڵمانان بە ئەزموونیی لەسەر ئەوە راهاتن لە غیابی پێغەمبەری خواشدا(ﷺ) پرسی شوێنکەوتنی بڕیاری پێغەمبەر(ﷺ) پێش بیرکردنەوەی خۆیان بخەن.

- موسڵمانان لە قۆناغی خەمخواردن بۆ مەرگی پێغەمبەر(ﷺ) و سەرقاڵبوون بە ماتەمەوە، چوونە قۆناغی پێشڕەوی و لابردنی بەربەستەکان.

---

[1] تأريخ الطبري، ج٣، ص ٢٢٦ – ٢٢٧.

[2] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣١١.

[3] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٣٥.

بانگەشەی پێغەمبەرایەتی

لە ساڵی دەیەمی کۆچی و لە خودی ژیانی پێغەمبەردا(ﷺ) مۆدێلێکی نوێی دژایەتیکردنی بانگەوازی ئیسلامیی پەیدا بوو، ئەویش بریتی بوو لە بانگەشەی درۆینەی پێغەمبەرایەتی لەلایەن دوو کەسەوە (ئەسوەدی عەنەسی و موسەیلەمەی کوڕی حەبیب).

پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی دابوو بەم مۆدێلی دژایەتیە و دەیفەرموو (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يبْعَثَ دَجَّالُونَ كَذَّابُونَ، قَرِيبًا مِنْ ثَلَاثِينَ، كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أَنَّهُ رَسُولُ اللَّهِ)،[1] (ڕۆژی دوایی نایەت هەتا بڕێک دەججالی درۆزن دەنێردرێن و دەردەکەون، نزیکەی سی درۆزن دەبن، هەموویان بانگەشەی ئەوە دەکەن پێغەمبەری خوان)

بە شێوەیەکی تایبەتتریش ئاماژەی دابوو بە بانگەشەکەی ئەسوەدی عەنەسی و موسەیلەمە و کوژرانی هەردووکیان،[2] فەرمایشتەکەشی هاتەدی، ئەم دیاردەیە لە کۆتاییەکانی ژیانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) هەتا ئەمڕۆش بەردەوام بووەو کەسانێکی زۆر لە مێژووی ئیسلامیدا بانگەشەی پێغەمبەرایەتییان کردووە.

ئەسوەدی عەنەسی:

لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) ئەسوەدی عەنەسی لە یەمەنەوە کەوتە بانگەوازکردن بۆ خۆی، یەکەم بیانووش بۆ دەستپێکردنی بانگەوازەکەی، دەربڕینی ناڕەزایی بوو بەرامبەر کۆکردنەوەی زەکات لە خەڵکی یەمەن، خەڵکیشی وا هاندەدا کە موسڵمانەکان خەڵکی بێگانەن و پێویست ناکات ئەوان حوکمیان بکەن، بۆیە خەڵکێکی زۆر چوون بە دەم بانگەوازەکەیەوەو سوپایەکیان پێکهێنا و هێرشیان بردە سەر موسڵمانان و سەرکەوتنیان

---

[1] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٠٩؛ صحيح مسلم - كتاب الفتن وأشراط الساعة - باب لا تقوم الساعة حتى يمر الرجل بقبر الرجل فيتمنى أن يكون مكان الميت، الرقم ١٥٧.

[2] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢١؛ صحيح مسلم - كتاب الرؤيا - باب رؤيا النبي(ﷺ)، الرقم ٢٢٧٣.

بەدەستهێنا، بەرەبەرە سنووری دەسەڵاتی ئەسوەدی عەنەسی زیاتر دەبوو، ماوەی سێ بۆ چوار مانگ ئەسوەدی عەنەسی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد و لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، پێغەمبەریش(ﷺ) هەوڵیدا بەر بەو هەڵگەڕانەوەیە بگرێت و زیاتر هۆزەکانی ناوچەکەی دژ بە ئەسوەدی عەنەسی هاندا و سوپای تایبەتی لە مەدینەوە نەنارد، موسڵمانانی یەمەن بیریان لەوە کردەوە لەبری ئەوەی جەنگی مەیدانیی بکەن، هەوڵی تیرۆرکردنی ئەسوەد بدەن، بەوەش بانگەوازەکەی لەناودەبەن، پلانێکی وردیان دانا و ژنەکەی ئەسوەدی عەنەسیش بەشداربوو لە پیلانەکەدا، دواجار لە شەوێکدا فەیرووزی دەیلەمی بە هاوکاری ژنەکەی ئەسوەد، خۆی گەیاندە لای ئەسوەد و کوشتی و بۆ بەیانیەکەی لە کۆشکەوە هاواریان کرد و خەڵکی کۆبوونەوە، بە رەسمی مەرگی ئەسوەدیان راگەیاند، شوێنکەوتوان و هەوادارنی ورەیان بەردا و بڵاوەیان تێکەوت و موسڵمانانیش کەوتنە بەندکردنیان و دەسەڵات کەوتەوە دەست موسڵمانان و موعاذی کوڕی جەبەل بوو بە ئەمیریان و بە نووسراوێک وردەکاری رووداوەکانی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) نووسی، رۆژێک پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) نووسراوەکە گەیشتە مەدینە، پێش گەیشتنی نامەکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە وەحی ئاگادار کرایەوە لە کوژرانی ئەسوەدی عەنەسی و مژدەی دا بە موسڵمانان.[1]

موسەیلەمەی درۆزن:

لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا موسەیلەمەی کوڕی حەبیب کە دواتر بە موسەیلەمەی درۆزن ناسرا، هاودەم بە هۆزەکەی هاتە مەدینە،[2] بە ئامادەبوونی ثابتی کوڕی قەیس لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دانووستانێکی کرد، لە دانووستانەکەدا موسەیلەمە رازی بوو شوێن پێغەمبەر(ﷺ) بکەوێت و بانگەوازەکەی سەربخات، بەو مەرجەی پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)

[1] تأريخ الطبري، ج٣، ص ٢٣١ – ٢٣٦، ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٤٠-٣٤٢.

[2] ابن هشام: السيرة النبوية،ج٢، ص ٥٧٦.

موسەیلەمە مەسەلەی پێغەمبەرایەتی وەک پۆست وەربگرێت، پێغەمبەریش(ﷺ) بە داواکەی رازی نەبوو،[1] موسەیلەمەش لای هۆزەکەی وای نیشاندا کە موسڵمان بووە، دواتر کە رۆیشتەوە، وا هۆزەکەی تێگەیاند کە مەسەلەی پێغەمبەرایەتی لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) دابەشکردووە و خۆی وەک پێغەمبەرێک ناساند، دانی دەنا بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوادا بۆ ئەوەی هۆزەکەی دژایەتی نەکەن، لەولاشەوە خۆی بە پێغەمبەر دەناساند و حوکمی دینی بۆ دەردەکردن،[2] لە کۆتاییەکانی ساڵی دەیەمی کۆچیدا گەیشتە ئەوەی وەک پێغەمبەرێک پەیام بۆ پێغەمبەری خوا بنێرێت و نامەیەکی بۆ نارد کە تیایدا سێ مەسەلەی هەستیاری لەخۆدەگرت:

یەکەم: خۆناساندنی وەک پێغەمبەری خوا و داننان بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوادا(ﷺ).

دووەم: داوای دابەشکردنی پێغەمبەرایەتی و بەشداربوونی لەو پۆستەدا.

سێیەم: مەسەلەکەی بردەوە سەر خێڵایەتی و داوای کرد نیوەی خاکی موسڵمانان بۆ قورەیش و نیوەشی بۆ هۆزەکەی ئەم بێت.

لە وەڵامدا پێغەمبەر(ﷺ) موسەیلەمەی بە درۆزن ناساند و رایگەیاند زەوی و خاک موڵکی خوایە و خوای گەورە بڕیار دەدات بە دەست کێوە بێت، دڵنیاشی کردەوە سەرەنجام بۆ لەخواترسانە،[3] ئەوەبوو لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا موسەیلەمە کوژرا و بانگەوازەکەی کۆتایی پێ هێنرا.

طولەیحەی ئەسەدی:

طولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی کابرایەکی کاهین بوو،[4] لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو،[5] بەڵام پاش

[1] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢١؛ صحيح مسلم - كتاب الرؤيا - باب رؤيا النبي(ﷺ)، الرقم ٢٢٧٣.

[2] ابن هشام: السيرة النبوية،ج٢، ص ٥٧٧.

[3] ابن هشام: السيرة النبوية،ج٢، ص ٦٠٠ - ٦٠١.

[4] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٤٤.

[5] الذهبي: سير أعلام النبلاء،ج١، ص ٣١٧.

دەرکەوتنی دیاردەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ئەو دوو کەسەی تر، لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە[1]و لە ناوچەی نەجد کەوتە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی، پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە، موسڵمانان بەرنگاری بانگەشەکەی بوونەوەو پاش جەنگێکی سەخت و شکانی هێزەکەی، تەوبەی کرد و گەڕایەوە نێو ریزی موسڵمانان[2] و لە فتووحاتی ئیسلامیدا بەشدارییەکی کارای کرد، بەتایبەت لە یەرمووک[3] و قادسیە و نەهاوەنددا، دواجار لە مەیدانی جیهاددا شەهید بوو.[4]

لەناوبردنی مالیکی کوڕی نومیرە

پاش ئەوە خالید چوو بەرەو لای مالیکی کوڕی نوەیرە، چونکە مالیکی کوڕی نوەیرە پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لە ئیسلام هەڵگەڕابوویەوە، ئەوەبوو کاتێک خالید چوو بۆ ئەوێ قسەی لەگەڵدا کرد.

ئیتر لێرەوە راجیاییەکان پەیدا دەبن سەبارەت بە هەڵوێستی مالیک:

مالیک بە خالیدی وت: سەبارەت بە نوێژ ئامادەم نوێژ بکەم، بەڵام سەبارەت بە زەکات ئامادە نیم زەکات بدەم.[5]

ئەمە هەڵوێستی پێشووتریشی بوو، ئەوەبوو کاتێک هۆزەکەی زەکاتیان کۆکردەوە تا بینێرن، مالیکی کوڕی نوەیرە رێی نەدا و هەر لەناو خۆیاندا دابەشی کرد.[6]

مالیکی کوڕی نوەیرە پەیوەندی بە سەجاحی ژنە شاعیرەوە هەبوو کە بانگەوازی پێغەمبەرایەتی کردبوو و بڕیاری دابوو بە شوێنکەوتەکانیەوە هێرش بباتە سەر مەدینە، مالیکیش چوو بەدەم بانگەوازەکەی سەجاحەوە،

[1] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٥٠.
[2] الذهبي: سير أعلام النبلاء،ج١، ص ٣١٧.
[3] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ١٣٣.
[4] الذهبي: سير أعلام النبلاء،ج١، ص ٣١٧.
[5] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٣٣.
[6] شرح النووي على صحيح مسلم، ج١، ص ٢٠٢.

بەڵام کاتێک سەجاح پەیوەندی کرد بە موسەیلەمەی درۆزنەوە ئیتر مالیک پەشیمان بوویەوەو چوو بۆ ناوچەیەک کە پێی دەوترا بطاح، خالیدیش بڕیاری دا بچێت بۆ ئەوێ، بەڵام سوپای پشتیوانان کە لەگەڵ خالید بوون وتیان: ئێمە نایەین و تەنها ئەوە دەکەین کە ئەبووبەکر فەرمانی پێداوین، خالیدیش لە وەڵامدا وتی: ئەم کارە هەر دەبێت بکرێت و دەرفەتێکە دەبێت بە هەند وەربگیرێت، ئێستاش هیچ نامەیەکم لەو بارەوە بۆ نەهاتووە، من ئەمیرم و فەرمانەکانم بەدەستە، بەڵام ناچاریشتان ناکەم بێن لەگەڵم، وا من دەچم بەرەو بطاح، ماوەی دوو رۆژ رێی بڕی، ئینجا پشتیوانان رایان لەسەر ئەوە کۆک بوو کە دەبێت لەگەڵ خالید بچین چونکە ئەو ئەمیرە، خێرا نێردراویان نارد تا بە خالید بڵێت چاوەڕێیان بکات تا خۆیان دەگەیەننەوە پێی، ئەوەبوو خۆیان گەیاندەوە بە خالید.[1]

خالید کە گەیشتە ئەوێ بڕێ کەسی نارد تا خەڵکەکە کۆبکەنەوە، خەڵکەکەش کۆبوونەوەو گوێڕایەڵی خۆیان بۆ نواند و ئامادە بوون زەکاتیش بدەن، تەنها مالیکی کوڕی نوەیرە نەبێت کە کەناری گرتبوو و خۆی یەکلا نەکردبوویەوەو نەیدەزانی چی بکات، ئەوەبوو خۆی و هاوەڵەکانی بە دیل گیران، ئەبووقەتادەی ئەنصاری دەڵێت: من شایەتیم دەدا کە نوێژیان دەکرد، کەسانێکی تر هەبوون شایەتییان دەدا کە نە بانگیان دەدا و نە نوێژیان دەکرد، شەوێک لە شەوەکان کە سەرمایەکی زۆر بوو هاوارکەرەکەی خالید هاواری کرد دیلەکانتان گەرم بکەنەوە، کەچی پاسەوانەکان وایانزانی مەبەستی ئەوەیە دیلەکان بکوژن، بۆیە کەوتنە کوشتنی دیلەکان، ضیراری کوڕی ئەوزیش مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشت، هاوارکەرەکە کە هاواری کوشتنەکانی بیست خێرا هاتەدەرەوە، کەچی بینی تازە کار لەکار ترازاوە.[2]

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٢٠ – ٣٢٢.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٢٢.

رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو هۆکاری کوژرانەکەی مالیک ئەوەبوو کە خالید مالیکی بانگ کرد و پێی وت: تۆ پێشتر شوێن سەجاح کەوتیت و ئامادە نەبوویت زەکات بدەیت، ئینجا خالید وتی: مەگەر نازانیت نوێژ و زەکات پێکەوە باس کراون؟ مالیکیش وتی: هاوەڵەکەی تۆ وای وتووە، خالید وتی: مەگەر ئەوە بەس هاوەڵی ئێمەیە و هی تۆ نیە؟ ئەی ضیرار بدە لە گەردنی، ئەویش دای لە گەردنی.

گێڕانەوەیەکی تر وا هاتووە کە خالید ئەبو قەتادەو دەستەیەکی تری نارد، کە گەیشتنە لای مالیک وتی: ئێوە کێن وتیان: موسڵمانانین، مالیکیش وتی: منیش بەندەی موسڵمانی خوام، ئەبوو قەتادە وتی: دەی چەکەکانتان دابنێن، ئەوانیش چەکەکانیان دانان و بەسترانەوەو بران بۆ لای خالید، لەوێ ئەبوو قەتادە وتی: ئەمانە موسڵمانن و پەنا دراون، بەڵام ئەندامانی تری دەستەکە وتیان: بەڵکو هیچ پەنایەکمان نەداون و بە زۆرەملێ هێنراون، بۆیە خالید فەرمانی کرد بە کوشتنیان.[1]

قەتادە بە کوشتارەکەی خالید نارازی بوو و لەو بارەوە مشتومڕی لەگەڵ کرد و گەڕایەوە بۆ لای ئەبووبەکر و سکاڵای لە خالید کرد، هەروەها ئەوانەی بۆ عومەریش باس کرد،[2] عومەریش چوو ئەبووبەکری دواند و وتی: خالید لابەرە چونکە شمشێرەکەی خوێن ڕێژی زیادە دەکات، ئەبووبەکر وتی: شمشێرێ کە خوا هەڵیکردووە بە رووی بێباوەڕاندا نایخەمەوە کالان، ئینجا براکەی مالیکیش هاتە لای ئەبووبەکر و سکاڵای خالیدی کرد، عومەریش پاڵپشتی دەکرد، ئەبووبەکریش خوێن بابیەکەی مالیکی دا بە براکەی.[3]

سەبارەت بە کوژرانی مالیک ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

---

[1] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٣٧.

[2] الكامل في التاريخ، ج٢، ص ٢١٧.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٢٢.

یەکەم: راجیایی هەیە ئایا مالیک بە بێباوەڕی کوژراوە یان بە موسڵمانی، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین لە هەموو گێڕانەوەکاندا ئەوە چەسپاوە کە مالیک ئامادەیی ئەوەی نەبووە زەکات بدات، جا ئەگەر گێڕانەوەی یەکەم بێت کە شەو لەگەڵ دیلەکانی تر کوژرابێت ئەوە بە هەمان چەشنی هەڵەکەی پێشووتری (صبأنا، صبأنا) بووەو وەک لە گێڕانەوەکەدا هاتووە خالید مەبەستی نەبووە بیکوژێت، ئەگەریش بە گێڕانەوەی دووەم بێت کە تیایدا مالیک لەبەردەم خالیددا حاشای کردووە لە واجب بوونی زەکات، ئەوە دەزانین ئەبووبەکر لەبەر نەدانی زەکات فەتوای جیهاد و کوشتنی ئەوانەی دا کە ئامادەی زەکات دان نین.

دووەم: لەوانەیە رارایی زۆری مالیک وایکردبێت بارەکە ئاڵۆز بکات، سەرەتا چوونی بۆ لای سەجاح، دواتر دەستبەرداربوونی لە سەجاح و گەڕانەوە بەرەو ئیسلام، دواتر بەرگرتن لە هۆزەکەی تا زەکات نەدەن، هەروەها دواتر هەڵوێستێکی وای بووە کە موسڵمانانی دوو لەت کردووە، دەستەیەک بە موسڵمانیان داناوە وەک ئەبووقەتادە، دەستەیەکیش بە شیاوی کوشتنیان داناوە وەک خالید، لەسەر ئەو دوو بڕیارە جیاوازەش حوکمی دوو گەورە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری جیاواز دەبێت، عومەر خالید بە هەڵەو تاوانبار دەزانێت لەو کوشتنەدا و پێی وایە ئیتر دەبێت خالید پۆستەکەی لێ بسەنرێتەوە، ئەبووبەکریش لەوپەڕی قەناعەتیدا بە ئیجتیهادێکی هەڵەی خالیدی دەزانێت و ئامادە نیە خالید لابەرێت و خوێن بایەکەی مالیک دەدات، ئەم هەڵوێستەی ئەبووبەکریش راستتر بوو، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) پێشتر لە بارێکی لەو چەشنەدا هەمان هەڵوێستی ئەبووبەکری هەبوو، ئەبووبەکریش پێشەنگی کرد بە پێغەمبەری خواوە(ﷺ)، ئەوەبوو کاتێک خالید لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) بە ئیجتیهادێکی هەڵە خەڵکانێکی کوشت، پێغەمبەر(ﷺ) خالیدی لە بەرپرسیارێتیەکان لانەبرد، هاوکات خوێن بایی

کوژراوەکانـی دا.

سێیەم: سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی ئەبـوو قەتـادەی ئەنصـاری پێدەچێت رارابییەکەی مالیک وای لـە هەڵوێستی کردبێت، چونکە مالیکی کوڕی نوەیرە دوای دەسـتبەرداربوونی لـە سـەجاح رارا کەوتبـوو، لەلایەکـەوە دەیویسـت بەرنـگاری سـوپای موسـڵمانان نەبێتـەوە، لەلایەکیشـەوە ئامـادە نەبـوو زەکات بدات، پێدەچێت لـە دواندنی ئەبووقەتادەدا جۆرێک لـە بروابوونـی بـە زەکات دەربڕیبێـت و لای خالیدیـش هەڵوێسـتی بڕوانەبوونـی هەبووبێت.

بەهەرحاڵ هەڵوێستەکەی خالید خۆی لە دوو ئەگەردا دەبینێتەوە:

یان بە ئیجتیهادێکی هەڵە مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشتووە.

یـان بـە حـەق پەیڕەوی بڕیـاری خەلیفـەی کـردووە بۆ کوشـتنی ئەوانـەی حاشـا لـە زەکات دەکـەن.

بـەڵام بـە هەڵوێسـتی ئەبووقەتـادەو عومـەر و ئەبووبەکـردا دەردەکەوێت ئەگـەری زیاتـر ئـەوە بـووە کـە خالیـدی کـوڕی وەلیـد بـە ئیجتیهادێکی هەڵـە مالیکـی کـوڕی نوەیـرەی کوشـتووە، حوکمـی ئەبووبەکـر و عومەریـش لـە بـارەی خالیـدەوە جیـاواز بـوو و حوکمەکـەی ئەبووبەکریـش دروسـتتر بـوو چونکە پێشـەنگی کـردن بـوو بـە هەڵوێسـتێکی پێغەمبـەر(ﷺ) لـە هەمـان چەشـنی ڕووداودا.

هەروەهـا بەڵگەیەکـی تـر ئەوەیـە کەکاتێک عومـەر لای ئەبووبەکر دژی خالید قسـەی کـرد ئەبووبەکـر وا وەڵامـی دایـەوە: لەسـەرخۆ بـە ئـەی عومـەر، خالیـد ئیجتیهادێکـی کـردووەو هەڵـەی تێدا کـردووە، دەی زمانـت بگـرەوە لـە خالیـد، چونکـە مـن شمشـێرێک داناگـرم کـە خـوا بـە ڕووی بێباوەڕانـدا هەڵیکـردووە.[1]

هاوسەرگیری خالید و ژنەکەی مالیکی کوڕی نوەیرە

ئـەم بابەتـە لـە مێژوودا بووەتـە تانەیـەک بـۆ خالیـدی کـوڕی وەلیـد، کاتێک خالیـد مالیکـی کـوڕی نوەیـرەی کوشـت دواتـر لەگـەڵ ژنەکەیـدا هاوسـەرگیری

---

[1] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٢١٧.

کرد، جا دەستەیەک بە چەند بەڵگەیەک ئەوە بە ڕەوا دەزانن، دەستەیەکیش بە نارەوای دەزانن و دەڵێن خالید لەبەر ژنەکەی مالیکی کوشتووە.[1]

بەپێی گێڕانەوەیەک هاتووە خالید پاش کوشتنی مالیک وەستا تا ژنەکەی ماوەی پاکبوونەوەی تەواو بوو، بەڵام ئەبووبەکر سەبارەت بە هاوسەرگیریەکەی لێی تووڕە بوو.[2]

کاتێک مەسەلەکە لای ئەبووبەکر و عومەر قسەی زۆری لێکرا، ئەبووبەکر فەرمانی کرد خالید بێتەوە مەدینە، کە خالید هاتەوە عومەر پێی وت: بە ناحەق موسڵمانێکت کوشتووەو ژنەکەیشت بردووە، دەبێت سزا بدرێیت، کاتێک خالید چوو بۆ لای ئەبووبەکر و دواندی، خالید بەڵگەی هێنایەوە بۆ کارەکەی و توانی قەناعەت بکات بە ئەبووبەکر، ئەبووبەکر بەڵگەکانی خالیدی پەسەند کرد و خوێن بایی مالیکی دا و وازی هێنا لە خالید و لە پۆستەکەیدا هێشتیەوە.[3]

بەهەرحاڵ بەپێی دەقە مێژووییەکان مەسەلەی کوشتنی مالیک هیچ پەیوەندیەکی نەبووە بە ژنەکەیەوە، بەڵکو هاوسەرگیری دوای ئەوە قسەی لەسەرە کە ئایا ڕەوا بووە یان نا، ئەمەش نارەزایی عومەر و ئەبووبەکریشی لەسەر بووە.

سەجاحی کچی حارث:

سەجاحی کچی حارثی تەغلیبی ئافرەتێکی مەسیحی نیمچەدوورگەی عەرەبی بوو،[4] پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) دەستی کرد بە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی و خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن و بۆ سەرخستنی بانگەوازەکەو فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی، جەنگی هەڵگیرساند و دەسەڵاتەکەی فراوان بوو، موسەیلەمەش کە بەمەی زانی، ترسا دەسەڵاتی سەجاح فراوانتر ببێت، بۆیە بانگهێشتی کرد و ڕێککەوتنێکی لەگەڵدا کرد لەسەر سێ خاڵی سەرەکی (یەکخستنی هێزەکانیان،

[1] البدء و التاريخ، ج٥، ص ١٥٩.
[2] تأريخ الطبري، ج٢، ص ٢٧٣.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٢٣.
[4] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٥٢.

پێدانی نیوەی بەشی یەمامە بە سەججاح، هاوسەرگیرییان پێکەوە)،[1] بەم چەشنە دینەکەیان کرد بە یەک دین و پێکەوە هاوسەرگیرییان کرد،[2] بەڵام پاش ئەوەی موسەیلەمە کوژرا، سەججاح لە بانگەشەکەی پەشیمان بوویەوەو گەڕایەوە ناو ریزی موسڵمانان و بە موسڵمانی لە بەصرە وەفاتی کرد.[3]

لەقیطی کوڕی مالیک:

پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەزدیەکان لە عومان لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە،[4] هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە لەقیطی کوڕی مالیکی ئەزدی کە بە (ذوتاج) ناسرابوو، چاوی لە موسەیلەمە و هاوئاوازەکانی کرد و بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەستپێکرد و دەستی گرت بەسەر عوماندا، بەڵام بە خێرایی لەلایەن ئەبووبەکری صدیقەوە هێزێک نێردرا بۆ ئەوێ و سوپاکەی لەقیط تێکشکێنرا و کۆتایی بە بانگەوازەکەی هات.[5]

هەڵگەڕانەوەی عەرەبەکان

گرفتێکی تری بەردەم موسڵمانان پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)، بریتی بوو لە مەسەلەی هەڵگەڕانەوەی بەشێکی زۆری عەرەبەکان لە ئیسلام، چونکە هێشتا ئیمان بە تەواوەتی لە دڵی ئەوانەدا جێگیر نەبووبوو، هۆکاری هەڵگەڕانەوەکەش بریتی بوو لە:

یەکەم: هەندێک ئیسلامیان بە پێغەمبەری خواوە بەستبوویەوەو نەمانی پێغەمبەریان بە نەمانی ئیسلام دەزانی.

دووەم: هەندێک موسڵمانبوونەکەیان لەبەر بەرژەوەندی بوو، کاتێک هەڵگەڕانەوەیان لە ئیسلام بە بەرژەوەندیەکی باشتر لەقەڵەمدا، بێ یەک و دوو هەڵگەڕانەوە.

---

(1) تأريخ الطبري، ج٣، ص ٢٦٩ – ٢٧٥.

(2) البلاذري: فتوح البلدان،ص ١٠٤.

(3) البلاذري: فتوح البلدان،ص ١٠٤.

(4) البلاذري: فتوح البلدان،ص ٨٣.

(5) تأريخ الطبري، ج٣، ص ٣١٦.

سێیەم: هەندێکیش بە بانگەشەی کەسانێک لەخشتەبران کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتییان دەکرد، وەک موسەیلەمە و طولەیحەی ئەسەدی.
چوارەم: بەشێک لە خێڵە عەرەبەکانیش بەهۆی دەمارگیری خێڵایەتیەوە هەڵگەڕانەوە و ئامادە نەبوون دوای پێغەمبەر(ﷺ) بچنە ژێر باری بڕیاری قورەیشیەکانەوە.
پێنجەم: جگە لە رۆڵی جوولەکەو مەسیحیەکان کە بە وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) و شڵەژانی موسڵمانان، هیوایەکی بەخۆکەوتنەوەیان پەیداکرد.[1]

سەرەتای ئاشووبەکەش بە بانگەشەی درۆی پێغەمبەرایەتی دەستپێکرد، کاتێک هەریەک لە ئەسوەدی عەنەسی لە یەمەن و موسەیلەمەی درۆزن لە یەمامە، بانگەشەی پێغەمبەرایەتییان کرد، سەرەتای مەترسیەکەش پێش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) دەرکەوت و پێغەمبەری خوا ئاماژەی بە هەردووکیان دابوو،[2] بە وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) فیتنەکە تەقیەوە.

کاتێک پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) حاڵەتی لەدین هەڵگەڕانەوە بە چەند چەشنێک پەیدا بوو، خێرا وردەکاریەکەی گەیشتەوە لای خەلیفە و موسڵمانانی مەدینە، ئینجا وەفدی هەندێک لە هۆزەکان دەهاتنە مەدینە و رازی بوون بەوەی نوێژ و رۆژوویان هەبێت بەڵام زەکات نەدەن، دەیانوت زەکاتدان تەنها لە سەردەمی پێغەمبەردا لەسەرمان واجب بووە، هێندە لەسەر مەسەلەکە دەڕۆیشتن و بارودۆخەکەش سەخت و تەمومژاوی بوو، زۆرێک لە هاوەڵان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی واز لەو خەڵکە بهێنن پەرستشەکانی دیکە بەجێبگەیەنن و زەکات نەدەن، تکاشیان لە ئەبووبەکر کرد چاوپۆشی لەو جۆرانەیان بکات کە ئامادەن نوێژ و رۆژوو و حەجیان هەبێت و تەنها زەکات نادەن تا ئەو کاتەی ئیمان بە تەواوەتی لە ناخیاندا دەچەسپێت و

[1] تأريخ الطبري، ج٣، ص ٢٢٥.
[2] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢١؛ صحيح مسلم - كتاب الرؤيا - باب رؤيا النبي(ﷺ)، الرقم ٢٢٧٣.

بارودۆخەکەش هێور دەبێتەوە، بەڵام ئەبووبەکری صدیق بێ دوودڵیی ئەو داوایەی بەرپەرچ دایەوەو بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر دا (یان زەکات دەدەن یان لەگەڵیان دەجەنگم)، هاوەڵانیش زیاتر لەسەر مەسەلەکە ورد بوونەوەو گەیشتنە هەمان قەناعەتی ئەبووبەکر،[1] چونکە خوای گەورە مەسەلەی نوێژ و زەکاتی لێک جیانەکردۆتەوە، وەک دەفەرمووێت (فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ)، واتە: (ئینجا ئەگەر پەشیمان بوونەوە و بەرێک و پێکی نوێژیان ئەنجامدا و زەکاتیان جێبەجێکرد، ئێوەیش ڕێگەیان بۆ چۆڵ بکەن و هەقتان بەسەریانەوە نەبێت).

کاتێک وەفدەکان بینییان ژمارەی موسڵمانانی ناو مەدینە کەمن، لەگەڵ ڕۆیشتنەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان ئەم حاڵەتەیان باسکرد و هانیان دەدان بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر مەدینە، هەر لە سەرەتاوە ئەبووبەکر هەستی بەو مەترسیە کرد و ئامادەبوونی سەرجەم موسڵمانانی لە نوێژەکانی مزگەوتدا بە فەرمان واجب کرد و پاسەوانی شەوانە ڕۆژی لە مەدینە و دەوروبەری دانا و بە ڕوونکردنەوەش هۆکاری ئەم بڕیارانەی خستەڕوو (وەفدی بێباوەڕان کەمی ئێوەیان بەدیکردووە، ئێوەش نازانن ئەوانە بە شەو هەڵدەکوتنە سەرتان یان بە ڕۆژ ... ئەوان هاتبوون بەو هیوایەی داواکەیان قبووڵ بکەین و ئێمەش ڕازی نەبووین)، پێشبینیەکەشی ڕاست بوو و چەند ڕۆژێکی نەخایاند یەکەم هێرشی هەڵگەڕاوەکان بۆ سەر مەدینە دەستی پێکرد و بە زوویی هێرشەکە تێکشکێنرا.[2]

چارەسەری بارودۆخەکە:

پاش ئەوەی ئەبووبەکری صدیق بڕیاری دا مەسەلەی هەڵگەڕاوەکان چارەسەر بکات و بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەردا، هەروەها سەرەتاکانی مەترسی هەڵگەڕاوەکان بە هێرش بردنە سەر دەوروبەری مەدینە هێندەی

---

[1] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٤٣.

[2] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٤٤.

تر هاوەڵانی راچڵەکاند، ئینجا بە دوو شێوازی جیا و پەیوەست بە یەک، هەوڵی سەرکوتکردنی هەڵگەڕانەوەکان درا:

یەکەم: هەوڵی ناوچەیی:

هەرچەندە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا هەڵگەڕانەوە روویدابوو، بەڵام لە بەشێکی کەمی هەریەک لەو ناوچانەدا هێشتا دەستەوتاقمێک یان چەند هۆزێک مابوون وابەستەییان بە ئیسلامەوە لەدەست نەدابوو، ئەمانە بە دوو چەشن هەوڵیان دەدا هەڵگەڕانەوەی خەڵک لە ئیسلام بوەستێنن، یەکەمجار بە گوفتار و روونکردنەوەی راستیەکان هەوڵیان دەدا قەناعەت بە خەڵک بکەن بگەڕێنەوە ناو ئیسلام، پاشان بە شێوزای کردەییش پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی ناو مەدینەدا مابوو و ژێربەژێر هەماهەنگییان هەبوو بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی سەربازی و سیاسی هەڵگەڕانەوەکان، نموونەی ئەوەش لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) لە لەناوبردنی ئەسوەدی عەنەسەیدا خۆی دەبینێتەوە، لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکریشدا لە زۆربەی ناوچەکاندا هەمان ئەزموون دووبارە دەبوویەوە.

دووەم: هەوڵی ناوەندیی:

ئەمەشیان خۆی لە هەوڵە رەسمیەکانی خیلافەتی ئیسلامی ناو مەدینەدا دەبینیەوە:

خەلیفە سەرەتا ئامانجێکی گشتگیری لەو بارەوە دەستنیشان کرد کە بریتی بوو لە نەهێشتنی رەوتی هەڵگەڕانەوە لە هیچ ناوچەیەکی دەسەڵاتی ئیسلامیدا.

پەیامێکی گشتگیری بۆ ئەوانە نووسی کە لەسەر ئیسلامەتی ماونەتەوەو ئەوانەشی کە هەڵگەڕاونەتەوە، تیایدا هاتنی ئیسلام و وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) و مانەوەی پەیامی خوا پاش ئەو وەفاتە و هۆکاری هەڵگەڕانەوەی خەڵکی باسکردبوو، ئینجا نوێنەری خۆی بۆ ئەو ناوچە و شێوازی هەڵسوکەوتکردنی

ئەو ئەمیرەی بۆ روونکردبوونەوە، یەکەمجار پەیامی خەلیفە لە قەرەباڵغیدا بخوێنرێتەوە، ئینجا ئەو ئەمیرە بانگهێشتیان بکات بۆ گەڕانەوە نێو ئیسلام، ئەگەر نەچوون بە دەمیەوە، ئینجا لەگەڵیان بجەنگێت.

لەپاشاندا چەند یەکەیەکی سەربازیی ئامادەکرد و ڕێڕەوی ڕۆیشتن و ئەرکی تایبەتی هەر یەکەیەکی دەستنیشان کرد، هەروەها پەیامێکی یەکگرتووی بۆ سەرجەم ئەمیرەکانی هەریەک لەو یەکە سەربازییانە راگەیاند کە ئەمانەی لەخۆدەگرت (لەخواترسانی هەر ئەمیرێک لە ئاشکرا و پەنهانیدا، روونکردنەوەی راستیەکان بۆ خەڵکی ناوچەکە و بانگهێشتکردنیان بۆ گەڕانەوە نێو ئیسلام، هێرش بردنە سەریان ئەگەر نەگەڕانەوە نێو ئیسلام، نەرمی نواندن لەگەڵ سەربازانی سوپای موسڵمانان بە تایبەتی و سەرجەم موسڵمانان بە گشتی).[1]

یەکە سەربازیەکانی خیلافەت دژ بە هەڵگەڕاوەکان بریتی بوون لە:

سوپای خالیدی کوڕی وەلید رووەو بەنی ئەسەد و لەوێوە رووەو تەمیم، پاش سەرکەوتن لەوانەدا رووەو یەمامە هەنگاو بنێ.

سوپای عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل رووەو موسەیلەمەی دۆزن و لەوێوە رووەو عومان و مهرە و حەضرەمەوت، لەوێشەوە رووەو یەمەن.

سوپای شورەحبیلی کوڕی حەسەنە رووەو یەمامە و لەوێوە رووەو حەضرەمەوت.

سوپای طورەیفەی کوڕی حاجیز رووەو بەنی سلیم.

سوپای عەمری کوڕی عاص رووەو قوضاعە.

سوپای خالیدی کوڕی سەعید رووە سەرسنوورەکانی شام.

سوپای عەلائی حەضرەمی رووەو بەحرەین.

سوپای حوذەیفەی غلفانی رووەو عومان.

سوپای عورفوجە رووەو مهرە.

[1] تأريخ الطبري، ج٣، ص ٢٥١.

سوپای موهاجیری کوڕی ئەبی ئومەییە ڕووەو یەمەن.
سوپای سوەیدی کوڕی موقرین ڕووەو تیهامەی یەمەن.[1]

ئەنجامی هێرشەکان:

بە شێوەیەکی گشتی هێزی موسڵمانان توانییان بە سەرکەوتوویی ئەرکەکەیان بەجێبگەیەنن و بە هەردوو شێوازی گفتگۆ و جەنگ، ڕەوتی هەڵگەڕانەوەکان سەرکوت بکەن، هەڵگەڕاوەکانیش لە زۆربەی ناوچەکان بەرگریەکی سەرسەختیان دەکرد و دواجار تێکدەشکان، هەر هێزێکی موسڵمانان سەردەکەوت، خێرا پەیوەندی دەکرد بە هێزەکانی ترەوەو پشتیوانیی یەکدییان دەکرد، سەختترین حاڵەتی بەرنگاربوونەوەش لەنێوان موسڵمانان و موسەیلەمەی درۆزندا بوو، چونکە هێز و دەسەڵاتی موسەیلەمە زۆر بوو، دواجار لە جەنگی یەمامەدا پاش جەنگێکی سەخت موسەیلەمە کوژرا و کۆتایی بە دەسەڵات و بانگەوازەکەشی هێنرا، ژمارەیەکی دیار لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانانی دیکەش شەهید بوون.

لە سەرەتاکانی ساڵی دوانزەی کۆچیدا کۆتایی هێنرا بە بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەکان و ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی خرانەوەژێر دەسەڵاتی خیلافەت.[2]

بە شێوازێکی گشتی جەنگی هەڵگەڕاوەکان پەیڕەوی فەرمایشتی خوا بوو لە قوئاندا کە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ)،[3] واتە: (ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە، هەرکەسێکتان لەئایینی خۆی، پاشگەز بێتەوەو وەرگەڕێ، جا خوا لەمەولا کەسانێک دێنێت، ئەوەندە بەرفەرمانی دەبن خۆشی دەوێن و، ئەوانیش ئەویان خۆشدەوێ و

[1] تأريخ الطبري، ج٣، ص ٢٤٩.
[2] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٧٦.
[3] المائدة: ٥٤.

لەئاستی خاوەن باوەڕاندا، خۆ بەکەمزان و بەسۆزن و بەرامبەر بە کافرو بێ باوەڕان، خۆ بەگەورەزان و سەربڵندو دەروون بەرزن و، توندوتیژو بەهەڵمەتن، بۆ ڕەزامەندی خواش تێدەکۆشن و جەنگ دەکەن و لە تەشەرو لۆمەی لۆمەکەرانیش ناترسن و باکیان نابێ).

گرنگیدان بە وەحی

کۆکردنەوەی قورئان

لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) هاوەڵانێک ڕاسپێردرابوون بە کۆکردنەوەو نووسینەوەی قورئانی پیرۆز، ئەوانەی بە ڕەسمی و بە بەردەوامی ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ بوو، چوار هاوەڵی ئەنصاریی بوون (مالیکی کوڕی نەضر و موعاذی کوڕی جەبەل و زەیدی کوڕی ثابت و ئەبووزەید)،[1] هاوەڵانێکی دیکەش هەبوون بەشێکیان لێ دەنووسیەوەو لای خۆیان نوسخەیان دەپاراست، شێوازی کۆکردنەوەو نووسینەوەش لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) بە یەک شێواز نەبوو، بەڵکو هەندێکی لەسەر پارچە پێستە نووسرابوویەوە، هەندێکی لەسەر ئێسقان و هەندێکی لەسەر گەڵای دار نووسرابوویەوە، هەندێکیشی لە سنگی پیاواندا بوو.[2]

نووسینەوەی قورئان لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) گومان هەڵناگرێت و بەڵگەی زۆری لەسەرە، بۆ نموونە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (لَا تُسَافِرُوا بِالْقُرْآنِ، فَإِنِّي لَا آمَنُ أَنْ يَنَالَهُ الْعَدُو)،[3] (کە سەفەرتان کرد قورئان لەگەڵ خۆتان مەبەن، چونکە دەترسم دوژمن دەستی پێ بگەیەنێت)

کاتێک جەنگی یەمامە ڕوویدا و تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لەو هاوەڵانە شەهید بوون کە قورئانیان لەبەربوو، عومەری کوڕی خەططاب ترسی لێ نیشت و پێشنیاری کۆکردنەوەی قورئانی بۆ ئەبووبەکری صدیق خستەڕوو، ئەبووبەکر ترسی هەبوو ئەوە جۆرێک لە بیدعە بێت، بەڵام دواتر قەناعەتی

---

[1] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب مناقب زيد بن ثابت(ﷺ)، الرقم ٣٨١٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة براءة - باب قوله لقد جاءكم رسول من أنفسكم

[3] صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب النهي أن يسافر بالمصحف إلى أرض الكفار، الرقم ١٨٦٩.

بۆ دروستبوو و لەسەر راسپاردەکەی عومەر، داوای لە زەیدی کوڕی ثابت کرد ئەرکی کۆکردنەوەی قورئان بگرێتە ئەستۆ، چونکە زەیدی لەو بوارەدا پێشینە و تایبەتمەندی و ڕەزامەندی پێغەمبەری خوای(ﷺ) هەبوو و کەسێکی جێمتمانە و گەنج و بەتواناش بوو، زەیدیش هەرچەندە ئەرکەکەی لا قورس بوو، بەڵام بە بڕیارەکە رازی بوو و لە ماوەیەکی کەمدا ئەرکەکەی بەجێگەیاند.[1]

زەید بۆ نووسینەوەی هەر ئایەتێک، پشتی دەبەست بەو نووسراوانەی لای هاوەڵان هەبوون، ئینجا ئەوەشی لەنێو دڵی هاوەڵاندا بوو، بۆ نووسینەوەی هەر ئایەتێک دوو شایەتی داوا دەکرد، تەنها کەسێک ئەو مەرجە نەیگرتەوە خوزەیمە بوو، چونکە ناسرابوو بەوەی لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) شایەتی بە دوو شایەت وەرگیراوە.[2]

دوای ئەوەی نووسینەوەی قورئان لە دوو توێی بەرگێکدا نووسرایەوە، نوسخەکە لای ئەبووبەکری صدیق هەڵگیرا و هەتا کاتی وەفاتی لای خۆی بوو، ئینجا درایە لای عومەری کوڕی خەططاب.[3]

ئەبوویەکر و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ):

ئەگەرچی گێڕانەوەیەک کراوەتە بەڵگە گوایە ئەبووبەکری صدیق نزیکەی پێنج سەد فەرموودەی پێغەمبەری(ﷺ) نووسیوەتەوەو دواتر سووتاندوویەتی، بەڵام ئەو گێڕانەوەیە نەسەلماوە، ذەهەبیش کە خۆی ئەم گێڕانەوەی هێناوە، دەڵێت: گێڕانەوەیەکی راست نیە.[4]

بەپێی بەڵگە مێژووییەکان دەردەکەوێت ئەبووبەکری صدیق بە وردی

---

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة براءة - باب قوله لقد جاءكم رسول من أنفسكم، الرقم ٤٦٧٩.

[2] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب قول الله تعالى من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه، الرقم ٢٨٠٧.

[3] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة براءة - باب قوله لقد جاءكم رسول من أنفسكم، الرقم ٤٦٧٩.

[4] الذهبي: تذكرة الحفاظ، ج١، ص ١١.

ئیشی کردووە لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و لەسەر ئەو ڕێڕەوە ڕۆیشتووە، بەڵگەش بۆ ئەمە:

یەکەم: لە یەکەم وتاریدا ڕێڕەوی فەرمانڕەوایی خۆی لە خیلافەتدا ڕوونکردەوە:

(من شوێنکەوتەم نەک ئەوەی موبتەدیع بم)[1]

(تا کاتێک گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بم گوێڕایەڵم بن، هەرکات سەرکەشیم کرد لە خوا و پێغەمبەرەکەی هیچ ئەرک نیە لەسەرتان گوێڕایەڵم بن).[2]

دووەم: لە ماوەی خیلافەتەکەیدا لە مەسەلە هەستیارەکاندا بەپێی فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دەجووڵایەوە، لەوانە:

- لە مەسەلەی ناردنی سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەیددا ئامادەبوو لەپێناو جێبەجێکردنی فەرموودە و ڕێنمایی پێغەمبەری خوادا(ﷺ)، پێچەوانەی ڕای زۆربەی هاوەڵان بڕیار بدات، بۆیە کاتێک هاوەڵان داوایان لێکرد لەبەر بارودۆخی هەڵگەڕاوەکان ناردنی سوپاکەی ئوسامە دوابخات، لە وەڵامدا وتی: (سوێند بەخوا سوپایەک هەڵناوەشێنمەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) پێکیهێناوە تەنانەت ئەگەر حاڵ بگاتە ئەوەی باڵندە و ئاژەڵە دڕندەکانی دەوروبەری مەدینە بمانفڕێنن، ئەگەر سەگەکان قەپ بکەن بە قاچی دایکانی باوەڕداراندا و ڕایانکێشن، هەر دەبێ سوپاکەی ئوسامە بەڕێ بکەم).[3]

- پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) فاطیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) داوای ئەو بەشەزەویانەی فەدەکی لە ئەبووبەکری صدیق دەکرد کە لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) بەر پێغەمبەر(ﷺ) کەوتبوون، ئەبووبەکریش ڕزای نەبوو ئەو بەشەی پێ بدات، چونکە لە پێغەمبەری خوای(ﷺ) بیستبوو دەیفەرموو

[1] ابن سعد: الطبقات الكبرى، ج٣، ص ١٣٦.

[2] ابن هشام: السيرة النبوية،ج٢، ص ٦٦١، صحح إسناده ابن كثير في البداية والنهاية ج٥، ص ٢٦٩.

[3] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٢٥.

(چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)،[1] مەسەلەکە گەیشتە عاجزبوونی فاتیمە، کەچی ئەبووبەکر لەپێناو بەجێگەیاندنی فەرموودەکەی پێغەمبەردا(ﷺ)، بەرگەی ئەو حاڵەتەی گرت، ئەگەرچی عائیشەی کچی خۆیشی بەهۆی ئەو فەرموودەوە لە هەر میراتیەکی پێغەمبەر(ﷺ) بێبەش دەبوو.

- کاتێک خالیدی کوڕی وەلید لە کوشتنی مالیکی کوڕی نوەیرەدا ئیجتیهادێکی کرد و عومەری کوڕی خەططاب پێی وابوو دەبێت خالید لەو پۆستە لاببرێت، ئەبووبەکر هەمان رەفتاری بەرامبەر بە خالید گرتەبەر کە پێغەمبەری خوای(ﷺ) لە مەسەلەی کوشتاری بەنی جذیمە و خوێن باییەکەی لەئەستۆ گرت[2] و خالیدی لە پۆستەکە هێشتەوە، بەڵگەشی بۆ ئەو کارەی ئەوەبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) وەسفی خالیدی کردووە بەوەی (شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا کە خوای گەورە هەڵیکردووە بە رووی بێباوەڕان و دووڕواندا).[3]

سێیەم: لە ناردنی نێردراوەکانی بۆ ناوچەکان، دەقی فەرموودەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بۆ دەنووسینەوەو پابەندی دەکردن بە جێبەجێکردنیەوە.[4]

چوارەم: لە کتێبەکانی فەرمووودەدا ١٤٢ فەرمووودە لە ئەبووبەکری صدیقەوە گێڕدراونەتەوە کە هەژدەیان لە بوخاری و موسلیمدا هاتون.[5]

لەبەرئەوەی سەردەمی دەسەڵاتەکەی کەم بوو و سێ مەسەلەی هەستیاری هەڵگەڕاوەکان و کۆکردنەوەی قورئان و فتووحات سەرقاڵی کرد، بۆیە فەرمووودەی زۆری لێوە نەگێڕدراوەتەوە.

فتووحات لە سەردەمی ئەبووبەکردا

پاش ئەوەی ئەبووبەکری صدیق کێشەی هەڵگەڕاوەکانی چارەسەر کرد،

---

[1] صحيح البخاري - كتاب فرض الخمس - باب فرض الخمس، الرقم ٣٠٩٢.
[2] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٢٢.
[3] مسند أحمد بن حنبل، الرقم ٤٦.
[4] صحيح البخاري - كتاب الزكاة - باب زكاة الغنم، الرقم ١٤٥٤.
[5] النووي: تهذيب الأسماء، ج٢، ص ١٨٢.

ئینجا بیری لەوە کردەوە جیهاد دژ بە فارس و ڕۆمەکانیش رابگەیەنێت، هۆکاری ئەمەش بریتی بوو لە:

یەکەم: هێشتنەوەی حەز و پەیڕەوی جیهاد لای موسڵمانان و نەمراندنی، چونکە ئەبووبەکر لە یەکەم وتاری رەسمی خیلافەتیدا دروشمێکی بەرزکردەوە (هەر قەومێک واز لە جیهاد بهێنن، خوای گەورە تووشی زەلیلییان دەکات).[1]

دووەم: بڕینی دەستی شاراوەی پشت دوژمنە نێوخۆییەکان، چونکە فارس و ڕۆمەکان ئەگەرچی بە راستەوخۆ هێرشیان نەدەبردە سەر موسڵمانان، بەڵام لە پشتەوە هاندەر و پشتیوانی بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەکان بوون، ئەگەر سنووریان بۆ دانەنرایە، ئەگەر زۆر بوو بە چەشنی تر کێشە بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی دروست بکەن.

سێیەم: رۆڵی موثەننای کوڕی حارثە لە قەناعەت پێهێنانی خەلیفە ئەبووبەکری صدیق تاوەکوو مۆڵەتی بدات لەگەڵ فارسەکاندا بجەنگێت.

ئەبووبەکری صدیق بۆ دەستپێکی فتووحات چەند هەنگاوێکی سەرەکی نا:

یەکەم: بانگهێشتکردنی موسڵمانان بۆ بەشداریکردن لە فتووحاتدا.

دووەم: روایژکردن بە گەورە هاوەڵان و کەسە شارەزاکان.

سێهەم: بێبەشکردنی هەڵگەڕاوەکان لە هەنگاوی یەکەمی فتووحاتدا.

چوارەم: دارشتنی پەیڕەو و رێنمایی تایبەت بە فتووحات و شێوازی مامەڵەی سوپای موسڵمانان لەگەڵ بەرامبەردا.

پێنجەم: رێکخستنی هێز و یەکەکان و دیاریکردنی ئامانج و نەخشە و رێوشوێنەکانی فتووحات.

فتووحاتی عێراق:

هەنگاوی یەکەم لە فتووحاتی عێراقدا لەلایەن موثەننای کوڕی حارثەوە نرا، کاتێک داوای لە خەلیفە کرد مۆڵەتی بدات هێرش بکاتە سەر خاکی عەجەم کە مەبەستی دەسەڵاتی فارسە ساسانیەکان بوو، ئەبووبەکریش

---

[1] ابن هشام: السيرة النبوية،ج٢، ص ٦٦١، صحح إسناده ابن كثير في البداية والنهاية ج٥، ص ٢٦٩.

مۆڵەتی پێدا،[1] موثەنناش ئەزموونێکی سەرەتایی سەرکەوتووی لەو بوارەدا نیشـاندا.

زۆری نەخایاند ئەبووبەکری صدیق بازنەی هەوڵەکەی فراوانتر کرد و سێ یەکەی سەربازیی پێکهێنا و سەرکردەی هەر یەکەیەکی دەستنیشـان کرد:

یەکەی خالیدی کوڕی وەلید لە یەمامەوە روو بکاتە باشووری رۆژئاوای عێراق، جگە لەوەش لە مەدینە سوپای هاوکاریی بۆ نارد.[2]

یەکەی عیاضی کوڕی غەنەم کە لە بەصرەوە نزیک بوو رووبکاتە بەشی رۆژهەڵاتی عێراق، سوپایەکی هاوکاریشی بۆ نارد.[3]

سوپاکەی خالیدی کوڕی وەلید پێشڕەوی دەستپێکرد و چەند جەنگێکی سەخت و یەکلاکەرەوەی ئەنجامدا (جەنگی ذاتوسەلاسیل، جەنگی مذار، جەنگی وەلجە، جەنگی ئولەییس، جەنگی حیرە)،[4] لە هەموو جەنگەکاندا موسڵمانان سەرکەوتنیان بەدەستدەهێنا و ناوچەیەکی فراوانیان دەگرتەدەست و غەنیمەتێکی زۆریشیان چنگ دەکەوت و ترس و بیمی سوپای موسڵمانانیش لە دڵی فارسەکاندا نیشت.

ئینجا خالید حیرەی کردە بنکەی سەرەکی لە عێراق و لەوێوە ئەمیری بۆ ناوچەکان دەستنیشـان دەکرد و کاروبارەکانی رێکدەخست، ئینجا قەعقاعی کرد بە بەرپرسی حیرە و قۆناغێکی نوێی پێشڕەوی دەستپێکرد، ئاڕاستەی پێشڕەویەکەشی رووەو هێزەکەی عیاضی کوڕی غەنەم بوو بۆ ئەوەی هەردوو هێزەکە بدەنەوە لە یەک، ئەوەبوو هەریەک لە ئەنبار و عەین تەمری فەتح کرد و لەوێشەوە لەسەر داوای عیاض رووەو دەومەتەلجەندەل رۆیشت و سەرکەوتنێکی گەورەی لە جەنگەکانی دەومەتەلجەندەل و

[1] البلاذري: فتوح البلدان،ص ٢٣٨.
[2] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٦، ص ٣٧٦ – ٣٧٧.
[3] تأريخ الطبري، ج٣، ص ٣٤٦.
[4] تأريخ الطبري، ج٣، ص ٣٤٩ – ٣٦٥.

حوصەید و موصەیخدا بەدەستهێنا، ئینجا روویکردە ناوچەی فیراض کە خاڵی پێکەوەبەستنی حیجاز و شام و عێراق بوو، لەوێ بەرنگاری سێ هێزی جیاواز بوویەوە، عەرەبە بەکرێگیراوەکان و هێزی رۆمی و فارسیەکان و هەرسێ هێزەکەی تێکشکاند و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، دوای ئەوە بە فەرمانی ئەبووبەکری صدیق موثەننا کرا بە ئەمیری عێراق و خالیدی کوڕی وەلید راسپێردرا رووبکاتە وڵاتی شام.[1]

فتووحاتی شام:

نیەتی هێرش بردنە سەر وڵاتی شام هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) پێشینەیەکی هەبوو، ئەمەش بنەڕەتێکی چاک بوو بۆ ئەبووبەکر و هاوەڵان تاوەکوو دوای دەستبەتاڵبوونیان لە جەنگی هەڵگەڕاوەکان، بیر لەوە بکەنەوە دەرگای فتووحات بە رووی شامدا بخەنەسەر پشت، بۆیە لە ساڵی دوانزەی کۆچیدا، ئەبووبەکری صدیق سەرەتا راوێژی بە گەورە هاوەڵان کرد و پاش مشتومڕێکی ورد لەوبارەوە کۆدەنگیەک لەسەر ئەوە دروست بوو رووەو شام پێشڕەویی دەستپێبکەن،[2] خەلیفە بانگهێشتنامەیەکی رەسمی نارد بۆ ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە فتووحاتی شامدا،[3] خێراش خەڵکێکی زۆر روویانکردە مەدینە بۆ بەشداربوون لەو سوپایەدا.[4]

یەکەمجار خالیدی کوڕی سەعیدی ئومەوی وەک ئەمیری سوپا راسپێردرا بۆ فتووحاتی شام، بەڵام دواتر ئەمیرایەتیەکە درا بە یەزیدی کوڕی ئەبووسوفیان[5] و هێزێکی پشتیوانیشی بۆ دانرا،[6] ئینجا سوپایەکی تری بە سەرکردایەتی شورەحبیلی کوڕی حەسەنە ئاڕاستەی ناوچەی حۆران

[1] تأريخ الطبري، ج٣، ص ٣٧٣ – ٣٨٤.
[2] ابن عساكر: تأريخ دمشق، ج٢، ص ٦١ – ٦٤.
[3] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ٥.
[4] البلاذري: فتوح البلدان،ص ١١١.
[5] البلاذري: فتوح البلدان،ص ١١٢.
[6] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ٧.

کرد، سوپای سێیەمیش بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص رووەو فەلەستین نێردرا،[1] سوپای چوارەمیش بە سەرکردایەتی ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەڕاح رووەو حیمص نێردرا، سوپایەکی ئامادەش بە سەرکردایەتی عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل لە مەدینەدا پێکهێرنا بۆ ئەوەی ئامادەی هەر ئەگەرێکی لەناکاو بێت.[2]

ئامانجی سەرەکی ئەم هێرشانە ئەوەبوو ئەو ناوچە عەرەبیانەی لەژێر چنگی بیزەنتیەکاندا بوون بخرێنە نێو دەسەڵاتی ئیسلامیەوە، شێوازی هێرشەکەش ئەوەبوو هەر سوپایەک لە بەرەیەکەوە هێرش ببات، سوپاکان بەو چەشنەی راسپێردرابوون بەرێکەوتن و چەند بەریەککەوتنێک روویاندا، ناچار بیزەنتیەکان بیریان لە پەرتکردنی سوپای موسڵمانان کردەوە، موسڵمانانیش بۆ بەرگرتن بە پەرتەوازەیی سوپاکانیان، پاش راوێژ بە خەلیفەی موسڵمانان، بڕیاری یەکخستنی هێزەکانیان بۆ درا، ئینجا ئەبووبەکری صدیق هەستی بەوە کرد بارودۆخەکە پێویستی بە سەرکردەیەکی بەهێزی سەربازی هەیە، بۆ ئەمەش خالیدی کوڕی وەلیدی هەڵبژارد و بە رەسمی خالیدی کوڕی وەلیدی راسپارد عێراق جێبهێڵێت و سەرکردایەتی فتووحاتی بەرەی شام لە ئەستۆ بگرێت، ئەویش فەرمانی خەلیفەی بەجێگەیاند و رێیەکی زۆر تایبەت و مەترسیداری گرتەبەر و لە ماوەیەکی کەمدا سوپاکەی گەیاندە شام و سەرکردایەتی سوپای موسڵمانانی گرتە ئەستۆ و لە ماوەیەکی کەمدا سنوورێکی بەرفراوانی شام فەتح کرا، لە هەموو جەنگەکاندا موسڵمانان سەرکەوتنیان بەدەستدەهێنا و سەرتۆپی سەرکەوتنەکانیشیان لە جەنگی یەرمووکدا بوو،[3] لە ئەنجامدا دەستکەوتێکی زۆریان بۆ دەمایەوەو هێزی دوژمنیش تێکدەشکێنرا و سام و شکۆی

---

[1] البلاذري: فتوح البلدان،ص ١١٢.

[2] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ٦.

[3] ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ٦ – ٢٠.

موسڵمانانیش زیادی دەکرد، ئەمەش ئامادەکاریەک بوو بۆ فەتحی دیمەشق.

بە شێوەیەکی گشتی، فتووحات لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا بە پەیڕەوێکی شەرعی هەنگاوی نا و ئامانج و بنەماکانی جیهادی تێدا پەیڕەو کرا، ئەگەر لە هەندێ حاڵەتدا لادان و کەموکورتیەکیشی تێدابووبێت، لە رێڕەوە گشتیەکەدا توانی ئامانجی جیهاد و شێوازی پەیڕەو و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەنجامەکاندا بە دروستی بەدیبهێنێت، تیایدا موسڵمانان دەستکەوتێکی زۆریان بەدەستهێنا، لەوانە:

یەکەم: فراوانبوونی سنووری دەوڵەتەکەیان.

دووەم: بڵاوبوونەوەی بەرچاوی ئایینەکەیان، چونکە هاودەم بە هێزی سەربازی، هێزی بانگەوازیش لە ناوچەکاندا رۆڵی خۆی دەبینی.

سێهەم: شکانی هێزە نێودەوڵەتیەکانی سەردەم کە ساسانی و رۆمەکان بوون.

چوارەم: موسڵمانان لە مەیدانی ململانێی ناوخۆیی و ناوچەییەوە، چوونە نێو مەیدانی ململانێ نێودەوڵەتیەکانەوە و سام و شکۆیەکی زیاتریان پەیدا کرد.

پێنجەم: لە رووی ماددیەوە دەستکەوتێکی زۆر بۆ موسڵمانان زیادی کرد و بووژانەوەیەکی ئابووریی رووی تێکردن.

ژیانی ئاسایی لەگەڵ خەڵکدا:

کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و خالیدی کوڕی وەلید لە یەمەنەوە گەڕایەوە، بینی ئەبوبەکر بەرپرسە، دڵگران بوو بە وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) و بە دەربڕینێکی هەڵە خەمباری خۆی دەربڕی، بۆیە عومەر لێی تووڕە بوو و ئەو قسانەشی گەیاند بە ئەبووبەکر کە رای خالید چۆن بووە، بەڵام ئەبووبەکر ئەو قسانەی نەگرتەدڵ و خەڵکی کۆکردەوەو وتارێکی پێشکەش کرد و باسی جیهادی کرد بۆیان، دواتر ئاڵای دەدایە دەست سەرکردەکان تا جەنگی هەڵگەڕاوەکان بکەن، ئاڵای یەکەمیشی دایە دەست خالیدی کوڕی سەعید تا بەرەو شام بڕوات، هەرچەندە عومەر هێشتا لێی تووڕە بوو و هەوڵیدا بەر بە راکەی خەلیفە بگرێت، بەڵام ئەبووبەکر لە نیازی خالید

تێگەیشت و ئەوەی نەگرتەدڵ.[١]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کرد ئیتر بیلال توانای نەما بانگ بدات، شارەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دەنگی بانگی بانگبێژەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) تێدا نەما، تەنانەت توانای ئەوەی نەما لە مەدینەش بمێنێتەوە، بۆیە هات بۆ لای خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان ئەبووبەکری صدیق و داوای مۆڵەتی لێکرد تا بچێت بۆ جیهاد، ئەوەبوو کاتێک ئەبووبەکر لە ڕۆژی هەینیدا لەسەر مینبەر بوو، بیلال ئەبووبەکری دواند، خەلیفە داوای لێکرد بیلال لە مەدینە بمێنێتەوە، بیلال لە وەڵامدا پێی وت: لەبەر خوا ئازادت کردم یان لەبەر خۆت؟ ئەبووبەکر وتی: لەبەر خوا، بیلال وتی: دەی ڕێم بدە بچم بۆ جیهاد، خەلیفەش ڕێی پێدا و بیلالیش چوو بەرەو شام.[٢]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بیلال بە ئەبووبەکری وت: من لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (أفضل أعمال المؤمن الجهاد في سبيل الله)، (چاکترین کاری باوەڕدار جیهادی ڕێی خوایە)، جا منیش دەمەوێت تا مردن لە سەنگەری جیهاددا بم، ئەبووبەکر وتی: ئەی بیلال سوێندت دەدەم بە خوا لەبەر ڕێز و مافی من مەڕۆ، وا من پیر بووم و مەرگم نزیک بوەتەوە، ئیتر بیلال لەگەڵ ئەبووبەکر مایەوە تا وەفاتی کرد، ئینجا هات بۆ لای عومەر و داوای مۆڵەتی کرد، عومەریش هەمان شتی پێ وت، بەڵام بیلال بە داواکەی ڕازی نەبوو، عومەر داوای لێکرد بانگ بدات،[٣] بیلال وتی: من بانگبێژی پێغەمبەر(ﷺ) بووم تا وەفاتی کرد، دواتریش بانگبێژی ئەبووبەکر بووم چونکە ئەو چاکەی هەبوو بەسەرمەوە، من لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (ئەی بیلال کارێک نیە چاکتر بێت لە جیهادی ڕێی خوا)، بۆیە بیلال چوو بەرەو شام.[٤]

[١] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٣.
[٢] سير أعلام النبلاء، ج١، ص٣٥٧.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٣٦، أسد الغابة، ج١، ص ٣٠٧.
[٤] مسند الروياني، الرقم ٧١٦، أسد الغابة، ج١، ص ٣٠٧، المطالب العالية لابن حجر، الرقم ١٩٨٠.

بەڵام ئیبن کەثیر دەڵێت: راستتر و باوتر ئەوەیە بیلال دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) بانگی نەداوە بۆ ئەبووبەکر و چووە بۆ شام.[1]

کاتێک ئەبووبەکری صدیق بووبوو بە خەلیفە، کچەکەی سەعد چوو بۆ لای ئەبووبەکر، خەلیفەش جلەکەی خۆی وەک راخەر بۆ راخست، عومەر هاتە ژوورەوەو پرسیاری لێکرد ئەو ئافرەتە کێیە؟ ئەبووبەکر وتی: کچی کەسێکە کە لە من و تۆیش زۆر چاکتر بووە، عومەر وتی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو پیاوە کێیە؟ وتی: کەسێک لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و شوێنی خۆی لە بەهەشت بەدەست خست و من و تۆیش هێشتا ماوینەتەوە.[2]

سالیمی مەولا جارێک لەگەڵ ئەبووبەکردا بوو کە نوێژی دەکرد، سالیم وتی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) نان ناخۆیت؟ ئەویش بە دەست ئاماژەی بۆ کردم، جاری دووەم هەمان شتی وتەوەو ئەویش بە ئاماژە پێی وت: راوەستە، جاری سێیەم کە سالیم وتی، ئەبووبەکر وتی: خواردنەکەتم بۆ بهێنە، نانی خوارد و دواتر دوو رکات نوێژی کرد، ئینجا چوویە مزگەوت و نوێژ دابەسرا.[3]

وەفاتی ئەبوویەکری صدیق

لە مانگی جومادیلئاخیرەی ساڵی سیانزەی کۆچیدا ئەبووبەکری صدیق تووشی نەخۆشی بوو و ماوەی نزیکەی پانزە رۆژ نەخۆشیەکەی بەردەوام بوو، لەو ماوەدا عومەری کوڕی خەططاب بەرنوێژی دەکرد بۆ موسڵمانان، لەو ماوەدا ئەبووبەکری صدیق عومەری کوڕی خەتتابی بۆ جێگرتنەوەی خۆی دیاری کرد و عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و داوای لێکرد بە نووسراوێک ئەوە بنووسێت، ئینجا نووسراوەکە خوێنرایەوە بەسەر

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ٣٣٤.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩.
[3] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سالم - سالم مولى أبي حذيفة بن عتبة بن ربيعة - ما أسند سالم مولى أبي حذيفة، الرقم ٦٣٧٨.

موسڵماناندا و ئەوانیش رازی بوون.[1]

ئەبووبەکری صدیق لە بیست و دووی جومادیلئاخیرەی ساڵی سیانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد،[2] ئەو رۆژەی وەفاتی کرد رۆژی دووشەممە بوو، دەوترێت لە بەرەبەیاندا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو دوای نوێژی ئێوارە وەفاتی کرد، تەمەنیشی شەست و سێ ساڵان دەبوو.[3]

حەسەنی کوڕی عەلی ئامادەی کاتی وەفاتی ئەبووبەکری صدیق بوو، حەسەن دەڵێت: کاتێک ئەبووبەکر سەرەمەرگی هات بە عائیشەی وت: ئەی عائیشە سەیری ئەو وشترە بکە کە لە شیرەکەیمان دەخواردەوەو ئەو تەشتەی بەکارمان دەهێنا و ئەو بەرگەی دەمانپۆشی، ئێمە کاتێک کاروباری موسڵمانانمان بەدەست بوو ئەو شتانەمان بەکاردەهێنا، جا ئەگەر مردم ئەوانە ببە بۆ عومەر، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر مرد ئەو شتانەی نارد بۆ عومەر، ئەویش وتی: خوا لێت رازی بێت ئەی ئەبووبەکر، باری ئەوەی دوای خۆتت قورس کرد.[4]

ئەسید باسی ئەو رۆژە دەکات کە خەلیفەی موسڵمانان ئەبووبەکری صدیق کۆچی دوایی کرد و دەڵێت:

کاتێ ئەبووبەکر وەفاتی کرد بە بەرگێ دایانپۆشی و گریان مەدینەی گرتەوەو خەڵکی شڵەژان چەشنی ئەو رۆژەی پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کرد، عەلی کوڕی ئەبووطالیب خێرا بە گریانەوە گەڕایەوەو دەیفەرموو (ئەمڕۆ خیلافەتی پێغەمبەر(ﷺ) دابڕا)، ئینجا هات تا گەیشتە بەردەرگای ئەوماڵەی ئەبووبەکری تێدا بوو، وەستا و وتی: (بەر رەحمەتی خوا کەویت ئەی ئەبووبەکر، تۆ یەکەم کەس بوویت موسڵمان بوویت، لەهەمووان پوختتر و دڵسۆزانەتر باوەڕت هێنا، دڵنیایی و بێگومانیت لە

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٨.
[2] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٨٧.
[3] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٨.
[4] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٣٦.

هەموان زیاتر بوو، لە هەموان لەخواترس تر و دەوڵەمەندتر بوویت و لە هەموان زیاتر لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بوویت... پلەوپایەت لە هەموویان بەرزتر بوو، پێشرەوی هەموویان بوویت، پلەت لەهەموویان بەرزتر بوو، لە هەموویان زیاتر لە پێغەمبەری خواوە نزیک بوویت، لەرووی رەوشت و هەڵوێستەوە لە هەموان زیاتر لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوویت، لای پێغەمبەر(ﷺ) لە هەموویان جێ متمانەتر و پایەبەرزتر بوویت و بەڕێزتریان بوویت لە خزمەتیدا، دەی خوای گەورە لەسەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەی و موسڵمانان پاداشتی خێرت بداتەوە، کاتێ خەڵکی پێغەمبەری خوایان بە درۆزن دەزانی تۆ بەراستت دەزانی، بۆیە خوای گەورە لە کتێبەکەی خۆیدا بە صدیق ناوی هێنایت (و الذي جاء بالصدق)، کاتێ خەڵکی بەرامبەر پێغەمبەر(ﷺ) پیسکە بوون، تۆ شوێنکەوتە و دڵنەواکەری بوویت، کاتێ خەڵکی دانیشتن و لەگەڵی نەچوون تۆ لەگەڵیدا راوەستایت، لەکاتی سەختیدا بە جوانترین شێوە هاوەڵی ئەوت کرد، سوکناییت بۆ دەهێنا و هاوڕێی کۆچ و باروحاڵی نارەحەتی پێغەمبەر(ﷺ) بوویت، دوای پێغەمبەر(ﷺ) بەجوانترین شێوە خیلافەتت کرد بۆ ئوممەتەکەی، کاتێ خەڵکی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە بەجۆرێک ئایینی خوات بەجێگەیاند کە خەلیفەی هیچ پێغەمبەرێکی پێشتر وا بەجێی نەگەیاندووە، کاتی لاوازی هاوەڵانت بەهێز بوویت، کاتی ترسی ئەوان سەرپێ راوەستایت، وێڕای پێ ناخۆشبوونی دووروان و بێزاری و توورەیی بێباوەڕان دەستت گرتبوو بە رێباز و بەرنامەی پێغەمبەری خواوە، کاتێ دەورووبەرت شکستیان خوارد بە رووناکی خوا خیلافەتت گرتەدەست، لەسەروو هەموویانەوە بویت و لەهەموشیان کەمتر قسەت دەکرد و لە هەموان زیاتر راستیت دەپێکا و لە هەموان زیاتر بێدەنگ دەبوویت، رەوانبێژی و بڕیاردروستی و دلێری و دڵنیایی و کرداری چاک و شارەزاییت بە کارەکان لە هەموان زیاتر بوو،

بۆ ئیسلام سەرگەورەیەک بوویت و بۆ باوەڕدارانیش باوکێکی میهرەبان، کاتێ بە خاوخێزانەوە دەهاتنە لات باری قورسی لاوازی ئەوانت دەگرتە ئەستۆ، چییان لەدەست دەدا تۆ دەتپاراست، چییان پشتگوێ بخستایە تۆ ئاگاداری دەبوویت، کاتی کەمصەبری ئەوان خۆڕاگر بوویت، ئەوەی ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا تۆ پێی گەیشتیت، بەهۆی تۆوە گەیشتن بەوەی کە چاوەڕێ نەبوون دەستیان بکەوێ، بۆ بێباوەڕان سزایەک بوویت و دەرژایت بەسەریاندا، بۆ باوەڕدارانیش بارانی رەحمەت و بەرەکەت بوویت، بارانی دەوڵەمەندی و سوکنایی و پارێزگاری بوویت... وەک شاخێ وابوویت کە رەشەبا نایجووڵێنێت و شکێنەرەکان لەناوی نابەن... کەسی لاواز و زەلیل لای تۆ بەهێز بوو تا مافت بۆ وەردەگرتەوە، کەسی بەهێز و بە دەسەڵاتیش لای تۆ زەلیل و لاواز بوو تا کاتێ مافت لێ وەردەگرتەوە، لەوەشدا دوور و نزیک لای تۆ وەک یەک بوون... بەخوا پێشڕەیو زۆرت کردو ئەوەی دوای تۆ دێت چاک ماندووی دەکەیت ... رازین بە قەزای خودا و ملکەچی کارو فەرمانی دەبین، دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمانان بە هیچ شتێ هێندەی مەرگی تۆ موصیبەتبار نابن... خوای گەورە بتگەیەنێتەوە بە پێغەمبەرەکەت و ئێمەش لە پاداشتت بێ بەش نەکات و دوای تۆ گومرامان نەکات) خەڵکی بێدەنگ بووبوون تا وتەکانی تەواو بوون، دواتر هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) گریان و وتیان: راستت فەرموو ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا(ﷺ).[1]

٣١٦١. عەبدوڵای کوڕی عوثمانی ئەسەدی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوثمانی ئەسەدیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

[1] البحر الزخار مسند البزار، الرقم ٨٣١، السنة لأبي بكر بن الخلال، الرقم ٣٤٦، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٨٤١

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٧٦.

٢١٦٢. عەبدوڵای کوڕی عورفجە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عورفجەی سالمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[١]

٢١٦٣. عەبدوڵای کوڕی عومەر(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەططابی قورەیشی عەدویە، کونیەکەی ئەبووعەبدورەحمانە،[٢] یەکێکە لە گەورە هاوەڵە ناسراوەکان و لە زانا گەورەکانی ناو هاوەڵان کە زانستێکی کەموێنەی هەبووە.

باوکی ناوی عومەری کوڕی خەططابەو یەکێکە لە هاوەڵانی زۆر نزیکی پێغەمبەر(ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و دووەم خەلیفەی موسڵمانان پاش ئەبووبەکری صدیق.

دایکی ناوی زەینەبی کچی مەظعوونی کوڕی حەبیبەیە، ئەم ئافرەتە لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەوەش هاتووە گوایە پێش کۆچکردن بۆ مەدینە مردبێت راست نیە.[٣]

منداڵەکانی بریتی بوون لە دوانزە کوڕ وچوار کچ، ئەبووبەکر و ئەبووعوبەیدەو عەبدوڵا و عومەر و حەفصەو سەودە کە دایکیان صەفیەی کچی ئەبی عوبەید بوو، عەبدورەحمان کە دایکی ناوی ئومموعەلقەمەی کچی عەلقەمە بوو، سالم و عوبەیدوڵا و حەمزە کە دایکیان ئوممووەلەد بوو، زەید و عائیشە کە دایکیان ئوممووەلەد بوو، بیلال کە دایکی ئوممووەلەد بوو، ئەبووسەلەمەو قلابە کە دایکیان ئوممووەلەد بوو.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٧٩.
[٢] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٣، ص ٢٠٤.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٨٠.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٤٣.

عەبدولا هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر هاودەم بە باوکی کۆچی کرد بۆ مەدینەو هێشتا نەگەیشتبوویە تەمەنی باڵغی، بۆیە نەیتوانی لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری بکات و یەکەم غەزا کە تیایدا بەشداری کرد غەزای خەندەق بوو.[١]

لە غەزای بەدردا بەرائی کوڕی عازب ویستی بەشداری جەنگەکە بکات، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ڕێی نەدا هەریەک لە بەرائی کوڕی عازب و ئیبن عومەر بەشداری بکەن لەبەر کەمی تەمەنیان.[٢]

زەید دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە جەنگی ئوحوددا هەندێ کەسی بە بچووک دانا بۆ بەشداری لە جەنگەکەو هەموویانی گێڕایەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە زەیدی کوڕی جاریە-واتە خۆی- و بەرائی کوڕی عازب و زەیدی کوڕی ئەرقەم و ئەبووسەعیدی خودری و عەبدولای کوڕی عومەر و جابیری کوڕی عەبدولا.[٣]

ئیبن عومەر دەڵێت: بۆ غەزای ئوحود کە تەمەنم چواردە ساڵان بوو پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی نەدا بەشداری بکەم، بەڵام بۆ غەزای خەندەق کە تەمەنم پانزە ساڵان دەبوو مۆڵەتی دام.[٤]

بەپێی گێڕانەوەیەکی واقیدی هاتووە یەکەم غەزا کە هەریەک لە ئیبن عومەر و بەرائی کوڕی عازب تیایدا بەشدار بوون بریتی بووە لە غەزای خەندەق.[٥]

ئیبن عومەر لە حودەیبیەدا بەشداری کردو یەکێک بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی ڕیضوان.[٦]

---

(١) سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٣، ص ٢٠٤.
(٢) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص٣٦٧.
(٣) السنن الكبرى للبيهقي - كتاب السير - باب من لا يجب عليه الجهاد، الرقم ١٧٨٨٢.
(٤) صحيح البخاري - كتاب الشهادات - باب بلوغ الصبيان وشهادتهم، الرقم ٢٦٦٤؛ صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب بيان سن البلوغ، الرقم ١٨٦٨.
(٥) الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص١٥٦.
(٦) سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٣، ص ٢٠٤.

هەروەها ئیبن عومەر لەناو سوپاکەی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری جەنگی موئتەی کرد.[1]

ئیبن عومەر لە فەتحی مەککەشدا بەشداری کرد.[2]

جارێک عەبدوڵای کوڕی عومەر داوای لە عومەری باوکی کرد تا داوای کچەکەی صالحی کوڕی نەححامی بۆ بکات، عومەر وتی: ئەو بڕێ هەتیوی هەیەو تا ئەوانە وەستابن کچەکەی نادات بە ئێمە، بۆیە عەبدوڵا چوو بۆ لای زەیدی مامی و وتی: مامە داوای کچی فلانەکەسم بۆ بکە، زەیدیش چوو بۆ لای صاڵح و وتی: عەبدوڵای کوڕی عومەر منی ناردووە بۆ داوای کچەکەت، ئەویش وتی: من بڕێ هەتیوم هەیەو ئامادە نیم کچەکەم بدەم بە ئێوەو برازاکانی خۆم لەولا وەستابن، بەڵام دایکی کچەکە حەزی دەکرد کچەکەی بۆ عەبدوڵا بێت، چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) عەبدوڵای کوڕی عومەر هاتووەتە داوای کچەکەم، کەچی باوکی کچەکەی داوە بە هەتیوێک کە لایەتی و بەخێوی دەکات، هێشتا رای کچەکەشی وەرنەگرتووە، پێغەمبەریش(ﷺ) ناردی بە شوێن صالحدا و فەرمووی: (ئەرێ بێ ئەوەی رای کچەکەت وەربگریت داوتە بە شوو؟) وتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أشيروا على النساء في أنفسهن وهي بكر)،[3] (رای کچەکانتان سەبارەت بە خۆیان وەربگرن).

ئیبن عومەر دەڵێت: جارێک خەوم بینی کە پارچەیەک ئاوریشم لە دەستمدایەو بەرەو هەر لایەکی بەهەشتی فڕێ دەدەم، منیش لەگەڵ خۆی رادەکێشێت، خەوەکەم گێڕایەوە بۆ حەفصەی خوشکم، ئەویش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(براکەت پیاوێکی صالحە) یان فەرمووی: (عەبدوڵا پیاوێکی صاڵحە).[4]

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٤٨.

[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٣، ص ٢١٠.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند عبد الله بن عمر(ﷺ)، الرقم ٥٨٢٤، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[4] صحيح البخاري - كتاب التعبير - باب الإستبرق ودخول الجنة في المنام، الرقم ٧٠١٥؛ صحيح مسلم -

ئیبن عومەر دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) دەمبینی کەسێک خەوی دەدی، دەیگێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، منیش هیوام وابوو خەوێک ببینم تا بیگێڕمەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، جا من ئەوکاتیش لە مزگەوت دەخەوتم، جارێک لە خەومدا بینیم دوو فریشتە منیان برد بۆ دۆزەخ دەتوت وێنەی گۆڕ بەخڕی دیوار کراوە، خەڵکانێکیشی تێدا بوو کە دەمناسین، منیش دەموت پەنا دەگرم بە خوا لە دۆزەخ، پەنا دەگرم بە خوا لە دۆزەخ، پەنا دەگرم بە خوا لە دۆزەخ، فریشتەیەکی تر گەیشت بەو دوو فریشتەیەو بە منی وت: مەترسە، منیش خەوەکەم گێڕایەوە بۆ حەفصە -ی خوشکم- حەفصەش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (نِعْمَ الرَّجُلُ عَبْدُ اللهِ، لَوْ كَانَ يُصَلِّي بِاللَّيْلِ) (عەبدوڵا پیاوێکی چاکە ئەگەر بە شەویش نوێژی بکردایە)، سالیم دەڵێت: ئیتر دوای ئەوە عەبدوڵا بە شەو زۆر کەم دەخەوت.[1]

ئیبن عومەر زۆر شوێنەوارەکانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) لەبەرچاو دەگرت، دەچوو لەو شوێنانە دادەنیشت کە کاتی خۆی پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ دانیشتبوو، دەچوو لەو شوێنە نوێژی دەکرد کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوێژی تێدا کردبوو، درەختێک هەبوو کە جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لە بنیدا دانیشتبوو، ئیبن عومەر دەچوو ئاوی دەدا بۆ ئەوەی وشک نەبێت.[2]

عەبدوڵای کوڕی عومەر دەڵێت: جارێک لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووین، فەرمووی: (إِنَّ مِنَ الشَّجَرِ شَجَرَةً لَا يَسْقُطُ وَرَقُهَا، وَإِنَّهَا مَثَلُ الْمُسْلِمِ فَحَدِّثُونِي مَا هِيَ؟) (لە درەختدا دارێک هەیە کە گەڵاکەی ناوەرێت، نمونەی وەک موسڵمان وایە،پێم بڵێن ئەوە چیە؟) خەڵکی وایانزانی درەختی بیابانە، منیش وتم: دارخورمایە، بەڵام لە ناخی خۆمدا هێشتمەوەو شەرمم کرد بیڵێم، هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێمان بڵێ، فەرمووی:(ئەوە دارخورمایە) عەبدوڵا دەڵێت: منیش بە

کتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل عبد الله بن عمر(ﷺ)، الرقم ٢٤٧٨.

[1] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب عبد الله بن عمر بن الخطاب(ﷺ)، الرقم ٣٧٣٨.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٤٨.

باوکمم وت: کە زانیومەو لە شەرمدا نەموتووە، باوکیشم وتی: ئەگەر بتوتایە لام خۆشتر بوو لەوەی ئەوەو ئەوەم هەبوایە.[1]

ئیبن عومەر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ماوەیەک بەر لە مردنی نوێژی عیشای بۆ کردین و دواتر کە سەلامی دایەوە هەستایە سەرپێ و فەرمووی:(أَرَأَيْتَكُمْ لَيْلَتَكُمْ هَذِهِ؟ فَإِنَّ عَلَى رَأْسِ مِائَةِ سَنَةٍ مِنْهَا لَا يَبْقَى مِمَّنْ هُوَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ أَحَدٌ)،[2] واتە(ئەمشەوتان ئەبینن، لەمشەوەوە تا سەد ساڵی تر لەم سەرزەویەدا یەک کەس نامێنێ کە ئەمڕۆ لەسەریەتی).

هەرچەندە عەبدوڵا کوڕی عومەری کوڕی خەططابی خەلیفەی موسڵمانان بوو، بەڵام هیچ ئیمتیاز و تایبەتمەندیەکی پێنەدرابوو، بەڵکو هەمان مافی پێدرابوو کە بە خەڵکی دی درابوو.

عومەری کوڕی خەططاب کە مووچەی بۆ خەڵک بڕیەوە، بۆ سەلمانی فارسی چوار هەزاری دانابوو، بەڵام بۆ کوڕەکەی خۆی (عەبدوڵای کوڕی عومەر) سێ هەزارو نیوی دانابوو، کابرایەک وتی: چۆن دەکرێت بۆ کابرایەکی فارسی چوار هەزار و بۆ کوڕی ئەمیری باوەڕداران سێ هەزار و نیو بێت؟! خەڵکەکە وتیان: سەلمان لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بەشداری غەزایەک بووە کە ئیبن عومەر تیایدا بەشدار نەبووە.[3]

زەمەخشەری گێڕانەوەیەکی هێناوە کە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کاتێک فتووحاتی فارس کرا، سێ کچی یەزگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرا بە کەنیزەک گیرابوون و هێنران بۆ خەلیفەی باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب، ئەویش ویستی بیانفرۆشێت، بەڵام

---

[1] صحيح البخاري - كتاب العلم - باب قول المحدث حدثنا وأخبرنا وأنبأنا، الرقم ٦١؛ صحيح مسلم - كتاب صفة القيامة والجنة والنار - باب مثل المؤمن مثل النخلة، الرقم ٢٨١١.

[2] صحيح البخاري - كتاب مواقيت الصلاة - باب السمر في الفقه والخير بعد العشاء، الرقم ٦٠١؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب قوله(ﷺ) لا تأتي مائة سنة وعلى الأرض نفس منفوسة اليوم، الرقم ٢٥٣٧؛ جامع الترمذي - أبواب الفتن عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٢٢٥١.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٨٦

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب وتی: کچانی پاشاکان نافرۆشرێن، بۆیە پارەی هەموویانی دا و دابەشی کردن لە نێوان حوسەینی کوڕی و موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەردا.[1]

ئیبن عومەر یەکێک بوو لە بەشداربوانی فەتحی میصر و ماوەیەکیش لەوێ مایەوەو نزیکەی چل کەس لە خەڵکی میصر فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە.[2]

لەو سوپایەدا کە عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەرح سەرکردایەتی دەکرد، هەریەک لە عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەشدار بون، سوپای جەرجیری پاشای بەربەرەکانیش بە زیاد لە سەد هەزار جەنگاوەرەوە هات، سوپای موسڵمانانیش نزیکەی بیست هەزار جەنگاوەر بوو، لە جەنگەکەدا پاش کوژرانی سەرکردەی بەربەرەکان، بەربەرەکان پەرتەوازە بوون و رایاندەکرد و موسڵمانانیش کەوتنە کوشتن و دیلگیرییان.[3]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بە عەبدوڵای کوڕی وت: بڕۆ بزانە کێ منی کوشت؟ ئەویش وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەبوولوئلوئەی کۆیلەی موغیرەی کوڕی شوعبە تۆی کوشت، عومەریش وتی: سوپاس بۆ خوا کە مەرگی منی بە دەستی کەسێک نەهێنا کە تاکە سوجدەیەکیشی بردبێت بۆ خوا، ئەی عەبدوڵا بڕۆ بۆ لای عائیشەو پرسیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لەلای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟[4]

دواتر پێشنیاز کرا عەبدوڵای کوڕی عومەر بۆ شوێنی خۆی دابنێت، بەڵام عومەر تووڕەبوو و بەوە رازی نەبوو،[5] ئەوەبو پێش شەهیدبوونی دەستەی شوورای دانا، وتی: ئەگەر سێ کەس سێ کەس کەوتن (واتە

[1] ربيع الأبرار للزمخشري، ج١، ص ٢٨١.
[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٣، ص ٢٠٩.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٥٢.
[4] الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج٢، ص ٤٤٧.
[5] الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج٢، ص ٤٥٩.

بوون بە دوو بەشەوە) ئەوە عەبدوڵای کوڕی عومەر بکەن بە دادوەری نێوانیان، ئەگەریش بە دادوەری ئەو رازی نەبوون، ئەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بن کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدایە.[1]

کاتێک عومەر لەسەرەمەرگیدا بوو، سەری لە کۆشی عەبدوڵای کوڕیدا بوو، وتی: ئەی عەبدوڵا سەرم بخەرە سەر خۆڵەکە بەڵکو خوای گەورە بەو بارەوە بمبینێت و رەحمم پێ بکات، دواتریش کە مرد، عەبدوڵا یەکێک بوو لەوانەی دابەزیە ناو گۆڕەکەی.[2]

کاتێک لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا ئەبووذەر ئیجتیهادێکی کرد کە خەریک بوو کێشەیەک بنێتەوە، ئیبن عومەر یەکێک بوو لەوانەی ئەو ئیجتیهادەی پێ رەوا نەبوو.

ئەبووذەر پێی وابوو ئەوان لە سوار و جلوبەرگدا زێدەڕۆیی دەکەن، بۆیە لەسەر ئەوە نارەزایی بەرامبەریان دەردەبڕی و سەرکۆنەی دەکردن، دەیویست چی لەو ماڵ و سامانەی بەردەستیان هەیە دابەش بکرێت، ئەوەش شتێکی پێویست نەبوو.

ئیبن عومەر و هاوەڵانێکی تریش دەیانوت هەرچیەک زەکاتەکەی بدەیت ئیتر بریتی نیە لە کۆکردنەوەی -زێڕ و زیو-، ئەوەبوو لە شام دەمەقاڵەیەک لەنێوان ئەبووذەر و موعاویەدا روویدا، ئیتر ئەبووذەر هات بۆ مەدینە، خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، ئەویش هەمان ڕێی خۆی دەگرتەبەر-دنیانەویستی و ویستی ئەوەی هەموان بەوجۆرە بن- عوثمان پێی وت: خۆزگە کەنارت بگرتایە، مەبەستی ئەوەبوو تۆ لەسەر ڕێبازێکیت کە بۆ تێکەڵی خەڵک نابێت، چونکە تێکەڵی مەرجی خۆی هەیە و کەنارگرتنیش مەرجی خۆی هەیە، هەرکەسیش بیەوێت وەک ئەبووذەر بژی دەبێت بە تەنها بژی، یان تێکەڵی خەڵک بکات بەڵام وازبهێنێت خەڵکی لەو بارەدا بژین کە لە شەریعەتدا حەرام

[1] الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج٣، ص ٤٦١.
[2] الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج٢، ص ٤٤٨.

نەکراوە، ئەوەبوو بۆ پشتگوێخستنی دنیا، ئەبووزەر بە سەربەرزی چوو بەرەو ناوچەی رەبذە، حاڵی ئەبووزەر باشتر بوو، بەڵام ئەو حاڵە بۆ هەموو خەڵک نابێت، چونکە ئەگەر لەسەر ئەو رێبازە بچوونایە بەدڵنیاییەوە لەناودەچوون، سوپاس و ستایش بۆ خوا کە هەموو حاڵەکانی رێکخستووە.[1]

کاتێک هێرش کرایە سەر ماڵەکەی عوثمانی کوڕی عەففان و ویستیان بیکوژن، حەسەنی کوڕی عەلی لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تردا لە ماڵی عوثمانی کوڕی عەففاندا مایەوە و بەرگری دەکرد، بەڵام عوثمان داوای لێکردن وازبێنن و نەجەنگن،[2] کاتێکیش عوثمان شەهید کرا و ژنەکەی هاواری کرد، هەریەک لە حەسەن و حوسەین و چەند کەسێکی تر چوونە ژوورەوە، سەیریان کرد عوثمان شەهید کراوە و سەری بڕراوە.[3]

ئیبنولعەرەبی لەو بارەیەوە دەڵێت:

ئەوەش چەسپاوە کە حەسەن و حوسەین و ئیبن زوبەیر و ئیبن عومەر و مەروان هەموویان بەچەکەوە چوون بۆ ماڵ-بۆ بەرگری کردن لە عوثمان- بەڵام ئەو پێی وتن بڕیارم بۆتان ئەوەیە بگەڕێنەوەو چەکەکانتان دابنێن و لە ماڵی خۆتان بمێننەوە...

عەبدوڵای کوڕی عامری کوڕی رەبیعە دەڵێت: من لەگەڵ عوثمان لە ماڵەوە بووم، وتی: بزانە کێ گوێڕایەڵی فەرمانی منە پێی بڵێ دەست و چەکی بگرێتەوەو بەکاری نەهێنێت، پاشان وتی: ئەی ئیبن عومەر هەستە- ئەوکات ئیبن عومەر شمشێرێکی بەدەستەوە بوو-بڕۆ ئەو هەواڵە بدە بە خەڵکەکە.

ئیبن عومەر و حەسەنی کوڕی عەلیش چوونەدەرەوەو -ئاشووبگێڕانیش- چوونە ناو ماڵەکەو عوثمانیان کوشت...

[1] العوصم من القواصم، تحقيق محب الدين الخطيب و محمود مهدي الأستانبولي، ط٢، دار الجيل(بيروت-١٩٨٧)، ص ٨٥- ٨٨

[2] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٤٥٢.

[3] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٤٥٩.

حەسەنی کوڕی عەلی کۆتا کەس بوو کە لەلای مابوویەوە، چونکە حەسەن و حوسەین و ئیبن عومەر و ئیبن زوبەیر و مەڕوان هاتبوون بۆ لای، ئەویش زۆر جەختی لێکردنەوە چەکەکانیان دابنێن و بچنەدەرەوەو بچنەوە بۆ ماڵی خۆیان...[1]

جارێک ئیبن عومەر لەگەڵ خەڵکێکی قورەیشیدا دانیشتبوو، کابرایەکی میصری هات بۆ لای، وتی: ئەی ئیبن عومەر پرسیارێکت لێدەکەم وەڵامم بدەرەوە، ئایا دەزانیت عوثمان لە ڕۆژی ئوحوددا رایکرد؟ وتی: بەڵێ، وتی: دەزانیت لە بەدردا ئامادە نەبو؟ وتی: بەڵێ، وتی: دەزانیت لە بەیعەتی ریضواندا ئامادە نەبوو؟ وتی: بەڵێ، کابرا وتی: الله اکبر، ئیبن عومەر وتی: وەرە با بۆت روون بکەمەوە، راکردنی ئوحودی من شایەتی دەدەم کە خوا لێی خۆش بوو، بۆ ئامادە نەبوونی بەدریش لەبەرئەوە بوو کە کچەکەی پێغەمبەر(ﷺ) هاوسەری بوو و نەخۆش بوو، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو تۆ پاداشت و پشکی یەکێک لە ئامادەبوانی بەدرت هەیە، بۆ ئامادەنەبوونیشی لە بەیعەتی ریضوان، ئەوە ئەگەر لەناو مەککەدا بڵندپایەتر لە عوثمان هەبوایە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی لەبری عوثمان دەنارد، پێغەمبەر(ﷺ) عوثمانی نارد و بەیعەتەکە دوای ئەوە بوو کە عوثمان چوو بۆ مەککە، لە کاتی بەیعەتەکەدا پێغەمبەر(ﷺ) دەستی راستی نیشان دا و فەرمووی: ئەوە دەستی عوثمانە، دەستی راستی دا بەسەر دەستەکەی تریدا و فەرمووی:(ئەوە بۆ عوثمان)، ئینجا ئیبن عومەر بە کابرای وت: دەی ئێستا بڕۆ.[2]

ئیبن عومەر لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری هیچ جەنگێکی نەکرد و و کەناری گرت، بەڵام دواتر لە دواییەکانی تەمەنیدا پەشیمانی دەردەبڕی کە چۆن پشتیوانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نەکرد لەو جەنگانەدا.[3]

[1] العواصم من القواصم لابن العربي.

[2] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب عثمان بن عفان، الرقم ٣٦٩٨؛ جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٣٧٠٦.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٤٩.

کاتێک عەلی کوڕی ئەبووطالیب ویستی جەنگی شام بکات، چوو بۆ لای ئیبن عومەر و هانی دا تا لەگەڵیدا بەشداری بکات، ئیبن عومەر وتی: منیش وەک ئەو خەڵکەی ترم، بەڵام بۆ جەنگ ئەمساڵ ئامادە نیم بەشداری بکەم، دواتر ئیبن عومەر خۆی ئامادە کرد و چوو بەرەو مەککە.[١]

جا پێش ئەوەی بچێت بۆ مەککە، عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە کەفیلی ئیبن عومەر کە دژی ناوەستێت، دواتر ئیبن عومەر چوو بۆ لای ئومموکلثومی کچی عەلی کە ژنی عومەری کوڕی خەططاب بوو و پێی وت: کە دەچێت بۆ عومرە، هەروەها وتی: من تەواو گوێڕایەڵی عەلیم جگە لە فەرمان کردنی بە جەنگ و ڕاپەڕین، دواتر وا هەواڵ برا بۆ عەلی وتیان: ئەمشەو بارێکی سەختتر لەوەی عائیشەو طەلحەو زوبەیرو موعاویە ڕوویداوە، وتی چی بووە؟ وتیان: ئیبن عومەر چووە بۆ شام، وەزعەکە شڵەقا، کە ئومموکلثوم ئەوەی بیست، هات بۆ لای عەلی و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، عەلیش دەروونی ئارام بوویەوەو وتی: بڕۆن بەخوا نە من بەدرۆ کەوتمەوەو نە ئەو درۆی رد، بەخوا من متمانەم زۆرە پێی.[٢]

کاتێک موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ویستی بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وەربگرێت تا دوای خۆی شوێنی بگرێتەوە، عەبدوڵای کوڕی عومەر بەیعەتی نەدا، هەریەک لە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەر و حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش بەیعەتیان نەدا، ئەوەبوو موعاویە خۆی هات بۆ حیجاز بۆ عومرەو، کاتێک لە مەککەوە گەڕایەوەو دای بە مەدینەدا، هەریەک لەوانەی دواند، ئیبن عومەر لە هەموویان زمانی نەرمتر بوو، هەرچۆن بێت بە موژدەو ترساندنیش ڕەزامەندی ئەوانی وەرگرت بۆ بەیعەتدان بە یەزیدی کوڕی.[٣]

---

[١] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣١.
[٢] الكامل في التأريخ لابن أثير، ج٣، ص ١٠٠.
[٣] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٧٩.

موعاویە پلەوپایەی ئیبن عومەری لەبەرچاو بوو، بۆیە دەبینین لە وتارێکیدا دەیوت: ئەی خەڵکینە من باشترینتان نیم، بەڵکو لە من باشتر لەنێوتاندا هەیە، عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی عەمر و چەندێکی تر جگە لەو دوانەش.[1]

ئیبن عومەر هاودەم بە هاوەڵانێکی تری وەک ئیبن عەبباس و ئیبن زوبەیر و ئەبوو ئەییووبی ئەنصاری بەشداری هێرشی سەر قوستەنتینیەی کرد.[2]

کە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان وەفاتی کرد، یەزیدی کوڕی نامەی نووسی بۆ وەلیدی کوڕی عوتبە کە والی مەدینە بوو و هەواڵی مەرگی موعاویەی پێدا و داوای لێکرد هەرچۆنێک بێت بەیعەتی بۆ وەربگرێت لە هەریەک لە حوسەین و ئیبن عومەر و ئیبن زوبەیر.[3]

کاتێک موعاویە مرد، ئیبن عومەر لە مەککە بوو، لە رێدا حوسەینی کوڕی عەلی و ئیبن زوبەیری بینی، وتی: دەنگوباس چیە؟ وتیان: موعاویە مرد و بەیعەت بە یەزید دەدرێت، ئیبن عومەر وتی: لەخوا بترسن و یەکڕیزی موسڵمانان پەرت مەکەن.[4]

کاتێک یەزید هاتە سەر دەسەڵات سەرەتا ئیبن عومەر بەیعەتی پێ نەدا، وەلید ناردی بە دوایدا و داوای لێکرد بەیعەت بدات بە یەزید، ئیبن عومەر وتی: ئەگەر هەموو خەڵکی بەیعەتیان دا ئەوکات منیش بەیعەت دەدەم، کابرایەک پێی وت: دەتەوێت خەڵکی بکەونە ناکۆکی و یەکدی بکوژن و لەناوبچن و کەس نەمێنێت تۆ نەبێت ئەوکات بەیعەت بدەیت؟! ئیبن عومەر وتی: حەزم بەو قسانەت نیە، بەڵام ئەگەر خەڵکی هەموویان بەیعەتیان دا و تەنها من مامەوە ئەوە بەیعەت دەدەم.[5]

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٨ ص ١٣٤.
[2] الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج٣، ص ٣١٤.
[3] البداية و النهاية لابن كثير، ج٨ ص ١٤٦.
[4] البداية و النهاية لابن كثير، ج٨ ص ١٤٨.
[5] البداية و النهاية لابن كثير، ج٨ ص ١٤٨.

کاتێک یەزید هاتە سەر دەسەڵات ئیبن عومەر بەیعەتی پێدا، دواتر منداڵەکانی کۆکردەوەو وتی: ئێوە دەزانن ئێمە لەسەر بەیعەتی خوا و پێغەمبەرەکەی بەیعەتمان دا بەم پیاوە، جا من بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (إِنَّ الْغَادِرَ يُنْصَبُ لَهُ لِوَاءٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُقَالُ: هَذِهِ غَدْرَةُ فُلاَنٍ) (ناپاک لە رۆژی دواییدا ئاڵایەکی بۆ هەڵدەکرێت و دەوترێت ئەوە ناپاکی فلانە)، جا زۆر ناپاکیە کەسێک لەسەر بەیعەتی خواو پێغەمبەرەکەی بەیعەت بدات بە کەسێک و دواتر بیشکێنێت.[1]

لە کاتی شۆرشەکەی حوسەینی کوڕی عەلیدا ئیبن عومەر هەڵوێستێکی روونی هەبوو، ئەوەبوو ئیبن عومەر هاتە مەدینەو هەواڵی حوسەینی پرسی، پێی وترا بەرەو عێراق کەوتووەتەرێ، ئەوەبوو ئیبن عومەر خێرا چوو بە دوایدا و پاش دوو رۆژە رێ ئینجا گەیشت بە حوسەین، پێی وت: بۆ کوێ دەچیت؟ وتی: بۆ عێراق، ئیبن عومەر وتی: مەڕۆ بۆ لایان، حوسەین وتی: ئەوە نامەکانیانن و بەیعەتیان بۆ ناردوم، ئیبن عومەر وتی: خوای گەورە پێغەمبەری خۆی سەرپشک کرد لەنێوان دنیا و ئاخیرەتدا، ئەویش ئاخیرەتی هەڵبژارد، ئێوەش بەشێکن لە پێغەمبەر(ﷺ)، هەرگیز هیچکامتان دنیاتان بۆ نابێت، خوای گەورەش کە دنیای لێ دورو گرتون چاکتری بۆ داناون، ئینجا خەڵکی عێراق خەڵکێکی خراپن و باوکتیان کوشت و دایان لە براکەشت و ئەوەو ئەوەیان کرد، بەڵام حوسەین قەناعەتی نەکرد و رازی نەبوو، دواجار ئیبن عومەر کە زانی حوسەین هەر دەڕوات دەستی کردە ملی وتی: ماڵئاوایی کوژرانت لێدەکەم -وەک کوژراوێک ماڵئاواییت لێدەکەم-.[2]

ئینجا عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی عەبیاش کە لە عومرەوە دەهاتنەوە چوون بۆ لای حوسەین و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر، ئیبن عومەر وتی: بۆ خاتری خوا بگەڕێنەوە بۆ ئەو بارەی خەڵکی تێدان و

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند عبد الله بن عمر(ﷺ)، الرقم ٥١٥٣؛ البداية و النهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٢.
[2] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩٢-٢٩٣.

بۆ خەڵک باشترە و پەلە مەکەن، ئەگەر خەڵکی هەموو رازی بوون پێی ئەم دوانەش خۆتان جیا مەکەنەوە، ئەگەریش خەڵکی هەموان لەسەری رازی نەبوون ئەوکات ئەوەی دەتانەوێت بیکەن.(١)

ئیبن عومەر زۆر دڵگران بوو بە کوژرانی حوسەین و ئەوەی بە پەڵەی رەشی نێو چاوانی عێراقیەکان دەزانی، بۆیە کاتێک عێراقیەک پرسیاری کرد ئەگەر کەسێک ئیحرامی بەستبوو و مێشێکی کوشت حوکمەکەی چیە؟ ئیبن عومەر وتی: خەڵکی عێراق سەبارەت بە کوشتنی مێش پرسیار دەکەن، لەکاتێکدا کچەزای پێغەمبەری خوایان(ﷺ) کوشت کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ئەو دوانە رەیحانەکانی دنیای منن.(٢)

یەزید پلەوپایەی ئیبن عومەری لەبەرچاو بوو و رێزی بڕیارو پێشنیازەکانی دەگرت، ئەوەبوو کاتێک موختاری ثەقەفی بەند کرا، ئیبن عومەر نامەیەکی نارد بۆ یەزید و داوای لێکرد ئازادی بکات، یەزیدیش نامەی نارد بۆ ئیبن زیاد و فەرمانی کرد هەرکە ئەم نامەت پێگەیشت موختار ئازاد بکە، ئەویش ئازادی کرد.(٣)

لە سەردەمی ئیبن زوبەیردا کاتێک عەبدوڵا لە مەککەوە خیلافەتی راگەیاند و موسڵمانان کەوتنە بەیعەتدان پێی، چەند کەسێک لەو نێوەندەدا بەیعەتیان پێ نەدا، ئەوانەی بەیعەتیان پێ نەدا بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵای کوڕی عەبباس و ئیبنولحەنەفیە.(٤)

ئیبن عومەر زۆر تکای لە ئیبن زوبەیر دەکرد تا واز بهێنێت لەو کارەی و نەبێتە هۆکاری نانەوەی جەنگ لە حەرەمدا.(٥)

---

(١) سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٢٩٦.

(٢) صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب الحسن والحسين، الرقم ٣٧٥٣؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر قول المصطفى(ﷺ) للحسين بن علي إنه ريحانته من الدنيا، الرقم ٦٩٦٩.

(٣) البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٤٩.

(٤) البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٣٩.

(٥) البداية و النهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٤٠.

هاوکات پلەوپایەی ئیبن زوبەیری دەزانی و کاتێک بینی حەججاج خەریکە درۆی بۆ هەڵدەبەستێت بەرگریەکی مەردانەی کرد لە ئیبن زوبەیر.[1]

ئیبن عومەر بە نامەیەک بەیعەتی خۆی بۆ عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان نیشاندا، ئەویش لەو روانگەوە کە لە نامەکەیدا نووسیبووی(لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە بۆ عەبدولمەلیکی ئەمیری باوەڕداران...تۆ بەرپرسیت و هەر بەرپرسێکیش بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی).[2]

کاتێک عەبدوڵای کوڕی زوبەیر کوژرا، تەرمەکەی لەخاچ درا تا خەڵک بیبینێت، کە عەبدوڵای کوڕی عومەر دای بە لای تەرمەکەیدا، وەستا و وتی: سەلامت لێ بێت ئەبووخوبەیب، سێ جار ئەوەی وتەوە، ئینجا وتی: بەخوا من زۆر رێگریم لێکردیت لەمە، سێ جار ئەوەشی وتەوە، بەخوا هێندەی من تۆم ناسیبێت کەسێک بوویت نوێژ و رۆژووت زۆرزۆر بوو و پەیوەندی خزمایەتیشت زۆر بەهێز راگرتبوو، بەخوا ئوممەتێک تۆ خراپترینی بێت چاکترین ئوممەتە، پاشان عەبدوڵای کوڕی عومەر چوو، ئینجا حەججاج ئەو هەڵوێستەی ئیبن عومەری بیست، ناردی تەرمەکەی عەبدوڵا داگیرایە خوارەوەو فڕێ درایە ناو گۆڕستانی جوولەکەکان.[3]

جارێک ئیبن عومەر لە دەوروبەری مەدینە لەگەڵ هاوەڵانێکیدا بوو نانیان دەخوارد، کابرایەکی شوانیش دای بەلایاندا و سەلامی کرد، ئیبن عومەر وتی: وەرە نانێکمان لەگەڵ بخۆ، شوانەکە وتی: من بەڕۆژووم، ئیبن عومەر وتی: لە رۆژێکی ئاوا گەرمدا بەرۆژوو دەبیت و شوانەییش دەکەیت؟ کابرا وتی: من دەرفەت لەم رۆژانەم وەردەگرم، ئیبن عومەر ویستی دنیانەویستی کابرا تاقی بکاتەوە، وتی: یەکێک لەو مەڕانەمان پێدەفرۆشیت و دواتریش شتێک لە گۆشتەکەی بەشت دەدەین تا ئێوارە رۆژووی پێ بکەیتەوە؟ شوانەکە

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٨، ص ٣٣٢.

[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٩، ص ٦٣.

[3] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب ذكر كذاب ثقيف ومبيرها، الرقم ٢٥٤٥.

وتی: ئەوانە مەڕی من نین، ئیبن عومەر وتی: جا گەورەکەت بە نەمانی مەڕێک هیچ ناکات، شوانەکەش پشتی هەڵکرد و پەنجەی رووەو ئاسمان بوو و دەیوت: ئەی خوا لە کوێیە؟ ئیبن عومەریش بەو شوانە سەرسام بوو و بەردەوام قسەکەی شەوانەکەی دووبارە دەکردەوە ئەی خوا لە کوێیە؟ کە هاتەوە مەدینە، کەسێکی نارد بۆ لای مەولای ئەو شوانەیەو شوانەکەو مەڕەکانیشی لێ کڕی و شوانەکەی ئازاد کرد و مەڕەکانیشی پێبەخشی.[1]

ئیبن عومەر لە ساڵی حەفتا و سێی کۆچی و پاش سێ مانگ لە کوژرانی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر وەفاتی کرد، رایەکیش هاتووە کە لە ساڵی حەفتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە، لە کاتی وەفاتیدا تەمەنی نزیکەی هەشتاو سێ یان هەشتاو چوار ساڵان بوو، هۆکاری مردنەکەشی وا هاتووە کە حەججاج رقی لێهەگرتووەو فەرمانی کردووە کەسێک سەرەرمێکی ژەهراوی لەبەر پێی ئیبن عومەردا داناوە، بەو هۆیەوە ئیبن عومەر ماوەیەک نەخۆش کەوتووەو دواتر وەفاتی کردووە، دواتر حەججاج نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد و ئەسپەردە کرا.[2]

ئیبن عومەر فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو کتێبەکانی فەرموودە پڕن لە گێڕانەوەکانی ئیبن عومەر.

ئیبن عومەر یەکێک بوو لەوانەی کە ئەوەی لای خۆشەویست بوایە لەبەر خوا دەیبەخشی، بەخشندەییشی ناسراو بوو، جا کۆیلەکانی بەردەستی ئەوەیان دەزانی، بۆیە زۆرجار کارێکیان دەکرد کە ئازادیان بکات، خەڵکی دەیانوت ئەوانە تۆ هەڵدەخەڵەتێنن، ئیبن عومەریش دەیوت: هەرکەس بۆ خوا هەڵمانبخەڵەتێنێت بۆی هەڵدەخەڵەتێین، ئینجا جار هەبوو کۆیلەکە دوای ئازادبوونیشی داوای پارمەتیشی لێدەکرد، جارێک کە کۆیلەیەکی ئازاد کرد،

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٤٨.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٥١.

کۆیلەکە وتی: وا ئازادت کردم، دەی بڕێک پارەشم بدەرێ تا پێی بژیم، ئیبن عومەر چل هەزاری پێدا.[1]

٢١٦٤. عەبدوڵای کوڕی عومەیر(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عومەیری کوڕی عەددیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

٢١٦٥. عەبدوڵای کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسەو لە پشتیوانانە، جارێک پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (هەرکەس لە سەر زەویدا بمرێت و هێندەی دەنکە خەردەلێک خۆبەزلزانی لە دڵیدا هەبێت خوای گەورە دەیخاتە دۆزەخەوە)، عەبدوڵای کوڕی قەیس کە ئەوەی بیست دەستی کرد بە گریان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی عەبدوڵای کوڕی قەیس بۆچی دەگریت؟ وتی: لەبەر ئەو فەرمایشتەی جەنابت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: موژدەت لێ بێت تۆ لە بەهەشتدایت، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) سوپایەکی نارد بۆ غەزا و عەبدوڵای کوڕی قەیسی تێدا بوو، تیایدا عەبدوڵا شەهید بوو.[3]

٢١٦٦. عەبدوڵای کوڕی قەیس(ئەبوو مووسای ئەشعەری)(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی کوڕی سولەیمەو کونیەکەی ئەبووموسای ئەشعەریەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، دایکی ناوی ظەبیەی کچی وەهبە کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.[4]

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٩، ص ٤-٥.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٠٠.

[3] مسند بن حميد، الرقم ٦٧٤، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٩٧٨، المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤١٢٤.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٧٦.

ئەبوومووسای ئەشعەری هاودەم بە براکانی و ژمارەیەک لە ئەشعەریەکان هاتە مەککەو لەوێ لەگەڵ ئەبوئوحەیحە هاوپەیمانی بەست، دواتر لەوێ موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو نەچوو بۆ حەبەشەو گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆی و دواتر هاودەم بە براکانی کە هات بەرەو مەدینە، لە رێدا گەیشت بەو کۆچەریانەی لە حەبەشەوە دەگەڕانەوەو دەهاتن بۆ مەدینە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە ناوچەی خۆیانەوە هاودەم بە پەنجا کەس لە ئەشعەریەکان بەرەو مەدینە دەچوون، بە کەشتیەک چوون، بەڵام رەشەبا کەشتیەکەی بەرەو حەبەشە بردن، ئەوانیش هاودەم بە جەعفەر و یارانی گەڕانەوە بۆ مەدینە.[1]

ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: کاتێک بڕیار بوو ئەشعەریەکان بێن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (يَقْدَمُ عليكُمْ غَدًا قَوْمٌ هُمْ أَرَقُّ قُلُوبًا لِلْإِسْلَامِ مِنْكُمْ) (سبەینێ خەڵکانێ دێن بۆ لاتان کە دڵیان بۆ ئیسلام لە ئێوە زۆر ناسکترە)، ئەوەبو ئەشعەریەکان هاتن و ئەبوو مووسای ئەشعەریش لەناویاندا بوو، کە نزیک بوونەوە لە مەدینە ئەم شیعرەیان دەوتەوە:

غدا نلقى الأحبة

محمد و حزبه

سبەی دەگەینە دۆستان

موحەممەد و هاوەڵان

کە گەیشتنە مەدینە تەوقەیان دەست پێکرد، ئەوان یەکەم کەس بوون تەوقەیان داهێنا.[2]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە غەزای حونەین بوویەوە، ئەبووعامیری بە سوپایەکەوە نارد بۆ ئەوطاس، منیشی

[1] أسد الغابة، ج٣،ص ٣٧٦.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٢٧٧٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر خبر ثان يصرح بصحة ما ذكرناه، الرقم ٧١٩٣، صححه شعيب الأرناؤوط.

لەگەڵ ئەبوو عامیردا نارد، ئەبووعامیر کە گەیشت بە دورەید خوای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بە ئەبووعامیر و دورەید کوژرا و هاوەڵانی شکان، بەڵام تیرێک بەر ئەبووعامیر کەوت، منیش خۆم گەیاندە لای و وتم: مامەگیان کێ تیری لێدایت؟ ئەویش ئاماژەی کرد بۆ کەسێک و وتی: ئەو منی کوشت، منیش کەوتمە شوێنی و خۆم گەیاند پێی و دەموت شەرم ناکەیت رادەکەیت؟ ئەویش وەستا و جەنگاین و من ئەوم کوشت، دواتر بە ئەبوو عامیرم وت: خوای گەورە ئەو کەسەی کوشت، ئەبوو عامیر وتی: دەی ئەو تیرە لاببە، منیش تیرەکەم لابرد، وتی: برازا گیان سەلامم بگەیەنە بە پێغەمبەر(ﷺ) و پێی بڵێ داوای لێخۆشبوونم بۆ بکات، ئینجا منی کرد بە بەرپرسی خەڵکەکە، دوای ماوەیەکی کەم ئەبوو عامیر وەفاتی کرد، منیش گەڕامەوەو چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)و لەسەر راخەرێکی لە دارگەڵا درووستکراو راکشابوو و شوێنەواری چنراوی راخەرەکە بەسەر پشت و لاکانیەوە بوو، بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) داوای ئاوی کرد و دەستنوێژی گرت و دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی: (خوایە لە عوبەید ئەبی عامیر خۆش بە) منیش سپیایی بنباڵیم دەبینی، ئینجا نزای تری کرد و فەرمووی: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِعُبَيْدٍ أَبِي عَامِرٍ اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَوْقَ كَثِيرٍ مِنْ خَلْقِكَ أَوْ مِنَ النَّاسِ) (خوایە لە رۆژی دواییدا لە سەرووی زۆرێک لەو خەڵکە دروستکراوەی خۆتەوە دایبنێ)، منیش وتم: نزای لێخۆشبون بۆ منیش بکە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِعَبْدِ اللهِ بْنِ قَيْسٍ ذَنْبَهُ، وَأَدْخِلْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُدْخَلاً كَرِيمًا) (خوایە لە تاوانی عەبدوڵای کوڕی قەیس خۆش بە و رۆژی دوایی جێ و مەقامێکی رێزداری پێ ببەخشە).[1]

ئەبوو مووسا دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو بۆ قورئان خوێندن، جارێک

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة أوطاس، الرقم ٤٣٢٣؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي موسى وأبي عامر الأشعريين(ﷺ)، الرقم ٢٤٩٨؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب السير - استخلاف صاحب الجيش، الرقم ٨٧٣٠

پێغەمبەر(ﷺ) گوێی لێ بوو ئەبوو مووسا قورئانی دەخوێند، فەرمووی: (لَقَدْ أُوتِيَ هَذَا مِنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ) (بەڕاستی ئەمە ئاوازێکی ئالی داوودی پێدراوە).[1]

ئەبوو مووسا دەڵێت: من لای پێغەمبەر(ﷺ) بووم کە لە جەعرانە لە نێوان مەککەو مەدینە لایدابوو، بیلالیش لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو، ئەعرابیەک هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەو بەڵێنەی پێت دام بۆم نایەنێتەدیِ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مـوژدەت لێ بێت)، کابرا وتی: موژدەی زۆرت پێداوم، پێغەمبەر(ﷺ) وەک تووڕەییەکی هەبێت تەماشای ئەبوومووسا وبیلالی کرد و فەرمووی: (رَدَّ الْبُشْرَى، فَاقْبَلاَ أَنْتُمَا) (کابرا موژدەکەی بەرپەرچ دایەوە، ئێوە وەرن)، ئێمەش چووین، داوای قاپێ ئاوی کرد و دەست و دەموچاوی تێدا شۆرد و ئاوی رادایە دەمی و کردیەوە ناوی و دواتر فەرمووی: (اشْرَبَا مِنْهُ، وَأَفْرِغَا عَلَى وُجُوهِكُمَا وَنُحُورِكُمَا وَأَبْشِرَا) (لێی بخۆنەوە و بیکەن بەسەر دەموچاوو و گەردنتاندا و موژدەتان لێ بێت)، ئێمەش وامانکرد، پاشان فەرمووی: زیادەکەی لێ بهێڵنەوە بۆ دایکتان، ئوممسەلەمەی لە پشت پەردەوە بانگ کرد، ئێمەش زیادەکەیمان بۆ هێشتەوە.[2]

لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) چوار کەس لە مزگەوتی پێغەمبەردا(ﷺ) فەتوایان دەدا کە بریتی بوون لە عومەری کوڕی خەططاب و عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و موعاذی کوڕی جەبەل وئەبوو مووسای ئەشعەری.[3]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند عائشة(ﷺ)، الرقم ٢٤٧٣١؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المساجد - أبواب صفة الصلاة - تزيين القرآن بالصوت، الرقم ١٠٩٤؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر إعطاء الله جل وعلا أبا موسى من مزامير آل داود، الرقم ٧١٩٥، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي و في صحيح و ضعيف الجامع الصغيرو زيادته، الرقم ٢١٠٤.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة الطائف، الرقم ٤٣٢٨؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي موسى وأبي عامر الأشعريين(ﷺ)، الرقم ٢٤٩٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان - باب الصحبة والمجالسة - ذكر ما يستحب للمرء التبرك بالصالحين وأشباههم، الرقم ٥٥٨.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٣٨٩.

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو بۆ قورئان خوێندن، عومەری کوڕی خەططاب زۆر جار دەیوت: ئەی ئەبو مووسا وەرەو یادی پەروەردگارمان بخەرەوە، ئەویش بە دەنگی خۆش لە کۆڕەکەدا قورئانی دەخوێند.[1]

ئەبوو مووسا دەڵێت: جارێک لەگەڵ دوو کەس لە ئەشعەریەکان چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەو دوانە داوای پۆستیان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەی ئەبوو مووسا)، وتم: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە نەیانوتووە چ نیازێکیان هەیە و ئاگادار نەبوم بۆ داوای پۆست هاتون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (لَا نَسْتَعْمِلُ عَلَى عَمَلِنَا مَنْ أَرَادَهُ، وَلَكِنِ اذْهَبْ أَنْتَ يَا أَبَا مُوسَى إِلَى الْيَمَنِ) (ئێمە کەسێک ناکەین بە بەرپرسی کارێکمان کە خۆی بیەوێت، بەڵام تۆ ئەی ئەبوو مووسا برۆ بۆ یەمەن) دوای ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) موعاذی کوڕی جەبەلیشی نارد بۆ یەمەن.[2]

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا جارێک ئەبوو مووسا چوو بۆ لای عومەر، داوای مۆڵەتی کرد و عومەریش سەرقاڵ بوو و وەڵامی نەدایەوە، ئەبوو مووسایش چوو، دواتر کە عومەر دەستی بەتاڵ بوو وتی: ئەرێ دەنگی ئەبوو مووسام بیست، مۆڵەتی بدەن بێتە ژوورەوە، وتیان: گەڕایەوە، ئەوەبوو عومەر بانگی کرد، ئەبوو مووسا وتی: ئێمە وا فەرمانمان پێدەکرا، عومەر وتی: دەبێت لەسەر ئەو قسەیەت بەڵگەم بۆ بهێنیت، ئەبوو مووسایش چوو بۆ کۆڕی پشتیوانان و پرسیاری کرد کەس هەیە شایەتی ئەو فەرموودەی بێت؟ وتیان: کەس نیە تەنها ئەبووسەعیدی خودری نەبێت، ئەبوو مووسا ئەبووسەعیدی لەگەڵ خۆی برد بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب.[3]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر الخبر المدحض قول من زعم أن الزهري لم يسمع هذا الخبر إلا من عمرة، الرقم ٧١٩٦.

[2] صحيح البخاري - كتاب استتابة المرتدين والمعاندين وقتالهم - باب حكم المرتد والمرتدة واستتابتهم، الرقم ٦٩٢٣؛ صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب النهي عن طلب الإمارة والحرص عليها، الرقم ١٨٢٤.

[3] صحيح البخاري - كتاب البيوع - باب الخروج في التجارة، الرقم ٢٠٦٢؛ صحيح ابن حبان - كتاب الحظر والإباحة - باب الاستئذان - ذكر البيان بأن بعض السنن قد تخفى على العالم وقد يحفظها من هو دونه

ئەبوو مووسا لە سەردەمی خیلافەتی عومەڕی کوڕی خەطتابدا والی بەصرە بوو، ئەمەش لە ساڵی حەڤدەی کۆچی و دوای لابردنی موغیرە، ئینجا عومەری کوڕی خەططاب نامەی بۆ نووسی بڕۆ بەرەو ئەهواز، ئەویش چوو بەرەو ئەهواز و فەتحی کرد، هەروەها لە ساڵی بیست و سێی کۆچیدا ئەصبەهانی فەتح کرد.(١)

لە ساڵی هەژدەی کۆچیدا ئەبوو مووسای ئەشعەری ناوچەی روها و سومەیساطی فەتح کرد.(٢)

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان بوو بە خەلیفە، عوثمان ئەبوو مووسای لە پۆستەکەی هێشتەوە، دواتر لایبرد و ئیبن عامیری لە شوێنیدا دانا، ئەبوو مووسایش لە بەصرەوە چوو بۆ کووفەو لەوێ مایەوە تا ئەوەی خەڵکی کووفە سەعیدی کوڕی عاصیان دەرکرد و داوایان کرد لە خەلیفە عوثمان تا ئەبوو مووسای ئەشعەری بکات بە والییان، ئەویش ئەبوو مووسای کرد بە والییان، ئەبوو مووسا بەردەوام والی کووفە بوو تا ئەو کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان کوژرا، کە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب بوو بە خەلیفە ئەبوو مووسای لە والیەتی کووفە لابرد.(٣)

کاتێک عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان رێککەوتن لەسەر دانانی دوو دادوەر بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان و پێدانی دەسەڵاتی تەواو پێیان تا بڕیاری کۆتایی بدەن، موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان عەمری کوڕی عاصی راسپارد، عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش ئەبوو مووسای ئەشعەری راسپارد، هەرچەندە داوای لێکرا کە ئیبن عەبباس بکات بە دادوەر، بەڵام لەلایەکەوە لەبەر فشاری یەمانیەکان و لە لایەکی تریشەوە لەبەر زانینی پلەوپایەی ئەبوو مووسا خەلیفە عەلی

في العلم والدين، الرقم ٥٨٠٧.

(١) أسد الغابة، ج٣، ص ٣٧٧.

(٢) سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ٣٩١.

(٣) أسد الغابة، ٣، ص ٣٧٧.

کوڕی ئەبووطالیب ئەبوو مووسای بۆ ئەو ئەرکە راسپارد، خەلیفە بە ئەبوو مووسا و عەمری کوڕی عاصیشی وت: لەسەر بنەمای قورئان حوکم بدەن، قورئانیش پشتیوانی منە، ئەگەر بەپێی قورئان حوکم نەدەن بڕیارتان بۆ نیە.[1]

لێرەدا گێڕانەوەیەکی باو و بڵاو سەبارەت بە دادوەریەکە هەیە کە زۆرێک لە سەرچاوەکان هێناویانەو کردوویانە بە بەڵگەیەک بۆ تانەدان لە هەریەک لە ئەبوو مووسای ئەشعەری و عەمری کوڕی عاص، دەستەیەکیش وەڵامی ئەو گێڕانەوەیان داوەتەوە، بە کورتی هەردوو راکە دەخەینەڕوو:

ئەبوو موخنەف دەڵێت: ئەبووجونابی کەلبی بۆی گێڕامەوە کاتێک عەمر و ئەبوو مووسا لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە، عەمر پێش ئەبوو مووسا قسەی کرد و وتی: تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خوایت و لە من بەتەمەنتریت، تۆ قسە بکەو منیش دواتر قسە دەکەم، لە هەموو شتێکدا عەمر ئەبوو مووسای پێشدەخست و بەوە خەڵەتاندی تا پێشتر ئەو عەلی کەنار بخات، عەمر دواتر ویستی موعاویە بهێڵێتەوە، بەڵام ئەبوو مووسا رازی نەبوو، ئینجا ویستی کوڕەکەی خۆی دابنێت، بەڵام رازی نەبوو، ئەبوو مووسایش ویستی عەبدوڵای کوڕی عومەر دابنێن، بەڵام عەمر رازی نەبوو، عەمر وتی: رای خۆتم پێ بڵێ، ئەبوو مووسا وتی: رام وایە ئەم دوو پیاوە(عەلی و موعاویە) لا ببەین و مەسەلەکە بکەین بە شوورای نێوان موسڵمانان و موسڵمانان خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێک هەڵبژێرن، عەمر وتی: منیش هاوڕای تۆم، ئەوەبوو چوون بۆ لای خەڵکەکەو ئەبوو مووسا پێشتر قسەی کرد و وتی: رای من و عەمر لەسەر یەک شتە کە هیوامان وایە خوای گەورە بەو هۆیەوە باری ئەم ئوممەتە رێک بخات، عەمر وتی: ئەبوو مووسا راست دەڵێت، ئەبوومووسای پێشخست، ئیبن عەبباس بە ئەبوومووسای وتماڵوێران وادەزانم لەخشتەت دەبات، ئەگەر ئێوە لەسەر

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٧٧.

شتێک ڕێککەوتون دەی تۆ ئەو پێش بخە با ئەو قسەکەی بکات ئینجا تۆ قسە بکە، چونکە عەمر کەسێکی ناپاکە...ئەبوومووسا سادە بوو و پێی وت: ئێمە ڕێککەوتویننبۆیە پێشکەوت و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە تەماشای باری ئەم ئوممەتەمان کرد و باشترین شت بۆ ئەوە کە ڕای من و عەمری لەسەرە ئەوەیە عەلی و موعاویە لابەرین و ئەم ئوممەتە ڕووبکەنە مەسەلەکەو خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێک بکەنە ئەمیر، وا من عەلی و موعاویەشم لابرد و ئێوە خۆتان کەسێک بکەن بە ئەمیر کە بە باشی دەزانن، دواتر ئەبوو مووسا کەناری گرت و عەمری کوڕی عاص هەستا و هاتە شوێنەکەی و سوپاس و ستایشی خوای کرد و وتی: قسەکانی ئەوتان بیست کە هاوەڵەکەی خۆی لابرد، منیش وەک ئەو هاوەڵەکەی خۆی لادەبەم و موعاویەی هاوەڵم دەهێڵمەوە، چونکە ئەو وەلی عوثمانی کوڕی عەففانەو داواکاری خوێنی ئەوە و شیاوترین کەسە بە شوێنەکەی، ئەبوو مووسا وتی: چیتە خوا مۆفەقت نەکات ناپاکیت نواند و لاتدا، نموونەی تۆ وەک سەگ وایە، عەمریش وتی: نموونەی تۆیش وەک کەر وایە، جا شورەیحی کوڕی هانیء هەڵیکوتایە سەر عەمر و بە قامچی لێیدا، کوڕێکی عەمریش هەڵیکوتایە سەر شورەیح و بە قامچی لێیدا، خەڵکی هەستان و جیایان کردنەوە، جا شورەیح دواتر دەیوت: پەشیمانم لەوەی لە بری قامچیەکەم بە شمشێر نەمدا لە عەمر...ئیبن عەبباسیش دەیوت: خوا ئەبوو مووسا بێزراو بکات خۆ من هۆشیارم کردەوە کەچی وەرینەگرت... جا عەمر و شامیەکان گەڕانەوە بۆ لای موعاویەو خیلافەتیان پێ سپارد و ئیبن عەبباس و شورەیحیش گەڕانەوە بۆ لای عەلی، جا کە نوێژی بەیانی دەکرد لە قنووتدا نزای دەکرد خوایە نەفرینت بنێرە بۆ موعاویەو عەمر و ئەبولئەعوەری سولەمی و حەبیب و عەبدوڕەحمانی کوڕی خالید و ضەحاکی کوڕی قەیس و وەلید، موعاویەش کە ئەوەی بیست لە هەموو

قنووتێکدا دەستی دەکرد بە نەفرین کردنی عەلی و ئیبن عەبباس و ئەشتەر و حەسەن و حوسەین.[1]

ئەم گێڕانەوەیە هی ئەبوو موخنەفە کە یەکێکە لەو شیعانەی زۆرترین گێڕانەوەی دژ بە هاوەڵان و ئەهلی سوننە تۆمار کردووە، ناوەڕۆکی گێڕانەوەکەشی زۆر جێی گومانە و ئەم تۆمەتانەی لێدەکەوێتەوە:

یەکەم: بە گەمژەو نەفام دانانی ئەبوو مووسای ئەشعەری لە کاتێکدا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی نارد بۆ یەمەن و بەرپرسیارێتی پێ سپارد، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) یەکێک بوو لەو چوار کەسەی کە فتوای دەدا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب و عوثمانی کوڕی عەففانیشدا والی و بەرپرس بوو.

دووەم: بە ناپاک دانانی عەمری کوڕی عاص کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و پێدانی سیفەتی ناپاکی پێی.

سێیەم: زمانی ئەبوو مووسا هی قسەوتنی وا ناشیرین نەبوو، زمانی عەمریش هەروا، هاوکات زمانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب زمانی ئەو هەموو نەفرینە نیە لەو هەموو کەسە، ئەویش لەکاتی نوێژی بەیانیدا، هەروەک زمانی موعاویەش ئەو زمانە نەبوو.

چوارەم: ئەگەریش وابێت، خۆ مەرجی رازیبوون ئەوەیە هەردوولا لەسەر یەک وتە رێککەوتبن، خۆ ئەبوو مووسا وتی: وا رێککەوتوین هەردووکیان لابەرین و وا من عەلی و موعاویەشم لابرد، بۆیە ئەگەریش عەمر وایکردبێت، ئەوە کارەکەی سەرکەوتوو نەبووە.

بۆیە ئەم گێڕانەوەیە زیاتر دەمارگیری توندی مەزهەبی شیعەی پێوە دیارەو زۆر دووبارەبوونەوەشی لە سەرچاوەکاندا تەنها لەم بنەڕەتەوەیە کە گێڕەرەوەکەی ئەبوو موخنەفی شیعەیە، خواش زاناترە بە راستیەکان.

[1] تأريخ الطبري، ج٣، ص ١١٣.

سەبارەت بە گێڕانەوەی دووەم دەقی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی لە کتێبی (العواصم من القواصم) دادەنێین سەبارەت بە مەسەلەی تەحکیم (دادوەری):

خەڵکی سەبارەت بە تەحکیم حوکمیان داوەو شتانێکیان وتووە کە خوا پێی رازی نیە، ئەگەر جیا لە ئاییندارییش بە چاوی پیاوەتی تەماشای بکەیت، تێدەگەیت لە نووسینەکاندا بێمانایییەک هەیە کە زیاتر بێدینییەو کەمترین شت بیڵێین دەڵێین نەفامیەکی روونە، ئەوەی لەو بارەوە راستە ئەوەیە کە پێشەوایانی وەک خەلیفە ئیبن خەییاط و دارەقوطنی گێڕاویانەتەوە کە کاتێک دەستەی عێراقی بە سەد هەزار و دەستەی شامی بە حەفتا یان نەوەد هەزارەوە دەرچوون و لە صفین لای فورات دابەزین و لە رۆژی سێ شەممەو لە بەرەبەیانەوە جەنگان و خەڵکی عێراق سەرکەوتن بەسەریاندا، دواتر رۆژی چوارشەممە لە حەوتی صەفەری ساڵی سی و حەوت هەمدی جەنگان تا ئەو کاتەی دوو کەس لە هەردوو لابڕیاری دادوەرییان پێدرا، لە بەرەی عەلیەوە پێنج شەممەو رۆژی هەینی و شەوی شەممە بوو، خەڵکی شام قورئانەکانیان بەرز کردنەوەو داوای رێککەوتنیان کرد و هەموان بڵاوەیان لێکرد و لەسەر ئەوە رێککەوتن هەر دەستەیەک باری خۆی بداتە دەست کەسێک، ئەبوو مووسا لە بەرەی عەلی و عەمری کوڕی عاص لە بەرەی موعاویەوە، ئەبوو مووسا کەسێکی زۆر خواناس و زانا و فیقهناس بوو، پێغەمبەر(ﷺ) هاودەم بە موعاذ ناردبووی بۆ یەمەن و عومەر پایەی پێدابوو و وەسفی تێگەیشتوویی کردووە، ئەو دەستە زبرە مێژوویییە وتەی ناراستە کە ئەبوو مووسا بە گەمژەو ڕا لاواز و هەڵخەڵەتاو لە قسەدا وەسف دەکات و ئیبنولعاصیش بە زیرەک و لێزانی وا وەسف دەکات کە بە نموونە باسکراوە و جەخت دەکەنەوە لەو ویستی خراپەی هەیبووەو هەندێ نەفامیش شوێن ئەو رایە کەوتوون و چیرۆک

و شتانێکی وایان سەبارەت بە ئەو و هاوەڵانی تریش نووسیوە.. دەڵێن کاتێک ئەوان لە ئەذرەح لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە و دانووستانیان کرد و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەردوو لا بەرپرسانیان لاببەن، عەمر بە ئەبوومووسای وتووە تۆ پێشتر قسە بکە، ئەویش پێشکەوت و وتی: من لە مەسەلەکە ورد بوومەوەو عەلیم لە پۆستەکەی لابرد و با موسڵمانان لەنێو خۆیاندا بڕیار بدەن وەک چۆن شمشێرەکەشم لە گەردنم لابرد، ئەوەبوو لایبرد و لەسەر زەوی دانا، عەمریش هەستا و شمشێرەکەی خستە سەر زەوی و وتی: من لە مەسەلەکە رامام و موعاویەم لە مەسەلەکەدا هێشتەوە و ئەم شمشێرەشم لە گەرنمدا دەهێڵمەوە، ئەبوو مووسا بەوە نارازی بوو و سەرکۆنەی کرد و عەمریش وتی: وا رێککەوتین، خەڵکەکە بەو باری ناکۆکیە بلاوەیان لێکرد، ئەمە درۆیەکی راشکاوەو یەک پیتیشی لە راستیدا روویندەداوەو داهێنەران و مێژوونووسانی پاشایان ئەمەیان داناوەو خەڵکێ کە بە ئاشکرا لە فەرمانی خوا دەردەچن و بیدعە دەنوێنن بە میراتی ئەو وتانەیان وەرگرتووە، ئەوەی چەسپاوەو زانایانی راستبێژ گێراویانەتەوە ئەوەیە کاتێک ئەو دوانە کۆبوونەوە تا لە مەسەلەکە رامێنن و دەستەیەکی رێزداری خەڵکیش ئامادە بوون لەوانە ئیبن عومەر و هاوچەشنانی، عەمریش موعاویەی کەنار خستووە، دارەقوطنی بە سەنەدی خۆی لە حوصەینی کوری مونذیرەوە هێناویەتی کاتێک عەمر موعاویەی کەنارخست، حوصەین چوو لە نزیک چادرەکەی موعاویەوە چادری هەڵدا، موعاویە کە هەواڵی بیست ناردی بە شوێنیدا و وتی: بیستوومە عەمر ئاواو ئاوای وتووەو کردووە، جا بڕۆ بزانە ئەوە چیە من لە بارەیەوە بیستوومە، حوصەین دەڵێت: منیش چووم بۆ لای و وتم: باسی ئەو کارەم بۆ بکە کە تۆ و ئەبو ومووسا بۆی راسپێردراون چیتان کرد، ئەویش وتی: خەڵکی قسەی خۆیان لەو بارەوە کرد، بەخوا بارەکە وەک ئەوەی ئەوان

نەبوو، بەڵکو من بە ئەبوو مووسام وت: رات لەم بارەیەوە چیە، ئەویش وتی: من پێم وایە دەسەڵات بۆ یەکێک لەو کەسانە بێت کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و لێیان رازی بوو، منیش وتم: ئەی من و موعاویە چی لێدەکەیت؟ وتی: پشتتان پێ ببەستێت چونکە ئێوە پشتیوانیتان لەدەست دێت، حوصەین چوویەوە بۆ لای موعاویەو بەسەرهاتەکەی وەک خۆی بۆ گێڕایەوە، ئەویش ناردی بۆ لای ئەبیلئەعوەری ذەکوانی و بە سوارەکانیەوە ناردی، ئەویش چوو سواری ئەسپەکەی بووو غاری دەدا و دەیوت: کوا دوژمنی خوا؟ کوا ئەو فاسقە؟ عەمر چوو بۆ لای ئەسپێکی لەژێر چادرەکەیدا و بێ زین هێنایە دەرەوەو بەرەو لای چادرەکەی موعاویە غاری دەدا و دەیوت: (إن الضجور قد تحتلب العلبة یا معاویة إن الضجور قد تحتلب العلبة) جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات ئەی موعاویە جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات.[١]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی ئەبوو مووسای ئەشعەری چەند رایەک هاتووە، دەوترێت لە کووفەو لە ساڵی چل و دووی کۆچی وەفاتی کردووە، یان ساڵی چل و چواری کۆچی و لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا، یان ساڵی چل و نۆ یان پەنجا یان پەنجا و دوو یان پەنجا و سێی کۆچی،[٢] ذەهەبی دەڵێت: رای دروست ئەوەیە کە لە مانگی ذیلحیججەی ساڵی چل و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە.[٣]

ئەبوو موسای ئەشعەری کەسێکی زۆر بەشەرم بوو، ئەوەتا خۆی دەڵێت: لەتاو شەرمم لە خوا لە شوێنی تاریکدا خۆم دەشۆم و لەکاتی خۆشۆردنیشدا خۆم دەچەمێنمەوە.[٤]

---

[١] العواصم من القواصم لابن العربي، ١٧٨-١٨١.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٧٧.

[٣] سیر أعلام النبلاء للذهبي، ج٢، ص ٣٩٨.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١١٣-١١٤.

ئەبوو مووسای ئەشعەری یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

ئەبوو مووسا دەڵێت: کابرایەکی ئەعرابی بە پێغەمبەری خوای وت: کەسی وا هەیە لەبەر دەستکەوت دەجەنگێت، کەسی وا هەیە بۆ ئەوەی باس بکرێت دەجەنگێت، کەس هەیە بۆ ئەوەی پێگەی دیار بێت دەجەنگێت، کامیان لە ڕێی خوادایە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله)،[1] (هەرکەس بجەنگێت لە پێناو ئەوەی وتەی خوا باڵا بێت ئەوە لە ڕێی خوادایە).

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أطعموا الجائع وعودوا المريض وفكوا العاني)،[2] (نان بدەن بە برسی و سەردانی نەخۆش بکەن و کەسی دیل –یان گیرۆدە–ئازاد –ڕزگار– بکەن).

ئەبوو مووسا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە کاربەدەستانی خۆی دەنارد بۆ شوێنێک دەیفەرموو (بشروا ولا تنفروا ويسروا ولا تعسروا)،[3] (موژدەبەخش بن و خەڵکی وا لێ مەکەن دوور بگرن، ئاسانکاری بکەن و بارگرانی مەکەن).

٢١٦٧. عەبدوڵای کوڕی قەیسی خەزرەجی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی کوڕی ضەخرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، سەبارەت بە بەشداربوونی لە بەدردا ڕاجیایی هەیە، بەڵام سەبارەت بە بەشداربوونی لە غەزای ئوحوددا یەکدەنگی هەیە.[4]

---

[1] صحيح البخاري – كتاب العلم – باب من سأل وهو قائم عالما جالسا، الرقم ١٢٣؛ صحيح مسلم – كتاب الإمارة – باب من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله، الرقم ١٩٠٤.

[2] صحيح البخاري – كتاب الأطعمة – باب قول الله تعالى كلوا من طيبات ما رزقناكم، الرقم ٥٣٧٣؛ سنن أبي داود – كتاب الجنائز – باب الدعاء للمريض بالشفاء عند العيادة، الرقم ٣١٠٥؛ السنن الكبرى للنسائي – كتاب السير – الأمر بفكاك الأسير، الرقم ٨٦١٣

[3] صحيح مسلم – كتاب الجهاد والسير – باب في الأمر بالتيسير وترك التنفير، الرقم ١٧٣٢؛ سنن أبي داود – كتاب الأدب – باب في كراهية المراء، الرقم ٤٨٣٥.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١٤.

٢١٦٨. عەبدوڵای کوڕی قەیسی خوزاعی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی خوزاعیە، عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (من رآى بأمر يريد به سمعة فإنه في مقت من الله عز وجل حتى يجلس، ومن سأل مالا وهو غني فإنما يستكثر من النار ومن أعطي الفضل فهو خير له ولا إيلام على كفاف لينجيك من النار).[1] (هەرکەس بە رووپامایی بنەوێتە کارێک و مەبەستی ناوبانگ بێت، ئەوە لە تووڕەیی خوادا دەبێت تا دادەنیشێت، هەرکەس داوای سامان بکات و دەوڵەمەندیش بێت ئەوە داوای زیاتری ئاگر دەکات، هەرکەس زیادە لە خۆی ببەخشێت ئەوە چاکە بۆی و بێ گومان رزگارکردنیەتی لە دۆزەخ).

٢١٦٩. عەبدوڵای کوڕی قەیسی قینی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی قینیەو یەکێکە لەو هاوەڵانەی فەرموودەی لێوە نەگێردراوەتەوە، بەلام ژیاوە تافەتحی میصر کراوەو تیایدا بەشدار بووە، دواتریش ژیا تا لە ساڵی چل و نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

٢١٧٠. عەبدوڵای کوڕی قەیسی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی کوڕی صرمەیە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەجار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[3]

٢١٧١. عەبدوڵای کوڕی قەیظی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیظیەو لەپشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، هاودەم بە عوقبە و عەبادی برای لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیددا شەهید بوو.[4]

[1] الآحادو المثاني لابن أبي عاصم، الرم ٢٥٠٢.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١٦.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١٦.

٢١٧٢. عەبدوڵای کوڕی قداد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قدادەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[١]

٢١٧٣. عەبدوڵای کوڕی قوڕرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قوڕرەی کوڕی نوهەیکە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی ئەبووبەکرە، پێغەمبەر(ﷺ) نزای بەرەکەتی بۆ کرد.[٢]

٢١٧٤. عەبدوڵای کوڕی قورط(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قورطی ئەزدیە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، سەرەتا ناوی شەیطان بوو، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[٣]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(گەورەترین ڕۆژ لای خوا ڕۆژی نەحرە-یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان- دواتر ڕۆژی قەڕرە-ڕۆژی دوای ئەوە).[٤]

عەبدوڵا دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە غەزا و فتووحاتدا بەشداری کرد، لە جەنگی یەرمووکیشدا بەشداری کرد، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بەرپرسی حیمص بوو، لە سەردەمی موعاویەی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٠٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١٠.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٠٩.

[٤] سنن أبي داود - كتاب المناسک - باب الهدي إذا عطب قبل أن يبلغ، الرقم ١٧٦١؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناسک - فضل يوم النحر، الرقم ٤٠٨٦؛ صحيح ابن خزيمة - كتاب المناسک - باب فضل يوم النحر، الرقم ٢٨٦٦؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب الأضاحي - أعظم الأيام عند الله يوم النحر ثم يوم القر، الرقم ٧٦١٧، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

کوڕی ئەبووسوفیانیشدا والی حیمص بوو، دواجار لە ساڵی پەنجا و شەشی کۆچیدا لە جیهاددا دژ بە ڕۆمەکان لە خاکی ڕۆمەکاندا شەهید بوو.[1]

٢١٧٥. عەبدوڵای کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی کەعبی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

٢١٧٦. عەبدوڵای کوڕی کورز(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی کورزەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(یا أیها الناس، إنما مثل أحدکم، ومثل أهله وعمله وماله کرجل له ثلاثة إخوة، فقال لأخیه الذي هو ماله حین حضرته الوفاة ونزل به الموت: ماذا عندك؟ فقد نزل بي ما ترى، فماذا عندك؟ فقال أخوه الذي هو ماله: مالك عندي غناء، ومالك عندي نفع، إلا ما دمت حیا، فخذ مني الآن ما أردت، فإني إذا فارقتك سیذهب بي إلى مذهب غیر مذهبك، وسیأخذني غیرك، فالتفت النبي(ﷺ)، فقال: هذا أخوه الذي هو ماله، فأي أخ ترونه؟، قالوا: لا نسمع طائلا یا رسول الله، ثم قال لأخیه الذي هو أهله: قد نزل عن الموت، وحضر ما ترى، فماذا عندك من الغناء؟ قال: غنائي أن أمرضك وأقوم علیك، وأعینك، فإذا مت غسلتك، وحنطتك، وكفنتك، ثم حملتك في الحاملین، وشیعتك، فأحملك مرة، وأمیط أخرى، ثم أرجع عنك فأثني بخیر عند من سألني، فقال النبي(ﷺ) للذي هو أهله: أي أخ ترون هذا؟، قالوا: لا نسمع طائلا یا رسول الله، ثم قال لأخیه الذي هو عمله: ماذا عندك؟ وماذا لدیك؟ فقال: أشیعك إلى قبرك، فأونس وحشتك، وأكون معك، وأجادل عنك، وأقعد في كفنك، فأشول بخطایاك) (ئەی خەڵکینە نموونەی ئێوەو ژن ومنداڵ و کردەوەو سامانەکەی وەک پیاوێک وایە کە سێ برای هەیە، کاتێک سەرەمەرگی دێت بەو برایەی دەڵێت: کە سامانەکەیەتی چیت لایە؟ دەبینیت لە چ بارێکدام، هچیت پێ دەکرێت؟ ئەویش دەڵێت: سامانت لای

[1] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٤، ص ٢٠٩.
[2] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٤، ص ٢١٨.

من دەوڵەمەندیە، سامانت لای من سوودە تا کاتێک زیندوویت، جا چەندت لە من دەوێت ببیە، چونکە ئەگەر لێت جیا بوومەوە بەرەو ڕێڕەوێکی تر دەبرێم و جگە لە تۆ دەمبات، پێغەمبەر(ﷺ) لایکردەوەو فەرمووی: ئەوە ئەو برایەیانە کە سامانەکەیەتی، جا چۆنی دەبینن؟پاشان بەو برایەی دەڵێت: کە ژن و منداڵیەتی وا سەرەمەرگم هاتووەو دەبینیت لە چ بارێکدام، چیت پێ دەکرێت؟ئەویش دەڵێت: دەتوانم خزمەتت بکەم و سەرپەرشتیت بکەم، ئەگەر مردیت دەتشۆم و بۆنخۆشت دەکەم و کفنت دەکەم و دواتر دەتدەم هەڵتگرن و بە دواتدا دێم بۆ گۆڕستان و دواتر دەگەڕێمەوەو هەرکەس هەواڵت بپرسێت بە چاکە وەسفت دەکەم، پێغەمبەر بۆ ئەمەش فەرمووی: پێتان چۆنە؟ هاوەڵان ئەمەشیان بە دڵ نەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کابرا بەو برایەی دەڵێت: کە کردەوەکانیەتی چیت لایە و چیت پێ دەکرێت؟ ئەویش دەڵێت: تا گۆڕ لەگەڵت دێم و ترست ناهێڵم و خەفەتت لادەبەم و لەسەرت مشتومڕ دەکەم و لەناو کفنتدا دادەنیشم و بەر بە تاوانەکانت دەگرم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەم برایەی کە کردەوەکانیەتی چۆن دەبینن؟ وتیان: چاکترین برایە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: دەی بارەکە بەوجۆرەیە)، ئینجا عەبدوڵای کوڕی کورز هەستایە سەر پێ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مۆڵەتم دەدەیت لەو بارەوە شیعرێک بڵێم؟ فەرمووی: بەڵێ، عەبدوڵایش ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوت و شیعرێکی ئامادە کرد، دوایی موسڵمانان کۆبوونەوەو عەبدوڵا هات و لەلای سەری پێغەمبەری خواوە(ﷺ) وەستا و پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی ئادەی کوڕی کورەیز، عەبدوڵاش وتی:

إني وأهلي والذي قدمت يدي

كداع إليه صحبه ثم قائل

لأصحابه إذ هم ثلاثة إخوة
أعينوا علي اليوم أمري نازل
فراق طويل غير ذي مثنوية
فماذا لديكم في الذي هو غائلي
فقال امرؤ منهم أنا الصاحب الذي
أطيعك فيما شئت قبل التزاول
فأما إذا جد الفراق فإنني
لما بيننا من خلة غير واصل
أبدا حينئذ فلا تستطيعن
لذلك أحيانا صروف التداؤل
فخذ ما أردت الآن مني فإنني
سبيلك بي في مهبل من مهابل
وإن تبقني لا تبق ما تستفيده
فعجل ضدحا قبل حتف معاجل
وقال امرؤ قد كنت جدا لحبه
وأوثره من بينهم في التفاضل
غنائي إني جاهد لك ناصح
إذا حد حد الكرب غير مقاتل
ولكنني باك عليك ومعول
ومثني بخير عند من طائل
ومتبع الماشين أمشي مشيعا
أعين ترفق عقبة كل حامل
إلى بيت مثواك أنت مدخل
وأرجع حينئذ بما هو شاغلي

كأن لم يكن بيني وبينك خلة

ولا حسن ود مرة في التبادل

وذلك أهل المرء ذاك غناؤهم

وليسوا وإن كانوا حراصا بطائل

وقال امرؤ منهم أنا الأخ لا ترى

أخا لك مثلي عند جهد الزلازل

لدى القبر تلقاني هنالك قاعدا

إجلال عنك يرفر جاع التجادل

وأقصد يوم الوزن في الكفة التي

تكون عليها جاهدا في التثاقل

فلا تنس واعلم مكانتي فإنني

عليك شفيق ناصح غير خاذل

وذاك بما قدمت من كل صالح

تلاقيه إن أحسنت يوم التفاضل

ئیتر هەرچی کەس لای پێغەمبەر(ﷺ) بوو دەستی کرد بە گریان و فرمێسک لە چاوانیان دادەباری، دوای ئەوە عەبدوڵا کە دەیدا بە لای کوڕی هاوەڵاندا داوایان لێدەکرد شیعر بڵێت، ئەویش شیعری بۆ دەوتن، چی کۆچەری هەبوون دەگریان.[1]

٢١٧٧. عەبدوڵای کوڕی کولەیب(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی کولەیبە، سەرەتا ناوی ذوئەیب بوو، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[2]

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٩٨٥، الضعفاء الكبير للعقيلي، الرقم ٩٦٣، أمثال الحديث للرامهرمزي، الرقم ٨٠

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١٩.

٢١٧٨. عەبدوڵای کوڕی لەبید(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی لەبیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[١]

٢١٧٩. عەبدوڵای کوڕی لتبییە(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی لتبییەی ئەزدیەو پێغەمبەر(ﷺ) وەک بەرپرسی کۆکردنەوەی بڕێک لە زەکاتی هەندێ ناوچە داینابوو.[٢]

٢١٨٠. عەبدوڵای کوڕی مالیکی عەبسی(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مالیکی عەبسیەو یەکێکە لەو نۆ کەسەی وەفدی بەنی عەبس کە هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاڵایەکی سپی دایە دەستی، عەبدوڵا دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە جەنگی قادسیەشدا بەشداری کرد.[٣]

٢١٨١. عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەرحەبی(﵁)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەرحەبیە، تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا، کاتێک خەڵکی هەمەدان ویستیان وازبهێنن لە ئیسلام، عەبدوڵا کە هاوەڵێکی کۆچەری بوو وتی: ئەی خەڵکی هەمەدان ئێوە موحەممەدتان نەدەپەرست، بەڵکو خوای موحەممەدتان دەپەرست، ئەو خوایە زیندووەو نامرێت، ئێوە بۆ گوێڕایەڵی خوا گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بوون.[٤]

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٨٣.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٨٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢٤.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢٥.

٢١٨٢. عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەزدی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەزدیە، کونیەکەی ئەبوو موحەممەدە، یەکێکە لەو هاوەڵانەی زۆر زوو موسڵمان بوو، کەسێکی زۆر چاکەکار و خواناس بوو، زۆربەی کات بەڕۆژوو بوو، دواجار لە سەردەمی ئیمارەتی مەرواندا کۆچی دوایی کرد.[١]

عەبدوڵای کوڕی مالیک دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە نوێژی دەکرد نێوانی دەستەکانی واڵا دەکرد تا ئەوەی سپیایی بنباڵی دەردەکەوت.[٢]

٢١٨٣. عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بە کەنیزەک فەرمووی: ئەگەر زینای کرد جەلدی لێ بدەن، هەمدی ئەگەر زینای کرد جەلدی لێ بدەن، هەمدی ئەگەر زینای کرد جەلدی لێ بدەن، هەمدی ئەگەر زینای کرد ئەوە بیفرۆشن با بە حەبلێکیش بێت.[٣]

٢١٨٤. عەبدوڵای کوڕی مەخرەمە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مەخرەمەی کوڕی عەبدولعوززایە، ئەم هاوەڵە لە کۆچەرانە، کونیەکەی ئەبوو موحەممەدە، دایکی ناوی بەهنانەی کچی صەفوانی کوڕی ئومەییەیە، ئەم هاوەڵە لە مەککە موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە،

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢٢.

[٢] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب يبدي ضبعيه ويجافي في السجود، الرقم ٣٩٠؛ صحيح مسلم - كتاب الصلاة - باب ما يجمع صفة الصلاة وما يفتتح به ويختم به، الرقم ٤٩٥؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب السهو - التطبيق - صفة السجود، الرقم ٦٩٧.

[٣] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الحدود - باب حد الرجل أمته إذا زنت، الرقم ١٧١٩٩، صححه ابن حجر في الإصابة، ج٤، ص ٢٢٣.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەبدوڵای کوڕی مەخرەمەو فەروەی کوڕی عەمرەوە،[1] دواتر عەبدوڵا لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، لە غەزاکانی ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[2]

عەبدوڵا نزای دەکرد خوایە نەمرم تا هەموو پەلێکم لەپێناو خوادا بریندار بێت، ئەوەبوو ژیا تا لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و لەو جەنگەدا هەموو لەشی برینی پێوە بوو، دواتر لەو جەنگەدا شەهید بوو، ئەو کاتیش تەمەنی تەنها سی ساڵان بوو،[3] بەڵام ئیبن سەعد دەڵێت: ئەو کات تەمەنی چل و یەک ساڵان بوو.[4]

٢١٨٥. عەبدوڵای کوڕی مەسعوود(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی کوڕی غافیلی هوذەلیە، کونیەکەی ئەبوو عەبدوڕەحمانە، یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و لە زاناکانی ناو هاوەڵان کە فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە،[5]دایکی ناوی ئوموعەبدی کچی عەبدوددە.[6]

عەبدوڵای کوڕی مەسعوود کەسێکی لاوازی باڵاکورت بوو، جلی سپی دەپۆشی و بۆنی خۆشی لە خۆی دەدا.[7]

ئیبن مەسعوود یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان،[8] موسڵمان بوونەکەی هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمان بوونی سەعیدی کوڕی زەید و

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢٦.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٤.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢٦.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٤.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٣٣.
[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٥٠.
[7] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٦٢ – ٤٦٣.
[8] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٦١.

فاطیمەی خوشکی عومەری کوڕی خەططاب کە خێزانی سەعید بوو، واتە ئیبن مەسعوود ماوەیەکی زۆر پێش عومەری کوڕی خەططاب موسڵمان بوو.[1]

هۆکاری موسڵمان بوونەکەشی ئەوە بوو کە ئیبن مەسعوود خۆی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: من مەڕو ماڵاتی عوقبەی کوڕی ئەبی موعیطم دەلەوەڕاند، پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لامدا و منیش منداڵ بووم، فەرمووی: ئەی مێرمنداڵ شیر هەیە؟ وتم: بەڵێ، بەڵام من راسپاردەم و هی خۆم نیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی مەڕێک هەیە بەران نەچووبێتە لای؟ وتم: بەڵێ، چووم و هێنام، پێغەمبەر(ﷺ) دۆشی و شیر هات و شیرەکەی کردە قاپێک و لێی خواردەوەو بەشی ئەبووبەکریشی دا، دواتر بە گوانەکەی فەرموو بوەستە، ئەوەبوو لە شیردان وەستا، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو قسەم فێر بکە، ئەویش دەستی هێنا بەسەرمدا و نزای بۆ کردم و فەرمووی: (يَرْحَمُكَ اللهُ، فَإِنَّكَ غُلَيِّمٌ مُعَلَّمٌ) (خوا رەحمت پێ بکات تۆ مێرد منداڵێکی فێرکراویت).[2]

ئیبن مەسعوود یەکەم کەس بوو دوای پێغەمبەر(ﷺ) بە ئاشکرا لە مەککە قورئانی خوێند، رۆژێک هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) وتیان: بەخوا قوڕەیش گوێیان لەم قورئانە نەبووە بە ئاشکرا بۆیان بخوێنرێت، جا کێ ئەوە دەکات؟ عەبدوڵای کوڕی مەسعوود وتی: من، وتیان: دەبێت کەسێک بێت هۆزەکەی بەرگری لێ بکەن، وتی: وازم لێ بهێنن چونکە خوا دەمپارێزێت، ئەوەبوو عەبدوڵا چوو و لە نێو قوڕەیشیەکاندا دەستی کرد بە قورئان خوێندن، ئەوانیش رامابوون و دەیانوت ئیبن ئوم عەبد چی دەڵێت، خەڵکێک وتیان: ئەوە دەخوێنێت کە موحەممەد هێناویەتی، بۆیە هەستان و کەوتنە

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩٤.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند عبد الله بن مسعود(ﷺ)، الرقم ٣٦٦٨؛ صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - باب المعجزات - ذكر ظهور اللبن من الضرع الحائل للمصطفى(ﷺ)، الرقم ٦٥٠٤، صححه أحمد شاكر، حسنه شعيب الأرناؤوط.

لێدانی دەموچاوی و ئەویش هەر قورئانی دەخوێند، دواتر وازیان لێهێنا و دەموچاوی تەواو تێکشکابوو، هاوەڵانی چوون بۆ لای و وتیان: لەمە دەترساین تووشت ببێت، ئەویش وتی: بەخوا بتانەوێت بەیانیش هەمدی دێم و لێرە قورئانیان لەنێودا دەخوێنمەوە، ئەوانیش وتیان: نا بەسە، ئەوەی رقیان لێی بوو چپاندت بە گوێیاندا.[1]

ژمارەیەک لە هاوەڵە لاوازەکان کۆدەبوونەوەو لە مەجلیسی پێغەمبەر(ﷺ) دادەنیشتن، کاتێ بێباوەڕان دەیانبینی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتووە کە بڕێ کۆیلە و کەسانی لاواز و بێدەسەڵات بوون لەسەر ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) گوێی نەدەدا بە گەمژەیی بێباوەڕان، بێباوەڕەکان دەیانوت ئەگەر ئەوەی موحەممەد هێناویەتی چاک و باش بوایە ئەوانە پێش ئێمە نەدەکەوتن بۆ وەرگرتنی، خوای گەورەش ئەم ئایەتانەی دابەزاند (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شيء وما من حسابك عليهم من شيء فتطردهم فتكون من الظالمين وكذلك فتنا بعضهم ببعض ليقولوا أهؤلاء من الله عليهم من بيننا أليس الله بأعلم بالشاكرين وإذا جاءك الذين يؤمنون بآياتنا فقل سلام عليكم كتب ربكم على نفسه الرحمة أنه من عمل منكم سوءا بجهالة ثم تاب من بعده وأصلح فأنه غفوررحيم)،[2] سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت: من و ئیبن مەسعوود و بیلال و کابرایەک لە هوذەیل و دوو کەسی تر کە ناویان نازانم لەو کۆڕەدا بووین.[3]

ئیبن مەسعوود دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی کە هەشتا پیاو دەبووین، من و جەعفەر و ئەبوموسا و عەبدوڵای کوڕی عورفوطە و عوثمانی کوڕی مەظعوون، قوڕەیشیش عەمری کوڕی عاص و

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩٥.

[2] البدايةو النهاية لابن كثير، ج٣، ص١٠٤.

[3] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب في فضل سعد بن أبي وقاص(رضي الله عنه)، الرقم ٢٤١٣؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - بلال بن رباح(رضي الله عنه)، الرقم ٨١٨٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - باب كتب النبي(ﷺ) - ذكر سؤال المشركين رسول الله(ﷺ) طرد الفقراء عنه، الرقم ٦٥٧٣.

عمارەی کوڕی وەلیدیان بە بڕێک دیاریەوە نارد و هاتن بۆ لای نەجاشی، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی کڕنووشیان بۆ برد و چوون بۆ لای، یەکێکیان لە لای راستیەوەو ئەوی تریش لەلای چەپیەوە دانیشت، ئینجا وتیان: دەستەیەک لە کەس وکاری ئێمە هاتوونەتە خاکی تۆ و پشتیان کردوەتە ئێمە، ئەویش وتی: ئەوان لە کوێن؟[1] شتی وا هەیە؟ پێی وترا بەڵێ، نەجاشی وتی: بەخوا نایاندەمەوە دەستتان تا قسەیان لەگەڵ نەکەم، ئەوەبوو ناردی بە شوێنیاندا،[2] جەعفەر بە هاوەڵەکانی وت: من لەبری هەمووتان قسە دەکەم، هەموو بە دوای جەعفەردا چوونە ژوورەوە، بە جەعفەریان وت: بۆچی کڕنووش نابەیت بۆ پاشا؟ وتی: ئێمە تەنها کڕنووش بۆ خوا دەبەین، وتیان: بۆچی؟ وتی: چونکە خوا پێغەمبەرێکی لەنێوماندا نارد و فەرمانی پێکردین تەنها کڕنووش بۆ خوا بەرین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین،[3] نەجاشی وتی: ئەم ئایینەی ئێوە چیە؟ جەعفەریش وتی: ئەی پاشا ئێمە گەلێک بووین لەسەر بێباوەڕی بووین و بتمان دەپەرست و مردارەوەبوومان دەخوارد و حەرامەکانمان بە حەڵاڵ دەزانین و خوێنمان رەوا دەکرد، ئەوەبوو خوا لە ناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە وەفاداری و راستگۆیی و سپاردەکاری ئەومان دەزانی، بانگی کردین تا خوای تاک و تەنها بپەرستین و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنین و دراوسێیەتیمان باش بێت و نوێژ بکەین و رۆژوو بگرین،[4] عەمر وتی: ئەوان سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی رایان پێچەوانەی رای ئێوەیە، نەجاشی وتی: سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی چی دەڵێن؟ جەعفەریش وتی: ئەوە دەڵێین کە خوا فەرموویەتی رۆح و کەلیمەی خوایە کە بەخشیویەتی بە مەریەمی پاکداوێنی بێ هاوسەر کە هیچ

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٠٦-٢٠٧.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢١٥.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٠٦-٢٠٧.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢١٥.

مرۆڤێک دەستی پێی نەگەیشتووە،[1] نەجاشی وتی: هیچتان پێیە لەوەی بۆی دابەزیوە؟ فەرمانیشی کرد بە قەشەکان تا پەرتووکەکانی خۆیان بکەنەوە، جەعفەر وتی: بەڵێ، ئەوەبوو برێک لە سوورەتی مەریەمی لە سەرەتاوە بۆ خوێندنەوە، نەجاشی دەستی کرد بە گریان تا ریشی تەڕ بوو، قەشەکانیش هەروا گریان تا پەرتووکەکانیان تەڕ بوو،[2] نەجاشیش دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرت و وتی: ئەی خەڵکی حەبەشە و قەشە و راهیبەکان ئێوە دەڵێن چی من ئەمەم پێ خراپ نیە، من شایەتی دەدەم ئەو پێغەمبەری خوایەو ئەوەیە کە لە ئینجیلدا هاتووەو عیسا مزگێنی لەبارەوە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر من لەم پاشایەتیەمدا نەبوومایە دەچووم بۆ لای و دەبوومە نەعل هەڵگر و ئاوی دەستنوێژیم دەدا، ئینجا بە موسڵمانانی وت: بڕۆن لەکوێ دەتانەوێت بمێننەوە، فەرمانیشی کرد دیاریەکانی قورەیشیەکان گێڕدرایەوە.[3]

ئیبن مەسعوود دواتر لە حەبەشەوە گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێشەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[4]

ئیبن مەسعوود یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، ئەوەتا دەڵێت: لە بەدردا من و سەعد و عەممار لە دەستکەوتدا هاوبەش بووین، سەعد خۆی تەنها دوو دیلی پێ بوو، بەڵام ئێمە هیچ دیلێکمان پێ نەبوو.[5]

سەهلی کوڕی بەیضاx موسڵمانبوونی خۆی ئاشکرا نەکردبوو، بە ناچاری لە جەنگی بەدردا بەشداری کرد و بەدیل گیرا، ئیبن مەسعوود شایەتی بۆ دا کە ئەوی بینیوە لە مەککە نوێژی کردووە، بۆیە بە فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) ئازاد کرا.[6]

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٠٦-٢٠٧.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢١٥-٢١٦.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٠٦-٢٠٧.
[4] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٦٧.
[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٠٨.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٩٤.

ئیبن مەسعوود لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و تیایدا رۆڵی کارای بینی، بەتایبەت کاتێک موسڵمانان لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بڵاوەیان کرد، ئیبن مەسعوود یەکێک بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) مایەوە.[1]

هەروەها ئیبن مەسعوود لە غەزای خەندەق و بەیعەتی ریضوان و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[2]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت: من و براکەم لە یەمەنەوە هاتینە مەدینە، ماوەیەک ماینەوە، ئیبن مەسعوود و دایکیشی هێندە سەردانی ماڵی پێغەمبەری خوایان(ﷺ) دەکرد وامانده‌زانی لە ئالوبەیتی پێغەمبەری خوان(ﷺ).[3]

ئیبن مەسعوود لە کاتی سەفەر و دەرچوونەکانی پێغەمبەریشدا(ﷺ) هاودەمی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و خزمەتی دەکرد، نەعلەکانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) هەڵدەگرت و دەیخستە بنباڵی، داردەستەکەی دەدایە دەستی.[4]

ئیبن مەسعوود هێندە هاودەمی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو کە دەیوت: سوێند بەو خوایەی هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو، چی سوورەتی قورئان دابەزیوە دەزانم لەکوێ دابەزیوە، چی ئایەتی قورئان دابەزیوە دەزانم لەسەر چی دابەزیوە، ئەگەر بزانم کەسێک لە خۆم شارەزاتر بە قورئان هەیە و دەتوانم بە سوار وشتر پێی بگەم دەچووم بۆ لای.[5]

ئیبن مەسعوود هێندە شارەزا بوو لە خوێندنەوەی قورئاندا کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَقْرَأَ الْقُرْآنَ رَطْبًا كَمَا أُنْزِلَ فَلْيَقْرَأْهُ عَلَى قِرَاءَةِ ابْنِ أُمِّ عَبْدٍ) (هەرکەس حەز دەکات بە جوانی قورئان بخوێنێتەوە با بە شێوە

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٦٧.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩٦.

[3] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب عبد الله بن مسعود(ﷺ)، الرقم ٣٧٦٣؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل عبد الله بن مسعود وأمه(ﷺ)، الرقم ٢٤٦٠.

[4] - سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٧٠.

[5] صحيح البخاري - كتاب فضائل القرآن - باب القراء من أصحاب النبي(ﷺ)، الرقم ٥٠٠٢؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل عبد الله بن مسعود وأمه(ﷺ)، الرقم ٢٤٦٣.

خوێندنـەوەی ئیبـن ئـوم عەبد-واتـە ئیبـن مەسـعوود-بیخوێنێتەوە).[1]

ئیبـن مەسـعوود دەڵێت: جارێـک پێغەمبـەر(ﷺ) بـە منـی فەرمـوو قورئانـم بەسـەردا بخوێنـەرەوە، منیش وتـم: قورئانـت بەسـەردا بخوێنمـەوە لەکاتێکدا بـۆ سـەر تـۆ دابەزیـوە؟!، فەرمـووی: حـەز دەکـەم لـە جگـە لـە خـۆم ببیسـتم، منیش سورەتی نیسـائم بـۆ خوێندەوە تـا گەیشـتمە (فكيف إذا جئنا من كل إمة بشهيد وجئنا بك على هؤلاء شهيدا)، پێغەمبـەر(ﷺ) پێـی فەرمـووم بەسـە، بینیـم چاوەکانـی فرمێسـکیان دەڕشـت.[2]

عەلـی کـوڕی ئەبـوو طالیـب دەڵێت: پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمانـی کـرد بـە ئیبـن مەسـعوود تـا بچێتە سـەر دارێـک تـا شـتێکی لێ داگرێت، ئەویش کـە سـەرکەوت، هـاوەڵان تەماشـای قاچـی ئیبـن مەسـعوودیان دەکـرد و بـە باریکـی و ڕەقەڵانـی قاچەکانـی پێدەکەنیـن، پێغەمبەریـش(ﷺ) فەرمـووی: (ما تضحكون؟ لرجل عبد الله أثقل في الميزان يوم القيامة من أحد).[3] (بەچـی پێدەکەنـن؟ دڵنیابـن قاچـی عەبدوڵا لـە ڕۆژی دواییدا لـە تـەرازوودا زۆر قورسـترە لـە ئوحـود).

ئیبـن مەسـعوود لـە سـەردەمی ئەبووبەکری صدیقیشـدا ڕۆڵـی خـۆی بینـی، لەوانـەش لـە جەنگـی یەرمووکدا بەشـداری کـرد.[4]

ئەبووبەکـری صدیـق دژبـە هەڵگـەڕاوەکان جەنگـی ڕاگەیانـد، بـۆ ئـەوەش مەترسـی لەسـەر مەدینـە دروسـت دەبـوو، بۆیـە پاسـەوانی شـەوانەی بـە دەوری مەدینـەدا دانـا و بڕێـک کەسـی کـرد بـە ئەمیـری دەسـتە دەسـتەی ئـەو

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند أبي حفص عمر بن الخطاب(ﷺ)، الرقم ١٧٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - عبد الله بن مسعود(ﷺ)، الرقم ٨١٩٩؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب التفسير - مسامرة رسول الله(ﷺ) عند أبي بكر أمور المسلمين، الرقم ٢٩١١، صححه أحمد شاكر، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

[2] صحيح البخاري - كتاب فضائل القرآن - باب قول المقرئ للقارئ حسبك، الرقم ٥٠٥٠؛ صحيح مسلم - كتاب صلاة المسافرين وقصرها - باب فضل استماع القرآن، الرقم ٨٠٠.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ٩٣٥، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره و هذا إسناد حسن.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩٦.

پاسەوانانە، لەوانەش عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود.[١]

ئیبن مەسعوود لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا لە حیمص نیشتەجێ بوو، دواتر خەلیفە فەرمانی پێکرد بچێت بۆ کووفە.[٢]

عومەری کوڕی خەططاب کاتێک عەمماری کوڕی یاسری نارد تا ببێتە ئەمیری کووفە، ئیبن مەسعوودیشی وەک مامۆستا نارد بۆ خەڵکی کووفە و وتی: ئەو لەخۆبوردنەم کردووە کە عەبدوڵام لای خۆم نەهێشتووەتەوەو ناردوومە بۆتان.[٣]

جارێک ئیبن مەسعوود هات بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب و خەڵکەکەی لە دەوری کۆبوونەوە، عومەریش پێکەنی و دواتر لەگەڵ ئیبن مەسعوود کەوتە قسەکردن و بە بینینی ئیبن مەسعوود دەموچاوی گەشابوویەوە و زەردەخەنەی بۆ دەکرد، دواتر کە ئیبن مەسعوود چوو عومەر هەر تەماشای دەکرد و دەیوت: کووپێکی پڕ لە زانستە.[٤]

لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا عومەری کوڕی خەططاب ماوەی یەک ساڵ ئیبن مەسعوودو چەند هاوەڵێکی تری لە مەدینە بەند کرد تا ئەو کاتەی شەهید بوو، ئینجا عوثمان ئازادی کردن، عومەر لەبەرئەوە بەندی کردن چونکە ئەوانە فەرموودەی زۆریان لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) دەگێڕایەوە.[٥]

ئیبن مەسعوود لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا کە بەرپرسی بەیتولمالی موسڵمانان بوو لە کووفە، لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص کێشەیەکی بۆ دروست بوو، عوثمانی کوڕی عەففان پاش ماوەیەکی زۆر

---

(١) البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣١١.

(٢) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٩١.

(٣) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٨٥-٤٨٦.

(٤) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٩١.

(٥) العواصم من القواصم لابن العربي.

سـەعدی کـوڕی ئەبـی وەققاصـی لـە والیەتـی کووفـە لابـرد، ئەویـش لەبـەر کێشـەیەک کـە لەگـەڵ ئیبـن مەسـعوود هەیبـوو، چونکـە قـەرزی لـە بەیتولمـاڵ کردبـوو کـە ئیبـن مەسـعوود بەرپرسـی بـوو، کاتێـک ئیبـن مەسـعوود داوای قەرزەکـەی کـردەوە لـە سـەعد، سـەعد توانـای نەبـوو بیداتـەوە، بۆیـە کێشـە کەوتـە نێوانیانـەوە، هەواڵەکـە گەیشـتەوە بـە عوثمـان و سـەعدی لابـرد و وەلیـدی کـوڕی عوقبـەی لـە شـوێنیدا دانـا.[1]

کاتێـک عوثمانـی کـوڕی عەففـان نوسـخەکانی قورئانـی یەکخسـت و تەنهـا یـەک جـۆری هێشـتەوە، ئیبـن مەسـعوود ئامـادە نەبـوو نوسـخەکەی خـۆی لاببـات چونکـە دەیـوت: مـن خـۆم لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) ئـەو قورئانـەم بیسـتووە.[2]

کاتێـک عوثمانـی کـوڕی عەففان داوای لـە ئیبـن مەسـعوود کـرد بگەڕێتـەوە بـۆ مەدینـە، خەڵکـی کووفـە وتیـان: لێـرە بمێنـەرەوە ئێمـە ناهێڵیـن هیـچ ئازارێکـت پـێ بگـات، ئەویـش وتـی: مـن گوێڕایەڵـی خەلیفـەم لەسـەرە، دەبینـم فیتنـە بەڕێوەیـە، نامەوێـت مـن یەکـەم کـەس بـم ئـەو دەرگایـە بکاتـەوە، بۆیـە خەڵکەکـەی گێڕایـەوەو بـەرەو مەدینـە کەوتـەڕێ.[3]

لـە سـاڵی سـی و دووی کۆچـی و لـە مانگـی ذیلحیججـەدا[4] ئیبـن مەسـعوود لـە مەدینـەوە بـەرەو کووفـە دەچـوو، ئـەوکات ئەبـووذەر لـە ناوچـەی رەبـذە کۆچـی دوایـی کـرد، داوا کـرا لـە ئیبـن مەسـعوود نوێـژی لەسـەر بـکات، ئەویـش وتـی: ئـەوە کێیـە؟ وتـرا ئەبـووذەرە، ئەویـش گریانێکـی زۆر گریـا و وتـی: بـرا و کەسـی خۆشەویسـتم بـە تەنهـا ژیـا و بـە تەنهـا مـرد و بـە تەنهـاش زینـدوو دەکرێتـەوە، خۆشـبەختی بـۆی.[5]

---

[1] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٤٧٧.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٨٧-٤٨٨.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٨٩.
[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٦٥.
[5] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص ٢٥٣.

رۆژێک ئیبن مەسعوود کابرایەکی بینی، کابرا پێی وت: ئەمشەو خەوم بینی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەرێکی بەرز بوو و تۆیش لە خوارووییەوە بوویت، دەیفەرموو ئەی ئیبن مەسعوود سەرکەوە بۆ لام دوای من جەفات پەیدا کرد، ئیبن مەسعوود وتی: توخوا ئەو خەوەت بینی؟ کابرا وتی: ئەریَ، ئیبن مەسعوود وتی: دەی دڵنیام تۆ لە مەککە دەرناچیت تا من دەمرم و تۆیش نوێژم لەسەر دەکەیت، هەروایش بوو.[١]

پاش ماوەیەک ئیبن مەسعوود نەخۆش کەوت، عوثمانی کوڕی عەففان هات بۆ لای، وتی: ئازاری چیت هەیە؟ ئەویش وتی: ئازاری تاوانەکانم، وتی: ئەی حەز بە چی دەکەیت؟ وتی: رەحمەتی پەروەردگارم، وتی: ئەی فەرمان نەکەم پزیشکێک بێت بۆ لات، وتی: پزیشک دەوای کردووم، عوثمان وتی: فەرمان نەکەم بەخششت بکەن؟ وتی: هیچ پێویستم پێی نیە.[٢]

دواجار ئیبن مەسعوود لە مەدینەو لە ساڵی سی و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی سی و سێی کۆچیدا وەفاتی کرد، ذەهەبی دەڵێت: لەوانەیە لە سەرەتای ساڵی سی و سێی کۆچیدا بووبێت، تەمەنیشی شەست و سێ ساڵان دەبوو.[٣]

کاتێک وەفاتی کرد نوێژی لەسەر کرا، رایەک دەڵێت: عوثمانی کوڕی عەففان نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت: عەمماری کوڕی یاسر نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت: زوبەیری کوڕی عەووام نوێژی لەسەر کرد، وەستان تا شەو، چونکە خۆی وەسیەتی کردبوو شەو ئەسپەردەی بکەن، ئینجا لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردەیان کرد.[٤]

ئیبن مەسعوود لەگەڵ هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویستی زۆری هەبوو و قسەی وەرگیراو بوو، جارێک ئیبن مەسعوود چوو بۆ لای خەبابی کوڕی ئەرەت، خەبابیش خاتەمێکی زێڕی دەکردە پەنجەی، ئیبن مەسعوود

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩٩.
[٢] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٩٨.
[٣] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٩٩.
[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٠٠.

وتی: ئیتر کاتی نەهاتووە ئەو خاتەمە فڕێ بدەیت؟ خەبباب وتی: جارێکی تر نایبینیت لە دەستما.[1]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەیوت: لە کۆڕێکی ئیبن مەسعووددا دابنیشتمایە لە کاری یەک ساڵ لام گرنگتر بوو.[2]

موعاذ دەیوت: زانست لای چوار کەس وەربگرن، لای ئەبوودەرداء و سەلمان و ئیبن مەسعوود و ئیبن سەلام.[3]

ئیبن مەسعوود دەیوت: زۆر رقمە کەسێک ببینم دەست بەتاڵ بێت، نە خەریکی کاری دنیای بێت و نە خەریکی قیامەتی بێت.[4]

هەروەها دەیوت: رازی بە بەوەی خوا بۆی داناویت دەوڵەمەندترین کەس دەبیت.[5]

٢١٨٦. عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی ثەقەفی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی ثەقەفیە، برای ئەبووعوبەیدەیەو لە رۆژی جەنگی جیسردا هاودەم بە براکەی شەهید بوو.[6]

٢١٨٧. عەبدوڵای کوڕی مەظعوون(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مەظعوونی جومەحیە، برای عوثمانی کوڕی مەظعوونە، کونیەکەی ئەبو موحەممەدە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی مەککەو یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ مەککەو لەوێوە کۆچی کردووە بۆ مەدینە.[7]

---

[1] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٥٦٤.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٩٣.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٤.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٩٦.
[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٩٧.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٣٦.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٣٩.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەبدوڵای کوڕی مەظعوون و سەهلی کوڕی عوبەیدوڵای ئەنصاریەوە.[1]

عەبدوڵا لە غەزای بەدر[2] و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش(ﷺ) ژیا تا لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان و لە ساڵی سی کۆچیدا وەفاتی کرد، ئەوکاتیش تەمەنی نزیکەی شەست ساڵان دەبوو.[3]

٢١٨٨. عەبدوڵای کوڕی موحەمەد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککەو غەزاکانی حونەین و طائیفیش.[4]

٢١٨٩. عەبدوڵای کوڕی موطەلیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موطەلیبی کوڕی ئەزهەری زوهریە، باوکی زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاوسەرەکەشی کە ناوی ڕەملەی کچی ئەبی عەون بوو موسڵمان بوو، موطەلیب و ڕەملە کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو لەوێ منداڵێکیان بوو بە ناوی عەبدوڵا، لە حەبەشە باوکی عەبدوڵا وەفاتی کرد و میراتی بۆ عەبدوڵا جێهێشت، بەوە عەبدوڵا یەکەم کەس بوو لە ئیسلامدا میراتی وەرگرت.[5]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٣٩.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٠.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢٥.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٣٩.

٢١٩٠. عەبدوڵای کوڕی موعاویە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موعاویەی غاضیریە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو.[١]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ثلاث من فعلهن فقد طعم طعم الإيمان: من عبد الله وحده وأنه لا إله إلا الله، وأعطى زكاة ماله طيبة بها نفسه، رافدة عليه كل عام، ولا يعطي الهرمة، ولا الدرنة، ولا المريضة، ولا الشرط اللئيمة، ولكن من وسط أموالكم، فإن الله لم يسألكم خيره، ولم يأمركم بشره).[٢] (سێ شت هەن هەرکەس بیانکات ئەوە چێژی ئیمانی چەشتووە، ئەوەی خوای تاک و تەنها بپەرستێت و هیچ هاوەڵێکی بۆ دانەنێت، زەکاتی سامانی بە دڵخۆشی و ڕەزامەندی ببەخشێت، هەموو ساڵێک قۆڵی لێ هەڵکات و گورج بێت تیایدا، ئاژەڵی بچووکی دانکەوتوو و پیس و چڵکن و نەخۆش و سامانی بێنرخ و خراپ نەبەخشێت، بەڵکو لە نێوەندی سامانتان ببەخشن، چونکە خوا داوای لێنەکردوون چاکترینی ببەخشن و فەرمانیشی پێ نەکردون خراپترینی ببەخشن).

٢١٩١. عەبدوڵای کوڕی موغەففەل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موغەففەلی کوڕی عەبدغەنەمی موزەنیە، کونیەکەی ئەبووسەعید یان ئەبووعەبدورەحمان یان ئەبووزیادە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ڕیضوان.[٣]

عەبدوڵا دەڵێت: گەمارۆی خەیبەرمان دابوو کە کەسێک قاپێکی لە پێستە دروستکراوی فڕێدا کە خواردن و چەوریی تێدا بوو، ویستم هەڵیبگرم، لامکردەوە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی، شەرمم لەو کرد.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٤١.

[٢] سنن أبي داود - كتاب الزكاة - باب في زكاة السائمة، الرقم ١٥٨٢؛ السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الزكاة - جماع أبواب فرض الإبل السائمة - باب لا يأخذ الساعي فيما يأخذ مريضا ولا معيبا وفي الإبل عدد الفرض صحيح، الرقم ٧٣٧٠.

[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٠٩.

[٤] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب أخذ الطعام من أرض العدو، الرقم ١٧٧٢.

عەبدوڵا دەڵێت: لە فەتحی مەککەدا پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی بەسەر وشترەکەیەوە بوو و سوورەتی فەتحی دەخوێند و جار جارە هەندێکی دووبارە دەکردەوە.[1]

لە غەزای تەبووکدا عەبدوڵا ویستی بەشداری بکات، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ پێداویستیەکی جەنگی نەبوو، داوای لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد تا پێداویستی جەنگی بۆ دابین بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) توانای نەبوو، چونکە چەند کەسێکی تریش وابوون، ئەو چەند کەسە لەتاو نەبوونی توانای بەشدارییان لە غەزاکەدا دەستیان کرد بە گریان، خوای گەورەش ئەو هەڵوێستەی ئەوانی لە قورئاندا باسکردووە.[2]

دەستەیەک لە هاوەڵان هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و ژمارەیان حەوت کەس بوو، بریتی بوون لە سالیمی کوڕی عومەیر و عولبەی کوڕی زەید و عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب و عەمری کوڕی حومام و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل و هەرمی کوڕی عەبدوڵا و عیرباضی کوڕی ساریە، داوایان کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) تا پڕچەکیان بکات تا بتوانن بەشداری غەزای تەبووک بن، چونکە ئەمانە کەمدەرامەت و دەستکورت بوون، پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕاگەیاندن هیچی لەبەردەست نیە تا داواکەیان بێنێتەدی، یامینی کوڕی عەمر دەڵێت: گەیشتم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل دەگریان، وتم: بۆچی دەگرین؟ وتیان: چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا چەکمان پێبدات بۆ بەشداری جەنگ بەڵام هیچی لا نەبوو و ئێمەش هیچمان پێ نیە تا بتوانین لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری غەزاکە بکەین، منیش وشترێکم پێدان و بڕێک شیریشم پێدان، ئەوەبوو لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوون و بەشداریان کرد، بەڵام عولبە شەو لە ماڵ دەرچوو و دەستی کرد بە نوێژکردن و دەگریا و نزای دەکرد.[3]

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب أين ركز النبي(ﷺ) الراية يوم الفتح، الرقم ٤٢٨١؛ صحيح مسلم - كتاب صلاة المسافرين وقصرها - باب ذكر قراءة النبي(ﷺ) سورة الفتح يوم فتح مكة، الرقم ٧٩٤.

[2] أسد الغابة، ٣، ص ٤٠٩.

[3] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٩٧٠.

عەبدوڵای کوڕی موغەففەل چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە:

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) سێ جار فەرمووی:(بين كل أذانين صلاة، -ثلاثا- لمن شاء)،[1] (نێوان هەموو دوو بانگێک-بانگ و قامەت- نوێژ هەیە، لە جاری سێیەمدا فەرمووی: بۆ ئەو کەسەی خۆی بیەوێت).

عەبدوڵای کوڕی موغەففەل دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(إذا ولغ الكلب في الإناء فاغسلوه سبع مرات، وعفروا الثامنة بالتراب)،[2] (ئەگەر سەگ دەمی خستە ناو قاپەوە، حەوت جار قاپەکە بشۆن و جاری هەشتەم بە خۆڵ بیسون-بە قوڕ بیشۆن-).

عەبدوڵا لە سەردەمی خیلافەتی راشیدینیشدا ژیا و چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا یەکێک بوو لەو دە کەسەی کە خەلیفە ناردی تا خەڵکی بەصرە شارەزا بە دین بکەن، دواتریش لە فتووحاتی ئیسلامیدا بەشداری کرد و لە فەتحی توستوردا یەکەم کەس بوو چوویە ناو شارەکەوە.[3]

عەبدوڵا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیبن زیاد لە بەصرە وەفاتی کرد، سەبارەت بە ساڵەکەی هەریەک لە ساڵانی پەنجا و نۆ و شەست هاتووە، پێش مردنی وەسیەتی کردبوو ئەبووبەرزەی ئەسلەمی نوێژی لەسەر بکات، وەسیەتەکەشی پەیڕەو کرا،[4] رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی شەست و یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد.[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الأذان - باب كم بين الأذان والإقامة ومن ينتظر الإقامة، الرقم ٦٢٤؛ صحيح مسلم - كتاب صلاة المسافرين وقصرها - باب بين كل أذانين صلاة، الرقم ٨٣٨

[2] صحيح مسلم - كتاب الطهارة - باب حكم ولوغ الكلب، الرقم ٢٨٠؛ سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب الوضوء بسؤر الكلب، الرقم ٧٤،صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة - باب الأسآر - ذكر البيان بأن المرء يستحب له عند غسله الإناء من ولوغ الكلب أن يعفر الإناء بالتراب عند الثامنة، الرقم ١٢٩٨.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٠٩.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٤١٠.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٤٢.

٢١٩٢. عەبدوڵای کوڕی موغیرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موغیرەیەو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[١]

٢١٩٣. عەبدوڵای کوڕی میربەع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی میربەعە، لە پشتیوانانە، برایەکیشی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، بەڵام باوکیان لە دووڕووەکان بوو، عەبدوڵا لە غەزای ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، پاش وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و بەشداری جەنگەکانی کرد و لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٢]

٢١٩٤. عەبدوڵای کوڕی مینقەر(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مینقەری قەیسیە، سەرەتا ناوی عەبدولحارث بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[٣]

٢١٩٥. عەبدوڵای کوڕی نەضلە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی نەضلەی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٤٤.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٢٧.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٤٧.
[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ٤١٦.

٢١٩٦. عەبدوڵای کوڕی نوعەیم(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی نوعەیمی ئەشجەعیەو ڕێنیشاندەری پێغەمبەر(ﷺ) بوو بەرەو خەیبەر.[١]

٢١٩٧. عەبدوڵای کوڕی نوعمان(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی نوعمانی کوڕی بولدومەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و ئوحودیش.[٢]

٢١٩٨. عەبدوڵای کوڕی هەیشە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی هەیشەی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە سولەمیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٣]

٢١٩٩. عەبدوڵای کوڕی هوبەیب(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی هوبەیبەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەرو تیایدا شەهید بوو، هەرچەندە رایەک دەڵێت: لە ئوحوددا بەشدار بووەو تیایدا شەهید بووە، بەڵام ئیبن حەجەر ئەوەی پێ ڕاستترە کە لە خەیبەردا شەهید بووە.[٤]

٢٢٠٠. عەبدوڵای کوڕی هیشام(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی هیشامی کوڕی زوهرەی تیمیەو خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، عەبدوڵا لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) منداڵ بوو و لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا لەدایک بوو، تا سەردەمی موعاویەی

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٥١.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٥١.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٥٨.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٥٤.

کوڕی ئەبووسوفیان ژیا.[1]

٢٢٠١. عەبدوڵای کوڕی وائیل(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی وائیلی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[2]

٢٢٠٢. عەبدوڵای کوڕی وەقدان(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی وەقدانی قورەیشیە، بە باوکی دەوترا سەعدی چونکە لەناو بەنی سەعددا گەورە بوو، عەبدوڵا وەک ئەندامێکی وەفدی بەنی سەعد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، عەبدوڵا دەڵێت: من لە دوای هەموویانەوە چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەی هیجرەت کۆتایی دێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لا تنقطع الهجرة ما قوتل الكفار)،[3] (هیجرەت کۆتایی نایەت تا کاتێک جەنگی بێباوەڕان بکرێت).

عەبدوڵا دواتر چوو لە مەدینە نیشتەجێ بوو، دوای ئەوە چوو لە ئەردەن نیشتەجێ بووو لەوێ مایەوە، رایەک دەڵێت: لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[4]

٢٢٠٣. عەبدوڵای کوڕی وەهب(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی وەهبی دەوسیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی حارث کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٥٥.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٢٣.

[3] سنن النسائي - كتاب البيعة - باب ذكر الاختلاف في انقطاع الهجرة، الرقم ٤١٨٣، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١١٣.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٦٤.

٢٣٠٤. عەبدوڵای کوڕی وەهبی زوهری(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی وەهبی زوهریە، لەفەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد.[١]

٢٣٠٥. عەبدوڵای کوڕی ئەبوویەکر(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکری صدیقە، ئەبووبەکری باوکیشی ناوی عەبدوڵایەو هاوەڵی هەرەنزیکی پێغەمبەر(ﷺ) و خەلیفەی یەکەمی باوەڕدارانە، عەبدوڵا برای ئەسمائی کچی ئەبووبەکرە، دایکی ناوی قوتەیلەیە.[٢]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر کۆچیان کرد بەرەو مەدینە، عەبدوڵا دەچوو هەواڵی قورەیشیەکانی دەبرد بۆیان، ئەوکات گەنجێک بوو، دواتر عەبدوڵا لە غەزاکاندا بەشداری کردووەو لە هەریەک لە غەزاکانی فەتحی مەککەو حونەین و تائیفدا بەشداری کرد و برینداریش بوو، ئەو برینەی مایەوە تا لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا لە مانگی شەووالی ساڵی یانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد، دەوترێت چل شەو پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) عەبدوڵاش وەفاتی کرد، هەریەک لە عومەر و طەلحەو عەبدوڕەحمانی برای دابەزینە ناو گۆڕەکەی.[٣]

ژنەکەی ناوی عاتیکەی کچی زەید بوو، عەبدوڵا بە عاتیکەی وت: باخەکەم بۆ تۆ، بەڵام دوای مردنم شوو مەکەرەوە، ئەویش رازی بوو،[٤] ئەوەبوو کە عەبدوڵا مرد و ماوەی عیدەی عاتیکە تەواو بوو، عومەری کوڕی خەططاب داوای کرد، پێیشی وت: ئەوەی خوا بۆی حەڵاڵ کردویت تۆ لە خۆتت حەرام کردووە، باخەکە بگێڕەوە بۆ خاوەنەکەی و شوو بکە،

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٦٦.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٠٥.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٧-٢٨.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٨.

عاتیکەش وایکرد و شووی کرد بە عومەری کوڕی خەططاب.[1]

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی کرد عەبدولا کفنێکی بۆ کڕی بە حەوت دینار، بەلام پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەو کفنە کفن نەکرا، بۆیە عەبدولا هەڵیگرت بۆ خۆی، کاتێک سەرەمەرگی هات، وتی: بەوە کفنم مەکەن، چونکە ئەگەر خێری تێدا بوایە پێغەمبەری خوای(ﷺ) پێی کفن دەکرا، کاتێکیش وەفاتی کرد باوکی نوێژی لەسەر کرد.[2]

٢٣٠٦. عەبدوڵای کوڕی ئەبی جەهم(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی جەهمی قورەیشی عەدویە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، بەشداری غەزاکان بوو و لە فتووحاتدا بەشداری کرد، لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

٢٣٠٧. عەبدوڵای کوڕی ئەبی حەدرەد(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی حەدرەدی ئەسلەمیە، خۆیشی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون.

ئەم هاوەڵە یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد.

کەعبی کوڕی مالیک دەڵێت: قەرزێکم لای عەبدولا بوو، کە گەیشتم پێی کەوتینە قسەو دەمەبۆڵە کەوتە نێوانمان تا دەنگمان بەرزبوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لاماندا و بە دەستی ئاماژەی بۆ کردم وەک ئەوەی بفەرموێت نیوەو فەرمووی: ئەی کەعب، ئەویش نیوەی وەرگرت و وازی لە نیوەکەی دی هێنا.[4]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٢٦٥.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٠٥.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٤.

[4] صحيح البخاري - كتاب الإشخاص والخصومات - باب الملازمة، الرقم ٢٤٢٤؛ سنن النسائي - كتاب

عەبدوڵا دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) ئێمەی بە سریەیەک نارد و لە رێدا گەیشتین بە عامیری کوڕی ئەضبەط، سەلامی موسڵمانانەی کرد، بەڵام موحەللەمی کوڕی جەثامە هەڵیکوتایە سەری و کوشتی، ئینجا وشترەکەی و برێک شتی برد، کە چووینەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و مەسەلەکەمان بۆ باسکرد، ئەوەبوو ئایەتی قورئان دابەزی (يا أيها الذين آمنوا إذا ضربتم في سبيل الله فتبينوا...).[1]

عەبدوڵا لە تەمەنی هەشتاو یەک ساڵی و لە ساڵی حەفتاو یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد،[2] واتە کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کردووە بۆ مەدینە، تەمەنی نزیکەی دە ساڵان بووە.

٢٢٠٨. عەبدوڵای کوڕی ئەبی خالید(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی خالیدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، عەبدوڵا یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق و تیایدا شەهید بووە.[3]

٢٢٠٩. عەبدوڵای کوڕی ئەبی خەولی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی خەولیە، رایەک هاتووە کە ئەم هاوەڵە یەکێک بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

آداب القضاة - باب إشارة الحاكم على الخصم بالصلح، الرقم ٥٤٢٩.

[1] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب المغازي - حديث عبد الله بن أبي حدرد الأسلمي، الرقم ٣٨١٦٨.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر عبد الله بن أبي حدرد الأسلمي(ﷺ)، الرقم ٦٥٠٦.

[3] أسدالغابة، ج٣، ص ٢٢٥.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٥.

٢٢١٠. عەبدوڵای کوڕی ئەبی رەبیعە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی رەبیعەیە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی مەخرەمەیە، عەبدوڵا برایەکی هەبوو بە ناوی عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە کە ئەویش هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[١]

سەرەتا ناوی بەحیر بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا.

لەپێش غەزای حونەیندا پێغەمبەر(ﷺ) نزیکەی سی یان چل هەزاری لە عەبدوڵا بە قەرز وەرگرت، کە پێغەمبەر(ﷺ) لە غەزای حونەین گەڕایەوە، فەرمووی: کوڕەکەی ئەبی رەبیعەم بۆ بانگ بکەن، عەبدوڵا هات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (خُذْ مَا أَسْلَفْتَ، بَارَكَ اللهُ لَكَ فِي مَالِكَ وَوَلَدِكَ، إِنَّمَا جَزَاءُ السَّلَفِ الحَمْدُ وَالْوَفَاءُ) (چەندت دانابوو-قەرزت دابوو- هەڵیگرەوە، خوا بەرەکەت بخاتە سامان و منداڵتەوە، پاداشتی قەرز سوپاس و وەفادارییە).[٢]

عەبدوڵا کاربەدەستی بەردەم پێغەمبەر(ﷺ) بوو لە یەمەن و لە سەردەمی ئەبووبەکریشدا لەوێ مایەوە،[٣] لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابیشدا والی یەمەن بوو،[٤] لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا لە هەمان پۆستدا مایەوە، بەڵام کاتێک عوثمان گەمارۆ درا، عەبدوڵا کەوتەڕێ بۆ پشتیوانی کردنی، لە نزیک مەککە بوو کە لەسەر سوارەکەی کەوتەخوارەوەو بەو هۆیەوە مرد.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٩.

[٢] سنن ابن ماجه - أبواب الصدقات - باب حسن القضاء، الرقم ٢٤٢٤؛ السنن الكبرى للبيهقي - كتاب البيوع - جماع أبواب الخراج بالضمان والرد بالعيوب وغير ذلك - باب ما جاء في جواز الاستقراض وحسن النية في قضائه، الرقم ١١٠٧٢ واللفظ له، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٣٦.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٤٤٤.

[٥] أسد الغابة، ٣، ص ٢٣٦.

٢٣١١. عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەبقە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەبقە یان ئەبی سەقبەیە، عەبدوڵا دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر گوێدرێژەکەی بوو، منیش باوەشم کرد بە گوێدرێژەکەدا، پێغەمبەر(ﷺ) بە قامچیەکەی تێیخوڕیم، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆڵەم دەوێت، ئەویش قامچیەکەی دایە دەستم، منیش قاچیم ماچکرد.[1]

٢٣١٢. عەبدوڵای کوڕی ئەبی عەوف(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی عەوفی بەجلیە، وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەوکات ناوی عەبدشەمس بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[2]

٢٣١٣. عەبدوڵای کوڕی ئەبی کەرب(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی کەربەو وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[3]

٢٣١٤. عەبدوڵای کوڕی ئەبی مەعقیل(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی مەعقیلە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[4]

---

[1] معجم الصحابة لابن قانع، ج١، ص ١٣٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٠٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢١٧.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٤٢.

٢٣١٥. عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئەوفا(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەلقەمەی کوڕی خالیدەی ئەسلەمیە، کونیەکەی ئەبوومعاویە یان ئەبووئیبراهیم یان ئەبوومحەممەدە، هەم خۆی و هەم عەلقەمەی باوکیشی کە بە ئەبووئەوفا ناسراوە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون.[١]

عەبدوڵا یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، لە بەیعەتی ڕیضواندا بەشدار بوو،[٢] لە غەزای حونەینیشدا بەشداری کرد.[٣]

عەبدوڵا دەڵێت: لە حەوت یان شەش غەزادا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەشدار بووین و تیایدا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) کوللەمان دەخوارد.[٤]

عەبدوڵا دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیاو لە کاتی دەرکەوتنی خەواریجەکاندا لە جیهادی دژ بە خەواریجەکاندا بەشدار بوو.[٥]

عەبدوڵا دواتر لە کوفە نیشتەجێ بوو، لە دواییەکانی ژیانیدا بینایی لەدەستدا، دواجار لە ساڵی هەشتا یان هەشتاو شەش یان هەشتاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[٦]

عەبدوڵا فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی غەزایەکیدا وەستا تا خۆر کەج بوو، دواتر هەستاو وتاری فەرموو بۆ خەڵکەکەو فەرمووی:(أيها الناس لا تتمنوا لقاء العدو وسلوا الله العافية، فإذا لقيتموهم فاصبروا، واعلموا أن الجنة تحت ظلال السيوف)،[٧] (ئەی

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٨.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٩٨.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٨.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الذبائح والصيد - باب أكل الجراد، الرقم ٥٤٩٥؛ صحيح مسلم - كتاب الصيد والذبائح وما يؤكل من الحيوان - باب إباحة الجراد، الرقم ١٩٥٢؛ سنن أبي داود - كتاب الأطعمة - باب في أكل الجراد، الرقم ٣٨١٢.

[٥] مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٨٧٣٨.

[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٨.

[٧] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب كان النبي إذا لم يقاتل أول النهار أخر، الرقم ٢٩٦٦؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب كراهة تمني لقاء العدو والأمر بالصبر عند اللقاء، الرقم ١٧٤٢.

خەڵکینە ئاوات مەخوازن بەرنگاری دوژمن ببنەوە، بەڵکو داوای عافیەت لە خوا بکەن، ئەگەریش گەیشتن بە دوژمن و بەرنگاربوونەوە لەگەڵیان، ئەوە خۆڕاگر بن، بشزانن بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکاندایە).

٢٢١٦. عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەیە، برای ئومموسەلەمەیە، دایکی ناوی عاتیکەی کچی عەبدولموتەلیبە، واتە پوورزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، عەبدوڵا سەرەتا نەیارێکی سەرسەختی موسڵمانان بوو، بەردەوام دژایەتی دەکرد تا فەتحی مەککە کرا، کە پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ فەتحی مەککە، عەبدوڵا هاودەم بە ئەبووسوفیان بەرەو مەدینە چوون و لەرێدا گەیشتن بە پێغەمبەر(ﷺ)، داوایان کرد بچن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) رازی نەبوو، دواتر ئومموسەلەمە سەبارەت بەوان قسەی کرد لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) و پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی دا بێنەژوورەوە، ئەوانیش هاتنە ژوورەوەو موسڵمان بوون، موسڵمانبوونەکەشیان دروست بوو و عەبدوڵا بۆ فەتحی مەککە لەناو سوپای موسڵماناندا مایەوەو دواتریش بەشداری هەریەک لە غەزاکانی حونەین و طائیفی کرد، لەو غەزایەدا تیرێکی بەرکەوت و کوشتی.[1]

٢٢١٧. عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەی ئەسەدی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەی کوڕی وەهبی ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین و تیایدا شەهید بوو.[2]

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ١٧٧.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٤.

٢٢١٨. عەبدوڵای کوڕی ئەبیلجەدعاء(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبیلجەدعائی تەمیمی یان عەبدیە، عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (لَيَدْخُلَنَّ الجَنَّةَ بِشَفَاعَةِ رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَكْثَرُ مِنْ بَنِي تَمِيمٍ) (بە دڵنیاییەوە بە شەفاعەتی یەک کەس لە ئوممەتەکەم خەڵکێک کە زیاترن لە بەنوتەمیم دەچنە بەهەشتەوە)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) جگە لە تۆیە؟ فەرمووی: جگە لە منە.[1]

٢٢١٩. عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحەمساء (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحەمسائی عامیریەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

٢٢٢٠. عەبدوڵای کوڕی ئەدرەع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەدرعەو باوکی بە ئەبوحەبیبە ناسراوە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە.[3]

٢٢٢١. عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەرقەمی کوڕی عەبدیەغووثی قوڕەیشی زوهریە، دایکی ناوی ئومەیمەی کچی حەربە.[4]

---

[1] جامع الترمذي - أبواب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول الله(ﷺ) - باب منه، الرقم ٢٤٣٨و قال حسن صحيح غريب؛ سنن ابن ماجه - أبواب الزهد - باب ذكر الشفاعة، الرقم ٤٣١٦؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - باب إخباره(ﷺ) عن البعث وأحوال الناس في ذلك اليوم - ذكر البيان بأن الشفاعة في القيامة قد تكون لغير الأنبياء، الرقم ٧٣٧٦، صححه شعيب الارناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٣.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ١٧٢.

عەبدوڵا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، نووسەری بەردەستی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، پێغەمبەر(ﷺ) هێندە متمانەی هەبوو بە عەبدوڵا، کە داوای دەکرد نامەی بۆ بنووسێت بۆ پاشاکان، عەبدوڵایش نامەکەی دەنووسی و بە مۆرەکەی پێغەمبەر(ﷺ) مۆری دەکرد پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دەکرد نامەکە بنێردرێت بێ ئەوەی بخوێنرێتەوە، چونکە تەواو متمانەی هەبوو بە عەبدوڵا.(١)

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر پەنجا کۆڵ خورمای پێ بەخشی.(٢)

دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) عەبدوڵا نووسەری بەردەستی ئەبووبەکر و عومەری کوڕی خەططابیش بوو، دواتر عومەری کوڕی خەططاب کردی بە بەرپرسی بەیتولمال.(٣)

جارێک عەبدوڵا وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران لە جلوبەرگ و زێڕو زیو و قاپ و قاچاخی جەلەولاء زۆرمان لایە، دەڵێیت چی لێ بکەین؟ عومەر وتی: کاتێ بینیت دەستبەتاڵ بووم لێم دووبارە بکەرەوە، رۆژێک عەبدوڵا بینی خەلیفە دەرفەتی هەیە، هەمان پرسیاری لێکردەوە، عومەر وتی: راخەرێکم بۆ بهێنە، بۆی هێنا، هەمووی هەڵرژێنرایە سەر راخەرەکە، پاشان عومەر وتی: خوایە خۆت فەرمووتە(زين للناس حب الشهوات من النساء و البنين و القناطير المقنطرة من الذهب و الفضة)، خۆیشت فەرمووتە (لكيلا تأسوا على ما فاتكم و لا تفرحوا بما اتاكم)، خوایە ئێمە ناتوانین دڵخۆش نەبین بەوەی بۆت رازاوە کردوین، خوایە دەی وام لێبکە لە حەقدا ئەمە خەرج بکەم و پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی ئەم سامانە.(٤)

لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففانیشدا عەبدوڵا بەرپرسی بەیتولمال بوو،(٥) بەڵام داوای کرد لە خەلیفە تا ئەو پۆستە بە کەسێکی تر راسپێرێت،

---

(١) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤.
(٢) أسد الغابة، ج٣، ص ١٧٢.
(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤.
(٤) مصنف ابن أبي شيبة - كتاب البعوث والسرايا - في أمر القادسية وجلولاء، الرقم ٣٤٤٧٤.
(٥) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤.

خەلیفەش رازی بوو،[1] خەلیفە بڕی سی هەزار یان بە پێی گێڕانەوەیەکی تر سێ سەد هەزار بەخششی بۆ نارد، بەڵام عەبدوڵا وەرینەگرت و وتی: من لەبەر خوا کارم کردووە،[2] دواتر عەبدوڵا بینایی لەدەستدا،[3] دواجار عەبدوڵا لە خیلافەتی عوثماندا کۆچی دوایی کرد.[4]

ئومموزیاد دەڵێت: لە خیلافەتی عوثماندا بوو کە چووم بۆ لای عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم و ئەویش وتی: بۆچی هاتویت؟ وتم: بۆ ئەوەی کە خەڵک بۆی هاتوە؟ عەبدوڵا وتی: بۆچی ئازادکراویت-چونکە کۆیلە بووم-؟ وتم: نا، عەبدوڵا کەسێکی نارد بۆ ماڵی خۆیان و جلێکی بۆ هێنام و لە صەدەقە هیچی پێ نەدام لەبەر ئەوەی ئازاد نەبووم.[5]

عومەری کوڕی خەططاب دەیوت: کەسم نەدیوە هێندەی عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم لەخواترس بێت.[6]

٢٢٢٢. عەبدوڵای کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی یەزیدی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) تەمەنی بچووک بوو، کاتێک لە بەیعەتی ریضواندا ئامادەیی هەبوو هێشتا منداڵ بوو.[7]

٢٢٢٣. عەبدوڵای کوڕی ئەسلەم(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەسلەمی کوڕی زەیدە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[8]

(١) أسد الغابة، ج٣، ص ١٧٢.
(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤.
(٣) أسد الغابة، ج٣، ص ١٧٢.
(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤.
(٥) مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الزكاة - ما قالوا في المملوک يعطى من الصدقة، الرقم ١٠٧٥٥.
(٦) أسد الغابة، ج٣، ص ١٧٢.
(٧) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٦٧.
(٨) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧.

٢٢٢٤. عەبدوڵای کوڕی ئەسوەد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەسوەدی کوڕی شوعبەیی سدووسیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، عەبدوڵا دەڵێت: وەک وەفدی سدووس چووینە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و خورمامان بەدیاری بۆ هێناو خستمانە بەردەستی.[١]

٢٢٢٥. عەبدوڵای کوڕی ئەصرەم(رضي الله عنه)

ناوی عبدوڵای کوڕی ئەصرەمە، سەرەتا ناوی عەبدعەوف بوو، هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ناوت چیە؟ وتی: ناوم عەبدعەوفە، فەرمووی: بەڵکو ناوت عەبدوڵایە، عەبدوڵا موسڵمان بوو.[٢]

٢٢٢٦. عەبدوڵای کوڕی ئەقرەم(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەقرەمی کوڕی زەیدلی خوزاعیە، عەبدوڵا دەڵێت: لەگەڵ باوکم بووم کە بینیم پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی دەکرد.[٣]

٢٢٢٧. عەبدوڵای کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەوسی کوڕی حوذەیفەیە، وەک ئەندامێکی وەفدی ئەقەفیەکان چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٩.

[٣] سنن ابن ماجه - أبواب إقامة الصلاة والسنة فيها - باب السجود، الرقم ٨٨١؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب الإمامة وصلاة الجماعة - القنوت في الصلوات الخمس والدعاء فيه على الكفار، الرقم ٨٣١، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٨.

٢٢٢٨. عەبدوڵای کوڕی ئەوسی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەوسی کوڕی قەیظیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[١]

٢٢٢٩. عەبدوڵای کوڕی ئوبەی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی خەلەفی قورەیشی جومەجیە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیاو لە جەنگی جەمەلدا کوژرا.[٢]

٢٢٣٠. عەبدوڵای کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئومەییەی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی ئوحود.[٣]

٢٢٣١. عەبدوڵای کوڕی ئونەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەنیسی سولەمیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و شەهید بوو.[٤]

٢٢٣٢. عەبدوڵای کوڕی ئونەیسی جوهەنی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئونەیسی جوهەنیەو کونیەکەی ئەبوویەحیایە.[٥]

عەبدوڵا یەکێک بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە،[٦] لە غەزای بەدرو

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٨.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١١.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٥.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦.

ئوحود و خەندەق و غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بوو.[1]

عەبدوڵا یەکێک بوو لەوانەی کە پاش موسڵمانبوونی لە مەدینە کەوتنە شکاندنی بتەکانی بەنی سەلەمە.[2]

عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(أريت ليلة القدر، ثم أنسيتها، وأراني صبحها أسجد في ماء وطين)، (شەوی قەدرم پێ نیشان درا، دواتر لەبیرم کرد، بەرەبەیانەکەیم پێ نیشان درا لەنێو ئاوو قوڕدا سوجدە دەبەم)، جا ڕۆژی بیست و سێی ڕەمەزان باران باری و پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بۆ کردین و دواتر شوێنەواری ئاو و قوڕ بە تەوێڵیەوە دیار بوو.[3]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) عەبدوڵای بە تەنها نارد بۆ کوشتنی خالیدی کوڕی نوبەیح، عەبدوڵا دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) منی نارد بۆ کوشتنی خالید چونکە بیستبووی خەریکە سوپا دژی پێغەمبەر(ﷺ) پێکەوە دەنێت، فەرمووی: بڕۆ بیکوژە، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەسفی بکە بۆم، ئەویش وەسفی کرد بۆم، منیش چووم و کە گەیشتمە لای کاتی نوێژی عەسر بوو، وتم: نەوەک لە نوێژەکەم بکات، نوێژەکەم کرد و ڕووەو ئەویش ئاماژەم دەکرد و دەچووم تا گەیشتمە لای، هەموو سیفەتەکانم تێدا بەدیکرد، ماوەیەک لەگەڵی چووم بەڕێدا، وتی: تۆ کێیت؟ وتم: عەرەبێکم و بیستوومە خەریکیت سوپا پێکەوە دەنێیت دژ بەو کابرایە، منیش بۆ ئەوە هاتوم بۆ لات، ئەویش وتی: وایە، منیش لە دەروونی خۆمدا وتم: دەیبینیت چیت بەسەر دێت، ماوەیەک چووم تا دەرفەتم بۆ بوو و کوشتم، ئینجا هاتمەوە بۆ مەدینەو بەسەرهاتەکەم بۆ پێغەمبەر(ﷺ) باسکرد،ئەویش داردەستێکی پێبەخشیم، منیش بەو داردەستەوە لای دەرچووم، هاوەڵانم وتیان: ئەوە چیە پێغەمبەر(ﷺ) پێی بەخشیویت؟ وتم: داردەست، وتیان:

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ١٧٨.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦.

[3] صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب فضل ليلة القدر والحث على طلبها، الرقم ١١٦٨.

چی پێ دەکەیت؟ بۆ نەتپرسی بۆچی پێی بەخشیویت؟ بڕۆ و پرسیاری لێ بکە، منیش گەڕامەوەو پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)، فەرمووی: ئەوە هێمای نێوان من و تۆ بێت لە ڕۆژی دواییدا، کەمترین کەسانی ئەو ڕۆژە گاڵۆک بەدەستانن، ئیتر عەبدولا بەردەوام ئەو گاڵۆکەی بەستبوو بە شمشێرەکەیەوەو تا مرد لە خۆی جودا نەدەکردەوە، کە سەرەمەرگی هات وەسیەتی کرد داردەستەکەی لەگەڵ کفن بکەین، بۆیە خرایە ناو کفنەکەیەوە.[1]

عەبدولا دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیاو لە ساڵی حەفتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

٢٢٣٣. عەبدوڵای کوڕی ئیسحاق(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئیسحاقە، چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و لە نزیکیەوە بوو و جارێک پێی پێکرا و دەشەلی، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) بە ئەعرەج ناوی برد.[3]

٢٢٣٤. عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەزدی(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەزدیەو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

---

(١) مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(ﷺ) - حديث عبد الله بن أنيس(ﷺ)، الرقم ١٦٢٩٣؛ صحيح ابن خزيمة - كتاب الصلاة - جماع أبواب صلاة الفريضة عند العلة تحدث - باب الرخصة في الصلاة ماشيا عند طلب العدو، الرقم ٩٨٢؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر عبد الله بن أنيس(ﷺ)، الرقم ٧١٦٠.

(٢) أسد الغابة، ج٣، ص ١٧٩.

(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥.

(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٢٩.

٢٢٣٥. عەبدوڵای ئەقمەر(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوبەیدەو بە عەبدوڵای ئەقمەر ناسراوە، لە فەتحی مەککەدا هاودەم بە باوکی موسڵمان بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیاو لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[١]

٢٢٣٦. عەبدولجەبباری کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی عەبدولجەبباری کوڕی حارثە، عەبدولجەببار دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و فەرمووی: ناوت چیە؟ وتم: ناوم جەبباری کوڕی حارثە، فەرمووی: بەڵکو تۆ عەبدولجەبباریت.[٢]

عەبدولجەببار گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی و دواتر هەمدی چوویەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وبەشداری غەزاکانی دەکرد و لە غەزایەکدا شەهید بوو.[٣]

٢٢٣٧. عەبدولعەزیزی کوڕی بەدر(ﷺ)

ناوی عەبدولعەزیزی کوڕی بەدری کوڕی زەیدی جوهەنیە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عبدولعەزیز.[٤]

٢٢٣٨. عەبدولعەزیزی کوڕی سەخبەرە(ﷺ)

ناوی عەبدولعەزیزی کوڕی سەخبەرەیە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام کە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدولعەزیز، دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٦٤.
[٢] معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم ١٣٧٨.
[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم ٣٤٤٣.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٧٥.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٧٥.

٢٢٣٩. عەبدولقوددوس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولقوددوسی ئیسرائیلیەو گەنجێکی جوولەکە بوو، کاتێک نەخۆش کەوت و لە سەرەمەرگدا بوو، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چوو بۆ سەردانی و داوای لێکرد موسڵمان بێت، ئەویش رای باوکی ویست، باوکی کە جوولەکە بوو پێی وت: گوێ لە موحەممەد بگرە، ئەوەبوو ئەو گەنجە موسڵمان بوو و بە موسڵمانی کۆچی دوایی کرد.[1]

٢٢٤٠. عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبوویەکر(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبووبەکرەو هاودەم بە تەمیمی داری چووەتە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).[2]

٢٢٤١. عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولموطەلیب یان موطەلیبی کوڕی رەبیعەیە، دایکی ناوی ئوممولحەکەمی کچی زوبەیری کوڕی عەبدولموطەلیبە، فەرمـوودەی لە پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتەوە، دوای سەردەمی پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) ژیا و لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا چوو بۆ شام و لەوێ مایەوە تا لە ساڵی شەست و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

جارێک رەبیعە هاودەم بە عەبباسی مامی پێکەوە قسەیان دەکرد، وتیان: خۆزگە ئەم دوو کوڕەی خۆمان دەنارد، واتە (عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعە) بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) تا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتەی بسپاردایە بەوان، ئیتر خەڵکی چی دەستکەوتایە

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٧٩.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٨٣.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٨٠.

ئەوانیش دەستیان دەکەوت و خەڵکی چی ببەخشیایە ئەوانیش دەیانبەخشی لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوو طالیب هات و ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، عەلی وتی: شتی وا مەکەن چونکە سوێند بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە ناکات، بەڵام ڕەبیعە کەناری گرت لێی و پێی وت: بەخوا لە حەسوودیتەوەیە وا دەڵێیت، تۆ بوویت بە زاوای پێغەمبەر(ﷺ) ئێمە حەسوودیمان پێ نەبردیت، عەلی وتی: دەی بیاننێرن، ئینجا عەلی ڕاکشا، ئەوەبوو ئەو دوانە چوون، دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد عەبباس و هاوڕێکەی چوون بۆ ژوورەکەی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوەی لە ناختاندایە دەریبڕن)، ئەوکات پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی زەینەبی کچی جەحش بوو، عەبدولموطەلیب دەڵێت: هەریەکەمان چاوەڕێ بووین ئەوی ترمان قسە بکات، دواجار یەکێکمان قسەی کرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ چاکترین و خزم دۆستترین کەسیت، بیستوومانە هاوسەرگیریت کردووە، جا هاتوین تا هەندێ لە کۆکردنەوەی زەکات بسپێریتە دەستمان، ئیتر ئێمەش وەک ئەو خەڵکە ماف و ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنین، پێغەمبەر(ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و لەولاشەوە زەینەبی خێزانی بە ئاماژەی چاو پێی دەوتین هیچی پێ مەڵێنەوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد إنما هي اوساخ الناس)،[1] (زەکات بۆ بنەماڵەی موحەممەد ڕەوا نیە، بەڵکو زەکات پاشماوەی چڵکی دەستی خەڵکە).

٢٢٤٣. عەبدی کوڕی زەمعە(ﷺ)

ناوی عەبدی کوڕی زەمعەی کوڕی ئەسوەدە، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە.[2]

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب ترك استعمال آل النبي على الصدقة، الرقم ١٠٧٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٨٦.

٢٢٤٣. عەبدی کوڕی قەووال(رضي الله عنه)

ناوی عەبدی کوڕی قەووالە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزای طائیفدا شەهید بوو.[١]

٢٢٤٤. عەبیدەی کوڕی صەیفی(رضي الله عنه)

ناوی عەبیدەی کوڕی صەیفی جوهەنیە،[٢] بەڵام ئەبوونوعەیم بە عوبەیدە ناوی دێنێت،[٣] ئەم هاوەڵە کۆچی کردووە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و داوای نزای خێری لێکردووەو ئەویش نزای بۆ کردووە.[٤]

٢٢٤٥. عەتتابی کوڕی سولەیم(رضي الله عنه)

ناوی عەتتابی کوڕی سولەیمی کوڕی قەیسی کوڕی قورەیشی تەیمیە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٥]

٢٢٤٦. عەتتابی کوڕی شومەیر(رضي الله عنه)

ناوی عەتتابی کوڕی شومەیرە، عەتتاب دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من باوکێکی پیر و مامێکم هەیە، دەچم بۆ لایان بەڵکو موسڵمان بن و بیانهێنم بۆ لات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر موسڵمان بوون ئەوە چاکە بۆیان، ئەگەریش موسڵمان نەبوون ئەوە ئیسلام پان و فراوانە).[٦]

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٨٨.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٢٧.
[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٢٩٣.
[٤] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٢٩٣.
[٥] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٧٦.
[٦] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٩٧٩.

٢٢٤٧. عەتتابی کوڕی ئەسید(ﷺ)

ناوی عەتتابی کوڕی ئەسیدی کوڕی ئەبیلعیصی کوڕی ئومەییەی ئومەویە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمان یان ئەبوومحەممەدە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە،[1] کە پێغەمبەر(ﷺ) چوو بەرەو حونەین عەتتابی وەک بەرپرسی مەککە دانا، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لە طائیف عەتتابی وەک بەرپرسی مەککە دانا و تا پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد هەر والی ئەوێ بوو، لەو کاتەی ئەو پۆستەی وەرگرت تەمەنی بیستو ئەوەندە ساڵ دەبوو، دواتر کە ئەبووبەکری صدیق بوو بە خەلیفە، ئەوی لە پۆستەکەی هێشتەوە تا ئەبووبەکریش وەفاتی کرد، دواتریش تا ساڵی بیست و دووی کۆچی لەو پوستەی مایەوە و لەو ساڵەدا وەفاتی کرد.[2]

عەططاب دەیوت: کە پێغەمبەر(ﷺ) منی کرد بە بەرپرس تەنها دوو جلم دەستکەوتووە، کەستان نەڵێت عەططاب فلانە شتی بردووە، پێغەمبەر(ﷺ) بۆ هەر رۆژێک دوو درهەمی بۆ بڕیومەتەوە، جا خوا سکێک تێر نەکات ئەگەر رۆژی بە دوو درهەم تێر نەبێت.[3]

٢٢٤٨. عەثامەی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی عەثامەی کوڕی قەیسی بەجلیە، عەثامە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (نحن أحق بالشك من إبراهيم ويغفر الله للوط لقد كان يأوي إلى ركن شديد)،[4] (ئێمە لە ئیبراهیم شیاوترین بە گومان، خوا لە لووط خۆش بێت کە خۆی دەدایە پاڵ پایەیەکی پتەو).

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٧٥.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٢٩-٤٣٠.
[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٧٦.
[4] مسند الشاميين للطبراني، الرقم ٢٤٧٢، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٥٠٥١.

٢٢٤٩. عەجرای کوڕی ماتع(رضي الله عنه)

ناوی عەجرای کوڕی ماتعەو دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[١]

٢٢٥٠. عەداسی خزمەتکاری شەیبە(رضي الله عنه)

ناوی عەداسەو خزمەتکاری شەیبەی کوڕی ڕەبیعە بوو، خەڵکی نەینەوا بوو کە سەر بە موصڵ بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ طائیف و لەوێ ئازار درا، لەکاتی گەڕانەوەیدا عەداس چاوی کەوت بە پێغەمبەر(ﷺ) و چووە خزمەتی و بە فەرمانی گەورەکەی بڕێک ترێی برد بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، کە گوێی لێگرت و زانی پێغەمبەرە(ﷺ)، خۆی دا بەسەریدا و ماچی دەکرد، هەر لەوێ بڕوای پێ هێنا.[٢]

٢٢٥١. عەدائی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی عەدائی کوڕی خالیدی عامیریەو لە دوای غەزای حونەین هاودەم بە باوکی و حەرمەلەی برای چووە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو.[٣]

٢٢٥٢. عەددی کوڕی حاتەم(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی حاتەمی وڕی عەبدولای طائیە، باوکی کە حاتەمی طائی بوو ناسراوترین کەس بوو بە بەخشندەیی، عەددی پێشتر مەسیحی بوو، لە ساڵی نۆ یان دەیەمی کۆچیدا موسڵمان بوو و لەسەر موسڵمانێتیەکەی مایەوەو لە کاتی هەڵگەڕانەوەی سەردەمی ئەبووبەکریشدا لەسەر ئیسلامەتی سەقامگیر بوو، بەشداری فتووحاتی عێراقی کرد و دواتر

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٦٤.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٦٧.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٦٦.

چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو، دواتر تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیا و لە جەنگی صفیندا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری کرد، دواتر تا ساڵانی شەستی کۆچی ژیاو دوای ئەوە لە تەمەنێکی زۆردا وەفاتی کرد، دەوترێت تەمەنی نزیکەی سەد و بیست ساڵ بووە.[١]

کاتێک عەددی بیستی سریەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دەچێت بۆ ناوچەکەیان، ژن و منداڵی کۆکردەوەو چوو بەرەو شام، بەڵام سەففانەی خوشکی جێهێشت و موسڵمانان بەدیلیان گرت، سەففانە موسڵمان بوو و گەڕایەوە بۆ لای عەددی و بەسەرهاتەکەی باسکرد بۆ عەددی، ئەویش هاودەم بە خوشکەکەی چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو.[٢]

عەددی دەڵێت: کە هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست زۆر رقم لێی بوو، بۆیە چووم بۆ ناوچەی دەسەڵاتی رۆمەکان، لەوێیش زۆر لەو شوێنەم بێزار بووم، دواتر وتم: با بچم بۆ لای ئەو کابرایە، ئەگەر درۆزن بوو پێی دەزانم و ئەگەریش راستگۆ بوو شوێنی دەکەوم، چوومەمەدینەو خەڵکەکە منیان ناسیەوەو وتیان: عەدی کوڕی حاتەم هات، چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش فەرمووی: (ئەی عەددی کوڕی حاتەم موسڵمان بە پارێزراو دەبیت)، منیش وتم: من ئایینی خۆم هەیە، فەرمووی: من لە تۆ شارەزاترم بە ئایینەکەت، منیش بە سەرسوڕمانەوە وتم: تۆ لە من شارەزاتریت بە دینی خۆم؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ.[٣]

لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا کاتێک خالیدی کوڕی وەلید نزیک بوویەوە لە بەنی طەیئ عەددی کوڕی حاتەم هات بۆ لای و وتی: سێ رۆژ مۆڵەتم بدە، چونکە ئەو خەڵکە دەترسن ئەگەر شوێن تۆ بکەون طولەیحە نێردراوەکەیان بکوژێت، خالیدیش مۆڵەتی دا، ئەوەبوو سێ رۆژەکە تەواو بوو، ئینجا

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٦٩-٤٧٠.
[٢] أسد الغابة، ج٤، ص ١١.
[٣] أسد الغابة، ج٤، ص ١١.

عەددی بە پێنج سەد جەنگاوەرەوە هاتە لای خالید.[1]

هەروەها لە فتووحاتی عێراقدا خالید لە چوونی بۆ عێراق سوپاکەی کرد بە سێ بەشەوە تا بە سێ ڕێگەی جیاوازدا بچن، موثەننا پێش خۆی چووبوو، عەددی کوڕی حاتەم و عاصمی کوڕی عەمریش لەلایەکی ترەوە، خالیدیش خۆی لە کۆتای سوپاکەوە کەوتەڕێ و وادەیەکی دانا تا لە یەک شوێندا کۆببنەوە.[2]

هەروەها هاودەم بە خالید چوو بەرەو شام و بەشداری هەندێ فتووحاتی کرد.[3]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری هەردوو جەنگی جەمەل و صفینی کرد و لەناو سوپای عەلیدا بوو و لە جەنگی جەمەلدا چاوێکی لەدەستدا، دواتریش لە کووفە مایەوە تا لە ساڵی شەست و هەشتی کۆچیدا لەوێ وەفاتی کرد.[4]

عەددی دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووم کە دوو کەس هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای حاڵی خۆیان کرد، یەکێکیان سکاڵای هەژاری کرد و ئەویش سکاڵای چەتەی سەر ڕێی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أما قطع السبيل فإنه لا يأتي عليك إلا قليل، حتى تخرج العير إلى مكة بغير خفير، وأما العيلة فإن الساعة لا تقوم، حتى يطوف أحدكم بصدقته، لا يجد من يقبلها منه، ثم ليقفن أحدكم بين يدي الله ليس بينه وبينه حجاب ولا ترجمان يترجم له، ثم ليقولن له ألم أوتك مالا؟ فليقولن بلى، ثم ليقولن ألم أرسل إليك رسولا؟ فليقولن بلى، فينظر عن يمينه فلا يرى إلا النار، ثم ينظر عن شماله فلا يرى إلا النار، فليتقين أحدكم النار ولو بشق تمرة، فإن لم يجد فبكلمة طيبة).[5] (سەبارەت بە ڕێگری ڕێگە، ئەوە زۆر نابات تا بەبێ پەنا کاروان بەرێدەکەوێت بەرەو مەککە، سەبارەت بە هەژاریەکەش، قیامەت نایەت تا کەسی واتان هەیە زەکاتی خۆی دەگێڕێت کەچی کەسی دەست ناکەوێت

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣١٨ – ٣١٩.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٤٤.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ١٢.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٦، ص ٢٢.

[5] صحيح البخاري – كتاب الزكاة – باب الصدقة قبل الرد، الرقم ١٤١٣.

وەریبگرێت، دواتر هەرکەس لە ئێوە لەبەردەم خوادا دەوەستێت و نێوانی ئەو و خودا پەردەو وەرگێڕێ نیە، دواتر خوا پێی دەفەرموێت مەگەر سامانم پێ نەدایت؟ دەڵێت: با، دەفەرموێت مەگەر پێغەمبەرت بۆ نەنێردرا؟ دەڵێت: با، ئینجا بە لای راست و چەپیدا تەماشا دەکات تەنها ئاگر دەبینێت، دەی هەرکامتان خۆتان بپارێزن لە دۆزەخ با بە لەتە خورمایەکیش بێت، ئەگەر ئەوەشی شک نەبرد ئەوە با بە وتەیەکی جوان بێت).

عەددی کوڕی حاتەم دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (من حلف على يمين، فرأى غيرها خيرا منها، فليأت الذي هو خير، وليترك يمينه)،[1] (هەرکامتان سوێندێکی خوارد، دواتر بینی شتێکی تر چاکترە لەوەی سوێندی لەسەر خواردووە، با بچێت بۆ چاکترەکەو واز لە سوێندەکەی بهێنێت)، لە گێڕانەوەی تردا دەفەرموێت (کەفارەتی سوێندەکەی بدات).[2]

عەددی دەڵێت: کاتێک چووینە خزمەت عومەری کوڕی خەططاب یەک یەک کەسەکان ناوی خۆیان دەبرد، منیش کە چوومە بەردەمی وتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران من ناناسیت؟ وتی: با، کاتێک ئەوان بێباوەڕ بوون تۆ باوەڕت هێنا، کاتێک ئەوان پشتیان هەڵکرد تۆ هاتیت، کاتێک ئەوان ناپاکییان کرد تۆ وەفادار بوویت، کاتێک ئەوان نکوڵییان دەکرد تۆ راستت وت، منیش وتم: دەی ئیتر باکم بە هیچ نیە.[3]

٢٢٥٣. عەددی کوڕی رەبیعە(ﷺ)

ناوی عەددی کوڕی رەبیعەی کوڕی عەبدولعوززایە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە.[4]

[1] صحيح مسلم - كتاب الأيمان - باب ندب من حلف يمينا فرأى غيرها خيرا منها أن يأتي الذي هو خير ويكفر عن يمينه، الرقم ١٦٥١.
[2] السنن الكبرى للنسائي - كتاب الأيمان والنذور - الكفارة بعد الحنث، الرقم ٤٧٠٩.
[3] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب قصة وفد طيئ وحديث عدي بن حاتم، الرقم ٤٣٩٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٤.

٢٢٥٤. عەددی کوڕی سینان(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی سینانی کوڕی سوبەیعە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد، تا سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ژیا.[١]

٢٢٥٥. عەددی کوڕی عەمیرە(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی عەمیرەی کوڕی فەروەی کوڕی زورارەیە، کونیەکەی ئەبووزورارەیە، دوای شەهیدکردنی عوثمانی کوڕی عەففان عەددی بڕیاری دا مەدینە جێبهێڵێت و چوو بۆ کووفەو لەوێ مایەوە، رایەکیش دەڵێت: چوو بۆ ناوچەی جزیرە، رایەکیش دەڵێت: چوو بۆ شام و لەوێ مایەوەو لە ناوچەی رها نیشتەجێ بوو.[٢]

عەددی دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (من استعملناه منكم على عمل، فكتمنا مخيطا، فما فوقه كان غلولا يأتي به يوم القيامة)،[٣] (هەرکەس لە ئێوە بکەین بە کاربەدەست لە کارێکداو هەر لە دەزوویەکەوە تا زیاترمان لێ بشارێتەوە، لە رۆژی دواییدا بە ناپاکی و فێڵ دادەنرێت).

٢٢٥٦. عەددی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی قەیسی سەهمیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی پاش فەتحی مەککە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی حونەین نزیکەی پەنجا وشتری پێ بەخشی و یەکێک بوو لە دڵراگیرکراوان.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٤.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٦.

[٣] صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب تحريم هدايا العمال، الرقم ١٨٣٣.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٧.

٢٢٥٧. عەددی کوڕی موڕڕە(ﷺ)

ناوی عەددی کوڕی موڕڕەی کوڕی سوراقەیبەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.[١]

٢٢٥٨. عەددی کوڕی نەضلە(ﷺ)

ناوی عەددی کوڕی نەضلە یان کوڕی نوضەیلەیە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، لە کۆچی حەبەشەدا بەشداری کرد و لەوێ مایەوەو وەفاتی کرد و نوعمانی کوڕی میراتی وەرگرت، بەوە بوو بە یەکەم کۆچەری حەبەشە کە میراتی لە ئیسلامدا جێهێشت.[٢]

٢٢٥٩. عەددی کوڕی نەوفەل(ﷺ)

ناوی عەددی کوڕی نەوفەلی کوڕی ئەسەدی قورەیشی ئەسەدیە، برا بچووکی وەرەقەی کوڕی نەوفەل بوو، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەو لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا بەرپرسی حەضرەمەوت بوو.[٣]

٢٢٦٠. عەددی کوڕی عەبد سوائە(ﷺ)

ناوی عددی کوڕی عەبدسوائەیە، چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وەفاتی کرد.[٤]

٢٢٦١. عەدی کوڕی خەلیفە(ﷺ)

ناوی عەددی کوڕی خەلیفەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٨.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٨.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٩.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٦.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٧٢.

٢٣٦٢. عەدیەی کچی سەعد(رضي الله عنها)

ناوی عەدیەی کچی سەعدە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

٢٣٦٣. عەرابەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عەرابەی کوڕی ئەوسە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە غەزای ئوحوددا ویستی بەشداری غەزاکە بێت، بەڵام لەبەر کەمی تەمەنی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی گێڕایەوە.[٢]

٢٣٦٤. عەرفەجەی کوڕی شورەیح(رضي الله عنه)

ناوی عەرفەجەی کوڕی شورەیحی ئەشجەعیە، عەرفەجە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو (من أتاكم وأمركم جميع على رجل واحد، يريد أن يشق عصاكم، أو يفرق جماعتكم، فاقتلوه).[٣] (هەرکات لەسەر کەسێک کۆدەنگ بوون و کەسێک هات بۆ لاتان ویستی ریزتان پەرت بکات یان کۆدەنگیتان پەرت بکات ئەوە بیکوژن).

٢٣٦٥. عەرفەجەی کوڕی ئەسعەد(رضي الله عنه)

ناوی عەرفەجەی کوڕی ئەسعەدە، لە سەردەمی نەفامیدا لە جەنگی کلابدا لووتی بەرکەوت و بڕا، ئینجا لە زیو لووتێکی دروست کرد بەڵام بۆگەنی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص٢٤.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٨١.

[٣] صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب حكم من فرق أمر المسلمين وهو مجتمع، الرقم ١٨٥٢ واللفظ له، سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في الخوارج، الرقم ٤٧٦٢؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المحاربة - قتل من فارق الجماعة وذكر الاختلاف على زياد بن علاقة في خبر عرفجة فيه، الرقم ٣٤٧٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب الحدود - ذكر الأمر بالقتل لمن أراد أن يفرق أمر أمة محمد(ﷺ) بفراقه الجماعة وهم جميع، الرقم ٤٤٠٦.

دەکرد، بۆیە پاش موسڵمانبوونی پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی پێدا لووتێکی زێڕین بۆ خۆی دابنێت.[١]

٢٣٦٦. عەزرەی کوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی عەزرەی کوڕی مالیکەو هاودەم بە فەروەی برای هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو.[٢]

٢٣٦٧. عەطییەی کوڕی بوسر(رضي الله عنه)

ناوی عەطییەی کوڕی بوسرە، عەطییە دەڵێت: عەککافی کوڕی وەداعە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەی عەککافە ئەریّ ژنت هەیە؟ وتی: نا، فەرمووی: کەنیزەکیشت نیە؟ وتی: نا، فەرمووی: تەندروست و دەوڵەمەندیشیت؟ وتی: بەڵێ، سوپاس بۆ خوا، فەرمووی: (دەی کەوابێ تۆ لە برایانی شەیتانەکانیت، یان لە روهبانەکانی مەسیحیت تۆ لەوانیت، یان ئەگەر لە ئێمەیت ئەوە وەک ئێمە بکە، چونکە لە سوننەتی ئێمە هاوسەرگیریە، خراپترینتان زگورتیەکانتانن...).[٣]

٢٣٦٨. عەطییەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی عەطییەی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو لە رۆژی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[٤]

---

[١] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٩٩٠.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٩٧.
[٣] مسند أبي يعلى الموصلي - حديث عطية بن بسر، الرقم ٦٨٥٦، ضعفه حسين سليم أسد في مسند أبي يعلى الموصلي.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥١١.

٢٣٦٩. عەطییەی کوڕی عورووە(رضي الله عنه)

ناوی عەطییەی کوڕی عورووەی کوڕی سەعدە، یان دەوترێت کوڕی عەمر یان کوڕی قەیسە، دواتر لە شام نیشتەجێ بوو.[١]

٢٣٧٠. عەطییەی کوڕی نومیرە(رضي الله عنه)

ناوی عەطییەی کوڕی نوەیرەی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە لە زورقیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٢]

٢٣٧١. عەفرائی کچی سەکەن(رضي الله عنها)

ناوی عەفرائی کچی سەکەنەو دایکی ئەسعەدی کوڕی زورارەیە کە هاوەڵێکی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و پێشتر باسمان کردووە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٣]

٢٣٧٢. عەففانی کوڕی بوجەیر(رضي الله عنه)

ناوی عەففانی کوڕی بوجەیر یان کوڕی عیتری سولەمیە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو.[٤]

٢٣٧٣. عەقرەبەی جوهەنی(رضي الله عنه)

ناوی عەقرەبەی جوهەنیەو باوکی بەشیرە کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، عەقرەبە لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥١١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥١٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص٢٦.

[٤] أسد الغابة، ج٤، ص ٥٢.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٣١.

٢٢٧٤. عەقرەبی کچی سەلامە(رضي الله عنها)

ناوی عەقرەبی کچی سەلامەیەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

٢٢٧٥. عەقرەبی کچی موعاذ(رضي الله عنها)

ناوی عەقرەبی کچی موعاذی کوڕی نوعمانەو لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

٢٢٧٦. عەقیلی کوڕی ئەبووطالیب(رضي الله عنه)

ناوی عەقیلی کوڕی ئەبووطالیبی کوڕی عەبدمەنافی قورەیشی هاشمیە، برای عەلی کوڕی ئەبووطالیبی زاوای پێغەمبەر(ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و چوارەم خەلیفەی موسڵمانانە، عەقیل تەمەنی لە عەلی زیاتر بوو، عەقیل ئامۆزای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، دایکی ناوی فاطیمەی کچی ئەسەدە.[٣]

عەقیل لە غەزای بەدردا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد و بەدیل گیرا، هاودەم بەویش عەبباسی مامیشی بەدیل گیرا، جا پێغەمبەر(ﷺ) بە عەبباسی فەرموو ئەی عەبباس خۆت و عەقیلی برازات و نەوفەلی کوڕی حارث و عوتبەی هاوپەیمانت بە سامان ئازاد بکە، چونکە تۆ سامانت هەیە، ئەویش وایکرد.[٤]

ئیبن سەعد دەڵێت: عەقیل لە ساڵی هەشتی کۆچیدا کۆچی کرد بۆ مەدینەو موسڵمان بوو وبەشداری غەزای موئتەی کرد، دواتر نەخۆش کەوت.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٢٧.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٢٧.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٤٢.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٣-١٤.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٤٣.

رایەک دەڵێت: عەقیل پێش ڕێککەوتنی حودەیبیە موسڵمان بوو، بەڵام لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.[١]

رایەکیش دەڵێت: عەقیل بە بێباوەڕی مایەوە تا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، دواتر لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد و لە دەوری پێغەمبەری خوا(ﷺ) مایەوە.[٢]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) بە عەقیلی فەرموو (يَا أَبَا يَزِيدَ، إِنِّي أُحِبُّكَ حُبَّيْنِ: حُبًّا لِقَرَابَتِكَ مِنِّي، وَحُبًّا لِمَا كُنْتُ أَعْلَمُ مِنْ حُبِّ عَمِّي إِيَّاكَ) (ئەی ئەبوویەزید من دووجار تۆم خۆشدەوێت، خۆشەویستیەک لەبەر نزیکیت-خزمایەتیت-لێم و خۆشەویستیەک لەبەرئەوەی دەزانم مامم چەندە تۆی خۆشدەوێت).[٣]

رایەک دەڵێت: لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد، ئیبن حەجەر دەڵێت: بە سەنەدی صەحیح هاتووە کە لە سەرەتای دەسەڵاتی یەزیدی کوڕی موعاویەدا وەفاتی کردووە.[٤]

٢٢٧٧. عەکاشەی کوڕی ثەور(رضي الله عنه)

ناوی عەکاشەی کوڕی ثەوری کوڕی ئەصغەرە، کاربەدەستی بەردەستی پێغەمبەر(ﷺ) بوو تا وەفاتی کرد.[٥]

٢٢٧٨. عەککافی کوڕی وەداعە(رضي الله عنه)

ناوی عەککافی کوڕی وەداعە[٦] یان کوڕی بیشری تەمیمیە.[٧]

[١] أسد الغابة، ج٤، ص ٧٠.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٣٢.
[٣] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر عقيل بن أبي طالب(رضي الله عنه) - كان النبي يحب عقيلا لحبين، الرقم ٦٥٢٥.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٣١.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٣٣.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٣٥.
[٧] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(رضي الله عنهم) - حديث أبي ذر الغفاري(رضي الله عنه)، الرقم ٢١٨٥٠.

جارێک عەککاف هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەی عەککاف ئەریٰ ژنت هەیە؟ وتی: نا، فەرمووی: کەنیزەکیشت نیە؟ وتی: نا، فەرمووی: تەندروست و دەوڵەمەندیشیت؟ وتی: بەڵێ، سوپاس بۆ خوا، فەرمووی: (أَنْتَ إِذًا مِنْ إِخْوَانِ الشَّيَاطِينِ، لَوْ كُنْتَ فِي النَّصَارَى كُنْتَ مِنْ رُهْبَانِهِمْ، إِنَّ سُنَّتَنَا النِّكَاحُ، شِرَارُكُمْ عُزَّابُكُمْ، وَأَرَاذِلُ مَوْتَاكُمْ عُزَّابُكُمْ، أَبِالشَّيْطَانِ تَمَرَّسُونَ؟ مَا لِلشَّيْطَانِ مِنْ سِلَاحٍ أَبْلَغُ فِي الصَّالِحِينَ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا الْمُتَزَوِّجُونَ، أُولَئِكَ الْمُطَهَّرُونَ الْمُبَرَّؤُونَ مِنَ الْخَنَا، وَيْحَكَ يَا عَكَّافُ، إِنَّهُنَّ صَوَاحِبُ أَيُّوبَ وَدَاوُدَ وَيُوسُفَ وَكُرْسُفَ) (دەی کەوابێ تۆ لە برایانی شەیتانەکانیت، ئەگەر مەسیحی بوویتایە لە روهبانەکانی ئەوان دەبوویت، لە سوننەتی ئێمە هاوسەرگیریە، خراپترینتان زگورتیەکانتانن، کەفتەی مردووەکانیشتان زگورتەکانتانن، ئەریٰ ئەوە پێشەنگی بە شەیتانەوە ئەکەن؟ شەیتان هیچ چەکێکی نیە هێندەی بەکارهێنانی ئافرەت کاریگەر بێت لەسەر پیاوچاکان جگە لەوانەی هاوسەرگیریان کردووە، ئەوانە پاک و بەدوورن لە داوێنپیسی، ماڵت وێران عەککاف هاوسەر بگرە، ئافرەتان هاوباسەکانی ئەیووب و داوود و یووسف و کورسوفن)، بیشری کوڕی عەطییە کە لەوێ بوو، وتی: کورسوف کێیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (رَجُلٌ كَانَ يَعْبُدُ اللهَ بِسَاحِلٍ مِنْ سَوَاحِلِ الْبَحْرِ ثَلَاثَمِائَةِ عَامٍ، يَصُومُ النَّهَارَ وَيَقُومُ اللَّيْلَ، ثُمَّ إِنَّهُ كَفَرَ بِاللهِ الْعَظِيمِ فِي سَبَبِ امْرَأَةٍ عَشِقَهَا، وَتَرَكَ مَا كَانَ عَلَيْهِ مِنْ عِبَادَةِ اللهِ ثُمَّ اسْتَدْرَكَهُ اللهُ بِبَعْضِ مَا كَانَ مِنْهُ فَتَابَ عَلَيْهِ، وَيْحَكَ يَا عَكَّافُ، تَزَوَّجْ، وَإِلَّا فَأَنْتَ مِنَ الْمُذَبْذَبِينَ) (پیاوێک بوو ماوەی سێ سەد ساڵ لە یەکێک لە کەناراوەکاندا پەرستشی خوای دەکرد، بە رۆژ بەڕۆژوو بوو و بە شەویش شەونوێژی دەکرد، دواتر بە هۆی ئافرەتێکەوە کە عاشقی بوو باوەڕی بەرامبەر بە خوا لەدەستدا و وازی لەو پەرستشەی خوا هێنا کە لەسەری بوو، دواتر لەبەر هەندێ شت کە هەیبوو خوای گەورە لێی خۆش بوو، ماڵت وێران بێت عەککاف هاوسەرگیری بکە، ئەگەرنا لە راراکانیت) ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەی ئافرەتێکم لێ مارە بکە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (کەریمەی کچی کولثومی حیمیەری دەکەم بە هاوسەرت).[1]

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث أبي ذر الغفاري(ﷺ)، الرقم ٢١٨٥٠؛ مصنف عبد الرزاق - كتاب النكاح - باب وجوب النكاح وفضله، الرقم ١٠٣٨٧.

٢٢٧٩. عەلائی کوڕی جاریە(رضي الله عنه)

ناوی عەلائی کوڕی جاریەیەو یەکێکە لە موسڵمانبوانی پاش فەتحی مەککە، پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی حونەیندا سەد وشتری پێ بەخشی.[1]

٢٢٨٠. عەلائی کوڕی حەضرەمی(رضي الله عنه)

ناوی عەلائی کوڕی حەضرەمی کوڕی عیمادە، باوکی کە لە بنەڕەتدا ناوی عەبدوڵا بوو لە مەککە نیشتەجێ بوو و هاوپەیمانی حەربی کوڕی ئومەییەی باوکی ئەبووسوفیان بوو.

عەلاء یەکێک بوو لە نووسەرەکانی بەردەستی پێغەمبەری خوا(ﷺ).[2]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) عەلائی کرد بە بەرپرسی بەحرەین و تا پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد لەو پۆستەیدا بوو، دواتریش ئەبووبەکری صدیق لەو پۆستەی هێشتیەوە، عومەری کوڕی خەططابیش لە پۆستەکەی هێشتیەوە تا لە ساڵی چواردەی کۆچیدا وەفاتی کرد، یان دەوترێت لە ساڵی بیست و یەکی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[3]

٢٢٨١. عەلائی کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی عەلائی کوڕی سەعدی ساعیدیە، لە فەتحی مەککەدا بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ)، عەلاء دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆڕێکدا بوو فەرمووی: ئەوە دەبیستن کە من دەیبیستم؟ وتیان: چی دەبیستیت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: (ئاسمان هاواریەتی و حەقیشیەتی هاواری بێت، چونکە

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٤٠.
[2] أسد الغابة، ج١، ص ٨٠.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٤١.

شوێن پێیەکی تێدا نەماوە مەگەر فریشتەیەکی لەسەر راوەستاوە یان لە کڕنووشە یان لە سوجدەدایە).[1]

۲۲۸۲. عەلائی کوڕی وەهب(ﷺ)

ناوی عەلائی کوڕی وەهبی قورەیشی عامیریە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا والی جزیرە بوو.[2]

۲۲۸۳. عەلەسی کوڕی ئەسوەد(ﷺ)

ناوی عەلەسی کوڕی ئەسوەدەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[3]

۲۲۸٤. عەلەسی کوڕی نوعمان(ﷺ)

ناوی عەلەسی کوڕی نوعمانی کیندیەو هاودەم بە حیجر و یەزیدی برای هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[4]

۲۲۸٥. عەلقەمەی کوڕی جونادە(ﷺ)

ناوی عەلقەمەی کوڕی جونادەی ئەزدیەو دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا تا لە فەتحی میصردا بەشداری کرد، لە ساڵی پەنجاو نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد.[5]

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٩٤٢.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٤٣.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٤٨.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٤٨.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٤٩.

٢٢٨٦. عەلقەمەی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی عەلقەمـەی کـوڕی خالیـدی ئەسـلەمیەو کونیەکـەی ئەبـوو ئەوفایـەو زیاتـر بـە کونیەکـەی ناسـراوە، یەکێکـە لـە بەشـداربوانی بەیعەتـی ڕیضـوان،[1] کوڕێکـی هەبـوو بـە نـاوی عەبـدوڵا کـە فەرمـوودەی زۆری لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) گێڕاوەتـەوە، عەبدوڵا دەڵێت: کـە پێغەمبـەر(ﷺ) زەکاتـی هۆزێکـی بـۆ بهاتایـە دەیفەرمـوو (اللهم صل على ال فلان)، جـا کـە باوکـم زەکاتـی هێنـا، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (اللهم صل على ال أبي أوفى).[2]

٢٢٨٧. عەلقەمەی کوڕی ڕیمثە(رضي الله عنه)

ناوی عەلقەمـەی کـوڕی ڕیمثـەی بەلویـە، یەکێکـە لـە بەشـداربوانی بەیعەتـی ڕیضـوان، عەلقەمـە دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) عەمـری کـوڕی عاصـی نـارد بـۆ بەحرەیـن و دواتـر پێغەمبـەر(ﷺ) خـۆی دەرچـوو و ئێمـەش لەگەڵـی دەرچـووین، پێغەمبـەر(ﷺ) وەنەوزێـک گرتـی و دواتـر هەسـتا و فەرمـووی: ڕەحمەتـی خـوا لـە عەمـر، ئێمـەش هـەر کـەس نـاوی عەمـر بوایـە دەهـات بـە بیرمانـدا، هەمـدی وەنەوزێکـی کـرد و هەسـتاو هەمـان شـتی فەرمـوو، بـۆ جـاری سـێیەم وتمـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) مەبەسـتت کام عەمـرە؟ فەرمـووی: عەمـری کـوڕی عـاص، لای خـوا بـۆ عەمـری کـوڕی عـاص خێرێکـی زۆر هەیـە.[3]

٢٢٨٨. عەلقەمەی کوڕی طەلحە(رضي الله عنه)

ناوی عەلقەمـەی کـوڕی طەلحـەی عەبدەریـەو یەکێکـە لـەو هاوەڵانـەی لـە جەنگـی یەرمووکـدا بەشـدارییان کـرد و تیایـدا شـەهید بـوو.[4]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٤٩.

[2] صحيح البخاري – كتاب الزكاة – باب صلاة الإمام ودعائه لصاحب الصدقة، الرقم ١٤٩٧.

[3] أسد الغابة، ج٤، ص ٩٢.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٥٣.

٢٢٨٩. عەلقەمەی کوڕی عولاثە(رضي الله عنه)

ناوی عەلقەمەی کوڕی عولاثەیەو لە فەرموودەی صەحیحدا باسی هاتووە.

کاتێ عەلی کوڕی ئەبووطالیب زێڕی یەمەنی نارد بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش دابەشی کرد بەسەر چوار کەسدا، یەکێک لەو چوار کەسە عەلقەمەی کوڕی عولاثە بوو.[١]

جارێک عەلقەمەی کوڕی عولاثە لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، بیلالی حەبەشی هات تا بانگ بدات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (رُوَيْدًا يَا بِلَالُ، يَتَسَحَّرُ عَلْقَمَةُ) (لەسەرخۆبە بیلال، عەلقەمە پارشێو دەکات).[٢]

دواتر عەلقەمە پاشگەز بوویەوە لە ئیسلام، بەڵام ژن و منداڵەکەی پاشگەز نەبوونەوە، لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا موسڵمان بوویەوەو گەڕایەوە بۆ لای ژنەکەی.[٣]

ئەگەر عەلقەمە هەڵگەڕابێتەوە ئەوە چۆن تا خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ماوەتەوەو نەکوژراوە، لەکاتێکدا ئەوانەی هەڵگەڕابوونەوە لە خیلافەتی ئەبووبەکردا یان تەوبەیان کرد یان کوژران، بۆیە ئەو گێڕانەوەیە وەرگیراو نیە، بەڵکو بە گێڕانەوەی تر هاتووە رایکردووە بۆ شام و دواتر موسڵمان بووەو گەڕاوەتەوە بۆ لای ئەبووبەکر،[٤] دواتریش عومەر کردوویەتی بە بەرپرسی حوران.[٥]

---

[١] صحيح البخاري - كتاب التوحيد - باب قول الله تعالى تعرج الملائكة والروح إليه، الرقم ٧٤٣٢؛ صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب ذكر الخوارج وصفاتهم، الرقم ١٠٦٤.

[٢] مسند أبي داود الطيالسي - وما أسند عبد الله بن عمر بن الخطاب - وتميم بن عياض عن ابن عمر، الرقم ٢٠١٠.

[٣] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب السير - ما قالوا في الرجل يسلم ثم يرتد ما يصنع به، الرقم ٣٣٤١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٥٦.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٥٦-٥٥٧.

٢٢٩٠. عەلقەمەی کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

ناوی عەلقەمـەی کوڕی یەزیـدی کـوڕی عەمـرە، خەڵکـی یەمـەن بـوو، هاتووەتـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و دواتـر گەڕاوەتـەوە بـۆ یەمـەن، دواتـر هاتووەتـەوە مەدینـەو لـەوێ بـووە تـا بەشـداری فەتحـی میصـری کـردووە، لـە سـەردەمی موعاویـەی کـوڕی ئەبووسـوفیاندا والـی ئیسـکەندەریە بـوو.[1]

٢٢٩١. عەلی سەلەمی(رضي الله عنه)

ناوی عەلـی سـەلەمیە، عەلـی دەڵێت: لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بووین تـا چوینـە شـوێنێک کـە ئـاوی تێدا نەبـوو، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) چوویـە خـوارووی دۆڵەکـەو دەسـتی هێنـا بـە زەویەکـەدا و ئـاو هەڵقوڵـی و خـۆی و هاوەڵەکانـی ئاویـان خـواردەوە، ئینجـا فەرمـووی: (ئـەوە خواردنەوەیەکـە خـوا نۆشـی کـردن)، ئیتـر ئـەو شـوێنە نـاوی نـرا سـوقیا.[2]

٢٢٩٢. عەلی کوڕی شەیبان(رضي الله عنه)

ناوی عەلـی کـوڕی شـەیبانی کـوڕی موحریـزی یەمامیـە، کونیەکـەی ئەبوویەحیایـە، یەکێـک بـوو لـە ئەندامانـی وەفدی بەنوحەنیفـە کـە هاتنـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ).[3]

عەلـی کـوڕی شـەیبان دەڵێت: کـە وەفدەکـە چووینـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ)، لـە دوای پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) نوێژمـان کـرد، پێغەمبـەر(ﷺ) بـە لاچـاوێ روانیـە کەسـێ کـە لـە کڕنـووش و سـوجدەدا چـاک پشـتی نەدەچەماندەوە،

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٦٢.

[2] المعجم الأوسط للطبراني - باب الميم - من بقية من أول اسمه ميم من اسمه موسى - موسى بن سهل أبو عمران الجوني، الرقم ٨٣٩٥؛ معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٤٢٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٦٤.

کە تەواو بوو فەرمووی: (إنه لا صلاة لمن لم يقم صلبه)،[1] (ئەوەی پشتی ڕێک نەچەمێنێتەوە هیچ نوێژێکی بۆ نیە).

٢٢٩٣. عەلی کوڕی عوبەیدولا(رضي الله عنه)

ناوی عەلی کوڕی عوبەیدولای عامیریە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

٢٢٩٤. عەلی کوڕی ئەبووطالیب(رضي الله عنه)

ناوی عەلی کوڕی ئەبووطالیبی کوڕی عەبدولموطەلیبی قوڕەیشی هاشمیە، کونیەکەی ئەبولحەسەنە.[3]

باوکی ناوی ئەبوو طالیب بوو کە پشت و هاوکارێکی گەورەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، تا دوا ساتی ژیانی پشتگیری پێغەمبەری خوای(ﷺ) کرد، بەڵام بە بێباوەڕی کۆچی دوایی کرد.[4]

دایکی ناوی فاطیمەی کچی ئەسەد بوو کە ژنی ئەبوو طالیب بوو،[5] ئەم ئافرەتە لە کۆچەران بوو و کاتێکیش وەفاتی کرد پێغەمبەر(ﷺ) کراسەکەی خۆی کرد بە کفن و لە ناو گۆڕەکەشیدا ڕاکشا تا خۆڵەکە ڕێک بوو و فەرمووی: (إِنِّي أَلْبَسْتُهَا قَمِيصِي لِتَلْبَسَ مِنْ ثِيَابِ الْجَنَّةِ، وَاضْطَجَعْتُ مَعَهَا فِي قَبْرِهَا لِيُخَفَّفَ عَنْهَا مِنْ ضَغْطَةِ الْقَبْرِ، إِنَّهَا كَانَتْ أَحْسَنَ خَلْقِ اللهِ إِلَيَّ صَنِيعًا بَعْدَ أَبِي طَالِبٍ) (بۆیە وامکرد تا جلی بەهەشت بکاتە بەری و لە گۆڕەکەشیدا ڕاکشام تا گۆڕەوشاری لەسەر سووک بێت، دوای ئەبووطالیب ئەم ئافرەتە لە هەموو کەس چاکتر بووە لەگەڵم).[6]

[1] صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة - باب صفة الصلاة - ذكر الزجر عن أن لا يقيم المرء صلبه في ركوعه وسجوده، الرقم ١٨٩١، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٧١.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٩.

[4] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب قصة أبي طالب، الرقم ٣٨٨٣؛ صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب شفاعة النبي(ﷺ) لأبي طالب والتخفيف عنه بسببه، الرقم ٢٠٩.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٦، ص ١٢.

[6] المعجم الأوسط للطبراني - باب الميم - من اسمه محمد - محمد بن الحسن بن البستنبان، الرقم ٦٩٣٥،

خەزووری کە ئامۆزایشی بوو، پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

خەسووی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە، دایکی باوەڕداران و ژنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، یەکەم کەس بوو کە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر(ﷺ)، ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو و سامانەکەی بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) بەکارهێنا، دایکی هەموو منداڵەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو جگە لە ئیبراهیم کە لە ماریە لەدایک بوو،[1] چاکترینی ئافرەتانی بەهەشتە، سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە کۆچی دوایی کرد.[2]

براکانی:

برایەکی ناوی طالیبی کوڕی ئەبوو طالیب بوو کە ئەمیان بە بێباوەڕی مرد، هەرچەندە لەگەڵ بێباوەڕان هات بۆ غەزای بەدر، بەڵام پێش جەنگەکە گەڕایەوە بۆ مەککەو بەشداری نەکرد،[3] ئەو بە نابەدڵی هاتبوو بۆیە گەڕایەوە، بەڵام دواتر نە لەناو کوژراواندا بینرا و نە گەیشتەوە مەککە.[4]

برایەکی تری ناوی عەقیل بوو، برای عەلی بوو، واتە تەمەنی لە عەلی زیاتر بوو.[5]

ئیبن سەعد دەڵێت: عەقیل لە ساڵی هەشتی کۆچیدا کۆچی کرد بۆ مەدینەو موسڵمان بوو وبەشداری غەزای موئتەی کرد، دواتر نەخۆش کەوت و لە فەتحی مەککەو غەزای طائیف و خەیبەر و حونەیندا هیچ باسیکی نیە.[6]

قال الهيثمي: في سنده سعدان بن الوليد و لم أعرفه و بقية رجاله ثقات.

(1) أسد الغابة، ج٧، ص ٨٨-٩٢.

(2) أسد الغابة، ج٧، ص ٩٥.

(3) البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٦٦.

(4) تاريخ الطبرى، ج٢، ص ٢٩.

(5) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٤٢.

(6) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٤٣.

رایەک دەڵێت: عەقیل پێش رێککەوتنی حودەیبیە موسڵمان بوو، بەڵام لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

رایەکیش دەڵێت: عەقیل بە بێباوەڕی مایەوە تا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، دواتر لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد و یەکێک بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەری خوا(ﷺ) مایەوە.[2]

برایەکی تری ناوی جەعفەر بوو کە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەرپرسی کۆچەرانی حەبەشە بوو، لە غەزای موئتەدا شەهید بوو و پێغەمبەری خوایش(ﷺ) موژدەی دا کە جەعفەر لە بەهەشتە.[3]

عەلی زۆر جەعفەری خۆشدەویست، بۆیە عەبدوڵای کوری جەعفەر کە برازای عەلیە دەڵێت: هەرکات داوای شتێکم لە عەلی بکردایەو نەیکردایە بموتایە لەبەر خاتری جەعفەر ئەوەم بدەرێ یەکسەر پێی دەدام.[4]

خوشکەکانی:

ئوممو هانیئی کچی ئەبوو طالیب کە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، کاتێک موسڵمان بوو پەنای هوبەیرەی مێردی دا و پێغەمبەریش(ﷺ) پەناکەی قبووڵ کرد.[5]

جومانەی کچی ئەبوو طالیب کە ئەم زووتر موسڵمان بووبوو، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر سی کۆڵ خورمای پێدا.[6]

رەیطەی کچی ئەبووطالیب کە کونیەکەی ئەمموطالیبە،[7] پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر چل کۆڵ خورمای بۆ بڕیەوە.[8]

---

[1] أسد الغابة، ج٤، ص ٧٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٣٢.
[3] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٢٠٦-٢١١.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١، ص ٤٨٦.
[5] أسد الغابة، ج٧، ص ٤٤٢.
[6] أسد الغابة، ج٧، ص ٥٦.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٩.
[8] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٢٤٥.

هاوسەرەکانی:

فاطیمەی کچی موحەممەدی کوڕی عەبدولا، کچی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[1] گەورەی ژنانی بەهەشت[2] و دایکی دوو ڕەیحانە و خۆشەویستەکەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[3] یەکەم کەسی ناو بنەماڵەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو کە دوای پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد.[4]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب کاتێک کە فاطیمەی کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ژنی بوو چووە داوای جوەیریەی کچی ئەبووجەهل، ئەوەبوو بەنومو‌غیرە هاتن داوای مۆڵەتیان کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) مۆڵەتی نەدان و فەرمووی: (فاطیمە بەشێکە لە من و ئەو شتەی ئەو ئازار دەدات منیش ئازار دەدات).[5]

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إِنَّ فَاطِمَةَ بَضْعَةٌ مِنِّي، وَإِنِّي أَكْرَهُ أَنْ يَسُوءَهَا، وَاللهِ لَا تَجْتَمِعُ بِنْتُ رَسُولِ اللهِ وَبِنْتُ عَدُوِّ اللهِ عِنْدَ رَجُلٍ وَاحِدٍ) (فاطیمە بەشێکە لە من و حەزم بە شتێک نیە ئازاری ئەو بدات، سوێند بەخوا کچی پێغەمبەری خوا و کچی دوژمنی خوا لای یەک پیاو کۆ نابنەوە)، عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە ئەمەی بیست کشایەوە و نەیهێنا.[6] لە دەقێکی تردا دەفەرموێت (وَإِنِّي لَسْتُ أُحَرِّمُ حَلَالًا وَلَا أُحِلُّ حَرَامًا، وَلَكِنْ وَاللهِ لَا تَجْتَمِعُ بِنْتُ رَسُولِ اللهِ وَبِنْتُ عَدُوِّ اللهِ مَكَانًا وَاحِدًا أَبَدًا) (خۆ ئەوە نیە حەڵاڵێک حەرام بکەم یان حەرامێک حەڵاڵ بکەم، بەڵام بەخوا کچی پێغەمبەری خوا و کچی دوژمنی خوا لە یەک شوێندا کۆ نابنەوە)

خەولەی کچی ئیاس هاوسەری عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و دایکی موحەممەدی کوڕی عەلیە، واتە باوەژنی حەسەن و حوسەینی کچەزاکانی پێغەمبەرە(ﷺ).

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٩.

[2] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢٤.

[3] صحيح البخاري - كتاب الأدب - باب رحمة الولد وتقبيله ومعانقته، الرقم ٥٩٩٤.

[4] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضائل فاطمة بنت النبي عليها الصلاة والسلام، الرقم ٢٤٥٠.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٢٦٢.

[6] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب ذكر أصهار النبي(ﷺ)، الرقم ٣٧٢٩.

دوای ئەوەی فاطیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ئومامەی کچی زەینەبی بەهاوسەرگرت کە خوشکەزای فاطیمە بوو،[١] ئەمەش لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکر صدیق و پاش جەنگی یەمامە بوو.[٢]

ژنێکی تری ناوی لەیلای کچی مەسعوود بوو کە دایکی عوبەیدوڵا و ئەبووبەکری کوڕانی عەلی بوو.[٣]

ژنێکی تری ناوی ئوممولبەنینی کچی حیزامە کە دایکی عەبباس و عوثمان و عەبدوڵا و جەعفەر بوو.[٤]

منداڵەکانی:

ئەوانەی لە فاطیمە بوون:

حەسەن کە لە ساڵی سێیەمی کۆچی لەدایک بوو و گەورەی گەنجانی بەهەشت و ڕەیحانەکەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[٥] پێشتر لە پیتی (ح) داباسمان کردووە.

حوسەین کە خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) و براچووکی حەسەن و گەورەی گەنجانی بەهەشتە،[٦] لە ساڵی شەست و یەکی کۆچی لە کەربەلا بە دەستی سەربازانی دەوڵەتەکەی یەزید شەهید کرا.[٧]

کوڕێکی تری هەبوو بە ناوی موحەسین کە براچووکی بوو، کاتێک لەدایک بوو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە عەلی کوڕەکەمم نیشان بدەن بزانم ناوتان ناوە چی؟ وتی: ناومان ناوە حەرب، فەرمووی: (بەڵکو موحەسینە).[٨]

---

(١) سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٤٦، الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٥٠٢.

(٢) البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٥٣.

(٣) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٩.

(٤) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٠.

(٥) أسد الغابة، ج٢، ص ١٦.

(٦) السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - فضائل الحسن والحسين ابني علي بن أبي طالب(رضي الله عنهما) وعن أبويهما، الرقم ٨١١٣.

(٧) أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨.

(٨) المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - مناقب الحسن والحسين ابني بنت رسول الله(ﷺ) - حديث تسمية الحسن والحسين(رضي الله عنهما)، الرقم ٤٨٠١، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، ضعفه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم ٣٧٠٦، حسنه شعيب الأرناؤوط.

کچێکی هەبوو بە ناوی ئوممولکلثوم کە لە ساڵی شەشی کۆچی لەدایک بوو.[١]

کچێکی تری هەبوو بە ناوی زەینەب کە ئەمیش کچەزای پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) لەدایک بوو، زەینەب لەگەڵ حوسەینی برایدا چوو بۆ کەربەلا، کاتێک حوسەینی برای شەهید کرا، زەینەب-هاودەم بەو ژن و منداڵانەی کە مابوون- برا بۆ دیمەشق.[٢]

کوڕێکی تری هەبوو کە ناوی موحەممەد بوو و لە مێژوودا بە ئیبنولحەنەفیە ناسراوە، دایکی ناوی خەولەیە.[٣]

عوبەیدوڵای کوڕی کە دواتر بە دەستی موختاری کوڕی ئەبی عوبەید کوژرا، ئەبووبەکری کوڕی کە لەگەڵ حوسەینی براگەورەیدا شەهید بوو، دایکی ئەم دوانە لەیلای کچی مەسعوود بوو.[٤]

عەبباس و عوثمان و جەعفەر و عەبدوڵا کە هەموویان لەگەڵ حوسەینی برا گەورەیاندا شەهید بوون، دایکیان ناوی ئوممولبەنینی کچی حیزامە.[٥]

موحەممەدی بچووک کە دایکی ئومموولەد بوو، یەحیا و عەونیش دو کوڕی تری بوون کە دایکیان ناوی ئەسمائی کچی عومەیس بوو، عومەر و روقییە کە دایکیان ناوی ئوممومحەبیبی کچی رەبیعە بوو و کەنیزەکی عەلی بوو، موحەممەدی دووەم کە دایکی ناوی ئومامەی کچی ئەبیلعاص بوو، ئوممولحەسەن و رەملە کە دایکیان ناوی ئوممومسەعیدی کچی عوروە بوو، ئوممومهانیء و مەیمونەو زەینەبی بچوک و رەملەی بچووک و ئوممولکلپوومی بچووک و فاطیمەو ئومامەو خەدیجەو ئوممولکیرام و ئوممومسەلەمەو ئوممومجەعفەر و جومانەو نەفیسە کە لە خێزانەکانی تری هەیبوون.[٦]

---

[١] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٥٠٠.

[٢] أسد الغابة، ج٧، ص ١٤٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦١٧.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٩.

[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٠.

[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٠.

موسڵمانبوونی

ئەبووطاليب لەبەرئـەوەی تووشـی تەنگژەيەكـی دارايـی بووبـوو، بۆيـە پێغەمبـەر(ﷺ) پێشـنيازی كرد بۆ عەبباسـی مامی تـا پێكەوە باری سەرشانی ئەبووطاليب سـووک بكـەن، ئەوەبوو چوون و هەركاميان يەكێک لە منداڵەكانی ئەبووطالیبيـان بـردە لای خۆيـان تـا سەرپەرشـتييان بكـەن، عەلـی كەوتـە بـەر پێغەمبـەر(ﷺ) و لـە ماڵـی پێغەمبـەر(ﷺ) مايـەوە.[1]

عەلـی پێـش موسـڵمانبوونی هيـچ كات بتـی نەپەرسـتبوو، چونكـە تەمەنـی كـەم بـوو و نەگەيشـتبووە ئـەو بـارەی بـت بپەرسـتێت، ئـەو لـە تەمەنـی نـۆ سـاڵيدا موسـڵمان بـوو.[2]

كاتێـک خەديجـە بـاوەڕی هێنابـوو، عەلـی هـات بـۆ ماڵـی پێغەمبـەر(ﷺ) و بينـی نوێـژ دەكـەن، وتـی: ئـەی موحەممـەد ئەمـە چيـە؟ ئەويـش فەرمـووی: (ئەمە ئايينی خوايە كە خـوا هەڵيبژاردووەو پێغەمبـەری خـۆی پێدا ناردووە، جـا بانگت دەكەم بۆ لای خـوای تـاک و تەنهـای بێ هـاوەڵ و پەرستشـی ئـەو خوايـە و بێباوەڕبوونـت بـە لات و عـوززا، عەلـی وتـی: مـن تـا ئێسـتا شـتی وام نەبيسـتوە، هيـچ ناڵێـم تـا باسـی نەكـەم بـۆ ئەبووطاليـب، پێغەمبـەر(ﷺ) حـەزی نەكرد باسـی بكات بۆ ئەبوطاليب و پێی فەرمـوو (ئـەی عەلی ئەگـەر موسـڵمان نابيـت ئـەوە مەسـەلەكە بـە شـارەوەيی بهێڵـەرەوە)، ئەوەبـوو ئـەو شـەوە عەلـی مەسـەلەكەی بـە نهێنـی شـاردەوەو دواتـر خـوا ئيمانـی خسـتە دڵيـەوەو بـۆ بەيانـی هاتـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و وتـی: ئـەی موحەممـەد پێشـنيازی موسـڵمان بوونـت بـۆم چيـە؟ ئەويـش فەرمـووی: (شـايەتی بدەيـت هيـچ پەرسـتراوێ نيـە جگـە لـە خـوای تەنهـای بێ هـاوەڵ و بێبـاوەڕ بيت بـە لات و عـوززا و تەبـەرا بكەيـت لـە هاوەڵدانـراوان بـۆ خـوا)، عەليـش ئـەوەی كـرد و موسـڵمان بـوو، بـەڵام موسـڵمان بوونـی خـۆی دەشـارەدەوە لـە

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٥.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢١.

باوکی و بە نهێنی دەهات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ماوەی مانگێک بارەکە بەو جۆرە بوو.[1]

ئیبن کەثیر سەبارەت بە ریزبەندی دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان دەڵێت: دەکرێت لە کۆی هەموو گێڕانەوەکانەوە بڵێین یەکەم ئافرەت موسڵمان بوو خەدیجە بوو، یەکەم منداڵ موسڵمان بوو عەلی بوو، یەکەم خزمەتکار موسڵمان بوو زەیدی کوڕی حارثە بوو، یەکەم پیاو موسڵمان بوو ئەبووبەکری صدیق بوو.[2]

رۆڵی لە مەککەدا:

عەلی هۆکار بوو بۆ موسڵمانبوونی کەسانێکی دیار، لەوانە ئەبووزەری غیفاری، گێڕانەوەیەک لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە وردەکاری موسڵمانبوونەکەی ئەبووزەر دەخاتەڕوو، تیایدا هاتووە ئەبووزەر بارگەی پێچایەوەو ئاوی هەڵگرت و چوو تا گەیشتە مەککەو چوو بۆ لای کەعبە و بەدوای پێغەمبەردا(ﷺ) دەگەڕا و ئەویشی نەدەناسی، حەزیشی نەدەکرد لای خەڵک هەواڵی بپرسێت، بۆیە بەو حاڵەوە مایەوە تا نزیکەی شەو، ئینجا راکشا، عەلی کە ئەوی بینی زانی کەسێکی بێگانەیە، کاتێک بینی شوێنی کەوت و هیچکام پرسیاریان لەهیچکام نەکرد تا بەیانی، دواتر ئەبووزەر لە ماڵی عەلیەوە توێشووەکەی هەڵگرتەوەو چوویەوە بۆ لای کەعبە و سێ رۆژ ئەم شتە دووبارە بوویەوە، لە رۆژی سێیەمدا عەلی کە بردیەوە لەگەڵ خۆی پرسیاری لێکرد ئەرێ پێم ناڵێیت بۆچی هاتویت بۆ ئێرە؟ ئەویش وتی: ئەگەر بەڵێنم پێ بدەیت رێنموونیم بکەیت پێت دەڵێم، ئەویش بەڵێنی دا، ئەبووزەریش پێی وت: بۆچی هاتووە، عەلیش وتی: ئەو پێغەمبەرە راست دەکات، کە رۆژ بوویەوە شوێنم بکەوە، ئەگەر من شتێکی مەترسیدارم بینی واهەڵدەستم وەک ئەوەی ئاو بڕژم، ئەگەریش بەردەوام چووم شوێنم

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٥.

[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٦.

بکەوە تا دەتبەم بۆ لای، ئەوەبوو بەیانی ئەبووزەر شوێنی کەوت تا چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و گوێی لێگرت و هەر لەوێ موسڵمان بوو.[1]

هاوکات عەلی هاودەم بە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق دەچوو تا پێغەمبەر(ﷺ) پەیامەکەی بخاتەڕوو بۆ هۆزەکان، جا جارێک چووین و ئەبووبەکر پێشکەوت، هەواڵی پرسین، وتیان: ئێمە لە ڕەبیعەین، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) پەیامی خۆی گەیاند پێیان.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە، عەلی کوڕی ئەبووطالیبی بانگ کرد و فەرمانی پێکرد لە شوێنەکەیدا بخەوێت و لە مەککە بمێنێتەوە تا سپاردەکانی لای پێغەمبەر(ﷺ) بداتەوە دەست خاوەنەکانیان،[3] عەلیش فەرمانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بێ هیچ ترسێک بەجێگەیاند و ماوەی سێ شەو و ڕۆژ لە مەککە مایەوە تا هەموو سپاردەکانی دایەوە بە خاوەنەکانی، دواتر کۆچی کرد و خۆی گەیاندە مەدینە، لە مەدینە لای کلثومی کوڕی هەدم دابەزی.[4]

کۆچکردنی

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و سەهلی کوڕی حونەیفەوە.[5]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە چوو بۆ غەزای (ذي العشيرة) عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش هاودەم بە پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری کرد.

بەشداری لە غەزای بەدردا

پێغەمبەر(ﷺ) کە ویستی بچێت بۆ بەدر عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی هاودەم بە چەند

(1) صحيح البخاري – كتاب مناقب الأنصار – باب إسلام أبي ذر الغفاري(ﷺ)، الرقم ٣٨٦١.
(2) البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٤٢-١٤٤.
(3) البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٧٦-١٧٨.
(4) البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٩٧.
(5) البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٢٤.

هاوەڵێک نارد تا بچنە لای ئاوی بەدر و هەواڵ و زانیاری بۆ وەربگرن.[1]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەڵێت: لە غەزای بەدردا عەریشێکمان –چادر یان کەپرێ- بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دروست کرد، وتمان: کێ لەلا پێغەمبەر(ﷺ)دەبێت بۆ ئەوەی کەس نزیکی نەکەوێت، کەس نەچوو، تەنها ئەبووبەکر نەبێت کە شمشێری هەڵکرد و لەلای پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەستاو پاسەوانی دەکرد.[2]

سەرەتای جەنگەکە جەنگی زۆرانبازی بوو، واتە کەسێک بەرامبەر بە کەسێک، ئەوەبوو شەیبەو عوتبەی کوڕانی ڕەبیعەو وەلیدی کوڕی عوتبە لە بیباوەڕان هاتنە پێشەوەو داوای جەنگی بەرامبەرییان کرد، ئەوەبوو سێ لە هاوەڵانی پشتیوانان هاتنە پێشەوە، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) حەزی نەدەکرد لە جەنگی یەکەمدا پشتیوانان لە پێشەوە بن، بۆیە داوای کرد بگەڕێنەوەو نزای خێری کرد بۆیان، قورەیشیەکان وتیان: ئەی موحەممەد کەسانی شیاو لە خزمانمان بنێرە بۆمان، ئەوەبوو پێغەمبەریش(ﷺ) داوای کرد لە کۆچەران تا بچنە پێشەوە، حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیب و عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و عوبەیدەی کوڕی حارث چوونە پێشەوە، عوتبە وتی: قسە بکەن تا بتانناسینەوە، حەمزە وتی: من حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیبم، شێری خوا و پێغەمبەرەکەی، عوتبەش وتی: هاوبەرامبەرێکی چاک و ڕێزدار، منیش شێری هاوپەیمانانم، ئەی ئەو دوانە کێن لەگەڵت؟ ئەویش وتی: عەلی و عوبەیدە، هەمان وەسفی ئەوانیشی کرد، ئینجا بە وەلیدی کوڕی وت: هەستە، بەرامبەر بە عەلی وەستا، جەنگان و هێندەی نەبرد عەل وەلیدی کوشت، ئینجا حەمزە عوتبەی کوشت، ئینجا شەیبە بەرامبەر بە عوبەیدە وەستا، عوبەیدەش بە تەمەنترینی هاوەڵانی ئەو جەنگە بوو، شەیبە دای لە پێی عوبەیدەو قاچی بڕی، خێرا حەمزە و عەلی چوون بۆ شەیبەو کوشتیان.[3]

---

[1] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٢٧.

[2] البداية والنهاية لابن كثر، ج٣، ص ٣٣١.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٧.

عەلی باسی گەرمەی جەنگەکە دەکات و دەڵێت: بڕێ جەنگم کرد و هاتمەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) دەبینم لە سوجدەدایەو دەفەرموێت (یا حی یا قیوم یا حی یا قیوم) منیش گەڕامەوە بۆ جەنگەکە، هەمدی هاتمەوەو بینیم لە هەمان باردایە، بۆ جاری سێەمیش جەنگەکەم جێهێشت و هاتمەوە خزمەتی لە هەمان باردا بوو.[1]

لە کاتی گەڕانەوەدا پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبولوبابەو عەلی کوڕی ئەبوطالیب پێکەوە بوون و یەک سواریان پێ بوو، ئەوان دەیانوت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە بری ئێمە سەرکەوە، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (ما أنتما بأقوى على المشي مني، ولا أنا أغنى عن الأجر منكما)،[2] (ئێوە لە من لە ڕێ بریندا بەهێزتر نین و منیش لە ئێوە بێباکتر نیم بە پاداشت).

هاوسەرگیری عەلی و فاطیمە

عەلی کوڕی ئەبوطالیب دەڵێت: خزمەتکارێکم وتی: دەزانیت فاطیمە داواکراوە؟ وتم: نا، وتی: با، ئەی بۆ تۆ ناچیتە داوای؟ منیش وتم: خۆ هیچم نیە تا بچمە داوای، ئەویش وتی: ئەگەر بچیت بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) فاطیمەت پێ دەدات، هێندەی پێ وتم: تا منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، کە چوومە ئەوێ و لەبەردەمیدا دانیشتم نەمتوانی هیچ بڵێم، فەرمووی: بۆچی هاتویت؟ ئیشێکت هەیە؟ منیش بێدەنگ بووم، هەمدی لێی دووبارە کردمەوە و بێدەنگ بووم، ئەویش فەرمووی: (لەوانەیە هاتبیت بۆ داوای فاطیمە؟) وتم: بەڵێ، فەرمووی: ئەی هیچت هەیە بۆمارەییەکەی؟ وتم: نا بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی: ئەی چیت کرد بە قەڵغانەکەت کە پێم دایت، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەو قەڵغانە زۆر قورس

[1] السنن الكبرى للنسائي - كتاب عمل اليوم والليلة - الاستنصار عند اللقاء، الرقم ١٠٣٧٢؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الإمامة وصلاة الجماعة - تطويل الدعاء في سجود تلاوة القرآن وتكراره(ﷺ) يا حي يا قيوم لا يزيد عليه شيئا، الرقم ٨١٤

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند عبد الله بن مسعود(ﷺ)، الرقم ٤٠٩٠؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب السير - الاعتقاب في الدابة، الرقم ٨٧٥٦؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب الخروج وكيفية الجهاد - ذكر إباحة تعاقب الجماعة البعير الواحد في الغزو عند عدم القدرة على غيره، الرقم ٤٧٣٣.

و پتەو بوو، منیش وتم: لای خۆمە، فەرمووی: (دەی لێم مارە کردیت، ئەو قەڵغانەی بۆ بنێرە تا بەوە حەڵاڵ بێت بۆت).[1]

کاتێک عەلی ویستی هاوسەرگیری لەگەڵ فاطیمە بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هیچت هەیە؟ عەلی وتی: هیچم نیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی قەڵغانە قورسەکەت کوا؟ وتم: لای خۆمە، ئەوەبوو ئەو قەڵغانەی دا بە فاتیمە.[2]

کاتێک عەلی کوڕی ئەبوطالیب فاطیمەی کچی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بە هاوسەر گرت، بۆ ماڵێک دەگەڕا تا تیایدا نیشتەجێ بێت، بەڵام خانوویەکی دوور لە ماڵی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەست کەوت و لەوێ گواستیەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ ماڵیان و پێی فەرموون دەیەوێت نزیکیان بکاتەوە لە ماڵی خۆی، فاطیمەش وتی: داوا لە حارثە بکە تا شوێنەکەی بگۆڕێتەوە لەگەڵمان تا نزیک بینەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (حارثە هێندە شوێنی خۆی بۆ چۆڵکردوین ئیتر رووم نایەت پێی بڵێم)، حارثە ئەوەی بیستەوەو و هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بیستوومە دەتەوێت فاطیمە لێتەوە نزیک بێت و ئەوەش خانووەکانی منن، من خۆم و ئەوەشی هەمە بۆ خوا و پێغەمبەری خوایە، سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەی تۆ لێم وەردەگریت لام زۆر خۆشترە لەوەی وازی لێ دێنیت بۆم، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (راست دەکەیت، خوا بەرەکەت بڕژێت بەسەرتدا)، ئەوەبوو فاطیمە هاتە ناو خانوویەکی حارثە کە نزیک مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، حارثە لە نزیک مزگەوتی

---

[1] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٠٢٠.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند علي بن أبي طالب(رضي الله عنه)، الرقم ٦١٣؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب النكاح - تحلة الخلوة وتقديم العطية قبل البناء، الرقم ٥٥٤١؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر ما أعطى علي(رضي الله عنه) في صداق فاطمة، الرقم ٦٩٤٥، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي حسن صحيح.

پێغەمبەر(ﷺ) چەند خانوویەکی هەبوو، هەر جارەو یەکێک لەو خانووانەی چۆڵ دەکرد بۆ خۆشەویستێکی پێغەمبەر(ﷺ) تا هەموو خانووەکانی ئەو شوێنەی دا بە پێغەمبەر(ﷺ) و هاوسەرەکانی.(١)

لە غەزای ئوحوددا

لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەر(ﷺ) ئاڵایەکی دابوویە دەست عەلی کوڕی ئەبووطالیب، بەڵام دواتر ئاڵاکەی لەو وەرگرت و دای بە موصعەبی کوڕی عومەیر و عەلیش بەشداری جەنگەکەی کرد.(٢)

لە غەزای ئوحوددا حاطیب دەنگێکی بیست هاواری دەکرد موحەممەد کوژرا، حاطیب تەواو شڵەژا و گەڕا بەدوای پێغەمبەردا(ﷺ) تا بینی لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبی طالیبدایەو برینداربووەو دەموچاوی دەشوات.(٣)

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەوتبوویە چاڵەکەوە، عەلی دەستی پێغەمبەری خوای(ﷺ) گرت و طەلحەش بەرزی دەکردەوە.(٤)

دواتر کە جەنگەکە تەواو بوو پێغەمبەر(ﷺ) عەلی نارد تا بزانێت قورەیشیەکان نیازیان هەیە رووەو مەدینە بچن یان بگەڕێنەوە بەرەو مەککە، ئەویش چوو و هەواڵی هێنایەوە کە بەرەو مەککە دەگەڕێنەوە.(٥)

لە غەزای بەدری داهاتوودا کە وادەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو لەگەڵ قورەیش لە ساڵی داهاتوو لە هەمان بەرواری ئوحوددا لە بەدر بەیەک بگەن، عەلی کوڕی ئەبوطالیب بەشدار بوو و ئاڵای موسڵمانانی بەدەستەوە بوو.(٦)

لەدایکبوونی حەسەن

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی بیست کە فاتیمەی کچی منداڵی بووە خێرا چوو بۆماڵیان، فەرمووی: (أروني ابني ما سميتموه)، (ئادەی کوڕەکەمم نیشان

(١) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ١٦٦.
(٢) البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٠.
(٣) سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٤، قال الذهبي إسناده مظلم.
(٤) البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٤.
(٥) البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٨.
(٦) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٥٩.

بدەن، ناوی چیتان لێ ناوە؟) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبیش وتی: ناوم ناوە حەرب، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بل هو حسن)،[1] (بەڵکو با ناوی حەسەن بێت)، بەوە ناوی نرا حەسەن.

پێشتر لە ژیانی حەسەنی کوڕی عەلیدا وردەکاریمان هێناوە لەسەر لەدایکبوون و ژیانی لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ).

لەدایکبوونی حوسەین:

پێشتریش لە ژیانی حوسەینی کوڕی عەلیدا باسی لەدایکبوونی حوسەین و وردەکاری ژیانیمان هێناوە.

لە غەزای خەندەقدا

هەروەها عەلی لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد و ڕۆڵی کارای بینی، جا کاتێک بێباوەڕان کەلەبەرێکیان بەدیکرد و چەند کەسێکیان پەڕینەوە، یەکێک لەوانە عەمری کوڕی عەبدود بوو، عەمر وتی: کێ بەرامبەرم دەوەستێت و دەجەنگێت؟ عەلی چوویە بەرامبەری، عەمر وتی: برازا من حەز ناکەم بتکوژم، عەلی وتی: جا من تۆ بانگ دەکەم بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی و ئیسلام، عەمر وتی: هیچ پێویستیم بەوانە نیە، عەلی وتی: دەی بانگهێشتی جەنگت دەکەم، ئەوەبوو جەنگان تا جەنگێکی قورسیان کرد و تیایدا عەلی عەمری کوشت.[2]

لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا پێغەمبەر(ﷺ) سریەیەکی ئامادە کرد بۆ ناوچەی فەدەک، ئەمەش لە مانگی شەعباندا بوو، عەلی کوڕی ئەبووطالیبی کرد بە ئەمیری سریەکە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەد کەسی لەگەڵدا نارد و هێرشیان برد و دەستکەوتێکی زۆریان بەدەستهێنا و گەڕانەوە.[3]

---

[1] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - مناقب الحسن والحسین ابني بنت رسول الله(ﷺ) - حدیث تسمیة الحسن والحسین(ﷺ)، الرقم ٤٨٠١، صححه ووافقه الذهبي في التلخیص، ضعفه الألباني في سلسلة الاحادیث الصحیحة، الرقم ٣٧٠٦، حسنه شعیب الأرناؤوط.

[2] البدایة و النهایة لابن کثیر، ج٤، ص ١٠٥.

[3] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٢، ص ٨٩.

رووداوی ئیفک

لە رووداوی ئیفکدا کە تیایدا دووڕوان بوختانیان دروستکرد بۆ دایکی باوەڕداران عائیشە و دواتر خوا بە دەقی ئایەت پاکی عائیشەی سەلماند و دووروویی دوروەکان دەرکەوت، لەو ماوەدا پێغەمبەر(ﷺ) ئوسامەی کوڕی زەید و عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی بانگکرد تا راوێژیان پێ بکات سەبارەت بە جیایی و دوورکەوتنەوەی لە عائیشە، ئوسامە شایەتی پاکی بۆ دا و وتی: تەنها خێر و چاکەمان لێ دیوە، عەلیش پێی وت: خوا بارت سەخت ناکات و ئافرەتی تر جگە لەو زۆرن، دەشتوانیت خزمەتکارەکە بانگ بکەیت تا راستیەکەت بۆ دڵنیا بکاتەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) بورەیرەی بانگ کرد و لێی پرسی ئەی بورەیرە هیچت دیوە کە گومانت لا دروست بکات، وتی: نا سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە...هتد.[١]

جا ناحەزانێک کە تەنیا رووی لێدانی مێژووی ئیسلامی و هاوەڵانیان لەبەرچاوە، وا قسەکە لێکدەدەنەوە ە ئەوە ریشەیەکی دژایەتی نێوان عەلی و عائیشە بێت، لەکاتێکدا ئەوە ئیجتیهادێکی عەلی بوو لە مەسەلەکەدا و هیچی تر، ئەگەرنا دەیان وەسفی عائیشە لەلایەن عەلی و بە پێچەوانەوە لە فەرموودەکاندا بەدی دەکەین کە وەڵامی ئەو گومانە دەدەنەوەو لێرەدا لەبەر درێژنەکردنەوەی نووسینەکە نایانخەینەڕوو.

هەروەها عەلی لە غەزای بەنوقورەیضەدا بەشداری کردو ئاڵایەکی بەدەستەوە بوو.[٢]

لە رێککەوتنی حودەیبیەدا

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) بە مەبەستی عومرە چوو بەرەو مەککەو قورەیشیەکان رێیان پێگرت، دواجار بڕیاری رێککەوتنیان دا و پاش چەند دانووستانێک، دواجار لەگەڵ سوهەیلی کوڕی عەمر رێککەوتن، عەلی کوڕی

---

[١] سير أعلام النبلاء للذهبي، الرقم ٢، ص١٥٦، البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص١٦٢.

[٢] البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ١١٨.

ئەبووطالیب دەقی ڕێککەوتنەکەی دەنووسیەوە.[١]

کاتێک عەلی نووسی موحەممەدی پێغەمبەری خوا، بێباوەڕەکان وتیان: مەنووسە موحەممەدی پێغەمبەری خوا، ئەگەر تۆ پێغەمبەر بوویتایە لەگەڵت نەدەجەنگاین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بیسڕەوە، عەلی وتی: من نایسڕمەوە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) خۆی سڕیەوە.[٢]

لە غەزای خەیبەردا

ڕۆڵی کارای عەلی کوڕی ئەبووطالیب لە غەزای خەیبەردا بەرچاو دەکەوێت، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ئاڵای سوپاکەی دایە دەست عەلی و خوای گەورە فەتحی بەخشی بە موسڵمانان.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ فەتحی خەیبەر، عەلی لەبەر ئازاری کە لە چاویدا هەبوو نەچوو، دوایی خۆی پێ ڕانەگیرا و وتی: چۆن لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دواکەوم؟ بۆیە بەو ئازاری چاوەوە خۆی گەیاند بە پێغەمبەر(ﷺ).[٣]

کاتێک فەتحی خەیبەر سەختی تێکەوت، بۆ شەوەکەی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لأعطين الراية غدا رجلا يفتح على يديه، يحب الله ورسوله، ويحبه الله ورسوله)، (سبەینێ ئاڵاکە دەدەمە دەست کەسێک کە خوا لەسەر دەستی ئەو فەتحی خەیبەر دەبەخشێت، ئەو کەسە خواو پێغەمبەری خوای خۆش دەوێت و خوا و پێغەمبەری خواش(ﷺ) ئەویان خۆش دەوێت)، هەموو هاوەڵان هیوایان وابوو ئەوان بن، بۆ بەیانی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: عەلی لە کوێیە؟ وتیان: ئازاری چاوی هەیە، پێغەمبەر(ﷺ) تفی دا لە چاوانی عەلی و نزای خێری بۆ کرد و عەلی چاک بوویەوە، ئینجا ئاڵاکەی دایە دەستی، ئینجا پێی فەرموو (انفذ على رسلك حتى تنزل بساحتهم، ثم

[١] البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٦٨.

[٢] صحيح البخاري - كتاب الصلح - باب كيف يكتب هذا ما صالح فلان بن فلان وفلان بن فلان، الرقم ٢٦٩٨؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الخصائص - ذكر الأخبار المؤيدة لما تقدم ووصفه، الرقم ٨٥٢٤.

[٣] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة خيبر، الرقم ٤٢٠٩.

ادعهم إلى الإسلام، وأخبرهم بما يجب عليهم، فوالله لأن يهدي الله بك رجلا خير لك من أن يكون لك حمر النعم)،[1] (لەسەرخۆ هەنگاو بنێ تا دەچیتە لایان، دواتر بانگیان بکە بۆ ئیسلام و پێیان بڵێ چییان لەسەر پێویستە، جا بەخوا ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە کەسێک ڕێنموونی بکات زۆر بۆت باشترە لە کۆمەڵە وشتری سوور).

گێڕانەوەیەکی شیعەکان هاتووە کە پێشتر پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکری ناردبوو کەچی لەسەر دەستی ئەو فەتح نەکرا، دواتر عومەری نارد و لەسەر دەستی ئەویش فەتح نەکرا، دواتر ئاڵاکەی دایە دەست عەلی، ئەوەبوو خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو فەتحی خەیبەری بەخشی، بەڵام ئەو کەسەی گێڕاویەتەوە بەوە ناسراوە کە کەسێکی شیعەیە،[2] جا شیعەکان بۆ پێشخستنی عەلی لە هەر هەنگاوێ کەمتەرخەمی ناکەن، چ جای پێدانی زیادە بە دەقە مێژووییەکان.

لە فەتحی مەککەدا:

کاتێک قوڕەیشیەکان پەیمانیان شکاند و پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاریدا هێرش بباتە سەر مەککە و فەتحی بکات، ئەبووسوفیان هات تا ڕێککەوتنەکە درێژ بکاتەوە، کە چووە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، بۆیە چوو تکای لە ئەبووبەکر و عومەر و عەلی کرد تا لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵای بۆ بکەن، ئەوەبوو کە چوو بۆ لای عەلی حەسەنی کوڕی عەلی منداڵێک بوو لەبەردەمیدا یاری ئەکرد، عەلیش وەک ئەوانی تر ئەبووسوفیانی بێهیوا کرد و وتی: پێغەمبەر(ﷺ) بڕیارێکی داوە کە کەسمان بۆی نیە قسەی تێدا بکات.[3]

[1] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب فضل من أسلم على يديه رجل، الرقم ٣٠٠٩؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ٢٤٠٦؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر فتح الله جل وعلا خيبر على يدي علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ٦٩٣٢.

[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٨٧.

[3] تاريخ الطبري، ج٢، ص ١٥٤.

کاتێک حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بە نهێنی نامەیەکی نووسی بۆ مەککە تا هەواڵی هێرشی پێغەمبەریان(ﷺ) پێ بدات، خوای گەورە ئەوەی ئاشکرا کرد، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) هەریەک لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیر و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد بە شوێن ئەو ژنەی نامەکەی بردووەو ئەوانیش ژنەکەیان گرت و نامەکەیان لێ سەندەوەو گەڕانەوە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)،[1] وردەکاری بەسەرهاتەکە لە ژیانی حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعەدا لە پیتی (ح) دا باس کراوە.

پاش ئەوەی خالید بە هەڵە کوشتارێکی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی بانگ کرد و ڕایسپارد تا خوێن بایی تەواوی ئەو هۆزە بدات و هەموو بارێکی سەردەمی نەفامی بخاتە ژێر پێی، عەلی چوو بۆ ئەوێ و هەرچی خوێن باییەک هەبوو پێی دانەوە، دواتر چی زیانی دارایی هەبوو هەمووی بۆ قەرەبوو کردنەوە، تەنانەت ئەگەر قاپی بەردەم سەگەکانیش شکابوایە ئەوەشی بۆ قەرەبوو دەکردنەوە، دواتر کە تەواو بوو بڕێک سامان مایەوە، عەلی وتی: ئەو زیادەش بۆ ئێوە با ئەگەر شتێک ئێمە نەیزانین و ئێوە بیزانن بەوە قەرەبوو بێتەوە، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و هەواڵی پێدا کە چی کردووە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (چاکت کردو پێکات).[2]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب لە غەزای حونەینیشدا بەشداری کرد و یەکێک لە ئاڵاکانی کۆچەرانی بەدەستەوە بوو،[3] هاوکات لە غەزاکەدا کاتێک موسڵمانان شکان و لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بڵاوەیان کرد، عەلی یەکێک بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) مایەوەو بەرگری لێکرد.[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب الجاسوس، الرقم ٣٠٠٧؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أهل بدر(ﷺ)، الرقم ٢٤٩٤.
[2] السيرة النبوية لابن هشام، ج٥، ص ٩٦.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٥٠.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٥١.

لە مانگی رەبیعولئاخیری ساڵی نۆیەمی کۆچیدا پێغەمبەر(ﷺ) سریەیەکی بە سەرکردایەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب نارد بۆ لەناوبردنی بتی طەیء و سەد کەس لە پشتیوانانی لەگەڵ نارد و ئاڵایەکی رەش و ئاڵایەکی سپیشی دایە دەستی، ئەوانیش چوون و ئەرکەکەیان بەجێگەیاند و بە برێک دەستکەوتەوە گەڕانەوە.[1]

هەر لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا کە ئەبووبەکری صدیق حەجی بۆ خەڵکەکە کرد، پێغەمبەر(ﷺ) عەلی بە سواری وشترەکەی خۆی نارد، کە عەلی گەیشت بە ئەبووبەکر، وتی: عەلی پێغەمبەر(ﷺ) تۆی کردووە بە بەرپرسی حەجەکە؟ عەلی وتی: نا، بەڵکو منی ناردووە تا پەیامی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ خەڵکەکە بخوێنمەوە، ئەوەبوو ئەبووبەکر بە پێشەنگی حەجەکە مایەوەو عەلیش تیایدا بەشدار بوو و پەیامەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) خوێندەوە.[2]

لە غەزای تەبووکدا

عەلی لە غەزای تەبووکدا بەشداری نەکرد، ئەمە ش بە فەرمانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، ئیبن کەثیر سەبارەت بەو کەسانەی کە نەچون بۆ غەزای تەبووک دەڵێت: ئەوانەی نەچوون بۆ غەزای تەبووک چوار بەش بوون، بەشێک فەرمانیان پێکرابوو لەلایەن پێغەمبەرەوە(ﷺ) تا نەچن و پاداشتیان بۆ هەیە وەک عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئیبن ئوم کلثوم، دەستەیەکی تر بیانوویان هەبوو لەبەرئەوەی لە لاوازان و نەخۆشان بوون، دەستەیەکیش ئەوانە بوون کە لە خەفەتی نەچوونەکەیان دەگریان، تاوانبارەکان بوون کە ئەبوولوبابەو هاوەڵەکانی بوون، دەستەی چوارەمیش سەرکۆنەکراوان بوون کە بریتی بوون لە دووڕووەکان.[3]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٦٤.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٦٨.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص٢٧.

پێغەمبەر(ﷺ) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ یەمەن تا بانگەوازیان بکات بۆ ئیسلام، بەڵام ئەوان نەهاتن بە دەم بانگەوازەکەوە، شەش مانگ بەو جۆرە لە هەوڵدا بوو، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی نارد و فەرمانی کرد خالید بگەڕێتەوەو هەرچیەک لە سوپاکەی خالیدیش ویستی بمێنێتەوە ئەوە با بمێنێتەوە،[1] ئەم چوونەی عەلیش لە ساڵی دەیەمی کۆچیدا بوو.[2]

دیارە پێغەمبەری خوا(ﷺ) عەلی نارد بۆ لای خالید تا پێنج یەکی دەستکەوتەکان وەربگرێت، وەک لە فەرموودەی صەحیحی بوخاریدا هاتووەو وا لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:

بورەیدە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای خالیدی کوڕی وەلید تا پێنج یەکی دەستکەوت دابەش بکات.[3]

بورەیدە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای خالیدی کوڕی وەلید تا پێنج یەکی دەستکەوت دابەش بکات، کە بەیانی بوویەوە عەلی ئاو لەسەری دەچۆڕا، خالید بە بورەیدەی وت: دەبینیت (عەلی) چی دەکات یان دەبینیت چی کردووە؟ بورەیدە دەڵێت: منیش رقم بوو لە عەلی، کاتێک گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵم پێدا عەلی چی کردووە، ئەویش فەرمووی: ئەی بورەیدە ئایا تۆ رقتە لە عەلی؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: رقت لێی نەبێت.[4]

لە گێڕانەوەکەی ئیمامی بوخاریدا وا هاتووە کە بورەیدە بە خالیدی وت: نابینیت چی کردووە؟ جا کە گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەم بۆ باسکرد، ئەویش فەرمووی ئەی بورەیدە ئایا رقتە لە عەلی؟ وتم: بەڵێ،

[1] تاريخ الطبري، ج٢، ص ١٩٧.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٦٩.

[3] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب بعث علي بن أبي طالب وخالد بن الوليد إلى اليمن، الرقم ٤٣٥٠.

[4] فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم ١١٣٥، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ١١٧٥، أسد الغابة، ج١، ص ٢٦٤.

فەرمووی: رقت نەبێت لێی چونکە لە پێنج یەکدا بەشی لەوە زیاتریشی بۆ هەیە).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بورەیدە دەڵێت: هێندە رقم لە عەلی بوو کەسی تر نەبوو هێندە رقم لێی بێت، تەنانەت پیاوێک هەبوو لە مەککە بەس لەبەرئەوە خۆشم دەویست کە رقی بوو لە عەلی، جا لە سوپایەکدا هاودەمی ئەو پیاوەم کرد بەس تەنها لەبەرئەوەی کە رقی بوو لە عەلی، ئەوەبوو برێ دەستکەوتمان دەستکەوت، ئەو کەسە هەواڵی نارد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) کەسێک بنێرە تا پێنج یەکەکەی دابەش بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) عەلی نارد، لە دیلە ئافرەتیەکاندا ئافرەتێک هەبوو کە لە هەموویان جوانتر بوو، عەلی ئەوەی لە پێنج یەکەکە دانا و دابەشی کرد، دواتر هاتەدەر و سەری ئاوی لێدەچۆڕا، وتمان: ئەی ئەبولحەسەن ئەوە چیە؟ وتی: وەصیفە (ئافرەتەکە) نابینن کە لە کەنیزەکەکان بوو، من دابەشم کرد و بەر پێنج یەکەکە کەوت، دواتر بوو بە بەشی ئالوبەیتی پێغەمبەر(ﷺ) و دواتر بوو بە بەشی بنەماڵەی عەلی و منیش چوومە لای، پیاوە سەرکردەکە نامەی نووسی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و منیش وتم: من وەک نێردراو و پشت راست بنێرە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، کە نامەکەم دەخوێندەوەو دەموت راستی نووسیوە، پێغەمبەریش(ﷺ) دەستی گرتم و نامەکەشی گرتە دەستی و فەرمووی: ئایا رقتە لە عەلی؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: (دەی رقت لێی نەبێت، ئەگەریش خۆشت دەوێت زیاتر خۆشت بوێت، دە سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە پشکی بنەماڵەی عەلی لە پێنج یەکدا باشتر و زیاترە لە وەصیفە)، بورەیدە دەڵێت: سوێند بەخوا دوای ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) کەس نەبوو هێندەی عەلی لام خۆشەویست بێت.[2]

---

[1] صحیح البخاري - كتاب المغازي - باب بعث علي بن أبي طالب وخالد بن الوليد إلى اليمن، الرقم ٤٣٥٠.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث بريدة الأسلمي(ﷺ)، الرقم ٢٣٤٣٣.

سەبارەت بە رقبوونی خالید لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب کە لەم فەرموودەدا هاتووە مەبەست پێی دژایەتی نەبووە، چونکە دەبینین خالید دەستبەجێ دابەش کردنەکە دەداتە دەست عەلی و هیچ دەستوەردانێکیشی نابێت، بەڵام دەشێت رق و بێزاریەک لە دەروونیدا بووبێت بەرامبەر بە عەلی و هۆکارێک بووبێت، ئایا هۆکارەکە هەرچی بووبێت رەوا نەبووە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە بورەیدە(دەی رقت نەبێت لە عەلی) پێشدەچێت خالیدیش ئەوەی لە بورەیدە بیستبێتەوەو ئەو دڵ خەوش گرتنەی بەرامبەری نەمابێت، چونکە ئیتر نابینین هیچ هەڵوێستێکی بێزاری خالید بەرامبەر بە عەلی دوای ئەوە بوونی بووبێت.

پلەوپایەی عەلی

پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان وأقضاهم على بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة وعاء)[1](بە رەحمترینی ئوممەتم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرەو بەهێزترینیان لە ئایینی خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوری ئەبووطالیبەو شارەزاترینیان بە فەرزەکان زەیدە و شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).

[1] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص١٧، ئیبن ماجە بە دەقێکی هاوشێوەی ئەمە کە هەمان ئەم واتایە دەبەخشێت هێناویەتی، سنن ابن ماجة، الرقم ١٥٤، صحيح. مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٢٧٠٧، صحيح، بەڵام لای ئیبن ماجە و ئیمامی ئەحمەد باسی ئەبووهورەیرەی تێدا نیە، شێخی ئەلبانی ئەمەی بە صحيح داناوە(أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح).الجامع الصغير و زيادتة، ٨٩٧

عەلی کوڕی ئەبووطالیب یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[1] (ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

جارێک موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی: من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیک لە بەهەشتدایە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی: بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان: کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی: سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[2]

---

[1] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب عبد الرحمن بن عوف الزهري(ﷺ)، الرقم ٣٧٤٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر إثبات الجنة لأبي عبيدة بن الجراح، الرقم ٧٠٠٢، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم ٥٠.

[2] سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في الخلفاء، الرقم ٤٦٤٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٩٣، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەک لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەو زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.[1]

زەیدی کوڕی ئەبی ئەوفا دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش دەیفەرموو: فلانە کەس لە کوێیە؟ بەردەوام هەواڵی یەکەیەکەیانی دەپرسی و دەینارد بە شوێنیاندا تا هەموویان هاتن و کۆبوونەوە، ئینجا فەرمووی: (إني أحدثكم بحديث فاحفظوه وعوه وحدثوا به من بعدكم، إن الله عز وجل اصطفى من خلقه خلقا، ثم تلا هذه الآية الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس خلقا يدخلهم الجنة، وإني مصطف منكم من أحب أن أصطفيه ومواخي بينكما كما آخى الله عز وجل بين الملائكة عليهم السلام)، (من قسەیەکتان بۆ دەکەم جوان وەریبگرن و لەبیرتان بمێنێت و لێی تێبگەن و بیگەیەنن بەوانەی دوای خۆتان، خوای گەورە لە دروستکراوەکانی دەستەیەکی هەڵبژاردووە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە (الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس)، منیش لەنێوتاندا ئەوانە هەڵدەبژێرم کە حەز دەکەم هەڵیبژێرم، برایەتی دەخەمە نێوانتانەوە وەک چۆن خوای گەورە برایەتی خستە نێوان فریشتەکانەوە)، پاشان هەریەک لە ئەبووبەکر و عومەری بەدوای یەکدا بانگ کرد و تایبەتمەندی هەرکامیانی فەرموو و ئەوانی کرد بە برای یەکدی، عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و پێی راگەیاند کە تووشی چ نارەحەتیەک دەبێت، پاشان عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی بانگ کرد و باسی بەخشندەییەکەی عەبدوڕەحمانی کرد، پاشان طەلحەو زوبەیری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەمماری کوڕی یاسری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان عوەیمیر و سەلمانی فارسی بانگ کرد و ئەوانیشی کرد بە برای یەکدی، دواتر موژدەی حەوزی کەوسەری

[1] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل طلحة والزبير(ﷺ)، الرقم ٢٤١٧.

دا بە هاوەڵانی... عەلی کوڕی ئەبووطالیب هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) گیانم دەرچوو و پشتم شکا کاتێک دەبینم لەگەڵ هاوەڵانت وات فەرموو من نەبێت کە هیچت پێ نەفەرمووم، ئەگەر لە تووڕەییەوەیە ئەوە سزا و ڕێزداریش هەر بۆ جەنابتە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەوەی منی بە حەق ناردووە تۆم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، تۆ بۆ من وەک پێگەی هاروون بۆ مووسا وایت، تەنها هێندە هەیە دوای من هیچ پێغەمبەرێکی تر نیە، بۆیە تۆ برا و میراتگری منیت)، عەلی وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) چی لە تۆ بە میرات دەگرم؟ فەرمووی: (ئەوەی پێش تۆ پێغەمبەران بە میراتیان گرتووە، کتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەیان، تۆ براو هاودەمی منیت).[1]

جارێک جەعفەر و عەلی و زەید پێکەوە بوون، جەعفەر وتی: من لەهەمووتان لای پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویستترم، عەلی وتی: بەڵکو منم، زەید وتی: بەڵکو منم، وتیان: دەی با هەموومان بچین بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و پرسیاری لێبکەین، ئەوەبوو چوون، ئوسامەی کوڕی زەید لەبەردەرگا بوو و داوای چوونەژوورەوەیان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) بە ئوسامەی فەرموو برۆ دەرەوە بزانە ئەوانە کێن؟ ئوسامەش وتی: جەعفەر و عەلی و زەیدن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: مۆڵەتیان بدە، کە چوونە ژوورەوە وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆشەویسترین کەست کێیە؟ فەرمووی: (فاطیمە)، وتیان: سەبارەت بە پیاو پرسیارت لێدەکەین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أما أنت يا جعفر فأشبه خلقك خلقي، وأشبه خلقي خلقك، وأنت مني وشجرتي، وأما أنت يا علي فختني وأبو ولدي، وأنا منك وأنت مني، وأما أنت يا زيد فمولاي ومني وإلي، وأحب القوم إلي)،[2] (تۆ ئەی جەعفەر لە هەموو کەس زیاتر شێوەت لە من دەچێت، ئاکاریشم زۆر لە

---

[1] فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم ١٠٩٤، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم ٢٣٨٠.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث أسامة بن زيد حب رسول الله(ﷺ)، الرقم ٢٢١٩١؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب زيد الحب بن حارثة بن شراحيل بن عبد العزى - كان زيد بن حارثة أحب القوم إلى رسول الله، الرقم ٤٩٨٨، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

ئاكارت دەچێت، تۆ لەمن و لە شەجەرەی منیت، تۆ ئەی عەلی زاواو باوكی منداڵەكانمیت و من لە تۆم و تۆیش لە منیت، تۆیش ئەی زەید مەولای منیت و لە منیت و بۆ منیت و خۆشەویستترینی خەڵكیت بۆم).

پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستكەوتەكانی هەوەزاندا كەنیزەكێكی بەخشی بە عەلی كوڕی ئەبووتالیب كە ناوی رەیطەی كچی هیلال بوو، كەنیزەیەكیشی بەخشی بە عوثمانی كوڕی عەففان كە ناوی زەینەبی كچی حەییان بوو.[1]

سەهل دەڵێت: جارێك پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ ماڵی فاطیمەی كچی و تەماشای كرد عەلی لەوێ نیە، فەرمووی: كوا ئامۆزاكەت؟ فاتیمە وتی: دەمەبۆڵەیەكمان بوو و تووڕەی كردم، دواتر چوویە دەرەوەو هیچی پێ نەوتم، پێغەمبەر(ﷺ) بە یەكێكی فەرموو برۆ بزانە لە كوێیە؟ كابرا چوو تەماشای كرد لە مزگەوتەو راكشاوە و عەباكەی ژێری لاچووەو خۆڵاوی بووە، پێغەمبەر(ﷺ) بە دەستەكانی خۆڵەكەی لێ دەتەكاند و فەرمووی: (اجْلِسْ يَا أَبَا تُرَابٍ) (دانیشە ئەی ئەبووتوراب، دانیشە ئەی ئەبووتوراب).[2]

لە حەجی ماڵئاواییدا

بەرائی كوڕی عازب بەسەرهاتێكی بەشداربوونی لە حەجی ماڵئاوایی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەو حەجەدا بووین كە تیایدا پێغەمبەر(ﷺ) حەجی كرد، پێغەمبەر(ﷺ) لە نێوەندی رێدا دابەزی و فەرمانی كرد بە نوێژ، دەستی عەلی گرت و فەرمووی: ئایا من بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشتر نیم؟ وتیان: با، فەرمووی: ئایا بۆ هەر باوەڕدارێك من لە نەفسی خۆی لەپێشتر نیم؟ وتیان: با، فەرمووی: (فهذا ولي من أنا مولاه، اللهم وال من والاه، اللهم عاد من عاداه)،[3] دەی ئەمە وەلی هەر كەسە كە من مەولای بم، خوایە لەگەڵ ئەوەبە كە لەگەڵیەتی و دژی ئەوە بە كە دژیەتی).

---

[1] البداية والنهاية، ج٤، ص ٣٥٤.

[2] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب علي بن أبي طالب، الرقم ٣٧٠٣.

[3] سنن ابن ماجه - أبواب السنة - باب في فضائل أصحاب رسول الله(ﷺ) - فضل علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ١١٦، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة.

لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا(ﷺ)

عائیشـە دەڵێـت: کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) نەخـۆش کـەوت و ئـازاری زیـادی کـرد، مۆڵەتـی لـە هاوسـەرەکانی تـری وەرگـرت تـا لـەماڵـی مـن بمێنێتـەوە، ئەوانیش رازی بوون، ئەوەبوو دوو کەس ئەملاولا، پێغەمبەری خوایان(ﷺ) گـرت و ئەویـش قاچەکانـی بـە زەویـدا دەخشـان، -ئەوانیـش بریتـی بـوون لـە عەبباس و عەلـی کـوڕی ئەبووطالیـب-.[1]

کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) نەخـۆش کـەوت، خەڵکـی بـە عەلـی کـوڕی ئەبووطالیبیـان وت: ئـەرێ پێغەمبـەر(ﷺ) حاڵـی چۆنـە؟ وتـی: سـوپاس بـۆ خـوا باشـەو چـاک دەبێتـەوە، عەبباس دەسـتی عەلـی گـرت و وتـی: مەگـەر پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نابینیت؟ بەخـوا مـن تـەواو وای دەبینـم پێغەمبـەر(ﷺ) لـەم نەخۆشـیەیدا کۆچـی دوایـی دەکات، بـا بچیـن بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) و پرسـیاری لـێ بکەیـن تـا بزانیـن کارو بەرپرسـیاریەتی دواتـر بـۆ کـێ دەبێت، ئەگـەر بـۆ ئێمەیـە بـا بیزانیـن، ئەگەریـش بـۆ ئێمـە نیـە پێـی دەڵێیـن و وەسـیەتمان بۆ دەکات، عەلـی وتـی: بەخـوا ئەگـەر پرسـیار لـە پێغەمبـەر(ﷺ) بکەیـن لەوبـارەوە-داوای بکەیـن-و رازی نەبێـت پێمـان ببەخشـێت، ئـەوە ئیتـر هەرگیـز خەڵکـی پێمـان نابەخشـێت، منیـش هەرگیـز ئـەو پرسـیارە لـە پێغەمبـەر(ﷺ) ناکـەم.[2]

کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) وەفاتـی کـرد ئەوسـی کـوڕی خەولـی چـوو بـۆ لای عەلـی کـوڕی ئەبووطالیـب و پێـی وت: سـوێندت دەدەم بـە خـوا لـە شـۆردن و کفنکردنـی پێغەمبـەری خـوادا رێ بـدە پشـکی بەشـداریمان هەبێـت، بۆیـە عەلـی کـوڕی ئەبووطالیـب رێـی دا بەشـدار بێـت لـە شـۆردنی تەرمـی پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ).[3]

[1] صحيح البخاري - كتاب الوضوء - باب الغسل والوضوء في المخضب والقدح والخشب والحجارة، الرقم ١٩٨.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب مرض النبي(ﷺ) ووفاته، الرقم ٤٤٤٧.

[3] أسد الغابة، ١، ص٢١٧، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن إبن ماجة، الرقم ١٦٢٨.

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب تەرمەکەی دەشۆرد و فەضلیش جلەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) گرتبوو تا لەبەری لانەچێت و ئەوسیش ئاوی دەکرد بەسەر تەرمەکەیدا.[1]

لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

چەند شەوێکی کەم بەسەر وەفاتی پێغەمبەردا(ﷺ) تێپەڕ بووبوو، ئەبووبەکری صدیق نوێژی عەسری کرد بۆ موسڵمانان، کە لێبوونەوە هاتەدەرەوەو عەلیش لەگەڵیدا بوو دەرۆیشتن بە رێدا، ئەبووبەکر حەسەنی بینی کە لەگەڵ چەند منداڵێک یاری دەکرد، ئەبووبەکر حەسەنی گرتە قەلادۆشکان و دەیوت: لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچێت نەک لە عەلی، عەلیش پێدەکەنی.[2]

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەک لە کۆچەران و پشتیوانان دواکەوتن لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر و هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووذەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[3]

ئەم مەسەلەیە پەیوەست کراوە بە ناکۆکی نێوان شیعەو سوننە لەسەر مەسەلەی خیلافەت و ئیمامەت، شیعە پێیان وایە ئیمامەت لە دوای پێغەمبەر(ﷺ) بە میراتی بۆ عەلی و نەوەکانی ماوەتەوە تا رۆژی دوایی و ئەبووبەکر و هاوەڵانی تر ئەو مافەیان لێ زەوت کردووە، سوننەش پێیان وایە هیچ بنەڕەتێک نیە بۆ مەسەلەی ئیمامەتی عەلی و خیلافەتی ئەبووبەکریش دروست بووە و هەموو موسڵمانانیش لەسەری کۆدەنگ بون.

---

(1) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص٢٨٠.

(2) مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ٤١.

(3) تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج٢، ص ١٢٤.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیمامەت بەشێکی چەسپاوی بیروباوەڕەو مافی عەلی کوڕی ئەبووطالیب و نەوەکانیەتی:

یەکەم: ئەو بنەرەتە کە بڕیارە بەهەشت ودۆزەخ یەکلا بکاتەوەو ریشەی قەڵەمڕەوی هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامیە تا رۆژی دوایی، بۆچی بە ئایەتێک راشکاوانە باسنەکراوە، ئایا ئەمە ناراستی ئەو بانگەشەیە نیە؟ یان ئەوەیە ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان لە کۆکردنەوەی قورئاندا راستیگەلێکی ناو قورئانیان لابردووە؟ جا ئەگەر بڵێین یەکەمیان راستە، ئیتر بنەرەتی بانگەشەی ئیمامەت بە دەلیلی قورئانی لەکاردەکەوێت، ئەگەریش بڵێین دووەمیان راستە، ئەوە هیچ بنەرەتێکی دروست بۆ ئیسلام نامێنێتەوە کە لەسەری بڕۆین، چونکە ئەگەر ئەوان و هاوەڵانی تر قورئانیان ناتەواو تۆمار کردبێت، کەوابوو هەم قورئان تەواوی پەیامی خوا نیە، هەم چی فەرموودەیە لەکاردەکەوێت، هەم خوێندکارەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دەبنە خوێندکارانێکی باش پەروەردە نەکرا و و ناپاک و هەلپەرست (دوور لەوان).

دووەم: چۆن دەکرێت عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە موژدەپێدراوی بەهەشت و زاوای پێغەمبەر(ﷺ)و میراتگری دین و دنیایی پێغەمبەر(ﷺ) بێت، کەچی ئامادە نەبێت لەسەر ئەو مافە خودایيە شەڕ بکات و دەرفەت بدات کەسانێکی تر رێرەوی بڕیاری خوا و ئایینی خوا بگۆڕن، لە کاتێکدا ئەو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) چەندین جار لە غەزاکاندا چووەتە گەرمەی جەنگەوەو باکی نەبووە لە مان و نەمانی لە دنیادا.

پێشتر لە پیتی (ع) لەژێر ناوی (عەبدوڵای کوڕی عوثمان) و لە ژیانی ئەبووبەکری صدیقدا مەسەلەی بەیعەتدانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبمان بە ئەبووبەکری صدیق باسکردووە.

هەرچۆنێ بێت عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەیعەتی دا بە ئەبووبەکری صدیق، زۆریش لێی رازی بوو، عەلی دەیوت: پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکری

پێشخست بۆ بەرنوێژی لەکاتێکدا من ئامادەو لەشساغیش بووم، ئەگەر بیویستایە منی پێشدەخست، بۆیە ئەو کەسەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ دینەکەمان پێی رازی بوو، ئێمەش بۆ دنیاکەمان پێی رازی بووین،[1] هەروەها دەیوت: چاکترینی ئەم ئوممەتە دوای پێغەمبەرەکەی ئەبووبەکرو عومەرن.[2]

کاتێک ئەبووبەکری صدیق دژبە هەڵگەڕاوەکان جەنگی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و بڕێک کەسی کرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود.[3]

پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتدان بە ئەبووبەکری صدیق، فاتیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) و عەبباسی مامی پێغەمبەریش(ﷺ) چوون بۆ لای ئەبووبەکرو داوای میراتییان کرد، ئەبووبەکریش پێی ڕاگەیاندن کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی دوای خۆی میراتی جێناهێڵێت و هەرچی جێهێشت ئەوە صەدەقەیە.[4]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)، فاطیمە داوای کرد لە ئەبووبەکر تا لە بەجێماوی پێغەمبەر(ﷺ) میراتی پێ بدات، ئەبووبەکر پێی وت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی (لَا نُورَثُ، مَا تَرَكْنَا صَدَقَةٌ) (چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)، فاطیمە بەوە تووڕە بوو و دەنگی لە ئەبووبەکر وەرگرت و تا مرد هەروا بوو.[5]

---

(١) فضائل الخلفاء الراشدين لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ١٩٠، الشريعة للآجري، الرقم ١٧٧٥.

(٢) نهاية الإرب للنويري، ج١٩، ص ٢٩.

(٣) البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣١١.

(٤) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣١٥.

(٥) صحيح البخاري - كتاب فرض الخمس - باب فرض الخمس، الرقم ٣٠٩٢.

دوای ئـەوەی فاطیمـەی کچـی پێغەمبـەر(ﷺ) وەفاتـی کـرد، عەلـی کـوڕی ئەبوو طالیب ئومامـەی کچی زەینەبی بەهاوسـەرگرت کە خوشکەزای فاطیمە بـوو،[1] ئەمـەش لـە سـەردەمی خیلافەتـی ئەبووبەکـر صدیـق و پـاش جەنگـی یەمامـە بـوو.[2]

حەسـەنی کـوڕی عەلـی ئامـادەی کاتـی وەفاتـی ئەبووبەکری صدیـق بـوو، حەسـەن دەڵێت: کاتێک ئەبووبەکر سـەرەمەرگی هـات بـە عائیشـەی وت: ئـەی عائیشـە سـەیری ئـەو وشـترە بکـە کـە لـە شـیرەکەیمان دەخـواردەوەو ئـەو تەشتەی بەکارمـان دەهێنـا و ئـەو بەرگـەی دەمانپۆشـی، ئێمـە کاتێک کاروباری موسـڵمانانمان بەدسـەت بـوو ئـەو شـتانەمان بەکاردەهێنـا، جـا ئەگـەر مـردم ئەوانـە ببـە بـۆ عومـەر، ئەوەبـوو کـە ئەبووبەکـر مـرد ئـەو شـتانەی نـارد بـۆ عومـەر، ئەویـش وتـی: خـوا لێـت رازی بێـت ئـەی ئەبووبەکـر، بـاری ئـەوەی دوای خۆتـت قـورس کـرد.[3]

کاتـێ ئەبووبەکـر وەفاتـی کـرد بـە بەرگـێ دایانپۆشـی و گریـان مەدینـەی گرتـەوەو خەڵکـی شـڵەژان چەشـنی ئـەو رۆژەی پێغەمبـەر(ﷺ) کۆچـی دوایـی کـرد، عەلـی کـوڕی ئەبووطالیـب خێـرا بـە گریانـەوە گەڕایـەوەو دەیفەرمـوو: (ئەمـڕۆ خیلافەتـی پێغەمبـەر(ﷺ) دابـڕا)، ئینجـا هـات تـا گەیشـتە بـەردەرگای ئـەو ماڵـەی ئەبووبەکری تێدا بـوو، وەسـتا و وتـی: (بـەر رەحمەتـی خـوا کەویت ئـەی ئەبووبەکـر، تـۆ یەکـەم کـەس بوویـت موسـڵمان بوویـت، لەهەمـووان پوختتـر و دڵسـۆزانەتر بـاوەڕت هێنـا، دڵنیایی و بێگومانیـت لـە هەمـوان زیاتـر بـوو، لـە هەمـوان لەخواتـرس تـر و دەوڵەمەندتـر بوویـت و لـە هەمـوان زیاتـر لـە دەوری پێغەمبـەر(ﷺ) بوویـت... پلەوپایـەت لـە هەموویـان بەرزتـر بـوو، پێشـرەوی هەموویـان بوویـت، پلـەت لەهەموویـان بەرزتـر بـوو، لـە هەموویـان

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٤٦، الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٥٠٢.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٥٣.
[3] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٣٦.

زیاتر لە پێغەمبەری خواوە نزیک بوویت، لەرووی رەوشت و هەڵوێستەوە لە هەموان زیاتر لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوویت، لای پێغەمبەر(ﷺ) لە هەموویان جێ متمانەتر و پایەبەرزتر بوویت و بەرێزتریان بوویت لە خزمەتیدا، دەی خوای گەورە لەسەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەی و موسڵمانان پاداشتی خێرت بداتەوە، کاتێ خەڵکی پێغەمبەری خوایان بە درۆزن دەزانی تۆ بەراستت دەزانی، بۆیە خوای گەورە لە کتێبەکەی خۆیدا بە صدیق ناوی هێنایت (و الذي جاء بالصدق)، کاتێ خەڵکی بەرامبەر پێغەمبەر(ﷺ) پیسکە بوون، تۆ شوێنکەوتە و دڵنەواکەری بوویت، کاتێ خەڵکی دانیشتن و لەگەڵی نەچوون تۆ لەگەڵیدا راوەستایت، لەکاتی سەختیدا بە جوانترین شێوە هاوەڵی ئەوت کرد، سوکناییت بۆ دەهێنا و هاورێی کۆچ و باروحاڵی نارەحەتی پێغەمبەر(ﷺ) بوویت، دوای پێغەمبەر(ﷺ) بەجوانترین شێوە خیلافەتت کرد بۆ ئوممەتەکەی، کاتێ خەڵکی لە ئیسلام هەڵگەرانەوە بەجۆرێک ئایینی خوات بەجێگەیاند کە خەلیفەی هیچ پێغەمبەرێکی پێشتر وا بەجێی نەگەیاندووە، کاتی لاوازی هاوەڵانت بەهێز بوویت، کاتی ترسی ئەوان سەرپێ راوەستایت، وێرای پێ ناخۆشبوونی دووروان و بێزاری و توورەیی بێباوەران دەستت گرتبوو بە رێباز و بەرنامەی پێغەمبەری خواوە، کاتێ دەوروبەرت شکستیان خوارد بە رووناکی خوا خیلافەتت گرتەدەست، لەسەروو هەموویانەوە بویت و لەهەموشیان کەمتر قسەت دەکرد و لە هەموان زیاتر راستیت دەپێکا و لە هەموان زیاتر بێدەنگ دەبوویت، رەوانبێژی و بڕیاردروستی و دلێری و دڵنیایی و کرداری چاک و شارەزاییت بە کارەکان لە هەموان زیاتر بوو، بۆ ئیسلام سەرگەورەیەک بوویت و بۆ باوەڕدارانیش باوکێکی میهرەبان، کاتێ بە خاوخێزانەوە دەهاتنە لات باری قورسی لاوازی ئەوانت دەگرتە ئەستۆ، چییان لەدەست دەدا تۆ دەتپاراست، چییان پشتگوێ بخستایە تۆ ئاگاداری دەبوویت، کاتی کەمصەبری ئەوان خۆڕاگر بوویت، ئەوەی

ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا تۆ پێی گەیشتیت، بەهۆی تۆوە گەیشتن بەوەی کە چاوەڕێ نەبوون دەستیان بکەوێ، بۆ بێباوەڕان سزایەک بوویت و دەرژایت بەسەریاندا، بۆ باوەڕدارانیش بارانی رەحمەت و بەرەکەت بوویت، بارانی دەوڵەمەندی و سوکنایی و پارێزگاری بوویت... وەک شاخێ وابوویت کە رەشەبا نایجووڵێنێت و شکێنەرەکان لەناوی نابەن... کەسی لاواز و زەلیل لای تۆ بەهێز بوو تا مافت بۆ وەردەگرتەوە، کەسی بەهێز و بە دەسەڵاتیش لای تۆ زەلیل و لاواز بوو تا کاتێ مافت لێ وەردەگرتەوە، لەوەشدا دوور و نزیک لای تۆ وەک یەک بوون... بەخوا پێشڕەیو زۆرت کردو ئەوەی دوای تۆ دێت چاک ماندووی دەکەیت ... رازین بە قەزای خودا و ملکەچی کارو فەرمانی دەبین، دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمانان بە هیچ شتێ هێندەی مەرگی تۆ موصیبەتبار نابن... خوای گەورە بتگەیەنێتەوە بە پێغەمبەرەکەت و ئێمەش لە پاداشتت بێ بەش نەکات و دوای تۆ گومڕامان نەکات) خەڵکی بێدەنگ بووبوون تا وتەکانی تەواو بوون، دواتر هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) گریان و وتیان: راستت فەرموو ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا(ﷺ).[1]

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب ویستی بەخششی خەڵک دیاری بکات، راوێژی کرد بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و عەلی کوڕی ئەبووطالیب، ئەوانیش وتیان: لە خۆتەوە دەست پێ بکە، چونکە تۆ شیاوتریت بەوە، عومەریش وتی: نا سوێند بەخوا لە نزیکترین کەسەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەست پێ دەکەم،[2] ئینجا لەوانەی بەشداری بەدر بوون، بەوجۆرە دەچم تا دەگاتە خۆم، یەکەمجار پێنج هەزاری بڕیەوە بۆ عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، دواتر بۆ هاشمیە بەشداربووەکانی بەدر.[3]

---

[1] البحر الزخار مسند البزار، الرقم ٨٣١، السنة لأبي بكر بن الخلال، الرقم ٣٤٦، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٨٤١

[2] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٣٥٠.

[3] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب السير - ما قالوا فيمن يبدأ به في الأعطية، الرقم ٣٣٥٧٠.

فەرموودەیەک بە صەحیحی هاتووە کە مشتومڕێک لەسەر روانینی عەلی بۆ میراتی پێغەمبەر(ﷺ) دەخاتەڕوو، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:
مالیکی کوڕی ئەوس دەڵێت: عومەری کوڕی خەططاب ناردی بە شوێن مندا، منیش چووم بۆ لای و ئەوکات خۆر لە بەرزایی ئاسمان بوو، دەبینم لەماڵەوە دانیشتووەو لەسەر پشتیەکی پێستە پاڵی داوەتەوە، پێی وتم: ئەی مال-ناوەکەی کورت کردوەتەوە- خەڵکێ لە هۆزەکەت هاتن و منیش بەخششێکی کەمم کردن، بڕۆ لە نێوانیاندا دابەشی بکە، منیش وتم: بریا کەسێکی ترت لەبری من راسپاردایە، ئەویش وتی: مالیک لێنەوە، ئینجا یەرفەء -پەردەدارەکەی عومەر- هات و وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەت دەدەیت عوثمان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بێنە ژوورەوە؟ عومەر وتی: بەڵێ، ئەویش مۆڵەتی پێدان و هاتنە ژوورەوە، ئینجا یەرفەء هاتەوەو وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەتی عەبباس و عەلی دەدەیت بێنە ژوورەوە؟ وتی: بەڵێ، مۆڵەتی دا و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، عەبباس وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران لەنێوان من و ئەم درۆزنە تاوانبارە ناپاکە خیانەتکارەدا دادوەری بکە-مەبەستی عەلی بوو- ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وتیان: بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران دادوەری نێوانیان بکەو رەحم بەرامبەریان بنوێنە، -مالیک دەڵێت: وام هاتە پێش چاو ئەو چوارەش بۆ هەمان شت هاتبوون بۆ لای عومەر- عومەر وتی: لەسەرخۆ بن، دواتر روویکردەوە ئەو دەستەیە و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان: بەڵێ، ئینجا تەماشای عەلی و عەبباسی کرد و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان: بەڵێ،

عومەر وتی: دەی خوا تایبەتمەندیەکی بە پێغەمبەر(ﷺ) بەخشیوە کە بە هیچ کەسی تری نەبەخشیوە، خوا دەفەرموێت (وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) لەوەش ئەوەی بەنو نەضیر بوو، دەی بەخوا تایبەتی نەکرد بە خۆی و بێبەشی نەکردن، پێغەمبەر(ﷺ) خەرجی ساڵێک یان خەرجی ساڵێکی خۆی و خێزانەکانی لێ هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە لە رێی خوادا دەیبەخشی، ئینجا عومەر روویکردە ئەو چوارەی تر و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەوە دەزانن؟ وتیان: بەڵێ، ئینجا لایکرد بە لای عەلی و عەبباسدا و وتی: سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەم دوانەشتان ئەمە دەزانن؟ وتیان: بەڵێ، عومەر وتی: کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووبەکر وتی: من دۆست و وەلی پێغەمبەری خوام(ﷺ)، تۆ-عەبباسی دەدواند- و ئەمە-واتە عەلی- چوون بۆ لای ئەبووبەکر، تۆ میراتی برازاکەتت داوا دەکرد-واتە پێغەمبەر(ﷺ)- ئەمیش میراتی ژنەکەی-واتە فاطیمە- لە باوکیەوە -واتە پێغەمبەر(ﷺ)- داوا دەکرد، ئەبووبەکر وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی (میراتی جێناهێڵین، ئەوەی جێی دەهێڵین صەدەقەیە)، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی درۆ دەکات و تاوانبار و ناپاکە، خواش دەزانێت راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو بوو و شوێن حەق کەوتبوو، ئەوەبوو دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر کە ئەبووبەکر وەفاتی کرد من وتم: من دۆست و وەلی پێغەمبەر(ﷺ) و دۆست و وەلی ئەبووبەکرم، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی من درۆ دەکەم و تاوانبار و ناپاک و خیانەتکارم، خواش زانایە کە من راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو و شوێنکەوتەی حەقم، ئەوەبوو دەسەڵاتم گرتەدەست، ئینجا ئێستا تۆ و ئەمە و هەموو ئێوەش هاتون و قسەتان یەکەو لەو بارەوە پرسیار لە من دەکەن-واتە باری دەسەڵات- منیش دەڵێم ئەگەر ئەم دوانەتان دەتانەوێت

ئەوە بدەمە ئێوەو بەرامبەر بەوە بەڵێنی خواتان لەسەر بێت کە بەو جۆرەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری بوو لەسەری بڕۆن، لەسەر ئەوە لە منی وەربگرن و دواتر بێن بۆ لام و داوا بکەن بە بارێکی تر-جیا لەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دەرۆیشت- دادوەری نێوانتان بکەم؟! نا بەخوا تا رۆژی دوایی جگە لەوە-کە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دەچوو- دادوەری نێوانتان ناکەم، ئەگەریش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئەوە بیدەنەوە دەست خۆم.[1]

لەم فەرموودەدا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەکەوە هەموو ئەو هاوەڵانە دانیان بەوەدا ناوە کە بیستوویانە لە پێغەمبەر(ﷺ) میراتی جێناهێڵێت و لەوەدا ئەبووبەکر لەسەر حەق بوو کە میراتی نەبەخشی بە فاطیمە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر بوونی کێشەی نێوان هاوەڵان و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها عومەر لە هەڵوێستی عەلی و عەبباسەوە روانینی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نیشانداوە کە لەوانەیە ئەوان ئەویش و ئەبووبەکریش بە درۆزن و ناپاک تەماشا بکەن، لەکاتێکدا بەپێی گێڕانەوەی تر کە باسمان کردووە ئەو گومانە نەبووە، بەڵام ئەم دەربڕینە هاوشێوەی ئەوەیە کەسێک کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت بۆ زیاتر سەلماندنی حەقبوونی دەڵێت: هەرچەندە تۆ وادەزانیت من ئاواو ئاوەهام، لەلایەکەوە تا ئەگەر ناخی بەرامبەر شتێکی تێدا بێت رێی بۆ بکاتەوە تا ئاشکرای بکات، لەلایەکی تریشەوە تا پێی بڵێت من رام وایە تۆ وا بیر دەکەیتەوە.

زەمەخشەری گێڕانەوەیەکی هێناوە کە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا کاتێک فتووحاتی فارس کرا، سێ کچی یەزگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرا بە کەنیزەک گیرابوون و هێنران بۆ خەلیفەی باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب، ئەویش ویستی بیانفرۆشێت، بەڵام

---

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب حديث بني النضير ومخرج رسول الله(ﷺ) إليهم، الرقم ٤٠٣٣؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب حكم الفيء، الرقم ١٧٥٧؛ سنن أبي داود - كتاب الخراج والفيء والإمارة - باب في صفايا رسول الله(ﷺ) من الأموال، الرقم ٢٩٦٣.

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب وتی: کچانی پاشاکان نافرۆشرێن، بۆیە پارەی هەموویانی دا و دابەشی کردن لە نێوان حوسەینی کوڕی و موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەردا.[1]

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی پێکرا، شەش کەسی راسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێک دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عوثمانی کوڕی عەففان، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.[2]

عومەری کوڕی خەططاب ئەگەری دانا بۆ درووستبوونی راجیایی لەسەر دیاریکردنی کەسێک و چارەسەری بۆ داناو وتی: ئەگەر سێ کەس سێ کەس کەوتن (واتە بوون بە دوو بەشەوە) ئەوە عەبدوڵای کوڕی عومەر بکەن بە دادوەری نێوانیان، ئەگەریش بە دادوەری ئەو رازی نەبوون، ئەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بن کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدایە.[3]

ئەوەبوو دواجار سیانیان وازیان هێنا لە مافەکەیان بۆ ئەوانی تر، مانەوە سەر عەبدوڕەحمان و عەلی و عوثمان، عەبدوڕەحمان وتی: منیش لەپێناو خوادا واز لە مافەکەم دێنم و ئێوەش یەکێکتان وازبهێنن تا بەیعەت بدەین بەوی تر، دواجار ئەهلی شوورا بریاری کۆتاییان دایە دەست عەبدوڕەحمان، ئەویش کەوتە وەرگرتنی رای خەڵکی و تەنانەت رای ژن و منداڵیشی وەرگرت، رای سوارەو پیادەکانیشی وەرگرت، سێ شەو و رۆژ بەردەوام بوو لەو راوەرگرتنەی، رای زۆرینەی هەرەزۆر لەسەر عوثمانی کوڕی عەففان بوو، دواجار لەبەری بەیاندا مێزەرەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کردە سەر و ناردی بە شوێن ناودارانی ناو کۆچەران و پشتیوانان و خەڵکی ترداو مزگەوت

[1] ربيع الأبرار للزمخشري، ج١، ص ٢٨١.

[2] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤٠٧٤.

[3] الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج٣، ص ٤٦١.

پڕ بوو لە خەڵک، چوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر(ﷺ) و ماوەیەکی زۆر وەستا و بە دەنگی نزم نزایەکی زۆری کرد، دواتر خەڵکەکەی دواند، ئینجا عەلی بانگ کرد و دەستی گرت و وتی: لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی و کرداری ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پێدەدەیت؟ وتی: ناوەڵا، بەڵکو هێندەی توانام هەبێت، عەبدوڕەحمان دەستی بەردا و عوثمانی بانگ کرد و دەستی گرت و هەمان شتی بەویش وت، عوثمان وتی: بەڵێ بەخوا، ئەوەبوو عەبدوڕەحمان لە شوێنەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دانیشت و عوثمانیش لە پلیکانەی خوارترەوەو خەڵکەکە هاتن بەیعەتیان دا بە عوثمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش بەیعەتی پێدا.[1]

جا بڕێک دەق هاتون کە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەو بڕیارە ناڕازی بووبێت و ئەوەی بە فێڵ دانابێت، ئیبن کەثیر دەڵێت: (ئەوەی زۆرێک لە مێژوونووسانی وەک ئیبن جەریر و کەسانێکی تر لە بڕێک کەسی نەناسراوەوە تۆماریان کردووە گوایە عەلی بە عەبدوڕەحمانی وتووە تۆ منت خەڵەتاند و تۆ لەبەر خزمایەتی و لەپێناو ئەوە عوثمانت دانا تا لە هەموو شتێکدا رات وەربگرێت و...هەموو ئەمانە پێچەوانەی تۆماری صەحیح و دروستن و دەدرێنەوە بە رووی خاوەنەکانیاندا).[2]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب وەفاتی کرد، خەڵکی نزایان دەکرد بۆ عومەر، عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش وتی: رەحمەتی خوات لێ بێت، هیوام وایە خوای گەورە لەگەڵ دوو هاوڕێکەت کۆت بکاتەوە-پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر- چونکە من زۆر جار لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) دەبیست دەیفەرموو: من و ئەبووبەکر و عومەر بووین، من و ئەبووبەکر و عومەر وامانکرد، من و ئەبووبەکر و عومەر چووین.[3]

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٤٧.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٤٧.

[3] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب حدثنا الحميدي ومحمد بن عبد الله، الرقم ٣٦٧٧؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل عمر(ﷺ)، الرقم ٢٣٨٩.

لە ماوەی خیلافەتی عوثماندا

پاش ئەوەی بەیعەت درا بە عوثمان، عەلی کەسی نزیکی عوثمان بوو و لە زۆر کاتدا هاودەمی بوو و عوثمانیش رای ئەوی زۆر لا پەسەند بوو و لە مەسەلەکاندا رای وەردەگرت، بۆ نموونە کاتێک حەببانی کوڕی مونقیذ ژنەکەی تەڵاق دا، ئەوکات ژنەکەی شیری دەدا، ماوەی حەڤدە مانگ تێپەڕ بوو و ئەو ژنە لەبەر شیردانەکە نەدەکەوتە حەیزەوە، دوای چەند مانگێک لەو تەڵاقدانە حەببان نەخۆش کەوت، پێی وترا ئەگەر بمریت ژنەکەت میراتی بەردەکەوێت، ئەویش وتی: بمبەن بۆ لای عوثمان، برا بۆ لای عوثمان و هەریەک لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و زەیدی کوڕی ثابت لای عوثمان بوون، کاتێک مەسەلەکەی باسکرد، عوثمان بەو دوو هاوەڵەی لای خۆی وت: راتان چیە؟ ئەوانیش وتیان: رامان وایە ئەگەر بمرێت ژنەکەی میراتی بەردەکەوێت، ئەگەریش ژنەکە بمرێت ئەوا حەببان میراتی بەردەکەوێت، چونکە لەو ئافرەتانە نیە کە ئیتر قەت تووشی حەیز نەبن، لەو ئافرەتانەش نیە کە هەرگیز تووشی حەیز نابن، ئەوەبوو حەببان گەڕایەوە بۆماڵەوەو کچە شیرەخۆرەکەی لای ژنەکەی بردەوە، ئیتر ژنەکە کە شیردانی نەما کەوتە حەیزەوە، بەڵام دوو جار کەوتە حەیزەوە تا ئەوەی حەببان مرد هێشتا ژنەکەی حەیزی نەبوو، بۆیە ژنە تەڵاقدراوەکەی حەببان میراتی بەرکەوت،[1] حەببان دوو ژنی هەبوو، یەکێکیان قورەیشی بوو و ئەوی تریان پشتیوانی بوو، ئەوەی کە حەببان تەڵاقی دابوو ژنە پشتیوانیەکە بوو.[2]

لەساڵی سی و چواری کۆچیەوە سەرەتاکانی فیتنە دەرکەوتن کاتێک دەستەیەک کەوتنە رەخنەگرتن لە عوثمانی کوڕی عەففان، سەرەتای رەخنەکەیان ئەوەبوو وتیان: ئەو هاوەڵانێکی زۆری لە پۆستەکاندا

[1] مصنف عبدالرزاق الصنعاني، الرقم ١٠٧٥٤، مسند الشافعي، الرقم ١٣٢٥.

[2] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الطلاق - ما قالوا في الرجل يطلق امرأته فترتفع حيضتها، ١٩٣٣٩.

لابـردووەو کەسـانی ئومەوی لـە شـوێنیاندا داناوە، ئەویش ئەو قسـەی زۆر لا سـەخت بـوو و نـاردی بـە شـوێن والـی ناوچەکانـدا و هەمـوو هاتن بۆ لای، لەوانـە موعاویـەی کـوڕی ئەبووسـوفیان و عەمـری کـوڕی عـاص و عەبدوڵای کوڕی سـەعد و سـەعیدی کوڕی عاص و عەبـدوڵای کوڕی عامیر، لـەو بـارەوە رای ئەوانی وەرگـرت، هەریەکـەو رایەکی دەربـڕی، عوثمانیش والیەکانـی هێشـتەوەو هەوڵیـدا کەسـە ناڕەزاکانیش بـە جیهادەوە سـەرقاڵ بـکات، هۆکاری سـەرەکی ئەم بەزمانـەش کابرایەکی جوولەکە بـوو بە ناوی عەبدوڵای کوڕی سـەبەء کە وای نیشـان دابوو موسـڵمان بووە، ئینجا چوویە میصـر و لـەوێ فیتنەیەکـی نایـەوەو گومانی بـۆ خەڵکەکە دروسـت دەکرد، کورتـەی وتەکەی ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) وەسـیەتی کـردووە بۆ عەلی کوڕی ئەبـوو طالیـب، بۆیە عەلـی لە عوثمان شـیاوترە بە دەسـەڵات،[1] وەک ئەوەی ئـەو هەموو هاوەڵـەی دەوری پێغەمبـەر(ﷺ) ئاگایان لە شـتی وانەبووبێت و ئێسـتا کابرایەکـی جوولەکەی تازە موسـڵمان بـوو کە سـاتێکیش لە خزمەت پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) نەبووە ئەم مەسـەلە گرنگەی زانیبێـت، ئیتر تەنها ئەم لەسـەر حـەق و هەموو هـاوەڵان یان نـەزان یان فێڵبـاز بوون.

ئیبـن سـەبەئی جوولەکـە کەوتـە تانـەدان لـە عوثمـان و خـۆی بـە دڵسـۆزی ئیسـلام نیشـان دا، خەڵکێکـی زۆر بـە قسـەکانی هەڵخەڵەتـان و کەوتنـە شـوێن راکانـی و ئـەو هەوڵـەی خۆیان بـە فەرمان بـە چاکەو رێگری لەخراپە دەزانـی، رۆژ بـە رۆژ ئـەو بیرەی سـەبەئی بڵاو دەبوویـەوە، تـا دوای سـاڵێک خەڵکەکـە داوایـان کـرد لـە عەلـی کـوڕی ئەبووطالیـب بـروات لەگـەڵ عوثمـان قسـە بکات، عەلیش چـوو و پێی وت: خەڵکێک لـە دەرەوە سـەبارەت بـە تۆ منیان دواندووەو نازانـم چـی بڵێـم، چـی هەیـە تـۆ نەیزانیـت و ئـەوەی ئێمـە دەیزانیـن تۆیـش دەیزانیـت، پێـش تـۆ نەکەوتویـن تـا شـتێکت پـێ بڵێیـن تـۆ نەیزانیـت، بـە تەنیـا لەگـەڵ پێغەمبـەر(ﷺ) نەبویـن تـا شـتیکی تایبـەت بزانیـن و پێـت بڵێیـن، شـتێکی

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٦٧-١٦٨.

تایبەتمان بۆ نەبووە کە لە تۆشاراوە بێت، تۆ هاوەڵ و زاوای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوویت و فەرموودەت لێوە بیستووەو بینیوتە، کوڕی ئەبووقوحافە و کوڕی خەططابیش لە تۆ لەپێشتر نەبون بە شتێک،تۆ لە خزمایەتیدا نزیکترینیت بە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەوەی تۆ هەتبوو لە زاوایەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو دوانە نەیانبوو، لە هیچدا پێش تۆ نەکەوتن، دەی بۆ خاتری خوا وریای خۆت بە، نابینات پێ بینا ناکرێت و نەفامت پێ زانا ناکرێت، ڕێگەکە روونەو پایەکانی دین وەستاون، تۆ دەزانیت ئەی عوثمان چاکترین بەندەی خوا لای خوا پێشەوایەکی دادپەروەرە ڕێنموونی کرابێت و سوننەتێکی روون پەیڕەو بکات و دوور لە بیدعەی دیار بگرێت، بەخوا هەردووکیان رونن و سوننەتەکان وەستاو و بەرچاون و بیدعەکانیش هەروا، خراپترین کەس لای خوا پێشەوایەکی ستەمکاری گومڕایە کە خەڵکی بەهۆیەوە گومڕا ببن، ئیتر سوننەتی روون لەناوبەرێت و بیدعەی کەنارخراو زیندوو بکاتەوە، ...عوثمانیش وەڵامی دایەوەو وتی: بەخوا دەمزانی ئەوە دەڵێیت، بەخوا ئەگەر تۆ لە شوێنی من بوویتایە، نە لێت تووڕە دەبووم و نە تانەم لێدەدایت و نە خراپەیەکم دەکرد، من خزمایەتیم گەیاندووەو درزەکانم گرتووەو پەنای فەوتاوم داوەو لەسەر هەمان شێوەی عومەر کەسەکانم داناوە، ئەی عەلی سوێندت دەدەم بە خوا ئایا دەزانیت موغیرەی کوری شوعبە لێرە نەبوو؟ وتی: بەڵێ، وتی: دەشزانیت عومەر داینا؟ وتی: بەڵێ، عوثمان وتی: دەی ئیدی بۆ سەرکۆنەی من دەکەن ئەگەر ئیبن عامیرم لەبەر خزمایەتی دانابێت؟ عەلی پێی وت: عومەر کە کەسێکی دادەنا دواتر لاریەکی لێ بەدی بکردایە ئەوپەڕی سزای دەدا، بەڵام تۆ ئەوە ناکەیت، نەرمی و لاوازیت نواندووە بەرامبەر بە خزمانت، عوثمان وتی: ئەوانە خزمانی تۆیشن، پاش بڕێک قسەکردن پێکەوە عەلی لای عوثمان چوویە دەرەوەو عوثمانیش بە دوایدا چوویە دەرەوەو چوویە سەر مینبەر و وتارێکی پێشکەش کرد.[1]

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٦٨-١٦٩.

لە ساڵی سی و پێنجی کۆچیدا میصر شڵەژانێکی بەخۆوە دی، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکری صدیق و موحەممەدی کوڕی ئەبووحوذەیفەو ژمارەیەکی تر لە نەیارانی عوثمان نزیکەی شەش سەد سواریان لە میصرەوە ئامادە کرد و بەڕێکەوتن بەرەو مەدینە و بوون بە چوار بەشەوە بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائی خوزاعی و عەبدوڕەحمانی بەلوی و کینانەی کوڕی بیشر و سوودانی کوڕی حمران، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکریش لەگەڵیاندا هات، بەڵام موحەممەدی کوڕی ئەبووحوذەیفە لە میصر مایەوە تا خەڵکی تر هان بدات و بەرگری لەوانە بکات کە رۆیشتوون، والی میصریش نامەیەکی نووسی بۆ خەلیفەو ئاگاداری کردەوە لەو رووداوە و وتی: وەک عومرەکار دێن و وا خۆیان نیشان دەدەن، کە لە مەدینە نزیک بوونەوە، خەلیفە فەرمانی کرد بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب تا پێشهاتنیان بۆ مەدینە بیانگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان، عەلیش داوای لە عەمماری کوڕی یاسر کرد هاودەمی بکات، بەڵام عەممار رازی نەبوو، چونکە ئەویش تووڕە بوو لە عوثمان لەبەرئەوەی پێشتر عوثمانی کوڕی عەففان سزای دابوو، عەلی خۆی چوو بۆ لایان و لە ناوچەی جوحفە بوون، ئەوانە بە چاوی گەورەییەوە تەماشای عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان دەکرد، عەلی لێیان تووڕە بوو و تەنانەت کەوتە قسە پێ وتنیان، ئەوانیش کەوتنە سەرکۆنەی خۆیان و وتیان: لەسەر ئەمە جەنگی خەلیفە دەکەن؟ عەلی وتی: بۆچی نەیاری عوثمانن؟ ئەوانیش چەند رەخنەیەکیان ژمارد، عەلیش یەک یەک وەڵامی رەخنەکانی ئەوانی دایەوە، دەستەیەکیشیان چوون گوێیان لە وتەکانی عوثمان گرت، کە هیچ رەخنەیەکیان نەما، دەستەیەک لە خەڵکی مەدینە داوایان لە عوثمان کرد سزای ئەوانە بدات، عوثمان لێبوردەیی نیشان دا، ئەوانیش گەڕانەوە و عەلیش گەڕایەوە بۆ لای عوثمان و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و داوایشی لێکرد وتارێک پێشکەش بکات و

پۆزش بهێنێتەوە بۆ ئەوەی خزمانی خۆی پێشخستووەو تەوبە نیشان بدات، عوثمانیش راکەی وەرگرت و لە وتاری هەینیدا ئەوەی کرد و نزایەکی تەوبەی کرد و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و هەموو موسڵمانان گریان، ئینجا مەروانی کوڕی حەکەم وتەیەکی زبری پێشکەش کرد و دڵی عەلی رەنجاند، دواتر عوثمان بە راوێژی ژنەکەی ناردی بە شوێن عەلیدا تا بێت بۆ لای و ویستی دڵی بداتەوە، بەڵام عەلی رازی نەبوو، کە خەڵکی میصر بەم رووداوەیان زانی لەگەڵ خەڵکی کووفەو بەصرە کەوتنە نامە گۆڕینەوەو رێککەوتن لەسەر ئەوەی جەنگی عوثمان بکەن، لەو نێوەندەدا برێک نامە بەدەم هاوەڵانەوە ساختە کران، ئەوەبوو هەمدی شەش سەد سوار لە میصرەوە بە چوار بەش هاتن وئیبن سەبەئیشیان لەگەڵ بوو، لەو لاشەوە خەڵکی کووفە بە چوار بەش هاتن، خەڵکی بەصرەش بە چوار بەش هاتن، هەریەکەو نیازێکیان هەبوو، میصریەکان دەیانوت دەبێت عەلی ببێت بە خەلیفە، کووفیەکان دەیانوت یا زوبەیر ببێت بە خەلیفە، بەصریەکان دەیانوت یا طەلحە ببێت بە خەلیفە، هەموو لە مانگی شەووالدا لە دەوری مەدینە خڕ بوونەوە، میصریەکان چوون بۆ لای عەلی، ئەویش حەسەنی کوڕی ناردبوو بۆ لای عوثمان و خۆیشی کەناری گرتبوو، کە هاتن بۆ لای عەلی تووڕە بوو لێیان و دەری کردن، زوبەیر و طەلحەش بە هەمان شێوەی عەلی بانگەشەکەرانی خۆیانیان دەرکرد ونەفرەتیان لێکردن، ئینجا هەموویان نیازی خۆیان راگەیاند و وتیان: داوای ئێمە ئەوەیە عوثمان واز لە خیلافەت بهێنێت، جا میصریەکان دەیانوت جاری پێشوو کە چووینەتەوە نێردراوی عوثمانمان بەدیل گرتووە کە نامەی پێ بووەو نامەکە مۆری عوثمانی لەسەر بووەو تیایدا فەرمانی کردووە هەموومان بکوژن و دەست و پێمان ببڕن، ئەو نامەشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، کە عوثمان ئەوەی بیست سوێندی خوارد شتی وای نەوتووەو نەنووسیوە،

ئەمەش نامەیەکی ساختە بوو ئامادە کرابوو، هەروەک نامە بە دەم عەلی و زوبەیر و طەلحەوە نووسرابوو کە بێن بۆ لەناوبردنی عوثمان، وەزعەکە بەو جۆرە بوو تا ڕۆژی هەینی هات و عوثمان وەک جاران وتاری خۆی پێشکەش کرد، هێندێ دوای ئەوە گەمارۆ درا.[1]

لە مانگی ذیلقەعدەی ساڵی سی و پێنجدا هاتنە ناو مەدینە، عوثمان چاوی کەوت پێیان، ئەوانیش وتیان: قورئانێک داوا بکە، ئەویش داوای کرد قورئانێک بهێنن، -کە قورئانەکەی بۆ هێنرا-پێیان وت: —سورەتی- نۆیەم بکەرەوە، واتە سورەتی (یونس)، ئینجا وتیان: بیخوێنەرەوە تا گەیشتە ئەم ئایەتە(ءآالله أذن لكم أم على الله تفترون)، ئینجا پێیان وت: بوەستە، أرأيت ما حميت من الحمى، ئایا خوا مۆڵەتی ئەوەی پێداویت یان بەدەم خواوە هەڵت بەستووە؟ عوثمان وتی: تێیپەڕێنە، ئەو ئایەتە لەسەر فلانە مەسەلە دابەزیوە، عومەریش ئەوەی منی کرد و لە وشترەکانی زیادکرد و منیش وام کردووە.

بەردەوام ڕەخنەیان لێدەگرت و ئەویش وەڵامی دەدانەوە تا دواتر عوثمان بەوانی وت: چیتان دەوێت؟ ئەوانیش بەڵێننامەکەیان هێنا و شەش یان پێنج مەرجیان بۆ نووسی کە هەرکەس دوورخراوەتەوە بگەڕێنرێتەوەو ئەوەی —مووچەی لێ بڕاوە- بۆی بگێردرێتەوە و فەیئیش هەبێت و لە دابەشکردندا دادپەروەر بێت و کەسانی بەهێز و جێمتمانە بکاتە بەرپرس، ئەوەیان لە نامەیەکدا نووسی، ئەویش بەڵێنی لەوان وەرگرت یەکڕیزی تێکنەدەن، ئینجا بە ڕەزامەندی گەڕانەوە.

دەوترێت بەڵکو عەلی ناردووە بۆ لایان و لەسەر ئەو پێنج شتە باسکراوە ڕێککەوتن و بە ڕەزامەندی گەڕانەوە، لەو وەزعەدا بوون کە سوارێک هات و ڕێی گرت پێیان و چەند جارێک بڵاوەی بە کۆبوونەوەیان دەکرد و دەهاتەوە بەنێویاندا، وتیان: ئەوە تۆ چیتە؟-بۆ وادەکەیت؟- ئەویش وتی: من نێردراوی ئەمیری باوەڕدارانم بۆ لای کاربەدەستی خۆی لە میصر، ئەوانیش پشکنیان،

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٧٥.

سەیریان کرد نامەیەکی پێیە کە لەسەر زمانی عوثمان نووسراوەو مۆری ئەوی لێدراوەو ناردوویەتی بۆ کاربەدەستی میصر و فەرمانی پێکردووە-ئەو کۆمەڵە کە گەڕانەوە- لە خاچیان بدات و دەست و پێیان ببڕێت.

ئەوانیش گەڕانەوە بەرەو مەدینەو چوون بۆ لای عەلی و پێیان وت: سەیرکە دوژمنی خوا چی کردووە؟!! چی لە بارەمانەوە نووسیوە خوا خوێنی ئەوی حەڵاڵ کردووە، ئینجا بە عەلییان وت: لەگەڵ ئێمە وەرە بچین بۆ لای -عوثمان، ئەویش وتی: بەخوا نایەم لەگەڵتان، وتیان: ئەی بۆچی -پێشتر- بەڵێننامەت بۆ نووسین؟ ئەویش وتی: بەخوا من بۆم نەنووسیون، ئەوانیش لەنێو خۆیاندا سەیری یەکتریان دەکرد، ئینجا عەلی لە مەدینە چوویەدەرەوە.

ئەوانیش چوون بۆ لای عوثمان و پێیان وت: تۆ شتی وات لە بارەی ئێمەوە نووسیوە، ئەویش وتی: یان دەبێت دوو موسڵمان بهێنن-کە شایەتیم لەدژ بدەن- یان من سوێند دەخۆم-شتی وام نەنووسیوە-، بەڵام ئەوان بەوە رازی نەبوون و بەڵێنەکەیان هەڵوەشاندەوەو گەمارۆیان دا،

چەند قسەو راگۆڕینەوەیەک لەنێوان عوثمان و یاخیبواندا روویدا، دەوترێت ئەشتەر هێنراوە بۆ لای عوثمان، ئەشتەریش بە عوثمانی وت: ئەو خەڵکە دەیانەوێت یان واز لە دەسەڵات بهێنیت، یان قیصاصیان بدەیتەوە، یان بتکوژن، ئەویش وتی: سەبارەت بە وازهێنانم ئەوا من ئوممەتی موحەممەد بە پەرتی و ناکۆکی جێناهێڵم، سەبارەت بە قیصاصیش ئەوا دوو هاوەڵەکەی پێش من قیصاصیان لەخۆیان وەرنەگرتووەو جەستەی منیش بەرگەی ئەوە ناگرێت.[1]

عوثمان پاش کۆتا وتاری لە هەینیدا، تووشی ژانەسەرێک بوو و لە هۆش خۆی چوو، خێرا بردیانەوە بۆماڵەوە، خێرا نەیارەکانی کە لەو شوێنە جیاوازنەوە هاتبوون، هاتن و گەمارۆی ماڵەکەیان دا، بەرامبەر بەوە خێرا دەستەیەک لە منداڵانی هاوەڵان بە فەرمانی باوکیان چوون بۆ ماڵی

[1] العواصم من القواصم.

عوثمان تا بەرگری لە خەلیفە بکەن، لەوانە حەسەن و حوسەینی کوڕانی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر و عەبدوڵای کوڕی عەمر.[1]

کاتێک هەواڵی شەهیدبوونی عوثمان گەیشت بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب، عەلی تەواو شڵەژا و هاودەم بە طەلحەو زوبەیر و سەعد چوون بۆ لای عوثمان و بینییان کوژراوە، عەلی تووڕە بوو لە حەسەن و حوسەین و وتی: ئێوە لەبەر دەرگا بوون و هێشتتان ئەمیری باوەڕداران بکوژرێت؟! ئەوانیش وتیان: ئێمە ئاگادار نەبوین بە کوژرانی، عەلی دەستی بەرزکردەوەو بۆگزێکی دا لە حەسەن و دای بەسەر سنگی حوسەینیشدا، قسەشی وت: بە موحەممەدی کوڕی طەلحەو عەبدوڵای کوڕی زوبەیر.[2]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەشداری ئەسپەردەکردنی تەرمی عوثمانی کوڕی عەففان بوو، ئەسپەردەکردنەکەش لەنێوان نوێژی ئێوارەو عیشادا بوو هاودەم بە ژمارەیەکی کەمی هاوەڵان کە حەکیمی کوڕی حیزام و زەیدی کوڕی ثابت و عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری کوڕی عەوام و کەعبی کوڕی مالیک و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و ژنەکانی عوثمانی تێدا بوو، شۆردرا و کفن کرا و نوێژی لەسەر کرا، هەندێ لە خەواریجەکان ڕێیان پێ دەگرتن ودەیانویست تەرمەکەی بەردباران بکەن و دواتر لە گۆڕستانی جوولەکەکان ئەسپەردە بکرێت، عەلی کەسێکی نارد بۆ لایان و ڕێگری کرد لێیان، چەند جار هەوڵ درا ڕێ نەدەن لە گۆڕستانی بەقیعیش ئەسپەردە بکرێت، بۆیە لە دەرەوەی بەقیع ئەسپەردە کرا تا کاتێک موعاویە بوو بە خەلیفە ئەو دیوارەی نێوانی لابرد، دواتر تەرمی دوو خزمەتکارەکەی عوثمانیشیان هێنا کە کوژرابوون و لەپاڵ عوثماندا ئەسپەردە کران.[3]

---

(1) البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٧٦.

(2) () ٠ الثقات لابن حبان، ج٢، ص ٢٦٥.

(3) البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٩٠-١٩١.

خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب

لەبەرئەوەی نووسینەوەی وەردەکاریەکانی ژیانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب پێویستی بە سەدان لاپەڕە هەیە، چ جای وردەکاری ماوەی دەسەڵاتەکەی، بۆیە وەک چۆن بۆ هاوەڵانێکی تر وامانکرد، بۆ ژیانی ئەم هاوەڵە ئازیزەیش وردەکاریەکان جێدێڵین بۆ خوێنەر تا لە سەرچاوەکانی ترەوە بیخوێنێتەوە کە بە زمانی کوردی سوپاس بۆ خوا بەردەست دەکەون، لێرەدا تەنها بە کورتی چەند لایەنێکی ماوەی دەسەڵاتەکەی دەخەینەڕوو تا کاتی شەهیدبوونی.

کاتێک عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە خەلیفە، ئیبن عەبباسی کرد بە والی شام و وتی: بڕۆ بۆئەوێ، بەڵام ئیبن عەبباس رازی نەبوو و وتی: ئەگەر موعاویە نەمکوژێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەندم دەکات، پاشان بە عەلی وت: موعاویە بکە بە کاربەدەستی خۆت و دواتر لایبەرە، بەڵام عەلی بەو رایەی ئیبن عەبباس رازی نەبوو.[1]

کاتێک عەلی ویستی کەسێک بنێرێت بۆ لای موعاویە تا بەیعەتی لێ وەربگرێت، جەریری کوڕی عەبدوڵا وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران من دەڕۆم، چونکە خۆشەویستیەک لە نێوان من و ئەودا هەیە، دەڕۆم و بەیعەتی لێ وەردەگرم بۆت، ئەشتەر لەوێ بوو وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران جەریر مەنێرە ئەترسم هەواداری موعاویە بێت و لای بمێنێتەوە، عەلی وتی: وازی لێ بهێنە، ئەوەبوو نامەیەکی نووسی بۆ موعاویەو تیایدا هەواڵی پێدا کە کۆچەران و پشتیوانانیش بەیعەتیان پێداوە، باسی رووداوی جەمەلیشی بۆ نووسیبوو، داوایشی لێکرد وەک ئەو خەڵکەی تر بەیعەتی پێبدات،[2] ئینجا جەریر خەڵکی کۆکردەوەو وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا داوای لە موعاویە کرد گوێڕایەڵی بنێرێت

[1] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٥٣.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٥٤.

و ناكۆكی نەنێتەوەو نەبێتە هۆی جەنگی نێوان موسڵمانان، موعاویەش داوای كرد پەلەی لێ نەكات تا رای خەڵكی شام وەربگرێت،[1] كە جەریر نامەكەی دا بە موعاویە، موعاویە عەمری كوڕی عاص و گەورەكانی خەڵكی شامی كۆكردەوەو راوێژی كرد بە هەموویان، ئەوانیش وتیان: تا بكوژانی عوثمان نەكوژرێنەوە بەیعەت نادەین یان دەبێت بكوژەكانی عوثمانیان بدرێنە دەست، ئەگەرنا جەنگی لەگەڵ دەكەن و بەیعەتی پێ نادەن، ئەوەبوو جەریر گەڕایەوەو هەواڵەكەی دا بە عەلی، ئەشتەر وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران مەگەر من نەموت جەریر مەنێرە ئەگەر منت بناردایە موعاویە هەر دەرگایەكی بكردایەتەوە دامدەخست، جەریر بە ئەشتەری وت: ئەگەر تۆ بوویتایە لە بری خوێنی عوثمان دەیانكوشتیت، ئەوەبوو ئەشتەریش بە توند وەڵامی دایەوە، ئەمە جەریری تووڕە كرد، بۆیە جەریر چوو بەرەو قرقیسیا و نامەی نارد بۆ موعاویەش كە چی وتووەو چی پێ وتراوە، موعاویەش نامەی بۆ نووسی و داوای لێكرد بچێت بۆ لای،[2] بەڵام ئەو كەناری گرت و لە قرقیسیا مایەوە تا لەوێ مرد.[3]

لێدانی هەڵگەڕاوەكان:

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی كوڕی ئەبووطالیبدا خەڵكێك لە یەمەن لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، ئەوەبوو عەلی سوپایەكی ئامادە كردو جاریەی كوڕی قودامەی كرد بە سەركردەی سوپاكەو ناردی بۆ ئەوێ، لەوێ هەموو ئەوانەی كۆكردەوە كە لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوەو دای لە گەردنی هەموویان و بە ئاگریش جەستەی ئەوانی سووتاند، چونكە عەلی كوڕی ئەبووطالیب فەرمانی بەو كارە كردبوو.[4]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ١٢٧.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٥٤.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١، ص ٤٧٥.
[4] تهذيب الآثار للطبري، الرقم ١٣٨٢.

هەروەها عەلی کوڕی ئەبووطالیب بیستی بوسری کوڕی ئەرطەئە لە حیجاز چ خوێنڕێژیەکی کردووە، بۆیە جاریەی کوڕی قودامەی نارد بۆ حیجاز، ئەویش چوو بۆ ئەوێ و هەرکەسی ببینیایە بەیعەتدان بە عەلی هەڵوەشاندبێتەوە دەیکوشت.[1]

فیتنەی سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیب

کاتێک عوثمان شەهید کرا دوای ئەوە بەیعەتی خیلافەت درا بە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو بەیعەتەکە هەموو موسڵمانانی لەخۆنەگرت، بەڵکو بەهۆی راجیایی سەبارەت بە خوێنی عوثمان فیتنەیەک لەنێوان هاوەڵاندا روویدا، ئەویش بوویە هۆی رووداني هەردوو جەنگی جەمەل و صفین، دواجاریش کێشەکە هەر بەو بارەیەوە مایەوە تا لەسەر دەستی حەسەنی کوڕی عەلی فیتنەکە کوژایەوە.

بەو بەیعەتدانە موعاویە لە شام و خەڵکی شام مانەوەو بەیعەتیان نەدا بە عەلی، جگە لەوەی طەلحەو زوبەیرو دایکی باوەڕداران عائیشەش ئیجتیهادیان وابوو دەبێت بکوژانی عوثمان یەکسەر بکوژرێنەوە، بەڵام عەلی کوڕی ئەبووطالیب رای وابوو پەلە نەکرێت لە کوشتنەوەیان چونکە ئەوان لەناو مەدینەدان و سەربازانی دەوڵەتی ئیسلامیش لە دەرەوەن و ئەگەر خێرا بکرێت لە لێدانیان لەوانەیە بتوانن مەدینە بگرن.

بەهەرحاڵ ئەمە بوویە هۆی کەوتنەوەی فیتنەیەکی گەورە کە ئەنجامێکی دڵتەزێنی هەبوو بۆ موسڵمانان و تا ئەمڕۆش ئاهی داخی ئەو فیتنەیە لای موسڵمانان گەرمەو هێشتا خەفەتیان بەو فیتنەیە دانەمرکاوەتەوەو بووە بە چەکێک بەدەست دوژمنانی ئیسلام و مێژووی ئیسلامی و هاوەڵانەوە تا داخی دڵی خۆیان بڕژن.

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان کوژرا، دایکانی باوەڕداران (هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ)) چووبوون بۆ حەج بۆ مەککە تا لەدەست ئەو فیتنەی مەدینەی

[1] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٤، ص ٢٦.

گرتووەتەوە رزگار بن، کاتێک ویستیان بگەڕێنەوە مەککە، هەواڵیان پێگەیشت کە عوثمان کوژراوە، بۆیە لە مەککە مانەوە تا بزانن بارەکە بە چی دەگات، ئەوەبوو بێ پێشنیازی خۆی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بەیعەتی پێدرا، بەتایبەت کە خەواریجەکان زۆریان لە عەلی کرد هەرچەندە عەلی خۆی رقی بوو لێیان، بەڵام هیوای وابوو دەرفەتێکی بۆ بگونجێت تا لەناویان بەرێت، ئەوەبوو کە ئەو فشارە بینرا ژمارەیەک لە خزمانی عوثمان لە بەنوئومەییە دەرچوون بۆ مەککە، هەریەک لە زوبەیر و طەلحەش داوای مۆڵەتیان کرد تا بچن بۆ مەککەو عەلیش مۆڵەتی پێدان و ئەوانیش چوون بۆ مەککە، خەڵکێکی زۆریش شوێنیان کەوت، لە بەصرەو مەدینەو یەمەن و چەند شوێنی ترەوە خەڵکێکی زۆر روویکردە مەککەو لەوێ ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان و دایکانی باوەڕداران و جەماوەرێک کۆبوونەوەو داوای خوێنی عوثمانیان دەکرد، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش جڵەوی مەسەلەکەی گرتبوویەدەست.[1]

وەستانێک:

سەبارت بە بەیعەتدانی طەلحەو زوبەیر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب مشتومڕێک هەیە کە ئایا بە ویستی خۆیان بەیعەتیان داوە یان بە ناچاری.

کاتێک بەیعەت درا بە عەلی، عەلی داوای هەریەک لە طەلحەو زوبەیری کرد، ئەوانیش هاتن، طەلحە دەیویست بەیعەت نەدات، بەڵام مالیکی ئەشتەر شمشێری هەڵکرد و وتی: بەیعەت نەدەیت دەدەم لە گەردنت، ئەویش بە ناچاری بەیعەتی داو زوبەیریش بە دوایدا بەیعەتی دا.

لە گێڕانەویەکی تردا هاتووە عەلی بەوانی وت: یان ئێوە بەیعەتم پێ بدەن یان من بەیعەتتان پێ دەدەم، ئەوانیش وتیان: ئێمە بەیعەتت پێ دەدەین.[2]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٠ – ٢٣١.

[2] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٦٩٧.

طەلحە وتی: من کاتێک بەیعەتم داوە کە شمشێر لە گەردنم بووە، هەریەک لە سەعد[1] و ئوسامەی کوڕی زەید شایەتییان داوە کە بەیعەتەکەی طەلحە زوبەیر ناچاری بووە.[2]

لێرەدا پێم خۆشە پوختەیەکی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی بەش بەش بە هەمان دەقی خۆی دابنێم:

کاتێک قەدەری خوا هات و ئەوەی لە قەدەردا هەبوو روویدا و حەق هەروا خەڵک وێڵ ناکات و خەڵکی دوای عوثمان سەبارەت بەخەلیفەیەک کە بەسەریاندا دابنرێ راجیادەبوون، هیچ کەسیش نەبوو دوای ئەو سێ خەلیفەیە هێندەی چوارم خەلیفە-واتە عەلی- بەڕێزتر و زاناتر و لەخواترستر و ئاییندارتر بێت، بۆیە بەیعەتی پێدرا، ئەگەریش بەو خێراییە بەیعەت نەدرایە بە عەلی ئەوا وێڵ و لاسارەکان بارەکەیان زۆر خراپتر دەکرد، بەڵام کۆچەران و پشتیوانان بڕیاری خیلافەتیان دا بۆ عەلی، ئەویش ئەوەی لەسەر خۆی بە فەرز زانی، بۆیە ملکەچی بوو.

طەلحە بەیعەتی دا بە عەلی، خەڵکیش وتیان: دەستێکی ناتەبا بەیعەتی داوە بە عەلی، سوێند بەخوا ئەم مەسەلەیە ناگاتە جێی مەبەست، جا ئەگەر بوترێت ئەو دوانە-طەلحەو زوبەیر- بە نارەزایی بەیعەتیان داوە -بە عەلی- لە وەڵامدا دەڵێین هەرگیز شتی وا نەبووە بە ناحەزی بەیعەتیان دابێ و زۆریان لێ کرابێت، ئەگەریش تەنانەت بە نارەزایی بەیعەتیان دابێت ئەوە کاناکاتە سەر بەیعەتەکەی عەلی، چونکە بە یەک کەس یان دوان بەیعەت دەبەسترێت و سەردەگرێت، ئیتر هەرکەس دوای ئەوە بەیعەت بدات پەیوەستی ئەو بەیعەتە دەبێت، بەپێی شەرعیش پێویستە لەسەری ئەو بەیعەتە بدات، ئەگەریش ئەو دوانە بەیعەتیان نەدایە ئەوا ئەو کارە کاریگەری نەدەبوو بۆیان و کاریگەریشی نەدەبوو بۆ بەیعەتی پێشەوا-ی موسڵمانان-.

---

[1] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٦٩٩.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.

ئەوەش دەڵێت: دەستێکی ناتەباو کارێکی بە ئەنجام نەگەیشتووە، ئەوە گومانی کەسێکە کە دەڵێت: طەلحە یەکەم کەس بووە بەیعەتی داوە، مەسەلەکەش وا نەبووە-طەلحە یەکەم کەس نەبووە بەیعەتی دابێت بە عەلی-.

ئەگەریش بوترێت موسڵمانان لەسەر ئەوە بەیعەتیان داوە بە عەلی کە بکوژانی عوثمان بکوژێتەوە ئەوا دەڵێین ئەو مەرجە بۆ بەیعەت راست نیە، بەڵکو لەسەر ئەوە بەیعەتی پێدەدەن کە حوکم بە حەق بکات، ئەویش ئەوەیە کەسی داواکاری خوێنی عوثمان ئامادە بێت و کەسی داواکراویش ئامادە بێت و سکاڵا بکرێت و وەڵام بدرێتەوەو بەڵگە بەردەست بێت و حوکم بدرێت، بەڵام ئەوەی هەر بە قسەیەکی رەها یان کارێکی بەدواداچوون بۆ نەکراو یان بیستنی قسەیەک هێرش ببات ئەوە لە ئایینی ئیسلامدا شتی وا نیە.

عوثمانیەکان دەڵێن: دەستەیەک لە هاوەڵان لە بەیعەتدانی دواکەوتن، لەوانە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و مەحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئیبن عومەر و ئوسامەی کوڕی زەید و چەند هاوشێوەیەکی تری ئەوان.

ئێمەش دەڵێین سەبارەت بە بەیعەتپێدانی دوانەکەوتون، بەڵام سەبارەت بە سەرخستنی دەستەیەک لەوانەی کە باسکران دواکەوتن، چونکە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی ئیجتیهادی بوو، هەر کام و ئیجتیهادێکیان هەبوو و بەپێی روانینی خۆی هەنگاوی دەنا و قەدەری خۆی دەهاتەرێ.

دەستەیەک دەگێڕنەوە کاتێک بەیعەت درا بە عەلی، طەلحەو زوبەیر داوای مۆڵەتیان لە عەلی کرد تا بچن بۆ مەککە، عەلی بەوانی وت: لەوانەیە بتانەوێت بچن بۆ بەصرەو شام، ئەوانیش سوێندیان خوارد وا ناکەن.[1]

رێککەوتن لە مەککە

لە مەککە سێ رای جیاواز دروست بوو، دەستەیەک وتیان: با بچین بۆ لای موعاویە بۆ شام و لەوێوە بێین تۆڵە بکەینەوە، دەستەی دووەم وتیان: بەڵکو با بچین بۆ مەدینە بۆ لای عەلی و داوای تۆڵەی عوثمان بکەینەوە،

---

[1] العواصم من القواصم لابن العربي.

دەستەی سێیەم وتیان: بەڵکو دەچین بۆ بەصرەو لەوێ خۆمان بەهێز دەکەین و هەر لەوێوە دەکەوینە لەناوبردنی بکوژانی عوثمان، ئەوەبوو لەسەر ئەم رایە رێککەوتن.[1]

(سەبارەت بە چوونی -هاوەڵانی عائیشەو طەلحەو زوبەیر- بەرەو بەصرە راستەو هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە، بەڵام بۆچی دەرچوون؟ لەمەدا گێڕانەوەیەکی لەسەر نیەو متمانە بە هیچ گێڕانەوەیەکیان ناکرێت چونکە کەسی جێمتمانە نەیگێڕوانەتەوە، قسەی کەسی هەوادار وەرناگیرێت، حەزی تانەدان لە ئیسلام و بەکەمدانانی هاوەڵان چووەتە ناخی کەسی هەوادار و دەمارگیر.

لەوانەیە بۆ ئەوە دەرچووبن تا لەبەر شتێک کە بۆیان دەرکەوتووە ویستبێتیان عەلی -لە خیلافەت- لاببەن، بۆیەش بەیعەتیان دابێت تا شۆڕشگێڕەکان هێور ببنەوە، دواتر کەوتبنە داوای حەق.

لەوانەشە بۆیە چووبنە دەرەوە تا بکوژانی عوثمان لەناوبەرن.

لەوانەشە بە چەند دەستەیەکی موسڵمانانەوە دەرچووبن تا بیانگێڕنەوە بۆ یەک قانوون تا بەریەکنەکەون و دژ بەیەک نەجەنگن، ئەمەش دروستە نەک شتی تر، هەواڵی راستیش بەم جۆرە هاتووە.

سەبارەت بە گێڕانەوەکانی بەشەکانی یەکەم هەموویان پووچ و لاوازن.

سەبارەت بەوەی ئەوان بە زۆر و ناچاری بەیعەتیان دابێت ئەوە بێبنەما و پووچەو پێشتریش روونمان کردوەتەوە.

سەبارەت بەوەی ویستبێتیان عەلی لە خیلافەت لاببەن ئەمەش بێ بنەما و پووچە، چونکە لابردن بە راو روانینی هەموان دەبێت، دەکرێت یەک یان دوو کەس لە دەسەڵاتدا بن، بەڵام لابردن تەنها دوای سەلماندن و روونکردنەوە دەبێت.

سەبارەت بەوەش کە لەوانەیە بۆ کوشتنی بکوژانی عوثمان دەرچووبن، پێش ئەمە کارەکە بنەرەتەکەی بۆ یەکدەنگی بووە، دەشکرێت هەردوو مەسەلەکە پێکەوە بن.

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣١.

دەگێردرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوونی- طەلحە و زوبەیر و عائیشە لە مەدینەدا- ئاژاوەی نێوان خەڵک نەما، طەلحە و زوبەیر و عائیشەش دایکی باوەڕدارانیش بەو هیوایە چوونەدەرەوە تا خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای دایکیان و ڕەچاوی حورمەتی پێغەمبەرەکەیان بکەن).[1]

کە گەیشتنە بەصرە بەرپرسی ئەوێ نوێنەری نارد تا بزانێت بۆچی هاتون، چوونە لای عائیشە وتیان: بۆچی هاتویت؟ وتی: بۆ داوای خوێنی عوثمان هاتوین، چوونە لای طەلحە، ئەویش هەمان شتی وت، چوونە لای زوبەیریش ئەویش هەمان شتی وت.[2]

بەڵام سوپاکەی عوثمانی کوڕی حنیف بەوە ڕازی نەبوون و هەوڵیاندەدا لەگەڵ سوپای عائیشە بجەنگن، عائیشەش فەرمانی کرد کەس جەنگ نەکات، ڕۆژێک خۆیان پاراست، بەڵام لە ڕۆژی دووەمدا جەنگ ڕوویدا و ژمارەیەک لە هاوەڵان و کەسانی تر کوژران.[3]

دواتر بڕیاریان دا هەواڵ وەربگرن ئەگەر طەلحەو زوبەیر بە ناچاری بەیعەتیان دابوو ئەوە عوثمان بەصرەیان بۆ چۆڵ بکات، ئەگەریش بە ویستی خۆیان بووبێت ئەوە ئەو دوانە دەبێت بەصرە چۆڵ بکەن، نوێنەریان ناردە مەدینەو نوێنەر هەواڵی پرسی، کەس وەڵامی نەدەدایەوە جگە لە ئوسامەی کوڕی زەید کە وتی: بەخوا بە ناچاری بەیعەتیان دا، کەچی خەڵکانێک هەڵمەتیان بۆ برد، چەند هاوەڵێک ڕزگاریان کرد، بارەکە نەگەیشتە ئەنجام.[4]

لە بەصرە جەنگ ڕوویداو ژمارەیەکی تر کوژران و عوثمان بەدیل گیرا و برا بۆ لای عائیشە، ئەویش داوای کرد ئازاد بکرێت، بەڵام شار کەوتە دەست سوپای عائیشە.[5]

---

[1] العواصم من القواصم لابن العربي.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٢.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.
[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب کە ئەمەی بیست بڕیاریدا بچێت بەرەو بەصرە، خەڵکێکی کەمی مەدینەی لەگەڵ بوو، ژمارەیەک لە هاوەڵانی بەشداربۆوی غەزای بەدری لەگەڵدا بوو، ژمارەی سوپاکەی عەلی تەنها نۆسەد کەس بوو، حەسەنی کوڕی داوای لێکرد نەچێت، عەبدوڵای کوڕی سەلامیش هەمان داوای لێکرد، بەڵام عەلی رازی نەبوو، ئینجا هەواڵی نارد بۆ کووفە تا بدەنە پاڵی، بەرەبەرە سوپاکەی عەلی روی لە زیاد بوون بوو.[1]

عەلی کە عوثمانی کوڕی حنیفی بینی و هەواڵی کارەکانی طەلحەو زوبەیری بیست، نزای کرد خوایە طەلحەو زوبەیر بەرامبەر بەو هەڵەی کردوویانە بێدار بکەیتەوە.[2]

کاتێک زوبەیر لە بەصرە بوو کەسێک هات بۆ لای و وتی: ئەرێ بچم عەلی بکوژم؟ ئەویش وتی: چۆن دەیکوژیت لەکاتێکدا سەربازی زۆری لەگەڵدایە؟ ئەویش وتی: دەچمە ناو سوپاکەی و خۆمی لێ نزیک دەکەمەوەو دواتر دەرفەتی لێ دێنم، زوبەیر وتی: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو:(الإيمان قيد الفتك، لا يفتك مؤمن)،[3] (ئیمان نامەردکوژی کۆت کردووە، باوەڕدار نامەردکوژی ناکات).

دواجار قەعقاع کەوتە نێوانەوە، چوویە بەصرەو طەلحەو زوبەیری بانگهێشت کرد بۆ یەکڕیزی و دوورگرتن لە دووبەرەکی، سەرەتا لەگەڵ عائیشە قسەی کرد و وتی: دایە گیان بۆچی هاتوویتەتە ئێرە؟ ئەویش وتی: کوڕی شیرینم بۆ رێککردنی باری نێوان خەڵک، ئینجا قەعقاع داوای کرد طەلحەو زوبەیریش بانگ بکات، ئەوانیش هاتن قەعقاع وتی: دایکی باوەڕداران دەڵێت: بۆ صولح هاتوم، ئەوانیش وتیان: ئێمەش بەس بۆ ئەوە هاتوین، ئەویش وتی: دەی پێم بڵێن ئەو صولحەتان لە چ روانگەیەکەوەیە؟ ئەگەر بە رەوامان زانی شوێنتان دەکەوین،

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٤ – ٢٣٥.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٥.
[3] مسند أحمد بن حنبل – مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم – مسند الزبير بن العوام الله(ﷺ)، الرقم ١٤٣٣، صححه شعيب الأرناؤوط.

ئەگەریش بە رەوامان نەزانی ئیتر هیچ، ئەوانیش وتیان: بکوژانی عوثمانمان دەوێن لەناوببرێن، قەعقاع وتی: خۆ ئێوە بکوژانی ئەوتان لە بەصرە کوشت، شەش سەد کەستان کوشت شەش هەزار کەس چوونە ریزی ئەوانەوەو دژتان وەستان، داوای تەنها کەسێکتان کرد کە حرقووص بوو شەش هەزار کەس بوونە پارێزەری، ئەمەی ئێوە داوای دەکەن بۆ چاکەیە، بەڵام خراپەیەکی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە، عائیشە وتی: ئەی تۆ چ چارەسەرێکت پێیە؟ قەعقاع وتی: من پێم وایە دەرمانی ئەم دەردە ئارامگرتنە تا بارەکە هێور دەبێتەوە، ئەمە بکەن خێر و رەحمەت دێت، ئەگەریش رازی نەبن باری خراپە زیاتر دەبێت بۆ هەردوو لامان، ئەوانیش وتینا دەی بۆچوونەکەت زۆ دروستە، برۆ ئەگەر عەلیش هەمان رای هەبوو رازی دەبین، ئەویش چوویەوە بینی عەلی هەمان رای هەیە، ئیتر هەردوولا رێککەوتن، عائیشەش نوێنەری نارد بۆ لای عەلی تا پێی بڵێت ئەو تەنها بۆ صولح هاتووە، هەردوولا دڵخۆش بوون و عەلیش وتارێکی پێشکەش کرد بۆ خەڵکەکە کە تیایدا باسی خراپەی دووبەرەکی کرد و نیازی رێککەوتنەکەی خستەڕوو.[1]

کاتێک لە وتارەکەی عەلیەوە دەستەی ئاژاوەگێران زانییان خەریکە رێکدەکەون، کەوتنە خۆ، لەوانە ئەشتەری نەخەعی و عەبدوڵای کوڕی سەبەء و شریح و سالم و چەندێکی تر کە هیچ هاوەڵێکیان تێدا نەبوو نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد کەسێک دەبوون کەوتنەخۆ و وتیان: ئەم رێککەوتنە دژ بە ئێمەیەو ژمارەشمان کەمە و رێککەوتنی ئەوان تەنها لەسەر خوێنی ئێمەیە، بۆیە دەبێت عەلیش وەک عوثمان لێبکەین، خەڵکەکەش رازی بوون، بەڵام عەبدوڵای کوڕی سەبەء وتی: راکەتان زۆر خراپە، چونکە ئەوکات هەردوولا دەبنە دوژمن و لێتان دەدەن، بەڵکو دەبێت جەنگ لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا هەڵگیرسێنین، کاتێک زوبەیر و طەلحە چوون بۆ لای عەلی تا رێکبکەون، دەستەی سەبەئیەکان خۆیان بەشکرد بەسەر هەردوولادا و

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٧.

جەنگيان هەڵگيرساند، هەردووڵا وايانزانى بەرامبەر ناپاكى نواندووە، بۆيە كەوتنە هێرش، سوپاى عەلى نزيكەى بيست هەزار كەس و سوپاى عائيشەش نيكەى سى هەزار كەس دەبوون، جەنگێكى قورس روويدا، عەلى هاوارى دەكرد دەست هەڵگرن، بەڵام كەس نەيدەبيست، لەولاشەوە عائيشە بە سوارى وشترێكەوە بۆ هەمان نياز هات، عەلى هێندە بێزار بوو بە حەسەنى كوڕى دەوت كوڕم خۆزگە باوكت بيست ساڵ لەمەوبەر دەمرد، عەلى چو تا زوبەير و طەلحە بدوێنێت، وتى: ئەم سوپايەتان ئامادە كردووە، بيانووشتان بۆ قيامەتتان ئامادە كردووە؟ دەى لەخوا بترسن، من خوێنى ئێوەم حەڵاڵ نەكردووە، ئێوە هيچ بەڵگەيەكتان پێيە بۆ رەوايى خوێنى من؟[1]

كوژرانى طەلحەى كوڕى عوبەيدوڵا

دواتر كە جەنگى جەمەل روويدا، عەلى كوڕى ئەبووطاليب طەلحەى دواند و هەندێ لەو قسانەى پێ وت: كە بە زوبەيرى وتبوو، طەلحە ش كەنارى گرت لە جەنگەكەو دواتر تيرێكى بەركەوت و كوژرا،[2] مەڕوانى كوڕى حەكەم طەلحەى كردە چاو، چونكە ئەوى بە بكوژى عوثمانى كوڕى عەففان دەزانى و دەيوت: ئەمە پشتيوانى نەيارانى عوثمان بوو، بۆيە تيرێكى تێگرت و داى لە ئەژنۆى، بەردەوام خوێنى لێدەچوو تا كوشتى،[3] ئەمەش لە رۆژى پێنج شەممە و دەى جوماديلئوولاى ساڵى سى و شەشى كۆچيدا بوو، ئەو كات تەمەنى نزيكەى شەست و چوار ساڵ دەبوو.[4]

كاتێك عەلى تەرمەكەى طەلحەى بينى، خۆڵى سەر دەموچاوى دەتەكاند و رەحمەتى بۆ دەنارد و دەيوت: خۆزگە بيست ساڵ لەمەوبەر بمردمايە، خۆى و هاوەڵانى لەسەر تەرمى طەلحە دەگريان.[5]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٨ – ٢٤١.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٨٥.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٢، قال ابن حجر إسناده صحيح.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٢.
[5] أسد الغابة، ج٣،ص ٨٦

کوژرانی زوبەیری کوڕی عەووام

عەلی بە زوبەیری وت: سوێندت دەدەم بە خوا تۆ گوێت لە پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو کە پێی دەفەرموویت تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگییت و تۆیش ستەمی لێدەکەیت؟ ئەویش وتی: بەڵێ، بەڵام ئەوە ئێستا ئەو فەرموودەیەم بیردەکەوێتەوە، بۆیە کەناری گرت.[١]

ئینجا بە سوارەکەیەوە بە ناو ریزەکاندا دەگەڕایەوە، عەبدوڵای کوڕی وتی: باوکە چیتە؟ زوبەیر وتی: عەلی فەرموودەیەکی بۆ باسکردم کە من خۆم لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستبوو پێی فەرمووم (تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگیت و ستەمیشی لێ دەکەیت)، بۆیە لەگەڵی ناجەنگم، عەبدوڵا وتی: بۆچی بۆ جەنگ هاتبوویت؟ تۆ هاتبوویت تا نێوانی خەڵکەکە رێکبخەیت و خوا بە هۆی تۆوە ئەم بارە رێکبخات، زوبەیر وتی: سوێندم خواردووە جەنگ نەکەم، عەبدوڵا وتی: دەی جیرجیسی کۆیلەت ئازاد بکەو بوەستە تا نێوانی خەڵک رێکبخەت، ئەویش کۆیلەکەی ئازاد کرد و راوەستا، بەڵام خەڵکەکە جیاوازی زیاتری تێکەوت، بۆیە بە ئەسپەکەیەوە چوو.[٢]

زوبەیر کە چوو دای بە لای سەربازگەکەی ئەحنەفدا، ئەویش وتی: کێ دەچێت هەواڵێکی ئەمەم بۆ وەربگرێت، ئیبن جرمووز وتی: من، ئەوەبوو کەوتە شوێن زوبەیر، کە گەیشت بە زوبەیر، زوبەیر زۆر تووڕە بوو، وتی: چیتە؟ ئیشت چیە؟ وتی: هاتوم تا پرسیارێکت لێ بکەم، عەطیە کە خزمەتکارێکی زوبەیر بوو و لەگەڵ زوبەیر بوو وتی: ئەو چەکی پێیە، بەڵام زوبەیر گوێی پێ نەدا، ئیبن جرمووز وتی: کاتی نوێژە، ئەوەبوو دابەزین تا نوێژ بکەن، کەچی ئیبن جرمووز خۆی خستە پشتی زوبەیر

---

[١] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب حواري رسول الله(ﷺ) - رجوع الزبیر عن معرکة الجمل، الرقم ٥٦٢٢.

[٢] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب حواري رسول الله(ﷺ) - رجوع الزبیر عن معرکة الجمل، الرقم ٥٦٢١، حسنه الألباني بل صححه للوجه الثاني للسند في سلسلة الاحادیث الصحیحة، الرقم ٢٦٥٩.

و لـە پشـتەوە کەلەبـەری زرێپۆشـەکەی کـردە ئامانـج و دای لـە زوبەیـر و کوشتی و ئەسپ و چەکەکەشی برد، دواتریش وازی لە خزمەتکارەکەی هێنا، خزمەتکارەکەشی تەرمی زوبەیری ئەسپەردە کرد و دواتر چوو هەواڵەکەی بـردەوە بـۆ خەڵکەکـە.[1]

ئیبن عەبباس دەڵێت: لە جەنگی جەمەلدا بە زوبەیرم وت: ئەرێ هاتویت لەگـەڵ کـوڕی عەبدولموتەلیبدا بجەنگیـت؟ ئیتـر زوبەیـر گەڕایـەوە، کەچـی ئەوەبـوو ئیبـن جرمـووز خـۆی گەیانـد پێـی و کوشـتی، دواترئیبـن عەببـاس هـات و پرسـیاری کرد لە عەلی ئەرێ بکوژەکەی زوبەیر سەرەنجامی بـەرەو کوێیـە؟ عەلـی وتـی: دۆزەخ.

جەنگی صفین

لـە سـاڵی سـی و حەوتـی کۆچیـدا پـاش ئـەوەی موعاویـە ئامـادە نەبـوو بەیعـەت بدات بـە عەلـی و نەگەیشتە ئەنجام، هـەردوو لا لـە سـوپای عەلـی و موعاویـە لـە ناوچەیـەک کـە پێـی دەوتـرا صفیـن بەرامبـەر یـەک وەسـتانەوە، مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک ڕۆژانـە دەجەنـگان، جـار هەبـوو کەمێـک و جاریـش هەبـوو دوو جـار لـە ڕۆژێکدا سـووکە جەنگێـک دەکرا، هەرچەنـدە هـەوڵ درا بگەنـە ئەنجامێـک، بەڵام دواجـار جەنگێکی سـەخت لەنێوان هـەردوولادا ڕوویدا و تیایـدا ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە هـەردو ولا کـوژران، کاتێـک خەریـک بـوو دەسـتەی عەلـی سـەرکەون، خەڵکـی شـام قورئانیـان بـەرز کـردەوەو داوایـان کـرد هـەردوو لا بگەڕێنـەوە بـۆ بڕیـاری قورئـان، ئەوانیش ڕازی بوون و بـەوە جەنگەکـە کۆتایـی هـات.[2]

هەڵوێستی هاوەڵان بەرامبەر بە ئیجتیهادەکەی عەلی

هەڵوێستی هـاوەڵان سـەبارەت بـە ئیجتیهادی عەلی بۆ چارەسـەری پرسـی شـەهیدکردنی عوثمـان خـۆی لـە سـێ دەسـتەدا دەبینیـەوە:

---

[1] تاريخ الطبري، ج٣، ص ٥٥.

[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٥٨-٢٨٤.

دەستەی یەکەم: بڕوایان وابوو دەبێت خێرا تۆڵەی خوێنی عوثمان بکرێتەوە تا نەبێتە مۆدێل و هەرکات دەستەیەک ویستیان هەستن خەلیفە بکوژن، بەتایبەت کوشتنی کەسێکی وەک عوثمانی کوڕی عەففان، بۆ ئەمەش پێشتر نموونەی طەلحەو زوبەیر و عائیشەو موعاویەو عەمر و چەندێکی ترمان خستەڕوو کە تەنانە تا ڕوودانی جەنگی نێوان دوو دەستەی موسڵمانانیش لەسەر مەسەلەکە ڕۆیشتن و ئەو فیتنە گەورەی لێکەوتەوە کە ڕوویدا.

دەستەی دووەم: ئەوانەی هاورای عەلی بوون و دەیانوت با جارێک بارەکە هێور بێتەوە ئینجا تۆڵە لە بکوژانی عوثمان بکرێتەوەو ئەوانەش بەشێکی دیاری ناو هاوەڵان بوون کە لە زنجیرەی ژیانی هاوەڵاندا لە باسی هەرکامیاندا ئاماژەمان بەوانە داوە کە هاورای عەلی بوون و لەناو سوپاکەیدا بەشداری جەمەل و صفین بوون.

دەستەی سێیەم: ئەوانە بوون کە بەریەککەوتنی ئەو دوو ئیجتیهادەیان بینی زانییان چ فیتنەیەکی لێدەکەوێتەوە، بۆیە کەناریان گرت لە هەردوو ئیجتیهادەکەو هیچ بەشداریەکیان نەبوو، بۆ نموونە:

ئیبن عومەر لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری هیچ جەنگێکی نەکرد و و کەناری گرت، بەڵام دواتر لە دواییەکانی تەمەنیدا پەشیمانی دەردەبڕی کە چۆن پشتیوانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نەکرد لەو جەنگانەدا.[1]

کاتێک عەلی کوڕی ئەبووطالیب ویستی جەنگی شام بکات، چوو بۆ لای ئیبن عومەر و هانی دا تا لەگەڵیدا بەشداری بکات، ئیبن عومەر وتی: منیش وەک ئەو خەڵکەی ترم، بەڵام بۆ جەنگ ئەمساڵ ئامادە نیم بەشداری بکەم، دواتر ئیبن عومەر خۆی ئامادە کرد و چوو بەرەو مەککە.[2]

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٤٩.

[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣١.

جا پێش ئەوەی بچێت بۆ مەککە، عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە کەفیلی ئیبن عومەر کە دژی ناوەستێت، دواتر ئیبن عومەر چوو بۆ لای ئوممولکلثومی کچی عەلی کە ژنی عومەری کوڕی خەططاب بوو و پێی وت: کە دەچێت بۆ عومرە، هەروەها وتی: من تەواو گوێڕایەڵی عەلیم جگە لە فەرمان کردنی بە جەنگ و ڕاپەڕین، دواتر وا هەواڵ برا بۆ عەلی وتیان: ئەمشەو بارێکی سەختتر لەوەی عائیشەو طەلحەو زوبەیرو موعاویە ڕوویداوە، وتی چی بووە؟ وتیان: ئیبن عومەر چووە بۆشام، ئیتر بار شڵەژا، کە ئوممولکلثوم ئەوەی بیست، هات بۆ لای عەلی و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، عەلیش دەروونی ئارام بوویەوەو وتی: بڕۆن بەخوا نە من بەدرۆ کەوتمەوەو نە ئەو درۆی کرد، بەخوا من متمانەم زۆرە پێی.[1]

حەکەمی کوڕی عەمری غیفاری بڕیاری دا کەنار بگرێت لەو فیتنەی پەیدا بووە، ئەوەبوو کاتێک عەلی کوڕی ئەبوو طالیب نێردراوێکی نارد بۆ لای، نێردراوەکە وتی: ئەمیری باوەڕداران پێت دەڵێت: تۆ لە هەموان شیاوتری تا لەسەر ئەم مەسەلە هاوکارمان بیت، حەکەمیش لە وەڵامی خەلیفەدا وتی: دەی ئەی ئەمیری باوەڕداران من لە خۆشەویستم بیستووە کە ئامۆزای تۆیە دەیفەرموو: (ئەگەر باری وا هات شمشێرێکی تەختە دروست بکە).[2]

خوزەیمەی کوڕی ثابت لە فیتنەی نێوان هاوەڵاندا بەشداری نەکرد، بەڵکو شمشێرەکەی لە کالان نابوو، ئەوەبوو لە جەمەلدا هەرچەندە ئامادە بوو بەڵام شمشێری لە کالان دەرنەکرد،[3] بەڵام کاتێک لە جەنگی صفیندا بینی عەمماری کوڕی یاسر کوژرا، ئەو دەیوت: جەنگ ناکەم تا بزانم کێ عەممار دەکوژێت، هەرکەس کوشتی ئەوکات دەجەنگم، چونکە بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: دەستەی باغی و سەرکەش عەممار دەکوژن،

[1] الكامل في التأريخ لابن أثير، ج٣، ص ١٠٠.

[2] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب الحكم بن عمرو الغفاري(ﷺ)، الرقم ٥٩٢١، سكت عنه الذهبي في التلخيص.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٥٩.

ئیتر کە عەممار کوژرا خوزەیمە وتی: وا گومڕایی و نەپێکانم بۆ ڕوون بوویەوە، شمشێری لە کالان دەرکردو جەنگا تا کوژرا.[1] واتە خوزەیمە حوکمی عەلی پێ ڕەوا و دروست بوو و لەناو ڕیزی سوپای ئەودا مایەوەو کوژرا.[2]

ڕایەکی تری جیاوازو تایبەت ڕای حەسەنی کوڕی بوو، کە لەلایەکەوە هەوڵی ڕاگرتنی جەنگەکانی باوکی دەدا و لەلایەکی تریشەوە لە مەیدانەکەدا تەنها جێی نەدەهێشت.

حەسەنی کوڕی عەلی بەیعەتی دا بە عەلی باوکی و لەگەڵیدا مایەوە، کاتێک سەربازگەکەی عەلی لە ڕەبذە بوو تا بچن بۆ جەنگی دژ بە طەلحەو زوبەیر، پاش ئەوەی نوێژیان کرد، حەسەن چوو بۆ لای عەلی باوکی و لەلای دانیشت و وتوێژێکی لەگەڵ باوکیدا کرد، حەسەن وتی: باوکە من شتێکم پێ وتیت و تۆیش لە قسەم دەرچوویت، سبەی بێ کەس دەکوژرێیت و کەس پشتت ناگرێ، عەلیش پێی وت: تۆ هێشتا لووشکەلووشکی کچانت هەیە، چیت پێ وتم: و من بەگوێم نەکردیت؟ حەسەن وتی: ئەو ڕۆژەی گەمارۆی ماڵی عوثمان درا داوام لێکردیت لە مەدینە بچیتە دەرەوە تا کاتێک عوثمان کوژرا تۆ لەناو مەدینەدا نەبیت، پاشان ئەو ڕۆژەی عوثمان کوژرا پێم وتیت بەیعەت لەکەس وەرنەگریت تا وەفدی خەڵکی ناوچەکان و عەرەب و بەیعەتی هەموو میصرت بۆ بێت، پاشان کاتێک ئەو دوانە بەزمی خۆیان کرد پێم وتیت لە ماڵی خۆتدا بمێنیتەوە تا ڕێکدەکەون، ئەگەر خراپەی لێکەوتەوە ئەوە تۆی بەرنەدەکەوت، کەچی لە هەموو ئەمانەدا تۆ پێچەوانەی من جووڵایتەوە، عەلیش وتی: کوڕی ئازیزم، سەبارەت بە دەرچوونم لە مەدینە کاتێک عوثمان گەمارۆ درابوو، دەی سوێند بەخوا وەک چۆن ئەو

[1] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب عمار بن یاسر(ﷺ) - ذکر شهادة عمار بن یاسر(ﷺ)، الرقم ٥٧٠٥.

[2] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٢، ص ٢٧٨.

گەمارۆ درابوو منیش گەمارۆ درابووم، سەبارەت بەوەی بەیعەت وەرنەگرم تا هەموو ناوچەکان بێن و بەیعەت بدەن، دەسەڵاتەکە هی مەدینە بوو و پێمان باش نەبوو ئەو دەسەڵاتە بفەوتێت، سەبارەت بە دەرچوونی طەلحەو زوبەیریش ئەوە کەموکورتی و ترسنۆکی بوو بۆ موسڵمانان، سوێند بەخوا لەو کاتەوەی دەسەڵاتم وەرگرتووە پشتم بەردراوە و ئەوەی پێویست بووە نەهاتووەتە ڕێم، سەبارەت بەوەی لە ماڵەوە دابنیشتایەم، ئەی چیم بکردایە بەوەی دەهات بۆ لام، تۆ ئەتویست من چۆن بم؟ دەتویست وەک ئەو جرجە بوومایە کە گەمارۆ دەدرێت دباب دبابیەتی-بانگکردنی نێوان جرجەکان-.[1]

بەڵام حەسەن کە ئەمانەی دەوت بە باوکی، هاوکات ئامادەیی هەبو وهەموو پشتگیریەکی باوکی بکات وەک خەلیفەیەک کە بەیعەتی پێدابوو، بۆیە کاتێک عەلی داوای کرد خەڵکی کووفە بێنە ناو ڕیزی سوپاکەی و ئەبووموسای ئەشعەریش خەڵکەکەی سارد دەکردەوە تا نەچن چونکە ئەوەی بە فیتنەیەک دەزانی، عەلی چەند کەسێکی نارد تا خەڵکەکە ڕازی بکەن بێنە ناو سوپاکەی، بەڵام هیچکام ئەوەیان پێ نەکرا، دواجار عەلی حەسەنی کوڕی نارد لەگەڵ عەمماردا، ئەوەبوو حەسەن وعەلی چوونە مزگەوتی کوفەو لەوێ ئەبوو مووسا کە حەسەنی بینی باوەشی پێداکرد، حەسەن وتی: ئەی ئەبوو مووسا بۆچی خەڵکمان لێدەتەکێنیتەوە، سوێند بەخوا ئێمە تەنها خێرمان دەوێت و کەسی وەک ئەمیری باوەڕدارانیش لەهیچ ناترسێت، ئەبووموسا وتی: بە دایک و باوکمەوە بەقوربانت بم ڕاست دەکەیت، بەڵام ڕاوێژپێکراو دەبێت سپاردەکار بێت، من بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (فیتنەیەک ڕوودەدات کە ئەوەی تیایدا دانیشتووە زۆر باشترە لەوەی تیایدا ڕاوەستاوە، ئەوەی تیایدا ڕاوەستاوە زۆر باشترە لەوەی تیایدا ڕێ دەکات، ئەوەی تیایدا ڕێ دەکات زۆر باشترە لەوەی تیایدا سوارە) خوا ئێمەی کردوەتە برای یەک و ماڵ و خوێنی لەیەک حەرام

[1] تاريخ الطبري، ج٣، ص ١١.

کردوین، ئینجا چەند ئایەتێکی خوێندەوە، عەممار کە لەگەڵ حەسەن بوو تووڕە بوو و هەستا و کەوتە قسەکردن لەناو خەڵکەکەدا، هەندێکیش وەڵامیان دایەوە... حەسەن دواتر قسەی بۆ خەڵکەکە کرد و وتی: ئەی خەڵکینە بێن بەدەم بانگەوازی ئەمیرەکەتانەوەو بچن بۆ لای براکانتان، چونکە هەموو کەسێ دەبێت بچێت بەدەم ئەم بانگەوازەوە، سوێند بەخوا ئەگەر کەسانی ژیر ئەم بارە بگرنە دەست زۆر لەپێشتر و باشترە بۆ داهاتووش، دەی وەرن بەدەم بانگەوازەکەمانەوەو لەو بارەدا کە ئێمەو ئێوەش پێی تاقی دەکرێینەوە هاریکارمان بن، بەوە خەڵکەکە رازی بوون. [1]

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص کەسایەتییەکی دیار بوو، خەڵکی وازیان لێنەدەهێنا و داوای هەڵوێستیان لێدەکرد، ئەویش وەڵامێکی لەم چەشنەی دانەوە: شمشێرێکم بدەنێ دوو چاوی بینا و زمانێکی هەبێت کە کافرم دی پێم بڵێت بیکوژە و کە باوەڕدارم دی پێم بڵێت دەستی لێ بکێشمەوە، ئینجا وتی: نموونەی من و ئێوە وەک خەڵکانێکە کە لەسەر رێیەکی روون دەڕۆن، لەو نێوەندەدا گێژەڵووکەو رەشەبایەک هەڵدەکات و رێگەیان لێ ون دەبێت، هەندێک دەڵێن با بە لای راستدا بڕۆین، دەڕۆن و ون دەبن و سەریان لێ دەشێوێت، ئەوانی تریش لای چەپ دەگرن و ون دەبن و سەریان لێدەشێوێت، ئەوانەش دەمێننەوە دەڵێن: ئێمە کە رەشەباکە هات لەسەر ئەو رێیە بووین، لێرە دەمێنینەوەو ناجووڵێین، دەمێننەوە هەتا رۆژ دەبێتەوەو رەشەباکە نامێنێت و رێگەکە روون دەبێتەوە، ئەوانە ئەهلی جەماعەن.[2]

مەسەلەی دادوەری

کاتێک عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان رێککەوتن لەسەر دانانی دوو دادوەر بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان و پێدانی دەسەڵاتی تەواو پێیان تا بڕیاری کۆتایی بدەن، موعاویەی کوڕی

---

[1] تاريخ الطبري، ج٣، ص ٢٦-٢٧.

[2] ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج٣٩، ص ٤٩٦.

ئەبووسوفیان عەمری کوڕی عاصی راسپارد، عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش ئەبوو مووسای ئەشعەری راسپارد، هەرچەندە داوای لێکرا کە ئیبن عەبباس بکات بە دادوەر، بەڵام لەلایەکەوە لەبەر فشاری یەمانیەکان و لە لایەکی تریشەوە لەبەر زانینی پلەوپایەی ئەبوو مووسا خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووطالیب ئەبوو مووسای بۆ ئەو ئەرکە راسپارد، خەلیفە بە ئەبوو مووسا و عەمری کوڕی عاصیشی وت: لەسەر بنەمای قورئان حوکم بدەن، قورئانیش پشتیوانی منە، ئەگەر بەپێی قورئان حوکم نەدەن بڕیارتان بۆ نیە.[1]

لێرەدا گێڕانەوەیەکی باو و بڵاو سەبارەت بە دادوەریەکە هەیە کە زۆرێک لە سەرچاوەکان هێناویانەو کردوویانە بە بەڵگەیەک بۆ تانەدان لە هەریەک لە ئەبوو مووسای ئەشعەری و عەمری کوڕی عاص، دەستەیەکیش وەڵامی ئەو گێڕانەوەیان داوەتەوە، بە کورتی هەردوو راکە دەخەینەڕوو:

ئەبوو موخنەف دەڵێت: ئەبووجونابی کەلبی بۆی گێڕامەوە کاتێک عەمر و ئەبوو مووسا لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە، عەمر پێش ئەبوو مووسا قسەی کرد و وتی: تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خوایت و لە من بەتەمەنتریت، تۆ قسە بکەو منیش دواتر قسە دەکەم، لە هەموو شتێکدا عەمر ئەبوو مووسای پێشدەخست و بەوە خەڵەتاندی تا پێشتر ئەو عەلی کەنار بخات، عەمر دواتر ویستی موعاویە بهێڵێتەوە، بەڵام ئەبوو مووسا رازی نەبوو، ئینجا ویستی کوڕەکەی خۆی دابنێت، بەڵام رازی نەبوو، ئەبوو مووسایش ویستی عەبدوڵای کوڕی عومەر دابنێن، بەڵام عەمر رازی نەبوو، عەمر وتی: رای خۆتم پێ بڵێ، ئەبوو مووسا وتی: رام وایە ئەم دوو پیاوە(عەلی و موعاویە) لا ببەین و مەسەلەکە بکەین بە شووورای نێوان موسڵمانان و موسڵمانان خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێک هەڵبژێرن، عەمر وتی: منیش هاوڕای تۆم، ئەوەبوو چوون بۆ لای خەڵکەکەو ئەبوو مووسا پێشتر

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٧٧.

قسەی کرد و وتی: رای من و عەمر لەسەر یەک شتە کە هیوامان وایە خوای گەورە بەو هۆیەوە باری ئەم ئوممەتە رێک بخات، عەمر وتی: ئەبوو مووسا راست دەڵێت، ئەبوومووسای پێشخست، ئیبن عەبباس بە ئەبوومووسای وتمالۆیران وادەزانم لەخشتەت دەبات، ئەگەر ئێوە لەسەر شتێک رێککەوتون دەی تۆ ئەو پێش بخە با ئەو قسەکەی بکات ئینجا تۆ قسە بکە، چونکە عەمر کەسێکی ناپاکە...ئەبوومووسا سادە بوو و پێی وت: ئێمە رێککەوتویننبۆیە پێشکەوت و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە تەماشای باری ئەم ئوممەتەمان کرد و باشترین شت بۆ ئەوە کە رای من و عەمری لەسەرە ئەوەیە عەلی و موعاویە لابەرین و ئەم ئوممەتە رووبکەنە مەسەلەکەو خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێک بکەنە ئەمیر، وا من عەلی و موعاویەشم لابرد و ئێوە خۆتان کەسێک بکەن بە ئەمیر کە بە باشی دەزانن، دواتر ئەبوو مووسا کەناری گرت و عەمری کوڕی عاص هەستا و هاتە شوێنەکەی و سوپاس و ستایشی خوای کرد و وتی: قسەکانی ئەوتان بیست کە هاوەڵەکەی خۆی لابرد، منیش وەک ئەو هاوەڵەکەی خۆی لادەبەم و موعاویەی هاوەڵم دەهێڵمەوە، چونکە ئەو وەلی عوثمانی کوڕی عەففانەو داواکاری خوێنی ئەوە و شیاوترین کەسە بە شوێنەکەی، ئەبوو مووسا وتی: چیتە خوا مۆفەقت نەکات ناپاکیت نواند و لاتدا، نموونەی تۆ وەک سەگ وایە، عەمریش وتی: نموونەی تۆیش وەک کەر وایە، جا شورەیحی کوڕی هانیء هەڵیکوتایە سەر عەمر و بە قامچی لێیدا، کوڕێکی عەمریش هەڵیکوتایە سەر شورەیح و بە قامچی لێیدا، خەڵکی هەستان و جیایان کردنەوە، جا شورەیح دواتر دەیوت: پەشیمانم لەوەی لە بری قامچیەکەم بە شمشێر نەمدا لە عەمر...ئیبن عەبباسیش دەیوت: خوا ئەبوو مووسا بێزراو بکات خۆ من هۆشیارم کردەوە کەچی وەرینەگرت... جا عەمر و شامیەکان گەڕانەوە بۆ لای موعاویەو خیلافەتیان پێ سپارد

و ئیبن عەبباس و شورەیحیش گەڕانەوە بۆ لای عەلی، جا کە نوێژی بەیانی دەکرد لە قنووتدا نزای دەکرد خوایە نەفرینت بنێرە بۆ موعاویەو عەمر و ئەبولئەعوەری سولەمی و حەبیب و عەبدورەحمانی کوڕی خالید و ضەحاکی کوڕی قەیس و وەلید، موعاویەش کە ئەوەی بیست لە هەموو قنووتێکدا دەستی دەکرد بە نەفرین کردنی عەلی و ئیبن عەبباس و ئەشتەر و حەسەن و حوسەین.[1]

ئەم گێڕانەوەیە هی ئەبوو موخنەفە کە یەکێکە لەو شیعانەی زۆرترین گێڕانەوەی دژ بە هاوەڵان و ئەهلی سوننە تۆمار کردووە، ناوەڕۆکی گێڕانەوەکەشی زۆر جێی گومانە و ئەم تۆمەتانەی لێدەکەوێتەوە:

یەکەم: بە گەمژەو نەفام دانانی ئەبوو مووسای ئەشعەری لە کاتێکدا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی نارد بۆ یەمەن و بەرپرسیارێتی پێ سپارد، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) یەکێک بوو لەو چوار کەسەی کە فتوای دەدا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەطاب و عوثمانی کوڕی عەففانیشدا والی و بەرپرس بوو.

دووەم: بە ناپاک دانانی عەمری کوڕی عاص کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و پێدانی سیفەتی ناپاکی پێی.

سێیەم: زمانی ئەبوو مووسا هی قسەوتنی وا ناشیرین نەبوو، زمانی عەمریش هەروا، هاوکات زمانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب زمانی ئەو هەموو نەفرینە نیە لەو هەموو کەسە، ئەوێش لەکاتی نوێژی بەیانیدا، هەروەک زمانی موعاویەش ئەو زمانە نەبوو.

چوارەم: ئەگەریش وابێت، خۆ مەرجی رازیبوون ئەوەیە هەردوولا لەسەر یەک وتە رێککەوتبن، خۆ ئەبوو مووسا وتی: وا رێککەوتوین هەردووکیان لابەرین و وا من عەلی و موعاویەشم لابرد، بۆیە ئەگەریش عەمر وایکردبێت، ئەوە کارەکەی سەرکەوتوو نەبووە.

[1] تأريخ الطبري، ج٣، ص ١١٣.

بۆیە ئەم گێڕانەوەیە زیاتر دەمارگیری توندی مەزهەبی شیعەی پێوە دیارەو زۆر دووبارەبوونەوەشی لە سەرچاوەکاندا تەنها لەم بنەڕەتەوەیە کە گێڕەرەوەکەی ئەبوو موخنەفی شیعەیە، خواش زاناترە بە راستیەکان.

سەبارەت بە گێڕانەوەی دووەم دەقی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی لە کتێبی (العواصم من القواصم) دادەنێین سەبارەت بە مەسەلەی تەحکیم (دادوەری):

خەڵکی سەبارەت بە تەحکیم حوکمیان داوەو شتانێکیان وتووە کە خوا پێی رازی نیە، ئەگەر جیا لە ئایینداریش بە چاوی پیاوەتی تەماشای بکەیت، تێدەگەیت لە نووسینەکاندا بێمانایيەک هەیە کە زیاتر بێدینیەو کەمترین شت بیڵێین دەڵێین نەفامیەکی روونە، ئەوەی لەو بارەوە راستە ئەوەیە کە پێشەوایانی وەک خەلیفە ئیبن خەییاط و دارەقوطنی گێڕاویانەتەوە کە کاتێک دەستەی عێراقی بە سەد هەزار و دەستەی شامی بە حەفتا یان نەوەد هەزارەوە دەرچوون و لە صفین لای فورات دابەزین و لە رۆژی سێ شەممەو لە بەرەبەیانەوە جەنگان و خەڵکی عێراق سەرکەوتن بەسەریاندا، دواتر رۆژی چوارشەممە لە حەوتی صەفەری ساڵی سی و حەوت هەمدی جەنگان تا ئەو کاتەی دوو کەس لە هەردوو لابڕیاری دادوەرییان پێدرا، لە بەرەی عەلیەوە پێنج شەممەو رۆژی هەینی و شەوی شەممە بوو، خەڵکی شام قورئانەکانیان بەرز کردنەوەو داوای رێککەوتنیان کرد و هەموان بڵاوەیان لێکرد و لەسەر ئەوە رێککەوتن هەر دەستەیەک باری خۆی بداتە دەست کەسێک، ئەبوو مووسا لە بەرەی عەلی و عەمری کوڕی عاص لە بەرەی موعاویەوە، ئەبوو مووسا کەسێکی زۆر خواناس و زانا و فیقهناس بوو، پێغەمبەر(ﷺ) هاودەم بە موعاذ ناردبووی بۆ یەمەن و عومەر پایەی پێدابوو و وەسفی تێگەیشتوویی کردووە، ئەو دەستە زبرە مێژووییە وتەی ناراستە کە ئەبوو مووسا بە گەمژەو ڕا لاواز و هەڵخەڵەتاو لە قسەدا

وەسف دەکات و ئیبنولعاصیش بە زیرەک و لێزانی وا وەسف دەکات کە بە نموونە باسکراوە و جەخت دەکەنەوە لەو ویستی خراپەی هەیبووەو هەندێ نەفامیش شوێن ئەو رایە کەوتوون و چیرۆک و شتانێکی وایان سەبارەت بە ئەو و هاوەڵانی تریش نووسیوە.. دەڵێن کاتێک ئەوان لە ئەذرەح لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە و دانووستانیان کرد و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەردوو لا بەرپرسانیان لاببەن، عەمر بە ئەبوومووسای وتووە تۆ پێشتر قسە بکە، ئەویش پێشکەوت و وتی: من لە مەسەلەکە ورد بوومەوەو عەلیم لە پۆستەکەی لابرد و با موسڵمانان لەنێو خۆیاندا بڕیار بدەن وەک چۆن شمشێرەکەشم لە گەردنم لابرد، ئەوەبوو لایبرد و لەسەر زەوی داینا، عەمریش هەستا و شمشێرەکەی خستە سەر زەوی و وتی: من لە مەسەلەکە رامام و موعاویەم لە مەسەلەکەدا هێشتەوە و ئەم شمشێرەشم لە گەرنمدا دەهێڵمەوە، ئەبوو مووسا بەوە نارازی بوو و سەرکۆنەی کرد و عەمریش وتی: وا رێککەوتین، خەڵکەکە بەو باری ناکۆکیە بلاوەیان لێکرد، ئەمە درۆیەکی راشکاوەو یەک پیتیشی لە راستیدا رووینەداوەو داهێنەران و مێژوونووسانی پاشایان ئەمەیان داناوەو خەڵکێ کە بە ئاشکرا لە فەرمانی خوا دەردەچن و بیدعە دەنوێنن بە میراتی ئەو وتانەیان وەرگرتووە، ئەوەی چەسپاوەو زانایانی راستبێژ گێڕاویانەتەوە ئەوەیە کاتێک ئەو دوانە کۆبوونەوە تا لە مەسەلەکە رامێنن و دەستەیەکی رێزداری خەڵکیش ئامادە بوون لەوانە ئیبن عومەر و هاوچەشنانی، عەمریش موعاویەی کەنار خستووە، دارەقوطنی بە سەنەدی خۆی لە حوصەینی کوری مونذیرەوە هێناویەتی کاتێک عەمر موعاویەی کەنارخست، حوصەین چوو لە نزیک چادرەکەی موعاویەوە چادری هەڵدا، موعاویە کە هەواڵی بیست ناردی بە شوێنیدا و وتی: بیستوومە عەمر ئاواو ئاوای وتووەو کردووە، جا برۆ بزانە ئەوە چیە من لە بارەیەوە بیستوومە، حوصەین

دەڵێت: منیش چووم بۆ لای و وتم: باسی ئەو کارەم بۆ بکە کە تۆ و ئەبو مووسا بۆی راسپێردراون چیتان کرد، ئەویش وتی: خەڵکی قسەی خۆیان لەو بارەوە کرد، بەخوا بارەکە وەک ئەوەی ئەوان نەبوو، بەڵکو من بە ئەبوو مووسام وت: رات لەم بارەیەوە چیە، ئەویش وتی: من پێم وایە دەسەلات بۆ یەکێک لەو کەسانە بێت کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و لێیان رازی بوو، منیش وتم: ئەی من و موعاویە چی لێدەکەیت؟ وتی: پشتتان پێ ببەستێت چونکە ئێوە پشتیوانیتان لەدەست دێت، حوصەین چوویەوە بۆ لای موعاویەو بەسەرهاتەکەی وەک خۆی بۆ گێرایەوە، ئەویش ناردی بۆ لای ئەبیلئەعوەری ذەکوانی و بە سوارەکانیەوە ناردی، ئەویش چوو سواری ئەسپەکەی بووو غاری دەدا و دەیوت: کوا دوژمنی خوا؟ کوا ئەو فاسقە؟ عەمر چوو بۆ لای ئەسپێکی لەژێر چادرەکەیدا و بێ زین هێنایە دەرەوەو بەرەو لای چادرەکەی موعاویە غاری دەدا و دەیوت: (إن الضجور قد تحتلب العلبة يا معاوية إن الضجور قد تحتلب العلبة) جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات ئەی موعاویە جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات.[1]

جەنگی خەواریجەکان

لەو سەروبەندە پڕ کێشەو ئاڵۆزیەدا، خەواریجەکانیش دەرکەوتن و گەیشتنە ئەوەی راشکاوانە حوکمی کوفری عەلی کوڕی ئەبوطالیبیان دەدا، دروشمەکەیان ئەوەبوو دەیانوت حوکم تەنها بۆ خوایە، هەرچەندە عەلی دەیویست تێیان بگەیەنێت کە بیری ئەوان دەرچوونە لە ئیسلام، چونکە پەیامی حوکمی خوایان دروست بوو، بەڵام جۆری گەیشتن بەوە لە دەرچوون لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە عەلی ئامادە نەبوو بەرنامەکەی ئەوان پەیرەو بکات، کەوتنە دژایەتی کردن و قسەپێ وتنی، بەڵام عەلی هەر نەرمی دەنواند بەرامبەریان و دەیوت: مزگەوتتان لێ قەدەغە ناکەین و پشکی خۆتان

[1] العواصم من القواصم لابن العربي، ١٧٨-١٨١.

پێ دەدین و لەگەڵتان ناجەنگین مەگەر ئێوە دەست بکەن بە جەنگ، لەولاوە سەرکردەکانی خەواریج لە کووفە بڕیاریان دا لە کووفە بچنە دەرەوەو لە ناوچەی نەهرەوان کۆببنەوەو لەوێوە پەل بهاوێژن، لەوێ کۆبوونەوەو بەهێز بوون، کاتێکیش بڕیاری دادوەریەکەیان پێ گەیشت، ئەوەشیان بەرپەرچ دایەوە، هەروەها کەوتنە کوشتار و ئاژاوە نانەوە، بەتایبەت کوشتنی عەبدولای کوڕی خەبباب و هەڵدڕینی سکی ژنەکەی، کە عەلی ئەمەی بیست، ئیتر بڕیاری دا هێرش بباتە سەر خەواریج و لەگەڵیان بجەنگێت، سوپای کۆکردەوەو لە رووبار پەڕیەوەو خۆی گەیاندە لای خەواریجەکان، سەرەتا داوای کرد ئەوانەی بەشدار بوون لە کوشتاری خەڵکدا تەسلیم بکرێن تا تۆڵەیان لێ بکرێتەوە، کەچی ئەوان رازی نەبوون، ئەوانیش وتیان: هەموومان بکوژین و خوێنی ئێوەشمان لا حەڵاڵە، هەریەک لە ئەبووئەیووبی ئەنصاری و سەعدی کوڕی عوبادە هەستان و ئامۆژگارییان کردن، بەڵام سوودی نەبوو، دواتر عەلی خۆی قسەی بۆ کردن، کەچی هەر وازیان نەهێنا، دواجار جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا روویدا و تیایدا خەواریجەکان شکان و کوشتارێکی زۆریان لێ کرا.[1]

شەهیدکردنی عەلی

ئەمیری باوەڕداران عەلی بارێکی سەختی تووش بووبوو، لەلایەکەوە شپرزی سوپاکەی و لەلایەکی ترەوە سەرکەشی عێراقیەکان و لەولاوە کێشەی موعاویەو لەلایەکی تریشەوە بوونی خەواریجەکان، ئیتر عەلی وای لێهات بێزار بوو لە ژیان تا ئەوەی ئاواتی بە مەرگ دەخواست، هاوکات دڵنیا بوو لەوەی بە شەهیدی دەمرێت نەک بە مردنی ناو جێ، تەنانەت کە خەواریجەکان پێیان وت: لەخوا بترسە تۆیش دەمریت، وتی: نابەخوا نامرم بەڵکو ئەم ریشەم سوور دەبێت بە خوێن.[2]

---

(1) البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٨٥ - ٢٩٠.

(2) البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٣٢٤.

سێ کەس لە خەواریجەکان کە بریتی بوون لە ئیبنولمولجەم و بەرکی کوڕی عەبدوڵا و عەمری کوڕی بەکر کۆبوونەوەو باسی کوشتاری هاوڕێکانیان لە نەهرەوان کرد، بۆیە بڕیاری تۆڵەیان دا و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هەرکامیان و یەکێک لە سەرکردەکان بکوژێت، ئیبنولمولجەم وتی: من عەلی دەکوژم، بەرک وتی: منیش موعاویە دەکوژم، عەمریش وتی: منیش عەمری کوڕی عاص دەکوژم، ئەوەبوو هەرسێیان بەڵێنیان بە یەکدی دا و شمشێرەکانیان ژەهراوی کرد و وادەی حەڤدەی ڕەمەزانیان دانا، ئیبنولمولجەم چوو بۆ کووفەو خۆی شاردەوە لە خەواریجەکانی ئەوێ، جارێک یەکێک لە کچی خەواریجەکان کە ناوی قوطام بوو و باوک و برای لە نەهرەواندا کوژرابوون و ئافرەتێکی زۆر جوان بوو و چووبوویە مزگەوت و خۆی یەکلاکردبوویەوە بۆ پەرستش، ئیبنولمولجەم ئەم ئافرەتەی بینی و داوای کرد، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، تا دواجار سێ مەرجی بۆ دانا، هەزار درهەم و خزمەتکارێک و ڕێی کوشتنی عەلی، ئەویش وتی: دەی بەخوا بەس بۆ ئەوە هاتوومەتە ئەم شارە، ئەوەبوو مارەی کرد و گواستیەوە، قوطامیش بەردەوام هانی دەدا و کەس و پشتیوانیشی بۆ پەیدا کرد، ئەوەبوو لە کاتی دیاریکراودا ئیبنولمولجەم هاودەم بە دوو پشتیوانی کە (وەردان) و (شەبیب) بوون چوونە سەر ڕێی عەلی، کە عەلییان بینی خەڵکی بێدار دەکردەوە بۆ نوێژ، شەبیب هەڵمەتی بۆ برد و شمشێرێکی لێدا، ئیبنلمولجەمیش شمشێرێکی لێدا و خوێن ڕیشی سوور کرد، ئینجا ئیبنولمولجەم دەیوت: حوکم تەنها بۆ خوایە ئەی عەلی، نە بۆ تۆ و نە بۆ هاوەڵەکانت، عەلیش هاواری کرد بیگرن، وەردان ڕایکرد و کابرایەکی حەضرەمەوتی خۆی پێگەیاند و کوشتی، شەبیبیش ڕایکرد و ڕزگاری بوو، ئیبنولمولجەمیش گیرا، جەعدەی کوڕی هوبەیرە نوێژەکەی بەیانی بۆ خەڵکەکە کرد و عەلی برایەوە ماڵەوە، ئیبنولمولجەمیش برا بۆ لای، عەلی وتی: ئەی دوژمنی خوا مەگەر من چاکەم لەگەڵ نەکردیت؟ وتی: با، وتی: ئەی بۆ

واتکرد؟ وتی: چل رۆژە ئەو شمشێرە ئامادە دەکەم و داوام لە خوا کرد خراپترین کەسی پێ بکوژێت، عەلی وتی: خۆتیت بەوە دەکوژرێیت، تۆیش خراپترین کەسەکەیت، ئینجا وتی: ئەگەر مردم ئەوە بیکوژن و ئەگەریش خۆم ژیام دەزانم چی پێ دەکەم، جوندوبی کوڕی عەبدوڵا وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران بەیعەت بدەین بە حەسەن؟ فەرمووی: نە فەرمانتان پێ دەکەم و نە ڕێگریتان لێ دەکەم، خۆتان باشتر دەزانن، ئیتر بەردەوام دەیوت: لا الە الا اللە و هیچی تری نەدەوت.[1] ئەمەش ئاماژەیە بەوەی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ڕاوێژی پێ ڕەوا بووە نەک دەسەڵاتی بنەماڵەیی و پشتاوپشتی.

پاشان عەلی هەریەک لە حەسەن و حوسەینی بانگ کرد و ئامۆژگاری کردن و وەسیەتی بۆ کردن تا لەخواترس بن و دنیا لەخشتەیان نەبات و قسەی حەق بڵێن و کار بکەن بۆ ڕۆژی دوایی و نەیاری ستەمکار و سەرخەری ستەملێکراو بن و کار بە قورئان بکەن و لەبەر خوا ترسیان لە لۆمەی لۆمەکاران نەبێت، ئینجا بە موحەممەدی کوڕیشی وت: هەمان ئامۆژگاریشم بۆ تۆ هەیەو داواشم لێتە ڕێز لە براکانت بگریت چونکە مافیان بەسەرتەوە زۆرە، داوای کرد لە حەسەن و حوسەینیش چاک بن لەگەڵ موحەممەد چونکە برایانە و خۆشەویستی باوکیانە.، ئینجا ڕوویکردە حەسەن و وتی: کوڕی خۆم وەسیەتت بۆ دەکەم لەخواترس بیت و نوێژەکان لە کاتی خۆیدا بکەیت و زەکات لە کاتی خۆیدا بدەیت و جوان دەستنوێژ بگریت چونکە نوێژ بە پاکی قبووڵە، نوێژی زەکات نەدەر دروست نیە، لێبوردنت هەبێت بۆ تاوانکار و قین و تووڕەییت بخۆرەوەو پەیوەندی خزمایەتیت بەتین بکە و لەگەڵ نەزاناندا لەسەرخۆ بە و شارەزای ئایین بەو خۆراگربە لەسەر دینداری و پەیوەستی قورئان بەو دراوسێیەتیت چاک بێت و فەرمان بکە بە چاکەو ڕێگری بکە لە خراپە و دوور بە لە خراپەو داوێن پیسی.[2]

---

[1] البدایة و النهایة لابن کثیر، ج٧، ص ٣٢٤-٣٢٨.

[2] تاریخ الطبری، ج٣، ص ١٥٨.

دوای وەسیەتەکەی یەک قسەی نەدەکرد جگە لە لا الە الا اللە تا وەفاتی کرد.[1]

بشکێ دەستی گڵاوی ئیبنولمولجەم کە مەولای باوەڕداران و خۆشەویستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و خەلیفەی موسڵمانانی بەو دەردە برد و بە هەموو عەقڵێکی بەتاڵی خۆیشی چاوەڕێی پاداشتی خوایی بوو، بوەستێ هەر دڵێ کە خۆشحاڵ دەبێت بەو کارەی ئیبنولمولجەم.

ئینجا کە عەلی وەفاتی کرد حەسەن هەستاو وتارێکی پێشکەش کرد بە خەڵکەکەو تیایدا وتی: دوێنێ کەسێک جێی هێشتن کە پێش خۆی و پاش خۆیشی هێندەی ئەو زانستیان نەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) کە ئاڵای دەدایە دەست پشتی هەڵنەدەکرد تا ئەو شوێنەی فەتح دەکرد، جبریل لە لای ڕاستیەوە بوو و میکائیل لە لای چەپیەوە بوو، تەنها شتێک پاش خۆی جێی هێشتبێت حەوت سەد درهەم بووە کە لە مووچەکەی پاشەکەوتی کردووە، دەیویست بەو پارەیە خزمەتکارێک بکڕێت،[2] شەوێک کوژرا کە تیایدا قورئان دابەزیوە، تیایدا عیسا بەرزکرایەوە، تیایدا مووسا گیانی سپارد)، حەسەن و حوسەین و عەبدوڵای کوڕی جەعفەر تەرمەکەی عەلییان شۆرد،[3] ئینجا حەسەن نوێژی لەسەر باوکی کرد.[4]

شەهیدکردنی عەلی لە شەوی حەڤدەی مانگی ڕەمەزانی ساڵی چلی کۆچیدا بوو، ماوەی خیلافەتەکەی چوار ساڵ و هەشت مانگ و نیو بوو.[5]

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٣٢٩.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند أهل البيت رضوان الله عليهم أجمعين - حديث الحسن بن علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ١٧٤٢، حسنه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم ٢٤٩٦، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٣٢٩.

[4] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر إسلام أبي ذر(ﷺ) - قتل علي ليلة أنزل القرآن، الرقم ٤٧١٣، سكت عنه الذهبي.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٦٩.

٢٣٩٥. عەلی کوڕی ئەبیلعاص(ﷺ)

ناوی عەلی کوری ئەبیلعاصە، کچەزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، دایکی ناوی زەینەبی کچی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

زەینەب لە ئەبولعاص کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەلی کە هەر بە هەرزەکاری وەفاتی کرد،[١] لە فەتحی مەککەدا پێغەمبەر(ﷺ) عەلی لە دوای خۆیەوە سوار کردبوو.[٢]

٢٣٩٦. عەمرەی پووری سەعد(ﷺ)

ناوی عەمرەی کچی مەسعوودەو پووری سەعدی کوڕی عوبادەیە، مێردەکەی ناوی ئەوسی کوڕی زەید بوو کە کوڕێکی لێی بوو ناوی نا مەسعوود، دوای ئەوس شووی کرد بە سەهلی کوڕی ثەعلەبەو کوڕێک و کچێکی لێی بوو، عەمرە چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، ئەم ئافرەتە چوار خوشکی تری هەبوو کە ئەوانیش هەموویان ناویان عەمرە بوو و هەموویشیان هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون.[٣]

٢٣٩٧. عەمرەی کچی حارث(ﷺ)

ناوی عەمرەی کچی حارثەو خوشکی دایکی باوەڕداران جوەیریەیە، عومرە دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (إن الدنيا حلوة خضرة، فمن أخذ بحقها بارك الله له فيها، ورب متخوض في مال الله ورسوله له النار يوم القيامة يوم يلقاه)،[٤] (دنیا خۆش و سەوزە-رازاوەیە- هەرکەس شتێک لەو خۆشیەی دنیای بەرکەوێت، ئەوەیە

---

[١] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٤٦.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٧٠.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٣٣.

[٤] المعجم الكبير للطبراني – مسند النساء – باب العين – عمرة بنت الحارث بن أبي ضرار الخزاعية، الرقم ٨٥٠؛ معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٧١١٧.

که پەروەردگار بەرەکەتی پێبەخشیوە، لەوانەیە کەس هەبێت رۆچووبێت لە سامانی خوا و سامانی پێغەمبەرەکەیدا و لە رۆژی دواییدا کە دەگاتەوە خزمەت پەروەردگار دۆزەخی بۆ هەبێت).

٢٢٩٨. عەمرەی کچی حارثە(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی حارثەی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، عەمرە هاوسەری قەیسی کوڕی عەمر بوو.[١]

٢٢٩٩. عەمرەی کچی حەرام(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی حەرامە، عەمرە باس دەکات کە جارێک میوانداری پێغەمبەری خوای(ﷺ) کردووەو مەڕێکی بۆ سەربڕیوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) لێی خواردو ئینجا دەستنوێژی گرت و نوێژی نیوەڕۆی کرد، هەمدی لە گۆشتەکەی بۆ برد و پێغەمبەر(ﷺ) لێی خوارد و نوێژی عەسری کرد بێ ئەوەی دەستنوێژ بگرێتەوە.[٢]

٢٣٠٠. عەمرەی کچی رەواحە(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی رەواحەیەو خوشکی عەبدوڵای کوڕی رەواحەیە کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، عەمرە هاوسەری بەشیری کوڕی سەعد بوو.[٣]

جارێک عەمرەی کچی رەواحە کە ژنی بەشیر بوو داوای کرد لە بەشیر بەشێک ببڕێتەوە بۆ کوڕەکەی، بەڵام ئەو رازی نەبوو، دواتر

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٠.

[٢] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٧١١٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣١.

دوای دوو جار[1] پاش یەک ساڵ بەشیر رازی بوو، بەڵام عەمرە وتی: نابەخوا رازی نابم تا دەستی نەگریت و نەیبەیت بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەیت بە شایەت، بەشیریش منداڵەکەی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من بەشێکی سامانم بڕیوەتەوە بۆ ئەم کوڕەم و دایکی ئەم کوڕەشم دەیەوێت تۆ شایەت بیت لەسەر ئەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی: ئایا ئەوەی بۆ ئەمت بڕیوەتەوە بۆ هەموو ئەوانیشت بڕیوەتەوە؟ وتی: نا،[2] پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فإني لا أشهد على هذا، هذا جور أشهد على هذا غيري، اعدلوا بين أولادكم في النحل كما تحبون أن يعدلوا بينكم في البر واللطف)،[3] (دەی من نابمە شایەت بۆ شتی وا، ئەوە ستەمە بڕۆ کەسی تر جگە لە من بکە بە شایەت بۆی، لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن لە بەشدا وەک چۆن حەز دەکەن ئەوان لە چاکەو میهردا لەنێوانتاندا دادپەروەر بن).

لە گێڕانەوەکەی تردا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) لێی پرسی ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی بیگێڕەوە (پاشگەز ببەرەوە)،[4] هەروەها هاتووە پێی فەرموو (فاتقوا الله واعدلو بين أولادكم)،[5] (دەی لەخوا بترسن و لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن).

هەر لە گێڕانەوەیەکی تری بوخاریدا هاتووە فەرمووی: (لا تشهدني على جور)،[6] (مەمکە بە شایەت لەسەر ستەمێک).

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب الهبة - ذكر خبر ثالث يصرح بأن الإيثار بين الأولاد في النحل حيف غير جائز استعماله، الرقم ٥١٠٤.

[2] صحيح مسلم - كتاب الهبات - باب كراهة تفضيل بعض الأولاد في الهبة، الرقم ١٦٢٣.

[3] صحيح ابن حبان - كتاب الهبة - ذكر خبر ثالث يصرح بأن الإيثار بين الأولاد في النحل حيف غير جائز استعماله، الرقم ٥١٠٤، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير و زيادته، الرقم ١٠٤٦.

[4] صحيح مسلم - كتاب الهبات - باب كراهة تفضيل بعض الأولاد في الهبة، الرقم ١٦٢٣.

[5] صحيح البخاري - كتاب الهبة وفضلها - باب الإشهاد في الهبة، الرقم ٢٥٨٧.

[6] صحيح البخاري - كتاب الشهادات - باب لا يشهد على شهادة جور إذا أشهد، الرقم ٢٦٥٠.

٢٣٠١. عەمرەی کچی مەرثەد(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی مەرثەدمو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

٢٣٠٢. عەمرەی کچی مەسعوود(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کوڕی مەسعوودە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

٢٣٠٣. عەمرەی کچی مەسعوودی کوڕی قەیس(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی مەسعوودی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ دەومەتەلەندەل، عەمرە وەفاتی کرد، کە پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە چوو بۆ سەر گۆڕەکەی و نوێژی لەسەر کرد.[٣]

٢٣٠٤. عەمرەی کچی مەسعوودی ئەنصاری(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کوڕی مەسعوودی کوڕی زورارەیە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٤]

٢٣٠٥. عەمرەی کچی هوزال(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی هوزالی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٣.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٢.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٤.

٢٣٠٦. عەمرەی کچی یەزید(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی یەزیدەی کوری جونە، پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوسەری گرت، بەڵام کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ویستی بیگوازێتەوە، عەمرە وتی: پەنا دەگرم بە خوا، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: پەنات بە پەنادەرێک گرت، بۆیە تەڵاقی دا و دواتر فەرمانی کرد ئوسامەی کوڕی زەید سێ جلی پێ بەخشی.[١]

٢٣٠٧. عەمرەی کچی یەزیدی ئەشهەلی(رضي الله عنها)

ناوی عەمرەی کچی یەزیدە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

٢٣٠٨. عەمری باوکی زورعە(رضي الله عنه)

ناوی عەمرەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی زورعە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، عەمر دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هاتە مەدینە بە هاوەڵانی فەرموو (وەرن با بچین بۆ لای ئەهلی قوباء تا سەلامیان لێ بکەین)، کە چوویە ئەوێ و سەلامی کرد، ئەوانیش پێشوازییان کرد، ئینجا فەرمووی: ئەی ئەهلی قوباء بەردێکی ئەو حەررەیەم-شوێنەم- بۆ بهێنن، ئەوەبوو بەردی بۆ هێنرا، پێغەمبەر(ﷺ) قیبلەی بۆ دیاری کردن و بەردێکی دانا و دواتر فەرمووی: (ئەی ئەبووبەکر بەردێ هەڵگرەو بیبە بۆ لای بەردەکەم)، ئەویش وایکرد، ئینجا هەمان فەرمانی کرد بە عومەر تا بەردێک لای ئەوەی ئەبووبەکر دابنێت، دواتر هەمان فەرمانی کرد بە عوثمان.[٣]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٥.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٥.
[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٥٧٤.

عەمر تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیش ژیا و کاتێک عوثمان شەهید کرا، بەشداری ئەسپەردەکردنی تەرمی عوثمان بوو.[1]

٢٣٠٩. عەمری کوڕی فەغواء(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی فەغوائی خوزاعیە، عەمر دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) ویستی بە مندا بڕێک سامان بنێرێت بۆ ئەبووسوفیان تا دابەشی بکات بەسەر قورەیشیەکانی ناو مەککەدا، ئەمەش دوای فەتحی مەککە بوو، ئینجا فەرمووی: (هاوەڕێیەک پەیدا بکە)، ئەوەبوو عەمری کوڕی ئومەییەی ضەمری هات بۆ لام و وتی: بیستوومە دەتەوێت دەربچیت و بۆ هاوڕێیەک دەگەڕێیت، منیش وتم: بەڵێ، وتی: دەی من دێم لەگەڵت، منیش چوومەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتم: هاوڕێیەکم پەیدا کردووە، فەرمووی: کێیە؟ وتم: عەمری کوڕی ئومەییەیە، فەرمووی: (ئەگەر دابەزیتە ناوچەی قەومەکەی وریاری بە، چونکە پەندێک هەیە دەڵێت: برا بەکریەکەت لێی دڵنیا مەبە)، ئێمەش دەرچوویت تا گەیشتینە ئەبواء، عەمری کوڕی ئومەییە وتی: من دەچم تا وەددان بۆ لای هۆزەکەم، لێرە چاوەڕێم بکە، منیش وتم: باشە، کە چوو قسەکەی پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیرکەوتەوەو بە پەلە دەرچووم تا لە نیوەڕێدا بینیم عەمر هات ڕێی پێ گرتم، منیش خێرا دەچووم و پێشی کەوتم، کە زانی لە دەست دەرچووم، هاوڕێکانی گەڕانەوەو خۆی هاتەوە بۆ لام و وتی: بڕێک ئیشم هەبوو بە هۆزەکەم، منیش وتم: بەڵێ وایە، چووین تا گەیشتینە مەککەو سامانەکەم دا بە ئەبووسوفیان.[2]

---

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٥٧٤.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث عمرو بن الفغواء(ﷺ)، الرقم ٢٢٩٢٨؛ سنن أبي داود - كتاب الأدب - باب في الحذر من الناس، الرقم ٤٨٦١، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفع الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

٢٣١٠. عەمری کوڕی بولەیل(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی بولەیلی کوڕی بیلالە، لە پشتیوانانەو کونیەکەی ئەبوو لەیلایە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[١]

٢٣١١. عەمری کوڕی تەغلیب(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی تەغلیبە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[٢]

عەمر دەڵێت: جارێک برێک سامان هێنرا بۆ پێغەمبەر(ﷺ) وئەویش دابەشی کرد و بەشی هەندێکی دا و بەشی هەندێکی دی نەدا، جا ئەوانەی بەریان نەکەوت گلەییان کرد، پێغەمبەریش(ﷺ) پاش سوپاس و ستایشی خوا فەرمووی: (أما بعد فوالله إني لأعطي الرجل، وأدع الرجل، والذي أدع أحب إلي من الذي أعطي، ولكن أعطي أقواما لما أرى في قلوبهم من الجزع والهلع، وأكل أقواما إلى ما جعل الله في قلوبهم من الغنى والخير، فيهم عمرو بن تغلب)، (پاشان بەخوا من بە کەسێک دەبەخشم و بە کەسێک نابەخشم، ئەوەی پێی نابەخشم لام خۆشەویستترە لەوەی پێی دەبەخشم، بەڵام دەیبەخشم بەوانە چونکە وادەبینم ترس و نارەحەتیەک لە دڵیاندایە، کەسانێکیش بەشیان نادەم چونکە دەبینم خوا دەوڵەمەندی و خێری خستووەتە ناو دڵەکانیانەوە، لەوانە عەمری کوڕی تەغلیبە)، جا بەخوا رانە وشتری سوور هێندەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) لام خۆشەویست نیە.[٣]

عەمر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إن من أشراط الساعة أن يفيض المال، ويكثر الجهل، وتظهر الفتن، وتفشو التجارة)،[٤] (لە نیشانەکانی رۆژی دوایی ئەوەیە کە سامان هەڵدەڕێژرێت و نەزانیش زیاد دەکات و فیتنە دەردەکەوێت و بازرگانی بڵاو دەبێتەوە).

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٧.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٧.

[٣] صحيح البخاري – كتاب الجمعة – باب من قال في الخطبة بعد الثناء أما بعد، الرقم ٩٢٣.

[٤] المستدرک على الصحيحين – كتاب البيوع – إن من أشراط الساعة أن يفيض المال ويكثر الجهل، الرقم ٢١٥٧، صححه و وافقه الذهبي في التلخيص.

عەمر لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسفیاندا کۆچی دوایی کرد.[1]

٢٣١٢. عەمری کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ثابتی کوڕی وۆقەیشە، کونیەکەی ئوصەیرمەو لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[2]

٢٣١٣. عەمری کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ثەعلەبەی کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

٢٣١٤. عەمری کوڕی جەبەلە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی جەبەلەیە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[4]

٢٣١٥. عەمری کوڕی جەمووح(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی جەمووحی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی پشتیوانان.[5]

عەمر یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و لە ئوحوددا شەهید بوو.[6]

عەمر لە ماڵەوە بتێکی هەبوو بە ناوی مەناف، زۆر خۆشی دەویست و پاکی رادەگرت و بۆنی خۆشی لێدەدا، جا کە برێک لە گەنجانی پشتیوانان

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٧.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٨.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦١٠.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦١٣.
[5] أسد الغابة، ج٤، ص ٢١٩.
[6] أسد الغابة، ج٤، ص ٢١٩.

موسڵمان بوون، لەوانە موعاذی کوڕی جەبەل و موعاذی کوڕی عەمر- کوڕەکەی خۆی- و بەشداربووی بەیعەتی عەقەبە بوون، شەو دەچوون بتەکەی عەمریان فڕێ دەدایە ناو زبڵدانەوە، بۆ بەیانی عەمر هەڵسا و هاواری لێهەستا و وتی: کێ ئەمشەو هێرشی بردوەتەسەر خواکانمان، پاکی کردەوەو بۆنی خۆشی لێدا، ئەوانیش هەمدی وایان لێکردەوە، ئەمجار عەمر کە پاکی کردەوە شمشێرێکی پێدا هەڵواسی و وتی: بەخوا من نازانم کێیە وات لێدەکات، جا ئەگەر خۆت خێرێکت تیایە بەم شمشێرە بەرگری لە خۆت بکە، بۆ شەو ئەوانیش هەمدی بتەکەیان برد و شمشێرەکەیان لابرد و لە شوێنیدا سەگێکیان بەستەوە بە ملی بتەکەوەو خستیانە ناو زبڵدانێکی بەنی سەلەمەوە، عەمر بەیانی هەستا بتەکەی نەدی، چوو تا بەو شێوەیە دۆزیەوە، ئیتر راچڵەکی و وازی لە بتپەرستی هێنا و موسڵمان بوو.[1]

عەمر کە ویستی لە غەزای بەدردا بەشداری بکات، منداڵەکانی نەیانهێشت چونکە زۆر دەشەلی، بۆ غەزا ئوحود وتی: ئەمجار نابێت رێم لێ بگرن، ئەوانیش وتیان: باوکە تۆ خوا رێی پێداویت بەشدار نەبیت، عەمریش چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) منداڵەکانم دەیانەوێت رێی بەشداربوونم لێ بگرن، بەخوا هیوام وایە بەم شەلیەم بکەومە ناو بەهەشتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (تۆ خوا رێی بەشداری نەکردنی داویت و جیهادت لەسەر واجب نیە)، بە منداڵەکانیشی فەرموو (لەسەرتان نیە رێی لێبگرن، بەڵکو خوا شەهیدی پێ ببەخشێت)، ئەوەبوو عەمر بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو،[2] دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لای تەرمەکەیدا فەرمانی کرد لەگەڵ برازاکەیدا بخرێنە یەک گۆڕەوەو فەرمووی: (دەتبینم بە قاچە ساغەکەت لە بەهەشتدا دەچیت بەرێدا).[3]

---

[1] أسد الغابة، ج٤،ص ٢٢٠.

[2] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٤٤٨.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦١٦.

هـاودەم بـە عەمـر هـەر سـێ كوڕەكـەی كـە بریتـی بـوون لـە موعـاذ و میعـوەذ و خەلـلاد بەشـداری غـەزای ئوحـود بـوون.[1]

٢٣١٦. عەمری كوڕی جەهم(رضي الله عنه)

نـاوی عەمـری كـوڕی جەهمـی كـوڕی قەیسـی عەبدیـە، یەكێكـە لـە موسڵمانبوانی مەككەو دواتـر یەكێك بـوو لـە بەشداربوانی كۆچی حەبەشـە.[2]

٢٣١٧. عەمری كوڕی حارث(رضي الله عنه)

نـاوی عەمری كوڕی حارثـی كوڕی هەیشـەیە و یەكێكە لـە بەشـداربوانی غـەزای ئوحـود.[3]

٢٣١٨. عەمری كوڕی حارثی فەهری(رضي الله عنه)

نـاوی عەمـری كـوڕی حارثـی كـوڕی زوهەیـری فەهریـە، كونیەكـەی ئەبوونافیعـە، یەكێك بـوو لـە موسڵمانبوانی پێش كۆچی حەبەشـەو دواتریش كۆچی كـرد بۆ حەبەشـە،[4] دواتـر گەڕایـەوە مەككەو لەوێوە كۆچی كـرد بۆ مەدینـەو لـەوێ مایـەوەو بەشـدار بـوو لـە غـەزای بـەدردا.[5]

٢٣١٩. عەمری كوڕی حارثی ئەنصاری(رضي الله عنه)

نـاوی عەمری كوڕی حارثـی كـوڕی كیندەیـە، لـە پشـتیوانانەو یەكێكـە لـە بەشـداربوانی بەیعەتـی عەقەبـە.[6]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٦٦.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦١٧.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦١٨.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢١٣.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦١٨.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦١٨.

٢٣٣٠. عەمری کوڕی حەزم(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی حەزی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، کونیەکەی ئەبووضحاکەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد و پێغەمبەریش(ﷺ) کردی بە بەرپرسی نەجران.[١]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) نامەیەکی نووسی بۆ خەڵکی یەمەن کە باسی فەرزو سوننەتەکانی تێدا بوو، نامەکەی بە عەمری کوڕی حەزمدا نارد بۆ یەمەن، ئەویش نامەکەی برد و خوێنرایەوە بۆ خەڵکی یەمەن.[٢]

لە جەنگی صفیندا کاتێک عەممار کوژرا، عەمری کوڕی حەزم چوو بۆ لای عەمری کوڕی عاص و وتی: وا عەممار کوژرا و پێغەمبەری خواش(ﷺ) دەیفەرموو: دەستەی یاخی ئەو دەکوژن، عەمری کوڕی عاصیش خێرا راچڵەکی و خۆی کرد بە ژووردا بۆ لای موعاویەو موعاویە وتی: چی بووە؟ عەمر وتی: عەممار کوژرا، موعاویە وتی: جا کوژرا چی بوو؟ عەمر وتی: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (دەستەی یاخیبوو دەیکوژن)، موعاویە قسەیەکی پێ وت: و وتی: مەگەر ئێمە کوشتمان، بەڵکو عەلی و هاوەڵانی کوشتیان کە هێنایان تا خستیانە بەر رمەکانمان.[٣]

٢٣٣١. عەمری کوڕی حەمیق(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی حەمیقی کوڕی کاهیلی خوزاعیە، لە دوای رێککەوتنی حودەیبیە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٢١.

[٢] صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - باب كتب النبي(ﷺ) - ذكر كتبة المصطفى(ﷺ) كتابه إلى أهل اليمن، الرقم ٦٥٥٩.

[٣] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث عمرو بن العاص عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٧٩٨٩؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب قتال أهل البغي - حكم البغاة من هذه الأمة، الرقم ٢٦٧٨، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٢٣.

عەمری کوڕی حەمیق دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إذا أراد الله بعبد خيرا عسله قبل موته)، (ئەگەر خوا خێری بۆ بەندەیەکی بوێت پێش مردنی شیرینی دەکات)، وترا چۆن شیرینی دەکات؟ فەرمووی: (يفتح له عمل صالح بين يدي موته حتى يرضى عنه)،[1] (پێش مردنی کارێکی چاکەی بەروودا دەکرێتەوە تا دەبێتە جێی ڕەزامەندی خوا).

عەمری کوڕی حەمیق دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أَيُّمَا رَجُلٍ أَمِنَ رَجُلاً عَلَى دَمِهِ ثُمَّ قَتَلَهُ، فَأَنَا مِنَ القاتل برئ وان كان المقتول كافرا)،[2] (هەرکەسێک پەنای کەسێک بدات لەسەر خوێنی و دواتر بیکوژێت، ئەوە من لە بکوژەکە بەریم با کوژراوەکە بێباوەڕیش بێت).

عەمر یەکێک بوو لەوانەی نەیاری ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە عوثمانی کوڕی عەففان ئەنجامی دەدان، دواتریش لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەگەڵ خەلیفەدا بەشداری هەموو جەنگەکانی کرد، دواتر سەربازانی ئومەوی سەریان پەڕاند و ناردیان بۆ زیاد، ڕایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە ڕووداوی الحرة دا کوژرا.[3]

٢٣٢٢. عەمری کوڕی حەننە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی حەننەیە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سەبارەت بە ڕوقییەکردن پرسیاری لێکردووە.[4]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان - باب ما جاء في الطاعات وثوابها - ذكر البيان بأن العمل الصالح الذي يفتح للمرء قبل موته من السبب الذي يلقي الله جل وعلا محبته في قلوب أهله وجيرانه به، الرقم ٣٤٣، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان - باب ما جاء في الطاعات وثوابها - ذكر الإخبار بأن فتح الله على المسلم العمل الصالح في آخر عمره من علامة إرادته جل وعلا له الخير، الرقم ٣٤٢، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٢٤.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٢٦.

٢٣٢٣. عەمری کوڕی حورەیث(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی حورەیثی کوڕی عەمری مەخزوومیە، کونیەکەی ئەبووسەعیدە، دەوترێت لە ساڵی غەزای بەدردا لەدایک بووە، هەروەها دەوترێت کە پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی دوانزە ساڵان بوو، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بەشداری جەنگی قادسیەی کرد و رۆڵی کارای تێدا بینی.[1]

عەمر دواتر چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو و لەوێ خانوویەکی دروست کرد، دواتر بازرگانی کرد و دەستکەوتێکی زۆری بەدەستهێنا، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) نزای بەرەکەتی بۆ کردبوو، لە سەردەمی ئومەویەکاندا ماوەیەک والی کووفە بوو، دواجار لە ساڵی هەشتاو پێنجی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

٢٣٢٤. عەمری کوڕی خاریجە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی خاریجەی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە بەنی نەججار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

٢٣٢٥. عەمری کوڕی خاریجەی ئەسەدی(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی خاریجەی ئەسەدیە، دواتر لە شام نیشتەجێ بوو.[4]

٢٣٢٦. عەمری کوڕی رەبیعە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی رەبیعەیەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[5]

---

[1] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٢٦.

[2] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٢٦-٢٢٧.

[3] أسد الغابة، ج٤،ص ٢٣٣.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٢٧.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٢٩.

٢٣٢٧. عەمری کوڕی سالیم(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سالیمی خوزاعیە، شاعیرێکی ناسراو بووەو شیعری خۆی بەکارهێناوە بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ).[١]

٢٣٢٨. عەمری کوڕی سەعدی(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سەعدی قورەظیە، لە کاتی جەنگی بەنوقورەیضەدا هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو، بۆ بەیانیەکەی دیار نەما، پێغەمبەریش(ﷺ) لە بارەیەوە فەرمووی: (ئەوە پیاوێک بوو بەهۆی راستگۆییەکەیەوە خوا رزگاری کرد).[٢]

٢٣٢٩. عەمری کوڕی سەعید(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاصی قورەیشی ئومەویە، کونیەکەی ئەبووعوقبەیە، ژنێکی هەبوو کە کچی صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو، عەمر زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە ژنەکەی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

ئیبن سەعد هێناویەتی کاتێک عەمر لە حەبەشەوە هاتەوە مەدینە، خاتەمێکی پێ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی عەمر ئەم خاتەمە چیە لە دەستدا؟ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەڵقەیەکە، فەرمووی: چی لەسەر نەخشێنراوە؟ وتی: (محمد رسول الله)، پێغەمبەر(ﷺ) خاتەمەکەی لێوەرگرت و دەیکردە دەستی تا وەفاتی کرد پێی بوو، دواتر ئەبووبەکر بەکاری هێنا تا وەفاتی کرد، دواتر عومەر بەکاری هێنا تا شەهید بوو، دواتر عوثمان بەکاری هێنا تا جارێک کەوتە بیری ئەریسەوە.[٤]

---

[١] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٣٩.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٣٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٣٧.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٤٧٤.

٢٣٣٠. عەمری کوڕی سەلامە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی سەلامەی کوڕی وۆقشە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[١]

٢٣٣١. عەمری کوڕی سەلەمە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی سەلەمەی کوڕی سەکەنی کیلابیە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە، پێغەمبەریش(ﷺ) ناوچەیەکی بۆ بڕیەوە.[٢]

٢٣٣٢. عەمری کوڕی سوبەیع(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی سوبەیعەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئەم هاوەڵە شاعیر بوو، کاتێک چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاڵایەکی دایە دەست، عەمر لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای موعاویەدا بەشداری جەنگی صفینی کرد.[٣]

٢٣٣٣. عەمری کوڕی سوراقە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی سوراقەی کوڕی موعتەمەری قورەیشی عەدەویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و خەندەق و لە هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٤٢.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٤٢.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٣٢.
[٤] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٤١-٢٤٢.

٢٣٣٤. عەمری کوڕی شەئس(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی شەئسی ئەسلەمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، عەمر دەڵێت: جارێک لەگەڵ عەلی چووم بۆ یەمەن، ئەویش لەو سەفەرەدا بەرامبەرم توند بوو تا ئەوەی رقێکم لێ هەڵگرت، کە هاتمەوە مەدینە لە مزگەوتدا سکاڵای خۆمم راگەیاند تا گەیشتەوە دەم پێغەمبەر(ﷺ)، بەیانیەک چووم بۆ مزگەوت و بینیم پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵانێکی بوو، کە منی بینی تێری چاوی تەماشای کردم تا منیش دانیشتم، فەرمووی: ئەی عەمر سوێند بەخوا ئازارت دام، وتم: پەنا دەگرم بە خوا کە ئازارت بدەم ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی: (با، هەرکەس ئازاری عەلی بدات منی ئازار داوە).[1]

٢٣٣٥. عەمری کوڕی طەلق(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی طەلقی کوڕی زەیدە، لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو.[2]

٢٣٣٦. عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عاصی کوڕی وائیلی کوڕی هاشمی قورەیشی سەهمیە، کونیەکەی ئەبوو عەبدوڵا یان ئەبوومحەممەدە، [3]یەکێکە لە هاوەڵە دیارەکان و سەرکردەیەکی بەرچاوی ناو مێژووی ئیسلامی.

کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە سەرەتا ناوی عاص بوو، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[4]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنهم) - حديث عمرو بن شأش الأسلمي(رضي الله عنه)، الرقم ١٦٢٠٦، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٤٧٣، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٨٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٥٠.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ١٩٣.

عەمر لە ناو قورەیشدا پێگەو ناوبانگی هەبوو، بەڵام ئەو توانایەی هەیبوو بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانان بەکاری دەهێنا تا ئەو کاتەی موسڵمان بوو.

ئیبن مەسعوود دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی کە هەشتا پیاو دەبووین، من و جەعفەر و ئەبوومووساو عەبدوڵای کوڕی عورفوطە و عوثمانی کوڕی مەظعوون، قورەیشیش عەمری کوڕی عاص و عمارەی کوڕی وەلیدیان بە بڕێک دیاریەوە نارد و هاتن بۆ لای نەجاشی، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی کڕنووشیان بۆ برد و چوون بۆ لای، یەکێکیان لە لای راستیەوەو ئەوی تریش لەلای چەپیەوە دانیشت، ئینجا وتیان: دەستەیەک لە کەس وکاری ئێمە هاتوونەتە خاکی تۆ و پشتیان کردوەتە ئێمە، ئەویش وتی: ئەوان لە کوێن؟[1] شتی وا هەیە؟ پێی وترا بەڵێ، نەجاشی وتی: بەخوا نایاندەمەوە دەستتان تا قسەیان لەگەڵ نەکەم، ئەوەبوو ناردی بە شوێنیاندا،[2] جەعفەر بە هاوەڵەکانی وت: من لەبری هەمووتان قسە دەکەم، هەموو بە دوای جەعفەردا چوونە ژوورەوە، بە جەعفەریان وت: بۆچی کڕنووش نابەیت بۆ پاشا؟ وتی: ئێمە تەنها کڕنووش بۆ خوا دەبەین، وتیان: بۆچی؟ وتی: چونکە خوا پێغەمبەرێکی لەنێوماندا نارد و فەرمانی پێکردین تەنها کڕنووش بۆ خوا بەرین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین،[3] نەجاشی وتی: ئەم ئایینەی ئێوە چیە؟ جەعفەریش وتی: ئەی پاشا ئێمە گەلێک بووین لەسەر بێباوەڕی بووین و بتمان دەپەرست و مردارەوەبوومان دەخوارد و حەرامەکانمان بە حەڵاڵ دەزانین و خوێنمان رەوا دەکرد، ئەوەبوو خوا لە ناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە وەفاداری و راستگۆیی و سپاردەکاری ئەومان دەزانی، بانگی کردین تا خوای تاک و تەنها بپەرستین و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنین و دراوسێیەتیمان باش

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٠٦-٢٠٧.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢١٥.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٠٦-٢٠٧.

بێت و نوێژ بکەین و ڕۆژوو بگرین،[1] عەمر وتی: ئەوان سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی رایان پێچەوانەی رای ئێوەیە، نەجاشی وتی: سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی چی دەڵێن؟ جەعفەریش وتی: ئەوە دەڵێین کە خوا فەرموویەتی ڕۆح و کەلیمەی خوایە کە بەخشیویەتی بە مەریەمی پاکداوێنی بێ هاوسەر کە هیچ مرۆڤێک دەستی پێی نەگەیشتووە،[2] نەجاشی وتی: هیچتان پێیە لەوەی بۆی دابەزیوە؟ فەرمانیشی کرد بە قەشەکان تا پەرتووکەکانی خۆیان بکەنەوە، جەعفەر وتی: بەڵێ، ئەوەبوو برێک لە سوورەتی مەریەمی لە سەرەتاوە بۆ خوێندنەوە، نەجاشی دەستی کرد بە گریان تا ریشی تەڕ بوو، قەشەکانیش هەروا گریان تا پەرتووکەکانیان تەڕ بوو،[3] نەجاشیش دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرت و وتی: ئەی خەڵکی حەبەشە و قەشە و راهیبەکان ئێوە دەڵێن چی من ئەمەم پێ خراپ نیە، من شایەتی دەدەم ئەو پێغەمبەری خوایەو ئەوەیە کە لە ئینجیلدا هاتووەو عیسا مزگێنی لەبارەوە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر من لەم پاشایەتیەمدا نەبوومایە دەچووم بۆ لای و دەبوومە نەعل هەڵگر و ئاوی دەستنوێژیم دەدا، ئینجا بە موسڵمانانی وت: بڕۆن لەکوێ دەتانەوێت بمێننەوە، فەرمانیشی کرد دیاریەکانی قورەیشیەکان گێردرایەوە.[4]

عەمر لە جەنگی ئوحوددا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد و هاودەم بە خۆیشی ژنەکەشی برد.[5]

لە جەنگی خەندەقیشدا دووبارە عەمری کوڕی عاص لەگەڵ بێباوەڕاندا بەشداری کرد، هەرجارەو بەشێک لە سوپای بێباوەڕان هەنگاویان دەنا بۆ هێرش بردن، ڕۆژێک ئەبووسوفیان هێرشی دەبرد و ڕۆژێک خالیدی

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢١٥.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٠٦-٢٠٧.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢١٥-٢١٦.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٠٦-٢٠٧.
[5] البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ١١.

کوڕی وەلید و ڕۆژێک عەمری کوڕی عاص، زیاتریش پشتیان دەبەست بە تیرهاوێژەکانیان تا تیر بهاوێژن بۆ ئەوبەر خەندەقەکە.[1]

موسڵمانبوونی عەمر

لە دوای جەنگی خەندەق، عەمری کوڕی عاص لەگەڵ کۆمەڵێک لە قوڕەیشیەکان کۆبوویەوەو وتی: من دەبینم ڕۆژ دوای ڕۆژ دەسەڵاتی موحەممەد زیاد دەکات، جا من ڕایەکم هەیە، وتیان: ڕاکەت چیە؟ وتی: ڕام وایە بچین بۆ لای نەجاشی و لەوێ لای ئەو بمێنینەوە، جا ئەگەر موحەممەد سەرکەوت بەسەر هۆزەکەماندا ئەوە ئێمە لای نەجاشی دەبین، چونکە لەژێر دەستی نەجاشیدا بین باشترە تا لەژێر دەستی موحەممەددا بین، ئەگەریش هۆزەکەمان سەرکەوتن ئەوە ئێمە ئەوان دەناسین و تەنها چاکەی ئەوانمان بەردەکەوێت، ئەوانیش وتیان: ڕاکەت پەسەندە، بۆیە کەوتنە کۆکردنەوەی دیاری بۆ نەجاشی و کەوتنەڕێ تا گەیشتنە حەبەشە، لەو کاتەدا نێردراوی پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لای نەجاشی کە عەمری کوڕی ئومەییەی ضەمری بوو، سەبارەت بە جەعفەرو هاوەڵانی پەیامی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بۆ نەجاشی هێنابوو، عەمر دەڵێت: منیش وتم: دەچم و داوای لێدەکەم عەمری کوڕی ئومەییەم پێبدات تا بدەم لە گەردنی و بەوەش قوڕەیش دەزانن کە من بە کوشتنی نێردراوی موحەممەد چیم بۆ کردون، چوومە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی و وەک خۆیان سوجدەم بۆ برد، ئەویش وتی: مەرحەبا لە هاوڕێکەم، لە وڵاتەکەتەوە هیچ دیاریەکت بۆ هێناوین؟ وتم: بەڵی ئەی پاشا، ئینجا دیاریەکەم بۆ برد، ئەویش زۆر پێی سەرسام بوو، دواتر وتم: ئەی پاشا من ئێستا بینیم کەسێک لەلات چوو و نێردراوی دوژمنێکی ئێمە بوو، ئەو کەسەم پێ بدە تا بیکوژم، چونکە ئەو پیاوماقووڵی زۆری ئێمەی کوشتووە، نەجاشی تووڕە بوو، وا شەرمەزار بووم کە ئەگەر زەوی شەقی ببردایە دەچووم بە زەویدا، دواتر وتم: ئەی پاشا وامزانی تۆ ڕقتە لێی بۆیە داوام

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٦٧.

کرد، ئەویش وتی: داوام لێدەکەیت نێردراوی کەسێکت پێ بدەم کە پەیامی خوای بۆ هاتووە(لە هەمان سەرچاوەکەی مووساوە) بۆ ئەوەی بیکوژیت، وتم: ئەی پاشا جا وایە پەیامەکەیان یەک سەرچاوەیە؟ وتی: ماڵت وێران بێت ئەی عەمر گوێم لێ بگرەو شوێنی بکەوە، بەخوا ئەو لەسەر حەقەو بەسەر نەیارانیشدا سەردەکەوێت وەک چۆن مووسای کوڕی عیمران سەرکەوت بەسەر فیرعەون و سەربازەکانیدا، منیش وتم: ئیسلامم پێ دەدەیت؟ ئەویش وتی: بەڵێ، ئەوەبوو دەستی کردەوەو بەیعەتی ئیسلامم پێدا، دواتر چووم بۆ لای هاوەڵانم و رام وەک پێشتر نەمابوو و موسڵمانبوونی خۆمم شاردەوەو دواتر گەڕامەوەو بڕیارم دا بچم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و لە رێدا گەیشتم بە خالیدی کوڕی وەلید، وتم: بۆ کوێ دەچیت؟ وتی: دەچم تا موسڵمان بم، منیش وتم: دەی بەخوا منیش بۆ ئەوە هاتوم، پێکەوە چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و خالید پێشکەوت و موسڵمان بوو، دواتر من چومە پێشەوەو وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەر ئەوە بەیعەتت پێدەدەم کە تاوانی رابردووم بسڕیتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی عەمر بەیعەت بدە، چونکە ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوەو هیجرەتیش پێش خۆی دەسڕێتەوە)، منیش بەیعەتم پێدا و گەڕامەوە دواوە.[1]

ئیبن کەثیر دەڵێت: موسڵمانبوونیان لە دوای رێککەوتنی حودەیبیە بووە.[2]

موسڵمانبوونی عەمری کوڕی عاص هاودەم بوو بە موسڵمانبوونی خالیدی کوڕی وەلید، خالید کە باسی موسڵمانبوونی خۆی دەکات، دەڵێت: چوومەوە ماڵەوەو فەرمانم کرد سوارەکەم ئامادە کرا و دەرچووم تا گەیشتم بە عوثمانی کوڕی طەلحە، وتم: ئەمەیان هاوڕێمە، مەسەلەکەم بۆ باس کرد و ئەویش ئامادەبوو بێت، وتم: ئەم ئێوارە دەمەوێت دەربچم، ئەوەبوو بۆ بەرەبەیان چووین، ... لە رێدا عەمری کوڕی عاصمان بینی،

---

(1) البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٤٢.

(2) البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٤٢.

ئەویش هاتبوو تا موسڵمان بێت، ئەوەبوو لە مانگی صەفەری ساڵی هەشتی کۆچیدا گەیشتینە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[1]

کاتێک ئەو سێ کەسە موسڵمان بوون پێغەمبەر(ﷺ) زۆر دڵخۆش بوو بە موسڵمانبوونیان.[2]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ ذاتوسەلاسیل، کە عەمر چوویە ئەوێ لە زۆری ژمارەی دوژمن ترسا، بۆیە داوای هاوکاری ناردنی سوپای دیکەی کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)،[3] پێغەمبەریش(ﷺ) سوپایەکی لە کۆچەران پێکهێناو ئەبووعوبەیدەی کرد بە بەرپرسیان، کە سوپاکە گەیشتە لای عەمر، عەمر وتی: من ئەمیرتانم، کۆچەرانیش وتیان: بەڵکو تۆ ئەمیری سوپاکەی خۆتیت و ئەمیری ئێمە ئەبووعوبەیدەیە، عەمر وتی: ئێوە سوپای پشتیوانن بۆ یارمەتی من نێردراون، ئەبووعوبەیدە کە ئەوەی بینی، خێرا ئەمیرایەتی دایە دەست عەمر،[4] دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بیست، فەرمووی: رەحمەتی خوا لە ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح بێت.[5]

عەمر دەڵێت: لە غەزای ذاتوسەلاسیلدا شەوێک تووشی لەشگرانی بووم، شەوێکی زۆر سارد بوو ترسام خۆم بشۆم لەناوچم، بۆیە تەیەممومم کرد و نوێژم کرد بۆ هاوەڵانم، دواتر ئەوان ئەوەیان باسکرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش فەرمووی (يَا عَمْرُو، صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُبٌ) (ئەی عەمر بە لەشگرانیەوە بەرنوێژیت بۆ هاوەڵانت کرد؟) منیش بۆم باسکرد بۆچی خۆم نەشۆرد، وتم: من ئەم ئایەتەم بیستووە(ولا تقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيما)، پێغەمبەر(ﷺ) پێکەنی و هیچی نەفەرموو.[6]

---

[1] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٤٧٤-٤٧٦، البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٣٨-٢٣٩.

[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج٣، ص ٥٥.

[3] البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٧٣.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٩.

[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٧٥.

[6] سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب إذا خاف الجنب البرد أيتيمم، الرقم ٣٣٤؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الطهارة - عدم الغسل للجنابة في شدة البرد، الرقم ٦٣٤، صححه شعيب الارناؤوط.

هەروەها لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا پێغەمبەر(ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ لای جیفەر و عەمری کوڕانی جەلەندی.[1]

هەروەها لە هەمان ساڵدا پێغەمبەر(ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ لەناوبردنی بتی سواع، ئەویش چوو ئەو بتەی لەناوبرد.[2]

عەمری کوڕی عاص دەڵێت: جارێک لە مەدینە ترسێک بڵاوبوویەوە، سالیم شمشێرەکەی گرتەدەستی و دانیشتبوو، منیش کە بینیم سالیم چی کردووە چووم شمشێرەکەم هەڵگرت و وەک ئەو دانیشتم، پێغەمبەر(ﷺ) هاتە دەرەوەو فەرمووی: (ئەی خەڵکینە بۆچی ترستان بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی نەبێت، ئەوە چیتانە؟ بۆچی وەک ئەو دوو پیاوە باوەڕدارە ناکەن؟).[3]

عەلقەمەی کوڕی ریمثەی بەلوی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ بەحرەین و دواتر پێغەمبەر(ﷺ) خۆی دەرچوو و ئێمەش لەگەڵی دەرچووین، پێغەمبەر(ﷺ) وەنەوزێک گرتی و دواتر هەستا و فەرمووی: رەحمەتی خوا لە عەمر، ئێمەش هەر کەس ناوی عەمر بوایە دەهات بە بیرماندا، هەمدی وەنەوزێکی کرد و هەستاو هەمان شتی فەرموو، بۆ جاری سێیەم وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مەبەستت کام عەمرە؟ فەرمووی: عەمری کوڕی عاص، لای خوا بۆ عەمری کوڕی عاص خێرێکی زۆر هەیە.[4]

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا چوو بۆ فتووحاتی شام و رۆڵی کارای بینی.

صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٣٣٤.

(١) البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٧٤.

(٢) البداية و النهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٧٥.

(٣) مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - بقية حديث عمرو بن العاص عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٨٠٨٩، صححه شعيب الأرناؤوط

(٤) أسد الغابة، ج٤، ص ٩٢.

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابیشدا عەمری کوڕی عاص سەرکردایەتی سوپای موسڵمانانی دەکرد لە جەنگی ئەجنادەیندا و توانی سوپای ڕۆمەکان تێکبشکێنێت.[1]

دوای ئەوە عەمر داوای ناردنی سوپای پشتیوانی لە عومەری کوڕی خەططاب کرد تا درێژە بە فتووحات بدات،[2] کاتێک عەمری کوڕی عاص داوای یارمەتی سوپایی کرد لە عومەری کوڕی خەططاب و داوای سێ هەزار سوارەی کردبوو، خەلیفە خاریجەی کوڕی حوذافە و زوبەیری کوڕی عەووام و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد بۆ پشتیوانی عەمر،[3] لەگەڵ هەریەک لەوانەدا دەستەیەک لە سوپای نارد.[4]

جارێک شورەحبیلی کوڕی حەسەنە بیستی عەمری کوڕی عاص وتی: طاعوون پیسیەو دوور بگرن لێی، شورەحبیل کە ئەوەی بیست وتی: من کاتێک هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بووم کە عەمر لە گوێدرێژەکەیماڵەوەی گومڕاتر بوو، ئەم نەخۆشیە ڕەحمەتی پەروەردگارتان و نزای پێغەمبەرەکەتان و مەرگی پیاوچاکانی پێشینتانە، بۆی خڕبنەوەو بڵاوەی لێ مەکەن، کە عەمر ئەوەی بیستەوە، وتی: ڕاست دەکات.[5]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب خۆی چوو بۆ شام و لەوێ عەمری کوڕی عاص و شورەحبیلی کوڕی حەسەنەی بینی، باوەشیان کرد بە یەکدا و تاسەی دیداری پاش دوورییان شکا.[6]

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٥٤.

[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٥٥.

[3] أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٣.

[4] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٦١٨.

[5] مسند أحمد بن حنبل – مسند الشاميين(ﷺ) – حديث شرحبيل بن حسنة عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٨٠٣٠؛ صحيح ابن حبان – كتاب الجنائز وما يتعلق بها مقدما أو مؤخرا – باب ما جاء في الصبر وثواب الأمراض والأعراض – ذكر الإخبار بأن الوباء هو موت الصالحين قبلنا ورحمة الله جل وعلا على خلقه، الرقم ٢٩٥١، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[6] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٥٧.

پاش ئەوەی فەتحی شام تەواو بوو، عومەری کوڕی خەططاب عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ میصر تا فتووحاتی میصر بکات، عەمریش بە سەرکەوتوویی ئەرکەکەی بەجێگەیاند و لەوێ بە والیەتی میصر مایەوەو کاروباری میصری بەدەستەوە بوو تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیش،[1] هەر لە ماوەی والیەتیدا فتووحاتی زۆر ناوچەی تری کرد لەوانەش ئەو ناوچانەی دەکەونە لیبیای ئەمڕۆوە.[2]

فتووحاتی باکووری ئەفریقی، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب و بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص دەستیپێکرد، ئەمەش دوای فتووحاتی بەرفراوانی ناوچەکانی شام دەستیپێکرد،[3] ئەوکات عەمری کوڕی عاص لەلایەن خەلیفەوە راسپێردرا هەتا رووەو وڵاتی میصر پێشڕەوی دەست پێ بکات، یەکەم هەنگاوی فتووحاتەکەش بە فەتحی فەرما دەستیپێکرد، پێشڕەوی سوپای ئیسلامی، ناوچە دوای ناوچە بەردەوام بوو و بە دوایدا فەتحی بیلبیس و ئوم دنین و فەیووم کرا.[4]

فەتحی قەڵای بابلیۆن:

سوپای رۆمەکان لە قەڵای بابلیۆن سەنگەریان گرتبوو و عەمری کوڕی عاصیش گەمارۆیەکی سەختی خستە سەریان و بەردەوام هەوڵیدەدا فەتحی بکات، بەڵام بۆی نەچوویەسەر، بۆیە داوای هێزی پشتیوانی لە خەلیفە کرد و خەلیفەش سوپایەکی پێکهاتوو لە چوار یەکەی سەربازیی هەزار کەسیی نارد.[5]

دواجار رێککەوتنێک کرا لەنێوان سوپای ئیسلامی و هێزی رۆمی و خەڵکی میصردا کە ئەم تەوەرانەی لەخۆدەگرت:

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٩٧-١٠١.

[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٣٠.

[3] تأريخ الطبري، ج٤، ص ١٠٤.

[4] أبوالقاسم المصري: فتوح مصر والمغرب، ص ٨١، ٨٠، ٢١٠.

[5] أبوالقاسم المصري: فتوح مصر والمغرب، ص ٨٣

یەکەم: ئەو خاڵانەی تایبەت بوو بە قیبطیەکان کە خەڵکی ڕەسەنی میصر بوون:
- پێدانی جیزیە لەلایەن میصریەکانەوە بە دەسەڵاتی ئیسلامی.
- پێدانی خەراجی زەویەکانی میصر بە دەسەڵاتی ئیسلامی.
- جیزیە و خەراج تەنها پیاوانی دەگرتەوەو منداڵ و ئافرەت لەسەریان نەبوو.
- ئەگەر ئەو مەرجانە جێبەجێ کران، ئەوا ماڵ وسامان و ژن و منداڵیان پارێزراو دەبن
- دەبێت میصریەکان لەلایەن سوپای ئیسلامیەوە لە مەترسی دوژمن بپارێزرێن.[1]

دووەم: ئەو خاڵانەی تایبەت بوو بە سوپای ڕۆمی و نووبیەکان کە خەڵکی میصر نەبوون:
- ڕۆمیەکانی ناو میصر سەرپشک بکرێن لەوەی لە میصر دەمێننەوە یان جێی بهێڵن.[2]
- مانەوەی ڕۆمیەکان و نووبیەکان وابەستەیە بە پابەندبوونیان بەو خاڵانەی لە ڕێککەوتنی نێوان قیبطی و موسڵمانەکاندا هاتووە، هەرکەسیان مایەوە، هەمان ئەرک و مافی لەسەرە، هەرکەسیش ڕازی نەبوو، پەنا دەدرێت هەتا بە سەلامەتی دەگاتە شوێنی مەبەستی خۆی و لە دەسەڵاتی ئیسلامی دەچێتە دەرەوە.
- نووبیەکان مافیان هەبێت بازرگانی هاوردە و ناردەنی بکەن.[3]

فەتحی ئەسکەندەریە:

هیرەقل بەو ڕێککەوتنەی نێوان مقوقس و عەمری کوڕی عاص ناڕازی بوو، بۆیە سوپایەکی گەورەی لە ئەسکەندەریە کۆکردەوە،[4] عەمری کوڕی عاصیش بە مۆڵەتی خەلیفە، ڕووەو ئەسکەندەریە پێشڕەوی کرد، لە ڕێدا

(١) البلاذري: فتوح البلدان، ص ٢١٢-٢١٥.
(٢) البلاذري: فتوح البلدان، ص ٢١٢-٢١٥.
(٣) ابن كثير: البداية والنهاية، دار هجر، ج١٠، ص ٩٢.
(٤) تاريخ خليفة ابن خياط، ص ١٤٤.

چەند بەرنگاربوونەوەیەکی ناوچەیی تووش بوو و بەسەر هەموویاندا سەرکەوت، دواتر گەیشتە ئەسکەندەریە و گەمارۆیەکی چەند مانگی خستە سەر شارەکەو دواجار فەتح کرا و هەمان ئەو مەرج و مافانەی پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، گشتگیر کرا بۆ خەڵکی ئەسکەندەریەیش.[١]

فەتحی بەرقە و طەرابلوس:

دوای فەتحی ئەسکەندەریە، سوپای ئیسلامی ڕووەو ناوچەکانی دەرەوەی میصریش پێشڕەوی کرد و بەرقەی فەتح کرد و بە ڕێککەوتنێکی نێوان سوپای ئیسلامی و خەڵکی ناوچەکە، جەنگ کۆتایی هات، دواتر عەمر ڕووەو طەرابلوسیش پێشڕەوی کرد و بە خێرایی فەتحی کرد، بەم چەشنە فتووحاتی باکووری ئەفریقی لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا لە سنووری فەتحی طەرابلوسدا وەستا.[٢]

عەمری کوڕی عاص لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا دڵسۆزی خەلیفە بوو، خەلیفەش لە مەسەلەکاندا ڕاوێژی پێدەکرد و ڕای وەردەگرت، لەوانە مەسەلەی کوشتنی کچەکەی ئەبوولوئلوئە بوو لەلایەن عوبەیدولڵای کوڕی عومەرەوە، عەمر ڕای وابوو عوبەیدولڵا نەکوژرێتەوەو خوێن باییەکەی بدرێت، عوثمانیش خوێن بایی ئەوانی لە سامانی تایبەتی خۆی بەخشی.[٣]

کاتێک ئاشووبگێڕان ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە عوثمان، خەلیفە سەرکردەکانی ناوچەکانی کۆکردەوە تا ڕایان وەرگبرێت، ئەوەبوو موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و عەمری کوڕی عاص کە هێشتا ئەمیری میصر بوو و چەند سەرکردەیەکی تریش هاتن و هەرکامەو ڕای خۆیان دەربڕی، سەرەتا عەمر لەگەڵ عوثماندا بە ڕەقی قسەی کرد، دواتر پۆزشی هێنایەوە، دواجار عوثمان بڕیاری دا والیەکانی لە پۆستەکانیاندا بهێڵێتەوە.[٤]

---

[١] البلاذري: فتوح البلدان، ص ٢١٦ وما بعدها.

[٢] أبوالقاسم المصري: فتوح مصر والمغرب، ص ١٩٧- ٢٠٠.

[٣] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٤٩.

[٤] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٦٧.

لە ساڵی بیست و پێنجی کۆچیدا خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان عەمری کوڕی عاصی لە والیەتی میصر لابرد و عەبدوڵای کوڕی سەعدی لە شوێنەکەی دانا،[1] رایەکی تریش دەڵێت: بەڵکو لە ساڵی بیست و حەوتی کۆچیدا بوو.[2]

لابردنی عەمر نارەزایی خەڵکێکی میصری لێکەوتەوە، جا باس لەوەش کراوە کە عەمر بەهۆی لابردنیەوە بەرامبەر بە عوثمانی کوڕی عەففان هەڵوێستی نەیاری نواندووە.[3]

پاش شەهیدکردنی عوثمانی کوڕی عەففان، عەمر هاودەم بە موعاویە هەڵوێستی تۆڵەسەندنەوەی هەڵبژارد و شوێن راکەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب نەکەوت و بەیعەتی نەدا بە خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووطالیب.[4]

کاتێک عەلی ویستی کەسێک بنێرێت بۆ لای موعاویە تا بەیعەتی لێ وەربگرێت، جەریری کوڕی عەبدوڵا بە نامەیەکی عەلی کوڕی ئەبووطالیبەوە چوو بۆ لای موعاویە کە داوای کردبوو بەیعەت بدات،[5] ئینجا جەریر خەڵکی کۆکردەوەو وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا داوای لە موعاویە کرد گوێڕایەڵی بنوێنێت و ناکۆکی نەنێتەوەو نەبێتە هۆی جەنگی نێوان موسڵمانان، موعاویەش داوای کرد پەلەی لێ نەکات تا رای خەڵکی شام وەربگرێت،[6] کە جەریر نامەکەی دا بە موعاویە، موعاویە عەمری کوڕی عاص و گەورەکانی خەڵکی شامی کۆکردەوەو راوێژی کرد بە هەموویان، ئەوانیش وتیان: تا بکوژانی عوثمان نەکوژرێنەوە بەیعەت نادەین یان دەبێت بکوژەکانی عوثمانیان بدرێنە دەست، ئەگەرنا جەنگی لەگەڵ دەکەن و بەیعەتی پێ نادەن، ئەوەبوو جەریر گەڕایەوەو هەواڵەکەی دا بە عەلی.[7]

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٥، ص ٣٥١.
[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٥١.
[3] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٧٠.
[4] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٥١.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٥٤.
[6] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ١٢٧.
[7] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٥٤.

لە جەنگی نیوان سوپای عەلی و موعاویەدا لە رۆژی هەینیدا سوپای عێراق بە سەرکردایەتی عەمماری کوڕی یاسیر و سوپای شام بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص بەریەککەوتن و جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا روویدا، دواتر گەڕانەوە، ئینجا لە رۆژی شەممەشدا دووبارە جەنگ روویدا، بەو جۆرە چەند رۆژێک جەنگ روویدا.[1]

لە جەنگی صفیندا کاتێک عەممار کوژرا، عەمری کوڕی حەزم چوو بۆ لای عەمری کوڕی عاص و وتی: وا عەممار کوژرا و پێغەمبەری خواش(ﷺ) دەیفەرموو: دەستەی یاخی ئەو دەکوژن، عەمری کوڕی عاصیش خێرا راچڵەکی و خۆی کرد بە ژووردا بۆ لای موعاویەو موعاویە وتی: چی بووە؟ عەمر وتی: عەممار کوژرا، موعاویە وتی: جا کوژرا چی بوو؟ عەمر وتی: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (دەستەی یاخیبوو دەیکوژن)، موعاویە قسەیەکی پێ وت: و وتی: مەگەر ئێمە کوشتمان، بەڵکو عەلی و هاوەڵانی کوشتیان کە هێنایان تا خستیانە بەر رمەکانمان.[2]

ئینجا عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص لای موعاویە سەرکۆنەی زۆری کردن کە بکوژی عەممار بوون و ئەوان دەستەی یاخی بوون، موعاویە وتی: جا کە وایە بۆچی لەگەڵ ئێمەیت؟ ئەویش وتی: چونکە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردم گوێڕایەڵی باوکم بم، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە لەگەڵت نەدەهاتم.[3]

مەسەلەی دادوەری

لە پیتی (ع) لە ژیانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا باسی مەسەلەی دادوەریمان کردووە، بۆیە لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

---

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٦٢-٢٦٨.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث عمرو بن العاص عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٧٩٨٩؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب قتال أهل البغي - حكم البغاة من هذه الأمة، الرقم ٢٦٧٨، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط.

[3] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٦٩.

موعاویە بەهێزی و لێزانی عەمری لا روون بووو دەیزانی خەڵکی میصر چەندە هەواداری ئەون، بۆیە لە ساڵی سی و هەشتی کۆچیدا عەمری نارد بۆ میصر تا لەدەست موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکری صدیقی وەربگرێتەوەو خۆی ببێت بە والی ئەوێ، عەمریش چوو و هەمان کاری کرد و موحەممەدی کوشت-چونکە نەیاری عوثمانی کوڕی عەففان بوو- و خۆی بوو بە والی میصر تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد.[1]

سێ کەس لە خەواریجەکان کە بریتی بوون لە ئیبنولمولجەم و بەرکی کوڕی عەبدولا و عەمری کوڕی بەکر کۆبوونەوەو باسی کوشتاری هاوڕێکانیان لە نەهرەوان کرد، بۆیە بڕیاری تۆڵەیان دا و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەرکامیان و یەکێک لە سەرکردەکان بکوژێت، ئیبنولمولجەم وتی: من عەلی دەکوژم، بەرک وتی: منیش موعاویە دەکوژم، عەمریش وتی: منیش عەمری کوڕی عاص دەکوژم، ئەوەبوو هەرسێیان بەڵێنیان بە یەکدی دا و شمشێرەکانیان ژەهراوی کرد و وادەی حەقدەی رەمەزانیان دانا.[2]

کاتێک سێ خەواریجەکە بڕیاریاندا هەریەک لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و عەمری کوڕی عاص بکوژن، ئەوەی هات عەمر بکوژێت بە هەڵە خاریجەی کوڕی حوذافەی کوشت کە دادوەری میصر بوو، چونکە وایزانی عەمرە، کەچی کە دواتر گیرا و برا بۆ لای عەمر، وتی: بۆ من کێم کوشتووە؟ وتیان: خاریجەت کوشتووە، ئەویش وتی: من نیازم بوو عەمر بکوژم، بەلام خوا ویستی خاریجە بێت.[3]

دواجار عەمری کوڕی عاص لە ساڵی چل و سێی کۆچیدا وەفاتی کرد،[4] رای تریش هاتووە لە ساڵی چل و حەوت یان چل و هەشت یان پەنجاو یەکی کۆچیدا وەفاتی کردووە، لە سەرەمەرگیدا دەستی کرد بە گریان، عەبدولای کوڕی وتی: بۆچی دەگریت؟ لە ترسی مەرگ؟ عەمر وتی: نابەخوا، بەڵکو لە

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٣١٣-٣٢٣.
[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٣٢٤-٣٢٨.
[3] أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٣.
[4] البداية و النهاية لابن كثير، ج٨، ص ٢٥.

باری دوای مەرگ دەترسم، عەبدوڵاش دڵنەوایی دەدایەوەو باسی ئەوەی بۆ دەکرد کە لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بووەو لە فتووحاتی شامدا بەشدار بووە، عەمریش وتی: لە هەموو ئەوانە چاکترم جێهێشتووە کە ئەویش شایەتومانی (لا الە الا اللە)ە، من کاتی خۆی سەرسەختترین نەیاری پێغەمبەر(ﷺ) بووم، جا ئەگەر ئەوکات بمردمایە لە دۆزەخ دەبووم، دواتر بەیعەتم دا بە پێغەمبەر(ﷺ) و لە هەموو کەس زیاتر شەرمم لێدەکرد تا ئەوەی نەمتوانی تێری چاوم تەماشای بکەم، ئەگەر ئەو کات بمردمایە خەڵکی دەیانوت خۆشی بۆ عەمر کە لەسەر خێر و چاکە مرد و هیوامان وایە لە بەهەشت بێت، دوای ئەوە دەستم گەیشتە دەسەڵات و ئیتر نازانم چاکە بۆم یان خراپ، ئەگەر بمرم کەسێ بۆم ناگری... کە مردم دارو بەرد لەسەر گۆڕم دامەنێن، کە داتانپۆشیم هێندەی سەربڕینی وشترێک و بەشکردنی گۆشتەکەی لام بمێننەوە با ئۆقرەتان پێ بگرم. [1]

عەمر دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (إذا حكم الحاكم فاجتهد ثم أصاب فله أجران، وإذا حكم فاجتهد ثم أخطأ فله أجر)،[2] (ئەگەر دادوەر حوکمێکی دا و ئیجتیهادی کرد و پێکای ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە، ئەگەر حوکمی دا و ئیجتیهادی کرد و نەیپێکا ئەوە یەک پاداشتی بۆ هەیە).

عەمر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فصل ما بين صيامنا وصيام أهل الكتاب، أكلة السحر)،[3] (جیاکەرەوەی نێوان رۆژووی ئێمەو رۆژووی ئەهلی کیتاب، خواردنی پارشێوە).

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث عمرو بن العاص عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٨٠٥٨؛ صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب كون الإسلام يهدم ما قبله وكذا الهجرة والحج، الرقم ١٢١.

[2] صحيح البخاري - كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة - باب أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ، الرقم ٧٣٥٢؛ صحيح مسلم - كتاب الأقضية - باب بيان أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ، الرقم ١٧١٦؛ جامع الترمذي - أبواب الأحكام عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في القاضي يصيب ويخطئ، الرقم ١٣٢٦؛ سنن ابن ماجه - أبواب الأحكام - باب الحاكم يجتهد فيصيب الحق، الرقم ٢٣١٤؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب القضاء - ثواب الإصابة في الحكم بعد الاجتهاد لمن له أن يجتهد، الرقم ٥٨٨٧.

[3] صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب فضل السحور وتأكيد استحبابه واستحباب تأخيره وتعجيل الفطر، الرقم ١٠٩٦؛ صحيح ابن خزيمة - كتاب الصوم - جماع أبواب الأهلة ووقت ابتداء صوم شهر رمضان - باب استحباب السحور فصلا من صيام النهار وصيام أهل الكتاب والأمر بمخالفتهم إذ هم لا يتسحرون، الرقم ١٩٤٠؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الصيام - فصل ما بين صيامنا وصيام أهل الكتاب، الرقم ٢٤٨٧.

٢٣٣٧. عەمری كوڕی عامیر(ﷺ)

ناوی عەمری كوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری كرد.[١]

٢٣٣٨. عەمری كوڕی عەبەسە(ﷺ)

ناوی عەمری كوڕی عەبەسەی كوڕی عامیرە، یەكێكە لە دەستەی یەكەمی موسڵمان بوان، كۆچی كرد بۆ مەدینەو لەوێ مایەوە، لە خیلافەتی راشیدیندا چوو لە شام نیشتەجێ بوو.[٢]

عەمر دەڵێت: وا كەوتە دڵمەوە كە پەرستنی بتەكان بێمانایە، جارێك باسی ئەوەم دەكرد، كابرایەك وتی: ئەی عەمر جا خۆ لە مەككە كابرایەك هەیە ئەو قسانەی تۆ دەكات، منیش هاتم بۆ مەككەو هەواڵم زانی وتیان: تەنها بە شەو دەتوانیت بیبینیت، منیش لای كەعبە مامەوەو لەوێ خەوتم تا دەنگێكم بیست كە تەهلیلەی دەكرد، چووم بۆ لای، وتم: تۆ كێیت؟ وتی: پێغەمبەری خوام(ﷺ)، وتم: پەیامت چیە؟ فەرمووی: (أرسلني بصلة الأرحام، وكسر الأوثان، وأن يوحد الله لا يشرك به شيء)، (خوا منی ناردووە تا پەیامی پەیوەندی خزمایەتی و شكاندنی بتەكان و پەرستشی خوای تاك و تەنها و هاوەڵ بۆ دانەنانی بگەیەنم)، وتم: كێ شوێنكەوتەتە؟ فەرمووی: كۆیلەو ئازادیش شوێنم كەوتون، وتم: دەی من شوێنت دەكەوم، فەرمووی: (إِنَّكَ لَا تَسْتَطِيعُ ذَلِكَ يَوْمَكَ هَذَا ! أَلَا تَرَى حَالِي وَحَالَ النَّاسِ ؟ وَلَكِنِ ارْجِعْ إِلَى أَهْلِكَ، فَإِذَا سَمِعْتَ بِي قَدْ ظَهَرْتُ فَأْتِنِي) تۆ ئێستا ناتوانیت، باری خۆم و خەڵك نابینیت؟ بەڵكو بڕۆرەوە بۆ ناو قەومەكەت، كە بیستت من سەركەوتوم وەرە بۆ لام، منیش گەڕامەوەو گوێ قوڵاغ بووم تا هەواڵێكی نوێ ببیستم، هەركەس دەهات هەواڵم لێ

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٥٤.
[٢] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٦٦-٢٦٧.

دەپرسی، تا بیستم پێغەمبەر(ﷺ) چووە بۆ مەدینە، کاروانێک لەوێوە هاتبوو هەواڵی پێغەمبەری خوام(ﷺ) لێ پرسین، ئەوانیش وتیان: خەڵکی زۆر بەرەو لای دەچن، قەومەکەی ویستیان بیکوژن بەڵام نەیانتوانی، منیش کە ئەوەم بیست چوومە مەدینەو چوومە خزمەتی، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەمناسیتەوە؟ فەرمووی: بەڵێ، تۆ ئەوە بوویت کە لە مەککە پێم گەیشتیت، منیش وتم: بەڵێ،[1] ئینجا کەوتمە پرسیارکردن لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش وەڵامی دەدامەوە.[2]

عەمر لە غەزای طائیفدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بەشداری کرد و فەرموودەیەکیشی گێڕاوەتەوە کە لەوێ لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووەو بیستوویەتی، عەمر دەڵێت: کاتێک گەمارۆی طائیفمان دابوو، بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (أيما رجل مسلم أعتق رجلا مسلما، فإن الله جل وعلا جاعل وقاء كل عظم من عظام محرره عظما من عظامه من النار، وأيما امرأة مسلمة أعتقت امرأة مسلمة، فإن الله جل وعلا جاعل وقاء كل عظم من عظام محررها عظما من عظامها من النار)،[3] (هەر پیاوێکی موسڵمان پیاوێکی موسڵمان ئازاد بکات، ئەوە خوای گەورە بە هەر ئێسکێکی ئەو ئازادکراوە ئێسکێکی ئەو کەسە لە دۆزەخ دەپارێزێت، وە هەر ژنێکی موسڵمان ژنێکی موسڵمان ئازاد بکات، ئەوە خوای گەورە بە هەر ئێسکێکی ئەو ئازادکراوە ئێسکێکی ئەو کەسە لە دۆزەخ دەپارێزێت).

٢٣٣٩. عەمری کوڕی عەبدقەیس(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی عەبدقەیسە، پێش کۆچی موسڵمانان بۆ مەدینە موسڵمان بوو.[4]

---

[1] صحيح مسلم – كتاب صلاة المسافرين وقصرها – باب إسلام عمرو بن عبسة، الرقم ٨٣٢

[2] صحيح مسلم.

[3] صحيح ابن حبان – كتاب العتق – ذكر البيان بأن هذا الفضل إنما يكون إذا كان المعتق والمعتقة جميعا مسلمين، الرقم ٤٣٠٩، صححه شعيب الأرناؤوط.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٥٧.

٢٣٤٠. عەمری کوڕی عەقیل(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی عەقیلەو فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوەو دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بووین کە کابرایەک هات و خەڵکەکەی تێدەپەڕاند تا هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئیسلام چیە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە، یەک یەک پرسیاری کرد و پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی دایەوە، دواتر کە چوو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە جیبریل بوو لە شێوەی ئادەمیزادێکدا هات بۆ ناو خەڵک و ئایینەکەی فێر کردن و دواتر گەڕایەوە).[1]

بەسەرهاتی ئەم فەرموودەیە بە صەحیحی لە عومەری کوڕی خەططابیشەوە گێردراوەتەوە.

٢٣٤١. عەمری کوڕی عەنەمە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی عەنەمەی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدریشدا بەشداری کرد، عەمر یەکێکە لەوانەی لە غەزای تەبووکدا توانای بەشدارییان نەبوو لەبەر نەبوونی شمەکی پێویست بۆ بەشداری جەنگەکەو لەبەر نەبوونی توانای بەشداری کردنەکەشیان دەستیان کرد بە گریان و خوای گەوەش ئایەتی لە بارەیانەوە دابەزاند.[2]

٢٣٤٢. عەمری کوڕی عەوف(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی عەوفی کوڕی زەیدی موزەنیە، کونیەکەی ئەبووعەبدولایە، عەمر لە غەزای خەندەقدا بەشداری کرد، یەکێک بوو لەو

---

[1] مسند الشاميين للطبراني، الرقم ٢٣٨٢.

[2] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٧٤.

هاوەڵانەی لە غەزای تەبووکدا توانای بەشدارییان نەبوو لەبەر نەبوونی شمەکی پێویست بۆ بەشداری جەنگەکەو لەبەر نەبوونی توانای بەشداری کردنەکەشیان دەستیان کرد بە گریان و خوای گەوەش ئایەتی لە بارەیانەوە دابەزاند.[1]

عەمر لە سەردەمی موعاویەدا کۆچی دوایی کرد.[2]

٢٣٤٣. عەمری کوڕی عەوفی کوڕی یەربووع(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەوفی کوڕی یەربووعە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیەو لە بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو.[3]

٢٣٤٤. عەمری کوڕی عەوفی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی عەوفە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[4] دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[5]

عەمر دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: (فوالله ما الفقر أخشى عليكم، ولكن أخشى عليكم أن تبسط عليكم الدنيا، كما بسطت على من كان قبلكم، فتنافسوها كما تنافسوها، وتلهيكم كما ألهتهم)،[6] (سوێند بە خوای گەورە لە هەژاریتان ناترسم، بەڵکو دەترسم دنیا بە ڕووتاندا بکرێتەوە وەک چۆن بە ڕووی گەلانی پێش ئێوەدا کرایەوەو ئێوەش وەک ئەوان مونافەسەی لەسەر بکەن و چۆن ئەوانی سەرقاڵ کرد ئاوا ئێوەش سەرقاڵ بکات).

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٦٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٦٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٦٨.

[4] صحيح البخاري - كتاب الرقاق - باب ما يحذر من زهرة الدنيا والتنافس فيها، الرقم ٦٤٢٥؛ صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق، الرقم ٢٩٦١.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٦٧.

[6] صحيح البخاري - كتاب الرقاق - باب ما يحذر من زهرة الدنيا والتنافس فيها، الرقم ٦٤٢٥؛ صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق، الرقم ٢٩٦١.

٢٣٤٥. عەمری کوڕی عوثمان(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی عوثمانی کوڕی کەعبی تەیمیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی مەککەو زۆر زوو لەوێ موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، عەمر دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.(١)

٢٣٤٦. عەمری کوڕی فحیل(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی فحیلەو یەکێکە لە کۆچەریەکان، لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکردا ڕۆڵی هەبوو لە بەرپەرچدانەوەی هەڵگەڕاوەکاندا.(٢)

٢٣٤٧. عەمری کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی حەزەنە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و کونیەکەی ئەبووخاریجەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.(٣)

٢٣٤٨. عەمری کوڕی قەیسی خەزرەجی(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی خاریجەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کوڕێکی هەبوو بە ناوی سلیط کە هاودەم بە باوکی پێکەوە بەشداری غەزای بەدر بوون.(٤)

---

(١) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٦٢.

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٧٠.

(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٧١.

(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٧١.

٢٣٤٩. عەمری کوڕی قەیسی کوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی مالیکی کوڕی کەبە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[١]

٢٣٥٠. عەمری کوڕی قەیسی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.

٢٣٥١. عەمری کوڕی مەحجووب(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی مەحجووبی عامیریە، کاربەدەستی بەردەستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بووە، دواتریش لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بەشدار بوو لە جەنگی دژ بە هەڵگەڕاوەکاندا.[٢]

٢٣٥٢. عەمری کوڕی موحەممەد(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی موحەممەدی کوڕی سەلەمەیە، لە پشتیوانانەو یەکێک بوو لە بەشداربوانی فەتحی مەککەو غەزاکانی دواتریش.[٣]

٢٣٥٣. عەمری کوڕی موڕڕە(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی موڕڕەی کوڕی عەبەسە، لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) تەمەنێکی زۆری هەبوو، هاوکات بەو تەمەنە زۆرەی لە زۆربەی غەزاکاندا بەشداری کرد.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٧١.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٧٨.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٧٩.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٨٠-٦٨١.

جارێک عەمری کوڕی موڕڕە بە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانی وت، من بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (ما من إمام يغلق بابه دون ذوي الحاجة، والخلة، والمسكنة إلا أغلق الله أبواب السماء دون خلته وحاجته ومسكنته)،[1] (هەر پێشەوایەک دەرگا بە ڕووی کەسانی دەستکورت و خاوەن پێداویستیدا دابخات، خوای گەورە دەرگاکان بە ڕووی پێویستی و هەژاری و داواکاریدا دادەخات)، موعاویە لەبەر ئەو فەرموودەیە کەسێکی ڕاسپارد تا گوێ لە پێویستیەکانی خەڵک بگرێت و کاریان بۆ بکات.[2]

٢٣٥٤. عەمری کوڕی موسەبیح(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی موسەبحی کوڕی کەعبە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بووە، لەو کاتەشدا تەمەنی زۆر بووە، دەوترێت لە کاتی وەفاتیدا تەمەنی نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ بووە، کاتی وەفاتەکەشی لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا بووە.[3]

٢٣٥٥. عەمری کوڕی موطەریف(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی موطەریفی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[4]

[1] جامع الترمذي – أبواب الأحكام عن رسول الله(ﷺ) – باب ما جاء في إمام الرعية، الرقم ١٣٣٢ و قال حديث غريب؛ المستدرك على الصحيحين – كتاب الأحكام – إن الله مع القاضي ما لم يجر، الرقم ٧١٢٠؛ صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

[2] مسند أحمد بن حنبل – مسند الشاميين(ﷺ) – حديث عمرو بن مرة الجهني(ﷺ)، الرقم ١٨٣١٨؛ جامع الترمذي – أبواب الأحكام عن رسول الله(ﷺ) – باب ما جاء في إمام الرعية، الرقم ١٣٣٢ و قال حديث غريب.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٨٢.

[4] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٨٨.

٢٣٥٦. عەمری کوڕی موعاذ(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی موعاذی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، برای سەعدی کوڕی موعاذی گەورەی ئەوسیەکانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

٢٣٥٧. عەمری کوڕی موعاذی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی موعاذی کوڕی جەمووحە، لە پشتیوانانە، لە یەکێک لە غەزاکاندا قاچی عەمر بڕابوو، پێغەمبەر(ﷺ) تفی لێدا، قاچی چاک بوویەوە.[2]

٢٣٥٨. عەمری کوڕی میحصەن(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی میحصەنە، برای عوککاشەی کوڕی میحصەنە، یەکێکە لە کۆچەریەکان، لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو.[3]

٢٣٥٩. عەمری کوڕی ئەبی حەمزە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی ئەبی حەمزەی کوڕی سینانی ئەسلەمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە ودواتر هاتەوە بۆ مەدینە، دواتر داوای مۆڵەتی لێکرد بچێت سەرێک لە خێزانەکەی بدات، پێغەمبەریش(ﷺ) مۆڵەتی پێدا، لە ڕێدا گەیشت بە کەنیزەیەکی جوان و زینای لەگەڵ کرد، ئینجا پەشیمان

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٨٥.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - باب المعجزات - ذكر برء رجل عمرو بن معاذ المقطوعة عند تفل المصطفى(ﷺ) فيها، الرقم ٦٥٠٩؛ معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم ٤٥٦٤، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[3] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٨٥.

بوویەوەو چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمانی کرد بە کەسێک حەددی لەسەر جێبەجێ بکات و ئەویش جەلدی لێدا.[1]

٢٣٦٠. عەمری کوڕی ئەبی سەرح(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەبی سەرحی فەهریە، کونیەکەی ئەبووسەعدە، ئەم هاوەڵە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوانی مەککە بوو، دواتریش کۆچی کرد بۆ حەبەشە، پاشان گەڕایەوە بۆ مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[2]

٢٣٦١. عەمری کوڕی یەثریبی(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی یەثریبیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، عەمر دەڵێت: ئامادەی وتارێکی پێغەمبەر(ﷺ) بووم –لە حەجیماڵئاواییدا- کە تیایدا دەیفەرموو: (کەستان هیچی لە سامانی براکەی بۆ رەوا نیە مەگەر لە رەزامەندی خۆیەوە بێت).[3]

٢٣٦٢. عەمری کوڕی ئەحوەص(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەحوەصەو لە گێڕانەوەیەکی سولەیمانی کوڕیەوە هاتووە کە یەکێک بووە لە بەشداربوانی حەجی ماڵئاوایی، دواتریش لە جەنگی یەرمووکدا بەشدار بوو.[4]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٢٣.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٣٤.

[3] مسند أحمد بن حنبل – مسند المكيين(ﷺ) – حديث عمرو بن يثربي(ﷺ)، الرقم ١٥٦٥٥؛ السنن الكبرى للبيهقي – كتاب الغصب – باب لا يملك أحد بالجناية شيئا جنى عليه إلا أن يشاء هو والمالك، الرقم ١١٦٤١، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٩٨.

٢٣٦٣. عەمری کوڕی ئەخطەب(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەخطەبی کوڕی ریفاعەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووزەیدە.[١]

عەمر دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بەیانی بۆ کردین و دواتر چوویە سەر مینبەر و وتاری بۆ فەرمووین تا کاتی نیوەڕۆ هات و دابەزی و نوێژی کرد، دواتر سەر کەوتە سەر مینبەر و وتاری بۆ فەرمووین تا کاتی نوێژی عەسر هات، دابەزی و نوێژی عەسری بۆ کردین، دواتر چوویەوە سەر مینبەر و تا خۆرئاوابوون وتاری بۆ فەرمووین و ئەوەی بووەو دەبێت هەمووی فێر کردین.[٢]

عەمر لە نزیکەی سیانزە غەزادا هاودەم بە پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری کردووە.[٣]

عەمر دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) داوای ئاوی کرد، منیش جامێ ئاوم بۆ برد، بینیم موویەکی تێدا بوو، مووەکەم دەرهێنا، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشای کرد و دواتر فەرمووی: (خوایە جوانی بکەیت)، نزاکەی پێغەمبەر(ﷺ) گیرا بوو و تەمەنی گەیشتبوویە نەوەدو سێ ساڵ، کەچی تاڵە موویەکیشی سپی نەبووبوو،[٤] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) دەستی هێنا بە دەموچاومدا و نزای بۆ کردم.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٩٩.

[٢] صحيح مسلم - كتاب الفتن وأشراط الساعة - باب إخبار النبي(ﷺ) فيما يكون إلى قيام الساعة، الرقم ٢٨٩٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٩٩.

[٤] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(رضي الله عنه) - ذكر السبب الذي من أجله دعا المصطفى(ﷺ) لأبي زيد بالجمال، الرقم ٧١٧٢؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب الأشربة - أمط الإناء عن فيک ثم تنفس، الرقم ٧٣٠٢، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط.

[٥] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٣٦٢٩و قال حسن غريب، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

٢٣٦٤. عەمری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەوسی کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، باوکیشی و حارثی برایشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، عەمر یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزای خەندەق و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، پاش وەفاتی پێغەمبەری خوایش(ﷺ) ژیا و لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[١]

٢٣٦٥. عەمری کوڕی ئەیفەع(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئەیفەعەو هاتووەتە خزمە پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[٢]

٢٣٦٦. عەمری کوڕی ئومیس(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئوەیسی عامیریەو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

٢٣٦٧. عەمری کوڕی ئوم مەکتووم(رضي الله عنه)

ناوی عەمری کوڕی ئوم مەکتوومی قورەیشیە، یان دەوترێت ناوی عەبدوڵایە، بەڵام زیاتر بە عەمر ناوی هاتووە، یەکێک بوو لە موسڵمانبوانی مەککە و لە دەستەی یەکەمی کۆچەریەکان بوو.[٤]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا ئیبن ئوم مەکتووم لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و ئاڵایەکی بەدەستەوە بوو، جا رایەک

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٥.

[٢] أسد الغابة، ج٤، ص ٢١١.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٥.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٠-٦٠١.

دەڵێت: لە جەنگەکەدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ وەفاتی کرد.[١]

زۆرجار کە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو بۆ غەزایەک یان لە مەدینە دەردەچوو ئیبن ئوم مەکتوومی لەسەر مەدینە دادەنا، بەڵکو پێغەمبەر(ﷺ) نزیکەی سیانزە جار ئەم هاوەڵەی وەک بەرپرسی مەدینە دانا تا خۆی دەگەڕایەوە بۆ ئەوێ.[٢]

٢٣٦٨. عەمری کوڕی ئومەییە(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی ئومەییەی کوڕی خوەیلیدە، کونیەکەی ئەبوو ئومەییەیە، ژنێکی هەبوو بە ناوی سوخەیلەی کچی عوبەیدە کە چەند منداڵێکی لێی بوو.[٣]

عەمر لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا هاودەم بە بێباوەڕان بەشداری کرد، پاش غەزای ئوحود موسڵمان بوو.[٤]

یەکەم غەزا کە تیایدا بەشدار بوو لە بیئر مەعوونەدا بوو، تیایدا عامیری کوڕی طوفەیل بەدیلی گرت، دواتر ئازادی کرد.[٥]

پێغەمبەر(ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەی نارد بۆ لای نەجاشی تا داوای ئوممو حەبیبەی بۆ بکات،[٦] نەجاشیش ئافرەتێکی نارد بە ناوی ئەبرەهە تا هەواڵ بدات بە ئوممو حەبیبە، ئەبرەهە وتی: پاشا دەڵێت: کەسێک بکەرە وەکیلی خۆت تا هاوسەرگیریەکەت بۆ بکات، هەواڵی نارد بۆ خالیدی کوڕی سەعید و ئەوی کرد بە وەکیل.

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠١.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠١.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٤٨.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٤٨.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٢.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص٦٠٢.

پێغەمبەر(ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەی نارد تا تەرمەکەی خوبەیب ببات، ئەویش چوو و تەرمەکەی خوبەیبی خستەخوارەوە، زەوی تەرمەکەی خوبەیبی قووت دا، دواتر کەمێک گەڕام بۆ تەرمەکە لە هیچ شوێنێک تەرمەکە دیار نەبوو.[1]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوای رووداوی بەنی نەضیر سەلەمەی هاودەم بە عەمری کوڕی ئومەییە نارد تا ئەبووسوفیان بکوژن،[2] چونکە پێشتر ئەبووسوفیان بە دەستەیەکی قورەیشییەکانی وتبوو کەسێک نیە بتوانێت موحەممەد تیرۆر بکات؟ چونکە وا ئەو بە بازاڕدا پیاسە دەکات، ئەوەبوو کابرایەکی زۆر دڵرەقی دەشتەکی ئامادە بوو تیرۆری بکات، کە هاتە مەدینە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو کابرایە دەیەوێت ناپاکی بنوێنێت، ویستی هێرش ببات بۆ پێغەمبەر(ﷺ) کە ئوسەیدی کوڕی حوضەیر رێی پێ گرت و ویستی بیکوژێت، پێغەمبەر(ﷺ) دەرفەتی نەدا، کابرا دانی نا بە تاوانەکەیدا و وتی: کە چۆن هاتووە، ئینجا موسڵمانیش بوو، پێغەمبەریش(ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەو سەلەمەی کوڕی ئەسلەمی نارد تا ئەگەر دەرفەتیان بۆ بوو ئەبووسوفیان بکوژن، ئەوەبوو چوونە مەککەوەو عەمر شەو تەوافی کەعبەی دەکرد کە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ئەوی بینی و هەواڵی دا بە قورەیش، ئەوانیش وتیان: عەمر نیازی چاک نیە، خێرا عەمر و سەلەمە گەڕانەوە بەرەو مەدینە.[3]

عەمر تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیاو هەر لە مەدینە مایەوە تا کۆچی دوایی کرد.[4]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٦٧.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٢.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٩٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٢.

٢٣٦٩. عەمری کوڕی ئومەییەی ئەسەدی(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی ئومەییەی کوڕی حارثی کوڕی ئەسەدە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو هەر لەوێیش وەفاتی کرد.[١]

٢٣٧٠. عەمری کوڕی ئیاس(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی ئیاسی کوڕی زەیدە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی یەمەنەو لە مەدینە نیشتەجێ بوو، لەگەڵ پشتیوانەکاندا موسڵمان بوو و لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[٢]

٢٣٧١. عەمری کوڕی ئیاسی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی عەمری کوڕی ئیاسەو لە پشتیوانانە لە بەنی سالیم، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

٢٣٧٢. عەمماری کوڕی زیاد(ﷺ)

ناوی عەمماری کوڕی زیادە، رایەک دەڵێت: لە غەزای بەدردا شەهید بووە، رایەکیش هاتووە کە لە غەزای ئوحوددا شەهید بووە،[٤] بەڵام ئیبن کەثیر بە عومارەی کوڕی زیاد ناوی هێناوە.[٥]

لە غەزای ئوحوددا عەممار دوژمنانی لە پێغەمبەر(ﷺ) دوور دەخستەوە تا زۆر بریندار بوو، دەستەیەک لەو موسڵمانە کۆچەریانەی لە دەوری

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٣.
[٢] أسد الغابة، ج٤، ص ٢١٠.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٦٠٦.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٧٤.
[٥] أسد الغابة، ج٤، ص ١٥٠.

پێغەمبەر(ﷺ) مابوونەوە، عەممариان هێنایە ئەملا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نزیکی بکەنەوە لێم، پێغەمبەر(ﷺ) قاچی خۆی کرد بە پشتی و سەری عەمری خستە سەر قاچی خۆی، ئیتر سەری لەسەر قاچی پێغەمبەر(ﷺ) بوو تا وەفاتی کرد.[1]

٢٣٧٣. عەمماری کوڕی غەیلان(ﷺ)

ناوی عەمماری کوڕی غەیلانی کوڕی سەلەمەیە، برایەکی هەبوو بە ناوی عامیر، ئەم دوو برایە پێکەوە پێش باوکیان موسڵمان بوون،[2] عەممار کە موسڵمان بوو کۆچی کرد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ).[3]

٢٣٧٤. عەمماری کوڕی یاسر(ﷺ)

ناوی عەمماری کوڕی یاسری کوڕی عامیری کوڕی مالیکی عەنەسیە، کونیەکەی ئەبولیەقظانە.[4]

یاسری باوکی هاودەم بە مالیک و حارثی برای لە یەمەنەوە هات بۆ مەککەو لەوێ بە دوای برایەکیاندا دەگەڕان، جا دوو براکەی گەڕانەوە، بەڵام یاسر لەوێ مایەوەو لای ئەبووحوذەیفە مایەوە، ئەویش کەنیزەکێکی هەبوو بە ناوی سومەییەو ئەو کەنیزەکەی لێ مارە کرد، منداڵێکیان بوو بە ناوی عەممار، ئیتر ئەبووحوذەیفە ئازادی کرد، دواتر ئەبووحوذەیفە وەفاتی کرد، دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) پەیامی خوای بۆ هات، عەممار هاودەم بە دایک و باوکی و عەبدوڵای برایشی موسڵمان بوو.[5]

---

[1] أسد الغابة، ج٤، ص ١٥٠.
[2] أسد الغابة، ج٤، ص ١٣٩.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٧٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٥٧٥.
[5] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٠٧.

دایکی ناوی سومەییەی کچی خباطە، حەوتەم کەس بوو کە موسڵمان بوو و یەکەم شەهیدی ناوی ئیسلام بوو،(1) سومەییە خزمەتکاری ئەبووحوزەیفە بوو، ئەبووحوزەیفە سومەییەی لە یاسر مارە کرد، چونکە هاوپەیمانی لە نێوانیاندا هەبوو.(2)

هەریەک لە سومەییە و یاسری هاوسەری و عەمماری کوڕی لە یەکەمین موسڵمان بووەکان بوون.(3)

کاتێک سومەییە موسڵمان بوو، ئەبووجەهل لەسەر موسڵمانبوونەکەی زۆر ئازاری دەدا، جلی ئاسنینی دەکردە بەری و لەبەر گەرمای مەککەدا سزای دەدا.

سومەییە ئافرەتێکی پیری بە تەمەنی لاواز بوو.(4)

جارێک ئەبووجەهل کە سزای سومەییەی دەدا، هات و بە خەنجەرێک دای لە سکی و شەهیدی کرد.(5)

لە جەنگی بەدردا کە ئەبووجەهل کوژرا، پێغەمبەر(ﷺ) بە عەمماری فەرموو (خوا بکوژەکەی دایکتی کوشت).(6)

پێش موسڵمانبوونی:

عەمماری کوڕی یاسر دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەچووین بە رێدا و خوشکەکەی خەدیجەمان بینی دامان بە لایدا لەسەر پێستەیەک بوو دەیفرۆشت، کە منی بینی بانگی کردمە کەنارەوە، پێی وتم: ئەریّ هاورێکەت رای چۆنە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجە؟ منیش چووم و ئەوەم بە پێغەمبەر(ﷺ) وت، ئەویش فەرمووی: بەڵێ بەخوا پێم خۆشە، هەواڵەکەم دایەوە بە خوشکەکەی خەدیجەو ئەویش وتی: دەی بۆ بەیانی وەرن، ئێمەش

(1) الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.
(2) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 136.
(3) الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.
(4) الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.
(5) الإصابة في تمييز الصحابة، ج7،ص 712.
(6) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 264.

چووین و سەیرمان کرد مانگایەکیان سەربڕیوەو جلی جوانیان کردوەتە بەر باوکی خەدیجە، منیش بە خوشکەکەیم وت: ئەویش بە باوکی وت، باوکیشی ئەوکات سەرخۆش بوو، خوشکەکەی خەدیجە وتی: موحەممەد هاتوەتە داوای خەدیجەو ئەویش رازی بوو و خەدیجەی لێ مارە کرد، لە گۆشتەکە خواردنێکیان ئامادە کرد و هەموان نانیان خوارد و باوکی خەدیجە خەوت، دواتر کە لە خەو هەستا هاواری کرد ئەم جلانە چین؟ ئەم خواردن و بەزمە چیە؟ کچەکەی پێی وت: ئەو جلە هی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵایەو ئەو مانگایەی بە دیاری بۆ هێناویت و تۆیش کە خەدیجەت لێ مارە کرد ئەو ماگایەمان سەربڕی، بەڵام خوەیلید نارازی بوو و کەوتە بۆڵەو هاوارکردن.[1]

موسڵمانبوونی:

عەمماری کوڕی یاسر یەکێک بوو لەو حەوت کەسە یەکەمەی کە لە مەککە ئیمانی خۆیان ئاشکراکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و بیلال و صوهەیب و خەبباب و عەممار و سومەییە.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) پەیامی بۆ هات و بوو بە پێغەمبەر، عەممار موسڵمان بوو، موسڵمانبوونی صوهەیب و عەممار لە یەک رۆژدا بوو، لە پێش ئەوانەوە نزیکەی سی و ئەوەندە کەس موسڵمان بووبوون، ئەوکات بانگەواز چووبوویەماڵی ئەرقەمەوە،[3] بەڵام ئەم سەنەدە مونقەطیعە.[4]

رای دروست ئەوەیە کە عەممار یەکێک بووە لە دە یەکەم موسڵمان بووەکان و یەکێکیش بووە لە حەوت کەسی یەکەم کە موسڵمانبوونی خۆیان ئاشکرا کرد.

---

[1] السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١٢٨٤٠، البداية والنهاية لابن كثير، ج٢، ص ٢٩٥-٢٩٦.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٠.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩.

[4] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٠٩.

نارەحەتیەکانی مەککە:

عوثمانی کوڕی عەففان دەڵێت: با سەبارەت بە عەممار فەرموودەیەکتان بۆ بگێڕمەوە، ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) دەستی گرتبووم و دەچووین بە ڕێدا، گەیشتینە لای عەممار و دایک و باوکی کە سزا دەدران، باوکی عەممار وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕۆژگار ئاوایە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (خۆڕاگر بە)، پاشان فەرمووی: (خوایە لە بنەماڵەی یاسیر خۆش بە).[1]

کاتێک یاسر و سومەییە و عەممار لەسەر ئیسلامەتییان سزا دەدران، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (صبرا یا آل یاسر، موعدکم الجنة)،[2] (خۆڕاگر بن ئەی خێزانی یاسر، وادەتان بەهەشتە).

عەممار یەکێک بوو لەو دەستە یەکەمینەی کە موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، وەک لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە یەکەم ئەو کەسانەی موسڵمانبوونی خۆیان ئاشکرا کرد و ڕاگەیاند بریتی بوون لە حەوت کەس: پێغەمبەری خوا(ﷺ) و ئەبووبەکر و عەممار و سومەییەی دایکی عەممار و بیلال و صوهەیب و میقداد، پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر بە هۆی هۆزەکانیانەوە خوا لە زیانی بێباوەڕان پاراستنی، بەڵام ئەو پێنجەکەی تر لەلایەن بێباوەڕانەوە سزا دەدران، بەرگی ئاسنینیان دەکرایە بەر و دەبرانە بەر گەرمای خۆر، دواجار هەریەک لەوانە داوای دوژمنیان هێنایەدی-واتە بە ناچاری و بە رووکەش داواکەی بێباوەڕانیان قبووڵ کرد- جگە لە بیلال کە ئامادەیی نەبوو داواکەیان قبووڵ بکات، ئیتر ئەوانیش دەیاندایە دەست مێردمنداڵان تا ڕایکێشن بە دۆڵەکانی مەککەدا، ئەویش بەردەوام دەیوت: أحد أحد.[3]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند عثمان بن عفان(ﷺ)، الرقم ٤٤٦، ضعفه أحمد شاكر، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] المستدرک على الصحيحين - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب عمار بن ياسر(ﷺ) - إيذاء الکفار آل ياسر، الرقم ٥٦٩١، قال الألباني في فقه السيرة (١١١/١) حديث حسن صحيح.

[3] سنن ابن ماجه - أبواب السنة - باب في فضائل أصحاب رسول الله(ﷺ) - فضائل بلال(ﷺ)، الرقم ١٥٦؛ صحيح ابن حبان - کتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذکر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذکر بلال بن رباح المؤذن(ﷺ)، الرقم ٧٠٩١، المستدرک على الصحيحين - کتاب

بێباوەڕان هێندە سزای عەممارییان دا تا ناچارییان کرد قسە بڵێت بە پێغەمبەر(ﷺ)، ئینجا وازیان لێهێنا، دواتر کە عەممار چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمووی خەبەر چییە؟ وتی: خراپە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وازم لێنەهێنرا تا قسەم بە تۆ وت: و بە چاکە باسی خواوەندەکانی ئەوانم کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دڵت چۆن بوو؟) وتی: تەواو دڵنیایە بەئیمان، فەرمووی: (إن عادوا فعد)،[1] (ئەگەر هەمدی ناچارییان کردی وا بکەرەوە)

قەتادە دەڵێت: ئەم ئایەتەی خوا (مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ) سەبارەت بە عەممار دابەزی.[2]

لە مەککەدا جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ برێک لە هاوەڵانی دانیشتبوو کە خەبابیشیان تێدا بوو، ئەو هاوەڵانەش لە کەسە لاواز و بێکەسەکان بوون، ئەقرەعی کوڕی حابیس لە گەڵ عویەینە تێپەڕ دەبوون، سەیریان کرد پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ عەممار و صوهەیب و بیلال و خەبباب و چەند موسڵمانێکی تری لاوازدا دانیشتووە، ئەوانیش گاڵتەیان پێکرد و دەیانوت کە وەفدی عەرەب دێن شەرم دەکەین بمانبینن لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتبیت، ئەگەر هاتین بۆ لات تۆ ئەوانە دەرکە، پێغەمبەریش(ﷺ) رازی بوو، ئەوانیش وتیان: دەی بەڵێنێکمان بۆ بنووسە، ئەویش ویستی بینووسێت و عەلی کوڕی ئەبوو تالیبی بانگ کرد تا بینووسێت، ئەوەبوو جبریل هات و ئەم ئایەتەی خوای بۆ هێنا (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شئ وما من حسابك عليهم من شئ فتطردهم فتكون من الظالمين وكذلك فتنا بعضهم ببعض ليقولوا أهؤلاء من الله عليهم من بيننا أليس الله بأعلم بالشاكرين)، پێغەمبەری خوا(ﷺ)

معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر بلال بن رباح - أول من أظهر إسلامه سبعة، الرقم ٥٢٧٣، صححه و وافقه الذهبي، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة حسن صحيح.

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب التفسير - تفسير سورة النحل - حكاية أسارة عمار بن ياسر بيد الكفار، الرقم ٣٣٨٢؛ صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤١١.

بێباوەڕان هێندە سزای عەمماریان دا تا ناچاریان کرد قسە بڵێت بە پێغەمبەر(ﷺ)، ئینجا وازیان لێهێنا، دواتر کە عەممار چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمووی خەبەر چیە؟ وتی: خراپە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وازم لێنەهێنرا تا قسەم بە تۆ وت: و بە چاکە باسی خواوەندەکانی ئەوانم کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دڵت چۆن بوو؟) وتی: تەواو دڵنیایە بەئیمان، فەرمووی: (إن عادوا فعد)،[1] (ئەگەر هەمدی ناچاریان کردی وا بکەرەوە)

قەتادە دەڵێت: ئەم ئایەتەی خوا (مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ) سەبارەت بە عەممار دابەزی.[2]

لە مەککەدا جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ برێک لە هاوەڵانی دانیشتبوو کە خەبابیشیان تێدا بوو، ئەو هاوەڵانەش لە کەسە لاواز و بێکەسەکان بوون، ئەقرەعی کوڕی حابیس لە گەڵ عویەینە تێپەڕ دەبوون، سەیریان کرد پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ عەممار و صوهەیب و بیلال و خەبباب و چەند موسڵمانێکی تری لاوازدا دانیشتووە، ئەوانیش گاڵتەیان پێکرد و دەیانوت کە وەفدی عەرەب دێن شەرم دەکەین بمانبینن لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتبیت، ئەگەر هاتین بۆ لات تۆ ئەوانە دەرکە، پێغەمبەریش(ﷺ) رازی بوو، ئەوانیش وتیان: دەی بەڵێنیکمان بۆ بنووسە، ئەویش ویستی بینووسێت و عەلی کوڕی ئەبوو تالیبی بانگ کرد تا بینووسێت، ئەوەبوو جبریل هات و ئەم ئایەتەی خوای بۆ هێنا (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شئ وما من حسابك علبهم من شئ فتطردهم فتكون من الظالمين وكذلك فتنا بعضهم ببعض ليقولوا أهؤلاء من الله عليهم من بيننا أليس الله بأعلم بالشاكرين)، پێغەمبەری خوا(ﷺ)

معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر بلال بن رباح - أول من أظهر إسلامه سبعة، الرقم ٥٢٧٣، صححه و وافقه الذهبي، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة حسن صحيح.

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب التفسير - تفسير سورة النحل - حكاية أسارة عمار بن ياسر بيد الكفار، الرقم ٣٣٨٢؛ صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤١١.

وەرەقەکەی فڕێ داو ئەو هاوەڵانەی بانگ کردەوەو پێی فەرمووین (سلام علیکم)، ئەوانیش لێی نزیک بوونەوە.[1]

عەممار دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە هەریەک لە غەزاکانی بەدر و ئوحود و خەندەق و بەیعەتی ریضوانیشدا بەشداری کرد.[2]

کاتێک عەممار کۆچی کرد بۆ مەدینە لای موبەشیری کوڕی عەبدولمونذیر دابەزی.[3]

عەممار یەکەم کەس بوو لە ئیسلامدا مزگەوتی دروست کرد، اتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕێی کۆچدا بوو، عەممار وتی: دەبێت شوێنێک هەبێت بۆ سێبەر و نوێژکردنی پێغەمبەر(ﷺ)، بۆیە بە بەرد مزگەوتی قوبائی دروست کرد.[4]

کاتێک بڕیار درا مزگەوتی مەدینە دروست بکرێت، هاوەڵان هەموو ئیشیان تێدا دەکرد، هەموان یەک یەک خشتیان دەبرد، بەڵام عەممار دوو دوو خشتی هەڵدەگرت، جا پێغەمبەر(ﷺ) کە عەمماری بینی خۆڵەکەی سەر شان و دەموچاوی دەتەکاند و دەیفەرموو: (ويح عمار، تقتله الفئة الباغية، يدعوهم إلى الجنة، ويدعونه إلى النار)، (هاوار بۆ عەممار، دەستەی یاخی بوو دەیکوژن، عەممار بانگیان دەکات بۆ بەهەشت و ئەوانیش بانگی دەکەن بۆ دۆزەخ)، عەمماریش دەیوت: پەنا دەگرم بە خوا لە فیتنە.[5]

عەممار لە غەزای (العشیره) دا بەشداری کرد و لە نزیکی عەلی کوڕی ئەبووطالیبەوە بوو.[6]

---

[1] حلية الأولياء، ١، ص١٤٧، البداية والنهاية، ج٦، ص٥٧.

[2] أسد الغابة، ج٤، ص ١٤١.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٥٠.

[4] أسد الغابة، ج٤، ص ١٤٣.

[5] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب التعاون في بناء المسجد، الرقم ٤٤٧.

[6] البداية و النهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٤٧.

ئیبن مەسعوود دەڵێت: لە بەدردا من و سەعد و عەممار لە دەستکەوتدا هاوبەش بووین، ئەوەبوو سەعد خۆی تەنها دوو دیلی پێ بوو، بەڵام ئێمە هیچ دیلێکمان پێ نەبوو.[1]

هەروەها عەممار لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد و لە کاتی هەڵکەندنی خەندەقەکەدا پێغەمبەر(ﷺ) سەری عەمماری دەتەکاند و دەیفەرموو: (تقتلك فئة باغية)،[2] (دەستەیەکی یاخیبوو دەتکوژن)

دەبینین لە دوو هەڵوێستی جیاوازدا پێغەمبەر خوا(ﷺ) کە سەرکردەی دەوڵەتیش بووە خۆی سەر و دەموچاوی هاوڵاتیەکی ناو دەوڵەتەکەی پاک کردوەتەوە، ئەمەش گەورەیی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نیشان دەدات.

خالید دەڵێت: جارێک لەگەڵ عەمماری کوڕی یاسردا دەمەبۆڵەیەکمان بوو، عەممار یش چوو تا لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵام لەسەر بکات، منیش هەر لێی تووڕە دەبووم، پێغەمبەریش(ﷺ) بێدەنگ بوو، ئیتر عەممار دەستی کرد بە گریان و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) گوێت لێیە چیم پێ دەڵێت؟ پێغەمبەریش(ﷺ) سەری بەرەو رووی من بەرزکردەوەو فەرمووی: (مَنْ عَادَى عَمَّارًا عَادَاهُ اللهُ، وَمَنْ أَبْغَضَ عَمَّارًا أَبْغَضَهُ اللهُ) (هەرکەس دژایەتی عەممار بکات خوا دژایەتی دەکات و هەرکەسیش رقی لێی بێت خوا رقی لێی دەبێت)، منیش خێرا دەرچووم و ئیتر لەو ساتەوە هیچ شتێک هێندەی ئەوە لام خۆشەویست نەبوو کە عەممار رازی بکەم، خێرا خۆم گەیاند بە عەممار و رازیم کرد.[3]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٠٨.

[2] صحيح مسلم - كتاب الفتن وأشراط الساعة - باب لا تقوم الساعة حتى يمر الرجل بقبر الرجل فيتمنى أن يكون مكان الميت، الرقم ٢٩١٥.

[3] السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - عمار بن ياسر(ﷺ)، الرقم ٨٢٣٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر إثبات بغض الله جل وعلا من أبغض عمار بن ياسر(ﷺ)، الرقم ٧٠٨١؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب عمار بن ياسر(ﷺ) - حديث منازعة عمار وخالد بن الوليد وقضاء النبي، الرقم ٥٧٢٢، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير و زيادته.

خالید دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (من يعاد عمارا يعاده الله، ومن يسب عمارا يسبه الله)،[1] (هەرکەس دژایەتی عەممار بکات خوا دژایەتی دەکات، هەرکەس قسە بە عەممار بڵێت خوا قسەی پێ دەڵێت).

عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەڵێت: جارێک لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووین کە عەممار هات و داوای مۆڵەتی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ائْذَنُوا لَهُ، مَرْحَبًا بِالطَّيِّبِ الْمُطَيَّبِ) (مۆڵەتی بدەن، مەرحەبا لە پاکی پاکی پێبەخشراو).[2]

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (عمار ملیء إيمانا إلى مشاشه)،[3] (عەممار تا سەر ئێسقانی پڕە لە ئیمان).

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (عمار ما عرض عليه أمران إلا اختار الأرشد منهما)،[4] (عەممار هەر کات دوو پرسی بۆ بخرێتە روو، ئەوە دروستترینیان هەڵدەبژێرێت).

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث خالد بن الوليد(ﷺ)، الرقم ١٧٠٩٦؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - عمار بن ياسر(ﷺ)، الرقم ٨٢١٢؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب عمار بن ياسر(ﷺ) - حديث منازعة عمار وخالد بن الوليد وقضاء النبي، الرقم ٥٧٢٢، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب عمار بن ياسر(ﷺ)، الرقم ٣٧٩٨و قال حسن صحيح، صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمار بن ياسر رضوان الله عليه، الرقم ٧٠٧٥؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب عمار بن ياسر(ﷺ) - ذكر ما قال النبي في قاتل عمار وسالبه، الرقم ٥٧١١، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه أحمد شاكر، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن بن ماجة، الرقم ١٤٦.

[3] سنن ابن ماجه - أبواب السنة - باب في فضائل أصحاب رسول الله(ﷺ) - فضل عمار بن ياسر، الرقم ١٥٣؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - عمار بن ياسر(ﷺ)، الرقم ٨٢٣٤؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب عمار بن ياسر(ﷺ) - كان عمار أجاره الله من الشيطان على لسان نبيه، الرقم ٥٧٢٨، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، حسنه شعيب الارناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم ١٤٧.

[4] سنن ابن ماجه - أبواب السنة - باب في فضائل أصحاب رسول الله(ﷺ) - فضل عمار بن ياسر، الرقم ١٤٨، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

بە دڵنیاییشەوە لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا عەممار ڕێی ڕاستی هەڵبژارد و کەوتە شوێن ئیجتیهادەکەی عەلی و تا شەهیدبوونی دەستبەردا نەبوو لێی و پشتیوانی بوو.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە تەبووکەوە بەرەو مەدینە دەگەڕایەوە، دەستەیەک لە دووڕووان ویستیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەناوبەرن و لە سەروو عەقەبەوە فڕێی دەنە خوارەوە، پێغەمبەری خواش(ﷺ) هەواڵی ئەوەی زانیبوو، ئەوەبوو فەرمانی کرد خەڵکی بچن و خۆی لەگەڵ دەستەیەک لە عەقەبەوە سەرکەوت، ئەو دەستە دووڕووەش دەموچاویان داپۆشیبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد هەریەک لە عەمماری کوڕی یاسر و حوذەیفەی کوڕی یەمان لەگەڵی بڕۆن، ئەو دوانەش بە پیادە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەچوون، کاتێک ئەو دەستەیە ناپاکییان نواند پێغەمبەر(ﷺ) تووڕە بوو و حوذەیفەش تووڕەییەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بینی، بۆیە گەڕایەوە بۆیان و بە کەوانەکەی دەستی کەوتە دەموچاوی سوارەکانیان، ئەوانیش زانییان دەستەکەیان ئاشکرا بووە، خێرا خۆیان تێکەڵ کردەوە بە خەڵکەکە، ئینجا حوذەیفە گەڕایەوەو پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمانی کرد خێرا بکەن تا عەقەبەیان بڕی و چاوەڕێی خەڵکەکەیان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) بە حوذەیفەی فەرموو ئەو خەڵکەت ناسیەوە؟ ئەویش وتی: تەنها سوارەکانیان دەناسمەوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) بەسەرهاتەکەی باس کرد بۆ حوذەیفە و ناوی ئەو دووڕوانەی فەرموو بە حوذەیفە کە کێ و کێ بون.[1]

لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

مشتومڕێکی مێژوویی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا عەمماری کوڕی یاسر بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکری صدیق یان دواتر بەیعەتی داوە.

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەک لە کۆچەران و پشتیوانان دواکەوتن لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر و هەواداری

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ١٩.

عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووذەری غیفاری و عەممار کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[١]

پێشتر لە ژیانی جوندوبی کوڕی جونادەو چەند شوێنی تردا ئەم مەسەلەمان باسکردووە.

عەممار لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بەشداری جەنگی دژ بە هەڵگەڕاوەکانی کرد و لە جەنگی یەمامەدا هاواری دەکرد ئەی گرۆی موسڵمانان لە بەهەشت رادەکەن، من عەمماری کوڕی یاسیرم، دەی وەرن.[٢]

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

عومەری کوڕی خەططاب کاتێک مووچەی بڕیەوە بۆ خەڵکی، پشکی عەمماری بە شەش هەزار دانا.[٣]

عومەری کوڕی خەططاب عەمماری کوڕی یاسیری هاودەم بە ئیبن مەسعوود نارد بۆ عێراق و ئەرکی کارگێڕی و مامۆستایی پێ بەخشین و نامەیەکی هاودەم بەوان نارد بۆ خەڵکەکەو تیایدا نووسیبووی: من دوانم لە کەسە ناوازەکانی ناو هاوەڵان بۆ ناردون کە بەشداربووی بەدر بوون، گوێڕایەڵیان بن و پێشەنگییان پێوە بکەن، من لەبەر ئێوە خۆم لە نزیکی ئەو دوانە بێبەش کردووە.[٤]

کاتێک خەڵکی بەصرە هێرشیان برد بۆ نەهاوەند و بۆیان فەتح نەکرا، عەممار بە خەڵکی کووفەوە چوو بۆ یارمەتییان و خوا فەتحی بەخشی، دواتر کە ویستیان دەستکەوتەکان دابەش بکەن، خەڵکی بەصرە ویستیان

[١] تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج٢، ص ١٢٤.
[٢] أسد الغابة، ج٤، ص ١٤٤.
[٣] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٢٢.
[٤] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٢٢.

بەشی خەڵکی کووفە نەدەن، جا یەکێک لە بەصریەکان بە عەمماری وت: ئەی گوێ قرتاو دەتەوێت تۆیش لە دەستکەوتەکانماندا بەشدار بیت؟ عەممار وتی: قسەت بە گوێ چاکەکەم وت، ئەم گوێیەم لە غەزادا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) وای لێهات، دواتر نامەی نووسی بۆ خەلیفە عومەر و مەسەلەکەی بۆ خستەڕوو، خەلیفەش وەڵامی نوسی هەرکەس بەشداری جەنگەکە بوویێت دەستەکەوتی بۆ هەیە.[1]

جارێک خەبباب چوو بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب، ئەویش وتی: نزیک بەرەوە ئەی خەبباب کەس لەم کۆڕەدا لە تۆ شیاوتر نیە بەم دانیشتنە عەممار نەبێت.[2]

دواتر خەلیفە عومەر عەمماری لە پۆستەکەی لابرد، چەند هۆکارێک باسکراوە، لەوانە خەڵکێک لای خەلیفە قسەی زۆریان لەسەر کردووەو ئەویش بێ عاجزبوون لایبردووە، یان دەوترێت عومەر کە پرسیاری کرد لە جەریر عەممار چۆنە؟ وتی: شارەزایی سیاسەتی نیە، بۆیە بڕیاری دا لایبەرێت، عومەر بە عەمماری وت: پێت ناخۆش نەبوو لامانبردیت؟ عەممار وتی: کە ئەو ئەرکەت پێ سپاردم پێم ناخۆش بوو، کە لاشت بردم پێم ناخۆش بوو.[3]

عەممار لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

لە ساڵی سی و پێنجی کۆچیدا میصر شڵەژانێکی بەخۆوە دی، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکری صدیق و موحەممەدی کوڕی ئەبووحوذەیفەو ژمارەیەکی تر لە نەیارانی عوثمان نزیکەی شەش سەد سواریان لە میصرەوە ئامادە کرد و بەڕێکەوتن بەرەو مەدینە و بوون بە چوار بەشەوە بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائی

[1] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٢٢.
[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٢١.
[3] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٢٣.

خوزاعـی و عەبدوڕەحمانـی بەلـوی و کینانــەی کـوڕی بیشــر و ســوودانی کـوڕی حمــران، موحەمــەدی کـوڕی ئەبووبەکریـش لەگەڵیانـدا هــات، بـەڵام موحەممــەدی کـوڕی ئەبووحوذەیفـە لـە میصـر مایـەوە تـا خەڵکـی تـر هــان بـدات و بەرگـری لەوانــە بـکات کـە ڕۆیشـتوون، والـی میصریـش نامەیەکـی نووسـی بـۆ خەلیفـەو ئاگاداری کردەوە لـەو ڕووداوە و وتـی: وەک عومـرەکار دێـن و وا خۆیــان نیشــان دەدەن، کـە لــە مەدینــە نزیـک بوونــەوە، خەلیفــە فەرمانــی کــرد بــە عەلــی کــوڕی ئەبووطالیــب تــا پێشــهاتنیان بــۆ مەدینــە بیانگێڕێتــەوە بـۆ شـوێنی خۆیــان، عەلیـش داوای لــە عەممــاری کـوڕی یاسـر کـرد هاودەمــی بـکات، بــەڵام عەممــار ڕازی نەبــوو، چونکــە ئەویــش تــووڕە بــوو لــە عوثمــان لەبەرئــەوەی پێشــتر عوثمانــی کــوڕی عەففــان ســزا دابــوو، ئەوەبــوو عەلــی خــۆی چــوو بــۆ لایــان.[1]

ئیبن کەثیر دەقێکی هێناوە دەڵێت: بەهـۆی قسـەوتنی بە عەبباسـی کـوڕی عوتبـەی کـوڕی ئەبوولەهــەب لەلایــەن خەلیفــەوە هــەم عەممــار و هــەم عەبباس تەمبـێ کـران، عەممــار ئــەوەی لــەدڵ گـرت و کەوتــە هاندانــی خەڵـک لــە دژی عوثمان، هەرچەنـدە سـەعدی کوڕی ئەبی وەققاص ڕێگری لێکرد لـەو کارەی، بــەڵام ئــەو وازی نەهێنــا.[2]

ذەهەبیـش دەقێکـی هێنــاوە کــە تووڕەیــی عەممــاری نیشــانداوە بەرامبــەر بــە عوثمــان،[3] بــەڵام ئــەو دەقانــە هیچیــان صەحیــح نیــن و هاوکاتیــش لەگــەڵ واقیعـی ئـەو کاتــە ناگونجێن، چونکـە سیفەتی عوثمــان نەبــووە توندی و زبـری بەرامبــەر نەیارەکانیشــی بەکاربهێنێــت نــەک بەرامبــەر بــە عەممــاری کــوڕی یاسـر و سـزای بـدات، عوثمانێـک کـە ناسـرابوو بەوپــەڕی نەرمــی و شــەرم، چـۆن لەســەر قســەوتنێکی نێــوان دوو کــەس ســزای لێــدان بەکاردەهێنێــت

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٧٥.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٧١.

[3] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٤٣٤.

بۆ هەردووکیان، هەروەها سەنەدی ئەو گێڕانەوانەش لەو بارەوە هاتون هیچیان صەحیح نین.

لە دەقێکی تردا ذەهەبی دەڵێت: عەممار لە هەندێ مەسەلەدا رەخنەی لە عوثمان دەگرت کە ئەگەر وازی لەو کارەی بهێنایە باشتر بوو، رەزای خوا لە هەردووکیان.[1]

ئیبنولعەرەبی دەڵێت: سەبارەت بە لێدانی ئیبن مەسعوود و مووچەپێنەدانی ئەوە ساختەیە، سەبارەت بە لێدانی عەمماریش هەروەک ئەوی پێشوو درۆ و ساختەیە، ئەگەر ناوسکی بتەقیایە هەرگیز نەدەژیا، زانایان لەو بارەیەوە برێ پۆزشیان هێناوەتەوە کە هی ئەوە نیە باسیان بکەین چونکە خودی باسەکە لەسەر پووچی و نادروستی دامەزراوە، ئیتر هیچ حەقێک لەسەر پووچی بنیادنانرێت، بە شوێن پێی نەفاماندا رێ نابڕین، چونکە ئەو رێی ئەوان کۆتایی نیە.[2]

جا عوثمان کاتێک خەواریج و ئاشووبگێڕان هاتبوون بیکوژن، ئامادە نەبوو هاوەڵان بەرگری لێ بکەن و رشتنی خوێنی خۆی پێرەواتر بوو لە ئازاری هاوەڵان، هیچ ناکات بنەوێتە ئازاردانی کەسێک کە چەندین فەرموودەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) لەسەرە، خودی عوثمان لە بارەی فەزڵی عەممارەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، عوثمانی کوڕی عەففان دەڵێت: با سەبارەت بە عەممار فەرموودەیەکتان بۆ بگێڕمەوە، رۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) دەستی گرتبووم و دەچووین بە رێدا، گەیشتینە لای عەممار و دایک و باوکی کە سزا دەدران، باوکی عەممار وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) رۆژگار ئاوایە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (خۆڕاگر بە)، پاشان فەرمووی: (خوایە لە بنەماڵەی یاسیر خۆش بە).[3]

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤١٦.

[2] العواصم من القواصم.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند عثمان بن عفان(ﷺ)، الرقم ٤٤٦، ضعفه أحمد شاكر، ضعفه شعيب الأرناؤوط

لەسەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

عەممار لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا کەسی نزیک و هاودەم و پشتگیری خەلیفە بوو، تەنانەت بۆ بێدەنگکردنی نەیارەکانی هەوڵی زۆری دا، لە هەریەک لە جەنگی جەمەل و صفیشنیش بەشداری کرد و دواجار لە جەنگی صفیندا شەهید بوو.[١]

پێش ئەوەی جەنگی صفین روویدات، عەممار داوای بڕێک شیری کردو وتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (آخِرُ شَرْبَةٍ تَشْرَبُهَا مِنَ الدُّنيَا شَرْبَةُ لَبَنٍ) (کۆتا خواردنەوە لە دنیادا دەیخۆیتەوە شیرە)، ئەوەبوو شیری بۆ هێنرا و شیرەکەی خواردەوە، دواتر کە چووە ناو جەنگەکەوە کوژرا.[٢]

لە رۆژی هەینیدا سوپای عێراق بە سەرکردایەتی عەمماری کوڕی یاسیر و سوپای شام بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص بەریەککەوتن و جەنگێکی سەخت لە نێوانیاندا روویدا، دواتر گەڕانەوە، ئینجا لە رۆژی شەممەشدا دووبارە جەنگ روویدا، بەو جۆرە چەند رۆژێک جەنگ روویدا تا دواجار عەممار شەهید کرا.[٣]

سەبارەت بە بکوژەکەی عەممار راجیایی هەیە، رایەک دەڵێت: ئەبولغادیەی موزەنی بووە، شمشێرێکی دا لە عەممار و دواتر کەسێکی تر خۆی دا بەسەریدا و سەری عەمماری لێکردەوەو دواتر هەرکامیان دەیوت: من کوشتوومە، عەمری کوڕی عاصیش وتی: بەخوا ئەمانە لەسەر دۆزەخ جەنگیانە، خۆزگە بیست ساڵ لەمەوبەر دەمردم، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنی و عەمری کوڕی حارث و شریکی کوڕی سەلەمە پێکەوە کوشتیان.[٤]

---

[١] أسد الغابة، ج٤، ص ١٤٤.

[٢] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(ﷺ) - حديث عمار بن ياسر(ﷺ)، الرقم ١٩١٨٢، صححه شعيب الأرناؤوط.

[٣] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٦٢-٢٦٨.

[٤] أسد الغابة، ج٤، ص ١٤٥.

شەهیدکردنەکەشی لە ساڵی سی و حەوتی کۆچیدا بوو، لە جلەکانی خۆیدا کفن کرا، کاتێک عەممار شەهید کرا تەمەنی نزیکەی نەوەدو یەک یان نەوەد و سێ یان نەوەدو چوار ساڵ دەبوو.[1]

قەیسی کوڕی عەبباد دەڵێت: بە عەممارم وت: ئەری ئەم بەرگریەتان لە عەلی رایەکی خۆتانە یان بەڵێنێکە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) پێتان درا؟ ئەویش وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەنها ئەو بەڵێنەی بەو داوە کە بە هەموو خەڵکی داوە، واتە هیچی تایبەت نەکرد بە عەلی.[2]

کاردانەوەکانی شەهیدبوونی عەممار

خوزەیمە تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ژیا، لە فیتنەی نێوان هاوەڵاندا بەشداری نەکرد، بەڵکو شمشێرەکەی لە کالان نابوو، لە جەمەلدا هەرچەندە ئامادە بوو بەڵام شمشێری لە کالان دەرنەکرد،[3] بەڵام کاتێک لە جەنگی صفیندا بینی عەمماری کوڕی یاسر کوژرا، پێشتر دەیوت: جەنگ ناکەم تا بزانم کێ عەممار دەکوژێت، هەرکەس کوشتی ئەوکات دەجەنگم، چونکە بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: دەستەی باغی عەممار دەکوژن، کە عەممار کوژرا خوزەیمە وتی: وا گومرایی و نەپێکانم بۆ روون بوویەوە، شمشێری لە کالان دەرکرد و جەنگا تا کوژرا،[4] واتە خوزەیمە حوکمی عەلی پێ رەوا و دروست بوو و لەناو ریزی سوپای ئەودا مایەوەو کوژرا.[5]

کاتێک عەممار کوژرا، عەمری کوڕی حەزم چوو بۆ لای عەمری کوڕی عاص و وتی: وا عەممار کوژرا و پێغەمبەری خواش(ﷺ) دەیفەرموو: دەستەی <u>باغی</u> ئەو دەکوژن، عەمری کوڕی عاصیش خێرا راچڵەکی و

[1] أسد الغابة، ج٤، ص ١٤٥.

[2] صحيح مسلم - كتاب صفات المنافقين وأحكامهم، الرقم ٢٧٧٩.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٥٩.

[4] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب عمار بن ياسر(ﷺ) - ذكر شهادة عمار بن ياسر(ﷺ)، الرقم ٥٧٠٥.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٢٧٨.

خۆی کرد بە ژووردا بۆ لای موعاویەو موعاویە وتی: چی بووە؟ عەمر وتی: عەممار کوژرا، موعاویە وتی: جا کوژرا چی بوو؟ عەمر وتی: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (دەستەی یاخی بوو دەیکوژن)، موعاویە قسەیەکی پێ وت: و وتی: مەگەر ئێمە کوشتمان، بەڵکو عەلی و هاوەڵانی کوشتیان کە هێنایان تا خستیانە بەر رمەکانمان.[1]

عەبدوڵای کوڕی عەمر لای موعاویە سەرکۆنەی زۆری کردن کە بکوژی عەممار بوون و ئەوان دەستەی یاخی بوون، ئیتر موعاویە وتی: جا کە وایە بۆچی لەگەڵ ئێمەیت؟ ئەویش وتی: چونکە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردم گوێڕایەڵی باوکم بم، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە لەگەڵت نەدەهاتم.[2]

هاوەڵان زۆر رێزی عەممار‌یان لابوو، جارێک کەسێک پرسیاری کرد لە ئەبووهورەیرە، ئەویش وتی: پرسیار لە من دەکەیت لە کاتێکدا زانایانی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) لەناوتاندان و کەسێ کە پەنادراوە لە شەیتان لەناوتاندایە کە عەمماری کوڕی یاسیرە![3]

عەممار کەسێک بوو زۆر کەم قسەی دەکرد، کە قسەشی دەکرد زۆر بە کورتی قسەی دەکرد.[4]

ئیبن کەثیر دەڵێت: بە کوژرانی عەممار ئەوە روون بوویەوە کە عەلی حەقەو موعاویە یاخیبووە.[5]

جارێک عەمماری کوڕی یاسر چوویە مزگەوت و دوو رکات نوێژی کرد، خەڵکەکە وتیان: ئەرێ بۆ نوێژەکەت کورت کرد؟ ئەویش وتی ئێوە

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث عمرو بن العاص عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٧٩٨٩؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب قتال أهل البغي - حكم البغاة من هذه الأمة، الرقم ٢٦٧٨، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٦٩.

[3] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤١٨.

[4] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص ٤٢٤.

[5] البداية و النهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٦٧.

وادەبینن نوێژەکەم کورت بوو؟ وتیان: بەڵێ، وتی: نزایەکم تێدا کرد کە پێغەمبەر(ﷺ) فێری کردم، ئینجا عەممار چوو، کەسێک کەوتە شوێنی و سەبارەت بە نزاکە پرسیاری لێکرد، ئەویش وتی: نزاکە ئەمە بوو (اللَّهُمَّ بِعِلْمِكَ الْغَيْبَ وَقُدْرَتِكَ عَلَى الْخَلْقِ أَحْيِنِي مَا عَلِمْتَ الْحَيَاةَ خَيْرًا لِي وَتَوَفَّنِي إِذَا كَانَتِ الْوَفَاةُ خَيْرًا لِي اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَشْيَتَكَ فِي الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ وَكَلِمَةَ الْعَدْلِ وَالْحَقِّ فِي الْغَضَبِ والرضا وأسألك القصد في الفقر والغنا وَأَسْأَلُكَ نَعِيمًا لَا يَبِيدُ وَقُرَّةَ عَيْنٍ لَا تَنْقَطِعُ وَأَسْأَلُكَ الرِّضَا بَعْدَ الْقَضَاءِ وَأَسْأَلُكَ بَرْدَ الْعَيْشِ بَعْدَ الْمَوْتِ وَأَسْأَلُكَ لَذَّةَ النَّظَرِ إِلَى وَجْهِكَ وَأَسْأَلُكَ الشَّوْقَ إِلَى لِقَائِكَ فِي غَيْرِ ضَرَّاءَ مُضِرَّةٍ وَلَا فِتْنَةٍ مُضِلَّةٍ اللَّهُمَّ زَيِّنَّا بزينة الإيمان واجعلنا هداة مهتدين).[1]

٢٣٧٥. عەمیرەی کچی سەعد(رضي الله عنها)

ناوی عەمیرەی کچی سەعدی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

٢٣٧٦. عەمیرەی کچی ثابت(رضي الله عنها)

ناوی عەمیرەی کچی ثابتی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

٢٣٧٧. عەمیرەی کچی خوماشە(رضي الله عنها)

ناوی عەمیرەی کچی خوماشەیە، لە پشتیوانانەو چوەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

---

[1] السنن الكبرى للنسائي - كتاب المساجد - أبواب صفة الصلاة - نوع آخر، الرقم ١٢٢٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة - باب صفة الصلاة - ذكر جواز دعاء المرء في الصلاة بما ليس في كتاب الله، الرقم ١٩٧١، قال شعيب الأرناؤوط إسناده قوي، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٧.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص٣٦.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٧.

٢٣٧٨. عەمیرەی کچی سوهەیل(رضي الله عنها)

ناوی عەمیرەی کچی سوهەیلە، لە پشتیوانانە و چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

٢٣٧٩. عەمیرەی کچی ظەهەیر(رضي الله عنها)

ناوی عەمیرەی کچی ظەهیری کوڕی رافیعە، هاوسەرەکەی ناوی میربەعەو چەند کوڕێکی لێی بوو بە ناوەکانی زەید و عەبدولڵا و عەبدورەحمان، عەمیرە چووە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[٢]

٢٣٨٠. عەمیرەی کچی عەبدسەعد(رضي الله عنها)

ناوی عەمیرەی کچی عەبدسەعدی کوڕی عامیرە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٣]

٢٣٨١. عەمیرەی کچی عوقبە(رضي الله عنها)

ناوی عەمیرەی کچی عوقبەی کوڕی ئوحەیحەیە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٤]

٢٣٨٢. عەمیرەی کچی عومەیر(رضي الله عنها)

ناوی عەمیرەی کچی عومەیرە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٨.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٣٢٧.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٨.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٩.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٩.

٢٣٨٣. عەمیرەی کچی قەیس(ﷺ)

ناوی عەمیرەی کچی قەیسی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

٢٣٨٤. عەمیرەی کچی قەیسی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی عەمیرەی کچی قەیسی کوڕی ئەبی کەعبە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، خوشکی سەهلی کوڕی قەیسە کە لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو.[٢]

٢٣٨٥. عەمیرەی کچی کلثوم(ﷺ)

ناوی عەمیرەی کچی کلثومە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٣]

٢٣٨٦. عەمیرەی کچی مەرثەد(ﷺ)

ناوی عەمیرەی کچی مەرثەدی کوڕی جوبەیرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، عەمیرە هاوسەری سوەیدی کوڕی نوعمان بوو.[٤]

٢٣٨٧. عەمیرەی کچی میعوذ(ﷺ)

ناوی عەمیرەی کچی میعوەذی کوڕی عەفرائە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٩.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٩.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣٩.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٤٠.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٤٠.

٢٣٨٨. عەمیرەی کچی یەزید(ﷺ)

ناوی عەمیرەی کچی یەزیدە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

٢٣٨٩. عەمیرەی کوڕی عوبەید(ﷺ)

ناوی عەمیرەی کچی عوبەیدە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

٢٣٩٠. عەنبەسەی کوڕی عەددی(ﷺ)

ناوی عەنبەسەی کوڕی عەددیە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، دوای سەردەمی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا پاش فەتحی میصر لە میصر نیشتەجێ بوو.[٣]

٢٣٩١. عەنبەسی کوڕی ثەعلەبە(ﷺ)

ناوی عەنبەسی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی هیلالە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا تا لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[٤]

٢٣٩٢. عەنتەرەی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی عەنتەرەیەو یەکێک بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٤٠.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٣٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٣٤.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٣٣.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٣٥.

٢٣٩٣. عەوسەجەی کوڕی حەرمەلە(ﷺ)

ناوی عەوسەجەی کوڕی حەرمەلەی جوهەنیە، عەوسەجە ڕۆژانە ڕێیەکی زۆری دەبڕی بۆ مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ)، چونکە شوێنەکەی زۆر لەوێوە دوور بوو، پێغەمبەریش(ﷺ) بەو هەڵوێستەی سەرسام بوو.[١]

٢٣٩٤. عەوفی سەلەمی(ﷺ)

ناوی عەوفەی سەلەمیەو یەکێکە لە ئەندامانی هۆزەکەی عەبباسی کوڕی میرداس، عەوف لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد.[٢]

٢٣٩٥. عەوفی کوڕی سوراقە(ﷺ)

ناوی عەوفی کوڕی سوراقەی ضەمریە، برایەکی هەبوو بە ناوی جوعەیل.[٣]

٢٣٩٦. عەوفی کوڕی عەفراء(ﷺ)

ناوی عەوفی کوڕی حارثە کە بە عەفراء ناسراوە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، هاودەم بە موعاذ و میعوەذی برای بەشداری غەزای بەدری کرد.[٤]

عەوف لە کاتی غەزای بەدردا وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) چی شتێکی بەندە پەروەردگار دەخاتە پێکەنین؟ ئەویش فەرمووی: (أن يراه قد غمس يده في القتال يقاتل حاسرا)، (کاتێک خوا ببینێت بەندەکەی دەستی لە جەنگدا ڕۆچووەو بەبێ قەڵغان دەجەنگێت)، عەوفیش قەڵغانەکەی لابرد و کەوتە جەنگ کردن تا کوژرا.[٥]

---

[١] أسد الغابة، ج٤، ص ٣٢٨-٣٢٩.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج ٤، ص ٧٤٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٣٩.

[٥] السنن الكبرى للبيهقي، الرقم ١٦٩٢٥.

٢٣٩٧. عەوفی کوڕی مالیک(ﷺ)

ناوی عەوفی کوڕی مالیکی کوڕی ئەبی عەوفی ئەشجەیە، لە ساڵی فەتحی خەیبەردا موسڵمان بوو، دواتریش لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و ئاڵای هۆزەکەی بەدەستەوە بوو.[١]

عەوف لە غەزای تەبووکدا بەشداری کرد، خۆی دەڵێت: لە غەزای تەبووکدا چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کە لە ناو گومەزیەکی لەپێستە دروستکراودا بوو، فەرمووی: (اعدد ستا بين يدي الساعة: موتي، ثم فتح بيت المقدس، ثم موتان يأخذ فيكم كقعاص الغنم، ثم استفاضة المال حتى يعطى الرجل مائة دينار فيظل ساخطا، ثم فتنة لا يبقى بيت من العرب إلا دخلته، ثم هدنة تكون بينكم وبين بني الأصفر، فيغدرون فيأتونكم تحت ثمانين غاية، تحت كل غاية اثنا عشر ألفا)،[٢] (شەش شت بژمێرە کە پێش قیامەت دێن: مەرگی من، دواتر فەتحی بەیتولمەقدیس، دواتر مەرگانێ کە وەک دەردەمەڕ لێتان دەخات، دواتر زۆری سامان تا ئەوەی سەد دینار دەدرێت بە کەسێک کەچی هێشتا تووڕەو نارازیە، دواتر فیتنەیەک کە چیماڵە عەرەبە تێی دەچێت، دواتر ئاگربەستێک لەنێوان ئێوەو بەنیلئەصفەردا دەبێت، کەچی ئەوان ناپاکی دەکەن و لەژێر هەشتا دەستەدا دێن بۆتان و هەر دەستەیەکیان دوانزە هەزار دەبن).

عەوف دەڵێت: کە چوومە لای چادرەکەی، فەرمووی: وەرە ژوورەوە ئەی عەوف، منیش وتم: هەموو لەشم یان بەشێکم -وەک سوعبەتێک- فەرمووی: هەموو لەشت،[٣] جا کاتێک فەرمووی: مەرگی من، مات کەوتم و دڵم داگیرا،[٤] گریانێک دایگرتم خەریکبوو بدەمە پرمەی گریان، پێغەمبەر(ﷺ)

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٢.

[٢] صحيح البخاري - كتاب الجزية - باب ما يحذر من الغدر، الرقم ٣١٧٦.

[٣] المستدرك على الصحيحين - كتاب الفتن والملاحم - الحرب لن تضع أوزارها حتى تكون ست، الرقم ٨٧٥٢، قال الذهبي فيه انقطاع.

[٤] سنن ابن ماجه - أبواب الفتن - باب أشراط الساعة، الرقم ٤٠٤٢.

هێوری دەکردمـەوەو بێدەنگی دەکردم،[١] ئینجا فەرمووی: بڵێ یەک، منیش وتـم: یـەک، دواتر ئەوانی تریشی بۆ باسکردم.[٢]

عەوفی کوڕی مالیک دەڵێت: شـەوێک لەرێی سـەفەرماندا دابەزین و هەرکەس چوویە شوێنی خۆی، لە نیوەی شـەودا هەستام دەبینم وا وشترەکەی پێغەمبەرە(ﷺ) و کەس لە لای نیە، چووم بە دوای پێغەمبەردا(ﷺ) بگەڕێم، کەچی بینیم موعاذی کوڕی جەبەل و عەبدوڵای کوڕی قەیس وەستاون، وتـم: پێغەمبەری خـوا(ﷺ) کوا؟ وتیان: نازانین، بەڵام لەوپەری شیوەکەوە دەنگێکمان بیست، کەمێک وەستاین و پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوەو فەرمووی: (کەسێک لای پەروەردگارمەوە هات و سەرپشکی کردم لەنێوان ئەوەی نیوەی ئوممەتەکەم بخاتە بەهەشت یان شەفاعەتم بۆ هەبێت، منیش شـەفاعەتم هەڵبژارد)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خـوا(ﷺ) سـوێندت دەدەین لەبەر خوا و لەبەر هاوەڵیمان بۆت ئێمەش لە دەستەی شەفاعەتەکەت بین، فەرمووی: ئێوە لـە دەستەی شـەفاعەتمن، دواتر کە چوون فەرمووی: (فإني أشهد من حضر أن شفاعتي لمن مات لا يشرك بالله شيئا من أمتي)،[٣] (ئامادەبوان بە شایەت دەگرم شـەفاعەتم بۆ هـەر کەسێکە لـە ئوممەتەکەم کە مرد هیچ هاوەڵێکی بۆ خـوا بڕیار نەدابێت).

عـەوف دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی مردووی لەسەر تەرمێک کرد، بەشێک لـە نزاکەیم لەبەرکرد کـە دەیفەرموو: (اللهم اغفر له وارحمه وعافه واعف عنه، وأكرم نزله ووسع مدخله، واغسله بالماء والثلج والبرد، ونقه من الخطايا كما نقيت الثوب الأبيض من الدنس، وأبدله دارا خيرا من داره، وأهلا خيرا من أهله وزوجا خيرا من زوجه، وأدخله

---

[١] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث عوف بن مالك الأشجعي الأنصاري(ﷺ)، الرقم ٢٤٦١٨، صححه شعيب الأرناؤوط.

[٢] سنن ابن ماجه - أبواب الفتن - باب أشراط الساعة، الرقم ٤٠٤٢؛ صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

[٣] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث عوف بن مالك الأشجعي الأنصاري(ﷺ)، الرقم ٢٤٦١٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب الإيمان - باب فرض الإيمان - ذكر إيجاب الشفاعة لمن مات من أمة المصطفى(ﷺ) وهو لا يشرك بالله شيئا، الرقم ٢١١، صححه شعيب الأرناؤوط.

الجنة وأعذه من عذاب القبر- أو من عذاب النار)، منیش وتم: خۆزگە ئەو مردووە من بوومایە.[1]

عەوفی کوڕی مالیک دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (خيار أئمتكم الذين تحبونهم ويحبونكم، ويصلون عليكم وتصلون عليهم، وشرار أئمتكم الذين تبغضونهم ويبغضونكم، وتلعنونهم ويلعنونكم)، (چاکترینی پێشەواو سەرکردەکانتان ئەوانەن کە ئێوە خۆشتان دەوێن و ئەوانیش ئێوەیان خۆش دەوێت، رەحمەتتان بۆ دەنێرن و ئێوەش رەحمەتیان بۆ دەنێرن، خراپترینی سەرکردەو پێشەواکانیشتان ئەوانەن کە ئێوە رقتانە لێیان و ئەوانیش رقیانە لێتان، ئێوە نەفرینیان لێ دەکەن و ئەوانیش نەفرینتان لێ دەکەن)، وترا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا بەرامبەر بەو سەرکردە خراپانە بە شمشێر نەجەنگین؟ فەرمووی: (لا، ما أقاموا فيكم الصلاة، وإذا رأيتم من ولاتكم شيئا تكرهونه، فاكرهوا عمله، ولا تنزعوا يدا من طاعة)،[2] (نەخێر، تا کاتێک لەنێوتاندا نوێژ بکەن، ئەگەریش شتێکتان لە بەرپرسەکانتان بینی کە پێتان ناخۆش بوو، ئەوە رقتان لە کارەکەی بێت و دەستی گوێڕایەڵی لێ بەرمەدەن).

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا عەوفی کوڕی مالیک لە شام بوو، جا کاتێک عومەر چوو بۆ شام بینی کابرایەکی ئەهلی کیتاب زۆری لێدراوەو هات بۆ لای عومەر و وتی: بزانە موسڵمانێک چی لێکردوم، عومەر زۆر تووڕە بوو و وتی: بزانن کێ بووە، زانرا عەوفی کوڕی مالیک بووە، صوهەیب بە عەوفی وت: ئەمیری باوەڕداران زۆر لێت تووڕەیەو دەترسم پێش وەختە حوکمت لەسەر بدات، جا زوو خۆت بگەیەنە بە موعاذی کوڕی جەبەل و قسەی لەگەڵ بکە، کە عومەر لە نوێژ بوویەوە،

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الجنائز - باب الدعاء للميت في الصلاة، الرقم ٩٦٣؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الجنائز – الدعاء، الرقم ٢١٢٢.

[2] صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب خيار الأئمة وشرارهم، الرقم ١٨٥٥؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب طاعة الأئمة - ذكر الزجر عن الخروج على أمراء السوء وإن جاروا بعد أن يكره بالخلد ما يأتون، الرقم ٤٥٨٩.

وتی: کابرات هێنا؟ صوهەیب وتی: بەڵێ، موعاذ هەستا و وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوە عەوفی کوڕی مالیکەو پێشتر گوێی لێ بگرە بزانە چی بووە، عومەر وتی: بۆچی واتکردووە بە کابرا؟ عەوف وتی: بینیم ئافرەتێکی موسڵمان لەسەر گوێدرێژێ بوو و ئەو جڵەوەکەی گرتبوو، جا تێیخوڕی تا ئافرەتەکە بخاتە خوارەوە، بەڵام ئافرەتەکە نەکەوتە خوارەوە، کابرا پاڵی نا بە ئافرەتەکەوەو ئافرەتەکە کەوت و کابراش خۆی دا بەسەریدا، عومەر وتی: دەبێت ئافرەتەکە بهێنیت بزانم ئەوە راستە؟ عەوف چوو بۆ لای ئافرەتەکە، باوکی و مێردەکەی وتیان: بەم کارەت ئابڕوومان مەبە، با نەناسرێین، ئافرەتەکە وتی: بەخوا لەگەڵی دەچم، ئەوانیش وتیان: دەی ئێمە لە بری تۆ دەچین، ئەوەبوو چوون بۆ لای عومەر و شایەتییان بۆ دا، عومەریش فەرمانی کرد کابرای جوولەکە لەخاچ درا و وتی: ئێمە وا لەگەڵ ئێوە رێک نەکەوتبووین.[1]

دواجار عەوف لە ساڵی حەفتا و سێی کۆچی و لە سەردەمی عەبدولمەلیکدا کۆچی دوایی کرد.[2]

٢٣٩٨. عەونی کوڕی جەعفەر(رضي الله عنه)

ناوی عەونی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبە، واتە ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، لە خاکی حەبەشە لەدایک بوو و لە غەزای خەیبەردا هاودەم بە جەعفەری باوکی گەڕایەوە بۆ مەدینە.[3]

کاتێک لە غەزای موئتەدا جەعفەری باوکی شەهید بوو، پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ ماڵی جەعفەر، ئەسمائی ژنی جەعفەر دەڵێت: جارێک هەویرم شێلا بوو و منداڵەکانم شۆردبوون و رۆنم دابوو

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٢.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٤.

لە قژیان و پاک و پوختم کردبوونەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لامان و فەرمووی: (منداڵەکانی جەعفەرم بۆ بهێنە)، منیش ئەوانم هێنا، پێغەمبەریش(ﷺ) بۆنی ئەوانی دەکرد و فرمێسک بە چاوانیدا دەهاتە خوارەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە دایک و باوکمەوە بە قوربانت بم بۆچی دەگریت، ئایا هیچت سەبارەت بە جەعفەر و هاوەڵانی بیستووە؟ فەرمووی: (نعم أصيبوا هذ اليوم)، (بەڵێ ئەمڕۆ کوژران)، ئەسمائی کچی عومەیس دەڵێت: منیش هەستام دەستم کرد بە شیوەن و ژنان لە دەورم کۆبوونەوە و پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە بۆماڵەوەو بە ژن و خێزانەکانی فەرموو (لا تغفلوا آل جعفر من أن تصنعوا لهم طعاما فإنهم قد شغلوا بأمر صاحبهم)،[1] (بنەماڵەی جەعفەر پشتگوێ مەخەن و چاوتان لێیان بێت خواردنیان بۆ ئامادە بکەن چونکە ئەوان خۆیان پەشۆکاون بە مردووەکەیانەوە).

کاتێک لە غەزای موئتەدا جەعفەری باوکیان شەهید بوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو بۆ لایان و سەردانی دەکردن، جارێک پێغەمبەر(ﷺ) کە چوو بۆ لایان فەرمووی: سەرتاشم بۆ بانگ بکەن، سەرتاش هات و سەری چاک کردن، دواتر فەرمووی: (موحەممەد لە ئەبووطالیبی مامم دەچێت، عەونیش لە رەوشت و شێوەشدا لە من دەچێت)، دواتر نزای خێری کرد بۆیان، ئینجا دایکیان هات، باسی هەتیوی منداڵەکانی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ترسی سەرپەرشتی ئەوانتە؟ من سەرپەرشتی ئەوانم لە دنیا و ئاخیرەتدا).[2]

عەون لە جەنگی توستوردا شەهید بوو.[3]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند النساء(رضي الله عنهن) - حديث أسماء بنت عميس(رضي الله عنها)، الرقم ٢٧٧٢٨، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] مشكل الآثار للطحاوي، الرقم ٤٤٩٧، صححه ابن حجر في الإصابة، ج٤، ص ٧٤٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٤.

٢٣٩٩. عەووامی کوڕی جوهەیل(ﷺ)

ناوی عەووامی کوڕی جوهەیلی هەمەدانیە، سەرەتا خزمەتکاری پەرستگای یەغووث بوو، عەووام دەڵێت: کاتێک خەڵکەکە دەچوونەوە بۆماڵەوە، من لە پەرستگای بتەکە دەمامەوە، شەوێک کە رەشەبا و هەورەبرووسکەیەکی زۆر هەبوو خۆم تەنها مابوومەوە، دەنگێکم لە بتەکەوە بیست کە ئەوە یەکەم جار بوو ببیستم دەنگی لێوە بێت، دەنگەکە وتی: کوڕی جوهەیل واز لە بتەکان بهێنە، ماڵوێران رووناکیەکی درەوشاوە لە خاکی حەرامەوە دەرکەوت، ئیتر منیش بتەکانم لەبەرچاو کەوتن و ئەو باسوخواسەم لە هاوڕێیانم شاردەوە، کەچی جارێکی تر دەنگم بیست کە هانی دەدام بۆ موسڵمان بوون، منیش بتەکەی دەستم فڕێدا و بەرەو لای پێغەمبەر(ﷺ) کەوتمە رێ، لە رێدا گەیشتم بە کاروانی هەمەدان کە دەچوون بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)، چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەویش دڵخۆش بوو و دواتر فەرمووی: باسی بکە بۆ موسڵمانان، ئینجا فەرمانی پێکردم بتەکان لەناوببەم، دواتر چوومەوە بۆ یەمەن.[1]

٢٤٠٠. عەیاذی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی عەیاذی کوڕی عەمرەو خزمەتکاری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، عەیاذ دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ جوولەکەیەک قسەی دەکرد، عەباکەی سەرشانی کەوت، جا پێغەمبەر(ﷺ) حەزی نەدەکرد کەس نیشانەکەی سەر پشتی ببینێت، منیش خێرا عەباکەیم دایەوە بەسەر شانیدا، فەرمووی: کێ وایکرد؟ وتم: من، فەرمووی: وەرە بەردەمم، منیش لە بەردەمیدا دانیشتم، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی خستە سەر سەرم و دەستی هێنا بە دەموچاو و

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٣٦-٧٣٧.

سەروسنگمدا و فەرمووی: (ئەگەر دەستکەوتم بۆ هات وەرە بۆ لام)، منیش چووم بۆ لای، فەرمانی کرد جوانە ولآخێکی پێدام.[1]

٢٤٠١. عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە(رضي الله عنه)

ناوی عەییاشی کوڕی عەمرەو باوکی بە ئەبوورەبیعە ناسراوە، کونیەکەی ئەبووعەبدورەحمان یان ئەبووعەبدولآیە، لە سەری دایکیەوە برای ئەبووجەهلە،[2] ئەم هاوەڵە لە قورەیشیەکانە لە بەنی مەخزووم، ئامۆزای خالیدی کوڕی وەلیدە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان،[3] لە کۆچی حەبەشەدا بەشداری کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ مەککە،[4] ئینجا دواتر بەشداری کۆچ بوو بۆ مەدینە، بەڵام ئەبووجەهل لە خشتەی برد و گێڕایەوە بۆ مەککەو بەندی کرد.[5]

عەییاش کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدولآ کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بوو.[6]

کاتێک موسڵمانان کۆچیان دەکرد بۆ مەدینە، عومەری کوڕی خەططابیش بڕیاری کۆچی دا، هاودەم بە عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە کۆچی کرد، عومەر دەڵێت: کاتێک ویستم هاودەم بە عەییاشی کوڕی رەبیعەو هیشامی کوڕی عاص کۆچ بکەم، وادەمان داناو وتمان: هەرکەس دواکەوت ئەوە رێی لێگیراوەو ئەوانی تر بڕۆن، بۆ بەیانیەکەی من و عەییاش گەیشتین و هیشام رێی لێگیرا، بۆیە کەوتینەڕێ، کە گەیشتینە مەدینە لای بەنی عەمری کوڕی عەوف ماینەوە، ئەبووجەهل و حارثی کوڕی هیشام کە ئامۆزای

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٣٤٨.
[2] أسد الغابة، ج٤، ص ٣٤٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٥٠.
[4] أسد الغابة، ج٤، ص ٣٤٣.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٥٠.
[6] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٦٨.

عەیاش بوون و لە سەری دایکیشەوە برای بوون، هاتن بۆ مەدینەو وتیان: ئەی عەیاش دایکت نەزری کردووە شانە نەدات لە سەری و لەبەر خۆردا بمێنێتەوە تا تۆ دەبینێت، منیش زۆر هەوڵم دا بە قسەکانیان لەخشتە نەچێت و نەڕواتەوە، تەنانەت وتم: تۆ دەزانیت من زۆر دەوڵەمەندم، نیوەی سامانم بۆ تۆ بەلام لەگەڵیان مەگەڕێرەوە، بەلام عەیاش خۆی پێ ڕانەگیرا، منیش وتم: هەر دەگەڕێیتەوە دەی ئەو وشترەی من ببە و هەرکات زانیت فێڵت لێ دەکەن خۆت ڕزگار بکەو وەرەوە، ئەویش وشترەکەی برد و چوو، لە نیوەی ڕێدا ئەبووجەهل پێی وت: براکەم وشترەکەم ناڕوات، بەڵکو لە دوای تۆوە سەرکەوم، بەو فێڵە گرتیان و بەستیانەوەو بردیانەوە بۆ مەککە.[1]

جا پێغەمبەر(ﷺ) لە نوێژەکانیدا قنووتی دەخوێند و نزای بۆ عەیاش دەکرد، لە قنووتەکەیدا دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ أَنْجِ عَيَّاشَ بْنَ أَبِي رَبِيعَةَ، اللَّهُمَّ أَنْجِ سَلَمَةَ بْنَ هِشَامٍ، اللَّهُمَّ أَنْجِ الْوَلِيدَ بْنَ الْوَلِيدِ) (خوایە عەیاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعە ڕزگار بکە، خوایە سەلەمەی کوڕی هیشام ڕزگار بکە، خوایە وەلیدی کوڕی وەلید ڕزگار بکە).[2]

ڕایەک دەڵێت: لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو، ڕایەکیش دەڵێت: لە ساڵی پانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد، ڕایەکیش دەڵێت: لە جەنگی یەرمووکدا کوژرا.[3]

حەبیبی کوڕی ئەبی ثابت دەڵێت: حارثی کوڕی هشام و عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل و عەیاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعە لە جەنگی یەرمووکدا بریندار بوون، حارث داوای ئاوی کرد تا بیخواتەوە، کە ئاویان بۆ هێنا، عیکریمە تەماشای ئاوەکەی کرد، کە عیکریمەی بینی وتی: ئاوەکە بدەن بە عیکریمە، کە بردیان بۆ عیکریمە، عەیاش تەماشای ئاوەکەی کرد، عیکریمە وتی:

[1] البداية و النهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٧٢.

[2] صحيح البخاري - كتاب الاستسقاء - باب دعاء النبي(ﷺ) اجعلها عليهم سنين كسني يوسف، الرقم ١٠٠٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٥٠.

بیبەن بۆ عەییاش، تا ئاوەکەیان برد بۆ عەییاش وەفاتی کرد، هەرسێیان وەفاتیان کرد و کەسیان لە ئاوەکەی نەخواردەوە.[1]

٢٤٠٢. عوبادەی کچی ئەبی نائیلە(﵂)

ناوی عوبادەی کچی ئەبی نائیلەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

٢٤٠٣. عوبادەی کوڕی خەشخاش(﵁)

ناوی عوبادەی کوڕی خەشخاخە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

٢٤٠٤. عوبادەی کوڕی صامیت(﵁)

ناوی عوبادەی کوڕی صامیتی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، دایکی ناوی قورەتولعەینی کچی عوبادەیە، کونیەکەی ئەبووەلیدە، یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە.[4]

عوبادە ژنێکی هەبوو بە ناوی جەمیلە کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی وەلید، ژنێکی تری ناوی ئوممومحەرامی کچی میلحان بوو کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی موحەممەد.[5]

عوبادە برایەکی هەبوو بە ناوی ئەوس کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[6]

---

[1] المستدرک علی الصحیحین، الرقم ٥٠١٦، حذفه الذهبي من التلخیص.

[2] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٨، ص٢٣.

[3] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٣، ص ٦٢٣.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ١٥٨.

[5] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٣، ص ٥٤٦.

[6] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٣، ص ٥٤٧.

عوبادە یەکێک بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو لەوێش یەکێک بوو لە دوانزە نەقیبەکە.[١]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، عوبادەی کوڕی صامیت و ئەبی مەرثەدی غەنەوی کرد بە برای یەک.[٢]

عوبادە یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[٣]

عوبادە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) قورئانیان کۆدەکردەوە و هاوەڵانی ئەهلی صوففەشی فێری قورئان خوێندنەوە دەکرد.[٤]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کاتێک موسڵمانان شامیان فەتح کرد، خەلیفە هەریەک لە عوبادەی کوڕی صامیت و موعاذی کوڕی جەبەل و ئەبوودەردائی نارد بۆ شام تا خەڵکی فێری قورئان بکەن وشارەزایان بکەن بە ئیسلام، ئیتر عوبادە لە حیمص مایەوەو دواتر لەوێوە چوو بۆ فەلەسطین، دواتر لەسەر دەمەقاڵەیەک لەگەڵ موعاویە گەڕایەوە بۆ مەدینە، بەڵام خەلیفە ناردیەوە بۆ شام.[٥]

عوبادە یەکەم کەس بوو لە حیمص دادوەریی کرد، یەکەم کەسیش بوو دادوەریی فەلەستینی گرتەئەستۆ.[٦]

عوبادەی کوڕی صامیت هاودەم بە ئوممومحەرامی ژنی لە غەزا و جیهادی ناو دەریادا بەشداری کرد کە یەکەمجار لەگەڵ موعاویەدا لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا لە دەریادا جەنگان.[٧]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٤٦.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ١٥٨.

[٣] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٥.

[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ١٥٨-١٥٩.

[٥] أسدالغابة، ج٣، ص ١٥٩.

[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٢٥.

[٧] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب فضل من يصرع في سبيل الله فمات، الرقم ٢٧٩٩؛ سنن

سەبارەت بە کاتی وەفاتی عوبادە، رایەک دەڵێت: لەساڵی چل و پێنجی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی سی و چواری کۆچیدا بووە،[1] ئیبن ئەثیر دەڵێت: راستتر ئەوەیە لە رەملە یان لە بەیتولمەقدیس لە ساڵی سی و چواری کۆچی و لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.[2]

عوبادە کەسێکی باڵابەرزی زۆر کەشخە بوو.[3]

عوبادەی کوڕی صامیت فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[4]

عوبادەی کوڕی صامیت دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مَنْ تَعَارَّ مِنَ اللَّيْلِ فَقَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، الْحَمْدُ لِلهِ، وَسُبْحَانَ اللهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ، ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي، أَوْ دَعَا، اسْتُجِيبَ، فَإِنْ تَوَضَّأَ قُبِلَتْ صَلَاتُهُ) (هەرکەس لە شەودا لەخەو راچڵەکی، بڵێت: لا إله إلا الله وحده لا شريک له، له الملک وله الحمد، وهو على کل شيء قدير، الحمد لله، وسبحان الله، ولا إله إلا الله، والله أکبر، ولا حول ولا قوة إلا بالله، پاشان بڵێت خوایە لێم خۆش بە یان نزا بکات، ئەوە نزاکەی وەڵام دەدرێتەوە، ئەگەر دەستنوێژ بگرێت و نوێژ بکات، نوێژەکەی وەردەگیرێت).[5]

عوبادەی کوڕی صامیت دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (من أحب لقاء الله أحب الله لقاءه، ومن كره لقاء الله كره الله لقاءه)، (هەرکەس حەز بە دیداری خوا بکات، خواش حەز بە دیداری دەکات، هەرکەسیش رقی بێت لە دیداری خوا، خواش رقیەتی لە دیداری)، یەکێک لە ژنەکانی پێغەمبەر(ﷺ) وتی:

ابن ماجه - أبواب الجهاد - باب فضل غزو البحر، الرقم ٢٧٧٦.

(١) سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١١.

(٢) أسد الغابة، ج٣، ص ١٥٩.

(٣) أسد الغابة، ج٣، ص ١٦٠.

(٤) سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١١.

(٥) صحيح البخاري - أبواب التهجد - باب فضل من تعار من الليل فصلى، الرقم ١١٥٤.

دەی ئێمە رقمانە لە مردن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ليس ذاك، ولكن المؤمن إذا حضره الموت بشر برضوان الله وكرامته، فليس شيء أحب إليه مما أمامه، فأحب لقاء الله وأحب الله لقاءه، وإن الكافر إذا حضر بشر بعذاب الله وعقوبته، فليس شيء أكره إليه مما أمامه، كره لقاء الله وكره الله لقاءه)،[1] ئەوە ئەو شتە نیە، بەڵام باوەڕدار کە سەرەمەرگی هات مزگێنی رەزامەندی و رێزی خوا پێ دەدرێت، ئیتر هیچ شتێک هێندەی ئەوە لای خۆشەویستتر نیە کە لەبەردەمیەتی، ئیتر حەز بە دیداری خوا دەکات و خواش حەز بە دیداری ئەو دەکات، بێباوەڕیش کە سەرەمەرگی هات، موژدەی سزای خوای پێدەدرێت، ئیتر هیچ شتێک لای بێزراوتر نیە لەوەی لەبەردەمیەتی، ئیتر حەز بە دیداری خوا ناکات و خواش حەز بە دیداری ئەو ناکات).

٢٤٠٥. عوبادەی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی عوبادەی کوڕی عەمری کوڕی میحصەنە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی بیئر مەعوونەو تیایدا شەهید بوو.[2]

٢٤٠٦. عوبادەی کوڕی قورص(ﷺ)

ناوی عوبادەی کوڕی قورص یان کوڕی قورطە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، عوبادە جارێک بە خەڵکانێکی تابعی وت: ئێوە ئەمڕۆ برێ کار دەکەن کە ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) بە تاوانی گەورەمان دەزانین.[3]

عوبادە لە غەزاوە دەگەڕایەوەو نزیک بوو لە ئەهواز کە دەنگی بانگی بیست، چوو تا نوێژی جەماعەت بکات کە لەلایەن خەواریجەکانەوە لە

[1] صحيح البخاري - كتاب الرقاق - باب من أحب لقاء الله أحب الله لقاءه، الرقم ٦٥٠٧.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٢٧.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند البصريين(ﷺ) - حديث عبادة بن قرط(ﷺ)، الرقم ٢١٠٨٣.

ئەهواز بەدیل گیرا، جا بەوانی وت: ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) رازی بوو پێی ئێوەش پێی رازی بن و لێم وەربگرن کە ئەویش شایەتومانە، بەڵام ئەوان بردیان و کوشتیان، ئەمەش لەساڵی چل و یەکی کۆچیدا بوو.[1]

٢٤٠٧. عوبادەی کوڕی ئەشیەب(ﷺ)

ناوی عوبادەی کوڕی ئەشیەبی عەنەزیە، عوبادە دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووم، ئەویش نامەیەکی بۆ نووسیم کە تیایدا هاتبوو: (بسم الله الرحمن الرحیم، لە پێغەمبەری خواوە بۆ عوبادەی کوڕی ئەشیەبی عەنەزی، من تۆم کرد بە بەرپرسی هۆزەکەت...) منیش چوومەوە بۆ لای هۆزەکەم و ئەوانیش موسڵمان بوون.[2]

٢٤٠٨. عوبەیدەی کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی عوبەیدەی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی عەبدمەنافە، دایکی ناوی سوخەیلەی کچی خوزاعیە، عوبەیدە نزیکەی دە ساڵ تەمەنی لە پێغەمبەر(ﷺ) زیاتر بوو، کونیەکەی ئەبووحارث بوو.[3]

موسڵمانبوونی عوبەیدە هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمانبوونی عوثمانی کوڕی مەظعوون و عەبدورەحمانی کوڕی عەوف و ئەبووعوبەیدەدا، ئەمەش پێش ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەم و لەوێ بانگەواز بکات، عوبەیدە هاودەم بەو هاوەڵانەی چوونە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) باسی ئیسلامی کرد بۆیان و وردەکاریەکانی ئیسلامی خستەڕوو بۆیان، ئەوانیش موسڵمان بوون.[4]

عوبەیدە یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان و پێش ئەوەی

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٢٧.
[2] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٣٢٥.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٠.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٨

بانگەواز بچێتە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمەوە عوبەیدە موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عوبەیدەو عومەیری کوڕی حەممامی ئەنصاریەوە.[1]

لە شەووالی ساڵی یەکەمی کۆچیدا پێغەمبەر(ﷺ) عوبەیدەی کرد بە ئەمیری سریەیەک و ئاڵایەکی سپی دایە دەست و هاودەم بە شەست کەس لە کۆچەران ناردی تا گەیشتن بە ئەبووسوفیان کە نزیکەی دووسەد کەسی لەگەڵ بوو، تیرهاویشتنێک لەنێوانیاندا روویدا و لەوە زیاتر جەنگ روووینەدا.[2]

عوبەیدە لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، لە سەرەتای جەنگەکەوە جەنگی رووبەڕوو بوو، عوبەیدەو حەمزەو عەلی کوڕی ئەبووطالیب چوونە پێشەوەو جەنگان، عوبەیدە بەرامبەر بە عوتبە وەستایەوە، هەردوولا یەکتریان بریندار کرد، خێرا حەمزەو عەلی هەڵیانکوتایە سەر عوتبەو کوشتیان، عوبەیدەشیان بە برینداری بردەوە، دواتر خوێنی نەدەوەستا تا لە دە رۆژی کۆتایی رەمەزان و لە ساڵی دووەمی کۆچی لە ناوچەی صەفرائدا وەفاتی کرد.[3]

کاتێک عوبەیدە شەهید بوو تەمەنی نزیکەی شەست و سێ ساڵ دەبوو.[4]

٢٤٠٩. عوبەیدەی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدەی کوڕی رەبیعەی کوڕی جوبەیرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٧.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٥٦.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٢٦.

٢٤١٠. عوبەیدوڵای سولەمی(ﷺ)

ناوی عوبەیدوڵای سولەمیەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە و دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إن الله أعطاكم عند وفاتكم ثلث أموالكم زيادة في أعمالكم).[١]

٢٤١١. عوبەیدوڵای کوڕی سوفیان(ﷺ)

ناوی عوبەیدوڵای کوڕی سوفیانی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیە، لە جەنگی یەرمووکدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٢]

٢٤١٢. عوبەیدوڵای کوڕی عەبباس(ﷺ)

ناوی عوبەیدوڵای کوڕی عەباسی کوڕی عەبدولموطەلیبە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کونیەکەی ئەبوو موحەممەدە، لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا(ﷺ) تەمەنی نزیکەی دوانزە ساڵان بوو، عەبباسی باوکی مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و پێشتریش ژیانی عەبباسمان باس کردووە.[٣]

٢٤١٣. عوبەیدوڵای کوڕی عوبەید(ﷺ)

ناوی عوبەیدوڵای کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانەو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٤]

---

[١] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٠٧٣.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٤١.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٣٩٧-٣٩٨.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٠٠.

٢٤١٤. عوبەیدی کوڕی خالیدی سولەمی(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی خالیدی سولەمیە، خالید دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان دوو کەسەوە، ئەوەبوو یەکێکیان پێش ئەوی تریان مرد، ئێمەش نوێژمان لەسەر کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: چیتان وت؟ وتمان: نزامان بۆ کرد و وتمان: خوایە لێی خۆش بەو بیگەیەنە بە هاوەڵەکەی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فَأَيْنَ صَلاَتُهُ بَعْدَ صَلاَتِهِ، وَصَوْمُهُ بَعْدَ صَوْمِهِ ؟ وَعَمَلُهُ بَعْدَ عَمَلِهِ إِنَّ بيْنَهُمَا كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ) (ئەی نوێژەکەی ئەو دوای نوێژی ئەو چی و کردەوەکەی پاش کردەوەکەی ئەو چی، نێوانی ئەو دوانە وەک نێوانی ئاسمان و زەوی وایە).[1]

٢٤١٥. عوبەیدی کوڕی خالیدی موحاریبی(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی خالیدی موحاریبیە، عوبەید دەڵێت: لە مەدینەدا دەچووم بە ڕێدا کە کەسێک وتی: (ارفع إزارك، فإنه أبقى وأتقى)، جلەکەت لە قولەپێت بەرزتر بکەرەوە، چونکە ئەوە باشتر دەمێنێتەوەو بۆ تەقوا باشترە، منیش لامکردەوە تەماشام کرد پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەمە عەبایەکی خەتخەتی رەش و سپیە، ئەویش فەرمووی: (ئایا من بە پێشەنگ نازانیت؟) سەیری عەباکەیم کرد لە خوارووی ئەژنۆیدا بوو.[2]

---

[1] سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب في النور يرى عند قبر الشهيد، الرقم ٢٥٢٠، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(رضي الله عنهم) - رجل من أصحاب النبي(ﷺ)(رضي الله عنه)، الرقم ٢٣٥٥٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الزينة - موضع الإزار، الرقم ٩٦٠٢، ضعفه الألباني في سلسلة الاحاديث الضعيفة، الرقم ١٨٥٧.

٢٤١٦. عوبەیدی کوڕی زەید(﵁)

ناوی عوبەیدی کوڕی زەیدی کوڕی عامیری کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە خەزرەجیەکانە لە زورقیەکان، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد.[١]

٢٤١٧. عوبەیدی کوڕی زەیدی ئەنصاری(﵁)

ناوی عوبەیدی کوڕی زەیدەو لە پشتیوانانە، ژنێکی هەبوو بە ناوی ئومموئەنەس، ئەم هاوەڵە لە غەزای حونەیندا شەهید بوو.[٢]

٢٤١٨. عوبەیدی کوڕی عەمر(﵁)

ناوی عوبەیدی کوڕی عەمری کیلابیە، عوبەید دەڵێت: پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی دەستنوێژی دەگرت.[٣]

٢٤١٩. عوبەیدی کوڕی موحەممەد(﵁)

ناوی عوبەیدی کوڕی موحەممەدی موعافیریەو کونیەکەی ئەبووئومەییەیە، دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا تا بەشداری فەتحی میصری کرد.[٤]

٢٤٢٠. عوبەیدی کوڕی موراویح(﵁)

ناوی عوبەیدی کوڕی موراویحی موزەنیە، عوبەید دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەقیع دابەزی و خەڵکی دەترسان دوژمن شالاوی کتوپڕ ببات، بانگدەرەکەی پێغەمبەر(ﷺ) هاواری کرد الله اكبر، منیش وتم: ناوێکی گەورەت برد، ئینجا

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٥٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤١٢.

[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٤٢٨١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤١٧.

وتی: اشهد أن لا اله الا الله، وتم: ئەمانە شتێکیان لایە، بۆیە چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و سەبارەت بە ئیسلام پرسیارم لێکرد، لەوێ موسڵمان بووم، پێغەمبەر(ﷺ) فێری دەستنوێژی کردم و نوێژی کردو منیش لە دوایەوە نوێژم کرد.[1]

٢٤٣١. عوبەیدی کوڕی ئەوس(ﷺ)

ناوی عوبەیدی کوڕی ئەوسی کوڕی مالیکە، کونیەکەی ئەبوونوعمانە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

٢٤٣٢. عوبەیدی کوڕی ئەوسی ئەشهەلی(ﷺ)

ناوی عوبەیدی کوڕی ئەوسە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

٢٤٣٣. عوبەیدی کوڕی تیهان(ﷺ)

ناوی عوبەیدی کوڕی تیهانە و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

٢٤٣٤. عوبەیدی کوڕی ثەعلەبە(ﷺ)

ناوی عوبەیدی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزا بەدر.[5]

---

[1] معجم الصحابة لابن قانع، ج٢، ص ١٨٦.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٥٣.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٠٨.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٠٨.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٠٨.

٢٤٢٥. عوبەیدی كوڕی حوذەیفە(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی كوڕی حوذەیفەی كوڕی غانیمی قوڕەیشی عەدویە، كونیەكەی ئەبوجوهمەو زیاتر بەو كونیەی ناسراوە، رایەكیش دەڵێت: ناوی عامیرە، یەكێك بوو لە پیاوماقووڵانی ناو قوڕەیش، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەككەیە.[١]

باسی لە فەرموودەیەكدا هاتووە كە پەیوەندی هەیە بە كوردەوە، فەرموودەكەش بریتیە لە:

عن عائشة قالت: صلى رسول الله(ﷺ) في خميصة لها أعلام، فقال: شغلتني أعلام هذه، اذهبوا بها إلى أبي جهم، وأتوني بأنبجانيته، وأخذ كرديا كان لأبي جهم)،[٢]

(عائیشەی دایكی باوەڕداران دەڵێت: جارێك پێغەمبەر(ﷺ) بە جلێكی رەشەوە نوێژی دەكرد كە بڕێك گوڵنك و شتی پێوە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەم گوڵنك و شتانەی ئەم جلەم لە نوێژەكەم سەرقاڵم دەكەن، ئەمە ببەن بۆ ئەبوو جەهم و ئینبیجانیەتەكەی ئەوم بۆ بهێنن، ئەوەبوو جلێكی كوردی ئەبوو جەهمی كردەبەری).

وشەی ئینبیجانیەت وا پێناسەی هاتووە كە جلێكی لە خوری دروست كراو و زۆر زبرە،[٣] بەو پێیە بێت دەبێت ئەو جلەی پێغەمبەر(ﷺ) پۆشیویەتی جلێكی وەك شاڵ بووبێت.

٢٤٢٦. عوبەیدی كوڕی سەكەن(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی كوڕی سەكەنە، واقیدی هێناویەتی كە ئەم هاوەڵە لە بەشداربوانی غەزای بەدرە.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١.

[٢] سنن أبي داود - كتاب الصلاة - باب النظر في الصلاة، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٩١٥.

[٣] النهاية في غريب الحديث و الأثر، المكتبة العلمية(بيروت - ١٩٧٩)، ج١، ص ٧٣.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤١٢.

٢٤٢٧. عوبەیدی کوڕی سولەیم(ﷺ)

ناوی عوبەیدی کوڕی سولەیمەو بە ئەبووعامیری ئەشعەری ناسراوە، مامی ئەبوو مووسای ئەشعەریە، ئەم هاوەڵە هەرزوو لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر بەشدار بوو لە کۆچکردن بۆ حەبەشەدا.[١]

بەڵام لە بەسەرهاتی کۆچی ئەبوومووسای ئەشعەریەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کۆچەکەی ئەبووعامیریش بۆ حەبەشە چۆن بووە:

ئەبوومووسای ئەشعەری هاودەم بە براکانی و ژمارەیەک لە ئەشعەریەکان هاتە مەککەو لەوێ لەگەڵ ئەبووئوحەیحە هاوپەیمانی بەست، دواتر لەوێ موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو نەچوو بۆ حەبەشەو گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆی و دواتر هاودەم بە براکانی کە هات بەرەو مەدینە، لە رێدا گەیشت بەو کۆچەریانەی لە حەبەشەوە دەگەڕانەوەو دەهاتن بۆ مەدینە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە ناوچەی خۆیانەوە هاودەم بە پەنجا کەس لە ئەشعەریەکان بەرەو مەدینە دەچوون، بە کەشتیەک چوون، بەڵام رەشەبا کەشتیەکەی بەرەو حەبەشە بردن، ئەوانیش هاودەم بە جەعفەر و یارانی گەڕانەوە بۆ مەدینە.[٢]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە غەزای حونەین بوویەوە، ئەبووعامیری بە سوپایەکەوە نارد بۆ ئەوطاس، منیشی لەگەڵ ئەبوو عامیردا نارد، ئەبووعامیر کە گەیشت بە دورەید خوای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بە ئەبووعامیر و دورەید کوژرا و هاوەڵانی شکان، بەڵام تیرێک بەر ئەبووعامیر کەوت، منیش خۆم گەیاندە لای و وتم: مامەگیان کێ تیری لێدایت؟ ئەویش ئاماژەی کرد بۆ کەسێک و وتی: ئەو منی کوشت، منیش کەوتمە شوێنی و خۆم گەیاند پێی و دەموت شەرم

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٢٥٢.

[٢] أسد الغابة، ج٣،ص ٣٧٦.

ناکەیت رادەکەیت؟ ئەویش وەستا و جەنگاین و من ئەوم کوشت، دواتر بە ئەبوو عامیرم وت: خوای گەورە ئەو کەسەی کوشت، ئەبوو عامیر وتی: دەی ئەو تیرە لاببە، منیش تیرەکەم لابرد، وتی: برازا گیان سەلامم بگەیەنە بە پێغەمبەر(ﷺ) و پێی بڵێ داوای لێخۆشبوونم بۆ بکات، ئینجا منی کرد بە بەرپرسی خەڵکەکە، دوای ماوەیەکی کەم ئەبوو عامیر وەفاتی کرد، منیش گەڕامەوەو چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و لەسەر راخەرێکی لە دارگەلا ساز دراو راکشابوو و شوێنەواری چنراوی راخەرەکە بەسەر پشت و لاکانیەوە بوو، بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) داوای ئاوی کرد و دەستنوێژی گرت و دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی: (خوایە لە عوبەید ئەبی عامیر خۆش بە) منیش سپیایی بنباڵیم دەبینی، ئینجا نزای تری کرد و فەرمووی: (اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَوْقَ كَثِيرٍ مِنْ خَلْقِكَ أَوْ مِنَ النَّاسِ) (خوایە لە رۆژی دواییدا لە سەرووی زۆرێک لەو خەڵکە دروستکراوەی خۆتەوە دایبنێ)، منیش وتم: نزای لێخۆشبون بۆ منیش بکە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِعَبْدِ اللهِ بْنِ قَيْسٍ ذَنْبَهُ، وَأَدْخِلْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُدْخَلاً كَرِيمًا) (خوایە لە تاوانی عەبدوڵای کوڕی قەیس خۆش بە و رۆژی دوایی جێ و مەقامێکی رێزداری پێ ببخەشە).[1]

٢٤٢٨. عوبەیدی کوڕی عازب(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی عازبە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، برای بەڕائی کوڕی عازبە.[2]

هەریەک لە عوبەید و ئەوس و عازبی باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بون.[3]

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة أوطاس، الرقم ٤٣٢٣؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي موسى وأبي عامر الأشعريين(رضي الله عنهما)، الرقم ٢٤٩٨.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤١٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١، ص٢٧٨.

براکانی تری بریتی بوون لە یوونس و عازب و یەحیا، خوشکێکیشی هەبوو بەناوی ئوم عەبدوڵا.[1]

عوبەید لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا یەکێک بوو لەو دە هاوەڵەی کە خەلیفە ناردنی بۆ کووفە تا دین فێری خەڵکەکە بکەن.[2]

عوبەید لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە جەنگەکانی جەمەل و صفین و نەهرەواندا لەگەڵ بەرائی برایدا لە سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری کرد.[3]

٢٤٢٩. عوبەیدی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی مەسعوودی ساعیدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[4]

٢٤٣٠. عوبەیدی کوڕی موعەللا(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[5]

٢٤٣١. عوبەیدی کوڕی یاسر(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی یاسرەو هاودەم بە کەسێکی تر هاتە خزمە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەسپێکی بە دیاری هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[6]

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص٣٦٥.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤١٤.
[3] أسد الغابة، ج١، ص٢٥٨.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤١٨.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٢٠.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٢١.

٢٤٣٢. عوبەیدی کوڕی ئەبی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی عوبەیدی کوڕی ئەبی عوبەیدە، لە پشتیوانانە، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەقیشدا بەشداری کرد.[١]

٢٤٣٣. عومیفی کوڕی ئەضبە ط(رضي الله عنه)

ناوی عوەیفی کوڕی ئەضبەطە، لە ساڵی ڕێککەوتنی حودەیبیەدا موسڵمان بووە و بۆ ساڵی دواتر کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چوو بۆ عومرە ئەوی لە مەدینە جێهێشت.[٢]

٢٤٣٤. عومیمی کوڕی ساعیدە(رضي الله عنه)

ناوی عوەیمی کوڕی ساعیدەی کوڕی عائیشە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزاکانی بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و لە ژیانی پێغەمبەردا(صلى الله عليه وسلم) وەفاتی کرد،[٣] بەڵام لە گێڕانەوەی صەحیحدا هاتووە دوای وەفاتی پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) ژیاوە، ئیبن عەبباس دەگێڕێتەوە کە دوای وەفاتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) عومەری کوڕی خەتتاب بە ئەبووبەکری صدیقی وت: وەرە با بچین بۆ لای برا پشتیوانییەکانمان، گەیشتین بە دوو پیاوچاکیان کە بەشداربووي بەدر بوون.. عوەیمی کوڕی ساعیدە و مەعنی کوڕی عەددی.[٤]

٢٤٣٥. عومیمیرەی کچی عومیم(رضي الله عنها)

ناوی عوەیمیرەی کچی عوەیمە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و بەیعەتی پێداوە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤١٥.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٥.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٥.
[٤] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب حدثني خليفة، الرقم ٤٠٢١.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٤٣.

٢٤٣٦. عومیمیری کوڕی عامیر(ﷺ)

ناوی عوەیمیری کوڕی عامیر یان کوڕی مالیک یان کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبوودەردائە، پێش موسڵمانبوونی سەرقاڵی کاری بازرگانی بوو، دواتر وازی لێهێنا، لە ڕۆژی غەزای بەدردا موسڵمان بوو، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و ڕۆڵی کارای تێدا بینی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (عوەیمیر سوارێکی زۆر چاکە).[1]

عوەیمیر لە پێش موسڵمانبوونی لە ماڵەوە بتێکی هەبوو کە پەڕۆیەکی بەسەردا دەدا، عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەش بانگهێشتی عوەیمیری دەکرد بۆ ئیسلام، بەڵام ئەو موسڵمان نەدەبوو، جارێک عەبدوڵا چوو بۆ ماڵەوە دەبینێت عوەیمیر لە ماڵەوە نیە، لە ژنەکەی هەواڵی پرسی، ئەویش وتی: چوویە دەرەوە، عەبدوڵا چوویە ژووری بتەکەی و بتەکەی پارچەپارچە کرد، ژنەکەشی گوێی لێ بوو کە عەبدوڵا بتەکەی دەشکاند، وتی: کوڕی ڕەواحە ماڵوێرانت کردین، ئینجا عەبدوڵا چوویە دەرەوە، عوەیمیر هاتەوە ماڵەوەو بینی ژنەکەی دانیشتووە دەگری، وتی: چی بووە؟ ئەویش وتی: عەبدوڵای برات هات و بتەکەی شکاند، عوەیمیر زۆر تووڕە بوو و دواتر بیری کردەوەو وتی: جا ئەو بتە سوودی هەبوایە بەرگری لە خۆی دەکرد، ئەوەبوو هاودەم بە عەبدوڵای برای چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو.[2]

عوەیمیر دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عومەردا موعاویەی والی شام ئەوی کرد بە دادوەری دیمەشق، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.[3]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٧.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب أبي الدرداء عويمر بن زيد الأنصاري(ﷺ)، الرقم ٥٤٩٢، حذفه الذهبي من التلخيص.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٧٤٧.

٢٤٣٧. عوەیمیری عەجلانی(ﷺ)

ناوی عوەیمیری کوڕی ئەبیەضی عەجلانیە، جارێک عوەیمیر چوو بۆ لای عاصیمی کوڕی عەددی و وتی: راتان چیە لەگەڵ پیاوێک بڕواتەوە ماڵ و ببینێت پیاوێ لەگەڵ ژنەکەیەتی؟ ئایا بیکوژێت و ئێوەش بیکوژنەوە، یان چی بکات؟ لای پێغەمبەر(ﷺ) لەو بارەوە پرسیارم بۆ بکە، عاصیمیش چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیاری لێکرد، ئەویش مەسەلەکەی پێ خۆش نەبوو، عوەیمیر وتی: عاصم چیت کرد؟ ئەویش وتی: پێغەمبەر(ﷺ) حەزی بە مەسەلەکە نەکرد، دواتر عوەیمیر وتی: بەخوا خۆم پرسیار لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکەم، بۆیە چوو و پرسیاری کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)،پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (خوای گەورە سەبارەت بە تۆ و هاوەڵەکەت ئایەتی دابەزاند)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد مولاعەنە پەیڕەو بکات، دواتر عوەیمیر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر ئەو ئافرەتە بهێڵمەوە ستەمی لێدەکەم، بۆیە ژنەکەی تەڵاق دا، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (انْظُرُوا، فَإِنْ جَاءَتْ بِهِ أَسْحَمَ، أَدْعَجَ الْعَيْنَيْنِ، عَظِيمَ الْأَلْيَتَيْنِ، خَدَلَّجَ السَّاقَيْنِ، فَلاَ أَحْسَبُ عُوَيْمِرًا إِلاَّ قَدْ صَدَقَ عَلَيْهَا، وَإِنْ جَاءَتْ بِهِ أُحَيْمِرَ، كَأَنَّهُ وَحَرَةٌ، فَلاَ أَحْسَبُ عُوَيْمِرًا إِلاَّ قَدْ كَذَبَ عَلَيْهَا) (بزانن ئەگەر ئافرەتەکە منداڵێکی رەشەڵانەی چاو گەورەو چاورەشی سمت گەورەی ران و بازوو پڕی بوو ئەوە عوەیمیر راستی وتووە، ئەگەریش منداڵێکی سوورکەڵانەی بوو ئەوە وای دەبینم عوەیمیر درۆی کردووە بەرامبەری)، ئەوەبوو کە منداڵەکەی بوو وا دەرچوو کە عوەیمیر راستی وتبێت.[1]

٢٤٣٨. عوتبەی کوڕی سەلامە(ﷺ)

ناوی عوتبەی کوڕی سەلامە یان کوڕی سالیمی کوڕی سەلەمەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة النور - باب قوله عز وجل والذين يرمون أزواجهم، الرقم ٤٧٤٥.

[2] الإصابة في تميز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٥.

٢٤٣٩. عوتبەی کوڕی عەبدولا(ﷺ)

ناوی عوتبەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی صەخرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[١]

٢٤٤٠. عوتبەی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی عوتبەی کوڕی عەمری کوڕی جەروەیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[٢]

٢٤٤١. عوتبەی کوڕی غەزوان(ﷺ)

ناوی عوتبەی کوری غەزوانی کوڕی جابیرە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان، کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێوە گەڕایەوە بۆ مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە.[٣]

عوتبە کەسێکی باڵابەرز و زۆر کەشخە بوو، هەروەها تیرهاوێژێکی ناسراوی نێو هاوەڵان بوو.[٤]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عوتبەو ئەبوودوجانەوە.[٥]

عوتبە لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[٦]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفە، عوتبەی کرد بە والی بەصرە، ماوەی شەش مانگ لەوێ والی بوو، دواتر هات بۆ مەدینە بۆ

---

[١] الإصابة في تميز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٦.
[٢] الإصابة في تميز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٧.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٨.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٩.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٩.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٨.

لای خەلیفە تا دەرفەتی بدات واز لە پۆستەکەی بهێنێت، بەڵام خەلیفە رازی نەبوو و گێڕایەوە بۆ بەصرە، ئەوەبوو لە بەصرەو لە ساڵی حەڤدەی کۆچی و لە تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵیدا وەفاتی کرد.[1]

کاتێک خەلیفە نەیهێشت واز لە پۆستەکەی بهێنێت، عوتبە خەفەتی پێ خوارد و وتی: خوایە نەمگێڕیتەوە بۆ ئەو ئەرکە، ئەوەبوو پێش ئەوەی بگاتەوە بەصرە لە شوێنێک کە پێی دەوترێت مەعدەن بەنی سولەیم وەفاتی کرد.[2]

خالیدی کوڕی عومەیر دەڵێت: عوتبەی کوڕی غەزوان وتاری بۆ دەداین و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر وتی: دنیا وا بەرەو دابڕان دەڕوات و خەریکە ئاوا دەبێت و هێندەی بەرماوەی ئاوی ناو قاپێکی نەماوە، ئێوە لەم دنیاوە بەرەو دنیایەکی بێ کۆتا دەڕۆن، دەی تا دەتوانن خێر لەگەڵ خۆتان هەڵگرن، چونکە بۆمان باسکراوە بەردێک دەخرێتە لێواری دۆزەخەوەو ماوەی حەفتا ساڵ ئەو بەردە رۆدەچێت هێشتا ناگاتە بنەکەی، بەخوا دۆزەخیش پڕ دەکرێتەوە، سەرتان سوڕدەمێنێت؟ بۆمان باسکراوە نێوانی دوو لای دەرگای بەهەشت چل ساڵە رێیە، رۆژێ دێت ئەو بەردەرگایە قەرەباڵغ دەبێت و رێ نیە بچیتە ژوورەوە، من حەوتەم موسڵمان بووم لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) و هیچ خواردنێ نەبوو بیخۆین تەنها گەڵای دار نەبێت تا ئەوەی لێوەکانمان قڵیشابوون، عەبایەکم هەبوو لە نێوان خۆم و سەعدی کوڕی مالیکدا لەتم کرد و نیوەی بۆ من و نیوەی بۆ ئەو بوو، کەچی دواتر هەریەکەمان بووین بە ئەمیری ناوچەیەک، پەنا دەگرم بەخوا لەوەی خۆم لا گەورە بێت و لای خوا بچووک بم.[3]

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٩.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٨٥.

[3] صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق، الرقم ٢٩٦٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الرقائق، الرقم ١١٧٩٠.

٢٤٤٢. عوتبەی کوڕی فەرقەد(رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی فەرقەدی کوڕی یەربووعی سولەمیە، کونیەکەی ئەبووعەبدولّایە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر، لە دوو غەزادا هاودەم بە پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری کرد.[١]

عوتبە دواتر چوو بۆ ئازەربایجان و لەوێوە بۆ کووفە و لەوێ مایەوە تا وەفاتی کرد.[٢]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا عوتبە کاربەدەست بووە، چونکە بەسەرهاتی هاتووە کە کابرایەک لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوەو عوتبەش ئەوی ناردووە بۆ لای خەلیفە و نامەیەکیشی بۆ روونکردنەوەی مەسەلەکە ناردووە.[٣]

جارێک عوتبە نەخۆش بوو، عەرفەجە دەڵێت: چووین بۆ سەردانی و لەلای باسی رەمەزانمان کرد، وتی: باسی چی دەکەن؟ وتمان: باسی رەمەزان دەکەین، وتی: من بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (تفتح فيه أبواب الجنة، وتغلق فيه أبواب النار، وتغل فيه الشياطين، وينادي مناد كل ليلة: يا باغي الخير هلم، ويا باغي الشر أقصر)،[٤] (تیایدا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوەو دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و شەیتانەکان کۆت دەکرێن و هەموو شەوێک هاوارکەرێک هاوار دەکات ئەی خوازیاری خێر وەرە و ئەی خوازیاری خراپە دەست هەڵگرە).

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٩.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٩.

[٣] تهذيب الآثار للطبري، الرقم ١٣٨٠.

[٤] السنن الكبرى للنسائي - كتاب الصيام - فضل شهر رمضان - ذكر الاختلاف على معمر في هذا الحديث، الرقم ٢٤٢٨، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

٢٤٤٣. عوتبەی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی مەسعوودەو برایەکی هەبوو بەناوی عەبدوڵا کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

عوتبە یەکێک بوو لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، جا رایەک دەڵێت: لە حەبەشە مایەوە تا هاودەم بە جەعفەری مامی پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو زووتر گەڕایەوەو کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە غەزای ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[1]

دواجار عوتبە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد، جا عەبدوڵای برای زۆر بۆی گریا، پێی وترا ئەوە دەگریت؟ وتی: بەڵێ، ئەو برای خوێنیم بوو، هاوەڵم بوو لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و خۆشەویستترین کەس بوو لام لە عومەر نەبێت.[2]

٢٤٤٤. عوتبەی کوڕی نوددمر(رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی نوددەری سولەمیە، دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا و بەشداری کرد لە فەتحی میصردا و لەوێ ژیا تا لە ساڵی هەشتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

٢٤٤٥. عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەب(رضي الله عنه)

ناوی عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەبە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە، عوتبە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٤٠.
[2] أسدالغابة، ج٣، ص ٥٨٩.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٤١.

حونەین و تیایدا یەکێک بوو لەوانەی لەکاتی بڵاوەکردنی موسڵمانان‌دا لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) مایەوەو خۆڕاگری کرد، عوتبە هەر لە مەککە ژیا تا وەفاتی کرد.[1]

٢٤٤٦. عوتبەی کوڕی ئەسید(ئەبوویەصیر)(ﷺ)

ناوی عوتبەی کوڕی ئەسیدی کوڕی جاریەیە، کونیەکەی ئەبووبەصیرەو زیاتر بەو کونیەی ناسراوە.[2]

ئەبووبەصیر لە مەککە موسڵمان بووبوو، بەڵام کۆچی نەکردبوو بۆ مەدینە، جا کاتێک ڕێککەوتنی حودەیبیە کرا، ئەبووبەصیر کۆچی کرد بۆ مەدینە و چو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، قورەیشیەکانیش دوو کەسیان نارد بۆ مەدینە تا بەپێی ڕێککەوتنەکە ئەبووبەصیر وەربگرنەوە، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) ئەبووبەصیری تەسلیم کردەوە، ئەو دوانە ئەبووبەصیریان برد تا گەیشتنە ذیلحولەیفە، دانیشتن تا بڕێک خورما بخۆن، ئەبووبەصیر بە یەکێک لەو دوانەی وت: بەخوا فلانە کەس شمشێرەکەت زۆر چاکە، ئەویش شمشێرەکەی لە کالان دەرکرد و وتی: بەڵی وایە بەخوا زۆر چاکە، چەند جار تاقیم کردووەتەوە، ئەبووبەصیر وتی: ئادەی با ببینم، ئەویش شمشێرەکەی پێدا، ئەبووبەصیر خێرا کوشتی، کابرای تریش رایکرد بۆ مەدینە و بە پەلە خۆی کرد بە مزگەوتدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەم کابرا ترس گرتوویەتی)، کە کابرا گەیشتە لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: بەخوا هاوەڵەکەم کوژرا و منیش دەکوژێت، ئینجا ئەبووبەصیر هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خوا پەیمانەکەی تۆی بردەسەر و تۆ منت گێڕایەوە بۆیان، دواتر خوا منی لە دەستیان ڕزگار کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ویل أمه مسعر حرب، لو كان له أحد)، (هاوار بۆ

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٤٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٣.

دایکی چ جەنگ هەڵگیرسێنێکە ئەگەر کەسێکی بۆ ببوایە)، ئەبووبەصیر کە ئەوەی بیست زانی پێغەمبەر(ﷺ) هەمدی دەیداتەوە بە قورەیشییەکان، بۆیە چوو و تا خۆی گەیاندە کەنار دەریا، دوای ئەوە ئەبووجەندەلی کوڕی سوهەیلیش لە مەککە موسڵمان بوو و خۆی گەیاند بە ئەبووبەصیر،[1] نزیکەی حەفتا کەسی لەگەڵ بوو کە چوون بۆ لای ئەبووبەصیر، دواتر کە هەواڵی چوونی ئەبووجەندەل بڵاوبوویەوە، هەندێ لە غیفاریەکان و ئەسلەم و جوهەینەو خەڵکێکی تریش چوونە پاڵیان تا ژمارەیان گەیشتە نزیکەی سێ سەد جەنگاوەر،[2] ئیتر هەر قورەیشیەک موسڵمان دەبوو خۆی دەگەیاند بە ئەبووبەصیر تا بوون بە دەستەیەک و هەر کاروانێکی قورەیشیان بەدی بکردایە ڕێیان پێ دەگرت و دەیانکوشتن و سامانەکەیان دەبردن، قورەیش ناچار نێردراویان نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و تکایان لێکرد و وتیان: هەرکەس هات بۆ لات با بمێنێتەوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی نارد بۆ ئەبووبەصیر و هاوەڵانی، خوای گەورەش ئایەتی دابەزاند (وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا (٢٤) هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُّؤْمِنَاتٌ لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِّيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (٢٥) إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ)[3] لە نامەکەیدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کردبوو بە ئەبووبەصیر و ئەبووجەندەل هاودەم بە هاوەڵەکانیان بچن بۆ مەدینە و ئیتر ڕێ نەگرن بە کاروانی قورەیشیەکان،[4] کاتێک نامەکەی پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە لای ئەبووبەصیر، ئەبووجەندەل نامەکەی دەخوێندەوەو ئەبووبەصیریش نەخۆش

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الشروط - باب الشروط في الجهاد، الرقم ٢٧٣١؛ سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب في صلح العدو، الرقم ٢٧٦٥.

[2] تاريخ مدينة دمشق، ج٢٥، ص ٣٠٠.

[3] صحيح البخاري - كتاب الشروط - باب الشروط في الجهاد، الرقم ٢٧٣١؛.

[4] تاريخ مدينة دمشق، ٢٥، ص ٣٠٠.

بوو و وەفاتی کرد، ئەبووجەندەل لەوێ نوێژی لەسەر کرد و ئەسپەردەی کرد و لەسەر گۆڕەکەشی مزگەوتێکی دروست کرد.[1]

لەو ماوەدا کە ئەبووبەصیر لەوێ بوو، جارێک کاروانێکی قورەیشیەکان هاتن کە ئەبولعاصی زاوای پێغەمبەری خوایان(ﷺ) تێدا بوو و موسڵمان نەبووبوو، ئەبووبەصیر هەموویانی گرت و چی سامانیان هەبوو لێی وەرگرتن، دواتر رێی دا ئەبولعاص بڕوات و ئەبولعاصیش چوویە مەدینە، ئەوکات زەینەبی خێزانی کە کچی پێغەمبەر(ﷺ) بوو لە مەدینە بوو، زەینەب پەنای ئەبولعاصی داو پێغەمبەریش(ﷺ) راوێژی کرد بە هاوەڵان ئایا ئێوەش پەنای دەدەن؟ هاوەڵانیش رازی بوون، دواتر کە ئەبووبەصیر هەڵوێستی پێغەمبەری خوای(ﷺ) لەو بارەوە بینی، دیلەکانی تری ئازاد کرد و چی لێ وەرگرتبوون هەمووی پێدانەوە.[2]

٢٤٤٧. عوتبەی کوڕی رەبیع(ﷺ)

ناوی عوتبەی کوڕی رەبیعە، لە پشتیوانانە لە خودریەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[3]

٢٤٤٨. عوتبەی کوڕی سالیم(ﷺ)

ناوی عوتبەی کوڕی سالیمی عەدویەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، کاتێک چوویە خزمەتی تەمەنی کەم بوو و تازە مووی کردبوو، لە ئاوی زیادەی دەستنوێژی پێغەمبەر(ﷺ) دەستنوێژی گرت، پێغەمبەریش(ﷺ) نزای بۆ کرد.[4]

---

[1] أسد الغابة، ج٦، ص ٤٠.

[2] تاريخ مدينة دمشق، ج٦٧، ص ١٥.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٤٣٤.

[4] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٠٤٩.

٢٤٤٩. عوتەیبە(رضي الله عنه)

ناوی عوتەیبەیەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، ئەبووثەعلەبە دەڵێت: جارێک لە دوای پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نوێژمان دەکرد کە کابرایەک هاتە ژوورەوەو لە ریزدا وەستا و اللە اکبری کرد و وتی: سبحانک اللهم و بحمدک، پێغەمبەر(ﷺ) دواتر فەرمووی: ئەوە کێ بوو کەمێ پێش ئێستا ئەو قسەی کرد؟ کابرایەک لە پشتیوانان کە ناوی عوتەیبە بوو هەستا وتی: من بووم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ما خرج آخرها من فيك، حتى رأيت اثني عشر ملكا يبتدرها أيهم يكتبها)،[1] (هێشتا تەواوت نەکردبوو کە بینیم دوانزە فریشتە کێبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی کامیان بینووسن).

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيمالأصبهاني، الرقم ٥٠٣٢.

پێڕست

ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ع) دەست پێ دەكات	5
١٩٤٠. عابیسی كوڕی جەعدە(رضي الله عنه)	٧
١٩٤١. عابیسی خزمەتكار(رضي الله عنه)	٧
١٩٤٢. عاتیكەی كچی زەید(رضي الله عنها)	٧
١٩٤٣. عاتیكەی كچی عەوف(رضي الله عنها)	٨
١٩٤٤. عاتیكەی كچی ئەسید(رضي الله عنها)	٨
١٩٤٥. عازبی كوڕی حارث(رضي الله عنه)	٨
١٩٤٦. عاصمی كوڕی بوكەیر(رضي الله عنه)	٨
١٩٤٧. عاصمی كوڕی ثابت(رضي الله عنه)	٨
١٩٤٨. عاصمی كوڕی حەدرەد(رضي الله عنه)	١٠
١٩٤٩. عاصمی كوڕی حەكەم(رضي الله عنه)	١٠
١٩٥٠. عاصمی كوڕی عەددی(رضي الله عنه)	١٠
١٩٥١. عاصمی كوڕی قەیس(رضي الله عنه)	١١
١٩٥٢. عاقیلی كوڕی بوكەیر(رضي الله عنه)	١١
١٩٥٣. عالیەی كچی ظیبیان(رضي الله عنها)	١٢
١٩٥٤. عامیری كوڕی ثابتی ئەوسی(رضي الله عنه)	١٢
١٩٥٥. عامیری كوڕی حارث(رضي الله عنه)	١٣
١٩٥٦. عامیری كوڕی حارثی فەهری(رضي الله عنه)	١٣
١٩٥٧. عامیری كوڕی حەضرەمی(رضي الله عنه)	١٣
١٩٥٨. عامیری كوڕی رەبیعە(رضي الله عنه)	١٣
١٩٥٩. عامیری كوڕی سەعد(رضي الله عنه)	١٤
١٩٦٠. عامیری كوڕی سەلەمە(رضي الله عنه)	١٤
١٩٦١. عامیری كوڕی سەلیم(رضي الله عنه)	١٤

١٩٦٢. عامیری کوڕی شەهر(ﷺ) ١٥
١٩٦٣. عامیری کوڕی طوفەیل(ﷺ) ١٥
١٩٦٤. عامیری کوڕی عەبدولا (ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح)(ﷺ) ١٦
١٩٦٥. عامیری کوڕی کورەیز(ﷺ) ٢٨
١٩٦٦. عامیری کوڕی مالیک(ﷺ) ٢٨
١٩٦٧. عامیری کوڕی ئەسوەد(ﷺ) ٢٩
١٩٦٨. عامیری کوڕی ئەکوەع(ﷺ) ٢٩
١٩٦٩. عامیری کوڕی ئەوس(ﷺ) ٣٠
١٩٧٠. عامیری کوڕی بوکەیر(ﷺ) ٣٠
١٩٧١. عامیری کوڕی عەبدقەیس(ﷺ) ٣٠
١٩٧٢. عامیری کوڕی عەبدوڵای بەدری(ﷺ) ٣١
١٩٧٣. عامیری کوڕی عەبدوڵای خەولانی(ﷺ) ٣١
١٩٧٤. عامیری کوڕی عەمر(ﷺ) ٣١
١٩٧٥. عامیری کوڕی عەوف(ﷺ) ٣١
١٩٧٦. عامیری کوڕی فوهەیرە(ﷺ) ٣١
١٩٧٧. عامیری کوڕی موخەللەد(ﷺ) ٣٢
١٩٧٨. عامیری کوڕی نابی(ﷺ) ٣٣
١٩٧٩. عامیری کوڕی یەزید(ﷺ) ٣٣
١٩٨٠. عامیری کوڕی ئومەییە(ﷺ) ٣٣
١٩٨١. عائیذی کوڕی ئەعلەبە(ﷺ) ٣٣
١٩٨٢. عائیذی کوڕی سەعید(ﷺ) ٣٣
١٩٨٣. عائیذی کوڕی عەمر(ﷺ) ٣٤
١٩٨٤. عائیذی کوڕی قورط(ﷺ) ٣٤
١٩٨٥. عائیذی کوڕی ماعیص(ﷺ) ٣٥
١٩٨٦. عائیذی کوڕی موعاذ(ﷺ) ٣٥
١٩٨٧. عائیشەی کچی ئەبووسوفیان(ﷺ) ٣٥
١٩٨٨. عائیشەی کچی جەریر(ﷺ) ٣٦

١٩٨٩. عائیشەی کچی عومەیر(ﷺ) ٣٦
١٩٩٠. عائیشەی کچی قوادمە(ﷺ) ٣٦
١٩٩١. عائیشەی کچی ئەبووبەکر(ﷺ) ٣٦
١٩٩٢. عەبایەی کوڕی بەحیر(ﷺ) ٨٥
١٩٩٣. عەببادی کوڕی بیشر(ﷺ) ٨٥
١٩٩٤. عەببادی کوڕی بیشری خەزرەجی(ﷺ) ٨٦
١٩٩٥. عەببادی کوڕی حارث(ﷺ) ٨٨
١٩٩٦. عەببادی کوڕی خالید(ﷺ) ٨٩
١٩٩٧. عەببادی کوڕی سەهل(ﷺ) ٨٩
١٩٩٨. عەببادی کوڕی شورەحبیل(ﷺ) ٨٩
١٩٩٩. عەببادی کوڕی عەبدولعوززا(ﷺ) ٩٠
٢٠٠٠. عەببادی کوڕی عوبەید(ﷺ) ٩٠
٢٠٠١. عەببادی کوڕی قەیس(ﷺ) ٩٠
٢٠٠٢. عەببادی کوڕی قەیسی خەزرەجی(ﷺ) ٩٠
٢٠٠٣. عەببادی کوڕی قەیظی(ﷺ) ٩٠
٢٠٠٤. عەببادی کوڕی کەثیر(ﷺ) ٩١
٢٠٠٥. عەببادی کوڕی میلحان(ﷺ) ٩١
٢٠٠٦. عەببادی کوڕی ئەحمەر(ﷺ) ٩١
٢٠٠٧. عەبباسی کوڕی عوبادە(ﷺ) ٩١
٢٠٠٨. عەبباسی کوڕی میرداس(ﷺ) ٩٣
٢٠٠٩. عەبباسی کوڕی ئەنەس(ﷺ) ٩٤
٢٠١٠. عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) ٩٤
٢٠١١. عەبەسی کوڕی عامیر(ﷺ) ١١٣
٢٠١٢. عەبدەی خزمەتکار(ﷺ) ١١٣
٢٠١٣. عەبدەی کوڕی موسەیر(ﷺ) ١١٣
٢٠١٤. عەبدەی کوڕی موعتیب(ﷺ) ١١٣
٢٠١٥. عەبدرەببیهی کوڕی مورەقیع(ﷺ) ١١٣

۲۰۱٦. عەبدقەیسی ئەنصاری(﵁) ۱۱۳
۲۰۱۷. عەبدورەحمانی باوکی خەللاد(﵁) ۱۱۳
۲۰۱۸. عەبدورەحمانی کوڕی بودەیل(﵁) ۱۱۳
۲۰۱۹. عەبدورەحمانی کوڕی بیشر(﵁) ۱۱٤
۲۰۲۰. عەبدورەحمانی کوڕی جابیر(﵁) ۱۱٤
۲۰۲۱. عەبدورەحمانی کوڕی حەنبەل(﵁) ۱۱٤
۲۰۲۲. عەبدورەحمانی کوڕی حەییان(﵁) ۱۱٤
۲۰۲۳. عەبدورەحمانی کوڕی خەبباب(﵁) ۱۱٥
۲۰۲٤. عەبدورەحمانی کوڕی خیراش(﵁) ۱۱٥
۲۰۲٥. عەبدورەحمانی کوڕی رەبیع(﵁) ۱۱٦
۲۰۲٦. عەبدورەحمانی کوڕی روقەیش(﵁) ۱۱٦
۲۰۲۷. عەبدورەحمانی کوڕی زوبەیر ۱۱٦
۲۰۲۸. عەبدورەحمانی کوڕی سەبرە(﵁) ۱۱۷
۲۰۲۹. عەبدورەحمانی کوڕی سەمورە(﵁) ۱۱۷
۲۰۳۰. عەبدورەحمانی کوڕی سەنتە(﵁) ۱۱۸
۲۰۳۱. عەبدورەحمانی کوڕی سەهل(﵁) ۱۱۹
۲۰۳۲. عەبدورەحمانی کوڕی شیبل(﵁) ۱۱۹
۲۰۳۳. عەبدورەحمانی کوڕی صەخر (ئەبوو هورەیرە)(﵁) ۱۱۹
۲۰۳٤. عەبدورەحمانی کوڕی عائیذ(﵁) ۱۳٥
۲۰۳٥. عەبدورەحمانی کوڕی عەبد(﵁) ۱۳٦
۲۰۳٦. عەبدورەحمانی کوڕی عەبدولّای بەلوی(﵁) ۱۳۷
۲۰۳۷. عەبدورەحمانی کوڕی عەمری ئەنصاری(﵁) ۱۳۷
۲۰۳۸. عەبدورەحمانی کوڕی عەوف(﵁) ۱۳۸
۲۰۳۹. عەبدورەحمانی کوڕی عەون(﵁) ۱٥۳
۲۰٤۰. عەبدورەحمانی کوڕی عەووام(﵁) ۱٥۳
۲۰٤۱. عەبدورەحمانی کوڕی عوثمانی تەیمی(﵁) ۱٥۳
۲۰٤۲. عەبدورەحمانی کوڕی عویمانی جومەحی(﵁) ۱٥٤

٢٠٤٣. عەبدوڕەحمانی کوڕی عودەیس(ﷺ) ١٥٤
٢٠٤٤. عەبدوڕەحمانی کوڕی قەتادە(ﷺ) ١٥٤
٢٠٤٥. عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیس(ﷺ) ١٥٥
٢٠٤٦. عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیظی(ﷺ) ١٥٥
٢٠٤٧. عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب(ﷺ) ١٥٥
٢٠٤٨. عەبدوڕەحمانی کوڕی مالیک(ﷺ) ١٥٦
٢٠٤٩. عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەد(ﷺ) ١٥٦
٢٠٥٠. عەبدوڕەحمانی کوڕی مودلیج(ﷺ) ١٥٧
٢٠٥١. عەبدوڕەحمانی کوڕی مورەققەع(ﷺ) ١٥٧
٢٠٥٢. عەبدوڕەحمانی کوڕی موعاذ(ﷺ) ١٥٧
٢٠٥٣. عەبدوڕەحمانی کوڕی موقرین(ﷺ) ١٥٧
٢٠٥٤. عەبدوڕەحمانی کوڕی میربەع(ﷺ) ١٥٧
٢٠٥٥. عەبدوڕەحمانی کوڕی نەححام(ﷺ) ١٥٨
٢٠٥٦. عەبدوڕەحمانی کوڕی هوبەیب(ﷺ) ١٥٨
٢٠٥٧. عەبدوڕەحمانی کوڕی وائیل(ﷺ) ١٥٨
٢٠٥٨. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکری صدیق(ﷺ) ١٥٩
٢٠٥٩. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عەقیل(ﷺ) ١٦١
٢٠٦٠. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عومەیرە(ﷺ) ١٦٢
٢٠٦١. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا(ﷺ) ١٦٢
٢٠٦٢. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەزهەر(ﷺ) ١٦٣
٢٠٦٣. عەبدوڕەحمانی کوڕی یەعمور(ﷺ) ١٦٣
٢٠٦٤. عەبدوڵای کوڕی قومامە(ﷺ) ١٦٣
٢٠٦٥. عەبدوڵای کوڕی ذەڕرە(ﷺ) ١٦٣
٢٠٦٦. عەبدوڵای کوڕی عەمری ئەلهانی(ﷺ) ١٦٤
٢٠٦٧. عەبدوڵای کوڕی بەدر(ﷺ) ١٦٤
٢٠٦٨. عەبدوڵای کوڕی بەڕاء (ﷺ) ١٦٥
٢٠٦٩. عەبدوڵای کوڕی بودەیل(ﷺ) ١٦٥

٢٠٧٠. عەبدوڵای کوڕی بودەیلی خوزاعی(ﷺ) ١٦٥
٢٠٧١. عەبدوڵای کوڕی بوسر(ﷺ) ١٦٥
٢٠٧٢. عەبدوڵای کوڕی بوسری نەصری(ﷺ) ١٦٧
٢٠٧٣. عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەنصاری(ﷺ) ١٦٧
٢٠٧٤. عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەوسی(ﷺ) ١٦٧
٢٠٧٥. عەبدوڵای کوڕی ثەعلەبە(ﷺ) ١٦٨
٢٠٧٦. عەبدوڵای کوڕی ثەور(ﷺ) ١٦٩
٢٠٧٧. عەبدوڵای کوڕی جابیر(ﷺ) ١٦٩
٢٠٧٨. عەبدوڵای کوڕی جابیری عەبدی(ﷺ) ١٦٩
٢٠٧٩. عەبدوڵای کوڕی جەحش(ﷺ) ١٧٠
٢٠٨٠. عەبدوڵای کوڕی جەد(ﷺ) ١٧١
٢٠٨١. عەبدوڵای کوڕی جەراد(ﷺ) ١٧١
٢٠٨٢. عەبدوڵای کوڕی جەعفەر(ﷺ) ١٧٢
٢٠٨٣. عەبدوڵای کوڕی جوبەیر(ﷺ) ١٧٣
٢٠٨٤. عەبدوڵای کوڕی حارث(ﷺ) ١٧٣
٢٠٨٥. عەبدوڵای کوڕی حارثە(ﷺ) ١٧٤
٢٠٨٦. عەبدوڵای کوڕی حارثی سەهمی(ﷺ) ١٧٤
٢٠٨٧. عەبدوڵای کوڕی حارثی عەدوی(ﷺ) ١٧٤
٢٠٨٨. عەبدوڵای کوڕی حارثی غامیدی(ﷺ) ١٧٥
٢٠٨٩. عەبدوڵای کوڕی حارثی هاشمی(ﷺ) ١٧٥
٢٠٩٠. عەبدوڵای کوڕی حارثی ئەنصاری(ﷺ) ١٧٦
٢٠٩١. عەبدوڵای کوڕی حەفص(ﷺ) ١٧٦
٢٠٩٢. عەبدوڵای کوڕی حەکیم(ﷺ) ١٧٦
٢٠٩٣. عەبدوڵای کوڕی حەنطەب(ﷺ) ١٧٦
٢٠٩٤. عەبدوڵای کوڕی حەنظەلە(ﷺ) ١٧٧
٢٠٩٥. عەبدوڵای کوڕی حەوالە(ﷺ) ١٧٨
٢٠٩٦. عەبدوڵای کوڕی حوبشی(ﷺ) ١٧٨

٢٠٩٧. عەبدوڵای کوڕی حوذافە(ﷺ) ١٧٩
٢٠٩٨. عەبدوڵای کوڕی حورەیث(ﷺ) ١٨٢
٢٠٩٩. عەبدوڵای کوڕی حومەیر(ﷺ) ١٨٢
٢١٠٠. عەبدوڵای کوڕی خالید(ﷺ) ١٨٢
٢١٠١. عەبدوڵای کوڕی خەبباب(ﷺ) ١٨٢
٢١٠٢. عەبدوڵای کوڕی خوبەیب(ﷺ) ١٨٣
٢١٠٣. عەبدوڵای کوڕی راشید(ﷺ) ١٨٣
٢١٠٤. عەبدوڵای کوڕی رافیع(ﷺ) ١٨٣
٢١٠٥. عەبدوڵای کوڕی رەبیع(ﷺ) ١٨٤
٢١٠٦. عەبدوڵای کوڕی رەبیعەی هاشمی(ﷺ) ١٨٤
٢١٠٧. عەبدوڵای کوڕی رەواحە(ﷺ) ١٨٤
٢١٠٨. عەبدوڵای کوڕی زەمعە(ﷺ) ١٩١
٢١٠٩. عەبدوڵای کوڕی زەید(ﷺ) ١٩٢
٢١١٠. عەبدوڵای کوڕی زەیدی ئەنصاری(ﷺ) ١٩٣
٢١١١. عەبدوڵای کوڕی زوبەیری هاشمی(ﷺ) ١٩٣
٢١١٢. عەبدوڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەووام(ﷺ) ١٩٤
٢١١٣. عەبدوڵای کوڕی زیبعەری(ﷺ) ٢٠٨
٢١١٤. عەبدوڵای کوڕی سائیب(ﷺ) ٢٠٩
٢١١٥. عەبدوڵای کوڕی سائیبی قورەیشی(ﷺ) ٢١٠
٢١١٦. عەبدوڵای کوڕی سەرجیس(ﷺ) ٢١٠
٢١١٧. عەبدوڵای کوڕی سەعد(ﷺ) ٢١١
٢١١٨. عەبدوڵای کوڕی سەعدی عامیری(ﷺ) ٢١١
٢١١٩. عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی سوفیان(ﷺ) ٢١٣
٢١٢٠. عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەسلەمی(ﷺ) ٢١٣
٢١٢١. عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەوسی(ﷺ) ٢١٣
٢١٢٢. عەبدوڵای کوڕی سەلام(ﷺ) ٢١٣
٢١٢٣. عەبدوڵای کوڕی سەلەمە(ﷺ) ٢١٦

٣١٢٤. عەبدوڵای کوڕی سەهل(ﷺ) ٣١٦
٣١٢٥. عەبدوڵای کوڕی سەهلی ئەشهەلی(ﷺ) ٣١٧
٣١٢٦. عەبدوڵای کوڕی سوراقە(ﷺ) ٣١٧
٣١٢٧. عەبدوڵای کوڕی سوفیانی مەخزوومی(ﷺ) ٣١٨
٣١٢٨. عەبدوڵای کوڕی سوفیانی ئەزدی(ﷺ) ٣١٨
٣١٢٩. عەبدوڵای کوڕی سوهەیل(ﷺ) ٣١٨
٣١٣٠. عەبدوڵای کوڕی سیلان(ﷺ) ٣١٩
٣١٣١. عەبدوڵای کوڕی شەریک(ﷺ) ٣١٩
٣١٣٢. عەبدوڵای کوڕی شیبل(ﷺ) ٣٢٠
٣١٣٣. عەبدوڵای کوڕی شیهاب(ﷺ) ٣٢٠
٣١٣٤. عەبدوڵای کوڕی صەعصەعە(ﷺ) ٣٢٠
٣١٣٥. عەبدوڵای کوڕی صەیفی(ﷺ) ٣٢٠
٣١٣٦. عەبدوڵای کوڕی ضەمرە(ﷺ) ٣٢١
٣١٣٧. عەبدوڵای کوڕی طاریق(ﷺ) ٣٢١
٣١٣٨. عەبدوڵای کوڕی عەبباس(ﷺ) ٣٢١
٣١٣٩. عەبدوڵای کوڕی عەبدمەناف(ﷺ) ٣٣٤
٣١٤٠. عەبدوڵای کوڕی عەبدنەهم(ﷺ) ٣٣٥
٣١٤١. عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی(ﷺ) ٣٣٦
٣١٤٢. عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای مەخزوومی(ﷺ) ٣٣٩
٣١٤٣. عەبدوڵای کوڕی عەبدولمەلیک(ﷺ) ٣٣٩
٣١٤٤. عەبدوڵای کوڕی عەبدولمدان(ﷺ) ٣٣٩
٣١٤٥. عەبدوڵای کوڕی عەبدولئەسەد(ﷺ) ٣٤٠
٣١٤٦. عەبدوڵای کوڕی عەتیک(ﷺ) ٣٤٢
٣١٤٧. عەبدوڵای کوڕی عەددی ئەنصاری(ﷺ) ٣٤٣
٣١٤٨. عەبدوڵای کوڕی عەددی(ﷺ) ٣٤٣
٣١٤٩. عەبدوڵای کوڕی عەمر(ﷺ) ٣٤٣
٣١٥٠. عەبدوڵای کوڕی عەمری ئەعلەبی(ﷺ) ٣٤٤

٢١٥١. عەبدوڵای کوڕی عەمری خەزرەجی(ﷺ) ٣٤٤
٢١٥٢. عەبدوڵای کوڕی عەمری ساعیدی(ﷺ) ٣٤٧
٢١٥٣. عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص(ﷺ) ٣٤٧
٢١٥٤. عەبدوڵای کوڕی عەمری یەشکوری(ﷺ) ٣٤٩
٢١٥٥. عەبدوڵای کوڕی عەنەمە(ﷺ) ٣٥٠
٢١٥٦. عەبدوڵای کوڕی عەییاش(ﷺ) ٣٥٠
٢١٥٧. عەبدوڵای کوڕی عجرە(ﷺ) ٣٥٠
٢١٥٨. عەبدوڵای کوڕی عوبەیس(ﷺ) ٣٥٠
٢١٥٩. عەبدوڵای کوڕی عوتبان(ﷺ) ٣٥٠
٢١٦٠. عەبدوڵای کوڕی عوثمان (ئەبووبەکری صدیق)(ﷺ) ٣٥١
٢١٦١. عەبدوڵای کوڕی عوثمانی ئەسەدی(ﷺ) ٣٢٩
٢١٦٢. عەبدوڵای کوڕی عورفجە(ﷺ) ٣٣٠
٢١٦٣. عەبدوڵای کوڕی عومەر(ﷺ) ٣٣٠
٢١٦٤. عەبدوڵای کوڕی عومەیر(ﷺ) ٣٤٥
٢١٦٥. عەبدوڵای کوڕی قەیس(ﷺ) ٣٤٥
٢١٦٦. عەبدوڵای کوڕی قەیس(ئەبوو مووسای ئەشعەری)(ﷺ) ٣٤٥
٢١٦٧. عەبدوڵای کوڕی قەیسی خەزرەجی(ﷺ) ٣٥٧
٢١٦٨. عەبدوڵای کوڕی قەیسی خوزاعی(ﷺ) ٣٥٨
٢١٦٩. عەبدوڵای کوڕی قەیسی قینی(ﷺ) ٣٥٨
٢١٧٠. عەبدوڵای کوڕی قەیسی ئەنصاری(ﷺ) ٣٥٨
٢١٧١. عەبدوڵای کوڕی قەیظی(ﷺ) ٣٥٨
٢١٧٢. عەبدوڵای کوڕی قداد(ﷺ) ٣٥٩
٢١٧٣. عەبدوڵای کوڕی قوڕرە(ﷺ) ٣٥٩
٢١٧٤. عەبدوڵای کوڕی قورط(ﷺ) ٣٥٩
٢١٧٥. عەبدوڵای کوڕی کەعب(ﷺ) ٣٦٠
٢١٧٦. عەبدوڵای کوڕی کورز(ﷺ) ٣٦٠
٢١٧٧. عەبدوڵای کوڕی کولەیب(ﷺ) ٣٦٣

٢١٧٨. عەبدوڵای کوڕی لەبید(ﷺ) ٣٦٤
٢١٧٩. عەبدوڵای کوڕی لتبییە(ﷺ) ٣٦٤
٢١٨٠. عەبدوڵای کوڕی مالیکی عەبسی(ﷺ) ٣٦٤
٢١٨١. عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەرحەبی(ﷺ) ٣٦٤
٢١٨٢. عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەزدی(ﷺ) ٣٦٥
٢١٨٣. عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەنصاری(ﷺ) ٣٦٥
٢١٨٤. عەبدوڵای کوڕی مەخرەمە(ﷺ) ٣٦٥
٢١٨٥. عەبدوڵای کوڕی مەسعوود(ﷺ) ٣٦٦
٢١٨٦. عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی ثەقەفی(ﷺ) ٣٧٦
٢١٨٧. عەبدوڵای کوڕی مەظعوون(ﷺ) ٣٧٦
٢١٨٨. عەبدوڵای کوڕی موحەمەد(ﷺ) ٣٧٧
٢١٨٩. عەبدوڵای کوڕی موطەلیب(ﷺ) ٣٧٧
٢١٩٠. عەبدوڵای کوڕی موعاویە(ﷺ) ٣٧٨
٢١٩١. عەبدوڵای کوڕی موغەففەل(ﷺ) ٣٧٨
٢١٩٢. عەبدوڵای کوڕی موغیرە(ﷺ) ٣٨١
٢١٩٣. عەبدوڵای کوڕی میربەع(ﷺ) ٣٨١
٢١٩٤. عەبدوڵای کوڕی مینقەر(ﷺ) ٣٨١
٢١٩٥. عەبدوڵای کوڕی نەضلە(ﷺ) ٣٨١
٢١٩٦. عەبدوڵای کوڕی نوعەیم(ﷺ) ٣٨٢
٢١٩٧. عەبدوڵای کوڕی نوعمان(ﷺ) ٣٨٢
٢١٩٨. عەبدوڵای کوڕی هەیشە(ﷺ) ٣٨٢
٢١٩٩. عەبدوڵای کوڕی هوبەیب(ﷺ) ٣٨٢
٢٢٠٠. عەبدوڵای کوڕی هیشام(ﷺ) ٣٨٢
٢٢٠١. عەبدوڵای کوڕی وائیل(ﷺ) ٣٨٣
٢٢٠٢. عەبدوڵای کوڕی وەقدان(ﷺ) ٣٨٣
٢٢٠٣. عەبدوڵای کوڕی وەهب(ﷺ) ٣٨٣
٢٢٠٤. عەبدوڵای کوڕی وەهبی زوهری(ﷺ) ٣٨٤

٢٣٠٥. عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر(ﷺ) ٣٨٤
٢٣٠٦. عەبدوڵای کوڕی ئەبی جەهم(ﷺ) ٣٨٥
٢٣٠٧. عەبدوڵای کوڕی ئەبی حەدرەد(ﷺ) ٣٨٥
٢٣٠٨. عەبدوڵای کوڕی ئەبی خالید(ﷺ) ٣٨٦
٢٣٠٩. عەبدوڵای کوڕی ئەبی خەولی(ﷺ) ٣٨٦
٢٣١٠. عەبدوڵای کوڕی ئەبی رەبیعە(ﷺ) ٣٨٧
٢٣١١. عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەبقە(ﷺ) ٣٨٨
٢٣١٢. عەبدوڵای کوڕی ئەبی عەوف(ﷺ) ٣٨٨
٢٣١٣. عەبدوڵای کوڕی ئەبی کەرب(ﷺ) ٣٨٨
٢٣١٤. عەبدوڵای کوڕی ئەبی مەعقیل(ﷺ) ٣٨٨
٢٣١٥. عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئەوفا(ﷺ) ٣٨٩
٢٣١٦. عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییە(ﷺ) ٣٩٠
٢٣١٧. عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەی ئەسەدی(ﷺ) ٣٩٠
٢٣١٨. عەبدوڵای کوڕی ئەبیلجەدعاء(ﷺ) ٣٩١
٢٣١٩. عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحەمساء (ﷺ) ٣٩١
٢٣٢٠. عەبدوڵای کوڕی ئەدرەع(ﷺ) ٣٩١
٢٣٢١. عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم(ﷺ) ٣٩١
٢٣٢٢. عەبدوڵای کوڕی یەزید(ﷺ) ٣٩٣
٢٣٢٣. عەبدوڵای کوڕی ئەسلەم(ﷺ) ٣٩٣
٢٣٢٤. عەبدوڵای کوڕی ئەسوەد(ﷺ) ٣٩٤
٢٣٢٥. عەبدوڵای کوڕی ئەصرەم(ﷺ) ٣٩٤
٢٣٢٦. عەبدوڵای کوڕی ئەقرەم(ﷺ) ٣٩٤
٢٣٢٧. عەبدوڵای کوڕی ئەوس(ﷺ) ٣٩٤
٢٣٢٨. عەبدوڵای کوڕی ئەوسی ئەنصاری(ﷺ) ٣٩٥
٢٣٢٩. عەبدوڵای کوڕی ئوبەی(ﷺ) ٣٩٥
٢٣٣٠. عەبدوڵای کوڕی ئومەییە(ﷺ) ٣٩٥
٢٣٣١. عەبدوڵای کوڕی ئونەیس(ﷺ) ٣٩٥

٢٢٣٢. عەبدوڵای کوڕی ئونەیسی جوهەنی(ﷺ) ٣٩٥
٢٢٣٣. عەبدوڵای کوڕی ئیسحاق(ﷺ) ٣٩٧
٢٢٣٤. عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەزدی(ﷺ) ٣٩٧
٢٢٣٥. عەبدوڵای ئەقمەر(ﷺ) ٣٩٨
٢٢٣٦. عەبدولجەبباری کوڕی حارث(ﷺ) ٣٩٨
٢٢٣٧. عەبدولعەزیزی کوڕی بەدر(ﷺ) ٣٩٨
٢٢٣٨. عەبدولعەزیزی کوڕی سەخبەرە(ﷺ) ٣٩٨
٢٢٣٩. عەبدولقوددوس(ﷺ) ٣٩٩
٢٢٤٠. عەبدوملەلیکی کوڕی ئەبووبەکر(ﷺ) ٣٩٩
٢٢٤١. عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعە(ﷺ) ٣٩٩
٢٢٤٢. عەبدی کوڕی زەمعە(ﷺ) ٤٠٠
٢٢٤٣. عەبدی کوڕی قەووال(ﷺ) ٤٠١
٢٢٤٤. عەبیدەی کوڕی صەیفی(ﷺ) ٤٠١
٢٢٤٥. عەتتابی کوڕی سولەیم(ﷺ) ٤٠١
٢٢٤٦. عەتتابی کوڕی شومەیر(ﷺ) ٤٠١
٢٢٤٧. عەتتابی کوڕی ئەسید(ﷺ) ٤٠٢
٢٢٤٨. عەثامەی کوڕی قەیس(ﷺ) ٤٠٢
٢٢٤٩. عەجرای کوڕی ماتع(ﷺ) ٤٠٣
٢٢٥٠. عەداسی خزمەتکاری شەیبە(ﷺ) ٤٠٣
٢٢٥١. عەدائی کوڕی خالید(ﷺ) ٤٠٣
٢٢٥٢. عەددی کوڕی حاتەم(ﷺ) ٤٠٣
٢٢٥٣. عەددی کوڕی رەبیعە(ﷺ) ٤٠٦
٢٢٥٤. عەددی کوڕی سینان(ﷺ) ٤٠٧
٢٢٥٥. عەددی کوڕی عەمیرە(ﷺ) ٤٠٧
٢٢٥٦. عەددی کوڕی قەیس(ﷺ) ٤٠٧
٢٢٥٧. عەددی کوڕی مورڕە(ﷺ) ٤٠٨
٢٢٥٨. عەددی کوڕی نەضلە(ﷺ) ٤٠٨

٢٣٥٩. عەددی کوڕی نەوفەل(ﷺ) ٤٠٨
٢٣٦٠. عەددی کوڕی عەبد سوائە(ﷺ) ٤٠٨
٢٣٦١. عەدی کوڕی خەلیفە(ﷺ) ٤٠٨
٢٣٦٢. عەدیەی کچی سەعد(ﷺ) ٤٠٩
٢٣٦٣. عەرابەی کوڕی ئەوس(ﷺ) ٤٠٩
٢٣٦٤. عەرفەجەی کوڕی شورەیح(ﷺ) ٤٠٩
٢٣٦٥. عەرفەجەی کوڕی ئەسعەد(ﷺ) ٤٠٩
٢٣٦٦. عەزرەی کوڕی مالیک(ﷺ) ٤١٠
٢٣٦٧. عەطییەی کوڕی بوسر(ﷺ) ٤١٠
٢٣٦٨. عەطییەی کوڕی عەمر(ﷺ) ٤١٠
٢٣٦٩. عەطییەی کوڕی عوروە(ﷺ) ٤١١
٢٣٧٠. عەطییەی کوڕی نوەیرە(ﷺ) ٤١١
٢٣٧١. عەفرائی کچی سەکەن(ﷺ) ٤١١
٢٣٧٢. عەففانی کوڕی بوجەیر(ﷺ) ٤١١
٢٣٧٣. عەقرەبەی جوهەنی(ﷺ) ٤١١
٢٣٧٤. عەقرەبی کچی سەلامە(ﷺ) ٤١٢
٢٣٧٥. عەقرەبی کچی موعاذ(ﷺ) ٤١٢
٢٣٧٦. عەقیلی کوڕی ئەبووطالیب(ﷺ) ٤١٢
٢٣٧٧. عەکاشەی کوڕی ثەور(ﷺ) ٤١٣
٢٣٧٨. عەککافی کوڕی وەداعە(ﷺ) ٤١٣
٢٣٧٩. عەلائی کوڕی جاریە(ﷺ) ٤١٥
٢٣٨٠. عەلائی کوڕی حەضرەمی(ﷺ) ٤١٥
٢٣٨١. عەلائی کوڕی سەعد(ﷺ) ٤١٥
٢٣٨٢. عەلائی کوڕی وەهب(ﷺ) ٤١٦
٢٣٨٣. عەلەسی کوڕی ئەسوەد(ﷺ) ٤١٦
٢٣٨٤. عەلەسی کوڕی نوعمان(ﷺ) ٤١٦
٢٣٨٥. عەلقەمەی کوڕی جونادە(ﷺ) ٤١٦

٢٢٨٦. عەلقەمەی کوڕی خالید(رضي الله عنه) ٤١٧
٢٢٨٧. عەلقەمەی کوڕی ریمثە(رضي الله عنه) ٤١٧
٢٢٨٨. عەلقەمەی کوڕی طەلحە(رضي الله عنه) ٤١٧
٢٢٨٩. عەلقەمەی کوڕی عولاثە(رضي الله عنه) ٤١٨
٢٢٩٠. عەلقەمەی کوڕی یەزید(رضي الله عنه) ٤١٩
٢٢٩١. عەلی سەلەمی(رضي الله عنه) ٤١٩
٢٢٩٢. عەلی کوڕی شەیبان(رضي الله عنه) ٤١٩
٢٢٩٣. عەلی کوڕی عوبەیدولا(رضي الله عنه) ٤٢٠
٢٢٩٤. عەلی کوڕی ئەبووطالیب(رضي الله عنه) ٤٢٠
٢٢٩٥. عەلی کوڕی ئەبیلعاص(رضي الله عنه) ٤٩٤
٢٢٩٦. عەمرەی پووری سەعد(رضي الله عنها) ٤٩٤
٢٢٩٧. عەمرەی کچی حارث(رضي الله عنها) ٤٩٤
٢٢٩٨. عەمرەی کچی حارثە(رضي الله عنها) ٤٩٥
٢٢٩٩. عەمرەی کچی حەرام(رضي الله عنها) ٤٩٥
٢٣٠٠. عەمرەی کچی رەواحە(رضي الله عنها) ٤٩٥
٢٣٠١. عەمرەی کچی مەرثەد(رضي الله عنها) ٤٩٧
٢٣٠٢. عەمرەی کچی مەسعوود(رضي الله عنها) ٤٩٧
٢٣٠٣. عەمرەی کچی مەسعوودی کوڕی قەیس(رضي الله عنها) ٤٩٧
٢٣٠٤. عەمرەی کچی مەسعوودی ئەنصاری(رضي الله عنها) ٤٩٧
٢٣٠٥. عەمرەی کچی هوزال(رضي الله عنها) ٤٩٧
٢٣٠٦. عەمرەی کچی یەزید(رضي الله عنها) ٤٩٨
٢٣٠٧. عەمرەی کچی یەزیدی ئەشهەلی(رضي الله عنها) ٤٩٨
٢٣٠٨. عەمری باوکی زورعە(رضي الله عنه) ٤٩٨
٢٣٠٩. عەمری کوڕی فەغواء(رضي الله عنه) ٤٩٩
٢٣١٠. عەمری کوڕی بولەیل(رضي الله عنه) ٥٠٠
٢٣١١. عەمری کوڕی تەغلیب(رضي الله عنه) ٥٠٠
٢٣١٢. عەمری کوڕی ثابت(رضي الله عنه) ٥٠١

٢٣١٣. عەمری کوڕی ثەعلەبە(ﷺ) ٥٠١
٢٣١٤. عەمری کوڕی جەبەلە(ﷺ) ٥٠١
٢٣١٥. عەمری کوڕی جەمووح(ﷺ) ٥٠١
٢٣١٦. عەمری کوڕی جەهم(ﷺ) ٥٠٣
٢٣١٧. عەمری کوڕی حارث(ﷺ) ٥٠٣
٢٣١٨. عەمری کوڕی حارثی فەهری(ﷺ) ٥٠٣
٢٣١٩. عەمری کوڕی حارثی ئەنصاری(ﷺ) ٥٠٣
٢٣٢٠. عەمری کوڕی حەزم(ﷺ) ٥٠٤
٢٣٢١. عەمری کوڕی حەمیق(ﷺ) ٥٠٤
٢٣٢٢. عەمری کوڕی حەنئە(ﷺ) ٥٠٥
٢٣٢٣. عەمری کوڕی حورەیث(ﷺ) ٥٠٦
٢٣٢٤. عەمری کوڕی خاریجە(ﷺ) ٥٠٦
٢٣٢٥. عەمری کوڕی خاریجەی ئەسەدی(ﷺ) ٥٠٦
٢٣٢٦. عەمری کوڕی رەبیعە(ﷺ) ٥٠٦
٢٣٢٧. عەمری کوڕی سالیم(ﷺ) ٥٠٧
٢٣٢٨. عەمری کوڕی سەعدی(ﷺ) ٥٠٧
٢٣٢٩. عەمری کوڕی سەعید(ﷺ) ٥٠٧
٢٣٣٠. عەمری کوڕی سەلامە(ﷺ) ٥٠٨
٢٣٣١. عەمری کوڕی سەلەمە(ﷺ) ٥٠٨
٢٣٣٢. عەمری کوڕی سوبەیع(ﷺ) ٥٠٨
٢٣٣٣. عەمری کوڕی سوراقە(ﷺ) ٥٠٨
٢٣٣٤. عەمری کوڕی شەئس(ﷺ) ٥٠٩
٢٣٣٥. عەمری کوڕی طەلق(ﷺ) ٥٠٩
٢٣٣٦. عەمری کوڕی عاص(ﷺ) ٥٠٩
٢٣٣٧. عەمری کوڕی عامیر(ﷺ) ٥٢٤
٢٣٣٨. عەمری کوڕی عەبەسە(ﷺ) ٥٢٤
٢٣٣٩. عەمری کوڕی عەبدقەیس(ﷺ) ٥٢٥

٢٣٤٠. عەمری کوڕی عەقیل(ﷺ) ٥٢٦
٢٣٤١. عەمری کوڕی عەنەمە(ﷺ) ٥٢٦
٢٣٤٢. عەمری کوڕی عەوف(ﷺ) ٥٢٦
٢٣٤٣. عەمری کوڕی عەوفی کوڕی یەربووع(ﷺ) ٥٢٧
٢٣٤٤. عەمری کوڕی عەوفی ئەنصاری(ﷺ) ٥٢٧
٢٣٤٥. عەمری کوڕی عوثمان(ﷺ) ٥٢٨
٢٣٤٦. عەمری کوڕی فحیل(ﷺ) ٥٢٨
٢٣٤٧. عەمری کوڕی قەیس(ﷺ) ٥٢٨
٢٣٤٨. عەمری کوڕی قەیسی خەزرەجی(ﷺ) ٥٢٨
٢٣٤٩. عەمری کوڕی قەیسی کوڕی مالیک(ﷺ) ٥٢٩
٢٣٥٠. عەمری کوڕی قەیسی ئەنصاری(ﷺ) ٥٢٩
٢٣٥١. عەمری کوڕی مەحجووب(ﷺ) ٥٢٩
٢٣٥٢. عەمری کوڕی موحەممەد(ﷺ) ٥٢٩
٢٣٥٣. عەمری کوڕی موڕە(ﷺ) ٥٢٩
٢٣٥٤. عەمری کوڕی موسەبیح(ﷺ) ٥٣٠
٢٣٥٥. عەمری کوڕی موطەریف(ﷺ) ٥٣٠
٢٣٥٦. عەمری کوڕی موعاذ(ﷺ) ٥٣١
٢٣٥٧. عەمری کوڕی موعاذی ئەنصاری(ﷺ) ٥٣١
٢٣٥٨. عەمری کوڕی میحصەن(ﷺ) ٥٣١
٢٣٥٩. عەمری کوڕی ئەبی حەمزە(ﷺ) ٥٣١
٢٣٦٠. عەمری کوڕی ئەبی سەرح(ﷺ) ٥٣٢
٢٣٦١. عەمری کوڕی یەثریبی(ﷺ) ٥٣٢
٢٣٦٢. عەمری کوڕی ئەحوەص(ﷺ) ٥٣٢
٢٣٦٣. عەمری کوڕی ئەخطەب(ﷺ) ٥٣٣
٢٣٦٤. عەمری کوڕی ئەوس(ﷺ) ٥٣٤
٢٣٦٥. عەمری کوڕی ئەیفەع(ﷺ) ٥٣٤
٢٣٦٦. عەمری کوڕی ئوەیس(ﷺ) ٥٣٤

٢٣٦٧. عەمری کوڕی ئوم مەکتووم(ﷺ) ٥٣٤
٢٣٦٨. عەمری کوڕی ئومەییە(ﷺ) ٥٣٥
٢٣٦٩. عەمری کوڕی ئومەییەی ئەسەدی(ﷺ) ٥٣٧
٢٣٧٠. عەمری کوڕی ئیاس(ﷺ) ٥٣٧
٢٣٧١. عەمری کوڕی ئیاسی ئەنصاری(ﷺ) ٥٣٧
٢٣٧٢. عەمماری کوڕی زیاد(ﷺ) ٥٣٧
٢٣٧٣. عەمماری کوڕی غەیلان(ﷺ) ٥٣٨
٢٣٧٤. عەمماری کوڕی یاسر(ﷺ) ٥٣٨
٢٣٧٥. عەمیرەی کچی سەعد(ﷺ) ٥٥٤
٢٣٧٦. عەمیرەی کچی ثابت(ﷺ) ٥٥٤
٢٣٧٧. عەمیرەی کچی خوماشە(ﷺ) ٥٥٤
٢٣٧٨. عەمیرەی کچی سوهەیل(ﷺ) ٥٥٥
٢٣٧٩. عەمیرەی کچی ظەهەیر(ﷺ) ٥٥٥
٢٣٨٠. عەمیرەی کچی عەبدسەعد(ﷺ) ٥٥٥
٢٣٨١. عەمیرەی کچی عوقبە(ﷺ) ٥٥٥
٢٣٨٢. عەمیرەی کچی عومەیر(ﷺ) ٥٥٥
٢٣٨٣. عەمیرەی کچی قەیس(ﷺ) ٥٥٦
٢٣٨٤. عەمیرەی کچی قەیسی ئەنصاری(ﷺ) ٥٥٦
٢٣٨٥. عەمیرەی کچی کلثوم(ﷺ) ٥٥٦
٢٣٨٦. عەمیرەی کچی مەرثەد(ﷺ) ٥٥٦
٢٣٨٧. عەمیرەی کچی میعوەذ(ﷺ) ٥٥٦
٢٣٨٨. عەمیرەی کچی یەزید(ﷺ) ٥٥٧
٢٣٨٩. عەمیرەی کوڕی عوبەید(ﷺ) ٥٥٧
٢٣٩٠. عەنبەسەی کوڕی عەددی(ﷺ) ٥٥٧
٢٣٩١. عەنبەسی کوڕی ثەعلەبە(ﷺ) ٥٥٧
٢٣٩٢. عەنتەرەی ئەنصاری(ﷺ) ٥٥٧
٢٣٩٣. عەوسەجەی کوڕی حەرمەلە(ﷺ) ٥٥٨

٢٣٩٤. عەوفی سەلەمی(ﷺ) ٥٥٨
٢٣٩٥. عەوفی کوڕی سوراقە(ﷺ) ٥٥٨
٢٣٩٦. عەوفی کوڕی عەفراء(ﷺ) ٥٥٨
٢٣٩٧. عەوفی کوڕی مالیک(ﷺ) ٥٥٩
٢٣٩٨. عەونی کوڕی جەعفەر(ﷺ) ٥٦٣
٢٣٩٩. عەووامی کوڕی جوهەیل(ﷺ) ٥٦٤
٢٤٠٠. عەیاذی کوڕی عەمر(ﷺ) ٥٦٤
٢٤٠١. عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە(ﷺ) ٥٦٥
٢٤٠٢. عوبادەی کچی ئەبی نائیلە(ﷺ) ٥٦٧
٢٤٠٣. عوبادەی کوڕی خەشخاش(ﷺ) ٥٦٧
٢٤٠٤. عوبادەی کوڕی صامیت(ﷺ) ٥٦٧
٢٤٠٥. عوبادەی کوڕی عەمر(ﷺ) ٥٧٠
٢٤٠٦. عوبادەی کوڕی قورص(ﷺ) ٥٧٠
٢٤٠٧. عوبادەی کوڕی ئەشیەب(ﷺ) ٥٧١
٢٤٠٨. عوبەیدەی کوڕی حارث(ﷺ) ٥٧١
٢٤٠٩. عوبەیدەی کوڕی رەبیعە(ﷺ) ٥٧٢
٢٤١٠. عوبەیدوڵای سولەمی(ﷺ) ٥٧٣
٢٤١١. عوبەیدوڵای کوڕی سوفیان(ﷺ) ٥٧٣
٢٤١٢. عوبەیدوڵای کوڕی عەبباس(ﷺ) ٥٧٣
٢٤١٣. عوبەیدوڵای کوڕی عوبەید(ﷺ) ٥٧٣
٢٤١٤. عوبەیدی کوڕی خالیدی سولەمی(ﷺ) ٥٧٤
٢٤١٥. عوبەیدی کوڕی خالیدی موحاریبی(ﷺ) ٥٧٤
٢٤١٦. عوبەیدی کوڕی زەید(ﷺ) ٥٧٥
٢٤١٧. عوبەیدی کوڕی زەیدی ئەنصاری(ﷺ) ٥٧٥
٢٤١٨. عوبەیدی کوڕی عەمر(ﷺ) ٥٧٥
٢٤١٩. عوبەیدی کوڕی موحەممەد(ﷺ) ٥٧٥
٢٤٢٠. عوبەیدی کوڕی موراویح(ﷺ) ٥٧٥

٢٤٢١. عوبەیدی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) ٥٧٦
٢٤٢٢. عوبەیدی کوڕی ئەوسی ئەشهەلی(رضي الله عنه) ٥٧٦
٢٤٢٣. عوبەیدی کوڕی تیهان(رضي الله عنه) ٥٧٦
٢٤٢٤. عوبەیدی کوڕی ئەعلەبە(رضي الله عنه) ٥٧٦
٢٤٢٥. عوبەیدی کوڕی حوذەیفە(رضي الله عنه) ٥٧٧
٢٤٢٦. عوبەیدی کوڕی سەکەن(رضي الله عنه) ٥٧٧
٢٤٢٧. عوبەیدی کوڕی سولەیم(رضي الله عنه) ٥٧٨
٢٤٢٨. عوبەیدی کوڕی عازب(رضي الله عنه) ٥٧٩
٢٤٢٩. عوبەیدی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) ٥٨٠
٢٤٣٠. عوبەیدی کوڕی موعەللا(رضي الله عنه) ٥٨٠
٢٤٣١. عوبەیدی کوڕی یاسر(رضي الله عنه) ٥٨٠
٢٤٣٢. عوبەیدی کوڕی ئەبی عوبەید(رضي الله عنه) ٥٨١
٢٤٣٣. عوەیفی کوڕی ئەضبە ط(رضي الله عنه) ٥٨١
٢٤٣٤. عوەیمی کوڕی ساعیدە(رضي الله عنه) ٥٨١
٢٤٣٥. عوەیمیرەی کچی عوەیم(رضي الله عنها) ٥٨١
٢٤٣٦. عوەیمیری کوڕی عامیر(رضي الله عنه) ٥٨٢
٢٤٣٧. عوەیمیری عەجلانی(رضي الله عنه) ٥٨٣
٢٤٣٨. عوتبەی کوڕی سەلامە(رضي الله عنه) ٥٨٣
٢٤٣٩. عوتبەی کوڕی عەبدولا(رضي الله عنه) ٥٨٤
٢٤٤٠. عوتبەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) ٥٨٤
٢٤٤١. عوتبەی کوڕی غەزوان(رضي الله عنه) ٥٨٤
٢٤٤٢. عوتبەی کوڕی فەرقەد(رضي الله عنه) ٥٨٦
٢٤٤٣. عوتبەی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) ٥٨٧
٢٤٤٤. عوتبەی کوڕی نوددەر(رضي الله عنه) ٥٨٧
٢٤٤٥. عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەب(رضي الله عنه) ٥٨٧
٢٤٤٦. عوتبەی کوڕی ئەسید(ئەبووبەصیر)(رضي الله عنه) ٥٨٨
٢٤٤٧. عوتبەی کوڕی رەبیع(رضي الله عنه) ٥٩٠

٢٤٤٨. عوتبەی کوڕی سالیم(رضي الله عنه) ٥٩٠
٢٤٤٩. عوتەیبە(رضي الله عنه) ٥٩١